بۆ ئەوەی نەبێتە زەمی پاشەملە

# بۆ ئەوەی نەبێتە زەمی پاشەملە

**ستران عەبدوڵڵا**

سلێمانی - ٢٠٢٣

لە بڵاوکراوەکانی
کوردستانی نوێ

ناوی کـتـێــب: بۆ ئەوەی نەبێتە زەمی پاشەملە

نووسینی: ستران عەبدوڵڵا

بەرگ: ئومێد محەمەد

دیزاین: شۆڕش ئەحمەد

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم- ٢٠٢٣ سلێمانی

چاپ: چاپخانەی حەمدی

تیـراژ: (٥٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایـەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٤٢)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێ دراوە.

# فیعلەن، (بۆ ئەوەی نەبێتە زەمی پاشەملە)

(بـۆ ئـەوەی نەبێتـە زەمـی پاشـەملە ) نـاوی ئـەم کتێبـە و نـاوی وتارێکـی نـاو ئـەم کتێبەشـە. هـەر بـەم نـاوەش دەمـەوێ پێشـەکییەکی بـۆ بنووسـم.

ئـەم کتێبـە زنجیرەیەکـی تـرە لـە وتارەکانـم لـە قۆناغـی جیاجیـای کاری رۆژنامەنووسـیمدا. گوڵبژێرێکـم لـە هەندێکـی تـری نووسـینەکانم کـرد کـە بـە هـۆکاری جیاجیـا لـەو کتێبانـەی تـرم بـڵاو نەبوونەتـەوە، لەبـەر ئـەوە پێچەوانـەی ئەوانـی تـر ئـەم کتێبـە کەمـتر یەکێتـی فیکـر و یەکێتی ئاراسـتەی تێدایە. چونکـە لـە بـەرواری جیـا و لـە کاتـی جیـاوازی ریزبەندییـە سیاسـیەکانی کوردسـتاندا نـووسراون.

هێڵـی سـەرەکی ئـەم نووسـینانە خاوەندارێتـی لـە هەڵوێسـتەکانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و داکۆکییـە لـە سیاسـەت و روانینەکانـی. بـە گوێـرەی ریزبەنـدی سیاسـی و گۆڕانـی هەلومەرجـی وڵات ئـەم روانینانـە لـە بـزاوت و گۆڕانـدا بـوون، بـەڵام جێگـر و نەگـۆڕ لەم پرسـەدا پێویسـتی گەشـە و نەشـەی یەکێتـی و هەندێـک جاریـش ئاراسـتەکردنی بـۆ هەڵوێسـتی باشـتر کـە هـەر دەبـێ ئەمـە هەڵوێسـتی رۆژنامەوانـی نیشـتمانیی و کادیـری حزبـی بێـت.

لەبـەر ئـەوە ئاسـاییە لێـرە بـە گوێـرەی هەڵوێسـتی یەکێتـی هەڵوێسـت لـە هاوبـەش و لـە روانگە و ئاراسـتەی حزبەکانـی تریـش هەبێـت. ئیـتر (بـۆ ئـەوەی نەبێتـە زەمـی پاشـەملە) کۆمکردنـەوە و لێـرە بـڵاوم کردنـەوە . دەبـێ خوێنـەری بـە دیقـەت خـۆی بتوانێـت راسـتەرێی بیرکردنـەوە و هێڵـی گشـتی هەڵوێسـتەکان دیـاری بـکات و پلـە و نمـرە، یـان پێچەوانەکەشـی، هێـمای پەسـەندکردن و ڕەتکردنەوەیانـی بـۆ دابنـێ. جـا بـۆ ئـەوەی کەمێـک هـاوکاری دۆزینـەوەی ئـەو هێڵـە گشـتییە بـم و زۆریـش سـەر لـە خوێنـەر نەشـێوێ، بەسـەر چەنـد فەسـڵ و چەنـد ناونیشـان و چەنـد بەروارێکـدا دابەشـم کـردوون.

وەک هەمیشـە لـە پاکانـەی چاپکردنـی ئـەم کتێبانـەدا دەڵێـم نووسـینەکان جـەرگ و جگەرمـن، رەوتێکـی بیرکردنـەوەن خـۆم چاپـی بکـەم و گـردۆ کۆیـان بکەمـەوە تـا خوێنـەر کـە بـە دوای جوڵانـەوە و جیـوەی پرۆسـەی سیاسـی کوردسـتاندا دەگەڕێـت، ئـەم کتێبانـە یارمەتیـدەری بـن. وەک خـۆی چـۆن هاتـوون، لـە تەنـوور بـە گەرمـی دەریـان بێنێـت!

**ستران عەبدوڵڵا**
**٢٠٢٣/٦/١٣**

فەسڵی یەکەم

# بۆ ئەوەی بیرۆکە نەمرێ

هەواڵنامەی کتێب

هواڵنامەی کتێب

# دووباره نووسینەوەی مێژوو

*دەلاقەیەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی هەڵوەستە لە ئاستی مێژووی پەنجا ساڵەی خۆتدا بکەی بۆ هەڵێنجانی پەند و ئەزموون و لەنێوان ئەوەی یۆبیلی زێڕین بکەیتە دەرفەتی بیانوو هێنانەوە بۆ (هەرەس) هەروا جیاوازییەکی گەورەتریش هەیە لەنێوان سەرلەنوێ خوێندنەوەی مێژوو لەژێر رۆشنایی دەرکەوتە تازەکانی زانست و دەستگیرکردنی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی نوێ لەلایەک و لەنێوان (دووبارە نووسینەوەی مێژوو) بەوجۆوەی بەعس بانگەشەی بۆ دەکرد و پارتیش پەیڕەوی لێ دەکات لەلایەکی ترەوە. (دووبارە خوێندنەوەی مێژوو) کاری ئەو میللەتە خواپێداوانەیە کە بە هۆی جێگیری دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە لە مێژە رووداو و بەسەرهاتەکانی مێژووی خۆیانیان ئەرشیف کردووە و لەگەڵ هەر دەرکەوت و بەڵگەنامەیەکی نوێدا دەوڵەمەندتری دەکەن. (دووبارە نووسینەوەی مێژوو)ش کاری رژێمە دیکتاتۆرییەکان و تەزویرچییەکانە کە دوای ئەوەی شێوازی ژیانی هەنووکەیی بە دڵی دیکتاتۆر و سەرکەوتووە تەڵەکەبازەکان پێکدێننەوە دەخوازن رابردووی کۆمەڵ و گەلانیش دەستگیر بکەن و تەنانەت مێژووش پاوانی رۆڵی دۆن کیشۆتانەی خۆیان بکەن. لە عیراق دا بەعس راپەڕینێک، رووداوێکی سەروەریی مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتە نەما کە بەناوی خۆیەوە نەینووسێتەوە و لەنێو بەعسیشدا بەسەرهاتێک نەما مۆری (صدام)ی لێ نەدرێ و دوای ژەهر پرژێن کردنی دەرخواردی نەوەی نوێی گەمارۆدراوی عیراقییەکان نەدرێ.

*پێدەچێ تەماهی پارتی لەگەڵ بەعسدا تا پلەی پەیڕەویکردنی تیۆری مێژوویی

بەعسی چووبێ. هەر بۆیەش هاوشانی تەخشان و پەخشانکردنی پارەیەکی زۆری ئیبراهیم خەلیل لەم یۆبێلەدا، هەڵمەتێکی چەواشەکارانەی گەورەش (بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی بنووسرێ!) لە راگەیاندن و رۆژنامە و کتێبۆلکەکانی ئەم دواییەی پارتی دا دەستی پێکردووە کە هەرگیز لە هیچ سەردەمێکدا ئەو هەڵمەتە گەرم و گوڕی ئەمساڵی بەخۆیەوە نەبینیووە. راستە لە مێژوویەکی پیشووتر بەتایبەتی لە سەرەتای دەست پێکردنەوەوی شۆڕشی نوێدا پارتی راستی هەرەس و هەکاری و شەڕی ناوخۆی شاخ و شەڕی کوردستانی ئەودیوی ئاوەژوو کردبوو، بەڵام هەر چۆنێک بێ ئەو ئاوەژووکردنەوەیە بیانووی رۆژی خۆی هەبوو بۆ دەربازکردنی پارتی لە تەنگژە سیاسییەکان. هەروا دوای راپەڕین-یش کە پەیتاپەیتا رۆژنامەکانی پارتی لە بیرەوەری راپەڕین دا مێژووی راپەڕینیان دەشێواند، نەزەر وابوو کە ئەو شێواندنە بەشێکە لە ململانێی فیفتی-فیفتی و دڵنەوایی خۆشمان بەوە دەدایەوە کە کانیی مێژوو بەو ئاوە لێخنە راگوزەرە پیس نابێت و بزاڤی پێشقەچوونی مێژووی کوردیش ئالیەتی تۆکمەی خۆی هەیە کە سەرەنجام خوێندنەوەی دروستی لێ دەکەوێتەوە و هەر حزب و کەسێکیش لە هەقی خۆی کەمتر و هەورازتر وەرناگرێ. بەڵام ئەمڕۆ کە سەرنج لە لێشاوی نووسینی رۆژنامە و کتێبەکانی پارتی دەدەیت وای دەبینی کە پیلانێکی مەزن بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتێک لەئارادایە و لەم پێناوەشدا بە ئەندازەی تێچووی دامەزراوێکی رەسمی دەوڵەت، پارە بۆ ئەو چەواشەکارییە تەرخانکراوە و کەسیش گرەنتی ئەوە ناکات مێژوو لە روانگەی پارتییەوە چ پەند و ئەزموونێکی لێ شین دەبێ و بزاڤی سیاسی کوردستانیش تووشی چ نائومێدییەک دێ، وەختێک ئاوڕ لە دواوە دەداتەوە و جگە لە هێماکانی بنەماڵە و پاکانەی شکست هیچی دیکە نابینێتەوە تا بیانکاتە سونبلێک بۆ ئایندەیەکی درەوشاوەتر.

*تەزویر و (نووسینەوەی مێژوو) ترسناکترین پیلانی پارتییە، چونکە ئەو پیلانە تەنها هەڕەشە لە دەسکەوتە هەنووکەییەکان و دەرفەتە لەبارەکانی ئەمڕۆ ناکات، بەڵکو یاری بە یادەوەری میللەتێک دەکا کە لە بنەڕەتدا هێشتا مێژووی خۆی ئەرشیف نەکردووە، چ جای ئەوەی دووبارە بینووسێتەوە!

١٩٩٦/٨/١٤

# لە راپەڕینی بەردەرکی سەراوە
# بۆ شۆڕشی ئەیلولو... شۆڕشی نوێ

*لەکۆتایی سەدەیەکی رابورد نزیک دەبینەوەو خەباتی کوردایەتیش چاوی لەوەیە لەدەروازەی سەدەی داهاتوودا کەدەروازەی هەزارەیەکی نوێشە، باشتر هەلومەرجەکانی سەرکەوتنی بۆ بڕەخسێو چاکتر بپەرژێتە سەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەپێناویدا هاتۆتە بوون. واخەریکە تێکۆشانی کورد سەدەیەکی تەواویتر بەرێ دەخاتو دەتوانین بڵێین ئەم سەدەیە بەهەق سەدەی تێکۆشان بوو بۆ کورد. هیچ نەبێت لەڕووی نیەتی کارو خەباتەوە. ئەگەر بشڵێین دەسکەوتە بەدیهاتووەکان بەئەندازەی قوربانییەکانیش نەبووبن، بەڵام دواجار خۆ دەتوانین بڵێین تێکۆشانەکانی کورد، راپەڕینو شۆڕشەکانیو، تەنانەت تەقەلا سیاسیو دیبلۆماسییەکانیشی بەنیەتی سەرخستنی کوردایەتیو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بوون.

*لەمێژووی ئەم هەزارەی وا دەڕواتو لەسەدەی ۱۹-دا بەتایبەتی رێڕەوی رابوونی نەتەوەیی کورد تادەهات رێگای زیاتر بۆ تەخت دەبوو. ئەوە بوو کۆششەکانی بۆ کورد دەدران لەشۆڕشی نەتەوەیی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لەساڵی ۱۸۸۰دا گەیشتە ترۆپکی خۆی.

ئەو رابوونە کوردستانگیرەی شێخی نەهری ئەگەرچی وەک زۆربەی شۆڕشو راپەڕینەکانی کورد پیلانی لەدژ سازکراو راپەڕیوانی سەرکوت کران، بەڵام رۆڵی مێژوویيو سیاسی هێندە گەورەو پڕ کاریگەربوو لەسەر ڕێڕەوی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان تائەو ئەندازەیەی ساتو زەمەنی شۆڕشەکە بووە زەمەنێکی وەرچەرخێنەر کە بەئاشکرا دوو قۆناغی لەڕێڕەوی خەباتی کورد لێک جیاکردەوە.

لێک جیاکردنەوەیەکی ئیجابی ئەوتۆ کەمانای دابڕانی دووقۆناغ نەبێت بەڵکو مانای پێشخستنی ڕێڕەوی خەباتەکە بێت، بەئاڕاستەی گۆڕانێکی چۆنایەتی لەقۆناغی تازەدا. ئەمەش نەریتی شۆڕشە مەزنەکانی مێژووە کەلەیەک کاتدا درێژە پێدەرو کەڵک لێوەرگری کەلتوری عەمبارکراوی رابردوونو لەهەمان کاتیشدا خاڵی وەرچەرخانو گۆڕانی مەزنن لەمەیدانی خۆیاندا.

*هەروا لەمێژووی ئەم سەدەیەی وا لەتەواوبووندایە (سەدەی بیستەمی غیرەتی کورد) چەندین تەقەلای راپەڕینو کۆششی شۆڕشگێڕیو سێ ئەزموونی خۆماڵی لەحوکمڕانیدا ڕوویان داوە، کەدوا شۆڕشو دوائەزموونی حوکمڕانی سەرەڕای پیلانەکانی لەدژی دەکرێن، هەروا ماوەو لەگەشەسەندنی بەردەوامدایە.

بەڵام خاڵەکانی وەرچەرخانو ساتەوەختەکانی گۆڕانی چۆنایەتی بەوجۆرەی خەسڵەتی رەسەنایەتیو نوێگەری تێدابێت. بەوجۆرەی وەک لەشۆڕشە مەزنەکاندا ڕوویداوە لەیەک کاتدا درێژەو کەڵک وەربگرێت لەکەلتوری شۆڕشگێڕیو لەهەمان کاتیشدا پەرەی پێبداو ئیدیکەی بخاتە سەر، ئەمانە کەم جار ڕوویان داوەو بەگشتیش کەم جار لەمێژووی میللەتاندا ڕوو دەدەن.

لەم بوارەشدا یەکێک لەو راپەڕینانەی لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا وەرچەرخانێکی چۆنایەتی گەورەیان لەدیرۆکی میللەتەکەماندا بەدیهێنا راپەڕینە جەماوەرییەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی بوو لە٦ -ی ئەیلولی (١٩٣٠)دا.

*راپەڕینی گەورەی شاری سلێمانی وەک ناوەندێکی زیندووی شۆڕشو تێکۆشانەکانی کورد تەنها رەتکردنەوەیەکی راگوزەریانەی شانۆگەری ساختەکارانەی هەڵبژاردن نەبوو بەڵکو ساتەوەختی وەرچەرخان بوو لەخەباتی شاخەوە بۆشار، لەخەباتی چەکداری نوخبەوە بۆخەباتی سیاسیو راپەڕینی جەماوەری نێو شارەکان. ٦-ی ئەیلولی ئەوساڵە ئەگەرچی رۆژی رەشی کوشتارو بەناهەق رشتنی خوێنی لاوانی سلێمانی بوو، لێ لەهەمان کاتدا رۆژی سپاردنی رێبەرایەتی خەباتی کوردایەتی بوو بەرووناکبیرو خوێندەوارو کاسبکارانی کورد (بۆ یەکەمین جار لەمێژووی نوێی کورددا راپەڕینێکی نیشتمانیی لەشاردا ڕوودەدات کە کاسبکارو خوێندکارو رەنجدەرو بازرگانانی کورد پێیڕادەبن. بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا رووناکبیرو کاسبکارانی کورد پێشڕەوی راپەڕینێکی جەماوەری پاوان دەکەن لەجیاتی پیاوانی ئاینیو میرانی کورد).

بەڵام راپەڕینی بەردەرکی سەرا وەرچەرخان بوو لەشێوازی کاری سیاسیو لەپێکهاتەی رێبەرایەتی سیاسییدا کەرەنگدانەوەی بەسەر سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوەی بزووتنەوە

ڕەواکـەی شـێخی نەمـرەوە هەبـوو. بگـرە کاریگەرییەکانـی لـەوەو پاشـی ڕاپەڕینەکـەش دوورایيەکـی مێژوویـی بەخۆوەگـرتو بزووتنـەوەی کـوردی بەئاڕاسـتەی پەرەسـەندنو دواتـر هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـول بـرد کەلـەم ڕۆژانـەدا یـادی دەکەینـەوە.

*لەئەیلولـی سـاڵی ١٩٦١و لەبیـرەوەری ڕاپەڕینـی بەردەرکـی سـەرادا خەباتی کوردایەتی جارێکیتـر جۆشـدرایەوە. هـەر لەیـادی ڕاپەڕینەکـەدا بـوو کەبڕیـاری مانگرتنـی جەمـاوەری دراو هـەر بەجۆشـدانەوەی گیانـی ئـەو ڕاپەڕینەشـەوە شۆڕشـی ئەیلـول کەوتـە تێکۆشـانی بێوچـان بۆبەدەسـتهێنانی داخوازییـە نەتەوەییەکانـی کـورد کەلەپێناویـدا دەیـان شـۆڕشو ڕاپەڕیـن بەرپاکـراو هەرلەڕێگایـدا پـاش هەرەسـی شۆڕشـەکە، کەهەرەسـی ڕێبەرایەتییـە خۆبەدەسـتەوە دەرەکـەی بـوو نـەک هەرەسـی جەمـاوەرو پێشـمەرگە، شۆڕشـی نوێـی گەلەکەمـان بلێسـەی دا.

*چاوخشـاندنەوە بـە ڕێـڕەوی کوردایەتـی لـەم سـەدەیەدا، پێداچوونـەوە بـە ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەکانی، هەڵوەسـتەکردن لەبـەردەم وەرچەرخانـە مەزنەکانـی وەک ڕاپەڕینـی بەردەرکی سـەرا، شۆڕشـی ئەیلول و ئینجا شۆڕشـی نوێی کوردایەتی، کاری مێژوونووسـان و هەڵسـەنگاندنی بـۆ مێـژوو بەجێدێڵیـن. بـەڵام لێـرەدا هێنـدە دەڵێیـن کـە مەنتیقـی مێـژوو، هـەروا مەنتیقـی پەنـد وەرگرتـن لـە مێـژووی کوردایەتـی بـۆ ئەمـڕۆی کوردایەتـی وا دەخـوازێ کـە ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەکانی کـورد وەک کۆمەڵێـک ئەزموونـی کەڵەکەبـووی تێکۆشـان و کەلتورێکـی دووردرێـژی شۆڕشـگێری بـۆ داهاتـووی میللەتەکەمـان تەماشـا بکرێـن و لـە قاوغـی تەفسـیری تاکەکـەس و لێکدانـەوەی تەسـکی (پارتایەتـی)دا قەتیـس نەکرێـن، چونکـە بـە ڕاسـتی ئـەو شـۆڕش و ڕاپەڕینانـە لـە نیەتـی دەسـتپێکردن و لـە درێـژەی خەباتیانـدا بـۆ ئـەو ئامانجـە نیشـتمانیی و نەتەوەییانـە تێکۆشـاون کـە کـورد هەیبـووە و ئێسـتاش لەپێناویـدا درێـژە بـە خەبـات دەدات. هـەر بۆیـەش ئەوانـەی دەیانـەوێ بەشـێک لـە مێـژووی تێکۆشـانی کـورد کـە شۆڕشـی ئەیلولـە بـۆ مەبەسـتی (پارتی)یانـەی خۆیـان پـاوان بکـەن ئەوانـە بـە هەڵەداچـوون و بگـرە دەخـوازن لەڕێـی شـێواندنی مێـژووەوە مێـژووی کەڵەکەبوونـی کەلتـووری شۆڕشـگێرانەی کوردایەتـی لێـک دابـڕن و پەرتـی بکـەن. ئەوانـە دەیانـەوێ سـەروەرییەکانی کـورد بشـێوێنن بـۆ ئـەوەی ئەمـڕۆی دەسـکەوتەکان و هـەروا سـبەینێی ڕوو لـە سـەدەیەکی تـازەی تێکۆشـانمان بـێ نـاوەڕۆک بکـەن و بـە ئاسـانی بتوانـن زەفـەر بـە کوردایەتـی ڕاسـتەقینە و پێشـکەوتنخواز بـەرن. زەفـەر بـە دەسـکەوتەکانی ڕاپەڕینـی جەماوەریـی بەهـاری ١٩٩١ بـەرن و ماڵـی کـورد لەڕێـی جێگیرنەکردنـی ئاشـتی و جێبەجێنەکردنـی ڕێککەوتننامەکانـی ئاشـتییەوە

بەتــەواوی بشـێوێنن.

بـەڵام ئایـا ئـەو داخوازییـە نابەجێیانـە بەسـەر میللەتێکـی هوشـیاری وەکـو کـورددا تێپـەڕ دەبێـت کـە میللەتێکـە لـە تێکۆشـاندا کۆششـەکانی ئەیلـول و شۆڕشـی نوێـی هەیـە و لـە ئەزموونـی سیاسیشـدا هەمـوو شـێوازەکانی خەباتـی گرتۆتەبـەر و شـارەزای وەرچەرخانـە گرنگەکانـی مێـژووی خۆیەتـی؟ بـە تەئکیـد نەخێـر، چونکـە میللەتێـک کـە ئـەو خەباتـە بـێ وچانـە پـڕ لـە هەڵچـوون و داچوونـەی لـە یـادەوەری دەسـتەجەمعیدا چەسـپابێت، بـەوان فریـو نادرێـت کـە لـە ڕێـڕەو و ئاراسـتەی مێژوویـی میللەتەکـەی خۆیـان نەگەیشـتوون و بـۆ بەرژەونـدی تەسـکی (پارتایەتـی) خۆیـان بەپێچەوانـەی ئاراسـتە نیشـتمانییەکان هەنـگاو دەنێـن.

سـڵاو لـە بیـرەوەی ڕاپەڕینـی بەردەرکـی سـەرا، لـە بیـرەوەری شۆڕشـی میللـی ئەیلـول، سـڵاو لـە تێکۆشـەرەکانی کوردایەتـی لـە سـەرەتای سـەدەوە بـۆ شۆڕشـی نـوێ و ئینجـا ڕاپەڕینـی ١٩٩١. سـڵاو لـە ڕۆحـی ڕەوانـی شـەهیدانی ڕێـگای ڕزگاری کـورد و کوردسـتان لـە سـەدەی غیرەتـی کـورددا.

١٩٩٩/٩/١١

هەولێرنامەی کتێب

# ڕاپەڕین لە چوار بەرواردا

١

## ڕاپەڕین پاداشتە

ڕاپەڕین پاداشتدانەوەی سەبری شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد بوو بەدرێژایی مێژوو. بەتایبەتی مێژووی ئەم سەد ساڵەی ڕابورد کە لە سایکس بیکۆوە دەست پێدەکات و تەواوی سەدەی بیستی گرتەوە.

سەدەی بیستەم بە فیعلی سەدەی غیرەتی کورد بوو کە لە دەیەی کۆتاییدا لە خەو ڕاپەڕی و هەوڵ و هیممەتێکی وای نواند بێکەسی شاعیر لە قەسیدەکەی خۆیدا پێشبینی کردبوو، بەڵام نەک بەو نەعرەتە گەورەیەی ڕوویدا. ئەوەیان کەوتە سەر بێکەسی کوڕ، شاعیری گەورەمان شێرکۆ بێکەس.

خەباتێکی سەد ساڵە بەچەندین شۆڕش و ڕاپەڕین کە تەنها لە باشوورەکەی نزیکەی دە شۆڕش و ڕاپەڕین و تەقەلا دەبوو، بە دوو گەورە شۆڕشی ئەیلول و نوێشەوە، ئەم وێستگانە ئەزموون و پەند و تینوتاوبوون بۆ ڕاپەڕینی ڕامالینی دوژمن لەبەشێکی زۆری کوردستاندا. ڕاستە ڕاپەڕین گۆشەگیری ڕژێمی بەعس و لاتەریککەوتنی قۆستەوە، بەڵام فاکتەری بابەتی هەر ئەوەندە ڕۆڵی هەبوو لە یارمەتیدانی کورددا، ڕزگارییە ڕاستەقینەکە لەسەر دەستی گەل و هێزە شۆڕشگێڕەکانی وەدی هات.

ڕاستێکەی، دەکرێ بڵێین ئەم هەلومەرجە نێودەوڵەتییە هەر لە حوکمی بێ لایەنییدا بوو لە هەمبەر ڕژێم زیاتر لەوەی لە حوکمی پشتگیریکردن لە کوردستان و ڕاپەڕیوەکانیدا بێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەم پشتگیرییە گریمانەییە بەراورد بکەین



هەواڵنامەی کتێب

بـەوەی لەشۆڕشـەکانی بەهـاری عەرەبـی کـرا، یـان وەک ئـەوەی ئێسـتا لـە ((شۆڕشـی ئۆکرانیـا)) دەبینرێـت کـە باڵیـۆز و سـەفیری فەوقەلعـادەی دەوڵەتـەکان شـیرینی و حەلـوا بەسـەر راپەڕیوەکانـی گۆڕەپانـی ناڕەزاییـدا دابـەش دەکـەن.

بۆیـە دوای ئـەو هەمـوو دەورانـە لـە سـەرکوت و بـێ مافـی، سـەرکەوتنی راپەڕیـن و درێژەدانـی رەوتەکـەی تـا کوردسـتان خاوەنـی حەیسـییەت و عەنعەناتـی نەتەوەیـی خـۆی بێـت، پاداشـتدانەوەیەکی مێژووییـە بـۆ کـورد، بـۆ ئـەو سـەبر و خۆڕاگریـی و لـە خۆڕادیتنـەی گەورەتریـن نەتـەوەی بـێ قـەوارە لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، نوانـدی.

٢

**خەرجی راپەڕینمان دا**

راپەڕینـی کوردسـتان وەکـو هەڵوێسـتی شۆڕشـگێڕی خەڵکـی کوردسـتان بـوو، هـەروا بێ بەهـاش نەبـوو، لـە نرخـی ئـەوەدا گەلـی کوردسـتان جگـە لە کۆڕەو و دەربـەدەری، لە دوای راپەڕینـەوە نرخـی زۆرتـری بـۆ پاراسـتنی هەرێمـی ئازادکـراوی خـۆی دا، گەمارۆدانـی ئابـووری و ئیـداری و دارایـی گەورەتریـن گوشـار بـوو کـە خرایـە سـەر زۆنـی خـۆ تاقیکردنـەوەی کـورد لـە یەکـەم دەرفەتـی مێژووییـدا. وەڵامـی کـورد بـۆ گوشـاری ئیـداری و کشـانەوەی ئیدارەکانـی رژێمـی بەعـس، هەڵبژاردنـی ئیدارەیەکـی کوردسـتانیی بـوو کـە تەحـەددای پیلانـی بۆشـایی ئیـداری کـرد. وەڵامـی رژێـم بـۆ ئـەم هەنـگاوە گوشـاری دارایـی بـوو، گوشـارێک هـەر لـەو ئاسـتەدا نەوەسـتا کـە لـە نـاکاوڕا دراوی عیراقـی گـۆڕی و خەزێنـەی هاووڵاتیانـی کوردسـتانیی یەکسـان کـرد بـە سـفر، بەڵکـو مووچـە و بژێـوی خەڵکیشـی بـڕی و ئـەم هەنگاوەشـی بەسـتەوە بـە ملکەچـی سیاسـیی کـورد بـۆ ئیـرادەی بەغـدا. شـتێک کـە سـەرەڕای ناخۆشـییەکانی گوشـار و گەمـارۆ و دۆخـی دژواری ئـازادی کوردسـتان، رووی نـەدا. بـە پێچەوانـەوە هاووڵاتیانـی کوردسـتان لـە مـاوەی (ئـازاری ١٩٩١ بـۆ ئـازاری ٢٠٠٣)، یانـی تـا بتـی بەعـس کـەوت، لـە مووچـەی بەغـدا مەحـروم بـوون، وەکـو چـۆن حکومـەت و ئیـدارەی کوردسـتانیی لـە بودجـە و داهاتـی بەغـدا مەحـروم بـوو. ئـەم مـاوەی دوانـزە سـاڵی بـێ مووچەیـە دۆسـێیەکی تـا ئێسـتا کراوەیـە و هەرێـم لەگـەڵ بەغـدا چـاری نەکـردووە و بەغـداش خـۆی لـێ نـەداوە. هێنـدە هەیـە بەغـدا لـە بەهـاری کـورت خایەنـی حوکمڕانـی جـەی گارنـەر و ئینجـا سـاڵەکەی پـۆڵ بریمـەر، حاکمـی مەدەنـی ئەمریـکا دا، مەسـەلەکەی بـەوە بڕانـدەوە لـە مانگـی چـواری ٢٠٠٣ەوە مووچـەی بـۆ پارێزگاکانـی هەرێـم بەسـت وەکـو چـۆن بـۆ پارێزگاکانـی دیکـەی بەسـت

و ئیتر بەلای قەرەبووی (١٢)ساڵەی گوشار و گەمارۆدا نەچوو. ئێستا کە یادی ئیرادەی ڕاپەڕین دەکەینەوە و بە شانازییەوە ئەو نرخ و بەهایەی بۆ ئازادی دراوە هەڵدەسەنگێنین پەند و ئەزموونی بەردەم کوردستانیان، لەم ڕووەوە، زۆر و چەند ڕەهەندن:

-ئەزموونێک بۆ یەکێتی و یەک هەڵوێستی کورد لە مامەڵەی دۆسێی هاوشێوەدا کە ئێستا دوای یانزە ساڵ لە ئازادی عیراق، جارێکی تر تەجرەبەی مووچە بڕینمان لەگەڵ تاقیدەکرێتەوە.-ئەزموونێک بۆ ئەوەی هەقی هاووڵاتیان نەفەوتێنین و نەهێڵین ئەم کارتە ببێتە دابێکی سیاسیی لە عیراقدا، وەکو کارتی گەمارۆدانی ئابووری ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشەکانی کوردستان، بەڵکو هەر لە ئێستاوە دۆسێی قەرەبووی دوانزە ساڵەی بێ مووچەیی و ڕێوشوێنە دەستووریی و یاساییەکانی بۆ ئەم بوارە پێویستن، بگرینەبەر و ئامادەی بکەین، وەکو چۆن داوای قەرەبووی زیانەکانی ترمان دەکەینەوە.

-ئەزموونێکیش بۆ حوکمڕانی خۆمان کە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە گوشارانە بە تەگبیری وردی درێژخایەن و ئەلتەرناتیڤی دوور مەودا چارەسەر بکەین.

-پەندێکیش بۆ هاوبەشەکانمان لە ئیدارەی بەغدا کە هاوبەشی ئیرادەی ڕاپەڕینی ١٩٩١ بوون لە باشووری عیراق: گوشاری وا چەند ئیرادەی ڕاپەڕینی باشوور و ئیرادەی ڕاپەڕینی کوردستانی پەکخست، هەر ئەوەندەش بۆ ئەمڕۆ بڕ دەکات.

بەشێکی نرخی ڕاپەڕین بڕینی مووچەی (١٢) مانگی (١٢) ساڵی گەمارۆدانی کوردستان بوو، ئەمەش دۆسێیەکە بۆ قەرەبوو.

٣

## ڕاپەڕین.. بەڵام بە شێنەیی تر

هۆکارەکانی ڕاپەڕین زۆرن، کۆن و نوێ، کۆنەکە ئەوەیە کە گەلی کوردستان زوڵمی هەمەلایەنەی لەسەر بوو. زوڵمی بەعس گەیشتبووە لوتکەی خۆی بە جۆرێک دەشێ بڵێین بەعسیزم لوتکەی فاشیزم و شۆڤێنیزم و تۆتالیتاریزم و کۆمەڵێک لیزمی تر بوو لە دژی کورد. تازەکەشی ئەوەبوو دوای هەڵەبجەو ئەنفالەکان کورد هەڕەشەی لەناوچوونیشی لەسەر بوو. داگیرکردنی کوێتیش ڕژێمی تووشی گەمارۆدان و گەلی کوردیش وەک بەشێک لە خەڵکی عیراق تووشی برسێتی و تەنگژەی ئابووری و گوزەران هات.

❊❊❊

— ئیرادەی ناوخۆیی بۆ ڕاپەڕین هەمیشە لە کایەدا بوو. بەڵگە بۆ ئەوەش دایمە بەرەنگاری و شۆڕشی چەکداری هەبوو. لە هەشتاکان ڕاپەڕینی جەماوەری شارەکانیش کراو ڕێکخستنی حزبیش بەتایبەتی هی یەکێتی، لە چالاکیدا بوو دژی ڕژێمی بەعس. بەڵام گوشاری نێودەوڵەتی لە دوای گرتنی کوێت لەلایەن ڕژێمی سەددام حسێنەوە، هەلومەرجێکی ڕەخساند کە کورد بیقۆزێتەوەو ڕاپەڕینی جەماوەری و چەکداری بۆ ڕاماڵینی ڕژێم لە بەشێکی کوردستان بەرپا بکات. بەڵگەی ئامادەگی کورد ئەوەبوو هەمیشە مقاوەمەتی دەکرد. بەڵگەی کاریگەری فاکتەری دەرەکیش ئەوەبوو کە پێشتر ڕاپەڕینەکانمان سەرکوت دەکراو نەدەما، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ دەرفەتە مێژووییەکە قۆزرایەوە. وەک دەڵێن دۆخی بابەتی و خۆیی یەکیان گرت و چەخماخەیان دا.

من ئەم قۆستنەوەم هیچ پێ عەیب نییە، چونکە دەوڵەتی عیراق، ڕژێمی سەددام و تەواوی تەیاری عروبی خۆی دەستچێتی فاکتەری دەرەکییەو مانەوەشی بەهۆی پشتیوانی نێودەوڵەتی بوو، کە ئەم پشتیوانییە نەما، ڕاستەوخۆ دەوڵەتی عیراق لە کوردستان کەوت و دەرکرا.

❊❊❊

–زەحمەتە بە ڕەهایی و لێبراوی بڵێین ڕاپەڕین دابڕانێکی یەکجارەکی دروست کرد. کەلتووری ڕژێمێکی ستەمکاری چەند دەیەیی هەروا بە ئاسانی لەناو ناچێت، بەڵام دەرکردنی لە کوردستان ڕێگای بۆ ئەوە خۆشکرد سەرەتایەک دەست پێبکرێت بۆ دەستپێکی کەلتوورێکی نوێ کە تا ئێستاش بیناکردنی تەواو نەکراوە، بگرە هەندێک جار و لە هەندێک بواریشدا پاشەکشێ ڕوودەدات. وەک بۆ نموونە، دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بۆ کێ بوو کە ئیرادەی ڕاپەڕیوان لەگەڵ ئیدارەی کوردستانی ئێستا وەک یەک نییە؟، وەک دەوترێ (کێ کردی و کێ خواردی)!.

❊❊❊

لەبیرمان نەچێ بەعس خۆی کە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێم دەرکرا، بەڵام لە بەغدا و شوێنەکانی تری عیراق هەر مابوو، بە بەشێکی کوردستانیشەوە. بەعس تا ساڵی ٢٠٠٣ خنەخنی کرد تا دیسانەوە بە یارمەتی فاکتەری دەرەکی لەناوچوو. بەشێکی گرنگی کوردستانیش وەکو کەرکوک و خانەقین هەر لای بەعس مایەوە و دەڵێی لە کوی عیراقیش ململانێ دەکات بۆ مانەوەو خۆ بەرهەمهێنانەوە. کوردستان

لە پریشکی ئەو ململانێیە بەدوور نییە. سەرەڕای ئەوەی بە حیساب دابودەستوری دیموکراسیی لە تەواوی وڵاتەکەدا کۆشش بۆ جێگیربوون دەکات.

***

— دوای (٢٨) ساڵ چەند نەوەی تازە پەیدابوون کە خواستی نوێیان هەیە و وەکو نەوەی سەرەتای راپەڕین بیر ناکەنەوە. گەشەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیش گۆڕانکاری ماقووڵ و گرفتی نوێی دروست کردووە. کوردستان لە ژانی لەدایکبوونێکی نوێدایە. پێم وایە نەوەکانی پێشوو و دەستەبژێری دەسەڵاتدار و هێزی دیفاکتۆش بیر و مەیلە شۆڕشگێرییەکەی جارانی کاڵبۆتەوە. نە ئەو کودەتای پێ دەکرێ و نە بە ئەقڵیەتی کودەتایش دەتوانرێ بەرەنگاری پاشەکشێی ئامانجەکانی راپەڕین چارەسەر بکرێت. تەحەددا گەورەکە ئەوەیە خەونی گۆڕانکاری گەورە هەر بمێنێ و نوێببێتەوە، بەڵام بە رەفتار و کرداری نوێ، نەک بە مەیلی کودەتایی کە ئەگەر مەیلی کودەتایی سەریش بکەوێت سەرلەنوێ ستەمکارییەکی نوێ بەرهەم دێنێتەوە. ئێمە خەونەکانی راپەڕینمان دەوێتەوە، ئەقڵیەتی راپەڕینی نوێمان دەوێت، بەڵام بە ئامراز و کەرەستەکانی توندوتیژی شۆڕشگێری نا. رامالّین لە راپەڕینی ئەمنە سوورەکە تا ئەمنی کەرامەی کەرکوک لە ئازاری ١٩٩١ رەوایی خۆی هەبوو. هەموو جارێ ئەم رەواییە یەکسان نابێت و ناکرێت بە توندوتیژی و چەک. ئەگەر وامان کرد مانای وایە هیچ لە دابڕانی دوای راپەڕین نەماوەتەوە.

راپەڕین ویستێکی هەمیشەییە بۆ دابڕان لە رابردوو، بەڵام بەکەرەستەی مەدەنی و بە رێبازی شێنەیی.

ئەمە پوختەی پرسیارەکانی رۆژنامەنووسێکە لەسەر راپەڕین دوای نزیکەی سێ دەیە لە بەرپابوونی.

٤

## هەموو رۆژێکتان راپەڕین بێت

ئەوە زۆر زۆر گرنگە ئەندازیاری راپەڕین بیت، ئەوەش هەر گرنگە بەشداری راپەڕین بکەیت و قوربانی بۆ بدەیت و ئامانجەکانی سەربخەیت.

شانازییەکی گەورەیە لەو وێستگانەدا بەش و بەخت و بەرکەوتەت هەبێت.

شانازی دیکەش ماون کە نەوەکانی ئەمرۆ و داهاتووش دەتوانن تێیدا بەشدار بن و بەدڵ و بەگیان سەریبخەن و سەری لە پێناو دابنێن و پێی سەرفراز بن: شانازی

وەفاداری بە ئامانجەکانی ڕاپەڕین، پابەندی کەسی و گشتیی ، پابەندی دیموکراتی و نیشتمانیی و نەتەوەیی و مرۆیی بە ئامانجەکانی ڕاپەڕینەوە.

گەرەکە وەفادار بین بە ئامانج و هیواکانی ڕاپەڕینەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕۆژانە ئامانج و هیوای تری بۆ بخەینە سەر و لێی زیاد بکەین، تا کەڵکی دوا ڕۆژمان پێوە بێت و مانایەک بە بەردەوامی ژیانمان بدەین.

ژیان خۆی ڕاپەرینێکی ڕۆژانەیە و لەسەرمان فەرزە ڕاپەرێنین. پشووش بدەین دەبێ و هەقە پشووی کاتی جەنگاوەرێک بێت و زوو تێهەڵبچینەوە. وێستگەیەکی حەسانەوەی کورت بێت و لادانی ڕێڕەوەکە نەبێت کە لادانی دیکەی بەدواوە بێت. چەند قەد بریش هەبێت نابێ و ناکرێ شارێگای ڕاپەڕینمان لێ تێکبدا و لێ ون بکات.

ڕاپەڕینی ڕاستەقینە لە ناخی مرۆڤ و لە هەستی کۆجەمعی نەتەوەدایە کە خۆت و خۆمان وا پەروەردە بکرێین و بکەین هەموو ڕۆژێکتان و هەموو ڕۆژێکمان ڕاپەڕین بێت

سبەینێ یوحشەر ئەلمەرئە و گەرەکە لە ڕۆژی حەشردا شانازی ڕاپەڕین و بەشداری ڕاپەڕینی بەردەوامیمان هەبێت.

لەبەر ئەمەیە ئەدەبیاتی ڕاپەڕین ڕۆژی ڕاپەڕینی ناو ناوە: ڕۆژی حەشر، لەبەر ئەوەیە شادی ڕاپەرینمان ناو ناوە سبەینێ زەماوەندە.

جا بۆیە وەک «ئێزگەکە» وتی: برادەران و ... خوشکانیش ئاگادار بکەنەوە: سبەینێ زەماوەندە.

سبەینێ زەماوەندە و هەموو ڕۆژێکتان ڕاپەڕینێکە کە سەد بەعس و سەد کۆرۆنا دەرەقەتتان نایەت.

بەو هەناسە و بەو نەفەسە پاکەوە:

ڕاپەڕینتان پیرۆز.

٦-٢٠١٤/٣/٧، ٢٠١٩/٣/٥

# راست و ڕەوانی ناونیشان

ناونیشـــان هەمیشـــە پابەندێتییەکـــی جەوهـــەردار دروســـت دەکات، ناچـــارت دەکات ناوەڕۆکێـک رەچـاو بکەیـت پـڕ بەپێسـتی ئـەو بێـت، ناونیشـان نەخشـەی ڕێگایـە بـۆ ناسـینەوەی نـاوەڕۆک و کرۆکـی مەسـەلەکەو ناواخنـی، بۆیـە سـتوون نووسـەکانی بـواری رۆژنامەنووسـی، هەمیشـە هەوڵـدەدەن ناوگەلێـک لەسـتوونەکانیان بنێـن، زیـاد لەپەهەندێکی هەبێت، گشتگیر بێت و دەرەقەتـی فرەیـی ناوەڕۆکـی بـاس و خواسـەکانی رۆژ بێـت. تایتڵـی گشـتی و بـێ سـنوور یانـی دەرفەتێکـی زیاتـر بـۆ هەڵبژاردنـی بابـەت و گوڵبژێـری لـەو دەرکـەوت و پێشـهاتانەی سـتوون گەرەکێتـی لـە بارەیانەوە بدوێـت، تایتڵـی دیاریکـراو و تایبەتمەنـد یانـی کەمبوونـەوەی بژارەکانـی بـەردەم نووسـەرو پێویسـتی خـۆ تەرخانکـردن بـۆ بابەتگەلێـک کـە لەخەتـی ئـەو لانـەدات.

لەگـەڵ ئەوەشـدا بـۆ ئـەم سـتوونە ناونیشـانێکم هەڵبژاردووە کـەزۆر سـنووردارم دەکات، سـنووردارییەک لەبابەتەکانـی بـاس و سـنووردارییەکی گرنگتـر لەبیرۆکـەو دەربڕینـدا: (راسـت و رەوان). واتـا دەبێـت ئـەوی باسـی دەکـەم بـە راسـتی بێـت. بـە راسـتی روویـدا بێـت و بەڕاسـتی بیگێڕمـەوەو بەڕاسـتی پێشـبینی بکـەم و ئەگـەر نەشـم پێـکا بەلانـی کەمـەوە بەڕاسـتی دانـی پێدابنێـم و سڵ لـەوە نەکەمـەوە تۆمەتبـار بکرێـم بـە کورتهێنـان لەشـیکردنەوە، سـەرچیخ چـوون لەمەزەندەکردنـدا.

جـا ئـەم راسـتییە لـەم کوردسـتانەدا کـە سیاسـەت و فەرهەنگـی ژیـان تێیـدا ،وەک تۆبۆگرافیاکـەی، پـڕ پێـچ و پەنـاو شـاخ و دۆڵ و ڕێـگای قەدبـڕە، چـۆن چنگـی بابایەکـی وەک مـن دەکەوێـت، جـا پەیدابـێ و پەیـدا نابـێ و خستیشـمە سـەر پـەڕەی کاغـەز، یـان

هەندێکجـار لـەوۆردی کۆمپیوتەرەکەمـدا تاپپمکـرد، لەکـوێ لەدەسـت شـەتری دووەمـی بەیتـی دووەمـی ناونیشـانەکە دەربـازم دەبێـت کـە دەبـێ ئـەو (راسـتییە) بـە رەوانـی، بـە کوردییەکـی شـیرین و روون و سـازگار بنووسـمەوە. فەیلەسـووف و بیرمەنـدو جوامێـرە گەورەکانـی دوێنـێ و ئەمـرۆی دونیـا لـە گێڕانـەوەی راسـتیدا وای دەهۆننـەوە کـە هەمـوو کـەس پـەی پـێ نەبـا، هـەم بـۆ خـۆ دوورخسـتنەوە لـە گێچەڵـی رۆژگارو هەمیـش بـۆ ئـەوەی (راسـتی) قـەدری بمێنـێ و وەک (ناڕاسـتی) کاڵاشـە نـەکاو کاڵایەکـی بەردەسـتی خـاس و عـام نەبێـت، جـا ئیتـر نووسـەرێکی نوقـم بـوو تابینـا قاقـای لەململانێکانـی کوردسـتان و بەشـدار لـەرەدو بەدەلەکانیـدا چـۆن دەکرێـت (راسـتی) وەک ئامانجێـک بـە ئامرازێکـی (رەوان) بنووسـێت کـە قەولـی فەسـڵ بێـت؟

مـن پێـم وایـە ئەمـە هەوڵـی گەرەکـە، وا هەوڵـدەدەم. ئەگـەر باشـمنەکرد ئەجـری ئیجتهـادم بـۆ دەمێنێتـەوە.

٢٠١٠/٢/٥

هەواڵنامەی کتێب

# لە پڕێ ببنە کوڕێ؟

پەتای بازدانی گەورەی بێ حیساب و کیتاب بەجارێ سارا پالینی تووشی هەڵەو پەڵەی گەورە کردووە. ئەم خانمە کە لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا وەک جێگری گریمانەیی سەرۆک جۆن مەکین دیاریکرا، هێشتا لەهەوای ململانێی هەڵبژاردنی پێشوودا دەژێت: ئەگەر مەکین دەرچووبا، ئەو بێ شک جێگری سەرۆک بوو. بەڵام مەکین نەیبردەوەو ئەو جەنگاوەرە دێرینەی جەنگی ڤێتنام برینەکانی دۆڕانی شەڕی هەڵبژاردنی بەهەمان شێوەی دۆڕانی شەڕی ڤێتنامی دایە بەر نەشتەری چارەسەرکردن و بەزوویی گەڕانەوە سەر ریتمی ژیانی سیاسی دێرین: سیناتۆر جۆن مەکین. سەرۆک وازی لەدەعوا هێناوە جێگر خنە خنێتی.

مەسەلە لێرە رەخنەگرتن نییە لەخانمێک لەناو سیاسەتدا. هەرلەکاتی ئەودا خانم هیلاری و پێش ئەویش رایس و پێشووتریش ئۆلبرایت کاراو دەستبەکاربوون بەجۆرێک خەریکە وەزارەتی دەرەوەی بەهێزترین وڵاتی دونیا سیمایەکی مێینە بەخۆیەوە دەبینێ، بەڵکو مەسەلەکە رەخنەگرتنە لەدیاردەی بازی گەورەی وا کەخاوەنەکەی تووشی لەڕەوت دەرچوون دەکاو کورد وتەنی لەدەست دەردەچێ. نمونەی سارا پالین کە بەم دواییەش دەستی بەلێدوانی ئاگرین کردۆتەوە لەوڵاتێکی وەکو ئەمریکا کەخاوەنی دابی دێرینە لەسیاسەت و تەجرەبەدا دووپاتی دەکاتەوە، چەند مەترسیدارە خەڵکانێک لەپڕێ ببنە کوڕێ و یان، بائەم دەستەواژەیەش داتاشم، لەهیچێ ببنە کچێ!

لەپڕێ ببنە کوڕێ و لەهیچێ ببنە کچێ، مۆدێلێکی خراپە لەدونیای گەشەسەندن و

دەرکەوتندا. بەتایبەتی لەسیاسەت کەئامانی بۆکەس نییەو مێژووەکەی پڕە لەوێنەی ئەو تەختی شاهانەی بەسەریەکدا کەوتوون و ئەو سەرومل و هەنییە بەرزانەی بازەوبازی سیاسەت شکاندوویەتی، ئەوی لەناکاو ڤیاکرای بازدانی سیاسی گەورە دەخوا بەد عەمەل دەبێ و زۆر بەزەحمەت دێتەوە تایمی ئاسایی و قاڵبی راستێنەی خۆی.

لەسیاسەتی کوردستانییدا کەم نین ئەوانەی بەباڵی واسیتەو ئەحباب چاوشلی دەفڕن و پەمپ دەدرێن. ئەوانە لەیەکەم گلاندا تووش دەبن و هاوسەنگییان تێکدەچێ و بەسەد قوربان و بەساقەش لەشاییەکە نایەنە دەرەوە، بازدانی گەورە سوتانی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئاساییە کەبازدەرەکان تووشی لەرێ لادان و سەرگەردانی دەکات. سەیر بکەن کێ لەرێ لایداوە بزانم لەکوێ بازی گەورەی پێدراوە؟

٢٠١٠/٢/١٧

هەوالنامەی کتێب

# دیموکراسیی فره فره

هەمــوو شــتێک بەخــوێ و خوێــش بــە مانــا. دیموکراســی تامــی پرۆســەی سیاســیی خــۆش دەکات. بــەڵام ئەگــەر خوێــی دیموکراســیش زۆر بــوو، ئــەوا چێشــتی پرۆســە سیاسییەکە سوێر دەبێت. ئینجا هەموو دەستدەکەن بە گلەیی لە کابانی ماڵ گوایە نازانــێ چێشــت لــێ بنــێ و ئــەوەش دەکەنــە بیانــوو بــۆ ئــەوەی بڵێیــن بــا دیموکراســیی بپێچینــەوەو بەدڵــی ئەوانــە بکەیــن کــە کەیفیــان لەگــەڵ دیموکراســیدا ناســازە و مەیلیــان بــەلای ســتەم و دیکتاتۆریدایــە. ئەمــەش لــە بیانــووی ئــەو پیاوانــە دەچێــت کــە چێشــتی ســوێری ماڵــەوە بــە کەبابــی ســاردو ســڕی دەرەوە دەگۆڕنــەوە. باشــە چــی بکەیــن بــۆ ئــەوەی دیموکراســییەکەمان مانــای هەبــێ و خوێیەکــەی ژیان و تەندروســتیمان نەشــێوێنێ؟

ئەگــەر بەقســەی دەســتووری عیــراق بکەیــن هەڵبــژاردن لەســەرتاســەری وڵاتــدا واجبــە، لــە هــی پارێزگاکانیــش هــەرواو ماوەیەکــی تریــش دەچینــە ســەر شــارەوانی و قــەزاو ناحیەکانیش..جــا لەوڵاشــەوە کوردســتانەکەی خۆشــمان بــۆ ســەلماندنی تایبەتمەندیــی نەتەوەیــی و بــۆ گەشــەدان بــە پرۆســەی سیاســیی هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی کوردستانیشــی گەرەکــە. ئیتــر لــەو هەمــوو هەڵبژاردنــە لەســەر یەکــە رێــی تێدەچێــت گوندەکانیــش ، لــە هــی کوردســتان تــا بەســرە، لــە لوتکــەی شــاخە بەفرینەکانــەوە بــۆ قرچــەی ســەحرای جنــوب، داوای هەڵبــژاردن و ئەنجومەنــی گونــد بکــەن. ئیتــر ئێمــە لــە بــەری بردنــەوەی دیموکراســییەک ناخۆیــن دەبینیــن یەکێکــی تــر بــەر دەرگای لێگرتوویــن. ئەگــەر ئەوەشــمان لــە یــاد بێــت کــە کوردســتان هەڵبژاردنــی پارێزگاکانــی بــە جیــا لــە پارێزگاکانــی عیــراق دەکات و ئێمــە خۆشــمان بــە خاوەنــداری پارێزگاکانــی تریــش دەزانیــن چونکــە ناوچــە

دابڕاوەکانمـان بـە ئەمانـەت لای ئەوانـە، کەواتـا دیموکراسـیی هەڵبـژاردن بـە خەرجـی و ریـکلام و هاتووهـاوار و لیسـتکارییەوە تووشـی فەلاکەتێکمـان دەکات نەبێتـەوە.

خراپـی ئـەم فـرە دیموکراسـییە ئەوەیـە لێناگـەڕێ هێـزەکان بگەنـە لێکتێگەیشـتنی هاوبـەش بـۆ ئیدارەدانـی وڵات و هەرێـم و پارێـزگاو ناوچـەکان چونکـە هەمـوو ململانێیـەک بـا دیموکراسـیش بـێ، بڕینـی قـووڵ لـە جەسـتەو عاجزبـوون و لێـک تۆرانـی بـەدواوە دەبێـت و سـەرەنجام فـەزای سیاسـییمان ئالـودە دەبێـت. هێـزەکان لەجێـی هـاوکاری بەڕێوەبردنـی وڵات دەکەونـە رکابـەری و موزایەدە بەسـەر یەکترییەوە وەک ئامادەسـازییەک بـۆ هەڵبژاردنێکـی تـر.

ئایا ئەم بیرۆکەیە شایانی گفتوگۆکردن نییە؟

ئایـا کاتـی ئـەوە نەهاتـووە هیـچ نەبـێ وادەی چەنـد هەڵبژاردنێـک لێکبدەیـن؟ بـۆ نموونـە هـی پارێزگاکانـی هەرێـم لەگـەڵ هـی پەرلەمانـی کوردسـتان بێـت، یـان لەگـەڵ هـی پارێزگاکانـی عیـراق لەیـەک ڕۆژ، یـان هـی پەرلەمانـی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەوی پەرلەمانـی عیـراق بێـت؟

بـرا! بـا فریـای خۆمـان بکەویـن دەنـا زۆری دیموکراسـیی ناهێڵـێ چێـژ لـە دیموکراسـیی وەربگریـن، حزبـەکان هیـلاک و جەماوەریـش بێـزار دەبـن. سیاسـەتی وڵاتیـش وەک ئـەوەی لـە سـایەی دیکتاتۆریـدا بژیـن ئالـودەو تەنگەتـاو دەبێـت.

٢٠١٠/٣/٢٦

هەنوال نامەی کتێب

# پێکراوی دەستی چاکسازی

لەبەرئەوەی کەمترین وتارم لەسەر چاکسازی و گۆڕانکاری لە وڵاتدا نووسیوە، هەق بە خۆم دەدەم پرسیار لەسەر هەندێک دیاردەی ناو سیاسەتی کوردی و ڕەوتاری دەستەبژێری کوردستانی بوروژێنم. یەکێک لەوانە دیاردەی قسەکردنی بەلێشاوە لەسەر گۆڕانکاری و چاکسازی، ئەگەر کورد ئەو هەموو چاکەخواز و ریفۆرمخواز و گۆڕانویستەی هەیە، ئەی بۆچی حاڵی لار و باری خوارە؟ دەمی هەر کەسێک دەکەیتەوە لەجێی ئەوەی شکوری خوا بکات و بەم مانگی ڕەمەزانە نانێک بخوات و یەکێکی تر بکات بە خێر، شێوازی مەقایس لەم وڵاتەدا، دەبینی هێشتا ئەو ناڕازی و بەگلەییە، ئەگەر ڕێی چاکسازی و ریفۆرم ئەو هەموو سەربازە بێشومارەی هەیە، زەحمەت نەبێ سوپای دوژمن کێیە و لە کوێیە تا تێکی بشکێنن؟ ئەگەر بانگەواز بۆ گۆڕانکاری و چاککاری و دەستکاری و کۆمەڵێک (کاری) ترە کە بۆتە دیاردەیەکی ناسیۆنالیستی سەرتاسەر، ئەی زەحمەت نەبێ دوژمنەکان کێن و بۆچی لەم نیشتەنییەدا جێیان بۆتەوە؟

لە وڵاتی ئێمە لە هەر کوێ باسی نوێبوونەوە بکرێت کەسانێک هەن ئەشەدومابیلا دەکەن، وەک بڵێی بانگەواز رووی لە خۆیان نییە، پێت دەڵێت ئۆباڵی وەگەردنم پێویستمان بە چاکسازییە، پێویستمان بە نوێبوونەوەیە، بە (گۆڕان)ە (مەبەستم ئەوەی گردەکە نییە). ئەم جۆرە ئامۆژگارییە ڕێک لە ئامۆژگاری پیرەپیاو و ژنی تۆبەکار دەکەن، کە لە گەنجێتیدا قسوریان نەکردووە و دەخوازن لە دواداوی عومریاندا ئامۆژگاری گەنجەکان بکەن تا لاساری نەکەن و ئاخیرەتیان لەبیر بێت.

تـا خـۆم عەیبـم نییـە و دەسترۆیشـتووم لەسـەر تەخشـی جەمشـید رۆنیشـتووم، دونیـا شـامی شــەریف و قســەیەکم نییــە لەســەر هیــچ شــتێک، چــاوم کوێــرە و کەموکورتــی وڵات و دەزگاکان نابینـم، هەمـوو شـتێک پەمەیـی و ئەرخەوانییـە و خەڵـک لـە خـۆڕا بوختـان دەکـەن. هـەر کـە لـە تەخـت و تاراجـی دەسترۆیشـتووی نەمـام و دونیـا دەوران دەورانـی خـۆی کـرد، ئیتـر بۆڵـەی: ناکـرێ و ئـەو رەوشـە تـا سـەر تەحەمـوول ناکرێـت، دەسـتپێدەکات. ئیتـر دەبمـە چاکسـازیخوازێک محەمـەد عەبـدە و مارتنـن لوسـەر و گانـدی بـە تـۆزی پێمـدا ناگـەن.

بـرا ئەگـەر خـۆم خێرێکـم بـۆ میللەتەکـەم و بـۆ وڵاتەکـەم و بـۆ رێبازەکـەم هەبێـت، لـە تافـی لاوی و لـە گەرمـەی وزە و توانـای خۆمـدا سـەرفی دەکـەم، لـە دەورانـی خـۆم و لـە چوارچێـوەی جوگرافیـای دەسترۆیشـتووی خۆمـدا چاکسـازی و پاکسـازی دەکـەم. ئینجـا ملـی پێـوە دەنێـم بـۆ سـەر لەبـەری دامـودەزگاکان و سەرتاسـەری وڵات، ئەگـەر خێرێکـم تیـدا بێـت جـارێ چاکسـازی لـە خـۆم و ماڵـی خۆمـەوە دەسـتپێدەکەم و لـە شـوێنی خۆمـەوە دەسـپێدەکەم و لـە شـوێنی خۆمـەوە شـانی دەدەمـە بـەر، نـەک پـڕ بدەمـە جێـی تـر. لـە دەورانـی دەستپێڕاگەیشـتنی خۆمـدا نییەتـی لـێ دێنـم و بەکـردار دێمـەوە، نـەک دوای بـاو بـۆران و ئینجـا لـە پەنـاو پەسێودا ئـاخ بـۆ چاکسـازی و گۆڕانخـوازی بکێشـم و بێـژم کـورد پێویسـتی بـە ئیسـلاحە. راسـتێکەی کـورد دەمێکـە پێویسـتی بـە ئیسـلاحە، بـەڵام مـن و تـۆی لـێ غافـڵ بوویـن، کوردسـتان لـە زووەوە نوێبوونـەوە و گۆڕانـکاری گەرەکـە، کەچـی مـن و تـۆ درەنـگ پێمانزانیـووە. ئـەوە کـە تەنانـەت مـن و تـۆ و ئەویـش وامـان لێهاتـووە دەم لـەم باسـە بکوتیـن، نیشـانەی ئەوەیـە پێویسـتی وڵاتەکەمـان بـەم دەرمانـە چاکسـازییە تەشـەنەی سـەندووە. تـۆ بڵێـی بۆڵـەی ئێمـە نیشـانەی ئـەوە نەبـێ چاکسـازی خۆشـمانی گرتۆتـەوە، بۆیـە وا بەگلەییـن؟

ئـەی ئـەو هەمـوو سـوپا چاکسـازیی و گۆڕانخـوازە هەیـە، قابیلـە کەوانـی تەدبیریـان دوو تیـری لـە جەرگـی مـن و تـۆ و ئـەو نەدابێـت؟

٢٩-٨/٤-٢٠١٠/٩

# بەمەرجێ سەری تیا نەشکێ!

بزاوتـی ئۆپۆزسـیۆن و چالاکوانەکانـی کۆمەڵـی مەدەنـی دۆسـتی ئۆپۆزسـیۆن لەسـلێمانی و سـنووری (ئیـدارەی پێشـووی سـلێمانی) خۆپیشـاندانیان لـەدژی یاسـای خۆپیشـاندان کـرد. دیارتریـن تایتڵـی سـەرەکی خۆپیشـاندانەکان بیرۆکـەی (نـا بـۆ وەرگرتنـی مۆڵەتـی پێشـوەختی خۆپیشـاندان). هـەر بۆیـەش (بڕیـار)ی ئەوەیـان دا بـێ مۆڵـەت خۆپیشـاندان بکـەن و کردیشـیان. مەسـەلەکە بـە هێمنـی و ئارامـی تێپـەڕی و سـەری کەسـی تێدا نەشـکا.

جـا لەبەرئـەوەی ئـەم بزاوتـە خـۆی بـە سەرتاسـەری دەزانێـت نـەک بزاوتـی ناوچـەو دەڤەرێـک، بڕیاریانـدا لـە هەولێریـش خۆپیشـاندان بکـەن. تایتڵـی داخـوازی ئەوێـش هـەر (نـا بـۆ مۆڵەتـی خۆپیشـاندان) بـوو. (بڕیـار)ی ئەوێیـان جیـاواز بـوو، مۆڵەتیـان وەرگـرت بـۆ ئـەوەی هەرچۆنێـک بێـت خۆپیشـاندانێک لەپایتەخـت بکـەن، کـە خۆپیشـاندانی بـە مۆڵـەت بـوو. بـۆ (نەهێشـتنی مۆڵـەت) مۆڵـەت وەرگیـرا، خۆپیشـاندانەکە کرا، مەسـەلەکە بەهێمنـی و ئارامـی تێپـەڕی و جارێکـی تریـش سـەری کەسـی تێـدا نەشـکا. بەمجـۆرە لەهـەر دوو حاڵەتـدا هەمـان ئامانـج پێکـرا کـە ڕێگەپێدانـی هاووڵاتیـان، یـان راسـتتر بڵێـم ڕێگەپێدانـی چالاکوانـە سیاسـییەکان بـوو، تـا بـە سەربەسـتی بیـروڕای خۆیـان بڵێـن و پرۆتسـتۆی یاسـاکان بکـەن. جـا لەبەرئـەوەی هەمـوو شـتێک بەهێمنـی و ئارامـی تێپـەڕی، بەنـدەش لێـرە دوو سـێ پرسـیار دەوروژێنـم، هیـوادارم وەک خۆپیشـاندانەکان بـە هێمنـی بـڕوا و سـەری کەسـی تێـدا نەشـکێ:

-لەپێشـدا کام دەزگای لێپرسـراوێتی هەڵـەی کـردو کامیـان راسـتیان کـرد؟ لەسـلێمانی کـە چاویـان نوقانـد لـە ئاسـتی خۆپیشـاندانی بـێ مۆڵـەت و مەسـەلەکە بـە ئاسـایی

تێپەڕی، لەجێی گرژی ((دەیکەم و نایکەم))، رێگە بە خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت دژی یاسای خۆپیشاندانی بە مۆڵەت درا؟ یان لەهەولێر کە رێیان بە خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەت نەداو لە بەردەم تەلاری پەرلەمان و بە موافەقاتی ئوسولی وەرگرتنی مۆڵەت رێگایان بە داخوازی (نا بۆ مۆڵەت)دا؟

کێ دەبێ ستایش بکرێت و کێ سەرزەنشت، ئیدارە لە سلێمانی کە سنگیان فراوانەو رەچاوی تایبەتمەندیی جووڵەی سیاسی سلێمانی دەکەن، یان ئیدارە لەهەولێر کە زەبت و رەبتیان هەیەو پێیانوایە یاسا هەر یاسایە چ لە مەککە یان مەدینە بێت؟

دەبێ ئیدارە لە سلێمانی سەرزەنشت بکرێت کە حکومەت لەحزبی دەسەڵاتداری ناوچەکەی ئەوەو تەیفێکی فراوانی ئۆپۆزسیۆن ئەوی کردووە بەئامانج، کەچی (خاو و خلیچکە) لەجێبەجێکردنی یاسای خۆپیشاندان، یان دەبێ ئیدارە لەهەولێر سەرزەنشت بکرێت، کە پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی یاسایەک دەکات لەناو تەیفێکی سیاسی ئەم وڵاتەدا مشتومڕو رەخنەی لەسەرەو خۆپیشاندانەکانیش رێک گوزارشتن لەو رەخنەیە؟

لەبەرامبەردا لەخۆپیشاندەرەکانی سلێمانی و ئەوانەی هەولێر کامیان هەڵەیانکردو کامیان راست و بەشیان لەستایش و سەرزەنشت چەندە؟

خۆپیشاندەرانی سلێمانی هەڵەن کە سینگفراوانی ئیدارەیان قۆستەوە بۆ خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت، یان ئەوانەی هەولێر کە مەرجی ئیدارەیان قبوڵکرد بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی خۆپیشاندان لەدژی یاسای (وەرگرتنی مۆڵەت)؟

کامیان جێی دەستخۆشین، خۆپیشاندەرانی سلێمانی کە مۆڵەتیان وەرنەگرت، چونکە لە بنچینەدا مەغزای خۆپیشاندانەکەیان بۆ رەتکردنەوەی مۆڵەتە؟ یان رەفیقەکانیان لەهەولێر، چونکە بەوەرگرتنی مۆڵەت نیشانیاندا نییەتیان لەڕەتکردنەوەی مۆڵەت دژایەتیی یاساو بێ سەروبەری نییەو سەلماندیان یاسای خۆپیشاندان دەستەبەری مافی خۆپیشاندان دەکات؟!.

کێ دوو ئیدارەیی قووڵ دەکاتەوە؟ دەسەڵات بەوەی لەدوو شوێنی جیا دوو مامەڵەی جیای هەیە، یان ئۆپۆزسیۆن کە لەملا مۆڵەت وەردەگرێ و لەولاش وەریناگرێ؟ مەگەر هەرێم یەک هەرێم و حکومەت یەک حکومەت و ئۆپۆزسیۆنیش یەک ئۆپۆزسیۆن نییە؟

یان هەموولایەک لەسەر هەقن بەوەی واقیع چۆنە وا مامەڵە دەکەن و ئەوە ئێمەی رۆژنامەنووسین، بەناهەق، زۆر بەدوای شتەکانەوەین و خوردی دەکەینەوە؟

٢٠١١/١/٣

# مامۆستا فەرموویەتی

باسی کۆمەڵێک مەلامان کرد لەمینبەری مزگەوتەوە کە بەمدواییە مینبەری مزگەوتیان تووشی کۆمەڵێک بەر یەککەوتن کرد لەگەڵ نێوەندی رۆشنبیریدا. مینبەری مزگەوت مینبەرێکی هەستیارە، چونکە کاریگەریی گەورەی لەسەر موسڵمانانی باوەڕمەند هەیە. زۆرتر لەکاریگەریی مینبەرە ئیفرەنجییەکان لەسەر نێوەندی رۆشنبیری، مینبەری مزگەوت سامی خۆی هەیەو بەپرسیارێتییەکی هەستیارە لەبەردەم خوای گەورەو بەندەکانیدا، ئەمەش ئەرک لەسەرشانی وتاربێژی مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئایینی زیاتر دەکات نەک کەمتر. واتە ئەگەر کاریگەریی قسە، لەمینبەری رۆشنبرییەوە، بۆ کەمەندکێشترین رووناکبیر چەندێک کاریگەریی لەسەر گوێگرەکان جێبێڵێ، هێشتا ناگاتە کاریگەریی وتاردانی مەلا لەمینبەری مزگەوتەوە، هی مزگەوت تێکەڵییەکە لەئامۆژگاری و ئەمری پەنهان و بگرە هەندێکجار لای وەرگری باوەڕمەندی کوردستان بەرگی فەتواش دەپۆشێت. کرمانجی خۆمانی کەباسی ئامۆژگاری مامۆستای ئایینی دەکات دەڵێت: مامۆستا فەرموویەتی. کە ئەمەش بەرزترین پلەی رێزلێگرتنی کۆمەڵایەتییە.

ئەم پلە بەرزە ئەرک و بەرپرسیارێتی لەسەرشانی راوەستاو لەبەردەم مینبەری مزگەوت چەند قات دەکات، ئەمە بەرپرسیارێتییە پێش ئەوەی تەشریف بێت، گوناهی بچووکترین هەڵە لەسەر شانی مامۆستای مینبەر چەند قاتی گوناهی رووناکبیرە کەهێزی رۆحی مزگەوت و سەرمایەی رەمزی ئایینی لەپشتەوە نییە.

هەڵەی مامۆستا ئەوەندە مەترسیدارە دەبینی کورد دوا پلەی هەڵەکردن و پاساودانی

هەڵـەی بەنـی بەشـەری بـەو قەولە داوەتـەوە کەدەڵێت (مـەلاش هەڵە دەکات).

مـەلاش هەڵـە دەکات، یانـی دەستنیشـانکردنی ئیستسـنائێک لەزۆرینـەی دەرکەوتـەکان ئـەو مانایـە دەگەیەنێـت مـەلا کەمتریـن هەڵـە دەکات، چونکـە زۆرتریـن بەرپرسـیارێتی رۆحـی و ئامـۆژگاری لەسـەر شـانە.

مامۆسـتا دەبـێ مینبـەری مزگـەوت بـۆ ئـەو باسوخواسـانە بـەکار نەهێنـێ کـە ئیجتهادی جیاجیـا هەڵدەگـرن. تەنانـەت لەنـاو خـودی ئەدەبیاتـی دەوڵەمەنـدی ئیسـلامدا، چونکـە ئەمـە جۆرێـک لەناهەوسـەنگی دروسـت دەکات. کەخەڵکـی تـر ناکارێـت ئـەو مینبـەرە بخاتـە خزمەتـی خۆیـەوە وەختێـک وەڵامێکـی مامۆسـتای پـێ بێـت. وەڵامـی مامۆسـتاش رەوایـە، چەنکـە ئـەوی موقەدەسـە قورئانـە نـەک مـەلا. مـەلا رێزلێگیـراوەو بەرپرسـیارێتی لەسـەر شـانە.

٢٠١١/١/٢٥

# سەدەی بیستویەکەمینیش سەدەی گەلانە

سـەدەی میللەتانـی ئازادیخـوازە. ئەوانـەی خەباتێکـی بێوچـان لـە رێـی مافـی چارەنووسـی و سـەرفرازی نەتەوەییـدا دەکـەن. هێشـتا دە سـاڵ لـەم سـەدەیە گـوزەری کـردووە و دوو دەوڵـەت بـە مافـی چارەنووسـیی یەکلاکـەرەوە، شـادبوون: کۆسـۆفۆ لـە ناوجەرگـەی ئەوروپـای رۆژهـەڵات و باشـووری سـودان لـە ناوقـەدی ئەفریقا و لە شـوێنێکی لاچەپـی دونیـای ناسیۆنالیسـی عەرەبی. نـەوەد سـاڵی مـاوە کـە هیـچ نییـە لـە عومـری مێـژوو و دەبـێ هیـوادار بیـن سـەروەری و سـەربەخۆیی دیکـەش ببینیـن. ٩-ی تەممـووز ویسـتی سـەربەخۆیی گەلانـی دەمـەزەرد کـردەوە. ئەفسـانەی نەمانـی خەونـی نەتەوەیـی و جێـی چۆڵکردنـی بـۆ فەردانییـەت و هاوولاتیبوونێکـی کـرچ و کاڵ پووچەڵکـردەوە. دەرکـەوت ویسـتی نەتەوەیـی چیرۆکێکـی بەسـەرچووی سـەدەی نـۆزدەی ئەوروپـا و نیوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و دونیـای سـێ نییـە، ویسـتی نەتەوەیـی بـۆ نەتەوەیـەک کامـڵ دەبـێ و پێـدەگا هیـچ ئانوسـاتێکی بـۆ نییـە و هـەر ئەوەنـدە هەلومەرجـی نێودەوڵەتـی تێکەڵـی ئیـرادەی نەتەوەخـوازی دەبێـت، ئیتـر خـەون دەبێتـە واقیـع و چ زۆرە، رۆژ زۆرە وەک ئـەم نـۆی تەممـووزە کـە قرچـەی گەرمـای ئەفریقـای کـردە بەهارێکـی تـەڕ و پـڕ و سـەوز. سـەربەخۆیی باشـووری سـودان دەریدەخـا خەباتـی نەتـەوەی بـێ هـودە و بـێ ئـاکام نییـە و هیـچ ویسـت و ئەولەویاتێـک ناتوانێـت شـوێنی ئـەم ئامانجـە پیـرۆزە بگرێتـەوە. بـەڵا راسـتە لیسـتی دیموکراسـیی و خزمەتگـوزاری و یەکسـانی و گەشـەپێدانی ئابـووری لیسـتێکی گرنگـە و بـێ ئەمانـە سـەربەخۆیی بـێ تـام و بۆیـە، بـەڵام لـەوەش راسـتتر ئەوەیـە بـێ سەرخسـتنی خەباتـی نەتەوەیـی ئـەم لیسـتەش

قابیلـی دڕان و پارچەپارچەکردنـە و ئەگـەر ئایکۆنێکـی ناسیۆنالیسـتی نەیانگرێتـە بـاوەش هەمیشـە هەڕەشـەی پاشـگەزی و لـێ قرتاندنـی لەسـەرە.

سـەربەخۆیی باشـووری سـودان بـەری ڕەنجـی خەباتـی میللەتێکـی قارەمانـە کـە ئەنفـال و جینۆسـاید و شـەهیدبوونی سەرکردەکەشـیان، خەباتگێـڕ جـۆن گەرەنـگ، ئیرادەیانـی نەچەمانـەوە و دواجـار ڕێـگای ڕاسـتی خەباتـی لـێ ون نەکـردن.

بەمجـۆرە ئەفریقـا بـووە دایەنگـەی شۆڕشـێکی نوێـی گۆڕانـکاری کـە هیچـی کەمتـر نییـە لـە شۆڕشـەکانی بەهـاری عەرەبـی و بگـرە بـۆ نەتـەوە بندەسـتەکان ئـەم بەهـارە سـەد بەهـاری دیکـەی بەقوربـان بێـت.

٢٠١١/٧/١٠

# حیسابی کوردستان، حیسابی بەغدا

دەگوترێ کوردستان لەسەر حیسابی عیراق و ئەمنی قەومییەکەی گەورە دەبێ. گەلێک جاریش باسی حیسابی کوردستان و حیسابی بەغدا دێننە گۆڕێ. ئەوی چەند رۆژێکە بەڕێز یاسین مەجید پەرلەمانتاری دەولەتی قانوون ئەیلێ تازە نییە، بەڵکو ئەو تازە دەیڵێتەوە. تا لەبەغدا کەسانێک هەبن حیسابی هەردوولا لێک جیا بکەنەوە حەفتوهەشتی سیاسیی لەسەر تەنگژەی حوکمڕانی نابڕێتەوە.

ئەقڵیەتێک هەیە لەپایتەختی خەلافەتی عەبباسی کە ناسنامەی نیشتمانیی لەحکومی ناوەندێتیدا کورت دەکاتەوە، کوردستانیشی تەنها ئەو کاتە گەرەکە کە یان بۆ سیاحەت رووی تێبکات، یان جڵەوگیری حوکمی سەنتراڵ بێت. کوردستانی گەشەکردووی ئاوەدان کە سەرەڕای کەموکوڕی و کێشەکانی، ملی رێگەی سەروەری گرتووە بۆ ئەوانە دەست نادات. گەشەی وا باعیسی پەستییە، چونکە فیتەنگێڕی بەراوردە لەنێوان ئەوی لە کوردستان هەس وئەوی لەبەغدا نییە.

مام جەلال کاتی خۆی لەرۆژنامەی شەرقی ئەوست وەسفی فیدراڵی کوردستانی وا کرد بوو(کوردستان، فیدراڵییەکی عیملاقە). ئەم فیدراڵییە گەردن کێڵە بۆ ئەو عیراقییانەی لەئەقڵەوەو لەنەقڵەوە باوەڕیان پێیەتی پشتیوان و هێزە، یان وەکو د.عادل عەبدولمەهدی جوابی داوەتەوە (هێزی کوردستان هێزە بۆ عیراق). بەڵام هەر ئەم کوردستانە ئاستەنگە بۆ ئەوانەی سۆزیان بۆ جارانی ناوەندێتی ئێسکگران هەیە، ئەسپە شێی ئازادییەو بۆ ئارەزووی ئەوان رام نابێت.

لەگەورەیی کوردستان دەترسن، چونکە شکیان لەعیراقی فیدراڵ و دیموکرات

هەیە، نەکا سەرکەوتووبێت. وەگەرنا فیدراڵی، چوون دەفرە لێکچووەکان، لەکوێوە ئاوی برژێتێ سەرەنجام بەسەر هەموو دەفرەکاندا بەیەکسانی جێگیر دەبێت، بەڵام لای ئەوانەی حیساب و دەفتەر لەگیرفانیان دادەرژێنن، ئەوەندە حەفتوهەشتی لێ دەکەن، هێزی کوردستان هەڕەشەیە لەبەغداو لەشەئنی ناوەندێتی کەم دەکاتەوە. ئەوانە شکیان هەیە لەو دەستوورەی تەختوتاج و دەوڵەتی پێ بەخشیوون، نەوەک خەون بێ و لەکیسیان دەربچێت، بۆیە لەسێبەری کوردستان و لەسێبەری خۆشیان دەترسن.

ئینجا بۆ کوردستان لەبەغدا بەهێزتر نەبێت؟ بۆ موسڵ و میسان (نیشتەنی لەدایکبوونی یاسین مەجید) لەحکومەتی ناوەندیی بەهێزتر نەبێت؟ مەگەر ئەمە مەرجی فیدرالی نییە لەهەموو دونیادا کە هەرێمەکان بەهێز بن و پایتەختەکان لاواز؟ مەگەر ئەوە مەرجی عیراقی ئیتحادی نییە کە لەبەسرە تا رومادی، لەنەجەف تا کوردستان هێزو سەنگ دابەش ببێت و بەغدا وەک پایتەختی فیدراڵی بەش لەهەمووان بخوازێ و هەمووان تێیدا خاوەن بەش بن؟ مەگەر ئەمە قەدەری بەغدا نەبووە لەزۆربەی وێستگەکانی مێژووی دەوڵەت و ئەمارەتەکانی ئیسلامدا کە هەمیشە هەرێم و ویلایەت و مەڵبەندەکان بەهێزتر بن لێی و ئەویش وەک نێوەندێکی بەسەنگی مەعنەوی خەراجی هەموانی بۆ چووبێت؟ ئەسڵ لەدەرسی مێژووی ئیسلام ناناوەندێتی و حوکمی ویلایەت و هەرێمەکانە، مەرکەزیەت بیدعەیەکی ئیفرەنج و ئینگلیزە، چەند سەدە پێش ئێستا فەرەنسییەکان بەدیاری دایانە ئەستانەو ئینگلیزەکانیش لەعیراقی شا فەیسەڵدا جێگیریان کرد. قوڕەکەیان بۆ گەلانی ناوچەکە خەستتر کرد.

ئەگەر ئەو رۆژە بێت کە بەغدا دەسەڵاتی کەم بێتەوەو هەولێر پایەی ئابووریی لەهی ناوەند سەرووتر بێت، مانای وایە عیراقی نوێ لەدایک دەبێت و هێزی هەولێر، هێزی بەسرەو میسان و کەربەلا، تینوتاوی خۆیان دەدەنە بەغداو هەرێمەکان لەبەشی بودجەی خۆیان دەدەنە گرین زۆنی جاران و تەنانەت مووچەو دەرماڵەی پەرلەمانتارەکانی فراکسیۆنی براوەو راوێژکارەکانی حزبی حوکمڕانیش دابین دەکەن. ئەو دەمە بەغدا دەبێتە وەکیلی هەرێم و ویلایەتەکان و سیاسەتمەدارانیش دەبنە «مەیللتوەکیلی» راستەقینەی دەنگدەرەکانیان. ئیتر ئەوسا قسە باجی دەبێ و دیموکراسیش، چونکە نرخی لەسەرە، بەهای خۆی وەردەگرێتەوە.

٢٠١٢/١٠/١٩

# داپیرەکان بیگێڕنەوە

جارێکیان هەڤاڵ مام جەلال باسی ئەوەی بۆکردین کە لەوڵاتی چین ئیشوکاریان بۆ داپیرە گەورەکانیش دۆزیووەتەوە، چیرۆکی سەروەرییەکانی رابردووی گەلو نیشتمان بۆ نەوەکانی ئایندە بگێڕنەوە، باسی ئەوەیان بۆ بکەن نیشتمان چۆن ژێردەستەبوو، خەباتگێڕانیش چۆن رزگاریان کردو ژیانیان بەمرۆژە گەیاند؟

بۆچی چینییەکان داپیرە گەورە رادەسپێرن داستانی رزگاری بگێڕنەوە؟ خۆ سینەمای چینی ئێستا وەک سیاسەتو ئابوورییەکەی لەدنیادا جێگاو رێگای باشی هەیە. داستانەکانی چین هەر لەدەورانی قەدیمی ئیمپراتۆرییەوە تا دەورانی سەرۆک ماو کە ئەو کێڵگە مەزنە نیمچە دەرەبەگە— نیمچە سەرمایەدارییەی یەکخستو خستییە سەر شەمەندۆفێری گەشەسەندنو جەمسەرگیری، پڕیەتی لەهۆنینەوەی درامای ئەوتۆ کە بۆ سەدان فیلم دەست دەدەن، تەنانەت هۆلیۆدیش لەو کانیاوە قووڵەی خواردووەو فیلمێکی جوانیان لەسەر خەباتی ماو بەرهەمهێناوە کە ئیتر حەوجە بە چین ناکات شتی نوێی لەسەر بکاتە فیلم. گۆڕینەوەی تەکنیکی فیلمو سینەما بەهونەری گێڕانەوەی سەر زارەکی داپیرەکان یەک تەفسیری هەیە: گێڕانەوەی سەر زارەکیو رووبەڕوو لەگەڵ مرۆڤەکاندا کارییە، دڵنشینترەو لەدڵەوە بۆ دڵە.

هەموو میللەتێک پێویستی بە هونەری گێڕانەوەیە، ئێمە پێویستمان بەوەیە بیگێڕینەوەو باسی بەسەرهاتەکانی خۆمان بکەین.

لەچەند ساڵی رابردوودا ئەگەر وابگوترابا دەیانگوت ئەرێ ئەم چیرۆکە قەدیمانە نەبڕایەوە؟، راستێکەی ئەوانەی ئەم قسانەیان دەکرد زیاتر لەوانەبوون لەئایندە

دەترسـان کـە ئاینـدە لەنـاو چیرۆکەکانـی رابـردوودا خـۆی مـەڵاس داوە.

ئەوانـە وایانزانـی بـە ناشـتنی رابـردووی پـڕ جێـی شـانازی، ئاینـدە بـۆ ئـەوان ماڵـی دەبێـت، بـەڵام دۆخـی ناسـکی وڵاتو هەرەشـەی سـەر کوردسـتان دەریخسـت رابـردوو هـەروا بـە شـوێنمانەوەو ئاینـدەش بـە ئەنـدازەی خـۆی قوربانـیو خەباتـی گەرەکـە. بۆیـە ئەگەرچـی هێشـتا داسـتانەکانی رابـردوو هەموویـان نەگێڕدراونەتـەوە، ئێمـە رۆژانـە بـە بەرچاوی خۆمانـەوە داسـتانی نـوێ دەبینیـن کـە رۆڵـەی ئـەم کوردسـتانە، پێشـمەرگەی ئـەم نیشـتمانە، گیانبـازی بـۆ دەکـەن.

حیکایەتـە راسـتەکانی رابردوومـانو حیکایەتەکانـی ئەمڕۆشـمان شـایەنی گێڕانـەوەنو پێویسـتییەکی رۆحـی زیندووەکانیشـە. کاتێتـی کـورد فێـری گێڕانـەوە بێـت بـۆ ئـەوەی ئـەوەی لێـی قەومـاوە لەداگیـرکاریو سـتەمو ئـەوەی کردوێتـی بـۆ بەرەنـگاریو بەرپەرچدانـەوە نەفەوتێـتو خەزینـی ئەزمـوون بـن لەڕێـی داکۆکـی لـە ئاینـدەو دواڕۆژی خـۆی.

لـە چیـن داپیـرە تەرخانـی گێڕانەوەکانـی رابـردووە، لـە دراوسـێ شیعەکانیشـمان گێڕانـەوەی نەبـەردی حەسـەنو حسـێن دابێکـی میللـی هەمـوو تەمـەن و ئاسـت و رەگەزەکانـە، کـێ لەبیریەتـی لەکاتـی دادگایـی سـەرانی رژێـم لـە تاوانـی دوجەیلـدا قوربانییـەکان چەنـد لـە سـەرخۆو بەتاسـەوە عـەزابو ئازاریـان دەگێڕایـەوە. ناخوازیـن لـە قوربانـیو ئـازاری کـەس کـەم بکەینـەوە، بـەڵام بـەراوردی دوجەیـل لەگـەڵ پـەژارەی ئەنفـال وەک بـەراوردی نێـوان پەتـکو هەودایـە، کەچـی چونکـە شـیعە فێـری گێڕانـەوەی کەربـەلان، هەمـوو قەومانێـک کەربەلایەکـی هاوچەرخـە بـۆ شـیعە.

پێویسـت بـوو داپیرەکانمـان سـەفەربەلەکو ئـازاری جەنگـی جیهانگیریـان بۆمـان باسـکردایە، گـەرەک بـوو دەمـاودەم دەرسـیمو زیـلانو بەردەقارەمانو بارزانیـان هەڵبگرتایە بـۆ ئـەوەی بەسـەرهات گێڕانـەوە شـەرم نەبـێ کـە هـی شـکۆیە. بـۆ ئـەوەی قـەدری دوێنـێ هەوێـن بێـت بـۆ ئـەو قودرەتـەی ئەمـڕۆ پێشـمەرگە لەسـەنگەردا دەینوێنـێ.

داپیـرەکان بـا دوێنێیـان بـاس بکـەن، خۆشـمان بـا کەفیلـی گێڕانـەوەی چیرۆکەکانـی ئەمـڕۆ بیـن، دڵنیـام بەمجـۆرە ئاینـدە خـۆی سپۆنسـەرمان دەکات.

٢٠١٤/١٢/١

# سێ فلاش

*فلاشی یەکەم حوزنو پەژارەیە بۆ بێدەسەڵاتی نەتەوەی کورد لە ئاست تاوانی داعشەکاندا. هێشتا ئێمە نەمانتوانیوە گرەنتی پاراستنی خۆمان دابین بکەین. دوای زیاتر لە سەدەیەک لە تێکۆشانی هاوچەرخی نەتەوەکەمان هێشتا پەرژینی پاراستنی هاووڵاتیی ئاسایی کورد دابین نەبووە. شەنگال تایتلێکی گەورەیە کە هەموو جارێک باسی دەکەینەوە. بەڵام وردەکاری ئەم تایتڵە هاوارو فیغانی هەزاران کچو ژنی ئێزدی لەخۆگرتووە. ئەم هاوارو فیغانە هەروا تێپەڕبوون هەرواش تێپەڕدەبن. چونکە کە دیمەنەکانی کوشتن زۆر بوو سیحری شۆکو ناڕەزاییش دەکوژێت. ئێمە هێشتا لە ئەنفالو کیمیاباران نەپارێزراوین. مەودای نێوان ژیانو مەترسیی سەرمان هەر مەودایەکی جوگرافییە کە پێشمەرگەو گەریلاو شەڕڤان ناهێڵن بێنە سەرمان. بەڵام پەرژینی فیکریو شارستانی، پەرژینی پێگەیینو هەراش بوونی نەتەوەییمان درزێکی قووڵن کە داعشو رێبازەکان زوو دەتوانن کونی بکەنو ببنە هەڕەشەیەکی تێپەڕی زەمانو زەمین.

*فلاشی دووەم سەبووریو دڵدانەوەیەکی شۆڕشگێڕییە کە لەناو قوڕو لیتاوی کۆنەپەرستی ناوچەکەدا هێشتا هیوایەک هەیە. فەرماندەیەکی وەکو ئەبو لەیلا هەیە کە خۆی لە ئینتیما دەستکردەکانی نەتەوەی سەردەست رادەپسکێنێو خوێنو رەنجی خۆی تەرخانی رەنجی نەتەوەکەی دەکات. بەم مانایە ئەبو لەیلا وەک هەقی رەسمی شەهیدی شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەلەو لە هەمان کاتیشدا سەرمایەیەکی مەعنەوییە بۆ کۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان لەسەرووی حزبو

ناوچەگەرێتییەوە. لەم ئەستێرە درەوشاوانە هی دیکەشمان هەن. بۆ نموونە حسێن مەنسورو شێرکۆ شوانیو سەلاح دیلمانیو سەدانو هەزاران شەهیدی کوردایەتی کە بەرپەرچی تەعریبو تەبعیسو تەرحیل دەدەنەوە لەم دوو بەشی کوردستاندا کە بەعس چل ساڵ زیاتر حوکمی کردوون. ئەمانە سەبوورییین لە ئاست پاشەکشێی کاتی لەم یان ئەو کۆڕی تێکۆشاندا.

*فلاشی سێیەم لەسەر ئەو وێنە جەرگبڕەیە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە. دوو منداڵی ژیرو زیرەک کە باوکی شەهیدیان لە سەرکەوتنی خۆیان ئاگاداردەکەنەوە: «باوکە ئێمە دەرچووین».

راست دەکەن: باوکی شەهید ئەوان لە تاقیکردنەوەی خوێندن دەرچوون- سەرکەوتن. باوکی شەهید تۆش لە تاقیکردنەوەی خوێن دەرچوویت، لە تاقیکردنەوەی نیشتمانپەروەری بە یەکەم سەرکەوتیت.

زۆری تر لە منداڵی شەهیدەکان زیتو زیرەکنو لە تاقیکردنەوە دەرچوون. لێیان دەناسین کە کوڕی شەهیدنو خوێندنیان تەواوکردووە، بە هەمان رێبازی باوکیشیان سەعی دەکەنو دەخوێنن.

زۆری تر لە شەهیدەکان لە تاقیکردنەوە دەرچوونو بڵندترین پلەی نیشتمانپەروەرییان بەدەستهێناوە.

زۆری ترمان هێشتا دەرنەچوون. هەشن رەنگە تەنانەت شایستەی هۆڵی تاقیکردنەوەش نەبن کەچی غەڵبەغەڵب دەکەن، زۆری تر ماون کە هیواخوازن هیچ نەبێ لە تاقیکردنەوەی ژیاندا دەرچنو سەرکەوتووبنو بەردێک بخەنەسەر تەلاری نەتەوەکەیان. تەنانەت ئەگەر نەشگەنە پلەی بڵندی دەرچوون: شەهیدبوونو شەهادەت.

*سێ فلاش لێک بدەیت گرتەیەکی درامای (کەم ژیان و کەڵ ژیان)مان دەدەنێ. کەمە کەمە بە برژانگی چاو تیشکو پرتەوی نەبەردییەک لەوێو شەهادەتێک لەوێ کۆبکەینەوە، سا بەڵکو رۆژێک شورای پارێزگاری نەتەوەی کورد بڵندبێتەوەو داعش دوا غەزای داگیرکەران بێت، ئیتر دەرەقەتمان نەیەنو لە خاکی خۆمان سەروەر بین.

٢٠١٦/٦/١٣

# گەلی شایستەیە

گەلەکەمـان ئەوەنـدە ئـازارو ناخۆشـی بینیـوە شایسـتەی ئەوەیـە ئیتـر بـە هەڵامەتێکـی ئاسـاییش ڕانەچڵەکێنرێـت. بەڵـێ وایـە کـە زوڵـمو سـتەم قاڵـی کـردووە بـە جۆرێـک ئـازاری ئاسـایی لای زەڵاتــە خــواردن و ئــاو نۆشــین بێــت. بــەڵام تەحەمولــی گەلــی کوردسـتان جیـاوازە لـەوەی ئایـا ئیتـر شایسـتەی ئـازارو مەینەتییـە؟ نەخێـر ئـەم گەلـە ئیتــر هەقــی خۆیەتــی بحەسـێتەوەو ژانــی ئاســایی ببینێـت. گــەلان بــە کارو کۆشــش تاقیدەکرێنــەوە، نــەک بــە تەحەمولـی ئـازارو مەینەتـی. ئـەم گەلـە لـە چاو زۆر گەلـی تـر کارگـوزارو خزمەتخـوازە. حــەزی لــە کارو لــە کۆشـشو ماندووبوونـە. بــەڵام بــە مەرجــێ ئــەو حــەزەی جــێ بگرێـتو ئــەوە بهینێـت کۆششــی لــە پێنــاودا خــەرج بــکات.

گەلــی کوردســتان ئــازاری زۆری دیــووە بــا ئــازاری فۆرماڵیــش لــێ کــەم کەینــەوە. کیمیابارانو جینۆسایدو قڕکردنی زۆری تووشـی هاتووە، با مردنو لەناوچوونی ئاساییشـی بـە حیسـاب و کیتـاب بێـت، هەرەمەکـی نەبێـت. پێویسـت بـە زەمیـن لـەرزەو زریـان ناکات تــا هێــزی بــاوەڕداریو باوەڕمەنــدی ئــەم گەلــەی پــێ لــە مەنگەنــە بدرێــت، لەنــاو هەمــوو گەلانــی باوەڕمەنـدو لـە خـوا ترسـدا گەلـی کـورد باوەڕدارترینـە. هەرئـەوە بەسـە بڵێیـن تاقــە میللەتــە لــە دونیــا ئاینــی بــۆ مەتاعــی دونیــا بــەکار نەهێنــاوەو فاکوفیکــی بــۆ فێڵکــردن لــە نەتــەوەی میللەتانــی تــر نەکــردووە.

گەلـی کـورد زۆری دیووە،ئیتـر بـا هـی تـر نەبینێـت، بەشـی چەنـد نـەوەی تـرو چەنـد نەتــەوەی تــری دیــووە. ئیتــر هەقیەتــی تاقینەکرێتــەوەو ژیانێکــی شــەرافەتمەندانەی هەبێت کـە قەرەبوویەکـی بچکۆڵــەی بکاتــەوە.

ئـەوی ئـەم گەلـە پایـەدار دەکات، پێـش هەمـوو شـتێک گـەورە و جڵـەو بەدەسـتانی ئایندەیەتـی، ئـەوان پێـش دۆسـتو دوژمـن دەبـێ گەلـی خۆیـان بـە شایسـتەی سـەربەرزی بزانـن و ئـەوەی بـۆ بسـەلمێنن.

٢٠١٦/١٠/١

# دیمەنەکە بجولێت

لەدیمەنەکـە یەکێتـی وەکـو پیاوماقـوڵو ناویژیـوان دیـارە، بـەو ئیعتیبـارەی ڕێککەوتنێکـی سـتراتیژیو قووڵـی چەند ساڵەی هەیـەو تائێستاش هـەردوولا بـە ڕەسمی هەڵیاننەوەشـاندۆتەوە. هەروەهـا ڕێککەوتنێکـی نـوێ، یـان بـە زمانـی کەرکوکـی بیڵێـم (تـازەو جدی) لەگـەڵ گۆڕان هەیـە. هـەردوو ئـەم ڕێککەوتنـە دەشـێ لـە کەشـی نالەباری سیاسـیدا ببێتـە مایـەی کێشـەو لـە کەشـی تەندروسـتو هێمنایەتیـدا ببێتـە ڕێـگای ئاوریشـمین بـۆ پێکهاتنـەوە.. دواکەوتنـی یەکێتـی لـە دۆزینـەوەی چارەسـەر گریمانـەی یەکـەم بەهێـز دەکات. ئەگـەر ئەوەشـی بخەینەسـەر کـە یەکێتـی خۆشـی دەردەداری چەنـد گرفتـە. ئـەوا ئەگـەر دەستپێشـخەریو هیممەتێـک نـەکات بـۆ چارەسـەری کێشـەکانی هەرێـم، ئـەو قسـە بـە ڕاسـتی دەگەڕێـت کـە تەبیبـە و دەردەدارە.

لـە گۆشـەیەکی هەمـان دیمـەن گـۆڕان دانیشـتووە. ئەویـش بـە تەنیـا ناتوانێت پشـت بە وێنـەی قوربانـی ببەسـتێت، تاوەکـو هیـچ ئەرکێکـی تـری لـێ داوا نەکرێـت. ئەگـەر گـۆڕان ئەودیـو دێگەڵـەی لـێ قەدەغـە کـراوە خـۆ دەتوانێـت لـە دیـوی ئـەم دیـو لـە سـلێمانی و لـە ناوچـەی هاوبەشـی نفـوزی خـۆی و یەکێتـی سیاسـەت بـکات و دەستپێشـخەری بنوێنێـت.

لـە گۆشـەیەکی تـر پارتـی ئیکتفـای کـردووە بـە دوورخسـتنەوەی کێشـە لـە خـۆیو خۆنیشـاندانی ئـەوەی توانیویەتـی پرسـی (گـۆڕان) یەکلاییبکاتـەوە، گوایـە ئـەوە باشـترین مۆدێلـە بـۆ دەرخسـتنی هێـزی زۆرینەیەکـی پەرلەمانـی.

لـەم دیمەنـەدا سـێ هێـزی گـەورە چەقیـون، ئیتـر چـی لەسـەر هێـزە یارمەتیدەرەکانـی

دیکـەی وەکـو یەکگرتـوو و کۆمـەڵو هێزەکانـی تـر بڵێیـن؟ ئەگـەر ئـەم دیمەنـە سیاسـییە بـە دەستپێشـخەریو دۆزینـەوەی بیرۆکـەی نـوێ نەجوڵێنرێـت، دەبێتـە وێنەیەکـی مەنـگو چەقبەسـتوو کـە تـا کۆتایـی سـاڵی ٢٠١٦ دەخایەنێـت. ڕۆژەکانـی لـەم سـاڵەی مـاون زۆر نیـن، بـەڵام حەیفـێ سـەدان سـاڵ لـە تەمەنـی کـورد لەخوتوخۆڕایـی ڕۆیشـتووە، ٥٠ ڕۆژی تریشـی لـێ بڕژێـت.

٢٠١٦/١١/١٣

# بۆ ئەوەی بیرۆکە نەمرێ

بیرۆکـە کـە بێتـە کایـەوە پێویسـتە کایەیـەک هەبێـت خـۆی تیـا تاقـی بکاتـەوە و درەوشـاوەیی خـۆی بسـەلمێنێ. مەعلومـە کـە هەمـان بیرۆکە ئەگەر چانسـی جێبەجێکردنی نەبـێ کـۆن دەبـێ و دەرزێ و لـە نـاو دەچـێ.

بیرۆکـە ئەگـەر لـە مەیدانـدا جێبەجـێ نەکرێـت کەموکـوڕی و چەوتییەکانیـش لەگـەڵ خۆیـدا دەمێنێـت و دەرفەتـی چارەسـەرکردن و راسـتکردنەوەی نابێـت. چونکـە نازانرێـت کام گۆشـەو کەنـاری خراپـە و گەرەکـە راسـتبکرێتەوە؟

بیرۆکـە چانسـی جێبەجێکردنـی نەبێـت نـەک خاوەنەکـەی بـەو حەسـرەتەوە دەمرێـت بەڵکـو بیرۆکەکـەش لەگەڵیـا دەمرێـت و گۆڕغەریـب دەبێـت، یـان گـۆڕی بـێ ناونیشـان دەبێـت.

بیرۆکـە کـە دێـت یـەک پاکێچـە و پێکـەوە گرێـدراوە. کـە پێکـەوە پیـادە ناکـرێ ئـێ خـۆ ناکـرێ لـە ناوەڕۆکـی خـۆی بەتـاڵ بکرێتـەوە و لـەرێ لابـدرێ و ئینجـا بگوتـرێ بۆیـە شکسـتی هێنـا چونکـە بەشکسـتی لەدایکبـووە. خـۆی راسـتێکەی بیرۆکـەی بـاش شکسـت ناهێنـێ ئەگـەر ناوەرۆکەکـەی بپارێـزرێ و لـە مەیدانـدا راسـتکردنەوەکەی بکرێـت نـەک لـە بنـەوە رۆح و ناوەرۆکەکـەی مایـە پـوچ بکرێـت.

بیرۆکە رەچەتەیە، یەک رەچەتە، پاکێچە یەک پاکێچ

بـۆ نموونـە ناکـرێ مـن بڵێـم دکتۆرەکـەم دەوا و دەرمانـی هەڵـەی بـۆ نووسـیوم کـە خـۆم وەرزشـەکەم ئیهمـال بکـەم. ناکـرێ خـۆم لـە رۆژانـەدا لـۆدم لەسـەر بـێ و بڵێـم دکتۆرەکـەم حەپـی زەغتێکـی وای بـۆ نووسـیوم هیـچ فەرقـم پـێ نەکـردووە.

جـا لـەم زەمەنـدا کـە دکتـۆری وا پەیـدا بـوون بەدڵـی نەخـۆش دەجوڵێنـەوە، نـەک بەپێـی پێویسـتی نەخۆشـیێەکە، لـەم زەمەنـەدا کـە راوێـژکارەکان بـە دڵـی بەرپرسـە نـان بدەرەکەیـان راوێـژ دەکـەن، لـەم زەمەنـەدا کـە گاڵتـە بـە ئەندێشـە دەکرێـت ، گەورەتریـن تـاوان بەرامبـەر بـە بیرۆکـە ئەوەیـە رێـی پێنەدرێـت بێتـە نێوانـەوە، ئینجـا کـە رێـی پێـدرا بـە نیوپاکێچـی رێـی بدرێـت و لەرێـوە تەنـی بیرۆکـە قۆلبەسـت بکرێـت پێـش ئـەوەی مافـی مورافەعـەی هەبێـت.

هەڵەیـە بڵێیـن بیرۆکـە نییـە، یـان لـەو مەقتـەع یـان ئـەو مەقتەعـی مێژوویـدا دونیـای ئێمـە خاڵـی بـووە لـە بیرۆکـە و خاوەنانـی بیرۆکـە. تەنانـەت لـە ئەزموونـی مرۆڤایەتیشـدا، بـۆ نموونـە لەچەرچـی تاریکیـدا رێـی تێناچێـت ئەندێشـەی مرۆڤـەکان بـێ بیرۆکـە بووبێت، بـەڵام چـی دەڵێـی کـە رێـی لـێ گیـراوە و جێـی بـۆ نەکراوەتـەوە.

سـەیری ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئەمرۆشـمان بکەیـن هەمیشـە بیرۆکـە ئامـادە و سـازدراوە، بـەڵام دەستڕۆیشـتووان و زیمـام داران بـە ئاشـکرا نایڵێـن بەس بە ناڕاسـتەوخۆ دەڵێـن رێـی پێنادەیـن.

دیـارە بیرۆکـەی بـاش ئەگـەر رێـی پێنـەدەن یـان رەوایـی و رەسـمیەت ناسـاندنی نەبێـت هێـزی جێبەجێکردنیشـی نابـێ و نییـە.

وا دەبینـی لـە چەنـد مینبـەر و سـەکۆیەکەوە بیرۆکـەی ژیـر و پـەرۆش و دڵسـۆزانە لەسـەر داد و دیموکراسـی و پێکـەوە گرێدانـەوەی نەتـەوە و نیشـتمان و دیموکراسـیی و ئـازادی دەردەبـڕدرێ، بـەڵام کـە دەرفەتـی پیادەکردنـی نەبێـت و نـەدرێ دیـارە لەرێـی نەجـات دوور دەکەوینـەوە.

سـەیرە کـە بیرۆکـەی دیموکراسـیی لـە چوارچێـوەی نەتەوەیـی و جوگرافیـای نیشـتمانی خـۆی، دابرِیـن و بـە نیوەناچڵـی کاری لەسـەر بکەیـن و دواییـش حوکـم بدەیـن کـە دیموکراسـیی خراپـە و بـۆ وڵاتـی ئێمـە نەباشـە!

سـەیرتر ئەوەیـە لـە پـرۆژەی نەتەوەیـی و نیشـتمانیدا کەمتریـن هەناسـەی دیموکراسـیی و ئیـرادەی تـاک و ئازادییەکانـی رەچـاو بکەیـن کەچـی دوایـی پێمـان سـەیر بێـت نـەوە تازەکانـی نیشـتمان خۆیـان گرێدراوی مەسـەلە نەتەوەییـە چارەنووسـازەکان ناکـەن.

ئاخـر ئـەوە پیادەکردنـی بیرۆکەکانـە بـە مینـی جـۆب لـە جیاتـی ئـەوەی بـە یـەک پاکێـچ سـەیری بکەیـن.

باسـی دیموکراسـییەکی بـێ مافـی چارەنـووس و ئازادییەکـی بـێ دادی کۆمەڵایەتـی دەکەیـن. باسـی نیـو بیرۆکـەی وەفـاداری بـۆ تێکۆشـانی رابـردووی پێشـینانمان دەکەیـن

بە بێ ئـەوەی نیـو بیرۆکەکـە بـە بیـری ئایندەخـوازی موتوربـە بکەیـن.

بیرۆکەی رەگداکوتاو زۆرن، بەڵام وەکی بە نیوە و کەموکوڕی پیادە بکرێت؟

لـەو حاڵـەدا بیرۆکـە کـرچ وکاڵـەکان پشـت بەسـتوو بـە پـاوەری ناڕەوایـی و باسـکی دیفاکتۆیـی لـە نـاو کۆمەڵـدا چانسـی بردنـەوەی دەبێـت کـە مـەرج نییـە هـی ئازایەتـی خـۆی بێـت.

**هەفتەنامەی ژیان ٢٠١٩/٢/١٧**

# بنمێچی توندڕەوی

قسـەی لینیـن کـە ئەڵێـی بـۆ ئەمـرۆ وتویەتـی (بچۆ بـۆ ئەوپەڕی چەپ، خـۆت لەوپەڕی ڕاسـتا ئەبینییـەوە. بچۆ بـۆ ئەوپـەڕی ڕاسـت، خـۆت لەوپـەڕی چەپـا دەبینیتـەوە) ئەمـە فەنتازیایەکـی ئەندێشـەییە (هـاوڕێ) لینیـن لـەو قەرەباڵغییەی تێکۆشـانی سیاسـیدا بیری لـێ کردۆتـەوەو بـۆ توانـج لێـدان لـە هەندێـک بـەکاری هێنـاوە. ماناکـەی لـە ڕوسـیا نازانـم چـۆن کار لـە دڵ و دەروون دەکات، بـەڵام لـە کـوردا وای شـرۆڤە دەکـەم کـە چەنـد تونـدڕەو بیـت و گوایـە پاشەکشـێ ناکەیـت. لەوسـەری تونێلەکـەوە بـە توندڕەوییەکـی تـرەوە لێـی دەردەچیـت. کـەس لـەم شـرۆڤەیە وا تێنـەگات کـە نوقڵانـە لێدانـە بـۆ ئەوانـەی قەناعەتێکیـان هەیـەو زۆر پێداگری لەسـەر دەکـەن، گوایـە منیـش لێـرە پێیـان دەڵێـم قەناعەتتـان نەبێـو داکۆکـی لـێ مەکـەن چونکـە لـەو سـەرەوە لێـی پەشـیمان دەبنـەوە، بەڵکـو مەبەسـتی مـن ئەوەیـە ئەگـەر تونـدڕەوی بکەیـت لـە بیروباوەڕەکەتـدا زوو هیـلاک دەبیـت، هەناسـەبڕکێت تـووش دێـت و خواخواتـە لەوسـەری تونێلەکـەوە دەرچیـت و قەرەبـووی هەڵپەیـی و پەلەپەلـەی خـۆت بکەیتـەوە.

ئەگـەر لەسـەر خـۆت، بـە پتـەوی و شـێنەیی، ئەمما بـە شـێلگیرییەوە، داکۆکیـت لـە بیـروڕای خـۆت بکردبـاو لـە میانـی هەڵپـەی گەیشـتن بـەو شـتەی پێـت وایـە ڕاسـت و دروسـتە سـەری کەسـت نەشـکاندبایە کـە لەوانەیـە بـە مەزەنـدە دوژمنداریـت کـردووەو لـە خوتوخۆڕایـی غەزەبـی توندڕەویـت بەسـەر سـەدان کەسـی پێچەوانـەی بیرکردنـەوەی خـۆت و هاوەڵەکانـت بارانـدووە. لەوانەیـە کەمتـر هیـلاک بوایـت و کەمتـر زیـان و زەرەریشـت دابـا.

ئەگەر هەڵپەی توندڕەوی نەبێت لەوانەیە دۆست و دوژمنیشت چاکتر بناسیباو هاوخەبات و هاوسەنگەری خۆت باشتر دیاری کردبا. رەفیقی نیوەڕێت تووش نەدەبوو کە لە نیوەی رێ جێتدەهێڵێ و تۆش ناچاری بۆ قەرەبووی ئەو کەموکوڕییە زیاتر پەلەپەل بکەیت و هەناسەبڕکێ بیت و سەرەنجام لەوسەری تونێلەکە هیلاک بیت. تووشی فەلاکەت و هەڵدێران ببیت. دەرسەکە ئەوەیە وزەو توانای خۆت رێکوپێکتر پوخت بکەیتەوە. بەسەر چەند وێستگەی کورت و درێژدا دابەشی بکەیت تا نەکەوی و لەسەری تونێلەکە وا شکست نەخۆی کە وەک ئەوە وا بێت ئەچیتەوە سەرەتا.

پەلەت چی بوو و پەلەت چییە کە دەیەو دوو دەیە هیچ نییە لە تەمەنی زەمەن و رۆژگاران؟ بیست ساڵ پێش ئێستا پەلەت نەکردبایە ئەمڕۆ بەروبوومێکی باشترت دەخواردو ئەمڕۆش بە شێنەیی و بە تۆکمەیی بیکەیت دەساڵی تر بەروبەرهەمێکی باشتر دەخۆیت تا ئەوەی تونێلەکە لەوسەر (راست)ی بکاتەوە. وەک ئەوی چەوت بووبێت، نەک چەپ.

توندڕەوەکان هەر ئەوە نین کە توندڕەوی ئیرهاب و کوشتن و بڕینن. توندڕەوەکان ئەوانەشن کە هەڵپەی هەموو شتێکیانە، بۆیە سەرەنجام لەگەڵ توندڕەوانێکی تر، لەو سەرەوە، یەکدەگرنەوەو ئاوێزانی یەکتر دەبن.

وا دێتە بەرچاو کە میانڕەوەکان تەمبەڵن، تەوەزەلن، ترسنۆک و بێ بارن. لەکاتێکدا میانڕەوەکان هێزی نەرم (سۆفت و پاوەرن) و سەرەنجام رەنگە دەسکەوتی نەرمی و شێنەیی بخۆن. ئەگەر واش نەبن هیچ نەبێ وەکو دەسکەوتیان نەبێ خۆ زیانیان بۆ کەس نابێ. بەتایبەتی بۆ کەسانێک گوایە لە بنچینەدا هەموو لایەک بۆ ئەوە دروست بوون خەبات بۆ ئامانجەکەی ئەوان بکەن.

باشە ئەی چی چارەی توندڕەوی و ئەم هەڵپەی ڕاست و چەپەیان دەکات؟ رەنگە هۆشیاری کۆمەڵگەو کەڵەکەبوونی ئەزموونی هەمەچەشن، (بۆ پرۆسەی سیاسیی لێرە دیموکراسیی خولەکی و کاتبەندی وێستگەکانی دیموکراسییە)، رۆڵێک بگێڕێت لە چارەسەر. رەنگە وا بکات هەمووان، لە راستەوە بۆ چەپ، تێبگەیەنێت کە بنمێچی بەرزی پێشبینی جا لە دیموکراسی و چاکسازیدا بێت یان لە پرسی نەتەوەییدا، دەبێتە بەربەست و لەوپەڕی تونێلەکەوە لەجیاتی دەسکەوت و پێشکەوتن پاشەکشێ بەرهەم دێنێت.

هەروەها رەنگە بڵاوکردنەوەی نەریتی هاوتەریبی رەخنەو کار دەریچەیەکی باش

بێت. ڕۆژانە کار بکرێت و ڕۆژانە ڕەخنە بگیرێت. تا وەکو خراپی کەڵەکە نەبێت و هەروەها بۆ ئەوەش کەس فێر نەبێت هەر ڕەخنە بگرێت و چاوەڕێی کار لە خەڵکی تر بکات!

با کار بکەین بۆ ئەوەی ڕەخنەش حەڵاڵ بکەین.

**زەمەن: ٢٠١٩/٣/١٩**

# مەیلی راماڵین

یەخەی کەس مەگرن لە تێکچوونی باڵانسی هێز یان شەمزانی دیموکراسی کوردی و شێوانی پەیوەندیی نێوان حزبەکان. خەتای حزبێکی دیاریکراو، یان بەرەیەکی دیاریکراوی سیاسیی نییە. خەتای شتێکی لەوانە یەکلاکەرەوە تر، خەتای مەیلی راماڵین و سڕینەوەی ئەویترە.

حزبی سیاسی لە کوردستان لە وێستگەی زۆر هەستیاردا تووشی ئەم مەیل و ئەم دەردە دەبێت، مەیلی راماڵین و وەتاقخستن. مەیلێکە پەیوەندیی بە دیموکراسیی و گەمەی هەڵبژاردنەوە نییە. بەڵام هێزەکان دیموکراسی و ئامرازی هەڵبژاردن بەکار دێنن بۆ جێبەجێکردنی راماڵین.

رەگی خۆسەپاندن و مەیلی راماڵین خوشک و برای دیکتاتۆری و ستەمن، پەیوەندییان بە دیموکراسی و هەڵبژاردنەوە نییە.

راماڵینخوازەکان ئۆقرە ناگرن تا مەیلی خۆسەپاندن و خەڵک خەساندن و حزب راماڵین سەر نەخەن و جێبەجێی نەکەن.

حزبەکان وەختێک سیاسەت دەکەن گەرەکە ئەوانی تر قبووڵ بکەن و بزانن ئەمە بەشێکی جەوهەری پرۆسەی دیموکراسییە، حزب لەناو خۆیدا دیموکراسی ناوخۆیی نەبێ ناتوانێ پەستانی ناوخۆیی خۆی بە مەیلی راماڵینی ئەوانی تر پاساو بداتەوە.

بوونی پرۆگرامی چاکسازی، یان خیتابی ریفۆرم و گۆڕانخوازی، یان بوونی خیتابی نیشتمانی و نەتەوەیی چارەنووسساز پاساو نادەنە هیچ حزبێک کە بە مەیلی راماڵین و تێکشکاندنی ئەوانی تر لەناو کایەی دیموکراسیدا رەفتار بکات. چونکە دیموکراسیی وەک ئامراز کاتی و ماوەییە،

شـێوازی گوناهـو بـێ وەی سیاسـەتکردنە، قـەت لەگـەڵ مەیلـی (مێژوویـی) و (شۆڕشـگێڕیی) ڕاماڵینـی ئەوانـی تـردا ناگونجێت. چونکـە ئەوانـی تریش بەشێکن لـە دیمەنـە ڕەسـەنەکە.

خیتابـی دینـی دوو بـەرەی خێـر و شـەڕ لەگـەڵ واقیعـی دونیایـی سیاسـەت و واقیعـی کەرنەڤاڵـی دیموکراسـیی یـەک ناگرێتـەوە.

هـەر حـزب و ڕەوت و گروپێـک پەیدا دەبـێ وا دەزانـێ وێسـتگەیەکی مێژوویـی گرنگـە لـە مێـژووی میللەتەکەیا. کـە پێشـتر نەبـووە و پاشـتریش هـەر نابـێ.

وایە کە: ئەچمە شارێ کەس نامناسێ، خۆم هەڵدەکێشم پڕ بە کراسێ

مەیلـی ڕاماڵیـن کـە دەخـوازێ هەمـوو شـتێک لـە شـەڕێکی خاچپەرسـتانەدا خـەرج بـکات لـە نێـوەی ڕێـدا تووشـی بەریەککەوتـن دەبـێ لەگـەڵ واقیعـی ئاڵـۆز، یـان هەندێـک جـار نـەرم و نیـان. بۆیـە دواجـار تەنەزولـی گـەورە دەکات و هەڵـدێ لـە زۆرانبازییەکـە.

بنمێچـی بـەرزی پێشـبینی سـەر دەشـکێنێ و مـل لار دەکاتـەوە و دواجاریـش سـەر نـەوی دەکات بـە هەمـوو هیواخـواز و ئاواتبەرزێـک کـە شـێوەی کارەکـەی ڕاماڵیـن بێـت.

چونکە ئاواتی بەرز هیچ پەیوەندیی بە لوتی بەرزەوە نییە.

لـە وەختـی شـێنەیی و گەشـەدا تەنهـا سـەیری بەرنامـە جـوان و ڕەواکان مەکـەن، بەڵکـو سـەیری مەیلـی ڕاماڵیـن بکـەن. لـە وەختـی تێکشـکانی غـروری مەیلـی ڕاماڵینـدا تووشـی نائومێدی مەبـن، گوایـە بەرنامـە جـوان و ڕەواکان تێکشـکاون و دۆڕاون. نەخێر! ئەوی تێکشـکاوە مەیلـی ڕاماڵینـە، نـەک ئامانجـی ڕەوای گۆڕانـکاری و نوێخـوازی و دیموکراسـی و عەدالەتخـوازی.

مەیلـی ڕاماڵیـن بـرای دیکتاتـۆری و مەیلێکـی غەیبییـە. قوربانـی و تەلەفـی زۆری بـەدواوە دەبـێ، بـێ ئـەوەی دەسـکەوت و بەرهەمێکـی هەبێـت.

مەیلـی ڕاماڵیـن دوو بەرەکـی دەنێتـەوە لـە سـایەی مەیلـی وادا زۆر دزێـوی و گەندەیـی و ناشـیرینی وەک بەرزەکـی بانـان بـۆی دەردەچـن. زۆر کارەکتـەری خێـر و بـاش و چاکەخـواز پێـوە دەبـن و دەبنـە قوربانـی.

مەیلـی ڕاماڵیـن تەنهـا لـە شۆڕشـی ڕزگاری نیشـتمانیدا ڕەوایەتـی هەیـە، ئەویـش لـە ڕاماڵینـی داگیرکـەردا، نـەک لـە ڕاماڵینـی بـرای گیانـی بەگیانـی ناوخۆیـی، بـە پاسـاوی ئایدیۆلـۆژی، یـان جیـاوازی تـەرزی بیرکردنـەوە.

نـا بـۆ مەیلـی ڕاماڵیـن، بەڵـێ بـۆ مەیلـی پێشـکەوتن و دەسـکەوت کەڵەکەکردنـی دیموکراسـیی و داد و دادپـەروەری.

**مەودا پرێس ٢٠١٩/٥/٢٢**

# نەبینە بابەتی دەمەقالێ!

جەمسەربەندی سیاسیی نێوان دوو سەرۆک لە کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەری کێشا بۆ باسکردنی دۆسێی کورد و بێ مافییەکانی. ئەمە وەک ناونیشان و باسکردن خراپ نییە، بەڵام نابێ سەربکێشێ بۆ پێخۆشبوونێکی وا کە شتی لەسەر هەڵبچنین. پێویستە شت لەسەر خودی مەسەلەی کوردستان هەڵبچنین، هەر ڕەوایەتی مەسەلەکە و هێزی کوردایەتی دەتوانێ فاکتەری چۆنایەتی بێت.

بابەتەکە ئەوەیە ئیسرائیل و میسر بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەکانی ئەردۆگان سەرۆکی تورکیا دەربارەی دۆسێی فەلەستین و دۆسێی مردنی محەمەد مورسی، تانەیان لە ئەردۆگان داوە کە زوڵم و زۆر لە کورد دەکات. بەلاغێکی وەزارەتی دەرەوەی میسر ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە ئەردۆگان دەگرێت، چونکە لەتاو دژایەتی کورد بەشداریکردووە لە کوشتن و قڕکردنی کورد لە سوریا.

هەرچی نەتەنیاهۆیە خۆی ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەردۆگانی دایەوە کە نەخشەی ئیسرائیل و فەلەستینی دەرهێنا و وتی: بۆچی ئەم نەخشەیەی فەلەستین تادێت بچووک دەبێتەوە؟. نەتەنیاهۆ وتی: ئەردۆگان بۆی نییە ئەم قسانە بکات کە خۆی زوڵم و زۆر لە کورد دەکات و دەیانکوژێ.

لێرە کورد خۆی لەخۆیدا مەسەلەیەک نییە کە لەسەری هاتبنە جواب، ئەمە وەک قسەکانی مەنگۆلیای بناگوێی یەکێتیی سۆڤێتیی جارانە کە ساڵی ١٩٦٣، داوایکرد قەتڵوعامی کوردی عیراق بخرێتە بەر ڕۆژەڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەڕەسمیی شکاتی لە حەرەس قەومی و بەعس کرد کە کورد جینۆساید دەکات. جا هەر کە

بەغـدا سـۆڤێتی رازی کـرد، ئیتـر مەنگۆلیـاش قرۆقپیـی هەڵبـژارد.

بـۆ کـورد دەرسـە هـەرە گەورەکـە ئەوەیـە لێنەگـەڕێ مەسـەلە ڕەواکـەی وای لـێ بێـت کـە هـەر بـۆ هەنجـەت و رەوانبێـژی سیاسـیی بخرێتەگـەڕ. مەسـەلەی کـورد لـە هەمـوو مەسـەلەکانی تـری دنیـا ڕەواتـرە، بـە مەرجـێ فاکتـەری ناوخـۆ هەرچـی زیاتـرە ئـەم ڕەوایەتییـە پایەدارتـر بـکات.

٢٠١٩/٠٩/٣٠

# پەخش و پەرێشانە

سـەدەی بیسـتویەکە و دوای نۆزدە سـاڵ لـە تەقویمـی ڕۆژ و سـاڵەکانی وا خنەخنێتـی و ژانـی گۆڕانـی گـەورە گرتویەتـی. دەیـەوێ ئیسـتحقاقی خـۆی وەربگرێت.

وادەبینیـن و هەسـتی پێدەکەیـن لـە دونیـادا بـە ڕاسـت و چـەپ دۆسـێ دەدڕێ و لاپـەڕە پـەرش و بـڵاو دەبنـەوە، خەونـی تەماعـکاری زۆر ملهـوڕ و سـتەمکار خەریکـە پووچـەڵ دەبێتـەوە و بـەدەم بـاوە پەخـش و پەرێشـان دەبێت.

ئەمـەی هەیـە ژانـی سـەدەی تازەیـە و هەمووانـی گرتـووە. لـە بیرمانـە و لـە کتێبەکانـدا خوێندومانەتـەوە کـە سـەدەی بیسـت، سـەری سـێ و چـوار ئیمپراتۆریـای خـوارد و ئەمـەی ئێسـتاش نێچیـری خـۆی گەرەکـە و لـە گـۆگڵ و لەسـەر زەمینیـش سـێرچی ناوەکانیـان دەکا و بـەدوای ناونیشـانیاندا دەگـەڕێ.

ڕاسـتییەکەی سـەر زەمیـن بێـزارە لـەم هەمـوو سـتەم و زۆرداریـیـەی بـە نـاوی جیاجیاوە دەکرێتـە سـەر گـەلان و میللەتانـی بـن دەسـت و خەڵکانـی بێدەرەتـان، بێـزارە لـەم هەمـوو تایتـڵ و ڕەسـم و دوکان و مـۆر و مشـەمایانەی لەگـەڵ ئاتـاج و ئـاوات و ئەندێشـەی مرۆڤـی ئـەم سـەردەمە وێـک نایەنەوە.

ڕاسـتە لـە گەلێـک دەرکەوتـدا وەک بڵێـی بەریەککەوتـن لـە نێـوان شـەرق و غـەرب، ئەوروپـا و ئەمەریـکا لەلایـەک و دونیـای جارانـی سـێیەم لەلایەکـی تـرەوە، هەیـە، بـەڵام کورتکردنـەوەی ڕەوشـەکە هـەر لـەو دەرکەوتـەدا سـادە لەوحییەکـە وەک دونیابینـی غەربزەدەیـی و گرێـی خەواجەیـە کـە پێیوایـە هەمـوو ئـەوەی لەوێـوە دێت، لە سـەنتراڵەوە بـۆ پەراوێـز دێت، ڕاسـت و مۆراڵییـە و بـێ حیسـاب و کیتـاب دەیباتـەوە و بردویەتییـەوە.

لـەم دیـو (جەبـەل حەمریـن)ی مرۆڤایەتیشـەوە وێنەکـە شـێواو شـەمزاوە و تەبیبـی دەردەداریـی دەوێـت. شـەرقیش هەتـا سـتەم لـە نەتـەوە بندەسـتەکانی بـکات، هەتـا قاچوقـوچ لـە دیباجـە و لائیحـەی مافەکانـی چینایەتـی و ئەتنیکی و ئاینزایـی و جێنـدەری بـکات وا نەزانـێ گرەوەکـە دەباتـەوە و بەنـاوی مەزڵومیەتـەوە دەتوانـێ قـاوی ئیسـتعماری ئابـووری و سیاسـی و عەسـکەری زلهێـزەکان بـدات. ئیتـر لـەم سـەدە تازەیـەی کـە میللەتانـی پەراوێـز و پارچـە و پەرێشـان بـە ئـاگا هاتوونەتـەوە هـەر ئـەوە بـەس نییـە باسـی رابوونـەوەی شـەرق و ئاسـیا بـە شـێوەی بانگەوازەکـەی رەفیـق لینیـن بکرێـت.

هـەر ئـەوە بـەس نییـە پەیـام و گرێبەسـتی جەمالەددیـن ئەفغانـی و محەمـەد عەبـدە لـە رۆژنامـەی عـەروەی وسـقا دەرس و دەور بکرێتـەوە. هەقـە هەمـوان بزانـن شـەرق بۆ ئەوەی مۆراڵـی داخوازییەکانـی بـەرز و بڵندبێـت پێویسـتە شـەرقێکی عـادل بێـت. نەتەوەکانـی بـە سەردەسـت و بندەسـتەوە خاوەنـی حەیسـیەت، یـان بـە زمانـی غەزەتەکانـی جارانـی کوردسـتان، خاوەنـی عەنعەنـات و تەنتەناتـی خۆیـان بـن.

بـا هەمویـان و هەمـوو لایـەک بزانـن ئـەم خیتابـە سیاسـیی و فیکـری و شارسـتانییەی بەهـاری پایتەختـەکان لـە کورتـی دەدا و زامـداری دەسـتی رەوایەتـی دەبێـت هەتـا کـورە کەچەڵەکـە و هەتیوەکانـی رۆژهـەڵات نەبنـە بەشـێک لـە دیمەنەکـە و لـە سـێڵفی داهاتـوودا جێیـان نەکرێتـەوە. جـا کـێ بەقـەدەر کـورد هەتیـوو بەلەنـگاز و لێقەومـاوە.

هەڵبـەت ئـەم ژان و هەژانـەی بەرێوەیـە قسـەی جـددی و بەشـداری جـددی و دەنگـی دلێـری «کوردایەتییـە دیموکراتییـەکان»ی دەوێـت تـا شـەرقی دادپـەروەر بـەرەو دنیایەکی دادپەروەرتـر، بـە هەنـگاوی یەکەمـی کوردایەتییـە فـرە رەهەنـدەکان پایـەدار بێـت

و الله علی ما اقول شهید

٢٠١٩/١١/١٧

# ئۆێنبازی نەتەوەی سەردەست

ئۆێنبـازی نەتـەوەی سەردەسـت هـی ئـەوە نییـە ئاسـتی بیردۆزێکـی سیاسـیی پـێ بـدەم. بیـردۆز بیرمەنـدی دەوێ و ئیدعـای وا ناکـەم. بۆیـە نـاوی نیمچـە بیرۆکـەم لـێ نـاوە. هەقـە ئـەم نیمچـە بیرۆکەیـە لـە پانتایـی مەسـەلەی کـورددا مامەڵـەی لەگـەڵ بکـرێ، نـەک گشـتگیری بکـەم بـۆ ئەزموونـی میللەتانـی تـر، ئەگەرچـی پێمخۆشـە بـە کەڵکـی خەڵکـی تریـش بێـت.

ئۆێنبـازی نەتـەوەی سەردەسـت ئەوەیـە لـەو کاتـەی نەتـەوەی سەردەسـت بیرۆکەیـەک گشـتگیر دەکا و داوا دەکات هەمـووان، بـە نەتـەوەی زوڵملێکـراوی کوردیشـەوە، تەبەنـی بکـەن و جـاڕی بـۆ لێبـدەن، کەچـی زۆری پـێ ناچـێ لێـی هەڵدەگەڕێنـەوە. لـەم بادانەوەشـدا حیسـاب بـۆ رای کـورد و پێویسـتییەکانی مەسـەلەی مێژوویـی کـورد و تایبەتمەندییەکانیشـی ناکـەن، وەک ئـەوەی ئێمـە نەبیـن و حەیسـیەت و وجودمـان نەبـێ گەرەکیانـە دوای خۆیانمـان بخـەن، ئەمـە نموونەکانـە کـە باسـی دەکـەم:

*تورکیـای سـەدەی بیسـت لـە نـاکاو بڕیاریـدا خەلافـەت جـێ بێڵـێ و بەرگـی کەشـخەی عەلمانیـەت لەبـەر بکات، بیرۆکـەی نەتەوە-دەوڵەتیـان رەواج پـێ دا و لەگـەڵ رۆژئـاوا کەوتنـە کەینوبەینـی مۆدێرنتـە وەک بڵێـی قـەت ئەسـتەنبول پایتەختـی خەلافەتـی دژە رۆژئاوایـی نەبوویێـت، کـورد نەتـەوەی بندەسـتە کـە تـازە هەراشـە دەبـێ و لـە مافەکانـی خـۆی دەپرسـێتەوە. شـۆرش دەکات و شـێخ سـەعیدی پیـران رێبـەری رێـی رزگاری کوردسـتان دەبـێ. کەچـی ئەتاتـۆرک کـورد بـە دواکەوتـوو و عەشـایەر، بـە پیلانگێـری گێڕانـەوەی خەلافـەت و رەجعیـەت تۆمەتبـار دەکات و ئـەم ئیدعایەیـان بـۆ دەچێتـە سـەر. مۆسـکۆی سـوور و رۆژئـاوای

دیموکرات ریوایەتی تورکی سەردەست پەسەند دەکەن. نزیکەی سەد ساڵ دواتر ئەردۆگان خۆی دەکاتە خەلیفەی موسڵمان و کوردیش بە چەپگەرایی و زەردەشتێتی تۆمەتبار دەکات. عەرەب و سوننە باوەڕ بە نەوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی و هاوڕێکانی سەلاحەدین دەمیرتاش ناکەن. نەتەوەی سەردەستی تورک چۆنی بخوازێ ئاوها شێوەی دەوڵەت و سیاسەت دیزاین دەکەن و ئەبێ کوردیش سەری تەعزیم و ئەفەندمیان بۆ بلەقێنێ.

ئێرانی سەدەی بیست بە ناوی ئێرانچێتی و شاپەسەندییەوە، سمکۆ و قازی یان لەسێدارەدا و بە کوردیان وت ئێران زەمین و ئێرانێتی هەموو شتێکە، کەچی لە ناکاو مەزهەبیان کردە کۆمبەس و بە کوردی مەهاباد و سنەیان وت: دوامان کەون.

ئۆینی نەتەوەی سەردەستی عەرەب لە عیراق ئۆینی ئۆینەکانە. رۆژێ بە ناوی عیراقێتی پادشایی و رۆژێکی تر بە ناوی عیراقێتی شەراکەتی کورد و عەرەبەوە ئوممەی عیراقیان دەرخوارد داین و رۆژێکی تر وتیان مەرجەعیەتی رەشیدە و دەستووری فەریدە مسۆگەری عیراقی (هیوا و ئاشتی) دەکات. شەراکەتی کورد و عەرەب نییە، بەڵکو سێ کوچکەی کورد و شیعە و سوننەیە کە ریفراندۆمی ناوێ، مادام زەواجەکە مارەیی کاسۆلۆکییە لە (کۆماری نەمر) دا، بە وەسفی عەبدولکەریم قاسم.

کەچی ئێمەی باڵشکاو و بێدەرەتان قبووڵمان کرد، وا چەند مانگە بە ناوی ناسنامەی عیراقێتی و ئەنتی موحاسەسە و مەزهەبییەتەوە خەریکن ریسەکە دەکەنەوە بە خوری.

خۆیان لە شیعەگەرێتی، وەک پێشتر لە بەعسێتی، هەڵگەڕاونەتەوە دەیانەوێ کوردیش لە کوردێتی خۆی هەڵگەڕێتەوە کە هەمووی دوو دەیەیە چێژ لە کوردبوونی خۆمان دەبینین.

تا تایفەگەری و مەزهەبگەرایی قازانجی ئەوانی تیا بوو، کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کرد، ئێستا بە ناوی زۆرینەی دیموکراتییەوە مەبەستیانە کوردستان بکەنەوە شمالی حەبیبەکەی جاران و ئۆینی خۆیان بکەنە قەدەری ئێمەش.

نەتەوەی سەردەستن و هەر بەر لوتی خۆیان دەبینن. شەراکەت و رەفاقەت و هاوچارەنووسی ناخۆێننەوە کە بەرژەوەندیی خۆیان خواست.

بۆ ئەوەی هەبین پێویستە ئێمە خاوەنی ئۆینی خۆمان بین.

ئەندێشەمان جیاوازە، با تەنانەت لە کاروانیش دوا بکەوین.

کوردین و نەتەوەین و هەقی خۆمانە.

٢٠١٩/١٢/١١

# له گەڵەبجاڕەوە تا پیازەجاڕ،
# یەك دیرۆکی غەمناکی جینۆساید

نەتەوەیـەک هەیـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ئەندامەکانـی کـۆن و دێرینـن. ئەمانـە سـوارچاکانی ڕۆژهەڵاتیـان پـێ دەگوتـن، کـوردن و دلێـر، قەتڵوعـام کـراون لـە موکریان، لـە دەرسـیم دەروازەی ئەشـکەوتی نـاو چیاکانیـان لێگیـراوە تـا بـەگازی ژەهـری مۆدێرنـەی کەمالیسـتی خنـکاون، لـە تەسـفیر و تەرحیلـی فەیلـی لێیـان قەومـاوە. لـە ئەنفـال حەواڵـەی سـەحرای سـەماوە کـراون تـا ببنـە کەربـەلای سـەردەم لـە عیراقـی بەعسـدا.

لـە گەڵەبجـارەوە بـۆ سـیبیریا ڕاگوێـزراون تـا ئەبـەد «ڕێیاتـازە»ی خۆیانیـان پـێ نەدۆزرێتـەوە. لەپیازەجـاڕەوە تـا کۆبانـی و عەفریـن یـەک چیرۆکـی جینۆسـاید دەور دەکەنـەوە.

ئـەوەی ئـەم چیرۆکـە خەمناکـە دەشـێوێنێ و لاپـەرەی درۆ و دەلەسـەی دەخاتەسـەر و لاپـەڕەی ڕاسـتی لـێ دەقرتێنـێ کۆرۆنایەکـی نەتەوەییـە و بەربۆتـە گیانـی نـەوەی سـوارچاکانی ئـەم نەتەوەیـە.

قەتڵوعامەکانـی قەومـاون بەسـە تـا بزانیـن چـی هەڕەشـەیەکمان لەپێشـە و چـی غەدرێکـی مێژووییمـان لێکـراوە.

ڕسـکی ترمـان نـاوێ تـا تەلەفـی ترمـان تـووش بێـت، ڕاپسـکانی ڕاسـتەقینەمان دەوێـت کـە قەفـی زنجیـری بندەسـتی بپسـێنێ، نـەک قومـاری سیاسـیی کـە ئـەوی هەمانـە بـدا بـەدەم ڕەشـەباوە. کوردایەتـی ڕاسـتەقینە بـە ئامانـج مەگـرن کـە نەدامەتـی بـە دواوە بێـت.

«شوێنی دیکە زۆرن بۆ گاڵتە و جەڤەنگ».

لە جێی ئەوە نەتەوەیەک لەسەر کاغەزەوە بۆ کەشکەڵانی فەلەک بەرز بکەنەوە. دۆست و دوژمن لێک جیا بکەنەوە و ئەنفال و هەڵەبجە بە بەرچاو روونی و رەوانی بیرکردنەوە لەقاو بدەن.

# فاشیزم بەڕێوەیە

سووتانی کتێبی نەیارەکان!

کۆمەڵێک گەنج لە کەلار کتێبەکانی فەرهاد پیربالیان کۆکردەوە و لە قەڵای شێروانە سووتاندیان. لە هەندەرانیشەوە، ڕێک لە بەرلینەوە، بەڕێزێک رایگەیاند تەنها یەک کتێبی پیربالی لە کتێبخانەی خۆیدا هەڵگرتبوو و ئەوەشی سووتاند، بەمجۆرە ئێمە لە کەلار ناوچەیەکی زۆنی ئاراممان هەیە کە لە کتێبە «گەندەڵ»ەکانی فەرهاد پیربال پاک کراوەتەوە، چیتر خەڵکی کەلار بە گەنج و پیریانەوە بە فیکری «پیربالیزم» ئالوودە نابن.

هەروەک ئێمە لە بەرلینیش کتێبخانەیەکمان هەیە لە بیروڕاکانی ئەو نووسەرە تەعقیمکراوە کە پانزە ساڵ پێش ئێستا دەیویست لە هەولێر خۆی بسووتێنێ تا شەڕی ناوخۆ رابووەستێ، نە ئەو خۆی سووتاند و نە شەڕیش راوەستا، پاش دەورانێک لە شەڕ و خۆ سووتاندن، کتێب جێی مرۆڤی خۆ سووتاوی گرتەوە، شقارتەش جێی سەنگەربەندی شەڕ.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ئەڵمانیای زەمانی هیتلەر هەزاران کتێبی سووتاند تا بیرێکی پاکژ و یەکتا بمێنێتەوە.

لەوانەیە لەناو ئەو کتێبانەدا هی وەک ئەوانەی فەرهاد پیربالی تێدابێت: کەمێک فەنتازیا، یان چیرۆکێک یان شیعرێکی وروژێنەر. جا حەز لە بەرهەمی وا بکەین یان زیاتر حەز بە لێکۆڵینەوە ئەدەبی و مێژوویییەکان بکەین. لەگەڵ هەڵوێستەکانی بین یان لە دژی، ئەمە هیچ لەوە ناگۆڕێت کتێب رەنجی لەگەڵ دراوە و دەبێ حورمەتی

لێ بگیرێت، ڕەنجی ئەندێشەی نووسەرێک، ڕەنجی تایپیستێک، ڕەنجی هەڵەچن و چاپخانەیەک...

لەوانەیە هەبن لەگەڵ شێوەی چالاکییە «جەماوەرییەکانی» پیربالدا نەبن، هەر لە خۆ سووتاندنەوە تا خۆ رووتکردنەوە، تا دروستکردنی لیستێک لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێشوودا، بەڵام مادام پیربال ئازادی کەس زەوت ناکات و خۆی قەناعەتی بەم شتانە هەیە ئێمە هەقی سووتاندنی یان دڕاندنی کتێبەکانی ئەو و هیچ کەسێکی ترمان نییە.

ئەگەر هەرکەسە و دەست بداتە سووتاندنی ئەو کتێبانەی نووسەرەکانی بەدڵ نییە، کتێبخانە گشتییەکان چیان لێدێت؟ دەبنە بارەگای کۆمیتەی «ئەمر و نەهی لە بڵاوکردنەوە و قەدەغەکردنی کتێب»؟ دەبنە وێرانەو شوێنی چەلەحانێ؟

بۆچی کتێبخانەی کوردی خۆی چەند کتێبی هەیە تا دەست بە سووتاندنی بکەین؟

ئەوانەی کتێبەکانیان سووتاندووە گوایە گلەییان هەیە لەوەی نووسەر هانی داون بۆ ڕابوون و ناڕەزایی و کەچی لێی پەشیمان بۆتەوە؟

باشە بەرنامەی ناڕەزایی گەنجەکان و هاندەرەکانیان یەکەم ئەرکی ئەوەیە کتێب بسووتێنێ؟ شیلەی مێشکی نووسەرێک وشک بکاتەوە تەنها لەبەرئەوەی لە بەرەکەی خۆمان نییە و سەنگەری لەگەڵ نەگرتووین؟

لە سی ساڵی رابردووی حوکمی بەعسدا لە کەرکوک و خانەقین بەعس بەناوی سەلامەی فیکرییەوە سەدان کتێبی کوردی لە کتێبخانە گشتییەکاندا قەدەغەکرد، بەڵام قەد جورئەتی نەکرد لە قەڵای کەرکوک یان قەڵای شێروانە، کتێب خڕبکاتەوە و بیانسووتێنێ. بەعس لە شوێنە گشتییەکان و لەبەردەم جەماوەردا گەنجی گوللە بارانکردووە و باکیشی نەبووە، بەڵام قەت نەیوێرا کتێبێک بە بەرچاوی خەڵکەوە بسووتێنێ.

ئەمڕۆ ئەوەمان بینی لە سەردەمی ئازادی و بەناوی ناڕەزایی لە نووسەرێک کە دەنگی بۆ (ئێمە) نەداوە، وا بینیمان دەورانی نوێی دیموکراسیی کوردستان لە سووتانی کتێبەوە دەستپێدەکات و خوا بکەم بە سووتانی شارەکان کۆتایی نەیات.

سووتاندنی کتێب دزێوییەکە ئەوی ئەنجامیشی بدات حاشای لێدەکات، بەڵام فەرهەنگی وڵاتی ئێمە بەو ئاراستەیە ببرێت گەنجانێک هەبن شانازی بە دزێوی واوە بکەن و یەکێکیش لە بەرلینەوە سڵاویان بۆ بسێنێتەوە، ئەوا هەڵەمان نەکردووە کە بڵێین ئیتر لە وڵاتەکەمان، لەجێی گۆڕانێکی دیموکراتی، فاشیزم بەڕێوەیە، فاشیزمێکی عەوام فریودەر.

# هاوسەنگی رابگرین

بۆ دیموکراسییەکی گەشەکردوو دەرفەتی گەشەی نەتەوەیی و نزیکبوونەوەی مەسەلەی کورد لە چارەسەری یەکجارەکی بەرتەسک دەبێت، ئەگەر نەڵێم مەحاڵ دەبێت، بۆ دانانی ستراتیژێکی نیشتمانیی کە بژارەی نەتەوەیی کورد پایەدار بکات، زەحمەتە بتوانین دیموکراسییەکی جێگیر و تۆکمە دابمەزرێنین.

ئەمە ئەو هاوکێشە سەنگینەیە کە ئەگەر هەر میللەتێک لە ئەزموونی خۆیدا بەرجستەی بکات بەڕێی راستدا دەڕواو گرەوی ئایندەشی مسۆگەرە.

بە شێنەیی هەموومان سەر بۆ ئەم هاوکێشەیە رادەوەشێنین و ئیدیعا دەکەین کە لە تەکتیک و سیاسەتی دوورمەودادا رەچاوی دەکەین، بەڵام لە واقیعی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دوو ئاڕاستە لە ململانێیەکی توندان کە رێگای سێیەم، رێگا ئاڵتونییەکە، زەحمەتییەکی زۆر دەچێژێ تا رێی خۆی بکاتەوەو ببێتە رێگای یەکەم.

ئەوانەی دروشمی دیموکراسی عەیار بیست و چواریان هەڵگرتووە لە تەنگژەدا دەڵێن ئێمەش لەگەڵ پرسی نەتەوەییداین، بەڵام جاری وا هەیە ململانێ ناوخۆییەکە وا توند دەکەن کوردستان لە لێواری تەنگژە نزیک دەخەنەوە، نەتەوەچییەکانیش هەموو گەشەیەکی ناوخۆیی دیموکراسی و سەربەستییە گشتییەکان دەکەنە قوربانی رێگای رزگاری (فەلەستین)ی کوردان کە کوردستانە.

راستییەکەی عەرەب چەندیان چنییەوە لە ناسیۆنالیستی بێ دیموکراسی و لوبنان چی دەستکەوت لە دیموکراسی بێ بنمێچێکی نیشتمانیی، کوردیش هەر ئەوە بەشی دەبێت، مادام نموونەی ئەزموونی میللەتانمان لە پێشە بۆچی دووڕیانی فەلاکەت

لـه قاونادەیـن کـە دووڕپانـی دیموکراسـی لـە سـەر حیسـابی نەتـەوەو نەتـەوەش لەسـەر حیسـابی ئـازادی تاکەکانـە؟

دیموکراسـی، سـەرزەمین و چوارچێوەیەکـی دەوێـت بـۆ پیادەکـردن کـە ئەو سـەرزەمینە چوارچێـوەدارە کوردسـتانە، هەروەهـا ئێمـە بۆیـە خەباتـی نەتەوەیی بۆ رزگاری کوردسـتان دەکەیـن، چونکـە دەمانەوێـت مرۆڤـی کـوردو مرۆڤەکانـی کوردسـتان بـە ئـازادی و گـەردەن کێڵـی بژیـن و چارەنووسـیان بـە دەسـت خۆیانـەوە بێـت.

نـا توانیـن بـە لێـدان و فەلاقـە نـە توندڕەوانـی دیموکراسـی بێنینـە پـای میانـڕەوی و نـە ناسیۆنالیسـتانی پەڕگرپـش بهێنینـە سـەر دینـی ئازادیخـوازی و دادپـەروەری ناوخۆیی، بەڵکـو سـەبری شۆڕشـگێڕی و رەنجـی فەرهادیمـان گەرەکـە.

رێگای سێیەم راستە. با لەم دۆخەدا تووشی تەنگژە هاتبێت.

# چۆن وا دەبوو؟

دەرکەوتنێکی دیکەی نەبوونی پێوەر لە کوردستان ئەوەیە فێڵی سیاسیی هەموو توانج و رەخنەیەکی ناجۆریش بەشۆڕشگێڕێتی و ئازادیخوازیی دەناسێنێت.

لە بەرامبەریشدا هەموو بەرەنگارییەک بۆ ئەرکە گشتییەکان و چۆڵنەکردنی مەیدان تا نەبەردییەکە بەلایەکدا دەخرێت بە بەرژەوەندیی دەسەڵات و مانەوەی لە کورسی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دەخوێنێتەوە.

ئەمەش ئەوپەڕی ئەنارشیزم و شەعبەویەتە.

دەبێ لە سیاقی هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا سەیری (پاشەکشێ) و (لەمەیدان مانەوە)بکرێت، نەک هەر بە پچڕکراوی. سیاقی گشتی قازانجی گشتی مەسەلەی سیاسیی کوردستانە. ئایا ئەم ئاڕاستەیە خۆدزینەوە و لە ماڵەوە دانیشتن دەخوازێت یان مانەوە لە پێگەی دەسەڵاتدارێتی بۆ ململانێکاری لەڕێی بەرژەوەندیی نەتەوە و وڵاتدا.

لەم سیاقەدا دەزانین هەموو پاشەکشێیەک زوهد و تەوازوع نییە و هەموو مانەوەیەکیش بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و دەسکەوتی ماددی نییە.

ئەمە تەفسیرکردنێکی دینانەی دنیایە کە بە پێوەری مۆراڵی خێر و شەڕی موتڵەق ئەدائی کارەکتەرەکان بپێورێن، کاری وا لە سیاسەت کە شەئنێکی دنیاییە هەرگیز نابێت و ناتوانێت وێنەیەکی ساغمان لەسەر ململانێکانی هەناوی کوردایەتی بداتێ.

ئەمە نیفاقێکی سیاسی گەورەیە بەرژەوەندخوازیی تاکەکەسی تەنها لە پێگەی

دەسـەڵاتدارێتی لـە بەغـدا تەماشـا بکرێـن. دەشـێ بەرژەوەندیـی لـە شـوێنی دیکـەش بپارێزرێـت. کـەس نازانێـت پێـوەری قازانـج لەنێـوان هـەردوو پێگـەی جوگرافیـدا چییـە؟ بـۆ دەبـێ لەودیـو حەمریـن دانیشـتن بێـت بـە دیـار بەرژەوەندییـە کەڵەکەبووەکانـەوە.

کوردایەتـی بەزمانـی عەرەبـی چەنـد دژوار و ئاڵـۆزە، وەک شـەڕ کـردن لەسـەر زەمینـی نەیـاران و لەنـاوەوەی وڵاتیـش چەنـد خۆشـە بەزمانـی شـیرینی کـوردی، کوردایەتـی دەکرێـت و سـەدای دەنگـی خـۆت، چـوون ئەشـکەوتی بێخەبـەران، دەبیسـتیتەوە. لـێ دەترسـم سـەرەنجام بـە کوردیـش بدەیـن وەڵامـی قەبرمـان.

مـرۆڤ دەبـێ روویەکـی تەنکـی هەبێـت کـە کۆششـی خەڵکـی تـر فرامـۆش بـکات و لەقـاوی بـدات.

لـێ دەبـێ پێسـتی رووی لـە تـواوەی ئاسـن بێـت تـا دابەزیـن لـە شـەمەندۆفێر وەک دەسـکەوتی دیموکراتـی و چاکەخـوازی لەقەڵـەم بـدات.

ئەگـەر کوردسـتان قاعیـدە و نـەزم و ئوسـول و حیسـابی بـا، چـۆن بـەم ئەنارشـیزمە رازی دەبـوو

# کوڕ و کچی گەشبینی بن

هیــچ کاتێــک درەنــگ نییــە بــۆ بەهێزکردنــەوەی بزووتنــەوەی سیاســیی کوردســتان. بەتایبەتــی بــۆ بەهێزکردنــەوەی باســکی بەهێــزی ئــەو بزووتنەوەیــە: یەکێتیــی نیشــتمانی کوردســتان .

هەمــوو رابردووییــەک بــە هەمــوو ســەروەرییەکانییەوە رۆیشــتووە و لەدەســت دەرچــووە. حەتمــەن ئەگــەر بــاش تەوزیــف بکرێــت دەتوانــێ ببێتــە خۆراکــی گیانــی و مەعنــەوی بــۆ سبەینێش، بــەڵام رابــردووی گەشــیش هــەر چۆنــی لێبکەیــت هــەر پەراوێــزی تەوزیفکردنــی سنووردارە و ناتوانــێ کێبڕکێــی چانســی داهاتــوو بــکات. رابــردوو چەنــدی بدەیــە دەمییەوە هــەر رابــردووە و فــلاش باگــە، هــەر لــە شــوێنێک دەوەســتێ و وێنەکــە تەڵــخ دەبــێ و لەگــەڵ تەڵخــی وێنەکــەش رووداو و بــەروار و نــاو و بەســەرهاتەکانی تێکــەڵ دەبــن و خەریکــە بێژیــن فەرقــی پێناکەیــن. بــەس ئــەوەی لەدەســت دەرنەچــووە و مــاوە و هەیــە و ئاسۆی روون و دوورمــەودای لەپێشــە داهاتــوو و دوارۆژە، ســبەینێ و ئــەوی بەرێوەیــە شایســتەی گرەوکــردن و گەورەکردنــە. ئــەوی دێ هێشــتا نەهاتــووە، بۆیــە باشــتری لــێ چــاوەڕێ دەکــرێ و چاکتــر قابیلــی دەســتکاری و دەســتێوەردانە. قابیلــی بردنــەوە و کەڵەکــە کردنــە.

جــا کورتــەی باســەکە ئەوەیــە لەســەر داهاتــوو شــەڕ بکەیــن ماقووڵتــرە، چونکە چانســی دەستپێشــخەری و دەســتکردنەوەی زیاتــر دەڕەخســێنێ. رابــردوو بەهەمــوو فەخــر و پەســەندییەکانییەوە هــەر رابــردووە و داهاتــووش بەهەمــوو مەترســی و ناڕۆشــنییەکانییەوە داهاتــووە و ســەد دەســکەوتی لەخــۆدا هەڵگرتــووە.

هیچ کاتێک درەنگ نییە، چونکە چەندی چووبێ، زۆری ماوە بۆ تێهەڵچوونەوە.

دیداری یەکێتی، کور و کچی ئەو گەشبینییە، وا لێی دەدوێم.

لەسـەر دینگـەی پتـەوی خۆتـان و خۆمـان بـە داهاتـوو بسـپێرین، چونکـە هـەزار سـاڵی لـە پێشـە و دەتوانیـن سـەدان ئیـرادەی بـۆ بخەینەگـەڕ.

# رۆژی دواتر یەك ببینینەوە

ناونیشـانی ئـەم قۆناغـە خەباتـە بـۆ مانـەوە، خەباتـە بـۆ پاراسـتنی ئـەوی مـاوەو ئـەوی هەیـە. زەحمەتـە بنمیچـی پێشـبینییەکانمان وەکـو جـاران بەرزبێـت کـە شـتی گـەورە بخوازیـن. ئێمـە ئێسـتا لەقۆناغێکدایـن کـە هـی هێـرش بـردن نییـە. هـی خۆپارێـزی و خۆپاراسـتنو خەڵـک و خـاک پاراسـتنە.

زەحمەتـە ئـەو ئەجێندایانـەی بەشـێنەیی، لەبـەر هـەر هۆیـەک بێـت، نەمانتوانیـووە سـەری بخەیـن. ئەمـڕۆ لـەم شـپرزەییە تەندروسـتییە، سیاسـییە، ئابووریـەدا بتوانیـن سـەری بخەیـن.

جـاران دەمانگـوت ئـەوی سـی سـاڵ تەعریـب و تەرحیـل کـردی زەحمەتـە بـە سـێ رۆژ، یـان سـێ مانـگ، یـان سـێ سـاڵ ئـازادی بتوانیـن چارەسـەری بکەیـنو قەرەبـووی بکەینـەوە. هـەر ئـەوە کـە بتوانیـن شـەپۆلێکی نوێـی تەعریـب دوابخەیـن، کەمێـک پەکـی بخەیـنو جێبەجێکارانـی ئیزعـاج بکەیـن، خۆی لەخۆیـدا خەباتێکی ژیرانە و دەربەسـتانەیە.

ئەمە هەر لە نموونەی باسکراو نییە، بەڵکو لە زۆر کەیسی تر وایە.

زەحمەتـە بـە بنمیچێکـی بـەرزی پێشـبینیەوە بتوانیـن هێـرش ببەیـن و ئـەوە بکەیـن کـە پێشـتر بەشـێنەیی و ئاسـایی و نۆرماڵـی نەمانکـردووەو خـاوە خاومـان تیایانـا نوانـدووە.

خەباتکـردن بـۆ مانـەوەو گواسـتنەوەی ژیـان بـۆ قۆناغێکیتـر خـۆی لەخۆیـدا خەباتێکـی بەرپرسـانەیە، قوربانیدانێکـی بێوچـان و دەربەسـتانەیە. لـەم رێگایەشـدا یـەک شـت گرنگـە (خـەونو ئامانجـە پیـرۆزەکان) لەگـەڵ خۆمـان بگوازینـەوە بـۆ قۆناغـی دوای مانـەوەو تەسـلیمی رۆژگارانـی دژوارو بـێ رەحمـی نەکەیـن. خۆشـمانو خەڵکەکەشـمان،

حزبەکەمـانو هەڤاڵەکانمـان بپارێزیـن بـۆ رۆژی دواتـر کـە تێهەڵدەچینـەوە تاوەکـو سـوپای ئامـادەی قۆناغـی داهاتووبیـن.

مانـەوە هونـەرە، خۆپاراسـتن و خەڵـک پاراسـتن بـۆ رۆژی دواتـر، شۆڕشـگێڕێتییەکی ژیرانـەو بێوێنەیـە.

ئـەوە جـاران بـوو کـە تیـۆری تۆپـی پـێ دەیگـوت باشـترین شـێواز بـۆ بەرەڤانـی هێرشـبردنە. بەپێچەوانـەوە تیـۆری تۆپـی پێـی ئیتالیـا لەجامـی جیهانـی ١٩٨٢دا وابـوو کـە بەرەڤانـی باشـترین شـێوەیە بـۆ بردنـەوە. لەسـەر ئـەوە ئـەو ساڵە جامـی جیهانییـان لەسـەر دەسـتی پیـرە راهێنـەر (پیـرزۆت) بـردەوەو بـەو رۆحەشـەوە ئەمسـاڵ (٢٠٢٠) بەسـەر کۆرۆنـادا سـەرکەوتن.

ئێمـە بەچـی شۆڕشـگێڕی و سـەرچڵی لێـک جیـا دەکەینـەوە؟ بەدەستنیشـانکردنی قۆناغەکـەو بەدەستنیشـانکردنی کەرەسـتەکانی بەردەسـتو بەدەستنیشـانکردنی دۆسـتو هاوپەیمانـی خەباتەکەمـان.

لـە ئەدەبیاتـی سیاسـیش بگەڕێیـت وازی لـێ بێنیـن، هـەر لـە کـوردەواری خۆمانـدا دەگوتـرێ: فلانـی دۆسـتو دوژمنـی خـۆت، راسـتو چەپـی خـۆت بناسـەوە.

نـاوی قۆناغەکـە وایـە کـە خەباتـە بـۆ مانـەوەو (رۆژی دواتر)یـش گرنگـە، چونکـە (گەورەکانیـش) کـە شـتێک دەکـەن گـرەو لەسـەر بەرنامـەی (رۆژی دواتـر) دەکـەن.

بـە لێکدانـەوەی بچووکـی خـۆم چەنـد سـاڵ پێـش ئێسـتا گوتـم روومـان لـە هەرێمـی دووەمــە بــە مانــای ئــەوەی وەک خەڵــک و خــوای ئــەم دنیایــە ژیــان و ئەزموونیــان قۆناغبەنـد کـردووە، گەرەکـە ئێمـەش پێشـبینی قۆناغـی دووەمـی هەرێمەکەمـان بکەیـن. ئاخـر بۆچـی کۆمـاری یەکـەم و دووەم و ئێسـتا کۆمـاری پێنجەمـی فەرەنسـا هەبێـت، بـۆ هەرێمـی کوردسـتانی دووەم نەبێـت؟.

بـۆ هـەر دەبـێ یـان سـەرچڵی زل زل یـان چۆکدادانـی ئینهیزامـی و پاشەکشـێی هـەرزان، بەخـت و بەشـمان بێـت؟

دوای کەوتنـی سـۆڤێت، وڵاتـی روسـیا لـە سـاتەوەختێکی راچڵەکینـدا رۆچـوون و خوێنبەربوونـی راگـرت و راپسـکا و گوتـی: ئیـدی بەسـە.

ئەگـەر ئێمـە نـاوی قۆناغەکەمـان هێنـا و خەسـڵەتیمان ناسـییەوە بـۆ رۆژی دواتـر بـە تەندروسـتییەکی باشـترەوە دێیینـەوە مایـە.

رۆژی دواتـر گرنگـە. تـا ئـەو کاتـە خۆتـان لـە پەتـای کۆرۆنـا و پەتـای پاشەکشـێی هـەرزان و چەپـڕەوی منداڵانـە بپارێـزن.

# حەزم لەمجۆرە کوردایەتییە نییە، حەزم لەمجۆرەی تریانە

١

حەزم لەمجۆرە کوردایەتییە نییە کە لە خوتوخۆرایی، بێ دینگەی پتەوی دەسکەوت و دەستمایە لوتی بەرزە و لوتی دەژەنێتە هەموو شتێکەوە کە پەیوەندیی بە کورد و کوردستانەوە نییە. حەزم بەمجۆرە کوردایەتییە نییە کە هەر بۆنی نەوت دەکات و لوتی بەم بۆنەوە پەنەماوە، لە جیاتی ئەوەی بۆنی نەتەوە و خاک و خەڵکی بکات و پەنا بێت بۆ ئەوان و پەنا بۆ ئەوان بەرێت لە لێقەومانا.

ئەم جۆرە کوردایەتییە بەڵایە کە خۆی پێ هەموو شتێکە و حیساب بۆ کەس ناکات وەک بڵێی حیسابی هەمووی یەکلایی کردبێتەوە.

جۆرێکی تر کوردایەتی باشە

ئەوجۆرە کوردایەتییە قەڵایەکە مەنگەو خاوەن سەنگە

ئەوجۆرە کوردایەتییەم دڵخوازە کە حیساب بۆ هەموو شتێک و هەموو کەسێک و هەموو ئەگەرێک دەکا، حەزم بەمجۆرە کوردایەتییە نییە کە بێ پاشخان و خەزینی دەوڵەمەند لوتی لە ئاسمانەو دەعیەی بەرزە، کەچی کاتی نەبەردی سیاسی ئیدیعای لاواز و بێ بەڵگەیە.

٢

ئاخر بۆ ئەوە بەهانەم هەیە، ئاخر کوردایەتی شەرحی شێنەیی گەرەکە.

کوردایەتـی هـی نەتەوەیەکـی زوڵملێکـراو و بەلەنـگازە کـە خواخوایەتـی قاچـی لەنـاو مێـژوو داکوتـێ و گەرەکێتـی ئـەوی هەیـە و بـۆی مەیسـەر دەبـێ لـە رەشـەبای دەروجیـران بیپارێـزێ. ئێمـە وامـان لەسـەر کوردایەتـی بیسـتووە و خوێندۆتـەوە کـە سـەری بـەرزە نـەک لوتـی، هەنیـەی بـەرزە لەکـۆی تێکۆشـانیا و سـەری نەوییـە لـە ئاسـت قوربانـی میللەتەکەیـا. تۆمـار و ئەلبومـی خـەم و خەفەتـی ئـەم مێـژووە روونـی دەکاتـەوە تـا بانگەوازێـک دەگاتەجـێ رەنـج و فرمێسـک، قوربانـی و قەناعـەت دەوری هەیـە، نـەک لەتێریـا هەڕەشـەو گوڕەشـە بکەیـن، کـە قەومـا خۆشـمانی لـێ نەکەینـە خـاوەن.

٣

کوردایەتـی ئاخـر زەمـان کـە بسـتێ پێـش خـۆی نابینـێ هـی دیرۆکـی ئێمـە نییـە، هـی حیکایەتـی (عبسـی و تولی...تـەواو بـووم بـە مـەلا) یـە، ئـەم کوردایەتییـە تازەبابەتـە کـە لـە پـڕێ بۆتـە کـوڕێ، پشـتی پێـوە نەیەشـاوە، بۆیـە پشـتمان بـە عـەردا دەدات. بـە بـەلاش و حـەلاش دەسـتی کەوتـووە، بۆیـە دەسـت و پـێ سـپییە لـە چـارەی دەرد و بـەڵاکان، ساردی و گەرمـی رۆژگاری نەبینیـووە و شـەقی لـە بـەردی زەمانـە نـەداوە بۆیـە بـەردی زل هەڵدەگـرێ و شـەق لـە دار و بـەرد دەدا. کوردایەتییەکـی وایـە (اشـداو علـی الکفـار و رحمـاو بینهـم) نییـە، بەڵکـو بەزەیـی و رەحمـی بـۆ خۆمـان نییـە و رەحمەتـە بـۆ بێگانـە و داگیرکـەر.

٤

کوردایەتـی وا لـە تۆفـان و باوبـۆران کـۆڵ دەدا و لـە بسـتە ئاوێکـی شێنەییشـدا خـۆی بـۆ مەلـە بـە کوشـت دەدا

تۆمـاری خـەم و خەفەتـی شکسـت و کەوتـن، هەڵسـانەوەی بەئـاگا و بەتەگبیـری مێژوومـان یـەک دەرس و دەوری تیایـە: کوردایەتـی دەبـێ موتەوازیـع بـێ، لـە خەمـی فەلاکەتـی میللەتەکـەی بـێ و بـە دەرزی و دورمانـی شـێنەیی ئـاڵای سـەربەرزی بـدورێ و بـە سـەد تەدبیـر و تەکبیـرەوە هەڵـی بـکا. کوردایەتـی موتەوازیـع لـە هـی فشـەکەرانە باشـتر و سـەنگینترە، هـی فشـەکەرانە وایـە کـە فـوی تێدەکـەن تـا فـوی لێبکـەن و بـڕوا،

بـەوەش هاوســەنگی و بارســتایی لەدەسـت دەدا و سـەرئەنجام پارسـەنگی هیچـی پـێ ناکرێتـەوە، وەختێـک حیسـاب و کیتابـی تەنگانـەی لەگـەڵ بکرێـت.

٥

حـەزم لەوجـۆرە کوردایەتییەیـە کـە نـەرم و نیـان و بەرەحمـە، دڵپـاک و دڵنـەرم و دڵنەوایـە نـەک دڵـڕەش و دڵـڕەق و دڵگوشـراو کـە عەینـی عروبـە و تۆرانـی بێـت بـۆ تـرس و بیـم دەسـتبدات . کوردایەتـی دڵخـوازی مـن و تـۆش لـەو چەشـنەیە لـە خەمـی میللەتدایـە، نـەک خـەم دەداتـە میللـەت، نـازی میللـەت هەڵدەگـرێ نـەک نـاز بـکا بەسـەریا. کوردایەتـی بـاش جـۆری خۆمانـی و خاکـەڕا و پێشـمەرگانەیە، کوردایەتـی وا خـۆش مەشـرەب و خۆییـە دەڵێـی کوردەوارییـە و بـە نقێمـی سیاسـەت رازاوەتـەوە، هـی وا لـە لادێ وەرزێـر و ئێشـکگرە و لەشـار ئەفەنـدی بەهیمـەت و کـوڕی گەڕەکـی خۆمـان و کچـی دراوسـێیە.

کوردایەتـی زەیـن کـراوە کـە بـە دەردی دوێنـێ و سـبەینێی میللەتەکەمـان دەخـوات. چونکـە جـۆری ئەمـرۆ کـە بـاوە و دانـراوە تەڵـە و داوە، دەمـان بـا بـەرەو دواوە کـە دوایـی خـاک بەسـەر و هەشـت بەسـەر دەبێـت، خـاک و خەڵکمـان لـێ دەتۆرێنـێ. رێـڕەوی زەمەنـی ئەمـرۆ کورتـە لەچـاو دوێنـێ، ئـەوی گرنگـە لەمێژینـە و دوارۆژی کراوەیـە لەبـەردەم هەمـوو ئاسـۆیەک کـە دەشـێ جـوان و روون بـێ، ئەگـەر باشـی بکەیـن، دەشـێ بـێ بـەرگ و رووت بـێ، ئەگـەر وای بـۆ نەکەیـن.

٦

کوردایەتـی دیموکـرات و دیالۆگخـواز و سـینگ فـراوان و، سـینە سـافە لەگـەڵ خۆیـدا، رەوا و رەوان و ڕەوانبێـژە لەگـەڵ نەیارانـی مـاف و داخوازییەکانیـدا

کوردایەتـی نزیـک لـە ترپـەی دڵـی خەڵـق و خـوا، نزیـک لـە شـەقام و لێـوار و بنـار، نـەک کوردایەتـی گۆشـەگیر و تەنگەجـێ و تەنگنـەزەر و دوورە دەسـت کـە هەمیشـە لـە گـرژی و لـە مۆنـی و لـە گومـان و شـەکدایە. کوردایەتـی ڕاسـتەڕێ و راسـتە رێبـاز و راسـتگۆمان دڵخـوازە کـە دەزانـێ ئـەوی بـە دەسـتی دێنـێ ماڵـە باجێنـەی منـداڵ نییـە کـە ئێـوارە داهـات هەڵیوەشـێنێتەوەو جۆبـڵاوی لـێ بـکات. چـوون کوردایەتـی پـڕۆژەی کەڵەکردنـی دەسـکەوتە لـە بچـووک تـا تـەلاری بـەرزی نەتەوەیـی.

کوردایەتـی قومارب‍ـازی و یـاری مـار و پەیـژە نییـە کـە هەمـوو جـار بـە میـزاج و بـە

هــەوەس بیگێڕییــەوە ســەر سـفر و ســەر پلێتــی لەنۆژەنــەوە دەسـتپێکردنەوە.

٧

حــەزم لەمجــۆرە کوردایەتییەیــە کــە جامیــع و شــاملە، کۆکەرەوەیــە، کەمەندکێشــە، نــەک تەفــرەدەر، تەفرەقەســاز و تەوەلاکــەر.

# نابڕێتەوە ئەم پەژارەی شوباتە و ئەم راستە شەقامەی ڕێی نەجاتە

چەنـد باسـی بکەیـن ئـەم خەمـە کۆتایـی نایـەت، ئـەم پەژارەیـە نابڕێتـەوە. چونکـە شـریتەکە لـێ نادەینـەوە، چونکـە کـە لێشـی دەدەینـەوە لێـی دەقرتێنیـن، یـان چـاوی لـێ دەنوقێنیـن و دواییـش بـۆی دەقوچێنیـن. ئێمـە هەمووجـار خۆمـان لـە کـۆی دیمەنەکـە نەبـان دەکەیـن. ڕۆژنامەکانمـان هـەر ئەلبومـی ناوەکانـی خۆمـان بەسـەر دەکەنـەوە و هـەر تەرمـی شـەهیدەکانی خۆمـان دەنێـژن و هـەر ئەلفابێتـای سیانی خۆمـان حونجـە دەکەیـن و هـەر زامـی سـاڕێژنەبووی خۆمـان دەلاوێنینـەوە و هـەر زامـی یەکتـری دەکولێنینـەوە.

قـەت ڕۆژێـک بەدیـار کـۆی دیمەنەکـەوە، کـۆی لیسـتی شـەهیدەکانەوە ڕانەمایـن و ڕانەچڵەکیـن و ڕانەوەسـتاین، بۆیـە هـەر ڕانەبووینـەوە و لەخـەوی غەفڵـەت بـە خەبـەر نەهاتینـەوە.

ئێمـە دوای ئەنفالیـش بەڵێنـی ڕەنگاوڕەنگی ئاشـتبوونەوەی گشـتیمان دا، دوای هەڵەبجە و کۆڕەویـش وتمـان چـاک و بـاش، بـرای شـیریین و گشـتمان یەکیـن و لەکیـن. دوای بـەرەی کوردسـتانیش بەڕەیەکمـان لـە شکسـتی دەیـان ساڵە دادڕی و کراسـی نەدامەتمـان کردەبـەر، دوایـی وتمـان تەنهـا و تەنهـا جەولەیەکـی کورتـی براکوژییـەو ئیتـر خوشـک و بـرا لـە سـایەی یـەک ئـازار و یـەک ئـازادی دەحەوێنـەوە. کەچـی گێمـی خوێـن زۆری خایانـد و کاتـی زیادەشـی بـرد و هـەر ئـەو کاتانـە سـەرخەوێکمان شـکاند کـە پشـووی جەنـگاوەر سـەری کـردە سـەرمان. دوای ئـەم شـوباتەش خوێـن و خـوێ و فرمێسـک وا تێکـەڵ بـوون کـە خەریـک بـوو نوێـژی جەماعـەت و گـۆڕی بەکۆمـەڵ بمانگرێتـە خـۆ.

ئـەم شـوباتە خـەم و پـەژارەی بـە بەرچـاوی دنیاوەبـوو کـە ئیتـر عەیـب بـوو ئـەم

عـاری پەرتـی وکەرتییـە بمێنێتـەوەو چارەیەکـی لـێ نەکەیـن. دەبـوو دوای ئـەم جەژنـە خوێناوییــە، کوردایەتــی خــۆی بچێتــە چاکوخۆشــی کــوردەواری و نوقــڵ و شــیرینی دەسـکەوتی بکردایەتـە گیرفانـی منداڵانـی شـەهید، کەچـی وا نەبـوو، ئینـی تـاس ئینـی حەمـام بـووە قـەدەری دووبـارە.

کـێ لـە شـەهیدانی شـوبات پێشـبینی دەکـرد دوای دوعاخوازییـان دوو پارچـە دەبێتـە چەنـدی تـر و یەکێتـی ریـزەکان دەبێتـە کـۆدی هەژموونـی نـاڕەوا کـە بـەڵای سـەری ئەزموونێکـی جێـی چاوەڕوانـی سـەد ساڵەیە؟

کــێ لــە جوامێرەکانــی شــوباتی ئــەو ســاڵە وا دیموکراســییان شــرۆڤە دەکــرد کــە یەکسـان بێـت بـە پۆپۆلیسـتی و قیـژە و قەرەباڵغـی و کـێ لـەوان وا وێنـای نیشـتمانی دەکـرد کـە بریتـی بێـت لـە کـۆدی بانـک و بـۆڕی نـەوت و بـژاردەی چـەوت؟

کـە شـوبات خەرجـی خوێنـی دا، کـێ بـەو نرخـەی کـڕی کـە میللـەت بـێ مووچـە و بـێ بودجـە بێـت؟ لـەوەش خراپتـر بـێ ئومێـد بێـت کـە لـە دەورانـی کـەم دەرەتانـی راپەڕینـدا ئومێـد وا تێـری سـک و گـەدە و ئاتاجـی دەکردیـن قەرەبـووی گەمـارۆی بەغـدای بەعسـی بـە زیـادەوە بـوو، چونکـە لـە بـەرواری یەکبوونیـدا لـە خـەم و خولیـادا یەکسـان بوویـن، سـەری بـەرز هـەر خـۆی بـە خۆڕسـکی بـۆ مووچـە نـەوی نەدەبـوو چونکـە سـەری خەمخـۆری هەبـوو.

ئێمـە پەیمانمـان بـە جەژنـی شـوبات دا قوربانییەکانـی بکەینـە بیانـوی سەرەخۆشـی و بۆنـەی پەرۆشـی. فەقـەت نیشـانە بـەوەی وا نەبـوو وا زۆرە وەک نیشـانەکانی ئاخـر زەمـان کـە ئاخـری خێربێـت ئەگـەر بەتینوتـاوی دوا وزە نەچینـەوە راسـتە شـەقامی رێـی نەجـات.

سـڵاو لـە رۆحـی شـەهیدەکان کـە جێـی دروودن، لـێ زینـدووەکان هـەر بارمتـەن تـا کلیلـی گومبـووی چارەسـەر دەدۆزرێتـەوە.

بـا ئومێـد لـە نـاو قـوڕو لیتـەی شـۆک دەربێنیـن و تۆزێـک تـۆزی لـێ هەڵسـێنین. بـۆ ئەمـەش تەداروکمـان گەرەکـە، نـەک رێکـەوت و چانـس و فـەردا بـە دەهـا.

# له زامی دێرین بۆ عەزمی مەتین

لــه قەتڵوعامــی موکریانــەوە. تــا ڕاگوێزانــی عوســمانلی. لــه کوشــتار و گەمــارۆی دەرسیم بـۆ ڕاگوێزانـی سـتالینی بـەرەو سـەحرای ئاسـیای ناوەڕاست. کتێبـه زبـر و زەرد و ڕوشـاوەکانی مێـژوو قەیـد و تۆمـاری خوێنـی بـه مەرەکـەب سـپاردووه.

لـه خنکانـی هەڵەبجـه و سەردەشـت بەرێگای جینۆسـاید، بـەرەو ئەنفالـی ١٨٢ هـەزار زامـی سـەحرای سـەماوە. لـه وێسـتگەی بێسەروشـوێنکردنی بارزانییـەکان، بـۆ وێسـتگەی قاچاخـی ڕۆبۆسـکی. دیرۆکێکـی تـرس و برسـی لەپشـتمانەوە و یەکـی دی لـه تەنیشـت و دەوروبـەر. یەکـی دی نزیکـه لـه شـەنگال و یەکـی دی، خـوا نەکـەران، ڕووی لێمـان دەبێـت ئەگـەر بـه ژیـری و سیاسـەت و سـەبر تەداروکـی نەتەوەیـی بـۆ نەکەیـن.

ئەلبومـه ڕەشـەکه نووسـیویەتی: ئەگـەر ماشـێنی جەنگـی سـوپای دەوڵـەت پشـوو بدات و سیاسـەتی ڕەسـمی لەسـەدەی بیسـتویەک شـەرم لـه پەلامـاری مۆدێـرن بـکات، ئـەوا دەسـڕێژی شـەقاوەکانی تیـرۆر و داعـش لەسـەر خەتـن تـا وەکالەتـی ئەرکـی دۆزەخـی جێبەجـێ بکـەن.

شـەنگال فەرمانـی ژمـارە ٧٣ یـە و پەرتـی و کەرتـی نیشـتمان و نەتـەوەش زامێکـی قـووڵ و دەردێکـی بۆماوەییـە کـە «توبـی شـەعبی» نەیتوانـی چـارەی بـکات، بـەڵام زانسـتی هاوچـەرخ چـارەی دەکات ئەگـەر ڕەچەتەکـەی پەیـڕەو بکەیـن کـه دەنکـێ حەپـی برایەتـی و کەوچکـێ دەرمانـی تێفکرینـی جەماعییـە لـه دواڕۆژی وڵاتـی نیشـتەنی نێـوان دوورزێـی ئەنفـال و قەتڵوعـام.

شـەنگال بۆیـه قەومـا چونکـه جوگرافیـای فەراغـی ئەمنـی وایـه کـەس خـۆی ناکاتـه

خاوەنـی، تەعریـب و راگوێزانـی میراتـی نەفرەتـی بۆیە مـاوە چونکە فەراغی دەسـتووری لە عەهـدی دەسـتوری موئەقەتـەوە بـۆ ئەمـڕۆی دەسـتووری جێبەجێنەکراوی غەزەبلێگیـراوی بـەر هـەوای شـەعبەویەت، ناهێڵـێ داد و هـەق و چەکوشـی ئینسـاف بڕیـار بـدات.

ئەنفـال بۆیـە وەک قـەدەری ئەزەلـی لێهاتـووە چونکـە تەماحـی دنیـای زائیـل نامانپەرژێنێتـە سـەر مەحکەمکردنـی دینگـەی نەتەوەییمـان.

هیـچ ناخۆشـی و نەخۆشـی و تەنگانەیـەک وا دیزایـن نەکـراوە کـە بـۆ بەرگـی کـوردی لێقەومـاو و کوردسـتانی گەمـارۆدراو پـەراوە کرابێـت و دوورابێـت. گشـتی ئـەم دەرد و خەمـە راسـت نییـە و هەمـووی دەسـتکردی زوڵمـوزۆری بەشـەری تەماعـکار و غـەوارە و قەومـاوی بندەسـتی و شـپرزەیی و دەستەوەسـتانییە. راپسـکانی ژیـری و رابوونـی زەیـن روونـی و تەگبیـری پێکەوەیـی لێکدانـەوە و را و رێـگا جیاوازەکانـی گەرەکـە. ئـەوە تاقـە دەرمانـە تـا نەزیفـی بەسـەرهاتەکانی زام و خـەم رابگریـن و لـە نوقتەیـەک بیپێچینـەوە. تـا تەقویمـی یـادی مەرگەسـاتی لـە شـوێنێ بوەسـتێ و چیتـر مۆنۆمێنـت و یادنامـە و ئەمنەسـوورەکان و تارێخانەکانمـان فراوانکـردن و گەورەکردنیـان نەوێـت.

یـادەکان بـۆ ئـەوە باشـن دوای کوڵـی گریـان دەسـتەیەک ئیـرادە و دەسـکێک وزەی بەتینـی بـۆ بخوازیـن.

# بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان بزووتنەوەی مافەکانە

لـە زۆر کـۆڕ و کۆبوونـەوەی میتینگـی کوردسـتاندا باسـوخواس و گفتوگۆیەکـی زۆر لەسـەر یاسـا و ڕێسـاکان، ڕێـکارە قانونییـەکان و چوزانـم خـۆ گونجانـدن لەگـەڵ بڕگـە و پڕگالـە یاسـاییەکان دەکرێـت. مـرۆڤ ناتوانێـت دوو رازی دڵـی خـۆی بڵێـت، ڕێ بـۆ ئەندێشـە و خەیاڵـی خـۆش بـکات کـە لەفەزایەکـی کـراوەدا لەشـەقەی باڵبـدەن یەکسـەر بـە بازگـەی یاسـا و هەنجەتـی قانـوون بێدەنگـی دەکـەن و سـەرکوتی دەکـەن.

وەک دەورانـی ئایدیۆلۆجـی داخـراو و زەمانـی حـەرف و دەق دەرگای ئیجتهـاد و عەقـڵ و نەقـڵ دادەخـەن و هیـچ بـۆ دەور و دەرس و بـەراورد و مەزەنـدە ناهێڵنـەوە.

ئـەم ڕەوتـە لـە نەریتـی سیاسـیی کارێـک دەکات هەمـوو شـتێکمان لـە قاڵـب بدرێـت و دەرفەتـی گەشـە و نوێبوونـەوەی فیکـر و ڕێبـاز و سیاسـەتمان لەبـەردەم تەسـک دەکاتـەوە.

ڕاسـتێکەی ئێمـە هەموومـان بایەخـی ڕەبـت و زەبـت و یاسـا و ڕێسـا دەزانیـن و ئەسـڵەن ڕێکخسـتن و دامـەزراوە و پێداگریمـان لەسـەر پێکهاتنیـان بەڵگـەی ئەوەیـە ڕەبـت و زەبـت و یاسـا لـەژوور سـەرمان دادەنێیـن. بـەڵام هاوڕێیـان نابـێ لەبیرمـان بچـێ ئێمـە بزووتنـەوەی حقوقیـن، بزاوتیـن بـۆ مـاف و داخـوازی و دەسـکەوتی بەدینەهاتـوو، ئێمـە چەکوشـی قانـوون نیـن بـە موجـەڕەدی و بـێ ڕەچاوکردنـی جاڕدانـی سیاسـی و کـردەی تێکۆشـان.

ئەگـەر بزووتنەوەکـەی ئێمـە لـە قاڵبدرایـە و بـۆ ئـەوە کۆشـا بێـت لـە قاڵـب و قانـوون بدرێـت نـە سـەردەکەوتین و نـە بـەم ڕۆژە دەگەیشـتین کـە خـاوەن کوردسـتانێکی نیمچـە

خۆماڵـی بیـن.

بـۆ نموونـه مافـی چارەنـووس لـه دوای راپەڕینـەوەو پێشـتریش رێ و رێبـازی رزگاری کوردسـتان ئەگـەر بدرابایـه دەسـت یاسـا و رێسـاکانی مەوجـودەوە کـه زۆربەیـان هـی بەهێـزەکان و بـه دیزاینـی ئـەوان دانـراوە. ئەسـڵەن ئێمـه بسـتێک لـه شـوێنی خۆمـان پێـش نەدەکەوتیـن تـا ببینـه خاوەنـی هەلومەرجێـک کـه دەم لـەو چەمکـه بـاش و مۆدێرنانـه بکوتیـن.

لـه بنچینـەدا ئێمـه بـۆ جموجـوڵ و داخـوازی و گوشـار و هێنانـەدی هەلومەرجـی وا دروسـت بوویـن کـه مێژەکـه بەسـەر دیزاینـەرە خراپەکانـدا قڵـپ بکەینـەوە.

بزووتنـەوەی حقـوق و داخوازییـەکان چـارەی ئێمەیـە نـەک رێسـا و چوارچێـوە بـێ مسـۆگەرەکان.

فەسڵی دووەم

# ڕاڕەوەکانی سیاسەتی کوردستانی

# سێ مەترسی لە عیراقی نوێدا

کودەتا، تاکڕەوی، بەعس

سێ کوچکەی مەترسییەکان لەسەر عیراق لەم قۆناغە ئینتیقالییەشدا هەرماون: مەترسی کودەتا، مەترسی دیکتاتۆریی و دەستبەسەراگرتنی حوکم و ئینجا مەترسی گەڕانەوەی بەعس. هەتا پرۆسەی سیاسیی لەوڵات جێگیر دەبێت، ئەم سێ مەترسییەش دەمێنن. لەبەرامبەردا خەباتیش بۆ لەقاودانیان خەباتێکی بێ پسانەوەیەو کوردیش فاکتەرێکی گەورەی هەڵسوڕانی ئەم خەباتەیە.

لەوانەیە هەبن بڵێن ئەرێ خەبات نەبڕایەوە؟ ئەرێ ئەم مەترسییانە نیشانەی ئەوە نین (خەباتەکەی) کورد بێ سەمەرو دەستکەوتەکانیشی لەق بوون؟

جارێ دەبێ بڵێین کە ئەمڕۆ کەس ناتوانێت وا لەسیاسەتی نیشاندانی ئەم مەترسییانە بڕوانێت کە بۆ ترس دروستکردن و غافڵگیریی هاووڵاتییانە تا بەبیانووی ترسی دەرەکییەوە، داواو ئیستحقاقە ناوخۆییەکان نەهێننە پێشەوە، چونکە ئەمڕۆ ململانێی هەڵبژاردنی سەخت لەپێش نییە تا کەسانێک ئەم بیرۆکەیە بەتەداروکاتی جەنگی هەڵبژاردن لەمەنگەنە بدەن.

لەباسی سێ کوچکەی مەترسیدا دەبێت بزانین هەر سێکیان سێ مەترسی لێک جیان، بەڵام لەغیابی سیاسەتێکی تۆکمەی بەرەنگاریی لەئاستی کوردستان و عیراقدا ئەم سێ مەترسییە دەتوانن هاوکاریی یەکتری بن بۆ لەباربردنی بزووتنەوەی دیموکراتی لەعیراقدا:

-کودەتا ترسێکە لەمێژووی ڕەفتارەکانی سوپای عیراقەوە هەڵقوڵاوە، بەتایبەتی

لەهەژموونی ئەفسەرو دەرەجەدارانی سوپای سەدامی، بەسەر سوپای نوێی عیراقی فیدراڵییەوە هاتووە. هەندێک لەمانە بەپێی نەخشەیەکی شۆڤێنی نەدراون، هەندێکیان بەبیانووی لێوەشاوەیی و توانای مەسلەکییەوە. عیدەیەکیشیان بۆ قرساندنی تەرازووی دۆران و بردنەوەی هەڵبژاردنەکان جەمسەرگیریی سیاسییان لێ دروستکراوە. ئەگەر ئەوەمان لەبیر بێت رێژەی کورد لەسوپا بەپێی سەنگی پێکهاتەکان هەر زۆر کەمە (٤٤٪ شیعە- ٤٢٪ سوننە- ٨٪کورد) بەشێکی ئەم رێژەیە دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی پیلانێکی تۆکمەی کوردو بەشێکی بۆ ئاسۆی تەسکی بیرکردنەوەی گەنجانی کورد لەرەوتی سەربازیدا کەکەمتر خۆدەدەنە بەر پەرەپێدانی تواناکانیان لەریزی تەشکیلاتە جیاجیاکانی سوپادا. لەکاتێکدا ستراتیژیی بەرزکردنەوەی سەنگی کورد لەسوپای عیراق و حەوشەو هەیوانەکانی دەوڵەتی مەرکەزیدا، هەم ستراتیژێکی نەتەوەیی و هەمیش ستراتیژێکی دیموکراتییە بەتایبەتی لەسوپادا کە لەباری نەتەوەییەوە کورد لەکەینوبەینە سەربازییەکان ئاگاداردەبێت و لەباری دیموکراتیشەوە تا سوپا هەمەرەنگ بێت و لەنەتەوەی زۆرینە، یان سەردەستە قەتیس نەکرێت، کەمتر مەیلی بەلای کودەتادا دادەشکێنێت.

-دیکتاتۆری و تاکرەویش کوری هەمان مێژوون، بەڵام دەشێ بەکەرەستەکانی ئەمرۆ جێبەجێ ببن، مێژووی عیراق کەیفی بەدیموکراتی نەهاتووە، بۆیە بزووتنەوەی دیموکراتی لەعیراق خوێن و فرمێسکێکی زۆری خەرجکردووە لەرێی بنکۆڵکردنی دیواری دیکتاتۆریدا. ئەمرۆش ئەو سیاسەتکارە عیراقییانە کەم نین کە کەم حەوسەڵەن و تاقەتی ئیدارەدانی ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی وڵاتیان نییەو رێگەی قەدبڕی دیکتاتۆری بۆ خۆیان و بۆ (عیراقە خۆشەویستەکەیان) بەسەلامەتتر دەزانن. تەوەللابوون لەپرەنسیپی تەوافوق، خۆدزینەوە لەئیلتزامە دەستوورییەکان و پاشقولگرتنی هێزە دیموکراتییەکان لەیەکتری، باشترین دەرفەتە بۆ ئەم مەیلە دیکتاتۆرییە تا تەشەنە بکاو وەک کەمینەی بەعسییەکان لە١٩٦١دا بازدەنە سەر کورسی حوکم و ریسی عیراقییەکان بکەنەوە بەخوری.

-مەترسی گەرانەوەی بەعسییەکانیش دەتوانێ لەپەنا دوو مەترسییەکەی ترەوە گەرا بکاو شانە نووستووەکانی ئیرهاب و تۆقاندنی خۆی چالاکتر بکاتەوە.

وەک گوتمان لەغیابی سیاسەتێکی ژیرانەی کوردو هێزە دیموکراتییە نیشتمانپەروەرە راستەقینەکاندا ئەم سێ مەترسییە دەتوانن کۆمەک بەیەکتری بکەن، دەشێ دیکتاتۆرێکی نوێ، هەرەشەی بەعس بکاتە بیانوو بۆ هەڵکوتانە سەر دیموکراسی و دەستوور.

دەشێ بەعسییە خۆمەڵاسدەرەکان دنەی بەڵانسی هێزەکانی ئێستای سوپا بدەن تا یارمەتیدەری کودەتا بن. دووریش نییە دەرەجەدارانی سوپا لەدۆخی شڵەژانی سیاسەت و ئەمنییەت لەعیراقدا خۆیان لەدیکتاتۆریی کۆن (بەعسی سەددامی)و لەدیکتاتۆری تازەش (ئەوی لەمنداڵدانی پرۆسەی سیاسیدایەو کەیفی بەقەدبڕی ڕێگایە) بەشیاوتر بزانن عیراق (دەرباز)بکەن لەم بەرزەخی نێوان کۆن و نوێیەدا.

سیاسەتی ژیر لەم بەستێنەدا چییە؟ لەعیراقدا:

-کێ لەبەعس دەترسێ؟

-کێ لەدیکتاتۆری نوێ دەترسێ؟

-کێ لەخەیاڵدانی ئەفسەرو دەرەجەداران دەترسێ؟

ئەمانە با یەکگرن لەهەمبەر ئەم مەترسییانە، ترسە لاوەکییەکانیان بۆ بەرەنگاری ئەم سێ ترسە گەورەیە بەلادا بخەن:

-لەسوپادا هاوکاریی بەرزکردنەوەی ڕێژەی کورد بدەن، پێشمەرگە لەڕووی تەشکیلات و کات و تواناوە پایەدار بکەن. وەک پارێزەری دیموکراتی مامەڵەی بکەن نەک وەک هەڕەشە لەسەر عیراق.

-لەسیاسەتدا سازان و شەراکەت ڕەچاو بکەن، نەک خەت و شێرو هەڵگەڕانەوە.

-لەمەرجەعییەتدا دەستوور بکەنە کۆمبەس، نەک خەیاڵدانێکی شۆڤێنی.

بۆ ئەمەش گەرەکە کورد واز لەسیاسەتی (قایمقامێتی پێنجوێنیشم گەرەکە) بێنێت، چونکە هەرگیز نەتەوەیی یەکسان نییە بەگۆشەگیریی نەتەوەیی. قودرەتمەندیی نەتەوەیی یانی پایەداریی لەهەموو کایەو گۆشەکاندا، لەکوردستان و.. لەعیراقیش.

باسکردنی مەترسییەکان بۆ تەشەنەپێکردنی ترس و ئەژنۆ شکاوی نییە، بۆ ئاگایی و نیگەرانییەکی ئیجابییە کەهانمان بدات تێکۆشانی هەمەلایەنە پەرە پێبدەین بۆ جێگیرکردنی دەستکەوتە دەڵەمەکان.

هیچ دەستکەوتێکی دەڵەمەش جێگیر نابێت بێ کەڵەکەکردنی دەستکەوتی تر کەدەبێتە پەرژین و پارێزەری ئەوانەی بەدەستهاتوون لەجێی ئەوەی لەژێر هەڕەشەی پاشەکشەپێکردن و هەڵگەڕانەوەدا هەلاهەلابن. دیارە خەباتی هەمەلایەنەش ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوە لەداواو ئیستحقاقە ناوخۆییەکانی خەڵک لەخزمەتگوزاری و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام بەگرێدانەوەی بەمەسەلە گشتییە سیاسییەکانی کوردستانەوە.

٢٠١٠/٤/٢٦

# ڕێڕەوەکانی دەستوورو ڕاڕەوەکانی سیاسەتی کوردستانی

دەستووردارێژی عیراقی لەدانانی دەستووردا چەند ڕێڕەوی تەواوکاری خستۆتە بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی عیراق کەئەگەر نەریتی سیاسەتکردن بچەسپێ، سیاسەتکاران و هێزە سیاسییەکانی وڵات هەراش ببن و لەناو وازییەکەدا قاڵببنەوە، ئەوا چانسێکی گەورە لەکایەدایە بۆ نزیکایەتی لەگەڵ کێشە ئاڵۆزەکان کەچەندین دەیەیە کەڵەکەبوون.

گەلانی عیراق وەک گروپگەلێکی مەحروم لەدەرفەتی گەشەکردن و دابینکردنی داخوازییەکانیان، کەمجار وەک ئێستا هەلێکی بنەڕەتییان بۆ فەراهام بووە تا بەگوێرەی هەرەمێکی ئەولەویات، یان بەپێی ڕێکخستنی چەند دۆسییەک، شانبدەنە بەر فەرمانی چارەسەرکردنی کێشە هەمەلایەنەکانیان. خۆشبەتانە دەستوور دینگەکانی ئەم نەخشەڕێگایەی داکوتاوەو بۆ هەوای ڕۆژو ئیجتیهادی هێزەکان جێنەهێڵراوە.

بۆ تەواوی عیراق ڕێڕەوەکان لەچوار ئاستی پیادەی دیموکراسییدا خۆیان دەبیننەوە:

یەک- هەڵبژاردنی سەرتاسەری بۆ ئەنجومەنی نوێنەران کە لەوێوە حکومەت و دەزگا تەنفیزییەکانی دەوڵەتی ئیتیحادی دادەمەزرێن.

دوو- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئیتیحادی (ئەنجومەنی پیرانی عیراق) کە لەم دەزگایەوە فلتەری پارێزگاکان لەبەرامبەر زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەران کاری خۆیان دەکەن. ئەم ئەنجومەنە دواکەوت و قەرارە لەم دەورەیەدا پێکبێت.

سێ- هەڵبژاردنی پارێزگاکان.

چوار-هەڵبژاردنی شارەوانی و یەکە بچووکەکانی خوار پارێزگا.

دەستووردارێژی عیراقی دانی بەپەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا ناوەو بەمەش خەڵکی کوردستان دەتوانن ئیرادەی نەتەوەیی خۆیان لەو قۆناغە، لەچوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسییدا، پیادە بکەن.

ئەو ئاستە جیاجیایانە لەنوێنەرایەتی بۆئەوەیە هەموو یەکەکانی حوکمڕانی لەوڵاتدا هەست بەبوونی خۆیان بکەن.

کوردستان لەگەڵ عیراقییەکاندا لەهەر چوار رێڕەو بەشدارەو خۆشی ئەرکی پەرەپێدانی قەوارەی کوردستانی لەسەرشانە.

ئەمە نەخشەکەیە، بەڵام لەچەند بۆنەیەکدا هەم لەئاستی عیراق و هەم لەئاستی کوردستانیش، ئەم رێڕەوانە تێکەڵکراون جا یان بەهۆی نەشارەزایی، یاخود بەئەنقەست و بۆ ئەجێندای کورتبینی ئەم هێزو ئەو لایەنی سیاسییەوە.

لەئاستی عیراقدا هەندێک جار هێزە سەرکەوتوو و باڵادەستەکان بڕارەی هەڵبژاردنی سەرتاسەری بۆ ئەنجومەنی نوێنەران وا شرۆڤە دەکەن کەدەبێ هەموولایەک دەست بەئەڵقەی حوکمڕانییەکی ناوەندیی توندەوە بگرن و واز لەفیدراڵی بەسرە یان جنوب و دەڤەری خۆرئاوای وڵات بێنن، لەکاتێکدا دەبێ حوکمڕانی لەعیراقی سەرتاسەریدا حوکمڕانییەکی فیدراڵی بێت و شتێک نییە بەناوی حکومەتی مەرکەزییەوە. هەمان ئەو هێزانە لە لێقەوماندا، کاتێک گلۆڵەی حزبی خۆیان لەبەغدا دەکەوێتە لێژی، مەیلی هەرێمچێتی و جیاکردنەوەی ئەم یاخود ئەو پارێزگایە زەقدەکەنەوە. لەکاتێکدا سیاسەتی هاوسەنگ، دانی قورساییە بەحکومەتێکی فیدراڵی خاوەن شەراکەتی راستەقینەو هاوشانی ئەوەش، دانی قورساییە بەپێکهاتنی هەرێمی ترو بەرزکردنەوەی ئاستی ئیدارەی پارێزگاکانی وڵات بەرەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانیان و دووبارەنەکردنەوەی هەڵەی حکومەتە ناوەندییەکانی رابردوو کەپارێزگاکانیان فەرامۆشکردبوو و سیاسەتێکی ناهاوسەنگی پەرەپێدانیان پەیڕەو دەکرد.

لەئاستی کوردستاندا ئەم پرسە پێچەوانەی ئەوی سەرتاسەری عیراقە، بەڵام لەکاریگەریدا خراپتر لەوەی عیراق رەنگدانەوەیان هەیە. لێرە مەیلی شارچێتی و پەرتەوازەیی لەهەندێک وێستگەدا خەریک بوو یەکێتیی نەتەوەیی کورد لەرووی ئیدارەو حوکمڕانییەوە بخاتە ژێر گوشارێکی ناپەسەندەوەو خیتابێک پەیدا ببێت کەکار لەسەر نابودکردنی کوردایەتی بکات. بەشێکی ئەم دەرکەوتە ناپەسەندە دەگەڕێتەوە بۆ تەواو نەخەملێنی یەکێتیی نەتەوەیی بەمانای جووتبوونی ئیرادەو ئیدارەو جیاوازی

گەشـەی شـارەکانی کوردسـتان. بەشێکیشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ پاشـماوەکانی دوو ئیدارەیـی و ململانێـی سیاسـیی جـاران کەهێـزە کوردسـتانییەکانی بەسـەر دوو ناوچـەی گـەورەی نفـوزدا دابەشـکردو تائێسـتاش ئاسـەواری ئـەو دوو ئیدارەییـە لەچەندیـن جومگـەدا مـاوە. لـەدوو هەڵبژاردنـی رابـردووی پەرلەمانـی کوردسـتان پەرلەمانـی عیراقیـش رەگـی ئـەم پرسـەمان لەدروشـم و ململانێـی هێزەکانـدا بینـی.

لەکوردسـتان ئێمـە پێویسـتمان بەتێگەیشـتنێکی دروسـت هەیـە بـۆ سیسـتمی ئیـدارە بەجۆرێـک کەیەکێتـی ئیـدارە گوزارشـت بـکات لەیەکێتیـی نەتەوەیـی. لەهەمانکاتیشـدا سـەلاحیات و دەسـەڵاتەکان واشـۆڕ بکرێـن بـۆ خـوارەوە کـە ئیـدارەی میللەتێکـی چەوسـاوەی دەسـتی ئیـدارەی مەرکـەزی خۆشـی، جارێکـی تـر، ئیدارەیەکـی مەرکەزیـی دروسـت نەکاتـەوە. ئێمـە ئیدارەیەکـی مامناوەندیمـان گەرەکـە کەهـی یـەک حکومـەت و هـی چەنـد ئیدارەیەکـی لۆکاڵـی لامەرکەزیـی بێـت. ئـەم ویسـتە ئەگەرچـی هەڵقـوڵاوی پێویسـتییەکی کوردسـتانییە، بـەڵام رێـڕەوە جیاجیاکانـی دەسـتووری عیراقـی کـە کـورد داڕێژەرێکـی سـەرەکی ئـەم مەرجەعیەتـە یاسـاییەیە، چارەسـەری بـۆ دیاریکـردووە:

ئێمـە دەتوانیـن لەرێـی رێـڕەوی هەڵبژاردنـی پارێزگاکانـی کوردسـتانەوە، ئیـدارەی لامەرکـەزی بەپێـی تایبەتمەندییەکانـی کوردسـتان و یاسـایەکی تایبەتـی هەڵبژاردنـی پارێزگاکانـەوە، دروسـت بکەیـن. ئـەم رێـڕەوە هەقـی پارێـزگاو شـارە گـەورەکان دەداو بیانـووی گوشـاری ناشارسـتانی ناوچەگەرێتـی و تەبەنـی کردنـی دروشـمە لۆکاڵییـەکان دەبڕێـت. هـەروەک رێـڕەوی ئیـداری و خزمەتگـوزاری، لەرێـڕەوی پرسـە نەتەوەییەکـە (کوردایەتـی) جیادەکاتـەوە. جیاکردنەوەیـەک کـە لەجێـی ئـەوەی تووشـی بـەر یەککەوتنیـان بـکات، رێـگای ئاوێتەبوونیـان بـۆ تەخـت دەکات.

ئیتر بەمجۆرە دەتوانین کاغەزەکانی بەردەممان رێکبخەینەوە:

-هەڵبژاردنـی پارێـزگاکان، بـۆ خزمەتگوزاریـی راسـتەوخۆی هاووڵاتیـان و ئیدارەیەکـی لامەرکەزی کەوەڵامدەرەوەی ویسـتی شـارە گەورەکان بێت. (لەهەڵبژاردنی شـارەوانییەکان و ئیـدارە بچووکەکانـی وەک قـەزاو ناحیەکانیشـدا هەمـان سـیناریۆ، بەبچووکتـر، لەئـارادا دەبێت).

-هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی نیشـتمانیی کوردسـتان (پەرلەمـان) بـۆ نوێکردنـەوەو دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات لەکوردسـتان و یەکخسـتنی قـەوارەی سیاسـیمان. لەمـەدا هێـزە کوردسـتانییەکان دەتوانـن، دیموکراسـییانە، زۆرتریـن کێبڕکـێ بکـەن و بچنـە پێشـبڕکێی باشـترین بەرنامـەی حوکمڕانییـەوە.

-هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بۆ:

١-جێبەجێکردنی شەراکەت لەحوکمڕانی.

٢-تەواوکردنی ئیستحقاقە دەستوورییەکان بەچارەنووسیی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانیشەوە.

٣-سەرخستنی پرۆژەی کورد لەعیراقی فیدراڵدا.

بۆ گەیشتن بەم سێ ویستە کوردییەش جگە لەیەک خیتابی و یەکهەڵوێستی، هیچ رێگەچارەیەکی ترمان نییە.

ئەوی ئەم سێ رێڕەوە تێکەڵ بکات، وەکو لەدوو هەڵبژاردنی پێشوودا بینیمان، ئەوا یان لەخۆڕا وا دەکات، یاخود ئاڵۆزی رەوشەکە تووشی شاشی و شەوارەی کردووە.

٢٠١٠/٤/٢٨

# کۆکبوون لەسەر تەوافوق و سازان

مادام کێشەکە هاتە سەر شرۆڤەکردنی زمانەوانیی، کە وا بێت دەکرێت بڵێین لە چارەسەری کێشەکان نزیکبووینەتەوە. زمان راستە بۆ گوزارشتی بیروڕا جیاوازەکانە و هەر چەند دەستەواژەیەک بۆ سیاسەتێکی دیاریکراو و ناکۆکییەکی پەنهانە، بەڵام دواجار رێککەوتنیش ئەو کاتە نزیکتر دەبێتەوە، کە ناکۆکەکان چەند دەستەواژەیەک بۆ رێککەوتن پێشنیاز دەکەن.

مەسەلەکە ناوی تەوافوق بێت، وەک چەند ساڵە لە سەری راهاتووین و پرۆسەی سیاسیی عیراق و کوردستانی پێدەچێت بەڕێوە، یان ناوی سازان بێت، وەک بەڕێزان لە سەرکردایەتیی بزوتنەوەی گۆڕان وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، گرنگ ئەوەیە لەسەر ئەو سازانە، تەوافوق بکەین و لەسەر ئەو تەوافوقەش بسازێین، ئیتر وردە وردە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان دەچێتەوە سەر شەمەندۆفێری ئاسایی خۆی، کە لە دوای بردنەوەی ناکۆکی ناوخۆیی و بەتایبەتیش لەدوای روخانی رژێمی سەدامەوە لەسەری کۆکبووین: تەوافوق لە پرسە گرنگەکاندا. بە بۆچوونی بەندە، ئەمە دابی کۆمەڵگە ئینتیقالییەکانە بەرەو جێگیرکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسی.

چەند ساڵە ئەم تەوافوق و سازانە خێری داوەتەوە بۆ کورد و بۆ کوردستانەکەی، لە کوردستان ئاشتی سیاسیی و پێکەوەبوون و گەشەی ئابووری هێناوەو لە عیراقیش یەکڕیزی کورد لە ئاستی بەغدا و دابینکردنی مافە بنچینەییەکانمان لە دەستوور و پرۆسەی سیاسی هێناوەتە ئاراوە، کورد لە عیراق کەمە، بۆیە تیۆری تەوافوق هەم رێ لەوە دەگرێت زۆرینە، کە زۆرینەی سیاسیی مەزهەبییە، بەسەریدا زاڵ بێت و بەشی بخوا و هەم لەوەش دەمانبورێت، کە ناچار بین هانا بۆ فلتەرەکانی دەستوور ببەین، ئەگەر بخوازن گەلەکۆمەکێمان لێ

بکەن، وەک لە پیلانەکەی (٢٢)ی تەمموزدا کردیان و ڤیتۆی سەرۆکایەتیی کۆمار زۆرینەی نەتەوەی سەردەستی گێڕایەوە سەر چوار گۆشەی یەکەمی تەوافوق.

لە کوردستان یەکێتی و پارتی وەک دوو هێزی دەربەستی ئایندەی وڵات و وەک دوو هێزی دەرس وەرگر لە تاڵی ناکۆکییەکانی جاران، ئەم تەوافوقەیان بۆ بووە بنچینەی رێککەوتنی ستراتیژییان و لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی خۆشیان کردیان بە دابی سیاسی، ئەگەرچی لە شێوەی رێککەوتنێکی ستراتیژی هاوشێوەی ئەوەی نێوانیان رێکیان نەخست.

ساڵێک زیاترە هەوڵ دەدرێت بۆ شێواندنی ئەم تەوافوقە بە خێر و بێرە بۆ ژیانی سیاسیی کوردستان و عیراق، ئەوی لەم ساڵەدا بە چەمکی تەوافوق کراوە لە تانە و تەشەر و رەخنەلێگرتن، بە هیچ چەمکێکی تر نەکراوە. ئەدەبیاتێکی زۆر و زەوەندمان خوێندەوە لەسەر (نا بۆ تەوافوق) کە بکوژی جووڵەی دیموکراسی و کێبڕکێی شەفافانەی سیاسییە. دروشم و میتینگ و کەمپین لە دژی تەوافوق بەڕێکرا، گوایە مایەی قۆرخکردنی پرۆسەی سیاسی و دەستکەوتەکانێتی لەنێوان یەکێتی و پارتیدا. لەکاتێکدا ئەوەی پێویستی بە تەوافوق بوو، ئۆپۆزسیۆن و کورتهێنانی دەنگیان بوو لە هەر دەنگدانێکدا.

تەوافوقخوازان لە مێژە بانگەوازی ئۆپۆزسیۆنیان دەکرد، کە پرۆسەی سیاسی دانوستاندنەو ئەوەی دەخوازێت بەشێکی بەرنامەکەی جێبەجێ بکات، دەبێت دەستبەرداری بەشێکی بێت و لە مامەڵەدا حەیسیات و پێگەی ئەوانی تریش بەرچاو بکات، بەتایبەت کە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان رەنگدەرەوەی جەمسەرگیریی تایفەگەریی، یان نەتەوەیی نییە، کوردستان زۆرینە کوردە، ئۆپۆزسیۆن و فەرمانڕەوایەکەشی لەسەر بنچینەی بەرنامەی سیاسیی ریزبەندی خۆیانیان دیاریکردووە، نەک لەسەر جیاوازی نەتەوەیی، یان مەزهەبی، بۆیە ئۆپۆزسیۆن دەبوایە لە دروستکردنی حکومەت و بودجە و زۆر شتی تردا تەوافوقی بکردبایە، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لە تەوافوقەکانی تریشدا لەگەڵی بن.

بەو حاڵەشەوە، هەر باشە کە ئێستا بێنە سەر بیروڕای تەوافوق، بەشی ئەوەی تێدایە وردە وردە کەشی سیاسیی وڵات هێوڕ بێتەوە.

بۆیە ئەگەر سازان بێ و ئەگەر تەوافوق. گرنگ ئەوەیە لە سەر مەسەلە ستراتیژییەکان کۆکبین.

٢٠١٠/١٠/٣٠-٢٤

# دیالۆگی نیشتمانی لەئاستی رەسمی و میللییدا

دوێنێ لەتەلاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دانیشتی یەکەمی دیالۆگی نیشتمانی لەنێوان یەکێتی و پارتی و یەکگرتوو و گۆڕان و کۆمەڵ بەڕێوەچوو کەدەستپێکێکی باشە بۆ گفتوگۆیەکی جددی لەسەر دۆخی هەرێم لەئاستی رەسمی و دەستەبژێری سیاسییدا، بەڵام بۆئەوەی کەشی ئیجابی وەک دەرەنجامی هەر دیالۆگێک، ئەم دەستپێکە بەرەو لێککەیشتن ببات، گرنگە لەئاستی میللی و شەقامی کوردستانیش پشتیوانی لێبکرێت بۆئەوەی ویستی گفتوگۆو لێککەیشتن، ویستێکی نەتەوەیی و گشتگیربێت و ئامانجی دیالۆگەکە تەنها لەهێورکردنەوەی بارودۆخەکەدا قەتیس نەکرێت کەئەو ئامانجەش خۆی لەخۆیدا گرنگە، بەڵام لەوەش گرنگتر بەرزکردنەوەیەتی بۆ ئاستی ئامانجێکی ستراتیژی کەتێپەڕاندنی قۆناغی پێشوو و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانییە لەکوردستاندا. قۆناغێک ناونیشانەکەی پاراستنی شەرعییەتی دیموکراتی، پەرەپێدان و چاکسازیی سەرتاسەرییە کەویست و پرۆژەی تەنها لایەنێک نییە، بەڵکو ویست و پرۆژەی هەموولایەکمانە، بەرەو تەبایی و ئاشتییەکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی نوێ چەشن کە وەڵامدەرەوەی قۆناغەکەو بارتەقای ئایندەبینی گەلەکەشمان بێت.

لەدوێنێوە دیالۆگی نیشتمانی لەئاستی رەسمیدا دەستیپێکرد، بەڵام چونکە ئامانجی ئەو دیالۆگە هاوبەشە نەک تەنها هی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو هی جەماوەریشە، جێی خۆیەتی لەمڕۆوە دیالۆگێکی جددی لەئاستی میللی، رێکخراوە ئاراستە جیاجیاکانی کۆمەڵی مەدەنی، حزبەکان و دەستەبژێرە رووناکبیریی

و سیاســییەکان دەســت پێبــکات و مینبەرەکانــی میدیــا، بەڕەســمی و ئەهلییانــەوە، ســەکۆکانی گفتوگــۆو باخچەکانــی کۆبوونــەوەی جەمــاوەری بــۆ ئــەم ئامانجــە گەورەیــە بخرێتەگــەڕو تەنهــا پێشــمەرجیش لــەم پێنــاوەدا بەرژەوەندیــی بــەرزی کوردســتانیی و ڕێوشــوێنی مەدەنــی وا بێــت کەژیانــی خەڵــک و کەســابەتیان نەشــێوێنێ.

٢٠١١/٢/٢٢

# هەڕەشەی سەر کوردستان بەهەند وەربگرن

لەدوو هەفتەی رابردوودا کوردستان بەدۆخێکی هەستیاری سیاسییدا تێپەڕی و چەند رۆژێکە دۆخی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکانیش ئاڵۆزو مەترسیدار بووە، بەهۆی پیلانگێڕی شۆڤێنییەکانەوە کەدەیانەوێت کەشی گشتی خۆپیشاندان و دیاردەی ناڕەزایی خەڵکی لەپارێزگاکانی عیراق بقۆزنەوەو ئەوانیش بەناوی داخوازی و چالاکی خۆپیشاندانەوە، بنمیچی داوای ناڕەوا بۆ رەتکردنەوەی کوردستانێتی کەرکوک و نەخشەڕێگای دەستووریی بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان بەرزبکەنەوەو پەلاماری کوردو دەسکەوتەکانی بدەن.

ئەگەر لەهەفتەی یەکەمی تەنگژەی هەرێمدا دڵسۆزان و پەرۆشانی چارەنووسی وڵات توانیبێتیان ئیدارەی تائێستای تەنگژەکە بدەن، ئیدارەیەکی ژیرانەی ئەوتۆ کەهەم دابینی خواستی دیموکراتی خۆپیشاندان و هەم تاڕادەیەکی بەرچاویش هێمنی و ئارامی شارەکان بپارێزن، ئەوا لەهەفتەی دووەمەوە کەدەرهاویشتەکانی پیلانی شۆڤێنییەکان لەکەرکوک و نەخشەی تیرۆریستان لەناوچەی پیشەسازی، لەسلێمانی، دەرکەوتن، ئەم هەلومەرجە تازەیە ئیدارەیەکی تازەی دۆخەکە دەخوازێت و مامەڵەیەکی جیاوازی هێزو لایەنە سیاسییەکانیشی گەرەکە کەهەموولایەک لەئاستی بەرپرسیارێتی نیشتمانی و مێژووییدا بن بۆ پاراستنی ئەزموونەکەمان و پەڕینەوە لەم قۆناغی نائارامییە بۆ قۆناغی دڵنیابوون کەئەرکی زۆری نیشتمانی و نەتەوەیی دەخاتە ئەستۆی هەموولایەکمان. خۆشبەختانە تائێستا بەهیمەتی هێزەکانی پارێزگاری لەگەل و نیشتمان، هەم بەرپەرچی نەخشەی تیرۆریستان دراوەتەوەو هەمیش پێشمەرگە

لەکەرکـوک و ناوچـە تەعریبکـراوەکان ئامـادەی نەبـەردی داکۆکیکردنـە لەکوردسـتانێتی کەرکـوک و پاشەکشـێ پێکردنـی پیلانـی شـۆڤێنی و پاشـماوەکانی بەعـس کەئەمـڕۆ مەجلیسـی سیاسـیی عەرەبییـان کردۆتـە واجیهـەی هەڕەشـەو پیلانەکانیـان، دوور نییـە سـبەینێش لەوێسـتگەیەکی نزیکدا بەڕەنـگ و نەخشـەیەکی نوێـوە هەڕەشـە لەکـورد بکـەن و بـۆ ئـەم وێسـتگەیەش زۆر بەڕاشـکاویی دەیڵێیـن کـورد چیتـر پێویسـتی بەپەرتکردنـی توانـاو وزەی سیاسـی خـۆی نییـە لەپتـر لەبەرەیەکـی سیاسـییدا.

هەڵبـەت لەدەسـتپێکی پیلانـی شـۆڤێنی بەرامبـەر بەکەرکوکـدا جگـە لەسـەرکردایەتیی یەکێتـی و پارتـی وەک دوو حزبـی حکومـڕان، لەبـەرەی ئۆپۆزسـیۆنیش کۆمـەڵ و یەکگرتوو راشـکاوانەوە لەئاسـتی بـاڵادا جـاڕی هەڵوێسـتی ئاگادارانـەی خۆیـان دا. ئـەوەی لـەو نێوەندەدا تائێسـتا ئەم هەڕەشـانەی سـەر کوردسـتانی بەهەند وەرنەگرتووە، سـەرکردایەتی بـاڵای (گـۆڕان)ە کـە بەڕەسـمی و راشـکاوانە قسـەی خـۆی لەمبارەیـەوە نەکـردووە، جگـە لەئاسـتی نوێنەرایەتییـان لەکەرکـوک بتـرازێ، کـە لەگـەڵ حزبـە کوردسـتانییەکاندا دوو بەیاننامـەی هاوهەڵوێسـتییان ئیمـزا کـردووە.

لەهەلومەرجێکـی وادا پێویسـتە هەموولایـەک ئەوەیـان لەبیـر بێـت کوردسـتان هێڵـی سـوورە بـۆ هەمووومـان و هەڕەشـە لەسـەر ئەزموونەکـەی هەڕەشـە نییـە لەسـەر حزبـە حوکمڕانـەکان، بەڵکـو هەڕەشـەیە لەسـەر کـۆی میللەتەکەمـان و ئامانجـی ئایندەیەکـی گەشـو روونـاکتـر بـۆ دیموکراسـی کوردسـتان و قـەوارە سیاسـییەکەی. ئامانجێـک کەچاوەڕێ دەکرێت خەمـی ئۆپۆزسـیۆن و دەسـەڵات و.. چالاکوانەکانـی شـەقامیش بێـت.

٢٠١١/٢/٢٨

# ئاستەکانی ململانێ

ئێمــە لەگۆڕەپانــی ململانێیەکــی ســەختداین، ململانــێ لەناوخــۆی کوردســتان بــۆ لەقاودانــی گیانــی ناوچەگەرێتــی و بێهــودە نیشــاندانی خەباتــی کوردایەتــی، بــۆ ئیعتبــار پێدانــەوەی رێوشــوێنی دیموکراســیی و دامەزراوەیــی و رەوایــی دامــەزراوە شــەرعییەکان و بێگومــان بــۆ ئەنجامدانــی چاکســازییەکی راســتەقینە کــە شــایانی گەلەکەمــان بــێ و بیانــووی دەســتی نەیارانــی حوکمڕانــی خۆماڵــی ببڕێــت.

ململانێ لەئاستی عیراق سەبارەت بەئیستحقاقی دیموکراسی و مەسەلە نەتەوەییەکانی دیکەمان وەکو کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکانی تر.

-ململانــێ لەئاســتی ناوچەکــەو دنیــاش بــۆ تێگەیشــتن لەدەرکەوتــە تازەکانــی ناوچەکــە کەئاوســە بەگۆڕانــکاری و دەســتکاری نەخشــەی هێــزو پێگــەی ململانێــکاران و دوریــش نییــە سەربکێشــێ بــۆ گۆڕانکاریــی لەنەخشــەی جوگرافیــش، چونکــە ئێمــە لەســەرەتای ســەدەیەکی نوێیــن و بەرێکەوتــی ســووڕانەوەی مێــژووش بێــت هەمــوو ســەدەیەک ئیســتحقاقی خــۆی هەیــە چ جــای ســەدەیەک کــە نۆبــەرەی هەزارەیەکــی نوێــش بێــت کــە ســەدەی بیســتویەک نۆبــەرەی ســەدە پێکهێنەرەکانــی هــەزارەی ســێیەمی ژیانــی مرۆڤایەتییــە لەســایەی تەقویمــی زاینیــدا.

ئــەم ســێ ئاســتە لەململانــێ لێکجیــان و پێکــەوە گرێدراویشــن. نابــێ هیچیــان لەســەر ئــەوی تریــان پەکبخەیــن و ناشــبێت پێمــان وابــێ هیچیــان قابیلــی پۆلێنکــردن و دانانــی زادەی ئەولەویــات نیــن، نابــێ وابزانیــن هیچیــان قابیلــی چارەســەر نیــن.

بــۆ دۆخــی ململانێــی ناوخۆیــی پێویســتە بەناکۆکــی ســەرەکی نەزانیــن ئەگەرچــی ئێســتا

دۆخـی ناوخۆیـی ئەولەویەتـی هەیـە، بـەڵام ئـەم ئەولەویەتە بۆ ئەوەیە بەزوویی چارەسـەری بکەیـن تـا بپەرژێینـە سـەر ململانـێ عیراقـی و نێودەوڵەتییـەکان، دەنـا ململانێـی ناوخۆیـی هـەر بەململانێـی دۆسـتانەو لاوەکـی دەمێننـەوە مەگـەر فاکتـەری دەرەکـی دنـەی گیانـی بێهودەیـی لای ئـەم هێـزو ئـەو هێـزی خۆماڵـی بـدات کەململانێکەیـان لەگـەڵ یەکێتـی و پارتـی و لەگـەڵ دەسـەڵاتی سیاسـیی کوردسـتان بگوێزنـەوە بـۆ ململانێـی ناوەکـی لەگـەڵ خـودی بزووتنـەوەی کوردایەتـی وەک هێـزی دابینـکاری ویسـتە ناسیۆنالیسـتەکانی گەلـی کـورد. تاململانێکـە ململانێیـە لەچوارچێـوەی دیموکراسـی ئـەوا پرەنسـیپی: (هـاوکاری، ململانـێ و هـاوکاری) بەسـەردا جێبەجێدەبێـت، یانـی ململانێکـە بـەدوو ئەگـەری هـاوکاری دەوره دراوە.

٢٠١١/٤/١٥

# راستە ڕێی خەباتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی بازوو

بۆنـەی یەکـی ئایـار هەمیشـە دەرفەتـە بـۆ وەبیـر هاتنـەوەی ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتـی خەبـات و تێکۆشـانی سیاسـیی هێـزە چـەپ و سۆشیالیسـتەکان، هەروەهـا دەرفەتـە بـۆ پێدانـەوەی سـەنگ و مانـا بـە کاری گشـتی سیاسـەت وەک ئـەوەی ئامرازێکـە بـۆ باشـکردنی ژیـان و گوزەرانـی چیـن و توێژێکـی فراوانـی کۆمەڵگـە کـە چیـن و توێـژە زۆرەکـە و لـەوەش گرنگتـر کاریگـەرو بنیاتنەرەکەیەتـی.

یەکـی ئایـار ناونیشـانی خەباتێکـی بێوچانـە بـۆ بەدەسـتهێنانی مـاف و ژینگەیەکـی چاکتـری کارکـردن و بـۆ دادپەروەریـی کۆمەڵایەتی و ئامانجێکی دوورتر کە سۆشـیالیزمێکی دیموکـرات و مـرۆڤ دۆسـتانە و بەشـێنەیی و پتـەوە.

ئـەم خەباتـە لەنـاو جەرگـەی سـەرهەڵدانی خۆیـدا، لـە ڕۆژئـاوا: ئەمریـکا و ئەوروپـا بەوەرچـەرخـان و وەرگۆڕانـی گـەورەدا گـوزەری کـردووە و چەندیـن وێسـتگەی سـەرکەوتن و بازدانـی چۆنایەتـی لـە ژیـان و گوزەرانـی کرێـکاران و هەلومەرجـی کار و پرۆسـەی بەرهەمهێنانـی بەخۆیـەوە بینیـووە. لەڕۆژهەڵاتیـش لەگـەڵ چوونـە نێـو دونیـای مەدەنیـەت و مۆدێرنـەوە خەباتـی کرێـکاری بـە سـەندیکاو حزبـە خاوەندارەکانییـەوە وەک گۆشـت و خوێـن تێکەڵـی خەباتـی گشـتی میللـی و نەتەوەیـی و نیشـتمانیی میللەتانـی بندەسـت بـووە و هەمیشـە لەگـەڵ تایبەتمەندیـی ڕەهەنـدە چینایەتییەکـەی، بەشـێکی کاریگـەری ڕەوتـی خەباتـی ئازادیخوازانـەی ڕزگاری نیشـتمانیی و سەربەسـتییە گشـتییەکان بـووە.

بـێ ئـەم کاریگەرییـە ڕەنجـدەر و کرێکارییـە، زەحمەتـە تۆمـاری مێـژووی ئـەو خەباتـە نیشـتمانییە گشـتگیرە بـە کامڵـی بنووسـرێتەوە و دەربکەوێـت. کرێـکاران و ڕەنجدەرانـی

بـازوو، بـه ئـارەق و تيـن، بـه خوێن و خەبات پێشـەنگايەتييەكى شـايانيان بە دەسـتهێناوە كـە لــە وڵاتێكــەوە بــۆ يەكــى دى دەگــۆڕێــت، بــەڵام يــەك ڕەوت و ئاراســتەى بــەرەو پێشـەوەچوون كۆيـان دەكاتـەوە و خەباتـى ڕزگاريـى نيشـتمانيى كوردسـتانيش لەڕەوتـى كوردايەتـى پێشـكەوتنخوازدا، گەواهـى ئـەو پێگـە و ڕۆڵــەى كرێـكاران و ڕەنجدەرانـى كوردسـتانە. كرێـكاران و ڕەنجدەرانـى كوردسـتان ماكـى سـەرەكى شۆڕشـى كوردسـتان بـوون، بـە تايبەتيـش شۆڕشـى نوێـى گەلەكەمـان كە نوێ بـوو چونكە خەباتـى كۆمەڵايەتى و چينايەتـى ئاوێتـەى خەباتـى نەتەوەيـى كـرد و ڕەهەندێكـى قووڵـى كۆمەڵايەتيشـى دايـە كوردايەتـى كـە كوردايەتييەكـى موتوربەكـراو بێـت بـە خواسـتەكانى كـوردەوارى و چينـە چەوسـاوەكەى.

لـە كوردسـتانى ڕزگاريشـدا خەباتـى سـەنديكايى و سياسـيى بـۆ هێنانـەدى ئامانجەكانـى كرێـكاران، چ ئامانجـى بەرجەسـتەى تايبــەت بــە ژيــان و دەرفــەت و ژينگــەى كار و چ ئامانجـى دوورمـەوداى سـتراتيژى دادى كۆمەڵايەتى و يەكسـانى، لە ئەگـەرى تاودانەوەدايە، بەتايبەتـى كـە لـە هەنـاوى گەشـەى ئابـوورى و ئاوەدانـى ڕوو لە پێشـكەوتنى وڵاتەكەماندا، وەك هــەر گەشــەيەك، ماكــى خەباتێكــى كۆمەڵايەتــى و خۆســازدانەوەى كارگەرانيــش چاوەڕێ دەكرێـت.

هەڵبـەت ئـەم خەباتـە پێويسـتى بـە پاڵپشـتى سياسـيى هەيـە كـە يەكێتيى نيشـتمانيى كوردسـتان وەك سۆشياليسـتى ديموكرات و ئەندامى خێزانى سۆشياليسـت ئينتەرناسـيۆنال پاڵێوراوتريـن هێـزە بـۆ ئـەم پاڵپشـتييە چ لەبـەر بنەچـە فيكرييەكـەى و چ لەبـەر سـەنگى لـە حوكمڕانـى كوردسـتاندا. بۆنـەى يەكـى ئايـار وێـڕاى ئـەوەى وەبيرهێنانـەوەى هاوپشـتى جيهانييــە بــۆ خەباتــە كۆمەڵايەتييــەكان، وێستگەيەكيشــە كــە تێكۆشــەرانى يەكێتــى لــە هەمــوو ئاســتەكاندا هانبدرێــن ســتراتيژى (خانــوو و گەڕەكــە هەژارەكان)نيــان لــە بيــر بێـت، چونكـە ئـەوە بنكـەى فراوانـى جەماوەرێتـى يەكێتييـە لـە ململانێـى ديموكراسـى كوردسـتان و هەروەهـا ئـەوە ناسـنامەى سياسـيى و كۆمەلايەتـى ئـەم حزبـە و ڕێـرەوى ڕەسـەنى خەباتەكەشـێتى.

يەكـى ئايـارى ئەمسـاڵ هەقـە ببێتـە ئايـارى بووژاندنـەوەى خەباتـى سـەنديكايى و سياسـيى كرێـكاران و ڕەنجدەرانـى بـازوو، بـە پاڵپشـتى يەكێتيـى نيشـتمانيى كوردسـتان. يەكێتيـى ڕەنجدەرانـى بيـر و بـازوو. كـە وەرگـۆڕانـە قۆنـاغ بەقۆناغەكانـى مێـژووى ململانێى سياسـيى لـە جيهـان و وڵاتانـى مانەنـدى وڵاتانـى ئێمـەش كاريگەريـى لەسـەر شـێواز و دروشـمەكانى خەباتەكـە دانـاوە، بـەڵام ڕاسـتەڕێگەى نەگۆڕيـووە.

سـڵاو لـه شـﻪهیدانی ڕێبـازی خەبـات بـۆ مافەکانـی کرێـکاران و شـﻪهیدانی ڕێگـﻪی ڕزگاریـی کوردسـتان و نەمانـی چەوسـاندنەوە و ماکـی.

لـه یەکـی ئایـاردا، سـڵاو لـه کارگەرانـی کوردسـتان و جیهـان، سـڵاو لـه ڕاسـتەڕێی خەباتـی سـەندیکایی و سیاسـیی کرێکارانـی کوردسـتان.

٢٠١٢/٥/١

# سەربەخۆیی بڕیاری یەکێتی
# سەر بۆ کەس نەوی ناکات

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان قیبلەنومایەکی هەیە بۆ دەربڕینی هەڵوێستەکانی خۆی، بۆ دارشتنی سیاسەت و پیادەکردنی ئەو سیاسەتە، یەکێتی پێوەری خۆی هەیە بۆ دۆستایەتی و هاوپەیمانی کەجیایە لەپێوەری هەر حزب و بزووتنەوەیەکی تر. بڕیارو هەڵوێست و سیاسەتەکانی یەکێتی هەڵقوڵاوی بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن و بۆ هیچ ویست و داخوازییەکی غەیری بەرژەوەندیی میللی، ئەم کێوی هەڵوێست و بڕیارە لار نابێتەوە.

مەرجەعی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مەرجەعییەتی ڕێبازی سەرۆک مام جەلال-ە کەیەکێتی و یەکێتییەکانی لەسەر سەربەخۆیی بڕیارو هەڵوێست راهێناوە. لەدامەزراندنی ئەم یەکێتییەوە لەنێوان شەرق و غەربی دنیا، لەنێوان وڵاتانی ئیقلیمیدا هەمیشە ئیرادەی سەربەخۆیی بڕیار و هەڵوێست و کردار ناونیشانی کاروانی شۆڕشگێڕیی یەکێتی بووە.

ئەم یەکێتییە شەڕی چەند دەوڵەت و بەرپەرچی چەندین پیلان و غافڵگیری داوەتەوە کە ویستویانە لەم سەربەخۆییە بدەن و لەتۆنی دەنگ و رەنگی کەم بکەنەوە. یەکێتی نرخی خوێن و فرمێسکی داوە تا ئەم رێبازە سەربەخۆیەی مام جەلال و کوردایەتی پێشکەوتنخواز نەنەوێ و سەربگرێت و هەرواش ماوەتەوەو دەمێنێتەوە. یەکێتی جگە لەمەرجەعی مام جەلال و رەوتی خەباتی خۆی کەهەڵقوڵاوی پێویستییەکانی کوردستانن، هیچ کەس و هیچ لایەنێک بەمەرجەع نازانێ، سەرانی گۆڕانیش باش ئەم راستییە دەزانن، چونکە کە لەناو یەکێتیشدا ویستیان ئەم

مەرجەعییەتـە کرمـێ بکـەن، ژینگـەی سـەربەخۆخوازی یەکێتـی ئەفـرۆزەی کـردن و دەری کردنـە درەوەی ئـەم رێبـازەوە.

سـەربەخۆیی یەکێتـی لەبڕیـار و لەسیاسـەت و لەویسـتی هەڵبژاردنیشـدا، دەربـڕی پێویسـتی بەرژەوەندیـی خـواو خەڵـک و خاکـی کوردسـتانەو مـل بـۆ هاشوهوشـی گـۆڕان و هیـچ سیاسـەتێکی ملهوڕانـە نـادات.

یەکێتـی کـە سـەربەخۆیە، سـەربەخۆییەکەی گشـتگیرە، هەمـوولا و هەمـوو رەوتـەکان دەگرێتـەوە بـە رەوتـی روو لـە هەڵوەشـاوەی گۆڕانیشـەوە.

حزبـی شـەهیدە نەمـرەکان و فەرمانـدە ئازاکانـی نەبـەردی شۆڕشـی نـوێ و حزبـی مـام جـەلال کـە قەندیلێکـی مێژوویـیـە زۆر لـەوە گەورەتـرە گردێـک هەڵسـەنگاندنی بـۆ بـکات.

٢٠١٣/٩/١٨

# یەکێتی و یەکبوون

دە ساڵ پێش ئێستا کە یەکی شوبات قەوما یەکێتی‌و پارتی هێشتا تازە دەستوپەنجەیان لەگەڵ ناکۆکی‌و پێکەوە هەڵکردندا نەرم دەکرد، لق گەڕابۆوە سلێمانی‌و مەڵبەندیش گەڕابۆوە هەولێر، بەڵام هێشتا حکومەت دوو ئیدارەبوو، پەرلەمانیش یەک دانە بوو بەحیساب چاودێری هەردووکیانی دەکرد. یەکێتی‌و پارتی تەنها لەئاشتی‌و لەهەڵوێست بەرامبەر عیراقی دوای سەددامدا یەک بوون‌و یەک رابوون.

یەکی شوبات نەچووە ناو وردەکاری ناکۆکی یەکێتی‌و پارتییەوە، تیرۆر هەقی بەسەر دوو ئیدارەیی‌و دوو حزبی‌و دوو لق و مەڵبەندییەوە نییە، بۆیە بەنرخی گۆشت‌و خوێن، یەکێتی‌و پارتی‌و ئینجا کوردیشی یەکخست. کوردایەتی وەک چۆن بۆ هەموو شتێک نرخی خوێنی داوە بۆ قووڵکردنەوەی ئاشتی‌و یەکخستنەوەی ماڵی کوردیش خوێنی داوە، خوێنی پۆلێک سەرکردەو تێکۆشەرو کادری یەکێتی‌و پارتی، خەڵاتی ئاشتی لەوەوپاشی کوردستان بوو. ئاشتی کوردستان بەخوێنی هاوبەشی هەموولایەک چەسپاو ئەودوای دەستکەوتەکانی کوردایەتی مەعلومی گشت لایەکن.

دە ساڵ بەسەر یەکی شوباتدا دەڕوا، کوردستان پایەدارە، ئەگەر چی پڕە لەناکۆکی‌و دووبەرەکی، نها تیرۆر لەهەولێرو لەسلێمانی‌و لەکەرکوکیش دەقەومێت، دەشێ وەک جاران، وەک دەمی یەکی شوباتی ٢٠٠٤، لەبیرمان بێت کە تیرۆر لق‌و مەڵبەند، سلێمانی‌و هەولێر، کەرکوکی دەرەوەی هەرێم‌و هەرێمی دانپیانراویش ناناسێت.

حەوجە بەخوێنی تر ناکات. تا دەرسەکەی مێژوومان هەمیشە لەیادبێت: یەکێی‌و

یەکبـوون پاسـۆوردی بردنـەوەی گـرەون، یەکێتــیو یەکبـوون باعیسـی نەجاتـە.

تیـرۆری ترمـان نەگەرەکـە تائـەم وانەیـە دەوربکەینـەوە. یەکـی شـوباتێک بـۆ یەکێتــیو پارتــیو هەمـوو هێـزە کوردسـتانییەکانیش، بەسـە.

٢٠١٤/٢/٢

# هەرێمی کوردستان، پەرەسەندنی دراماتیکی

ماڵـی ناوخۆیـی کوردیـش پێویسـتی بەڕێکخسـتنەوەیەکە لەجۆرێکـی تـر. تـا پرۆسـە سیاسـییەکەی نۆرمـاڵ بێـت بـۆ کوردسـتان خـۆی و بەهێزیـش بێـت لـە رووبـەڕووی ململانێـی لەگـەڵ بەغـدادا.

لەنێـوان دوو هەڵبژاردنـی رابـردوودا چەنـد رووداوی دراماتیکـی قەومـان کـە تەگبیـری هێـزە سیاسـییەکانی لـەق کـرد. هەڵبژاردنـی ئەیلولـی ٢٠١٣ گۆڕانـی کـردە هێـزی دووەم لەکوردسـتان و هەڵبژاردنـی نیسـانی ٢٠١٤ یەکێتـی لـە هەرێـم کـردە هێـزی دووەم و لـە کەرکـوک یەکـەم و لەتێکـڕای عیراقیـش لەگـەڵ پارتـی پێشـبڕکێیەتی. لـە سـلێمانیش گـۆڕان بـە ویسـتی جەماوەریـی بـۆ ئاشـتی کۆمەڵایەتـی دەورە دراوە کـە نەیانهێشـتووە چێـژ لەئاکامەکـەی سـلێمانی وەربگرێـت.

ئـەم گۆڕانـە دراماتیکییـەی نێـوان دوو هەڵبـژاردن کاغەزەکانـی وا تێکـەڵ کـردووە موفـاوەزکاری هـەر لایەنێکـی سیاسـیی ناچـارە بـە راسـتە و پـڕگال بیپێـوێ، بـەش بـداو بـەش وەربگـرێ و لـەم دانوستاندنەشـدا وریـا بێـت لایەنـی سـێیەمی لـێ قیـت نەبێتـەوە کـە زیـزی بـکات یـان لێـی زیـز بێـت.

بێگومـان ئەگـەر ئیـرادەی گشـتی هەبێـت رێـگا بـۆ کردنـەوەی گـرێ ئاڵـۆزەکان و جیاکردنـەوەی کاغـەزەکان ئاسـان دەبێـت. بـەڵام لـە ئیـرادە گرنگتـر دۆزینـەوەی هیوایەکی هاوبەشـە کـە هەمـوو لایەنـەکان بزانـن پێکـەوە دەسـکەوتی حزبـی و نیشـتمانییان زیاتـرە تـا ئـەوەی بـە تەنهـا بیخـۆن بـێ ئـەوەی بتوانـن بـە ئیسـراحەت بیخـۆن. پێـرێ باسـی بەغدامـان کـرد و دوێنـێ لـە حەمریـن تـا بانـی مەقـان هاتیـن. ئەمـڕۆ بـا لـە سـلێمانییەوە

تـا مەسـیف تـەی بکەیـن.

لـە سـلێمانی: یەکێتـی و گـۆڕان لەبـەردەم واقیعێکـی نوێـدان کـە دەبـێ تەحەمولـی یەکتـری بکـەن، یەکتریـان قبـووڵ بێـت وەک ئـەوەی کـە هـەن، نـەک وەک ئـەوەی لـە یەکتـری دەخـوازن.

ئاشـتی کۆمەڵایەتـی ئەگـەر ویسـتی (هەڤـاڵان) و (هەڵسـوڕاوان)ی هـەردوولاش نەبـێ ئـەوا بۆتـە ویسـتێکی کۆمەڵایەتـی خەڵکـی سـلێمانی. ئیدارەدانـی سـلێمانی تەفاهوماتـی وردی دەوێـت تـا هــەردوولا لــە شـوێنی تــر بتوانـن سـەرقاڵی بەرنامــەی خۆیـان بـن. ئەگـەر گۆڕانـکاری باشـە بـا (گـۆڕان) بـۆ هەمـوو لایەکـی کوردسـتانی بەرێـت و ئەگەریـش (خۆشـگوزەرانی و ئارامـی) یـش چاکـە بـا یەکێتـی بـە هەمـوو لایەکـدا پەخشـی بـکات. یەکێتـی وزەی سـتراتیژێکی دوور مەودایـە و گۆڕانیـش بـا وزەکـەی لەململانێـی یەکێتیـدا قەتیـس نـەکات. چـی زۆرە نەیـاری دیکـە زۆرن، هێشـتا بێگانانـی دوژمنـی کـورد زیتـو زینـدوون و شـایانی ئـەوەن وزەی ململانێیـان تێـدا خـەرج بکرێـت.

ئەگەر ئاشـتی کۆمەڵایەتی لە سـلێمانی جێگیر بوو و دەرکەوت یەکێتی و گۆڕان هێشـتا بەشـی بنچـە هاوبەشـەکەی جارانیـان تێـدا مـاوە، ئـەوا لـە ئاسـتی هەرێمـدا دەتوانـن زۆر کاری هاوبـەش بکـەن، ئەگەریـش لەکـۆڕی سیاسـەتدا دەرکـەوت جیاوازییەکانـی ئێسـتایان لـە وەک یەکـی جارانیـان زیاتـرە ئـەوا هــەردوولا دەتوانـن بـە ئامـرازی جیاوازییەکانـی نێوانیـان و جیاوازییەکانیشـیان لەگـەڵ پارتـی، ململانێـی دیموکراتـی لـە ئاسـتی هەرێـم، لـە نـاو پەرلەمـان و لەنـاو ڕاڕەوەکانـی سیاسـەتدا دەوڵەمەنـد بکـەن.

یەکێتـی و پارتیـش دەبـێ تەجـاوزی ناکۆکـی چەنـد مانگـی ڕابـردووی خۆیـان بکـەن کـە بەهـۆی دەرکەوتەکانـی نێـوان هـەردوو هەڵبژاردنـەوە دروسـت بـوون. بەڵـێ وایـە زەمانـی ڕۆمانسـی ڕێککەوتنـی سـتراتیژی تێپـەڕی، بـەڵام کـێ دەڵـێ ئیدارەیەکـی باشـتری جیاوازییـەکان و ڕێککەوتـن لەسـەر خاڵە هاوبەشـەکان لە ئیلتزاماتـە توندەکانی ڕێککەوتنی سـتراتیژی بـۆ قۆناغـی داهاتـوو باشـتر نابێـت؟ هەمـوو کوردسـتان لـە دوورکەوتنـەوەی پەتـای شــەڕی ناوخـۆ قازانجـی کـردووە و ئێسـتاش قۆناغـی کەنالیزەکردنـی جیاوازییـە سیاسـییەکان هاتــووە. یەکێتــی و پارتــی و گــۆڕان و هێزەکانــی تریــش دەتوانــن دەسـتوپەنجە لەگـەڵ جیاوازییـەکان نـەرم بکـەن بـێ ئەوەی ئـەم جیاوازییانە سەربکێشـێت بـۆ لێکدابـڕان، هێـزەکان هـەر یەکەیـان لـە بوارێکـدا داشـی سـوارە و کـەس بـراوەی ڕەهـا نییـە، لـە شـوێنێک یارمەتـی دەوێ و لـە شـوێنێکی تـر یارمەتـی لـە دەسـت دێـت.

ئەمانـە ئەگـەر بخرێنـە جۆگەلـەی پێویسـتییەکانی قۆناغـی تـازەوە خێـر دەدەنـەوە

لەجێـی گـرژی و بـێ ئاسـۆیی.

پێکهاتــەی فرەیــی حکومەتــی هەرێــم دەتوانێــت ئیســفەنجی هەڵمژینێکــی چاکــی ناکۆکییــەکان بێـت و هەمـووان بخاتـە چـوار سـاڵی تـازەوە، کـە نـەوەک جـاران چـوار ساڵی گرژ بێت و نـە چـوار سـاڵی خـوازراوی ئارامـی بـێ حاسـڵیش بێت. بەڵکـو چـوار ساڵی کاری بـەردەوام و خزمەتـی هاوبـەش بێـت کـە گەڵاڵـەی بەرژەوەندییـە جیـاوازەکان بێـت.

ئەنجومەنـی پارێزگاکانیـش وەک حکومەتـی هاوبەشـی هەرێـم دەکرێ بـۆ هەمـووان بێـت و وێنەیەکـی بچوککـراوەی حکومەتـی داهاتـووی کوردسـتان لـە خـۆی نیشـان بـدات.

ئەمانە پێویستی کوردستانێکی بەهێزن کە زۆرانبازی لەگەڵ بەغدای پێبکرێت.

٢٠١٤/٥/١٤

# پێشبڕکێ بۆ یەکهەڵوێستی

بێگومان ڕێکخستنەوەی نێومالّی کوردی بە گوێرەی ئیستحقاقەکانی قۆناغی نوێ ڕەچەتەی سەرەکییە لە ڕابوونەوەی فاکتەری کوردستانیی لە هەمبەر فاکتەری بەغداییدا کە هێشتا خۆشی بە کوردستان نایە، بەلاّم بۆ پێکهاتنی حکومەتی داهاتوو کاری پێیەتی. بەهێزبوونەوەی کوردستان لە ململانێ لەگەڵ بەغدا پێویستی کوردە و لە دەست خودی کوردیشدایە. ئەم بە هێزبوونەوەیە خوێندنەوەی واقیعی گەرەکە بۆ چەمکی ئیستحقاق. چەمکی ئیستحقاق بریتییە لە هەردوو هەڵبژاردنی ئەیلول و نیسان، نەک بە تەنها یەکێکیان. هەر لایەک بەلای بەرواریێکدا دایشکاند مانای وایە تەنها ئەو لاپەڕانەی ڕۆژژمێر دەخوێنێتەوە کە بە دڵی خۆیەتی. دەبێ هەموو ڕۆژەکان، هەموو بەروارەکان و هەموو ڕەهەندەکان ببینین تا هەموو هێزەکان بەدڵنیاییەوە لە نەبەردی بەرەنگاربوونەوەی بەغدادا بەشدار ببن و پشتیان بە ڕەزامەندیی گشتی لە یەکدی قایم بێت.

هەموو دەزانین لە دە ساڵی ڕابردوودا بەغدا زۆری گرەوکرد لەسەر درزخستنە ناو هێزی کوردەوە تا لە هەمبەر یەکتریدا بەکاریان بێنێت، یان بە کەمترین تێچووەوە لە ململانێی نێوان هێزەکانی پایتەختدا کەڵکی لێوەر بگرێت. لەم گەمەیەدا سەرکەوتوو نەبوون، تەنانەت لەو کاتەی بەغدا خۆی لە نێوان مالکی و نوجێفی دا بووە دوو کەرتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو هێزی کورد لە یەکتری ڕازی بوو، جۆرێک لە هاوسەنگی لە سیاسەت و کاردانەوە بەدی دەکرا. کەرتبوونی مالکی و نوجێفی نەیتوانی لە ئاستی کوردیدا کەرتبوونی تاڵەبانی و بارزانی بە دوای

خۆیـدا بهێنێـت. ئەمجـارەش بەغـدا گـرەوی وای دەوێـت و ئەمجـارەش گەرەکـە کـورد ڕێـی پـێ نـەدات. بێگومـان ئـەم ڕێگرتنـەش بـەو ڕەزامەندییـە گشـتییە دێتـەدی کـە لـە دابەشـکردنی ئیسـتحقاقەکاندا مەیسـەر دەبێت. بـەڵام لـەوەش گرنگتـر بەوە دێتـە دی هیچ هێزێـک ئەندێشـەی خـۆی زاڵ نـەکات بەسـەر ئەندێشـەی ئەوانـی تـر و کـەس سیاسـەت و هەڵوێسـتەکان بـەو ئاراسـتەیە نەبـات کـە یەکتـری ناچـار بکـەن یـەک ڕێگەیـان لەبەردەمـدا بێـت. گەرەکـە پێـش گەیاندنـی پـرس و هەڵوێسـتەکان بـە خاڵـی هەسـتیاری بڕیاردانـی یەکلاکـەرەوە هەمـوو لایەنـەکان بەشـداربن لـە گەڵاڵەکردنـی هەڵوێسـت و بڕیارەکانـدا بـۆ ئـەوەی هەمـووان بـە سیاسـەتی خۆیانـی بزانـن و هەمـووان داکۆکـی لێبکـەن. سیاسـەتی کوردسـتانی لـە قۆناغـی داهاتـوودا بـۆ ئـەوەی ڕمێـن بـۆ هێـزی نەتەوەیـی کـورد پەیـدا بـکات گرنگـە قۆناغـی پێشـبڕکێی هەڵوێسـتەکان تەجـاوز بـکات و بچێتـە سـەر پێشـبڕکێی هەڵوێسـتی هاوبـەش کـە کـوڵاو و قاڵبـووی فلتـەری بڕیـاری جەماعـی بێـت تـا ڕێـژەی هەڵـە و گریمانـەی کاردانـەوەی ئینفیعالـی تێدا کـەم بێـت و لـە نزمتریـن ئاسـتدا گەمارۆ بدرێـت.

سیاسـەتی کوردسـتانیی لەگـەڵ دابینکردنـی ئیسـتحقاقەکانی هەموولایەنێکدا دەکەوێتـە بـەردەم واقیعـی چارەنووسسـاز و قورسـەوە لەگـەڵ بەغـدا کـە ئـەم واقیعـەش بڕیـاری ژیـر و سـەنگینی دەوێـت، بڕیـار گەلێـک تاڵەمـووی نەبینـراوی نێـوان شۆڕشـگێڕێتی و سـەرچڵی بدۆزێتـەوە.

تەنهـا بڕیـاری دەسـتەجەمعی، گەڵاڵەکـراوی نێـوان هێـزە سـەرەکییەکان و هەڵقـووڵاوی پێویسـتییەکانی قۆناغەکـە، دوور لـە گیانـی پێشـبڕکێی هەڵوێسـتەکان، دەتوانێـت ڕێگـە لـە نیـازی بەغـدا بـۆ درزخسـتنە نێـو یەکڕیزیـی کـوردەوە بگرێـت و ئیرادەی یەکهەڵوێسـتی کـورد بەسـەر بەغـدای داهاتـوودا سـەربخات. ئەزموونـی چەنـد سـاڵی ڕابـردوو لـە چەنـد دۆسـێ و چەنـد وێسـتگەیەکدا، دروسـتی ئـەم بانگـەوازە دەسـەلمێنێت. کوردسـتانی بەهێـز لـە بەرامبـەر بەغـدا ئـەو کوردسـتانەیە لایەنەکانـی پێشـبڕکێ دەکـەن لەسـەر داکۆکیکـردن لەیەکهەڵوێسـتی ڕاسـت و چارەنووسسـاز، نـەک پێشـبڕکێ بکـەن لەسـەر پێشـدانەوەی یەکتـری لـەم هەڵوێسـت و ئـەو هەڵوێسـتی جیـاوازدا.

٢٠١٤/٥/١٥

# حکومەتی نوێ لەهەلومەرجێکی نوێدا

دوێنێ حکومەتی تازەی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد و لەمڕۆوە دەست بە کاروبارەکانی خۆی دەکات.

کابینەی نوێی حکومەت لەسەرکردایەتی و لەبەشێکی زۆری وەزیرەکانیشدا گەنجانەیە، هەروەها خەسڵەتی ئەوەی تێدایە کە هەموو هێزە براوەکانی سەرگۆڕەپانی سیاسیی تێیدا بەشدارن، بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆن و هێزی سەرەکییان، بزووتنەوەی گۆڕان، ئەم دیاردە تازەیە وەک هەر دیاردەیەک لایەنی چاک و خراپی تێدایە. خراپەکەی یەک خاڵە کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی نامێنێ، ئەمەش دەکرێ بە تەکنیکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی لەسەر بابەتی دیاریکراو چارەسەر بکرێت، واتا فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لە جووڵەی بەردەوامدابن و هەر دەستەیەک لە هەر فراکسیۆنێک یەک بگرن بۆ پشتگیری لەدۆسێیەکی دیاریکراو، یان پێشگیری لەدۆسێیەکی تر کە دێتە پەرلەمان. بزاڤێکی وا دەکرێ بازێکی چۆنایەتیش بێت لە تەجرەبەی حوکمڕانی کوردستانیدا.

لایەنە باشەکانی ئەوەیە، ئۆپۆزسیۆن ئاشنای ڕاڕەوەکانی حوکمڕانی دەبێت. ڕاستە یەکگرتوو و کۆمەڵ پێشتر لەکابینەکانی تردا هەبوون، ڕاستە وەزیری گۆڕان هەن کە پێشتریش بەناونیشانی وەزیری یەکێتی تەجرەبەی حوکمڕانییان هەیە.

بەڵام ئەم بەشدارییەیان وەک ڕەوتێکی سیاسیی کە هەر سێکیان تێبینیان لەسەر شێوەی حوکمڕانی هەبوو، دەرفەتێکی نوێیە بۆ ئەزموون، گیروگرفتەکانی حوکمڕانیان دەخاتە پێش و ئاوێتەیەک لە ڕەخنەی پێشوو و واقیعی حاڵی ئەمڕۆ دروست دەبێت. ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان گواستنەوەی ململانێ توندوتیژەکانی ناو گۆڕەپانی

سیاسـییه بـۆ ململانێـی نـەرم و شـێنەیی و پێشـبڕکێی بەکەڵکـی نـاو دامودەزگاکانـی حوکمڕانـی. داخـۆ دەبـێ یەکێتـی و پارتـی چـۆن لەگـەڵ ئـەم دەرکەوتـە نوێیـە مامەڵـە بکـەن؟ گۆڕانیـش هـەروا پرسـیاری ئـەوەی لێدەکرێت چـۆن دەتوانێت ئاوێتەبوونێکـی وا دروسـت بـکات تـا سـەرەنجام بەهەمـووان تەجرەبـەی کوردسـتانیی ئەبدەیت و دەوڵەمەنـد بکـەن.

حکومەتـی تـازە پرۆڤەیەکـی تازەشـە لەسـەر پێکـەوە هەڵکردنـی جیـاوازە سیاسـییەکان لەنـاو یـەک دامـودەزگای گشـتییدا، داخـۆ کـێ لەگـەڵ کـێ هاوپەیمـان و کـی لەگـەڵ کـێ نەیـار دەبێـت و کێـش دەتوانێـت دۆخەکـە بـەرەو یـەک تیمـی بەرێـت؟ مەعلومـە لەمـەدا هـەم سـەرۆکایەتیی حکومـەت گـرەوی لەسـەرە و هەمیـش کەشـوهەوای سیاسـیی نـوێ لـە کوردسـتان کـە لـە هەڵوێسـتی نیشـتمانیدا یەکمـان بخـات و جیاوازییەکانیشـمان کەنالیـزە بـکات، تاوەکـو ئەمـەش لـە سـەرکەوتنی حکومەتـدا رەنـگ بداتـەوە. بەمـەش قەرەبـووی دواکەوتنـی پێکهاتنـی حکومـەت بـۆ خەڵکـی کوردسـتان دەکرێتـەوە.

پیرۆزە کابینەی بنکەفراوان لەحزبەکانی حوکمڕان و لە حزبە تازەکانی حوکمڕانیش. بەرەو جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن.

٢٠١٤/٦/١٩

# دروشمی (جێبەجێکردنی دەستوور یان راپرسی) بۆ قۆناغی دوای داعشیش دەست دەدات

لە رارەوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و لە سەکۆکانی میدیاشەوە باسی ئەگەری دەوڵەتی کوردستان، بە قبووڵکردن و رەتکردنەوە، دەکرێت. هەر نێوەندێکی جیهان خۆی بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە بەردەم ئەم ئەگەرە هەڵگرتووەو سیناریۆی جیاجیای مامەڵە لەگەڵ عیراقی دابەشکراو بۆ سێ دەوڵەت، کە یەکیان هی کوردستان دەبێت، تاوتوێ دەکەن. لە پەنا ئەم ئەندێشەیەشدا کە سیناریۆی قبووڵکردن و رەتکردنەوەی بۆ گەڵاڵە دەکرێ هەموو ئەم ناوەندانە چاویان بڕیووەتە سەر پرۆسەی سیاسیی بەغدا کە داخۆ دوا چانسی مانەوەی عیراق چۆن تاقیدەکرێتەوە؟ هیچ کام لەوانەی ئەگەرو نەگەرەکانی دابەشکردنی وڵات تاوتوێ دەکەن، ئیشی خۆیان لەگەڵ ئەم عیراقەی ئێستا هەیە، لەسەر ئەوی دەشێ بۆی بڕوا، پەک ناخەن. کوردیش کە پەیوەندیدارە بە ئەگەری دەوڵەتی کوردستان و لایەنێکیشە لە ململانێکانی عیراق ئیشی خۆی لە بەغدا لەسەر داهاتوو پەک ناخات. شەرع شەرمی نییە، زەمینەی دەوڵەت کە هات کوردستان ئاوی لێ ناخواتەوە، تا چۆرێک لە سیاسەتی عیراق ماوە دەبێ بەشی ئێمەی تێدابێت و ئەو بەشە هەر دەشێ فیدراڵی و دەستووری و ساغبوونەوەی سنووری کوردستانی دابڕێنراو بێت.

لەسەر ئەم بنچینەیە چوونە بەغدای کوردستانییان (لە لیستەکانی یەکێتی، پارتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) بۆ کۆبوونەوەی کراوەی نوێنەران کارێکی راستەو بەشداری لە تەگبیرەکانی حکومەتی داهاتوو رێگایەکە لە سیاسەت و بێ ئەوە ئاگاداری کەینوبەینەکانی بەغدا نابین.

پێش داعش و پەرەسەندنەکانی گرمۆڵەبوونی سوپای مالکی لە شریتی ناوچەی سوننیدا، ئەم بژاردەیەش راست بوو، پێش بەرواری (٦/٩) کە داعش موسڵی گرت، بەرواری هەڵبژاردنی گشتی هەبوو لەعیراق (٤/٣٠) کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەم هەڵبژاردنەی لەژێر دروشمی (جێبەجێکردنی دەستوور یان راپرسی گەل) تاودا. ئەم دروشمە بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەش دەست دەدات کە باسی دابەشکردنی عیراق دەکرێ و لە هەمانکاتیشدا لە بەغدا ناکۆکەکانی شیعە و سوننەو کورد خەریکن بەرگی حکومەتی تازەو پۆستەکانی دەدورن.

ئەم دروشمە لەگەڵ ویستی مێژوویی مافی چارەنووسیشدا دەگونجێت کە یەکێتی لە شۆڕشی نوێدا هەڵیگرت و لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ تا راپرسی دەستوور لە ٢٠٠٥ لە چێوەی فیدراڵیدا قۆناغێکی چەسپاندو ئێستاش لە دووڕیانێکدایە، یان ئەوەیە:

- دەستوور جێبەجێ دەکرێت کە دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان دەناسێنێ، سنوورەکانی بەپێی نەخشەرێی مادەی ١٤٠ دیاری دەکات و شەراکەت لە سامان و دەسەڵات و هێزدا دابین دەکات، یاخود:

راپرسی لەسەر چارەنووس دەکاتە واقیعێکی بەرجەستە.

کات و ساتی هەڵگرتنی ئەم دروشمە کە زەمەنی خۆشی و شادی هەڵبژاردنەکانی نیسانی رابردووە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی قسەی کوردستان لەسەر قبووڵنەکردنی رەوشی عیراق، بەوجۆرەی تا ئێستا بەڕێوەبراوە قسەیەکی تازە نییە کە لەئەنجامی قۆستنەوەی دۆخی داعشەوە هاتبێتە ئاراوە، وەک هەندێک لە رەوت و خەڵکی شۆڤێنیست وێنای دەکەن.

ئەمە قۆستنەوەی واقیعی دوای (٦/٩) نییە، بەڵکو ئەمە پابەندبوونە بە مەسەلەیەکی مەبدەئی کە یان ئەوەیە وانەی رابردوو ببێتە وانەی گەورە بۆ هەمووان کە فەرامۆشی رێی دەستوور درز دەخاتەوەو درزیش ماکی تیرۆری داعش ئاسایە، یاخود ئەوەیە کە دەستوور جێبەجێ نابێت کێشەکان هەو دەکەن و سەد داعشی تر قووت دەبنەوە و سەرەنجام ئەوە دەقەومێت کە نێوەندەکانی کەشناسی سیاسیی لە دنیاو ئێقلیمەکەشماندا پێشبینی دەکەن: دەوڵەتێکی دابەشکراو بۆ سێ دەوڵەت. کورد بۆ ئەمەش دیفاکتۆی نەسەپاندووە، بەڵکو دەڵێ راپرسی کە رێیەکی نەرم و نیانی بڕیاردانە بێ خوێن و فرمێسک و داعش.

٢٠١٤/٧/٢

# چوار "پ"ەکە

کێشـەکانی بەغـدا و کوردسـتان جارێکـی تـر هاتوونەتـەوە سـەر مێـزی گفتوگۆکـردن، بۆیـە گرنگـە هەمـوو لایـەک وەبیرمـان بێـت جەوهـەری کێشـەکان چیـن؟.

جەوهەری کێشەکان لەسەر چوار «پ» وەستاون:

- پـاوەر: واتـا هێـز، هێـزی سـەربازی چـۆن ڕێکدەخرێـت؟ چـۆن پێشـمەرگە ببێتـە بەشـێک لـە مەنزومـەی دیفاعـی عیـراق، بەجۆرێـک تایبەتمەنـدی بپارێـزرێ، چـەکو جبەخانـەو تەقەمەنـی دابیـن بکرێـتو کـورد بەشـداربێت لـە پرۆسـەی بڕیـاری سـەربازی لـە عیراقـدا؟.

- پـارە: واتـا توانـای دارایـی لـە نێـوان حکومەتـی ئیتحـادیو حکومەتـی هەرێـم، «لـە ئایندەشـدا حکومەتـە هەرێمییەکانـی باشـوور و ناوەڕاسـتی عیـراق»، یاسـای نـەوتو گاز کـە توانـای دارایـی دابیـن دەکـەنو بودجـەو مووچـەی کوردسـتان مسـۆگەر دەکـەن.

-پانتایـی: واتـا پانتایـی هەرێمـی کوردسـتان بـە جۆرێـک هەمـوو کوردسـتانی مێژوویـی بگرێتـەوە کـە بریتییـە لـە یەکلایـی کردنـەوەی چارەنووسـی ناوچـە جێناکۆکـەکان لـە چوارچێـوەی مـادەی ١٤٠ لـە دەسـتووری وڵاتـدا.

- پایـەداری: واتـا هەژمـوونو دەسـەڵاتی سیاسـیو چۆنێتـی دابەشـکردنی لـە نێـوان حکومەتـی ئیتحـادیو حکومەتـی کوردسـتاندا چۆنێتـی دابینکردنـی شـەراکەتی راسـتەقینە لـە گەڵاڵـەی بڕیـارو جێبەجێکردنیـدا؟.

ئـەم چـوار «پ»ە بنچینـەن بـۆ هـەر دانوسـتاندنێکی راسـتەقینە کـە دەتوانێـت

ئایندەی پێکەوەیی بۆ عیراق و کوردستانیش مسۆگەر بکات.

ئەم چوار «پ» یەن کە دەتوانین لە سایەی چارەسەرکردنیدا بە کەماڵی ئیسراحەت بژینو دوارۆژمان گەشەبێت.

٢٠١٦/٩/٣-٢

# یادەکان لە سلێمانی و هەولێر

خیتابی رەسمیو نارەسمی میدیاکانی لە هەولێرن، نێوەندی سیاسیی زاڵ لە پایتەختی کوردستان، هەفتەیەکە یادی خۆپیشاندانی بەلاڕێدا براوی ساڵی پار، یادی سووتاندنی بارەگاکانو هێنانە خوارەوەی ئاڵای حزبەکان دەکەنەوە.

خیتابی رەسمیو نارەسمی میدیاکانی لە سلێمانین، نێوەندی سیاسیی زاڵی هەر چوار حزبەکە لە پایتەختی رۆشنبیری کوردستاندا هەفتەیەکە یادی داخستنی پەرلەمانو دەرکردنی سەرۆکەکەی دەکەنەوە.

یادی ئێرە بۆ ئیدانەکردنی پەکخستنی کاری چاودێریو یاسادارێژی دامەزراوەی هەرە بەرزی حوکمڕانییە لە هەموو وڵاتێکدا بخوازێت بە دیموکراسیی بناسرێت. سەیر لەوەدایە رووداوی داخستنی پەرلەمان لە هەولێر قەوماوە کەچی لە سلێمانی یادی دەکرێتەوە. بارەگا سووتاندنیش لە سنووری پارێزگای سلێمانی قەوماوە کەچی لە هەولێر یادی دەکرێتەوە. یانی هەر کەسەو لەیلای خۆی دەلاوێنێتەوەو خەمی لەیلای خەڵکی تری نییە.

هەتا ئێمە ئاوا یادکردنەوەکانمان دابەش بکەین ناتوانین بۆ ئایندە یەکێتی و یەکڕیزی بەدیبهێنین.

ئەگەر قەرواره دەستپێک هەبێ بۆ ئایندەی ئاشتیو پێکەوەیی گرنگە پێکەوە یادەکانمان لە شوێنی قەومانی خۆیان بکەینەوە.

١٤-١٥/١٠/٢٠١٦

# ترەمپ لە ویستی کورد دا

لـە سـاڵی ١٩٩١ ەوە کـورد بەرخـورد لەگـەڵ هەڵبژاردنـی ئەمریـکا دەکات، یانـی لـەو بـەروارەی بـوو بـە خاوەنـی بسـتە خاکێکـی رزگاربـووی خـۆی لـە ناوچـەی پرۆڤایـد کۆمپفـۆرد، تەنهـا لەبەرئـەوەی بوشـی بـاوک لـە دوژمنـی کـورد، سـەددام حسـێنی دا، کـورد نـاوی حاجـی بوشـیان لێنـا، ئەگەرچـی بـوش خـۆی لـە بانگەوازی راپەڕیـن بێبـەری کـرد، بـەڵام مـادام سـەرۆکی ئـەو کاتـە دژی سـەددام بـوو، کەواتـە هـەر دەبـێ دۆسـتی کوردسـتان بێـت!.

هەشـت سـاڵ حوکمـی کلینتۆنیـش (١٩٩٣-٢٠٠١) پاراسـتنی کوردسـتانو هەوڵـی ناوبژیوانـی کـورد تـا رێکەوتنـی واشـنتۆن، دەسـتکەوتی جێگیرکردنـی زۆنـی رزگاریـی کوردسـتان بـوو، کـە بوشـی کـوڕ هـات هـەم کارەکانـی باوکـی تەواوکـرد لـە خسـتنی سـەددامو هەمیـش پێشـمەرگەی کـردە هاوپەیمانیـی دژە تیـرۆرو رزگارکردنـی عیـراق لـە مـاوەی (٢٠٠١-٢٠٠٩)دا، ئـەوەی کـورد لـە نەوەدەکانـی سـەدەی رابـردوو لـە دوای جەنگـی بوشـی بـاوک بـۆ دەرکردنـی سـەدام لـە کوێـت بەدەسـتیهێنا، لەسـەردەمی بوشـی کـوڕدا لـە دەسـتوور چەسـپاندمان.

لەسـەر مـاوەی سـەرۆکایەتیی ئۆبامـا (٢٠٠٩-٢٠١٧) قسـەناکەین، چونکـە زەمـی رابردوو خراپـە، بـەڵام لـە دوو سـاڵی دوایـی پـاش دروسـتبوونی داعـش، پێشـمەرگە جارێکـی تـر بـۆوە بـە هاوپەیمانیـی ئەمریـکا لەبەرامبـەر تیـرۆردا، وا زەمانـی سـەرۆک ترەمپیـش دەسـتپێدەکات کـە یـەک دوو لێدوانـی لەسـەر کـورد هەیـەو دیارنییـە سندوقە رەشـەکە چـی لـە بـن سـەردایە؟.

هەمــوو دەوڵەتانــی دنیــا چاوەڕێــی شــت دەکــەن لــە ترەمــپ، کوردیــش ئەگەرچــی دەوڵەتــی نییــە، بــەڵام وڵاتــی هەیــەو داوای هەیــە.

ویســتی کــورد لەوەدایــە پشــتیوانی رابوونــەوەی کــورد لــە ســێ بەشــی باشــوور و باکــوور و رۆژئاڤــادا زیــاد بکرێــت، بــەڵام هەڵوێســتی ئەمریــکا لــە ئاســت کــورد پەیوەستیشــە بــە هەڵوێســتی ئەمریــکا لەبەرامبــەر پایتەختەکانــی ئــەو وڵاتانــەی ئــەو ســێ بەشــەی کوردســتانیان بەخۆیانــەوە گرێــداوە.

لــە باکــوور کــورد خوازیــارە ترەمــپ پشــتی هەدەپــە بگــرێو پەکەکــەش بــۆ ناســینو ناســاندن بــە کۆمەڵــی نێودەوڵەتــی ئامــادە بــکات.

-لە رۆژئاڤا کورد خوازیاری پشتیوانییە لە کانتۆنە روو لە فیدراڵییەکانی.

-لە باشووریش کورد خوازیاری چەند پشتیوانییەکە:

یەکــەم: پشــتیوانی دیموکراســی ناوخۆیــی لــە کوردســتانو ژیاندنــەوەی دامەزراوەکانــی حوکمڕانــی.

دووەم: پشــتیوانی لــە ســەنگی کوردســتان لەهــەر رێککەوتنێکــی تــازە لەگــەڵ بەغــداو ویســتی ریفرانــدۆم.

هەمــوو ئەمانــەش گرێــدراوە بــە چاککردنــی گــوزەرانو ژیانــی خەڵکــەوە، وەک ئەرکێکــی خۆماڵــی حوکمڕانــی کوردســتان.

ئەمانــە ویســتی کــوردن لــە ترەمــپ، بــەڵام ئــەم ویســتانە پەیوەســتی خاوەندارێتــی کــوردە لــە مەســەلەکانی خــۆیو پەیوەســتی ئەولەویەتەکانــی ســەرۆک ترەمپــە لــە رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا. تــا ئــەم ویســتە کوردییــە کارا دەبێــتو ئەولەویاتەکانــی ترەمــپ روون دەبێتــەوە، دەبــێ چاوەڕێــی ســاڵی داهاتــوو بیــن.

٢٠١٦/١١/١٠

# ٢٠١٧ چۆن دەبێت؟

ساڵی تازە بەڕێوەیە. ئێمە چۆن بەتەماین لەگەڵ ئەم ساڵە تازەیەدا بەرخورد بکەین؟ هەروەکو ئەمساڵی تەنگژەو ساڵی سەرەتای تەنگژەو ساڵانی بێ پەروایی‌و بێ باکیمان لە ئایندە بەڕێی دەکەین‌و هیچ پرسیاری لەسەر ناکەین‌و جوابی هیچ پرسیارێکی نادەینەوە؟

ساڵی داهاتوو ساڵی داڕزانی زیاتری دۆخی وڵاتو قەڵەوبوونی تەنگژە هەمەلایەنەکەمان دەبێت، یان سەرەتای چارەسەری‌و پێدراوی گەشبینانەیە؟

ئێمە خۆمان تەنگژەکە چارەسەر دەکەین، یان هیوامان بە دەرەوەی خۆمانە، بەغدا یان ئەمریکاو کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەیە کە بۆمان چارەسەر بکەن؟ بە قەدەرو بە ڕۆژو ڕێککەوتی دەسپێرین یان گەرەکمانە بە خشتەو ئەجێنداوە لێی ورد بینەوە؟ ئەم پرسیارانە بۆ هەموو میللەتێک و بۆ هەموو وڵاتێک ڕەوایە، بەڵام بۆ کوردستان ڕەوایەو ناچارییەو بێجگە لە کردنی ئەم پرسیارانە و هەندێکی تریش هیچ شتێک خۆڕسکانەو ئاگامان ناهێنێتەوە.

ساڵی ٢٠١٧ ساڵی ڕاستبوونەوەی گوزەرانی خەڵک دەبێت یان وەک خۆی مانەوەی‌و خراپتر بوونی؟ ساڵی داهاتوو ئەولەویەت دەدەین بە پرسی چارەنووس‌و سەربەخۆیی، یان پرسی ڕۆژانەو گوزەران؟

بایەخمان بەوە دەبێت ئابووری سەربەخۆ بکەینە ئەلتەرناتیڤی هەموو شتێک، یان پلەیەک گێڕ دەگۆڕین بۆ هەلومەرجێکی باشتر؟ ئەولەویەت بۆ سیاسەت یان ڕیاسەت؟ بۆ دیموکراسیی یان نان‌و هەرمان دەبێت؟ ئەم پرسیارە گشتیانە بۆ

سیاسـەتی رەسـمی کوردسـتانی، بـۆ دامودەزگاکانـی دەوڵـەت لـە هەرێـمو بـۆ حزبـە دەربەسـتەکانی وڵاتـە. هەروەهـا بـۆ حکومەتـی عیراقیشـە ئەگـەر تۆزقاڵێـک ئومێـدی بـە چارەسـەری نێـوانو بـە مانـەوەی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عیراقـدا مـاوە.

ئـەدی هـەر تاکێکـی کۆمـەڵو هـەر خێزانێـک بڕیـاری داوەو قەراریـان چییـە بـۆ سـاڵی داهاتـوو؟ ئەوانیـش دۆخـی خۆیـان پەیوەسـتی دۆخـی گشـتیی وڵات دەکـەن و لەگـەڵ هەمـووان بیـر لـە داهاتـوو دەکەنـەوە، یـان هـەر یەکێـک دەستپێشـخەر دەبـێو تولەڕێـی چارەسـەرو مینـی چارەسـەر دەدۆزێتـەوە، لـەوەش گرنگتـر چارەسـەرە کەسـیو بچووکـەکان لەنێـوان یەکتـردا پێکـدا دەدەن یـان دەبنـە چارەسـەرێکی گشـتی و پێکـەوە وێنـە گشـتییەکەی کوردسـتانێکی تـازەی روو لـە بوژاندنـەوە پێکدێنـن؟

ئـەم نووسـینە هەمـووی پرسـیار بـوو، بـا لاپەڕەکانـی سـاڵی ٢٠١٧ پـڕ بکەیـن لـە وەڵامـی شـایان!

٢٠١٦/١١/١٢-١١

# بێهودەیی مەدەنی

بێهودەیـی شـتێک نییـە هـەر تووشـی شـاعیروئەدیبەکان، یـان دەسـەڵاتە سیاسـییە چەقبەسـتووەکان دەبێتـەوە. بەڵکـو هەندێـک جاریـش تووشـی چالاکییـە مەدەنییـەکانو ڕێکخراوەکانـی ئـەم بـوارەش دەبێتـەوە. نموونـەی ئەمـە چالاکـی مەدەنـی مامۆسـتایانی ناڕازی کەرکوکـە کـە داوا دەکـەن مووچەکانیـان بگوازرێتـەوە سـەر وەزارەتـی پـەروەردەی حکومەتـی عیـراق، ئـەو مامۆسـتایانە نوێنەرایەتـی تەیفێـک لـە مامۆسـتایانی ماندوونەناسو تێکۆشـەر دەکـەن کـە دوای پرۆسـەی ڕزگاریـی عیـراق گەڕاونەتـەوە شـاری خۆیـانو لـە خۆبردووانـە دەسـتیان کـرد بـە پرۆسـەی بـە کـوردی کردنـی خوێنـدن لـە پـەروەردەی کەرکـوکو خوێندنگەکانـی. مووچەیـان لەسـەر هەرێـمو کارەکەیـان لـە کەرکـوک بـوو. ڕەوشـی دارایـی وەک مووچـەی هەرێمـی بڕیـوە، مووچـەی ئەوانیشـی بڕیـوە. بـە جۆرێـک هاوپیشـەکانیان لـە کـوردو عـەرەبو تورکمانـی کەرکـوک کـە سـەر بـە ئیـدارەی کەرکـوکو وەزارەتـی پـەروەردەی عیراقـن، مووچـە وەردەگـرنو ئەمانـە وەرینـاگـرن. ئەمـەش هیـچ نییـە جگـە لـە نادادپـەروەریو زوڵمـی زۆر کـە دەچێتـە پـاڵ زوڵـمو زۆری چەندیـن دەیـە بەرامبـەر مامۆسـتای کەرکوکـی.

هـۆکاری ئـەم دۆخـە نالەبـارە، نالەبـاری دۆخـی دارایـی هەرێمـە بەهـۆی نالەبـاری سیاسـەتی بەغدایـە بەرامبـەر بـە هەرێـمو نالەبـاری سیاسـەتی هەرێـم بەرامبـەر خـۆی، چونکـە نەیتوانیـووە تەگبیـری پێشـوەخت وەربگرێـت. هەروەهـا هـۆکاری سـەرەکییش لـە جوگرافیـای کەرکوکـدا سیاسـەتی تەعریبـە کـە وایکـردووە مامۆسـتای کـورد ئـاوارە بـێو تەنانـەت بەغـدای ئەمـڕۆش لـە جیاتـی قەرەبووکردنـەوە بـە شـێوازی بیرۆکراتـیو

مەسـلەکی ئیـداری لەگـەڵ لـە خۆبوردوویـی مامۆسـتایانی کەرکـوک مامەڵـە دەکات.

بـەڵام بـەو حاڵەشـەوە کۆششـی مامۆسـتایانی کەرکـوک بـۆ خـۆ جیاکردنـەوە لـە چارەنووسـی مامۆسـتایانی هەرێـم کۆششـێکی بـاش نییـەو سـەرکەوتووش نابـن لـە جێبەجێکردنـی.

لـەم ڕۆژانـەدا وەفدێکـی مامۆسـتایانی نـاڕازی، کـە پێدەچێـت گـۆڕان بـن، سـەردانی سـەرۆکی پەرلەمـانو جێگـری سـەرۆکی ئەنجومەنـی نوێنەرانیـان کـرد لـە سـلێمانی. بـۆ دووپاتکردنـەوەی داوای گواسـتنەوەی راژەو مووچەکانیـان بـۆ سـەر بەغدا. شـتی وا ئەگـەر ببـێ کارێکـی باشـە، بـەڵام کـە نابـێ هـۆکاری خـۆی هەیـەو پەیوەسـتی دیـدی شـۆڤێنی وەزارەتـی پـەروەردەی عیراقـە، کـە وەکـو ناوچەی (مەترسـیداری سیاسـیی) مامەڵـە لەگـەڵ دۆخـی پـەروەردەی کەرکـوک دەکاتو بـە بەشـێک لـە زۆنـی تەعریبـی دەزانێـت. بـە ئاسانی مـل نـادات بـۆ دامەزراندنـی ئاسایی فەرمانبـەری کـورد لـە کەرکـوک، چ جـای ئـەوەی گروپێـک لـە مامۆسـتای بەهەڵوێسـتی خوازیـاری خوێندنـی کـوردی بگوازێتـەوە بـۆ کەرکـوک.

ئەسڵی دۆسـێکەی مامۆسـتایانی کەرکـوک پەیوەسـتی مەسـەلەی سیاسـیی کەرکـوکو گەڕانەوەیەتـی بـۆ سـەر هەرێـم، بۆیـە کارێکـی چـاک نییـە مامۆسـتایانی نـاڕازی خۆیـان لـە دژواری هەرێـم جیـا دەکەنـەوە.

چارەنـووس یـەک چارەنووسـە، بۆ مامۆسـتایانی نارازی سـلێمانیو ئەوانـەی کەرکوکیش. چارەنـووس یـەک چارەنووسـە بـۆ هەرێـمو بـۆ کەرکوکیـش کـە چارەنووسـی کوردسـتانی جنوبییـە. لەبـەر ئـەوە بەغـدا هەرگیـز رازی نابـێ، وەکـو رازی نابـێ بـا مامۆسـتایانی کەرکـوک دۆسـێکەیان لەگـەڵ ئـەوەی هەرێـم بهێڵنـەوە باشـترە.

١٨-١٩/١١/٢٠١٦

# بۆ کوردستانی بکەین

دەریچەیەک هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی نێوان لایەنەکان، دوا راگەیەنراوی بەڕێز مەسعود بارزانی ئەم دەریچەیەی کردۆتەوە.

ئەوی بە دڵێتیو ئەوی تێبینی لەسەری هەیە دەتوانێ ئەم دەریچەیە بکاتە دەروازەی گەرمکردنەوەی گفتوگۆ بۆ ئەوەی قەیرانەکە روو لە ماڵی ئاوەدانی رێککەوتنو چارەسەری بکات.

ئەوی تێبینی هەیە تێبینییەکانی هەقە بهێنێتە نێو کۆبوونەوەو سەکۆی چارەسەر، نەیکاتە دەرفەت بۆ دابڕانی زیاتر، بەڵکو بیکاتە دەرفەت بۆ سەلماندنی راستیو دروستی تێزو بۆچوونەکانی، ئەوەشی پشتیوانیی دەکات لەو ئاستەدا نەیهێڵێتەوە کە هەر پشتیوانیی گشتیی بێت، بەڵکو کۆششی سیاسی هەمەلایەنە بخاتە کار بۆ دانانی نەخشەڕێگایەک کە تا پلەی چارەسەری بڕوات بۆ:

– تەنگژەی سەرۆکایەتیی هەرێم، سەرۆکایەتیی پەرلەمانو حکومەتیش.

–رێگا بۆ رێککەوتن لەگەڵ بەغداو جێگیرکردنی یەکجارەکی بەشی کوردستان لە بودجەو ساغکردنەوەی رێککەوتنێکی کۆنکرێتی فرۆشتنی نەوتی کوردستان بکاتەوە، بەجۆرێک کۆمەڵانی خەڵک لە دڵەڕاوکێی گوزەرانو مووچەو خزمەتگوزارییەکانیش نەجاتیان بێت.

– ئەبدەیتکردنەوەی دۆسێ سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ بەغدا، وەکو چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکانو تەگبیری عیراقی دوای داعش.

هەڵبەتە ئەرکی هەموو هێزە سیاسییەکان قورسو هەستیارە، لەهەمووی قورستر

بێگومـان ئەركـی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان دەبێت، كـە گەرەكە بەرۆحی چارەسـەریو دەستپێشـخەری بێتــە پێشــەوە و پێشــی لایەنەكانــی تــر بیســەلمێنێت كــە پەرۆشــی سەرخسـتنی راگەیەنراوەكـەی بەرێـز بارزانییـە.

دەستپێشــخەری ســەركردایەتیی پارتــی دەتوانێــت وێنایەكــی جەوهــەری بداتــە پێشـنیازەكەی پارزانـیو ئەركـی دانوسـتانكارانەی لایەنـەكانو ئەركـی بارزانیـش ئاسـان دەكات.

بێگومـان یەكێتیـش ئەركـی لەسـەرە، ئەگەرچـی یەكێتـی لەناوخـۆدا كێشـەی هەیـە، بـەڵام بـۆ پرسـە كوردسـتانییەكان هـەر قەدەرێتـی بەرپرسـانە بێتـە پێشـەوەو سـەنگی یەكێتییانـەی بخاتـە خزمـەت قۆناغێكـی نوێـی سیاسـەتی كوردسـتانییەوە.

قۆناغێـك هەمـوو لایـەك رۆحـی كوردسـتانیو پێكەوەیـی زاڵ بكـەن بـێ ئـەوەی ئەمـە لەسـەر حسـابی ئیسـتحقاقاتی پرۆسـەیەكی دیموكراسـیی راستەقینەو پێویسـتیی یەكرِیزیی سیاسـییو كۆمەڵایەتـی بـەرەو تەگبیـری مافـی چارەنـووس كـە لایەقـی قوربانـیو لەخـۆ بووردوویـی گەلەكەمـان بێـت.

ئەركـە لەسـەر هەمـووان كێبڕكـێ بكـەن بـۆ ئـەو ئامانجـە هاوبەشـەو ململانێكەیـان لەسـەر یەكتـر نەبێـت، بەڵكـو بـۆ كوردسـتان بێـت.

٢٥-٢٦/١١/٢٠١٦

# کۆبوونەوەی سبەینێ

ڕۆژی دووشـەممە یەکێتـیو گـۆڕان لەگـەڵ پارتی کۆدەبنەوە بۆ دۆزینـەوەی دەریچەیەکی چارەسـەر بـۆ کێشـەکانی هەرێم. گـەڕی دووەمـی کۆبوونـەوە، دوای وێسـتگەی ڕاوەسـتانی گفتوگـۆکان بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە سـاڵێک، دەشـێ بـە بەرپرسـیارێتییەوە ببێتـە وێسـتگەی چارەسـەر، بـە مانـای ئـەوەی کلیلـی نەخشـەڕێگایەک بـە کـۆدی هەرسـێ لایـەن دروسـت بکرێت.

گـەڕی یەکەمـی کۆبوونـەوەکان لـە هەولێـر بـوون، لەگـەڵ کۆمـەڵو یەکگرتـوو و حزبەکانـی تـر. ئـەم گەڕەیـان گرنـگ دەبێت بـەو مانایـەی هەمووـمان دەیزانیـن، نـەک بـە مانـای کـەم کردنـەوە لـە شـانو شـەوکەتو ناسـنامەو خەباتـی حزبەکانـی گـەڕی یەکـەم.

ئـەم سـێ حزبـە ناونیشـانی ناکۆکـی سـەرەکی بـوون، بۆیـە کۆبوونەوەیـانو ئەگـەری دۆزینـەوەی چارەسـەری خـوازراو دەشـێ بیانکاتـە ناونیشـانی چارەسـەری سـەرەکی.

لێرە ڕای شرۆڤەکارێک دەڵێین، نەک ڕایەکی لێبڕاوانەی ڕەسمی:

بۆ هەر سێ حزب «پارتیو یەکێتیو گۆڕان» کۆدی دروستکردنی کلیلەکە ئەوەیە:

١-هێـزو دەسترۆیشـتوویی خۆیـان بکەنـە دەسـکەلای پێکهاتـن، نـەک بەربەسـتێک لـەو سـەرە ڕێیـەدا.

٢-سـەنگی میانـڕەویو دەربەسـتی چارەسـەری کێشـەکان بکەنـە بۆنـە بـۆ ڕۆڵگێڕانـی سـەنگینانە.

٣-دەنگدانـی جەمـاوەرو بـاوەڕی میللـەت لـە هەڵبژاردنـی پێشـوودا بکەنـە شـورای پشـت قایـم، تـا دەستپێشـخەریو ئازایەتـی بنوێنـن بـۆ چارەسـەری تەنگژەکـە. جەمـاوەر بـە

دەنگدانی بەهەر حزبێک، لە ماوەی دوو هەڵبژاردندا تەفویزی دەداتێ لە جیاتی ئەو بڕیار بدات. هەر حزبێک دەنگدانی جەماوەری کردە کۆتو بەند لە ملی خۆیو سڵی لە سێبەری خۆی کردەوە، نەکا لێی زوویر بن، دیارە لە سەرمایەی مەعنەوی خۆی ناگاتو سەنگو هێزو پشت قایمییەکەی لێ دەبێتە بەلاّ.

جا خوێنەران دەتوانن هەریەک لەو سێ خاڵە بدەنە پاڵ یەک لەو سێ حزبە، یان هەموویان لە هەموویاندا بەرجەستە بکەن. گرنگ ئەوەیە لەم سێ ریانەی هەر سێ حزبدا، هەر حزبەو سەنگی خۆی لە پێناوی ئاشتیو پێکەوەییو گێڕانەوەی (دیموکراسیو یاسا)، وەک دوو دینگەی پتەوی هەر ئەزموونێکی حوکمڕانی بۆ سەر شەمەندۆفێری راستەقینەی خۆی، بخاتە کار.

کۆبوونەوەکە هەستیارە، خۆی لە خۆیدا ئامانجی بەرودوا نییە، ئامانج پێکهاتنەوەیە، هونەری پێکهاتنەوەش لەوەدا بەرجەستە دەبێ هەمووان براوەبن، لە جیاتی ئەوەی لە بێ چارەسەریدا، هەمووان بێ چارە بین.

٢٠١٦/١٢/١٨

# حساباتی ساڵی نوێ

ساڵێکی تازە دێت داخۆ چۆن دەبێ؟ هەر شەممە بە یەکشەممە و هەردووکیان بە کۆتایی هەفتە دەسپێرین؟ دیارە کە واشمان کرد لێی ئاسانتر نییە هەفتە و مانگەکانیشی هەر وا لێ بکەین. هەروا بە رێکەوت و نادیار و لێڵی بسپێرین گوایە ئاشی نەزانە و خوا دەیگێڕێ.؟ کێشە ئەوەیە ئێمە نازانین خوداش هەر مودەتێک ئاشمان دەگێڕێ و ئیتر دوای ئەوە (خوا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکات).

دیتنم وایە وێستگەی ساڵ و بۆنەکان لەخۆیاندا نابنە باعسی گۆڕانکاری و پێداچوونەوە، بەڵام مەعلومیشە لە نەریتی تۆمار و دەفتەری حیسابدا وادە و کاتەکان جەرد و پێداچوونەوەش دەکەنە پێویستی. وەبیرئانینی بەروارەکانیش کە خەڵکان هان دەدا ئەم هەڵسانگاندنە بکەن دەبێتە ئەنگێزە بۆ ئێمە و خەڵکی تریش کە سەعاتەکانمان بەگوێرەی میلی گشتی قورمیش بکەین.

ئەم خولیا و پەژارە گشتییە ئەرک دەخاتە سەرشانی ئێمەش کە گەرەکە ساڵی نوێ هەروا بەڕێ نەکەین. جا با کەیسە تایبەتییەکانی هەر یەکێکمان لە دەفتەر و جزدانی خۆمان بێت، بەڵام خۆ کەیسە گشتییەکان بۆ ساڵی تازەی ٢٠١٩ خەمی گشتیین و ناچارین لەگەڵ یەکدا بەشی بکەین. لە خەمی گشتی رەوشی نالەباری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستانەوە دەستپێدەکەین و لەم کورتە نووسینەدا هەر بەو ئیکتفا دەکەین کە چەترێکی گشتی و تایتڵێکی بەفرەهە بۆ کۆی جووڵەی سیاسییمان.

راستە ئەم چەترە کارەکتەرە سەرەکییەکەی ناوی کوردایەتییە، بەڵام رەنگاوڕەنگی رەوتە سیاسیی و فیکرییەکانی کوردستان و فراوانی، یان تەسکی و جیاوازی، هەریەک لە

کایەکانی بەگوێرەی بایەخپێدانەکانی لە نێوان کوردستانێتی و دەڤەرێتی و ناوچەیی نفوز، کوردستانی سەرتاسەری و کوردستانی هەر بەشێک و کوردستانی رەسمیی دانپیانراوی هەرێم و کوردستانی دابڕاوی کێشەلەسەر، هەموو ئەمانە وایکردووە زەحمەت بێت کە وەکو جاران هێڵی سەرەکی رەوایی و شایستەیی جووڵەی سیاسیی کوردستانییان هەر لە کوردایەتیدا قەتیس بکەین بە هەردوو دیوی کوردایەتی نەریتی و کوردایەتی پێشکەوتنخوازیشەوە.

لەبیرمان نەچێ رووداوەکانی دوو، سێ ساڵی رابردوو درزێکی وای کردۆتە ناو بازنەی سیاسەتی کوردستانییەوە کە بە ئاشکرا خەتی عیراقێتی بێ تەداروک و (بەڵام و ئاخر) خۆی دەنوێنێ و بێ ئەوەی باڵاپۆشی فیکری لەبەر بکا بانگەشەی تێزی جارانی زیندوو کردۆتەوە.

دۆخی کوردایەتی وایە دوای بەسەرهاتەکانی کات و دوای ریفراندۆم، تووشی پاشەکشێ و شۆکی پێکوتە بووە، لەبەر ئەوە ئەرکەکانی هەرێمی کوردستان، عیراق و لە ناوەڕاستیشدا کەرکوکی بەرێکوپێکی پێ جێبەجێ ناکرێت. کە ئەم کەیسانە بەشێکی سیاسەتی رەسمیی کوردستانییە. کەیسەکانی تریش وەک مشتومالکردنی ستراتیجی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و ئامادەکردنی بۆ قۆناغەکانی دواتر وەک بزووتنەوەیەکی رەسەن کە لەسەر پایەی بەغدا و کوردستان قایم کراوە، ناتوانن گوڕ و تین بدەنە بەر ئێمە و لەجێی خۆیان بجوڵێن.

لەم دووڕێیانەدا خەسڵەتی هەرە دیاری ساڵی نوێ و بێگومان ساڵانی داهاتووش ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی دیموگرافیای سیاسیی و باڵانسی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان بە رەوا و ناڕەوا گۆڕانیان بەسەر هاتووە، بۆیە ئاساییە کە بەداخەوە بیرۆکە باش و چارەسەرییە چاکەکان هەر لە بنەڕەتدا پیادە نەکرێن و ئێ ئیتر خۆدواجاریش تاقی ناکرێنەوە و کاریان لەسەر ناکرێت. وەکو وابوو ناتوانرێت ئەزموونی هەڵە و راستیان لەسەر بکرێن و دەستکاری باشیان لەسەر بکرێت.

لەبەر ئەوەیە پێشنیاز دەکەم سەرەتای هەڵسەنگاندنی نوێ بەو پرسیارە دەستپێبکەین کە ناو لەم قۆناغە بنێین بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەوە ناوەڕۆکی پێبدەین و کاری لەسەر بکەین. کە ناومان لە قۆناغەکە نا، دەتوانین برینەکان ساڕێژ بکەین، وادە و بەڵێن بۆ قۆناغی تازە دووپاتبکەینەوە کە کەرەستە و ئامراز و بگرە وزەی جێبەجێکردنیان بۆ دابینبکەین. لە کوێ نەزیفمان هەیە رایبگرین و لە کوێ پاشەکشێمان هەیە دانی پێدابنێین و لەوێوە تێهەڵچینەوە.

ساڵی نوێتان پیرۆز و رۆژانی دوای جەژن قسەی تریش دەکەین.

٢٠١٨/١٢/٣١

# لەبارەی (شار)ەوە

مولابەساتی رووداوی رفاندنی پارەکەی نەخۆشخانەی شار هەرچییەک بێت و هەر چۆنێک بێت. دەبێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و زیمامدارانی ئومور لە ئیدارەی شارەکە بیکەنە وێستگەیەک بۆ پێداچوونەوە و هەڵوەستە کردن، بیکەنە دەرفەت و شۆکێک بۆ راگرتنی ئەو نەزیف و رۆچوونەی دەخوازێت حوکمڕانی یەکێتییانە و مۆدێلی ئیدارەی سلێمانییانە بخاتە ژێر پرسیارەوە.

پێش هەموو شتێک دەبێ یەکێتی و ئیدارەکەی لێرە خۆی بڵێ؛ ئیتر بەسە. لەپاڵ دەستگیرکردن و سزادانی دز و تاوانبارانی رووداوەکەدا، بۆ هەمووانی نیشان بدات یاسا و تەگبیری سیاسی، کەفالەتی راگرتنی ئەمجۆرە کارانە دەکات. خۆی و هاوپەیمانەکانی لە ئیدارەی سلێمانی بەو نەفەسە رێوشوێن دابنێن کە مۆدێلی سلێمانی وەکو دیموکراسی و فرەیی و رەنگاوڕەنگی دەڤەری سەوزەڵانی دەناسێنێ، رێگەش نادات کەس وا وێنای ئەم فرەییە بکات کە یەکسانە بە شپرزەیی و رێگەدان بە ئاڵۆزی نانەوە، یەکێتی لەسەرێتی خۆی نموونەی سەرمەشقی چارەسەری ئەم نەزیفە بێت و لە شوێنێک رایبگرێت. وەکو خۆی سەرمەشق بوو لە رەنج و خەباتی نیشتمانی و دیموکراسیدا، لە کەس و هیچ لایەنێکیش قبوڵ نەکات سلێمانی لەکەدار بکەن.

دەبێ خەمخۆرانی یەکێتی بێژن سەرەڕای هەموو شتێک سەرەنجام هەر مۆدێلەکەی ئێمە سەرکەوتوو دەبێت.

یاسا سەروەریی و تەگبیری ئیداری و ئەمنی و خۆگورجکردنەوە، دیوی دووەمی

دیموکراسییە کە دەبێ پیشانی ئەوانە بدرێت کە بە هەڵە لە مەسەلەکە گەیشتوون.

دیموکراسیی کۆمەڵایەتی واتای هەست کردن بە ئەمن و ئەمانی کۆمەڵانی خەڵکە.

بۆ دیوی دەستەبژێرە سیاسییەکەشی واتای دیموکراسی بەرپرسیارانە.

٢٠١٩/٣/١٣

# مانشێت نەما!

مانشێت نەما رۆژنامەکان لەسەر پێکهێنانی حکومەت بیڵێن، سەپتایتڵ نەما تەلەفزیۆنەکان نها و بلەز و ئێستا و پاش کەمێکی تری خۆیانی پێگەرم بکەنەوە. ئەم حاڵە ئێمەشی گرتۆتەوە لە کوردستانی نوێ. هەڤاڵانی بەشی هەواڵ هەرچی سەلیقەی رۆژنامەنووسی هەیە بەکاریان هێنا لەسەر دواساتی دانوستانەکان. بەتایبەتی ئەمە بۆ رۆژنامەی بەرپرسیار و حزبی قورسترە کە دەبێت بەسەر پردی باریکی سیرات و تاڵە دەزووی (راستیی وتن و بەرپرسیاری وتن)دا تێپەڕ ببێت. وابێ کە پەیامی بێ ئومێدنەکردن بە خەڵک بگەیەنیت و لەدووتوێیدا راستیش بڵێی بێ ئەوەی بیشاریتەوە.

هەموو شتێک لە تەسریح و تەحلیل و تەعلیق، لە شرۆڤە و پرۆژە وترا و ئیتر هیچ نەماوە مەراسیمی ئیمزا و پێکهێنانی حکومەت نەبێت.

راستە کە سەدساڵی گفتوگۆ و دانوستاندن باشترە لە سەد دەقیقە شەڕ و ناکۆکی، بەڵام ئەوەش راستترە کە کاری خێر تا زوو بکرێت، باشترە. کاری حکومەتێکی تازە کە لایەنە سەرەکییەکان لەسەری پێکبێن، کارێکی خێرە بەتایبەتی ئەگەر لەم هەلومەرجەدا بێت کە ئیستحقاقاتی کوردستانی دوای ریفراندۆم و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە رێکخستنی پەیوەندییەکانی کوردستان و بەغدا، ئەرکی قورس بخاتە سەر شان.

راستیی ئەوەیە کە سێگۆشەی پێکهاتنی حکومەت لە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و پێویستیی ساغکردنەوەی ئەرکەکانی هەریەکەیان هەر لە سەرەتاوە خۆی نمایان

کرد. گرێدانەوەی ئەم سێگۆشەیەش بە :

-کوردستان لە ناوخۆ

-کوردستان لەگەڵ بەغدا

-کوردستان بۆ پێکهاتن لەسەر کەرکوک

باشترین بژاردە بوو. پاکێجەکەی یەکێتی-ش هەر لەسەرەتاوە وای دەوت، ماباقی شتەکانی تر لە کورسی و ئیستحقاق و بەشی هەرلایەک، وردەکاریی ئەسڵی مەسەلەکەن.

لە مێژە دیزاینی پرۆسەی سیاسی وا جێگیر بووە کە لابۆرییە بە قەبارەی ئایقۆنەکان و شێوەیان، باریکی و پانیی هێزەکان هەرچۆنێک بن، دواجار ئاوەکە لە یەک ئاستدا دەوەستێت.

لەبەرئەوە با کابینەی نۆ بێت و خولێکی تری حوکمڕانیی کوردستان ببینین، بە دەرس و دەوری هەر لایەنێکەوە کە داخۆ چی لە هەگبەدایە بۆ خزمەتی کۆمەڵانی خەڵک لەم هەلومەرجەدا؟.

ئیتر با مانشێتەکانیش بۆ هەواڵی تر تەرخان بن.

٢٠١٩/٤/٢٩

# هەرێم و بەغدا.. وێستگەیەکی تری پەیوەندیی

هەرێمی کوردستان و بەغدا بە تەمان گەڕێکی تری پەیوەندیی باش دەستپێبکەن. کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکەم چالاکیی سیاسیی خۆی بە سەردانێکی بەغدا دەستپێکرد و بەلاغی رەسمیی کۆبوونەوەکانیش بەو ئاڕاستەیە بوون کە گەڵاڵەی رێکەوتنێکی چەند خاڵیی لەنێوان هەردوولا دەبێتە بنەمای رێکەوتنی چوار ساڵی داهاتوو.

وێستگەکانی چەند جاری رابردووی دانوستانی هەردوولا و رێکەوتنەکانیشیان دەکرێ ببنە ئەزموون بۆ کورتکردنەوەی رێگا و دەشێ بشبنە قەرەباڵغییەکی ئەوتۆ کە هەردوولا متمانە بەیەک نەکەن، یان بە دوودڵییەوە بەبیانووبن لە یەکتری.

بۆ ئەوەی کاغەزەکان هەر بە پەرشیی نەمێننەوە، گرنگە خاڵەکانی ناکۆکی و مەسەلەکانی نێوان هەردوولا سنووردار بکرێن و بەگوێرەی بایەخیان بۆ هەرلایەک، ریزبەند بکرێن.

حکومەتی هەرێم دەتوانێ کێشەکانی خۆی لە سنووری بودجە و نەوت و مووچە، لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی و کێشەکانی مادەی ١٤٠ و پێشمەرگە و ئیلتزامە هاوبەشەکانی هەردوولا بەرامبەر یەکتری، لەگەڵ کۆی پرۆسەی سیاسیی عیراق، پۆلبەند بکات.

دۆسێی بودجە و نەوت و مووچە، ئێستا قورسایی یەکەمیان وەرگرتووە. چونکە دوای شەڕی داعش و ریفراندۆم کە بودجە و مووچەی هەرێم کەوتنە غەرغەرەوە، داخوازییەکانی گوزەران و ژیان بۆتە دۆسێیەکی بەپەلەی بەردەم ئیدارە لە کوردستان، سەبارەت بە دۆسێکانی مادەی ١٤٠، هەڵبژاردنی پارێزگاکان و کۆی

دۆسـێ سیاسـییەکانی عیـراق لـە ناوخـۆ و دەرەوەدا، ئـەوە داخوازییەکـی کوردسـتانی جێگیـر و گشـتگیرە کـە حکومەتـی هەرێـم دەتوانـێ ریزبەندییەکـی هاوپەیمانـی لـە حزبـە هاوبەشـەکانی حکومـەت و بنەمـا یاساییەکانی پەیوەندیـی دەسـتووری کوردسـتان و بەغدا رێکدەخـەن، بـۆ دروسـت بـکات و کـۆی هێـزی دامەزراوەکانـی وڵاتـی بـۆ بخاتەگـەڕ، بـە پەرلەمانـی کوردستانیشـەوە. چونکـە لەبـەرەی ئەوبـەری حەمرینـەوە هـەر حکومەتـی ئیتحـادی نییـە کـە سیاسـەت دەکا و دۆسـێ دەجووڵێنـێ، بەڵکـو سـەرۆکایەتییەکان، فراکسـیۆنەکانی پەرلەمـان و هێـزە سیاسـییە هاوپەیمـان و نەیارەکانیـش هـەن، کـە دەتوانـن رێکەوتنمـان لەگـەڵ بەغـدا ئاڵـۆز و هەروەهـا ئاسـانیش بکـەن.

لێـرەوە بایەخـی رێکەوتنـی سیاسـیی یەکێتـی و پارتـی کـە لـە رۆژی (٢٠١٩/٣/٤)، ئیمـزا کـرا، لەگـەڵ تەوافوقـی پێکهێنەرەکانـی حکومـەت، بایەخـی سـەنگینیان هەیـە. بـۆ ئـەوەی بابەتـی ئەزموونـی پێشـینە لـە پەیوەندیـی هـەردوولا قەرەباڵـغ نەبـێ و ئاسـان بکرێـت، گرنگـە قۆناغبەنـد بکرێـت بـە پەیوەندیـی پێـش ریفرانـدۆم و هـی دوای ریفراندۆمـی کوردسـتان. ناولێنانـی قۆناغەکـە لـە کەیسـی کابینـەی حکومەتیشـدا گرنگیـی خـۆی هەیـە. دەرسـەکە ئەوەیـە بەغـداش پێویسـتی بـە دووبارەنەکردنـەوەی هەڵەکانـی رابـردوو هەیـە، کـە گەیاندینییـە دابـڕان. مەعلومـە کوردسـتان زام و برینـی قۆناغـی پێشـووی پێوەیـە. لـە بـژاردەی ئابـووری و ریفرانـدۆم، ئەممـا بەغـداش هێشـتا زامـی دوای داعشـی چارەسـەر نەکـردووە کـە داعـش ئەسـڵەن لـە درزی کێشـەکانەوە دروسـتبوو، بەغـدا لـەم ئاسـتەدا پێویسـتی بـە پاکێجێکـی ئاشـتکردنەوەی سـێ کوچکـەی شـیعە و سـوننە و کـورد هەیـە، تـا دواجـار عیراقێکـی فیدراڵـی و دیموکراتـی هـەر بـۆ کـورد نـا، بەڵکـو بـۆ کـۆی عیراقیـش بـاش و بەکەڵـک بێـت و هەمـوو گەرمایەکـی تەمـموز بێـزاری و بـێ کارەبایـی بـەدواوە نەبێـت.

وانەکـە بـۆ کوردسـتانیش گرنگـە. مـادام پەیوەندییەکـەی هەولێـر و بەغـدا پێویسـتی بـە هاموشـۆی بـاش و دۆسـتانە هەیـە، بووژاندنـەوەی ئۆفیسـی حکومەتایەتـی لـە بەغـدا گرنگـە بـە زیادکردنـی ژوور و هەیوانـی تازەشـەوە. ژوورێـک بـۆ راوێـژی یاسـایی، ژوورێـک بـۆ پەرلەمانـی کوردسـتان، ئۆفیسـێک بـۆ میدیـا و پەیوەندییـە گشـتییەکان، کـە روانینـی بەردەوامـی حکومەتـی کوردسـتان بگەیەنێتـە بەغـدا و راڕەوە سیاسـی و میدیاییەکانـی پایتەخـت. تەبعـەن هـاوکاری میدیـای بەلەنـگاز و هـەژاری کوردسـتانیش بێـت لـە گواسـتنەوەی ماجـەرای سیاسـەتی بەغـدا و بەسـەرهاتەکانی وڵاتـدا، چونکـە نـها جگـە لـە دامـەزراوە رەسـمییەکانی بـۆ ژینگـەی دۆسـتایەتی لەگـەڵ عیراقییەکانـی ئەودیـو حەمریـن،

تەنانـەت دامـەزراوەی وەک (یانـەی سـەرکەوتن)ی جارانیشـمان نەمـاوە.

دیـارە وەزارەتـی پەیوەندیـی گرنگـە، ئۆفیسـی حکومەتیـش گرنگـە بـۆ ئـەوەی سـەردانەکانمان بـۆ بەغـدا مەکۆکـی نەبـن و وەفـدە بـاڵاکان، کـە چـوون، ئیمـزا لەسـەر ڕێکەوتنـە پتـەوەکان بکـەن.

بیرۆکەی تریش هەیە بەس بۆ وتارەکانی تر هەڵیدەگرین.

٢٠١٩/٠٧/٢٥

# کورد و عەرەب لە عیراق بە تەمای چین؟

١

نۆرەیەکی تری گفتوگۆی کورد و عەرەبمان پێویستە لە عیراق. گفتوگۆکە هەر هی کورد و عەرەبی عیراق بێت. چونکە هەندێکجار لە قەرەباڵغی گفتوگۆدا باسو خواسەکان بزر دەبن. من و تۆ کێشەمان لەگەڵ عەرەبی تونس و میسر نییە، مەگەر بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی یەکتری نەبێت. وا دەبینم عەرەبی بەغداش کێشەی لەگەڵ کوردی شوێنی تر نییە، مەگەر لە چوارچێوەی دیمەنە گشتییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێت، کە نەتەوەکان هەن و گەرەکە دیالۆگێکی شارستانییان لە نێودا بەرپا بێت و دایمە و دەرهەم لە جەژنی نەورۆز و جەژنی رەمەزان و قوربان و فێستیڤاڵەکاندا یەکتری بەسەربکەنەوە و رەسمی ئایندەیەکی وا بکەن شەرمی تێدا نەبێت بەرامبەر یەکتری کە سەدەی بیستەمیان لە بێدادی و شۆڤێنیزم بەسەربرد و بیست ساڵی یەکەمی سەدەی بیست و یەکیش تا ئێستا نیشانەیەکی سپۆرتی و جوامێری وایان لە خۆیان دەرنەخستووە، کە حورمەتی یەکتری و لەناویشیدا حورمەتی کورد دەگرن، ئاخر کورد غەریبەی ناوچەکە نییە و وەک شاخ و داخ و رووبارەکانی هەن، رەسەن و ڕەگداکوتاوە.

دێمە سەر بەشەکەی کورد و عەرەب لە عیراق.

هەردوولا بە تەمان چۆنی بگوزەرێنن؟ سەد ساڵ ئەزموونی تاڵیان پێکەوە هەیە و دەستوورێکی فیدراڵیشیان لە نێواندایە کە هەموو دونیامان بۆ هێنایە تکا و رجایە، ئینجا پڕە لە پێچە بە دەورەیی و فەتحە و زەمەی ماناهەڵگر. ئەمریکا، ئینگلیز و

ئیفرەنج و شارەزاکانی رێکخراوی یوئێن قسەیان تێدا کرد و ناوبژیوانی بوون. هێشتا هەردوولا پێشبڕکێی سەنگەرگرتن و جەمسەرگیرییان هەیە بەرامبەری، داخۆ کامە لایان زیاتر پێشێلی دەکەن؟.

پرسیاری هەرە جەوهەری ئەوەیە کە کورد و عەرەب لە عیراق بە تەمان چۆن لەگەڵ ئەم حەکەمە دەستوورییە مامەڵە بکەن و چ دادگایەکی دەستووری بەر مەبنای رۆحی ئەو دەستوورەی بۆ بینا بکەن؟

برا عەرەبەکان کە لەشیعری پێشەنگانی وەکو مامۆستا گۆراندا وەک برای عەرەبی چاوڕەشم ناوی هاتووە، وا دەزانن دەرفەتی ریفراندۆمی کوردستان دەرفەت بوو بۆ خۆیان تا هەرچی کورد بەدەستیهێناوە بیماشنەوە. وەک بڵێی قەومانەکانی پێشوو بەس نەبوون لە ئەنفالی کورد و گۆڕی بە کۆمەڵی ئەهلی جنوب؟ دەیان ساڵ تەهجیر و تەعریبی عروبی و سەدامی کە هیچی تیانەبوو بۆ نەتەوەی عەرەب بەس نییە تا ئێستا ئەرک بە پارێزگاری بە کەفالەتی وەک راکان جبوری بسپێردرێت ئەوە تەواو بکا کە ئەبوعەدای پێی تەواو نەکرا. دوو ساڵە کەرکوک لەبندەستی حکومەتی مەرکەزییە، کەچی لە جیاتی ئیدارەیەکی مۆدێرنی بۆ دابمەزرێنن، میلیشیای حەشدی شەعبی حوکمی دەکا کە خۆیان ئەو میلیشیایەیان بۆ بەغدا و ماباقی وڵات ناوێت، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا گەرەکیانە لەوێ پەڕوباڵی بکەن و ریشی بتاشن. ئەی خێرە بۆ شارێکی هەستیاری وەکو کەرکوک خاوەخاوی مانەوەی حەشدیانە؟

شارێک جەیشی شەعبی دەرەقەتی نەیات، ئێستا حەشدی شەعبی لێی دەباتەوە؟ شارێک کە تا لەدەست ئیدارەیەکی هەڵبژێردراو بوو چونکە رەنگدەرەوەی ئیرادەی خەڵکەکەی بوو پێیان دەوت بەرمیلی باروت کەچی ئێستا حوکمی سەربازییان پێ باروت نییە؟

## ٢

عەرەبی عیراق دوای سەد ساڵ لە ئەزموونی خوێن و فرمێسک، تازە دەخوازێت چاو لە نەتەوە سەردەستەکانی تر بکات و ئەویش لە شان و شەوکەتی ئیرادەی کورد کەم بکاتەوە؟

ئەی بزووتنەوەی سیاسیی عیراق بە راست و چەپییەوە پێیوایە ئەوی لە عیراق دەگوزەرێ و ئەوی بۆتە فۆبیای کوردستان تا سەر سەردەکەوێ و وەک ماشەڵڵا لە شوێنی تر (سەرکەوتووە)؟

ئەگـەر هەنجـەت کەموکـوڕی کوردسـتان کـە هەیـە و نکۆڵـی لـێ ناکرێـت و بەشـێکی چەوتـی سیاسـەتی کوردییـە، ئـێ خـۆ عیـراق لـە بەسـرەی تـا بەغـدای، لـە موسـڵی تـا رومادییەکـەی شـایەتی بردنـەوە و مۆدێلـی نموونەیـی نییـە لـە ئیـدارە و لـە دیموکراسـی و لـە گەشـەپێدان و حوکمـی مەدەنـی؟

خەریکـە بێژیـن لـە هـەردوولاوە پێشـبڕکێیە لـە کەموکـوڕی و پاشەکشـێی دوودیـودا هـەردوولا وەکـو یەکـن؟

ئـەوە بـۆ بەشـەکەی ئـەو دیـوی حەمریـن، داخـۆ کورد بـە تەمایە چی بـکات؟ گەرەکێتی مەسـەلەکانی بـۆ رێکەوتـن و زەمـان و رۆژگار بەجێبهێڵێـت، یـان لـە بەرنامەیدایـە خـۆی کۆبکاتـەوە و خـۆی تۆکمـە بکاتـەوە تـا ئـەم نەزیفـەی دوای ریفرانـدۆم دروسـت بـووە لـە شـوێنێک رابگرێ؟

هەرچـی برایانـی عـەرەب بیکـەن هـەر نەیسـە، چونکـە بـۆ ئـەوان مەسـەلەیەک نییـە، بـۆ ئێمـە مەسـەلەیە، لەبەرئـەوەی ئێمـە خـاوەن مەسـەلەین کـە مەسـەلەی مێژوویـی کوردسـتانە، ئایـا پێمانوایـە بـە گۆشـەگیری نەتەوەیـی و لەخـۆڕازی بـوون هەمـوو شـتێکمان مسـۆگەر دەبێـت؟ یـان پێمانوایـە بـە هەرزانفرۆشـی مەسـەلەی نیشـتمانی و نەتەوەییمـان، قۆناغـی راگـوزەری هەسـتیار دەبەینەسـەر؟.

لـە پەنـا عیراقچێتییەکـی بـێ تامـەوە کـە رەهەنـدی کوردسـتانێتی و عیراقێتی مەسـەلەی کـورد رەچـاو نـاکات و ناهاوسـەنگی بـە ناونیشـانی پراگماتییـەوە دەشـەمزێنێ، پێمانوایـە تاسـەر پارێـزراو دەبیـن و دونیـا شـامی شـەریفە؟ دونیـای وا تەنانـەت لـە شـامیش وەکـو خـۆی نەمـاوە، ئیتـر بـۆ پێمـان وایـە لـە دراوسـێکانی وا دەبێـت؟.

کـورد لـە عیـراق پێویسـتی بـە هەڵوەسـتەیەکی جـددی هەیـە، ئەمـە هـەر بـۆ خۆیشـی نییـە، لەبـەر خاتـری عەرەبـی عیراقیشـە کـە نەچنـەوە سـەر نەریتـی کـۆن و بـە بزووتنەوەیەکـی دیموکراسـیانەی شـایان رێ لـە گەشـانەوەی رەوتـی شـۆڤێنی بگـرن کـە ماڵوێرانـی بـۆ ئەوانیـش هێنابـوو، گـۆڕی بەکۆمەڵـی بـۆ دروسـتکردن و داعـش و قاعیـدەی کـردە چارەنووسـێکی نەخوازراویـان.

کـورد پێویسـتی بـە گفتوگۆیەکـی جـددی و دانوسـتاندنێکی فـرە لایـەن هەیـە لەگـەڵ عـەرەب کـە هـەر بودجـە و مووچـە و کارە لۆجسـتییەکانی حوکمـداری نەگرێتـەوە، کارێـک کـە حکومەتـی هەرێـم و ئیتیحـادی دەتوانـن رایپەڕێنـن و وا دەستیشـیان پێکـردووە، بـەڵام گفتوگـۆی جـددی و چارەنووسسـاز ئـەوە دەبـێ کـە بزووتنـەوەی کوردایەتـی و تەیفـە سیاسـییەکانی لەگـەڵ رەوتـە سیاسـییەکانی عـەرەب بـە شـیعە و سـوننەیانەوە

دەستپێبکەن کە لەسەر بنچینەی ئەزموونی رابردوو و لە ئاستی دوو نەتەوەی کاملّدا ئاوا بکرێت. تا ئەم فۆبیا بێدەنگەی لە بەرامبەر کورد تەشەنەی سەندووە و خەریکە هاواری لێ بەرز دەبێتەوە، لە شوێنێک رابووەستێ.

چارەنووسی نەتەوەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەچوارچێوەی یەک وڵاتدا دەژین، ناکرێت تەسلیمی جووڵەی رۆژ و سەعات و رێکەوت بکرێت. بەڵکو پێویستی بە سەفقەی سەدە هەیە کە دامەزراوەکانی وڵات گوزارشتی لێبکەن، نەک سنووردار و لە قاڵبی بدەن.

ئەوەی چەند ساڵی رابردوو دەرسە، وایە، بەڵام دەرسە بۆ هەردوولا، نەک هەر بۆ لایەنێک کە پێیوایە دوای قۆناغی ریفراندۆم بە ڤیاگرای ئیقلیمی و نێودەوڵەتی براوەیە و ئەویتری بەزاندووە. ئەگەر بابەتەکە زۆرانبازیش بێت، کەس پێی وا نەبێ دوا نۆرەی بردۆتەوە.

٢٠١٩/٧/٢٨

# بەڵێ وایە بەیەکەوە بەهێزترین

وێستگەی ئەم هەفتەیەی ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی کوردستاندا شۆڕکردنەوەیەتی بۆ ناو لایەنگرانی هەردوولا، هەڵسوڕاوان و هەڤاڵانی هەردوو حزب ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لەم ئاستەدا.

بە سروشت جەماوەری کوردستان و بە تایبەتیش جەماوەری کارای یەکێتی و گۆڕان کە لە یەک کانیاوی خەبات ئاویان خواردووە و یەک ژینگەی خۆڵەمێشی ململانێی دیموکراسی و کۆششی سیاسیی کۆیان دەکاتەوە، حەزیان لە ئاشتەوایی و پێکەوەیی هەردوو هێزە. ئەزموونی ململانێی توند و خاوبوونەوەی، هەڵچوون و داچوونی تەبایی و لێک جیاییان خزمەتی ئەم هاوپەیمانییە دەکات، نەک ڕێگر دەبێت لە سەرخستنی.

ململانێکە هەردوولای ڕاهێناوە لەسەر قبووڵکردنی یەکتری بە جیاوازییەکانەوە، هەردوولای گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی ئیرادەی یەکتری تێکەڵ بکەن، لەجیاتی ئەوەی ئیرادەی یەکتری بشکێنن.

ئەم ململانێیە چونکە هی یەک ژینگە و یەک سەرزەمینە، وایکردووە دەرس لەیەکتری فێر بن و ئەزموونی یەکتری بخوێننەوە، تا لە وێستگەی هاوپەیمانێتیدا کەڵکی لێوەربگرن. یەکێتی پێویستی بە موتوربەکردنی ئەزموونی خۆی هەیە لەگەڵ شێوازە تازەکانی کۆکردنەوە و سیاسەت لە شەقام، لای گۆڕان و لەولاشەوە گۆڕان پێویستی بە هێز و پتەوی یەکێتی هەیە کە وایکرد لە ١٠ساڵی ڕابردوودا لە گۆڕەپانەکە بچەقێت و بمێنێتەوە.

*ئـەم دوو هێـزە سـەرەڕای ناکۆکییەکانیـان، توانیـان پەیوەندیـی خۆیـان کەناڵیـزە بکـەن، جۆگەلـەی تـر بـۆ پێکەوەیـی بدۆزنـەوە کە لـێ نەگەڕێـن ناکۆکییەکـە پەنگبخواتەوە و بتەقێتـەوە. سـەرۆک مـام جـەلال دەیـوت: یەکێتـی و پارتـی کـە ناکـۆک بـوون، خوێـن کەوتــە نێوانــەوە، بــەڵام یەکێتــی و گــۆڕان کــە ناکــۆک بــوون، مەرەکەبــی کاغــەز و سیاسـەت و سـەکۆی گفتوگـۆ کەوتـە نێوانیانـەوە.

جـا کـە خوێنـی نێـوان یەکێتـی و پارتـی ڕێـی لـە چەندیـن قۆناغـی ئاشـتی و هێمنایەتی نەگـرت، خێـرە ناکۆکـی مەرەکـەب و کاغـەزی نێـوان یەکێتـی و گـۆڕان ببێتـە بەربەسـتی هاوپەیمانـی و ڕێگـری کاری پێکەوەیـی؟

ڕەوانشــاد کاک نەوشــیروان مســتەفا لــە دیــداری ڕۆژنامەنووســانی یەکێتیــدا جوانــی وت: (لــە دیموکراسـیدا هێـزەکان ناکـۆک دەبـن و هەمـوو شـتێک بەیەکتـری دەڵێـن، ئینجـا دوای ئـەوە لـە ئاشـتیدا تەگبیـری پێکەوەیـی دەکـەن لـە حوکمڕانـی بـۆ خزمەتـی میللـەت).

لەبـەر ئـەوە گرنگـە هەڵسوڕاوانی یەکێتـی و گـۆڕان گـوێ بـە توانجی ناکۆکی پێشـوویان نـەدەن. ناکۆکـی پێشـوو خوێنـی تیـا نـەڕژاوە، مەرەکـەب و قەڵـەم و نووسـینی تیا زاوە.

کـە بتوانیـن بـەر بـە خوێـن بگریـن، بێگومـان دەتوانیـن وا بکەیـن قەڵـەم و مەرەکـەب شـتی جوانتـر بنووسـێت.

لاپەڕە چڵکنەکان بە مێژوو بسپێرین، لاپەڕەی ڕێکەوتنی دەباشان بنووسێتەوە.

چونکە بەیەکەوە بەهێزترین

لـە پێکەوەیـی زەڵـێ، لـە شۆڕشـی نـوێ، بـۆ ململانێـی دیموکراسـی لـە کوردسـتان تــا هاوپەیمانیــی کوردســتان بــۆ بەرەنگارییــە گەورەکــە لــە بەغــدا، یەکێتــی و گــۆڕان دەورانێکــی تــازە و چۆنایەتییــان لــە پێشــە.

٢٠٢١/٠٨/٣٠

# پەیامەکە روونە، تێزەکانی هاوپەیمانی کوردستان سەردەخەین

پێویست ناکات هیچ کام لە کاندیدە سەربەخۆکان و لایەنە بچووکەکانی ناو پرۆسەی سیاسی کە هەنووکە بانگەشە بۆ خۆیان و کاندیدەکانیان دەکەن نیگەران بن لەو پەیام و تەشخیسەی قوباد تاڵەبانی سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە وتی: «لە پێناوی گەڕاندنەوەی هاوسەنگیی هێز لە هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانەوەی قووتی خۆیان و خێزانەکانیان دەنگ بدەن بە کاندیدەکانی هاوپەیمانیی کوردستان، بۆیە پێداگریی لەسەر هاوسەنگیی هێز دەکەم، چونکە دەنگدان بە لایەنە بچووکەکان وەک ئەوە وایە بە ناڕاستەوخۆ دەنگ بدەن بە رکابەری سەرەکیی هاوپەیمانیی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستانە».

قوباد تاڵەبانی لە پەیام و تەشخیسەکەدا بە راشکاوانە ئاماژەی بەوەدا کە بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان خوازیارە حزبە بچووکەکان و کاندیدە سەربەخۆکان دەنگی زیاتر بەدەستبهێنن بەتایبەتی لەم دەڤەرەدا، تەشخیسێکی راست و رەوان و وردە، بەتایبەتی لەم گەرمەی کەمپینی هەڵبژاردنەدا، ئەو لە روانگە و تێڕوانینی خۆیەوە کە ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێنا، بەڵام لە خورد کردنەوە و شرۆڤەکردنی پەیامەکەدا، راستییەکی زۆر راست و رەوای تێدایە کە وا پێویستە بە وردتر و بە دەنگێکی بەرز بیڵێینەوە.

کوردستان پێویستی بە بالانسی هێز و داشکاندنی بالانسی هێز هەیە، بەلای هاوپەیمانیی کوردستاندا، بۆئەوەی تێزی سیاسیی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا کە تێزی رێگای هاتە، سەرکەوتووبێت

بەسەر تێزی ڕێگای نەهاتدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان پەیڕەویی دەکات، کە بەئاشکرا و بەنهێنی لەگەڵ دوو ئاراستەدا کاردەکات لەناو کایەی سیاسیی عیراقدا، ئاراستەیەکیان ئەوەیە کە ڕێکەوتنی ژێربەژێریان لەگەڵ ڕەوتی سەدر و هەندێک ڕەوت و لایەنی کۆنەپەرستدا کردبێ کە بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەیەکی شۆڤێنی و تایفەگەرییە و دژی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستانە، ئاراستەکەی دیکەشیان پشت بەستنە بە هێزی دەرەکی و دوورخستنەوەی لینکی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانە لە بەغدا کە چەقی چارەسەری گرفتەکانە و بەستنی ئەو لینکەیە بە پایتەختە ئیقلیمییەکانەوە کە هیچ کام لە حکومەتەکانی ئەو پایتەختانە نەک تێڕوانینێکی ئیجابییان بۆ ماف و خواستەکانی خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو بەئاشکرا لێدوان دژ بەو مافە سەلمێندراوانەش دەدەن کە لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا بە چەندین گەڕی دانوستان و گفتوگۆی حەکیمانەی ڕەوانشادان سەرۆک مام جەلال و کاکە نەوە جێکراونەتەوە و چەسپێنراون.

سیاسەتی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ ئەوە نییە کە لەنێوان پایتەختی عیراق و پایتەختە ئیقلیمییەکاندا فەزڵی ئەمیان بدات بەسەر ئەوی دیکەیاندا، بەڵکو کاری ئەو ئەوەیە کە لینکی پەیوەندیی پایتەختی کوردستان لەگەڵ بەغدادا بەهێز بکات لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو بەرەیەی بەغدا کە بڕوای بە چارەسەری گرفت و کێشەکانی نێوانیانە لەسەر بنەمای ئەو دەستوورەی کە هەموو ئازادیخوازان و دیموکراتخوازانی عیراق پێداگریی لەسەر جێبەجێکردنی دەکەن نەک چاو لەدەریی پایتەختە ئیقلیمییەکان.

داخوازیی هاوپەیمانیی کوردستان لەگەڵ بەغدادا بکەوینە گفتوگۆوە بۆ ڕێکەوتنێکی باشتر سەبارەت بە گرفت و ئاریشە سیاسیی و دارایی و کارگێڕییەکانی نێوان بەغدا و هەرێم، بەوجۆرەی کە هەم شایستە داراییەکانی هەرێم دەستەبەرببێت و گرفتی سیاسیی نێوان هەردوولا بەپشت بەستن بە دەقە دەستوورییەکان چارەسەر ببێت لەسەروو هەموشیانەوە ١٤٠ و کۆتاییهێنان بە نەزعەی تایفی لە چوارچێوەی حکومڕانی و چەسپاندنی شەراکەتی ڕاستەقینەی کورد بەگوێرەی بنەمای دەستوور و عورفی تەوافوقی کارپێکراوی نێوان پێکهاتەکان لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە.

هەربۆیە هاوپەیمانیی کوردستان بۆئەوەی ئەو هاوسەنگییە ڕاست بکاتەوە و ئەو بنەمایەی کاری سەردەمی نووسینەوەی دەستوور و پەسەندکردنی بژێنێتەوە، پێویستی بە دەنگێکی زۆری هاووڵاتیانی کوردستانە لە زاخۆوە تا مەندەلی و بە

دەنگی کوردانی بەغدا و ناوچەکانی دیکەشەوە، نەک بەتەنها هاووڵاتیانی زۆنی سەوز کە بەگشتی لەو زۆنەدا وەک ناسراوە و بینراوە ئازادیی رادەربڕین و خۆکاندیدکردن و رێکخراوبوونی حزبی ئازادە، بۆیە داواکردن لە هاووڵاتیان بۆ دەنگدان بە هاوپەیمانیی کوردستان هەموو ناوچە و زۆنەکان دەگرێتەوە، چونکە دەبێت خەڵکیش و ئەو کەس و لایەنانەش کە خۆیان کاندیدکردووە یان کاندیدیان هەیە، ئەوە باش بزانن کە ململانێی قۆناغی داهاتووی هاوپەیمانیی کوردستان لەگەڵ ئەو لایەنەیە کە بەو ئاراستەیە کاردەکات کە یان هاوپەیمانیی لەگەڵ هێزە کۆنەپەرست و شۆڤێنی و تایفییەکانە، یان بەئاراستەی پشتکردنە بەغدا و رووکردنە پایتەختە ئیقلیمییەکان و پەنابردنە بەر گوتار و دروشمی رەگەزپەرستانە و ناجۆری گۆشەگیریی نەتەوەیی تا لەو رێگەیەوە ئەگەر خواستە حزبییەکانی خۆی لە بەغدا و لەڕێی ئەو لایەنانەی ستوونی یەکەمی شۆڤێنیستی و تایفی و کۆنەپەرستییەوە جێبەجێ نەبوو، گرفت بۆ پێکهاتەی کورد و ئەو حزب کاندیدە کوردانە دروست بکات کە دەیانەوێت دەستوور بۆ چارەسەری کێشەکان مەرجەع بێت، لەکاتێکدا پارتی باش دەزانێت بەرزکرنەوەی گوتاری شۆڤێنیستیانە، هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی دەستوور دەخاتە مەترسییەوە.

بۆیە بانگەوازی هاوپەیمانیی کوردستان بۆئەوەی فراکسیۆنێکی بەهێزی کورد لەبەغدا هەبێت و تێزی بەهێزی کوردستانی سەرکەوێت کە تێزەکانی عیراقی دیموکرات و دەستوورییە، عیراقێک کە مام و کاکە نەوە رۆڵی سەرەکییان لە دارشتنی دەستوورەکەیدا گێڕاوە، بانگەوازێکی راست و رەوایە و پێویستییەکی ئەم قۆناغەیە.

هەروەک پێویستە خەڵکی کوردستان ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت، کە ئەم ژینگە سیاسییە دیموکرات و ئازادەی ئەم ناوچەیە، کە هەندێکجار خراپ بەکاردەهێنرا، کاتی خۆیەتی کە ئیتر ئەم ئاراستە دیموکراسییە باش بەکاربهێنرێت، لە زۆنی سەوز کە بەئازادانە دەنگ دەدات و لە زۆنی زەردیش کە ئازایەتی دەداتە بەرخۆی و دەنگ بدات بە هاوپەیمانیی کوردستان، بۆئەوەش راستییەکیان لەبەرچاودایە کە ئەویش ئەوەیە پێویستە هاوپەیمانیی کوردستان سەربخرێت.

بۆیە دیسان جەخت لەوە دەکرێتەوە کە بەڵێ سەرکەوتنی هاوپەیمانیی کوردستان، سەرخستنی باڵانسی هێزە بەلای دیموکراسی و مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان و ئەمە ویستێکە کە پێویست ناکات کەس پێی سەغڵەت ببێت، بەڵکو ئەمە ئەرکێکی دیموکراسییە، چونکە خەڵک دەنگ دەدات، ئەرکێکی

نیشتمانیشـه، چونکـه دەبێت خەڵـک ئەوەیـان لەبەرچاوبێـت کـە دەنگـدان بـە هاوپەیمانیی کوردسـتان، کـە دوو هێـزی سـەرەکیی وەکـو یەکێتـی و گـۆڕان پێکیانهێنـاوە، دەنگـدان بـەوان دەنگدانـە بـە ئایندەیەکـی گـەش بـۆ کوردسـتان، بـۆ بەدیهێنـان و چەسـپاندنی مافـە دەسـتوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان و بـۆ گێڕانـەوەی کەرکوکـە بـۆ ئاراسـتەی نەخشـەڕێگە دەسـتوورییەکەی کـە مـادەی ١٤٠ـە و دەنگـدان بـە هاوپەیمانیـی کوردسـتان دەنگدانـە بـە بەدەسـتهێنانەوە و چەسـپاندنی شایسـتە داراییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و دەنگدانـە بـە سـەقامگیریی سیاسـیی هەرێمـی کوردسـتان، نـەک دەنگدان بێـت بـە شـەڕی ناوخـۆ کـە لەئێسـتاوە هەڕەشـەی پـێ دەکـەن، کـە گوایـە دەنگـدەری کوردسـتانی بـەو هەڕەشـانە بترسـێنن، چونکـە بەهێزبوونـی هاوپەیمانیـی کوردسـتان، واتـە بەهێزبوونـی یەکێتیـی و گـۆڕان، واتـە بەهێزبوونـی ئـەو ئاراسـتە دروسـتەی سیاسـەت کـە بەتەگبیـری حەکیمانـە کێشـە سیاسـیی و ئیدارییەکانـی کوردسـتان لـە نـاو کوردسـتان و لـە یەغـداش چارەسـەر دەکـەن، هـەروەک سـەقامگیریی سیاسـی کـە هـەر خـۆی یەکێکـە لـە چـوار ئامانجەکـەی هاوپەیمانیـی کوردسـتان کـە بریتیـن لـە: (یەکڕیزیـی، مووچـە، خزمەتگوزاریـی و سـەقامگیریی) کـە ئـەو ئامانجانـەش تەنهـا بـە هاوپەیمانیـی کوردسـتان بـەدی دەهێنرێـن.

دیـارە کاندیـدی لایەنـەکان و کاندیـدە سـەربەخۆکانیش ئـازادن کـە بەمەبەسـتی کۆکردنـەوەی دەنـگ ناچاربـن پەلامـاری هاوپەیمانیـی کوردسـتان بـدەن لـەم دەڤـەرە، چونکـە دەزانیـن لـە ناوچەکانـی دیکـە و بەتایبەتـی لـە ناوچـە کانـی ژێر دەسـەڵاتی پارتیدا ڕێگـەی ئەوەیـان پێنادرێـت، تەنانـەت وەک دەزانرێـت لۆگـۆ و تایتڵـی ئاژانسـەکانی سـەربە یـو ئێن-یـش لـە هەندێـک لـە کامپـی ئـاوارەکان لـە هەولێـر و بادینـان بەکاردەهێنرێـت بـۆ ڕێگریـی لـە کاندیـدە سـەربەخۆکان و کاندیـدی ئـەو لایەنانـەی بـە دڵـی پارتـی نیـن.

ئێمـە دڵنیایـن کـە خەڵکـی کوردسـتان بایـی ئـەوە هۆشـیارن و دەزانـن کـە لـەم قۆناغـەدا پێویسـتە هاوپەیمانیـی کوردسـتان بەهێزبێـت و تێـزی سـەقامگیریی و ئارامیـی کوردسـتان سـەرکەوتووبێت بەسـەر تێـزی گرفـت و کێشـە و فەلاکەتـدا کـە لـە چەنـد ساڵی رابـردوودا بەهـۆی سیاسـەتی پارتییـەوە بەرۆکـی هەرێمـی کوردسـتانی گرتبـوو.

# لەبەر ئەم هۆکارانە، دەنگدان بەرپرسیارێتییەکی زۆر گرانە

ئـەم هەڵبژاردنـە بـۆ کوردسـتان چارەنووسسـازە. دەزانـم ئێسـتا دەڵێـن جـا ئەمـە ناونیشـانی هەمـوو هەڵبژاردنێک و هەمـوو کەمپینێکی سیاسییە، بـەڵام راسـتێکەی ئـەم هەڵبژاردنـە هـەر بـە راسـتی چارەنووسسـازە. بـۆ هاوپەیمانیـی کوردسـتان، بـۆ کوردسـتان و عیراقیـش.

کورسییەکی کەمتری تۆ، کورسییەکی زیاتری نەیار

١

دەنگـدان بەرپرسـیارییەکی گەورەیـە چونکـە خـۆت بڕیـاری لـێ دەدەیـت. دەنگـدان پابەندێتییـە، بەپێچەوانـەی بیرکردنـەوەی بـاوەوە. چونکـە مرۆڤـەکان لەکاتـی دیکتاتۆری و سـەرکوتدا بەرپرسـیارێتی ناکەوێتـە سەرشـانیان. بـەڵام لـە دیموکراسـیدا بەرپرسـیارێتییان دەکەوێتـە سەرشـان.

چونکـە مـرۆڤ لـە دەنگـدان و دەنگنەدانـی بڕیـار دەدات. بایکۆتـی ئـەو دەنگـی نەیارەکەیەتـی. دەنـگ بـە خەسـارچوونی ئـەو لـە قازانجـی نەیارەکەیەتـی.

ئەمــە بــە ئاشــکرا لــە یەکــەم هەڵبژاردنــەوە دەرکــەوت. لەوێــوە یەکــەم دەرســی دیموکراتـی هەڵبژاردنمـان وەرگـرت. یاسـر عەرەفاتـی رەحمەتـی قسـەیەکی بەناوبانگـی هەبـوو کـە دیموکراتـی قۆناغـی خەباتـی چەکـداری نـاو نابـوو دیموکراتیـی چەکـدار. یەکـەم هەڵبژاردنـی کوردسـتان کـە دوای راپەڕیـن لـە (١٩-٥-١٩٩٢) کـرا لـە هەلومەرجێـک

بـوو خەڵـک هەمـووی چەکـدار بـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا گەلەکەمـان بـە جۆشـو خرۆشـێکی زۆرەوە بەشـداری تێـدا کـرد. هـەر لـەوێ بـۆ یەکـەم جـار ئاشـنای دەنگـدان و دیموکراتـی بوویـن. هەروەهـا ئاشـنای یەکـەم تەزویـری پارتـی بوویـن کـە ئیتـر بـووە فەرهەنگێکـی پارتـی لـە هەمـوو هەڵبژاردنێکـدا و بـەم پیرییـەش ئـەو خـوی شـیرییەی پـێ تـەرک ناکرێـت..

لە یەکەم تاقیکردنەوەی بایەخی دەنگ و کورسیی بەم شێوەیە دەرچووین.

هـەر ئـەو کات، سـاڵی ١٩٩٢، بەرێزێکـی پارتـی ئاکامـی وەک یەکـی یەکێتیـی و پارتـی نـاو نابـوو فیفتـی فیفتـی کـە دوایـی خۆشـی پارتـی گەلـی داخسـت و گەڕایـەوە باوەشـی پەنجاکـەی پارتـی و لـە دانوسـتاندا دەسـتبەرداری ئەفسـانەی زۆرینـە و کەمینـەی پارتـی بەرامبـەر یەکێتـی نەدەبـوو. گوایـە «ئێکێتـی »کەمتـر لەپەنجـای هێنـاوە. جـا راسـتە پەنجـا خوشـک و بـرای چـل ونۆیـە «٤٩-٥٠». بـەڵام لـە واقیعیشـدا جیـاوازی دوو کورسـی دەردەخـات و پارتـی ئەمـەی بـۆ ئـەوە سـەپاند بـە درۆ بڵـێ زۆرینـەم و خـۆم حاکـم و ئێـوەش ئۆپۆزسـیۆن بـن.

٢

## سەیری ژمارەکانی تر بکەن:

لە هەڵبژاردنەکانی دوای جیابوونەوەکان و کەرتبوونی یەکێتی:

یەکەم لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤:

کـۆی ((١٨+ ٢٤) کورسـییەکانی یەکێتـی و گـۆڕان =٤٢) و هـی پارتـی ٣٨ کورسـی بـوو. دوای ئـەوە کـە رێککەوتنـی یەکێتـی و گـۆڕان لـە دەباشـان کـرا پارتـی قەڵـس ناهـەق و نـاڕازی بـوو، دەیگـوت بەجیـا لەگەڵتـان دادەنیشـم، چونکـە بـە جیـا ئـەو دەبـۆوە زۆرینـە، بـەڵام پێکـەوە ئێمـە و گـۆڕان بـە چـوار کورسـی لـە پێـش پارتییـەوە دەبوویـن.

دووەم: لـە سـاڵی ٢٠١٨ بـۆ هەڵبژاردنـی عیـراق (پارتـی (٢٥) کورسـی هێنـا تەبعـەن بـە خـوی تەزویـرەوە.

باقی کورسی کوردستان بێ برا ئیسلامییەکان، وابوو:

(٤) نەوەی نوێ (٥) گۆڕان)+ ١٩ یەکێتی

دوو کورسـی هاوپەیمانـی، کـۆی کورسـی کـورد لـە دەرەوەی پارتـی دەیکـردە ٣٠ کورسـی . کـە ئەگـەر زۆنـی سـەوز پـەرت نەبوایـە پارتـی نەیدەتوانـی یەکەمـی بـێ رکابـەر بێـت.

سێیەم: لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ هەڵبژاردنی کوردستان:
یەکێتی ٢١ کورسی
گۆڕان ١٢ کورسی و نەوەی نوێ کە لە منداڵدانی گۆڕان هاتۆتە کایەوە ٨ کورسی
پارتیش ٤٥ کورسی جێی گومانی هەبوو
کۆی کورسی یەکێتی و گۆڕان و هی نەوەی نوێش دەیکرد ٤١ کورسی. کە ئەم ژمارەیە نزیکی دەکردینەوە لە هاوسەنگی هێز.
جا دوای هەڵبژاردنەکان.
١-نەوەی نوێ لە کوردستان بوو بە دوو فراکسیۆن
٢-لە بەغدا فراکسیۆنی نەوەی نوێ نەما و گۆڕانیش بوونە فراکسیۆنی یاخی کە لەدەست بەرنامەی سیاسی کاک نەوشیروان و بزوتنەوەی گۆڕانیش دەرچوون و تەوەلـلا بوون.
ئەم دەرس و وانە بە نرخانەی دیموکراسیی روون و ئاشکرایە. ئێمە کە بە تەنیا مافی دیموکراسی و مافی جیاوازی بەکار دێنین هەروا بە موجەرەدی و بێ هەڵسەنگاندن، ئەم مافە سەرکەوتوو نابێ.
بە موجەرەدی و بێ هەڵسەنگاندن وا دەکات دڵمان ئاو بخواتەوە گوایە مافی دیموکراسیمان بەکارهێناوە. گوایە مافی ئازادی خۆمان بەکارهێناوە، بەڵام قازانجەکەمان چییە؟ پەرت بوون و دابەش و فەوتانی دەنگەکانمان لەلایەن کەسانێکەوە کە دوایی وەک هەڵم دەڕۆن و وەک بەفر دەتوێنەوە، نایاندۆزینەوە تا سزایان بدەین و موحاسەبەیان بکەین.

٤

## پەرت و کەرت و دەتوێنەوە

بەڵام بە پێچەوانەوە دەتوانین موحاسەبەی گەورەکان بکەین وەکو چۆن گوایە یەکێتیمان سزا دا، لەکاتێکدا سزای خۆمان دا و یەکێتیمان لاواز کرد و نەمانتوانی کەس بەهێز بکەین جگە لە پارتی.
حزبی بچووکیش لە گۆڕان بوونەوە و گۆڕانیان سزا دا، بێ ئەوەی خۆشیان کەڵکێکیان هەبێ. کورسییەکانیان بە ئاسماندا دێت و دەڕوا و هیچیان پێ ناکرێ.
ئێستا لە دیدگای بازرگانی و هەراجسازی خۆیانەوە باسی فرۆشتنی کورسی سەرکۆمار دەکەن.

بەو هەموو ئەزموونە تاڵەشەوە گوایە باسی کڕین و فرۆشتن دەکرێ، پڕۆپاگەندەی ورده حزب و ورده سیاسی ئەوەیە درۆی فرۆشتنی حزبی گەورە دەکەن. ئەی بۆ باسی ئیمکانی کڕین و فرۆشتنی کاندیدانی گومڕاو ورده حزب ناکەن؟

ڕێی تێدەچێ و سەفەقاتی تیجاری لەوانە دەوەشێتەوە کە لە بازرگانییەوە هاتوونەتە ناو سیاسەتەوە، نەک لەوانەی بەرهەمی حزبی سیاسیی شۆڕشگێڕی خاوەن شەهیدن و پشتیان بە مێژوویەکی دوور و درێژ و جەماوەری سەدان هەزاری بەستووە. ئەو جەماوەرە کە چاودێرییان دەکات و دەتوانێت لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات.

ئەگەر ڕاست بێت شاخی گەورە هەرەس بێنێ، بۆچی پێتان وایە شێرە بەفرینەی بچووک و پڵنگی کاغەزین، وەکو هاورێ ماو دەیوت، یان قاقوشی و کۆلارەی پەیوەست بە تاڵە دەزووی تەنکەوە وەک هاورێیانی شۆرجەی کەرکوک دەیڵێن، ناتوێنەوە؟

٥

## نموونە بۆ عیراق و کوردستان چۆنە؟

لە نموونەی گەلان و وڵاتانەوە دەبێ بزانین عیراق بە دەنگی پەرت و کاندید و ماندیدی بێ حزبەوە بەرەو کوێ دەڕوات؟ نموونەی پەرلەمانی بێ ڕۆح و گیان و بێ وزەی سیاسیی جارانی میسر، لەسەردەمی موبارەک، پەرلەمانی ورده فراکسیۆن و پەرلەمانتاری بێلایەن لە نموونەی لوبنان کە ئەمی لوبنان کارێکی کرد ئەم وڵاتە دیموکراتییە لەناو دورگەیەکی ئیستبدادیدا تووشی شەڕی ناوخۆ بێت و تووشی داگیرکاری بێگانە و پەککەوتنی دەوڵەت و ئەمنیەت و سیاسەت بێت، کەچی بەتەنیشتییەوە سوریای دیکتاتۆری بەعس ئەمن و ئەمانی هەبوو؟ بۆ دەبێ وڵاتی دیموکرات یەکسان ببێ بە شوێنی پشێوی، وڵاتی سەرکوت و ستەمی سیاسیی و بێدەنگیش، یەکسان بێت بە ئارامی و جێگیری و سەقامگیری؟

ئاخر عیراقی ئەمجارە (ساڵی ٢٠٢١) بە پینە و پەڕۆی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە شەڕی ناوخۆ و هەڵوەشانەوە دەربازی بوو، دوورنییە ئەمجارە لە بەرخاتری ورده فراکسیۆن و پەرلەمانتاری بێ چەتر و پشتیوان وای لێ بێت هیچ بڕیاری پێنەدرێ و وەک دیموکراسییەکەی تورکیا لە (١٩٧١ و لە ١٩٨٠) ببێتە شەڕە قۆچ و بەرانی بێ کەڵک کە ڕێی بۆ کودەتای سەربازی خۆشکرد و وڵاتەکەی بەرەو دواکەوتن و پاشەوە پاڵپێوەنا.

بەرپرسیاری هەر یەکێک چییە؟

بـه دەنگدانـی بـێ رۆح و گیانمـان بـه هـەر کەسـێک کـه بـێ پشـتخان بێـت مانـای وایـه دەنگدانــی خۆمــان بــێ ســەمەر و بــێ نــرخ و بــێ کاریگــەری دەکەیــن. بــه دەنگدانمــان بەوانــەی ئەرکیــان پــێ هەڵناگیرێــت، پارتــی بەهێــز دەکەینــەوە. جــا ئەوســا ئیتــر نابــێ گلەیـی بکەیـن کـه بـۆ سـتەم هەیـه و بـۆ مووچـه نییـه؟ بـۆ تورکیـا لـه کوردسـتانه و بـۆ ٣١ی ئـاب رویـداوەو ئەگـەری دووبارەبوونـەوەی ٣١ی ئابـی تـر هەیـه؟

ناتوانیـن بـه دەنگـدان بـه ورده هێـز مافـی ئـازادی دەنگـدان پیـاده بکەیـن و ئینجـا دوای ئــەوەش داوای ئــەوە بکەیــن کــه یەکێتــی و هاوپەیمانیــی کوردســتان بەرامبــەر بــه پارتـی بوەسـتنەوە و پۆسـتی سـەرکۆمار و بودجـه و مووچـه دابیـن بکـەن.

ئاخـر دەنگدەریـش بەرپرسـیاری لەسـەر شـانه و دەردی دیموکراسـی دەردێکـی گرانـه، ئەگــەر باشــی لــێ نەزانــی دەبــێ بیزانــی تاوەکــو گونجانێــک لەنێــوان مــاف و ئــەرک دروسـت بکەیـت.

ئەگـەر حـەزت لـه سـوعبەته مامۆسـتا هێمـن وتەنـی: (شـوێنی دیکـه زۆره بـۆ گاڵتـه و چەفەنـگ) نـەک هەڵبژاردنـی چارەنووسسـاز بکەینـه سـوعبەت.

ئیتر لەبەر ئەو هۆکارگەلەش دەبێت خۆمان کۆبکەینەوە، هێزمان کۆ بکەینەوە.

خـۆ ئەزموونـی هەڵبژاردنەکانـی پێشـوو هـەر بـۆ حزبـەکان و دەسـەڵات، بـاش و گرنـگ نییـه، بـۆ مـن و تـۆی هاووڵاتـی دەنگدەریـش دیسـانەوە زۆر گرنگـه.

جـا خولاسـەی قسـه پێـش چوونـه سـەر سـندوق لەبیـرت بـێ دەنگـدان رۆژێکـه، بـەڵام ئەرکەکانـی هاوپەیمانیـی کوردسـتان هەمـوو سـاڵ و رۆژ و سـاتێکه.

# یاداشتی کۆتایی هەفتە

-مشتومڕ لەسەر بودجەی کەرکوک و مووچەی کوردستان لە بودجەی عیراقدا.
-بە یادی کۆمار، تا جلوبەرگی کوردی لە پەرلەمانی ئێران.
-بە یادی خۆسەری لە رۆژئاوا تا یادی تاڵی عفرین بەدەرس و دەورەکانییەوە

شرۆڤەی دۆخی کەرکوک و بەشی لە ئاوەدانی سایەی پارێزگارێکی بەوەکالەتدا، بابەتی سەرەکیم دەبێت لە یاداشتی کۆتایی هەفتەدا.

هەر چەند دوو سێ یاد و بەسەرهاتی سیاسییش لە رۆژژمێری هەفتەدا قەرەباڵغییان دروستکردووە، لە یادی کۆمارەوە تا یادی راگەیاندنی خۆسەری و کەوتنی عەفرین.

بۆ یادی مامەڕیشە و قفڵی مانگەکە بە یادی ئارامی سەرکردە.

١

چەند رۆژە سەرقاڵی کار رێگای نەدا لەسەر موداخەلەکەی پەرلەمانتار رێبوار تەها لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بنووسم.

موداخەلەکەی هەڤاڵ رێبوار ناوەڕۆکێکی باشی هەبوو، لەسەر گەندەڵی و گەندەیی ئیدارەی پارێزگای کەرکوک بوو، لە سەکۆی راست و دروستی خەباتی پەرلەمانییەوە کە سەکۆیەکی گرنگە بۆ یەکێتی و بۆ کوردایەتی دیموکراتخواز.

ئەگەر باش بخرێتەگەڕ و ئەگەر خۆشمان پێش بێگانە حورمەتی بگرین. هەر بۆیە پارێزگاری بەوەکالەت کە مانەوەی لە پۆستی ناهەقی زۆری خایاند، تەنگەتاو بوو،

هاتەسـەر خەتـی جوابدانـەوەو بـە هەناسـە بڕکێـوە گوتـی: ئێمـە پەیوەندیمـان لەگـەڵ یەکێتـی باشـەو عەیبمـان نییـە. بـێ ئـەوەی بپرسـێ داخـۆ خـۆی چـی کـردووە لەگـەڵ دەستپێشـخەرییەکانی یەکێتـی بـۆ ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـەکان لەڕێـی خزمەتکردنـی ڕەوشـی سیاسـیی شـارەکە.

شـڵەژانی پارێـزگار شـڵەژانێکی ناحەقـی و ناڕاسـتە و دووەم شـۆکە کـە لـەم هەفتەیـە تووشـی دەبـێ. یەکەمیـان ئـەو شـۆکە بـوو کـە قسـەکانی فالـح فەیـاز لـە کەرکـوک کـردی و گوتـی: ئـەو دۆخـەی کەرکـوک بـۆ کـەس ناچێتـە سـەر و دەبـێ پارێزگاکـە بەشـی هەمـوو لایەکـی تێدابـێ.

فالـح فەیـاز کـە نـاوی لـە لیسـتی تورەیـی ئەمریـکاش تۆمـارە، مەسـجی تریشـی هەبـوو کـە دەیزانـی هەژموونـی حەشـدی شـەعبییەکەی خـۆی و شـێوەی حوکمـی سـەربازی لـە کەرکـوک نـاڕەواو ناڕاسـتەو ناچێتـە سـەرە بۆیـە تورکمـان و پارێـزگار و حەشـدی شـەعبی پێـی قەڵـس بـوون، بـەڵام بەداخـەوە قۆڵـی پۆپۆلیسـتی و قیلـو قاڵیـی نـاو سیاسـەتی کـوردی کـە لـە زیـان زیاتـر هیچـی تیـا نەبـووە بـۆ کـوردو کوردسـتان، ئـەم دیوەیـان لـە بەسـەرهاتەکانی کەرکـوک نەبینـی و نەخوێنـدەوە، چونکـە ئاشـەکەیان بەمشـێوەیە هەڵدەسـوڕێ کـە خوێـن و زامـی کـوردی تێبکـەن و خەیاڵدانـی ناسیۆنالیسـتی گۆشـەگیری پـێ ئـاو بـدەن.

٢

پارێـزگاری کەرکـوک تایتڵێکـی سـەرەکییە بـۆ شکسـتی ئیـدارەی حکومەتـی عیـراق لـە کەرکـوک و کارە سـەلبییەکانی بـەرەی تورکمانـی و حەشـدی شـەعبی تـەواو دەکات. لەجێـی ئـەوەی مۆدیلێکـی بـاش لـەو ناوچـە کێشەلەسـەرە پێشـکەش بکـەن، بەڵگەیـان دایـە دەسـت ناسیۆنالیسـتی گۆشـەگیر و پەڕگیـری هەندێـک تـا بـۆ ئەوانـی بسـەنێتەوە. پارێـزگار بەهـۆی ئـەوەی کـورد لەسـەر هیـچ ڕێکنەکەوتـن، سپۆنسـەری ئاشـگێری ئـەو نێوەندانـە دەکات کـە حەزیـان لێیـە هیـچ کێشـەیەکی کـورد و تورکمـان و عـەرەب لـە کەرکـوک چارەسـەر نەبێـت، لەسـەر کەلاکـی کێشـەکانی کەرکـوک و عیـراق هەڵپـەڕن. هەموویشـی بخەنـە ئەسـتۆی عاقڵمەندانـی گەرەکیانـە کێشـەکان بـە سیاسـەت و گفتوگـۆ چارەسـەر بکـەن.

ئـەوەی وای کـردووە ڕاکان جبـوری لـەم بـێ پەروایـی سیاسـیی و پەرپووتـی ئیدارییـەدا بمێنێتـەوە ناکۆکـی ماڵـی کـوردە کـە نەیهێشـت دۆسـێی پارێزگارێکـی کورد چارسـەر ببێت

تـا خۆپیشـاندانەکانی تشـرینی ۲۰۱۹ لـە بەغـدا ئەنجومەنـی پارێزگاکانی هەڵوەشـاندەوە.

هـەر لـە جوگرافیـای کەرکـوک ماویـن، بۆیـە یادی سـەروەری شـەهیدبوونی مامەڕیشـەش کـە بۆنەیەکـی کوردانەیـە بـۆ تینوتـاوی شۆڕشـگێڕی تـا لـەم شـۆکی کەرکـوک و داڕزاوی سیاسـیی عیراقـدا لەبیرمـان بێـت ئەمـەش تێدەپەڕێـت و دەورانـی راکان جبـوری و حەشـدی شـەعبی وەک دەورانـی بەعـس و حـەرەس قەومـی وایـە، تاسـەر نییـە.

٣

لـە دوای بـەرواری یـادی شـەهید مامەڕیشـەوە لـە رۆژی ٢٤-١ بـۆ ٣١ی هەمـان مانـگ، وەبیـر هێنانـەوەی شـەهید ئـارام لەکایەدایـە تـا وەبیرمـان بێـت یەکێتـی حزبـی شـەهیدانەو نەریتـی شـەهادەتی سەرکردایەتییەکەشـی نەریتێکـی شۆڕشـگێڕییە هەقـە دایمـە لـە فیکـر و یادەوەریدابێـت ئـەو کاتـەی چارەسـەری کێشـەیەک لـە کوردایەتـی و یەکێتییەتـی عاسـی دەبێت.

وەکـو مامەڕیشـە ناونیشـانە بـۆ فەرمانـدەو پێشـمەرگەی ئـازاو رەمـزە بـۆ کەرکوکـی چەقبەسـتوو لـەم دۆخـەدا، شـەهید ئارامـی سـەرکردە رەمزێکـی گـەورەی رێـرەوی چەپگەرایـی و هەژاردۆسـتییە لـە شۆڕشـی نـوێ بـە کۆمەڵـەی دێریـن و یەکێتـی نـوێ و هـەروا یەکێتـی نوێبوونەشـەوە. ئاخـر لـە بیرچوونـی جـار بـە جاری ئـەم ئەسڵوفەسڵەمانە دەمـاری شۆڕشـگێرییمان خاودەکاتـەوە.

یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هـی هەمـوو کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتانە بـە ناوەرۆکێکـی کۆمەڵایەتییـەوە کـە رێـی ئاوەدانـی خانـووە قـوڕەکان پیشـانمانی دەدات، بەتایبەتـی یەکێتـی هـەر ئـەو رێگایـەی هەیـە بـۆ خەباتـی دیموکراتـی و چنینـەوەی دەنـگ و تەفویـزی خەڵـک ئـەو کاتـەی لـە هەڵبژاردنـدا پاداشـت و سـزا دێتـەوە کایـە.

٤

ئـەم یادانـەی یەکێتـی و باشـوورم باسـکرد و سـڵاوێکم بـۆ یـادی کۆمـاری کوردسـتانیش نـارد کـە هیـچ ئەدەبیاتێـک وەک شـیعری هێمنـی موکریانـی نەیلاواندۆتـەوە. کۆمـار ئەزموونێـک و حکومەتـی مەلیـک مەحمـود و ئـارارات دوویتـر، ئێسـتاش هەرێمـی کوردسـتان و خۆسـەری کانتۆنەکانـی رۆژئـاواش مـاون. هەرێم تووشـی ناکۆکـی ناوخۆیـی و چەقبەسـتوویی پەیوەندیـی لەگـەڵ حکومەتـی ئیتحـادی بـووە. سـا بەڵکـو تەگبیـری رێککەوتـن لەسـەر بودجـە و مووچـە و کەمپینـی گـەرم و دیموکراتـی هەڵبژاردنـی داهاتووی

وڵات گرژی نێوان کەم بکاتەوە و دەریچەی بۆ گوزەران و مووچەی خەڵکی کوردستان پێبێت؟

رۆژئاڤاش هەقە گفتوگۆی ئاشتی پەیەدە و ئەنەکەسە بگەیەنێتە ئاستی پتەوبوونی بەرەی ناوخۆیی تا دەرەقەتی نەیارانی ئیقلیمی بێت. ئەگەر چەتری فیکری پشتیوانی ئەزموونی پەیەدە لە رۆژئاڤا کەمێک لەو دیموکراتییەی حەز دەکات باشوور بەشی ئەویشی لێبدات، لە رۆژئاڤا تاقیبکاتەوە و ئەگەریش چەتری پشتیوانی ئەنەکەسە لەو خیتابە ناسیونالیستیەی لە باشوور زۆری دەڵێتەوە، جورعەیەکی بکاتە دەرمانی پەرۆشی بۆ یەکێتی نەتەوەیی لەوێ ، ئەوا تەبایی و رێککەوتن لەو بەشەی کوردستان دوور نابێت.

لەم کەشی نووسینەدا بووم هاوەڵێکی رۆژئاڤا بیرەوەریی شادی و خۆشی جاڕدانی خۆسەری رۆژئاواو یادی تاڵی داگیرکردنی عەفرینی وەبیر هێنامەوە، بە ئەدەبی لێڕادیتنەوە پرسی تۆ کە کتێبت لەسەر رۆژئاڤا و سورریا هەیە چی دەڵێی بۆ ئەم دوو یادە؟ لە پێشدا بە هەمان لێڕادیتنی کوردستانییەوە گلەییم کرد ئەی لەسەر یادی شەهیدەکانی باشوور و یەکێتی و شۆرشی نوێکەی باشوور چی ؟! ئینجا گوتم وا نووسین و نووسراوەکانم دەکەمە کتێبی دووەمی «سەیران بۆ سەرێکانی» و هیوادارم دەرسی عەفرین و دەرسی کەرکوک و دەرسی سووری دیاربەکریش بۆ هەموومان مایەی بەراورد و لێوردبوونەوە بێت تا بزانین هەمووجار بەرەنگاری هێزداری و ئۆپەراسیۆنی سەربازی شار و وڵاتمان ناپارێزێت، بە تایبەتی لە غیابی هاوسەنگی هێزدا، کەمێکیش خەباتی پەرلەمانی و دیموکراتی بەرهەمی موقاوەمەتدارانەی لێ دەکەوێتەوە . بەڵگەش مینبەری پەرلەمانی عیراقە کە زیاد لە چانسێکی دیموکراتی تێدایە بۆ داکۆکی لە مافەکانی نەتەوە.

بەڵگەش تەنانەت مینبەری پەرلەمانی ئێران و پەرلەمانی تورکیایە کە ئەگەرچی هێشتا دیزاینەکەیان ماویەتی جێی کورد فراوان بکاتەوە. کەچی بەشی ئەوەبوو نوێنەرێکی ئازای کورد بە جلی کوردییەوە رەدی تەوهینی بەرنامەی تەلەفزیۆنی رەسمی دایەوە کە«لیباسی کوردی» بە جلی شوان و لادێی دەناسێنێ . وەک بڵێی شوانکار و لادێنشین هەقی ئینسانی و هەقی گەردنبەرزی نەبێت.

قسەقسە دێنێ ئەم نەرمە جموجۆڵانە و ئەم خەباتە شێنەییانە کاری سەربەرزانەیە ئەگەر کوردستانییان کەڵەکەی بکەن و بیکەنە خەرمانی بە پیت، نەک وەک ئەوەی لە ڤیدیۆیەکدا بینم کە مینبەرێکی میدیا گرتەی نوێنەری کورد لە پەرلەمانی

ئێـران و گرتەیەکـی تـری نوێنەرێکـی تـری کـورد لـە پەرلەمانـی تورکیـا دەکاتـە بیانـوو و دەسـکەلا بـۆ پەلاماردانـی پەرلەمانتارێکـی تـری کـورد لـە پەرلەمانـی عیـراق. تەنهـا لەبەرئـەوەی ئیجتهادێکـی جیـاوازی هەیـە جا ئـەو ئیجتهـادە چـاک بێت یـان چـەوت ئـەوە باسـێکی تـرە. میدیـای ناوبـراو لـە جێـی ئـەوەی ئـەم مینبـەرە پەرلەمانییـە جیاجیایانـەی کـورد پێکـەوە گرێبـدا و بیانکاتـە گەردانـە لـە ملـی خەباتێکـی نەتەوەیـی و پەرلەمانـی، دەیانکاتـە دەسـکەلای ناکۆکـی و بەگـژ یەکیانـدا دەکات.

راسـتە ئـەوە خوێـن نارێـژێ و هەرچۆنێـک بێت لەشـەڕ باشـترە، بەڵام زیهنـی دیموکراتی و سـەرنجی نەتەوەیـی بـە لارێدا دەبا.

٥

یاداشـتی ئـەم هەفتەیـە لـە مێـژووەوە بـۆ ئەلعانەکینـێ، لەکەرکوکـەوە بـۆ عەفریـن و بـۆ پایتەختـە پەرلەمانییـەکان، لـە هاتووچـۆدا بـوو.

# هەرێمی.... کوردستان

ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت ئاوســە بــە گۆڕانکاریــی کــە کــەس نازانــێ لــە کوێــوە ســەر دەردێنــێ؟. ئــەوی نزیکــە ئەگــەر و نەگــەری شــەڕێکی قورســە کــە جیهانــی پێــوە ســەرقاڵە و دەڵێــن ناوچەکــەی ئێمــە چەقــی دەبێــت. نــاوی ململانێــی ئێــران و ئەمریــکا دێــت، بــەڵام ئەگــەر بقەومــێ کــەس نازانــێ پەرەســەندنەکەی تــا کــوێ دەڕوا و ئاگرەکــەی کراســی کێــی تــر دەســووتێنێ؟.

زەحمەتــە پێشــبینی بکەیــن دەقەومــێ، یــان لــە دوا ســاتدا دەریچــەی تــر بــۆ (شــەڕەکە) دەدۆزرێتــەوە. واتــا ئــەوی پێــی دەڵێــن سیاســەت درێژەپێدانــی (شــەڕ)ە بــە شــێوەیەکی تــر، ببێتــە بــژاردەی هــەر دوو بــەرە و ســەرەنجام لــە ڕاڕەوەکانی سیاســەت و دیپلۆماســی و هێڵــی گەرمــی تەلەفۆنــەوە، پێکهاتنــەوە ســەر دەربێنــێ. تــا چەنــد ســاڵی رابــردوو ئەگــەری هــەر شــەڕێک وا دەخوێنرایــەوە کــە شــتێکی تێــدا دەبێــت بــۆ کــورد، هیــچ نەبــێ دیــوی خوێندنــەوەی کــورد و کرمانــج وابــوو. ئەمــەش ڕەنگــە لەبەرئەوەبــێ کوردســتان خۆشــی گیــرۆدەی کــۆت و بەندێکــی وابــوو زلهێــزەکان تــا مامناوەنــدە ئیقلیمییــەکان پێکیانهێنابــوو. لــە دوا دەیــەی ســەدەی رابــردوودا ملهــوڕی ســەدام لــە کوێــت (ســاڵی ١٩٩٠) دنیــای هێنایە ســەر رژێمــی بەعــس و تــا رووخــا (لــە ســاڵی ٢٠٠٣)، گەردەلولــی بیابــان هــەر تــۆزی لــێ هەڵدەســا، لەنێــوان ئــەو دوو بــەرەوارەدا کــورد ئەزموونێکــی بەڕێکــرد و دوای کەوتنــی بەعســیش، ناونیشــانی رەســمیی لــە دەســتووری عیراقــدا بــۆ مســۆگەر کــرد. هەرێمــی کوردســتان بــە هەمــوو ئازارەکانــی ســێ دەیــەی رابــردووەوە، قەوارەیەکــی هەیــە نایــەوێ لــە دەســتی بــدات. پاشەکشــێی چەنــد ســاڵی رابــردوو و کێشــەکانی تائێســتای لەگــەڵ

بەغدا کە لە بازنەی ماف و مووچە و بودجەدا دەخولێنەوە، سیاسەتی کوردستانی بێ هیوا نەکردووە، بەڵام هێشتا هێزەکەی جارانیشی بۆ وەرنەگرتۆتەوە تا تەماع و تموحی تر بداتە بەر خۆی، یانیش لە ڕێگەی یەکگرتنێکی کۆنکرێتییەوە لە ناوخۆدا بە رەچاوکردنی ئیستحقاقەکانی دیموکراسی و ڕێڕەوی چاکسازیی، بتوانێ ئەم دووانە: تەماع و تموح لێک جیا بکاتەوە و داشی بەسەر بەغدادا سوار بێت. بەغدا خۆشی دەردەداری ئەوەیە چۆن هاوسەنگی لەنێوان دوو دۆستی ناکۆک، ئەمریکا و ئێراندا، دابین بکات. خۆ دیارە لە کەیسی تورکیا و ئیقلیمیشدا ئیمانی زەعیفە و قەرزی زۆری لەسەرە. ئەمەش کار لەسەر سیاسەتی کوردستانی دەکات، تەنانەت ئەگەر بیەوێ کارای ئیجابی بێت، یان دانای سەبر و تەحەمول بێت. کوردستان و عیراق ئەو کاتە پاڵپشتن کە هێز و تین بدەنە یەکتر، کەوا نەبن و ناکۆکیش بن، مەعلومە نابنە بەردەبازی یەکتر.

لێرە قسەمان تەرخانی ئەمڕۆی پێش لێدانی بوقی شەڕەکەیە کە وڵاتەکە دەبێتە گۆڕەپانێکی، جا چونکە پێش ئەزموونی ١٩٩١ نییە کە هیچمان نەبوو لە دەستی بدەین، دوای کەوتنی سەدامیش نییە کە سەنگی کورد چووبووە کەشکەڵانی فەلەک. هەقێتی بڕیار بەدەستی کوردستانی نیگەران و دوو دڵ بێت. یەکگرتوویی کورد لەم ئان و ساتەدا زۆر زۆر گرنگە، نەک هەر بۆ هێزدانە بەرخۆ، بەڵکو بۆ تێفکرین و راوێژ و تەگبیری هاوبەش. یەکەم بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان. دووەم بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و سێیەمیش هەر بۆ پاراستنی کوردستان.

ئەگەر ئەوە کرا، قەڵەم هەیە و.. نووسینی تریش لێی ئاسان تر نییە.

# فەسڵی سێیەم

# پەنگخواردن

# له ئەستانەی تەنگژەی کوردستاندا

حوکمڕانـــی و ئۆپۆزســـیۆنی کوردســـتان هەردووکیـــان لـــەم ململانێیـــەدا گـــرەو لەســـەر کات دەکـەن، گـرەوی یەکێتـی و پارتـی لەسـەر دۆخـی سیاسـیی ناوخـۆی وڵاتـە بەکاتـی کوردسـتان و گـرەوی ئۆپۆزسـیۆن بەکاتـی هەلومەرجـی ئیقلیمـی و نێودەوڵەتییـە، ئـەم گرێدانـەوەی کاتـە بـەو دۆخـی ئیقلیمـی و نێودەوڵەتییـە زۆر لـەوە قووڵتـرە کـە تەنهـا قسـە بێـت لەسـەر پەیوەندییەکـی سـاکاری ئۆپۆزسـیۆن لەگـەڵ ئـەم هێـزو ئـەو لایەنـی دەرەکـی (هـەروەک بەیاننامەکـەی یەکێتـی و پارتـی لـەڕۆژی ٢٠١١/٤/٧ ئامـاژەی بـۆ دەکات و دەڵـێ کـە شـوێن پەنجـەی هەنـدێ لایەنـی بیانـی پێـوە دیـارە ...و ناتوانیـن هەنـدێ جموجۆڵـی ئۆپۆزسـیۆن لەنیـازی هەنـدێ شۆڤێنیسـت جیـا بکەینـەوە) لەمـەدا کـەس لەهێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆن قسـوریيان نەکـردووە، بەڵکـو ئێمـە قسـە لەسـەر گرێدانـەوەی کات دەکەیـن وەک پەتـای تەوقیتکردنـی ململانێـی سیاسـی کوردسـتان لەگەڵ تەوقیتـی ململانێـی سیاسـیی لەگـەڵ وڵاتانـی عەرەبیـدا، ئـەوی پێمانوایـە جۆرێکـی تـرە لـە تەعریبکردنـی سیاسـەتی کوردسـتانی و چەردەیەکـی باشـی وابەسـتەیی فیکـری و ڕەدوکەوتنـی سیاسـی لەپشـتەوەیە.

جیـاوازی کات لەنێـوان دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن جیاوازییەکـی مەعنـەوی و سیاسـی گەورەیـە. ئۆپۆزسـیۆن بـەرەو ئیشـتباهێکی گـەورە دەبـات کـە ئەرکـی دەسـەڵاتە ئیحتـوای ئـەم ئیشـتباهە گەورەیـە بـکات تـا زیانەکـەی بەجۆرێـک بێـت کەمتریـن زیـان لـەدژی ئەزموونەکـەو خەڵکـی کوردسـتان بخاتـەوە، بەتایبەتـی ئـەم جیـاوازی کاتـە جیـاوازی شـوێن و پێشـینەی تەجرەبـەی وڵاتـەکان لەگـەڵ کوردسـتان دەردەخـات.

ئـەوی مەترسـییەکە گەورەتـر دەکات ئەوەیـە ئۆپۆزسـیۆن ئـەم جیاوازییـە گەورەیـەش نابینێـت، لەلایـەک:

*دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان کەمتـر لـەدوو ساڵە بەحـزورو بەشداری راسـتەوخۆی ئۆپۆزسـیۆن لەهەڵبژاردنێکـی ئـازاددا، متمانـەی گەلـی بەدەسـتهێنایەوە و نوێنەرایەتـی خـۆی دەمـەزەرد کردۆتـەوە، ئـەو رێـژە دیـارەی ئۆپۆزسـیۆن هێناویەتـی و زوو زوو هەرەشـەی پێدەکات، خـۆی لـە خۆیدا بەڵگـەی ئـازادی هەڵبژاردنەکەیـە لـە کوردسـتان. نیشـانەی ئەوەیـە هـەردوو حزبـی هاوپەیمـان رێـژەی لـە ٩٩٪ی نموونـەی عەرەبـی هەڵبژاردنیـان بەدەسـت نەهێنـاوە، بەڵکـو وەکـو هەمـوو تاقیکردنـەوە دیموکراتییـە رێزلێگیـراوەکان نزیکـەی لـە ٥٢٪ی دەنگەکانیـان هێنـاوەو پێشـی رازیـن و لەسـەر ئـەو بنچینەیـەش حکومەتێکـی چـوار ساڵییان بـە بەرنامەیەکـی چاکسـازیخوازانەی واقیعـی، دوور لەخەیـاڵ پـلاوی و فریودانـی خەڵـک بـە سـەقفی بـەرزی داخـوازی، پێکهێنـاوە.

*لەلایەکـی تریشـەوە ئۆپۆزسـیۆن خـۆی هەمـوو رێـگاو مینبەرەکانـی بەشـداریی سیاسـیی لەبەردەسـتدایە بـە پێچەوانـەی وڵاتەکانـی کـە بـۆ ئـەوان بوونەتـە نموونـەی چاولێکـردن.

وازهێنـان لـەو مینبـەرە شـەرعی و رەسـمیانە لەپێنـاو ئـارەزووی دەسـتگرتن بەسـەر شـەقام و بـەزۆر بەرپاکردنـی مانگرتـن، بژارەیەکـی شکسـتخواردووەو گۆڕینـەوەی مینبەرێکـی شـەرعی و رەسـمییە کـە ئەمـان هەیانـەو ئۆپۆزسـیۆنی میسـری و عەرەبـی نەیبـوو، بەمینبەرێکـی تـر کـە نەیتوانـی گۆڕەپانـی بەرتەسـکی سـەرای سـلێمانی تێپەڕێنـێ. دەرخسـتنی ئـەم جیاوازییانـەش راوێـژی بـێ نـرخ نییـە بـۆ ئۆپۆزسـیۆن، بەڵکـو وەئاگاهێنانەوەیەکـی پێویسـتی حکومـەت و حوکمڕانـی شـەرعی وڵاتـە بـەوەی لـەم دابڕانـەی ئۆپۆزسـیۆن دروسـتی کـردووە گرنگـە ئیحتـوای هەفتـەی نائومێدی ئۆپۆزسـیۆن و درێژکراوەکانیـان لەسـەرای سـلێمانی بکرێـت بـەو شـێوەیەی هەیبەتـی دەسـەڵاتی شـەرعی لـە لایـەک و جێگیـری و ئارامـی و بەرگرتـن لەتوندوتیـژی، لەلایەکـی تـرەوە، دەسـتەبەر بـکات.

٢٠١١/٤/١٠

# با خەبات جۆش بدەینەوە

حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بەخەباتی سەلبی حزوری خۆیان لەمەیدانەکە تاقیدەکەنەوە، با یەکێتییەکان بەخەباتی ئیجابی حزوری خۆیان لەمەیدانەکە دەمە زەرد بکەنەوە. حزبەکانی تر، ئەوانەی لەحوکم نین و ئۆپۆزسیۆنن، بەسیاسەتی نەخێر و نا و نابێ لەگۆڕەپانەکە دەجوولێن، با یەکێتییەکان کە حزبەکەیان بەشێکی سەرەکی پرۆسەی حوکمڕانییە لەو وڵاتە بەسیاسەتی ئیجابی بەڵێ و دەکرێ و بۆ نا، مەیدانی خەبات ئاوەدان بکەنەوە. خەباتی ئیجابی بەرهەمی زیاترە و جەماوەر و خەڵکانێکی زیاتر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەزی لە کاری خێر و دەستەجەمعییە، چونکە دەستخۆشیکردن لەمە ئیجتهاد هەڵناگرێ، لێ کاری سەلبی و نەخێر و بە دەنگەوە نەهاتن بازنەیەکی بەر تەسکی جووڵەو دەنگدانەوەی لە بەردەمدا دەبێت. با یەکێتییەکان لەبەردەم جامی شکاوی مۆڵێکدا، لەبەردەم بەرد تێگرتن و تایە سووتاندن و بەخت سووتاندا، کۆڕی خەباتی پاکردنەوەی شانۆی خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت و بەلاڕێدا براو بەرپابکەن. لەبەردەم مانگرتنی دوو مامۆستا، سێ مامۆستای یەکێتی خۆبەخشانە بێتە مەیدانی ئامادەگی دەرس گوتنەوەو نەهێڵن پرۆسەی پەروەردەو خوێندن قەت پەکی بکەوێت.

مەرج نییە ئەم خەباتە ئیجابییە بەریەککەوتنی لێ بکەوێتەوە لەگەڵ ئەو (خەباتە سەلبیە)ی ئۆپۆزسیۆن. ئێمە ئەبێ ئیرادەمان ئیرادەی فراوانکردنی مەیدانی کار و خەبات بێت، نەک بەریەککەوتن و پێکهەڵپڕژان.

شەقامی کوردی یەک شەقام و یەک ئاراستەو یەک گۆڕەپانیش نییە، کاتێتی کادری

یەکێتی گورتر بێنە مەیدانەکە و لە بەردەم هەر نا و نەخێرێکی نییەت پەکخستندا بژارەی زیاتر بخاتە بەردەم، با گەنجەکانی یەکێتی ناڕازی و تووڕەبووەکان ئاشت بکەنەوە، پێیان بڵێن خەباتی ئیجابیش لەباریدایە شەڕی گەندەڵیی و دادپەروەریی بکات و لە دژی کەموکورییەکان رابێتەوە.

گۆڕەپانی خەباتی ئیجابی شوێنی بەرەنگاریی و تەحەدای راستەقینەیە بۆ رێکخستنەکانی یەکێتی، بۆ هەواداران و دۆستان و لایەنگرانی یەکێتی. چیتر ئەرکی چاکسازیی و چارەسەر و جێبەجێکردنی ئەرکەکان بۆ سەرووی خۆیان جێنەهێڵن. کوڕان و کچانی یەکێتی بێ خەم نەبن لە ئەرکەکانیان، پشت بەستوو بەوەی کاکەکان لەسەرەوە هەموو شتێک چارەسەر دەکەن و حکومەت، کە هی خۆمانە، سیاسەتی چاکسازیی و نوێبوونەوە، سەردەخات. راستە یەکێتی و پارتی دوو حزبی دیموکراتن، بەڵام مێژووی ئەو دوو حزبە هاوپەیمانە دێرینترە لە مێژووی حوکمڕانیکردنیان. حوکمڕانی دێت و دەڕوات. بەڵام مەیدانی تێکۆشان فراوانە و کۆڕی خەباتیش هەمیشە گەرمە.

٢٠١١/٤/٢٥

# حاڵی دەروێش

قافـی گێڕانـەوەی هەقایەتـی خـۆش، پەیوەندیـی بە دەمی تەنگژەوە نییـە، بەپێچەوانەوە لـە تراژیدیـا، کۆمیدیـا نەشـونما دەکات، بۆیـە بـا تەنگـژە هەرهەبـێ کـە هـەر رۆژێـک رووی لـە چارەسـەر دەبێـت، بـەڵام ئـەم هەقایەتـە زۆر دوابکەوێت لەبیـرم دەچێتەوە.

ئۆباڵ وەمل وتیاری بێت، کە روخسەتی دام هەقایەتەکە بۆ ئێوە بگێڕمەوە:

دەڵێـن لەگوندێکـی ئـەو باڵەکایەتییـە چەنـد دەروێشـێکی لەخـودا تـرس خەریکی زیکری خۆیـان بـوون، ئاشـنایەک کـە دەروێـش نەبوو، بەڵام لەگەڵ دەروێشـان هەڵیدەکـردو لەگەڵ وان دادەنیشـت، جارێـک کـە دەبینـێ دەروێشـەکان لەزیکـردا دەگەنـە حـاڵ لێهاتـنو ئیتـر دەربەسـتی ئەشـکەنجەو ئـازاری دنیـا نایـەن، دەم بـە پشـکۆی ئاگـرەوە دەنێـن، دەم لـە لێـواری سـوورهەڵگەڕاوی سـۆپەوە دەنێـن، ئیتـر ئەویـش حـاڵ دەیگـرێو لەگـەڵ دۆسـتو یـاران دەگاتـە قۆناغـی تەجەلـلا، بـەڵام چونکـە خـۆی دەروێـش نییـەو دەروێشدۆسـتە، یـان بـە فەرهەنگـی هاوچـەرخ، ڕەفتـار دەروێشـە، لـەم کەینوبەینـەدا زاری وا دەسـووتێ، کـە هیـچ زیکـرو تەهلیلـەو پاڕانەوەیـەک دادی نـاداتو لەهـۆش خـۆی دەکەوێـت.

هەقایەتخـوان پێـی گوتـم: کابـرا لەتـاو ئـازاری زمانـی سـووتاوی، یـەک مانـگ جگـە لـە نسـکێنە هیچـی تـری پـێ نەخـوراوە، ئەمـەش عاقیبەتـی ئەوانـەی لەخوانەترسـنو کەچـی تەقلیـدی فەرهـادێ دەکـەن.

کـێ لـەم زەمەنـە بـێ بـارەی وەک نسـکێنە وایـە، هـەر رۆژەی بارێکمـان پـێ نیشـان دەدات. لـەم هەقایەتـەی دووپاتکردۆتـەوە؟

گـۆڕانو ئۆپۆزسـیۆنە دۆسـتەکانی، کـە دادی چاولێکـەری هەرجـارەی لـە تۆڕێکیـان دەخـات، بـە جیـاوازی ئـەوەی ئۆپۆزسیۆنی نیسـکخۆر هـەر کـە زمانـی لـە سـووتان چـاک دەبێتـەوە، خـۆی لێدەبێتـەوە بـە دەروێـشو لـە خولێکـی تـردا حـاڵ دەیگرێـت.

دەمێـک تـۆڕی چاولێکـەری حکومەتـی سـێبەری بەریتانیـاو جارێـک کۆپیکردنـی نموونـەی سـەوزەکانی ئێـرانو ئێسـتاش نموونـەی شۆڕشـەکانی دنیـای عـەرەب لـە میسـر تـا یەمـەن، بـەڵام چونکـە حاڵـی کوردسـتان لـە حاڵـی میسـرو عـەرەب جیایـە، بۆیـە حاڵلێگرتنـی ئۆپۆزسـیۆن لـە وڵاتـی ئێمـە دواجـار نـەک زمانیـان، بەڵکـو بەختیشـیان دەسـووتێنێ، چونکـە ئـەوی چـاو لـە خەڵکـی تـر بـکات، بـێ ئـەوەی شانوشـەوکەتی دەروێشـی ڕاسـتەقینەی هەبێـت، سـەرەنجام نۆبـەی یـەک مانـگ نیسـکی بەردەکەوێـت، نـەک هەریسـەکەی عەلـی.

٢٠١١/٤/٣٠

# یەکگرتوو دۆسیێکە دەکاتەوە؟

ئەمینـداری یەکگرتـوو، بەڕێـز سـەلاحەدین بەهادیـن، لـە ئامـۆژگاری نامەکەیـدا بـۆ گەنجانـی یەکگرتـوو، هەندێـک (راسـتی) درکانـدووە کـە لەبەرئـەوەی تەجـاوزی دۆخـی دەروون حزبـی یەکگرتــوو دەکات و شــەئنی گشــتی کۆمەڵــی کــوردەواری و پرۆســەی سیاسـیی کوردسـتانیی دەگرێتــەوە، ئــەو هەقەمــان پێـدەدات ئێمــەش لەســەری قســە بکەیـن و کۆمێنتمـان هەبێـت.

سـاڵی پـار دەسـەڵاتی سیاسـیی کوردسـتان و میدیـا دەربەسـتەکانی وڵات هــەر لـەزووەوە تەشخیسـی ناسـنامەی بەرنامەڕێژانـی خۆپێشـاندانەکانی ١٧ی شـوباتیان کـرد کەئەمـە پێچەوانـەی نیەتـی پاکـی بەشـێک لەبەشـداران هیـچ نییـە جگـە لە (خۆپیشـاندان) ی تەگبیـر بۆکـراوی ئۆپۆزسـیۆنی کوردسـتان.

تەشخیسـەکە وابوو ئەم مەحکەمییە لەداڕشـتن و رێوشـوێنی نمایشـەکان و ئیدامەپێدان بـەکادرو دەموچـاوە دیارەکانـی هێزەکانی ئۆپۆزسـیۆن و ئینجا قەتیسـمانی لەدەسـتەبژێری حزبەکانـی ئۆپۆزسـیۆندا کـە بەئیحتیرافـەوە هەڵیاندەسوڕاند، هەمـوو ئەمانـە سـەلمێنەری ئـەو راسـتییە بـوو. دروسـتکردنی پەرژینێـک لەفـەزای خۆپیشـاندانەکان و کۆنترۆڵکردنـی دروشـم و هوتافەکانیـش هـەروا (مانـۆڕ)ی تـا سـەر خۆنەشـاردراوەی ئـەو هێزانـە بـوو. ئۆپۆزسـیۆن، خۆشـی، زۆری نەبـرد کەخاوەندارێتـی لەخۆپیشـاندانەکان ئاشـکراکرد. بۆیـە هەمـوو هەوڵێـک بـۆ پێکگەیشـتنی نێـوان نوێنەرانـی خۆپیشـاندەران و نوێنەرانـی دەسـەڵاتی سیاسـی و پەیامەکانـی پەکخـران و دواجـار گەیشـتن بەوێسـتگەی کۆبوونـەوە (پێنـج قۆڵییـەکان) قەرینـەو ئاماژەبـوون بـەوەی کـێ خۆپیشـاندانی کـردووە هـەر ئەوانەن

کەدانوستاندن لەسەر چارەسەری دەکەن.

بەڵام قەرینەو ئاماژەکان چەند زەق و حاشا هەڵنەگربن ناکەنە ئیعترافی روون و دانپیانانی راستەوخۆ. بەڕێز سەلاحەدین بەهادین لەئامۆژگاری نامەکەیدا سڵاوی گەنجانی بەشداربووی خۆپیشاندانەکان دەسەنێتەوەو ئەوە دەڵێ کەئەوان بەشداری ئەم خۆپیشاندانە بوون کەدەکاتە ئەوەی ئەوی قەوماوە (خۆڕسک نەبووە)و خۆیان رسک بووەو بەسەخاوەتەوە بەشدارییان تێدا کردووە. ئەوەتا دەڵێت (ئێمە باشمان کرد کە بەجددی و سەخاوەت بەشداری راپەڕینەکەی شوبات و دواترو مەیدانەکانی ئازادیمان کرد).

ئەمینداری یەکگرتوو ئەم دانپیانانە وەک شانازییەک بۆ گەنجان دەگێڕێتەوەو ئەوەش لەشەئنی حزبیدا هەقی خۆیەتی. هەقی خۆیەتی ئەویش ئیتر دوای هەژدە ساڵ لەدامەزراندن خاوەنی (راپەڕین)ی خۆی بێت با ئەو راپەرینە بۆنی (ئیخوانی) لێ بێت تا ئەوەی وەک راپەڕین و شۆڕشەکانی دیکەی کوردستان بۆنی رزگاری و رابوونی نەتەوەیی لێ بێت.

شەئنی حزبی هەقێتی (شانازی) بکات، بەڵام شەئنی گشتی کۆمەڵی کوردەواری و پرۆسەی سیاسیی دەبێ ئەم ئیعترافە بخاتە شوێنی راستەقینەی خۆی کەدەست تێدا هەبوونی (یەکگرتوو) لەو هەموو قەومانەی پارساڵ روویداو تەلەفی گیانی و مادیی لێکەوتەوە. چونکە لەئەوەڵ رۆژەوە خوێن رژاو سەرشکاو لووت پڕا. کەئەمانە هەمووی ناونیشانی ئیسلاحی و میانڕەوی نین، بەڵکو دەستەواژەی فەرهەنگی توندوتیژیین و خاوەندارێتی لێی خاوەندارێتییە لەتوندوتیژی و دنەدانی کوشتن و خەسارەتی زۆر.

ئیعتیرافی ئەمینداری یەکگرتوو ئیعترافی تاوانی خوێنڕژان و شەهیدبوون و برینداربوونی بێ حاسڵی خەڵکە کە دنە دران بۆ خۆپیشاندان و ئامانجیش لەم پەستێنەدا بەهارێکی ئیسلامی و (راستێکەی بەهارێکی ئیخوانییە) کەمەعلومە بەهارە بۆ هەندێک نەک بەهار بێت بۆ ئازادی کوردستان. ئەم سڵاوە جێی شانازی نییە ئەگەر بەرهەم و تێچووەکەی بەپێوەری شەئنی گشتی بپێوین: کە لەسەرەتاوە توندوتیژیی قەومابێت ئیتر ئەمینداری یەکگرتوو پاساوی چی ئەهێنێتەوە کە (ئێمە لەیەکگرتوودا شانازی دەکەین کە بەرپرسیارێتی خۆێنی کەسمان لەگەردندا نییە)؟

هەوای بەهاری ئیخوانی لەکەللەی یەکگرتووی داوەو بەئامان و زەمان لێی نایەنە خوار، ئیتر کاژی نەرمونیانی و میانڕەوی جارانیش ناتوانێ ستراتیژیی ئەسڵی

بشـارێتەوە. ئـەم ئامـۆژگاری نامەیـە بـۆ سـڵکردنەوە لەهیـچ بەرپرسـیارێتییەکی ویژدانـی، نیشـتمانی و تەنانـەت یاسـاییش ئیعترافێکـی بـۆ منەتانـە وەک شـانازی تۆمـار دەکات و ئـەو گەنجانـەی لـەو بەهـارە یەکگرتـووەدا تێداچـوون قوربانیـی ڕێگـەی ئـەو هـەواو و سەوداسـەرییە بـوون.

جێـی خۆیەتـی لێـرەدا بپرسـین ئایا ئـەم ئیعترافـە روونـە هیـچ پەرچەکردارێکی یاسـایی بـەدوای خۆیـدا ناهێنێ؟

٢٠١٢/٢/١٢

# بەرپرسیارێتی کاندیدەکانیان و خوێندەوارەکانیان چییە؟

بەرپرسـیارێتی کاندیدەکانـی گـۆڕان، ئـەو دەسـتەبژێرەی تـا ئێسـتا لەنـاو گـۆڕان مـاون و ئومێدێکیـان بـە مۆمـە کزەکـە هەیـە کـە بگەشـێتەوە لـەم شـێوازی کەمپینـەی حزبەکەیانـدا چییـە؟

ئـەم کاندیدانـە کـە شـەهادەدارو خوێندەواریـان تێدایـەو کـەم و زۆر ئومێـدی ئەوەیـان هەیـە بچنـە پەرلەمـان بـۆ ئـەوەی لـە شـەئنی گشـتیدا سیاسـەت بکـەن و لـە دەسـەڵاتی تەشـریعیدا بەشـداربن، چـۆن لـە پڕوپاگەنـدەو هێرشـی راگەیاندنـی حزبەکەیـان دەڕوانـن کـە هەمـوو سـنوورێکی مۆراڵـی میدیایـی و سیاسـیی و هەمـوو یاسـایەکی کۆمسـیۆنی بەزانـدووە؟

ئەوانــە کــە دەخــوازن لــە کــوردەواری دوای هەڵبــژاردن و کەینوبەینــی سیاسـیی کوردسـتاندا خاوەنـی ناونیشـان و رۆڵ بـن قـەت لـە خۆیـان دەپرسـن حزبەکەیـان بـۆ وادەکات؟

بـۆ پەلامـاری رەفیقەکانـی سـبەینێیان دەدات لـە پەرلەمـان و لـە حکومـەت و لـە دامـودەزگای سیاسـیی وڵاتـدا؟

ئـەم کاندیدانـەی بـە رێـژەی کەمـوزۆر خۆیـان بـۆ نوێنەرایەتـی کـردن ئامادەکـردووە، بۆچـی ئـەم سیاسـەتە چەواشـەکارییەیان قبووڵـە؟ بۆچـی لەسـەر تەشـهیر و تەهویـن و سـوکایەتی بـە خەڵـک و بـە هاووڵاتیـان و بـە سیاسـەتی کوردسـتانیی نایەنـە دەنـگ. ئایا بـەوە دەزانـن کـە بەرپرسـیارێتی گشـتی و حـزوری کۆمەڵایەتـی ئـەوان لـەو ساتەوە دەسـت پێـدەکات کـە ئـەم سـوکایەتی و بـێ نرخکردنـەی هەمـوو شـتێک لـە راگەیاندنـی

حزبەکـەی گۆڕانـەوە دەسـتپێدەکات؟

ئایـا ئـەم بەڕێزانـە دەزانـن کـە گـۆڕان لەوێـوە دەسـتپێدەکات کـە ڕەخنـەی ئـەم زمـان و ئـەم سیاسـەتە چەواشـەکارییە بکـەن و قبووڵیـان نەبێـت سـنووری کێبڕکێـی سیاسـیی بگاتـە ئاسـتێکی وا ناجـۆر و ناپەسـەند کـە هەمـوو دامودەزگایەکـی ئـەم وڵاتـە سـووک و ریسـوابکرێت؟ ئایا دەزانـن سبەی ئەگـەر چوونـە نـاو ئـەم دەزگایانـەوە دەچنـە نـاو هەمـان ئـەو دەزگاو دایـەرەو ڕێوڕەسـمەوە کـە لـە میدیـای حزبەکەیانـەوە پەلامـار دەدرێـت؟

بەرپرسـیارێتی ئـەم کاندیدانـەو هـەروا لـە دەرەوەی ئەوانیـش بەرپرسـیارێتی خوێندەوارەکانـی نـاو گـۆڕان لێرەوە دەسـتپێدەکات کـە ئـەم زمانـی گـرژی و ئـەم بوختـان و سـوکایەتییە قبـوڵ نەکـەن و ڕایبگـرن تـا سـبەی خۆشـیان نەکەونـە بـەر هێـرش و پەلامـاری وا کـە هیـچ فەرهەنگێـک ناتوانێـت پێمانـی بسـەلمێنێت ئـەوە ڕەخنـەی سیاسـیی و کەمپینـی هەڵبژاردنـە .

٢٠١٣/٩/١٧

# فراكسیۆنی سەوز راستە، بەڵام

ماوەی دیاریکراوی فراکسیۆنی سەوز بۆ کەوتنەکاری پەرلەمان کۆتایی پێهات و هێشتا روون نییە چیتریان پێ دەکرێت، جگە لەئیمزاکانی دوێنێ.

بەڵام ئەوەی مەعلومە ئەوەیە سیاسەت لەکوردستان زۆر لەوە قووڵترە کە فراکسیۆنە خۆشەویستەکەی ئێمە وا رۆمانسیانە بۆی چوون.

سیاسەت لەکوردستان بەدەست جەمسەرە حەریفەکانەوەیەو هێشتا زۆری ماوە فراکسیۆنێکی پەرلەمان بتوانێت بیجووڵێنێت. ئەمەش مانای ئەوە نییە هەڤاڵەکانی فراکسیۆنی ئێمە سیاسەت نازانن، یان بەڕێزەکانی فراکسیۆنەکانی تر باشتری لێ دەزانن.

بەڵکو لەبەرئەوەیە فراکسیۆنەکانی تر، بەژمارەی زۆرو کەمی کورسییانەوە، فراکسیۆنی ئەو حزبانەن کەسەرکردایەتییەکەیان پێیانوایە دۆخیان لەدۆخی یەکێتی باشترە تا ئەو رادەی ئەندامانی فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەیان لەدەرەوەی بڕیاری سیاسیی وان، مافی هیچ ئیجتهادێکیان نییە.

بەو حاڵەشەوە فراکسیۆنی سەوز دەستخۆشی ئیجتهادو هەنگاونانی بەر دەکەوێت و دەشێ بڵێین ئەمەی ئەمان کردیان کاری راستی دیموکراسیی پەرلەمانییە. بەڵام بەداخەوە ئەوەی فراکسیۆنەکانی تر کردیان کاری راستترە، راستتر بەمانای ئەوەی بەدەردی جەمسەرگیرییە سیاسییەکەی ئەمڕۆی کوردستان دەخوات و (واقیعی) ترە.

راستێکەی ئەمە تێڕوانینێکی رۆمانسییە ئێمە بێین فراکسیۆنەکانی دیکەی پەرلەمان بخەینە بەردەم بژاردەی بەقسەنەکردنی سەرکردایەتیی حزبەکانیانەوە، چونکە ئەمە

مەگەر لەدیموکراسییە تۆپ و نموونەییەکاندا بکرێت، لەوێش رەنگە بۆیە وا دەکرێت، چونکە حزبەکە بەسەرکردایەتییەوە دەچێتە پەرلەمان و حکومەتەوە.

ئەم تێڕوانینە رۆمانسییەی هەڤاڵانمان لەفراکسیۆن و تەیفێکی باش لەئەندامانی یەکێتیش زادەی ئەو زوڵم و زۆرەیە کە لەدە ساڵی رابردوو بەرامبەر فراکسیۆنەکانی پێشووی یەکێتی کراوە، وەختێک تانە لەسەربەخۆیی پەرلەمانتارانی یەکێتی و (هی پارتیش) دەدرا، گوایە بێ حزبەکەیان پەنجە بەئاودا ناکەن.

بەڵام هاوڕێ خۆشەویستە متمانە پێدراوەکانی گەل لەفراکسیۆنی سەوز، بەخوا ئەوە زوڵمێک بوو لەهاوپیشەکانی پێشووتان، لەخولەکانی پێشووی پەرلەمان، دەکرا. ئەوە کارتێک بوو لەفەزای سیاسیی چەند ساڵی رابردوودا لەدژی ئەوان و یەکێتی بەکار هات و بەدەردی ئەو رۆژگارەی ئەو خوارد. بەو کارتەو چەند کارتێکی هاوچەشنی وا دەیان هەزار دەنگی (حەلاڵ) کۆکرایەوەو ئەسڵی مەسەلەکەش نە سەربەخۆیی فراکسیۆنی پەرلەمانی و نە دیموکراسییەکی زیاتری ناو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بوو، ئەسڵی مەسەلەکە دامەزراندنی جەمسەری سیاسیی تازەبوو کەهەقی هەموو تەیارێکی سیاسییە، بەڵام هەقێکە دەبوا بەهەق بەدەست بێت نەک بەباتڵی ئەوەی (فراکسیۆنی یەکێتی و پارتی سەربەخۆ نین).

ئەوەی جاران ئەو تانەیەی لەفراکسیۆنەکانی یەکێتی دەدا دەیزانی سەربەخۆیی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان وەهمێکی گەورەیە، بەڵام بەو وەهمە دەنگی برد، ئێستاش چونکە دەنگی هەیە بێ دەنگی لێ کردووەو جوابی فراکسیۆنی سەوزیش ناداتەوە.

بڕواکردنی ئێوە بەوەی فراکسیۆنەکانی تر دەتوانن سەربەخۆ بن وەک ئەو باوەڕە رۆمانسییەی جارانی ئێمەی رۆژنامەنووسە کەپێمانوابوو دەشێ رۆژنامەیەک سەربەخۆ بێت .

٢٠١٤/٣/١٩

# بەرنامەی راستگۆو دروشمی خەیاڵپلاوی

کەمپینی راست و دروست بۆ هەڵبژاردن ئەوەیە لیستە بەشداربووەکان دروشم و بەرنامەی وا دابنێن کە واقیعی و ئیمکانی جێبەجێکردنی هەبێ و لەگەڵ یاسا و دەستوور، هەروا لەگەڵ سروشتی ئەو دەزگا هەڵبژێردراوەدا بگونجێت، کە بڕیارە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان، دوای وەرگرتنی متمانەی کۆمەڵانی خەڵک، کاری تێدا بکەن.

دروشم و بەرنامەی واقیعی یان دروشم و بەرنامەی خەیاڵپلاوی و چەواشەکاری خاڵی دەستپێکردنی رێزگرتن یان رێزنەگرتنە لەهۆشیاری و ئیرادەی دەنگدەر. چونکە چەواشەکاری جگە لەوەی گزی و فزییە لە دیموکراسی، گەمەکردنیشە بەعەقڵی خەڵکی، وەک بڵێی خەڵکی تەجرەبەیان نەبینیبێت، یان هەڵبژاردنەکانی پێشوویان دەرس و دەور نەکردبێتەوە.

دروشم و بەرنامەی واقیعی ئەو دروشمە نییە بەڵێنی سۆزدارەکی بە خەڵک دەدات لەسەر بنچینەیەک لەگەڵ واقیع و ئیمکانیاتی بەردەست و تەنانەت یاساشدا ناگونجێت، بەڵکو دروشمی واقیعی ئەوەیە پڕ بەپێستی قۆناغەکە و سروشت و سنووری هەڵبژاردنەکە بێت. بۆ نموونە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بۆماوەی چوار ساڵە، هەر هێزێک بەڵێنێکی قەبە بدات بەسەد ساڵ ئیمکانی بەدیهاتنی نەبێت مانای وایە ئەو هێزە فێڵ لە خەڵک دەکات یاخود رەنگە بە نیازی ئەوە بێت سەد ساڵی لەرێی تەنها یەک هەڵبژاردنەوە حوکم بکات و ئیرادەی گەل زەوت بکات. یان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان هێزێک بەڵێنی درۆینە بدات لەسەر

گەڕانـەوەی کەرکـوک بـۆ سـەر هەرێم لـە کاتێکدا لـە سـەلاحیاتی ئەنجومەنـی پارێزگاکانی هەرێمـدا نییـە بڕیـاری وا بـدات کـە پەیوەندیـی بـە دەسـتوور و مـادەی ١٤٠ و ململانێـی نێـوان بەغـدا و هەرێمـەوە هەیـە.

یانـی چـی لیسـتێک هەبـێ بەڵێنـی ئـەوە بەخەڵکـی بـدات بەڕێوەبەرایەتیـی پاسـپۆرت و مانــەوە یــان هەندێــک بەڕێوەبەرایەتــی لــە قەزاکانــدا بکاتــەوە لــە کاتێکــدا بەشــێک لەدامودەزگاکانـی وڵات پەیوەسـتە بەحکومەتـی فیدراڵـەوە، مەگـەر حکومەتـی کوردسـتان و حکومەتـی بەغـدا پێکـەوە بڕیـار لەسـەر پێویسـتی یـان دەسـەڵاتی کردنـەوەی ئەمجۆرە دامودەزگایانـە بـدەن.

لیسـت هەیـە بەڵێنـی دەسـەڵاتی لامەرکـەزی دەدات لـە کاتێکـدا هەڵبژاردنـی ئەنجومەنی پارێـزگاکان لەسـەر بنچینـەی یاسـای هەڵبژاردنەکانـی هەرێـم دەکرێـت کـە سـەلاحیاتی هـەر ئەنجومەنێکـی پارێـزگای دیاریکـردووە.

یاسـای ئەنجومەنـی پارێزگاکانیـش لەئەنجومەنێکـی دیکـەی هەڵبژێـردراوی گەلـەوە دەرچـووە کـە (پەرلەمانـی کوردسـتان) گوایـە دەبـێ هـەر لیسـتێک بـە یاسـای هەڵبـژاردن لیسـت پێـک بێنێـت پابەنـدی ئـەو یاسـایەش بێـت. پاشـان لـە هەرێمێکـی وەکـو کوردسـتاندا کـە خـۆی بەشـێکە لـە حکومەتێکـی فیدراڵـی چـۆن دەبێـت دروشـمی وا پەرتکـەر بـەرز بکرێتـەوە کـە ئیـرادەی نەتەوەیـی کـورد بـەش دەکات و دوو ئیدارەیـی و سـێ ئیدارەیـی سیاسـیی بەرهـەم بێنێـت؟ چ هێزێکـی دەربەسـت و نیشـتمانی لەقۆناغـی هێشـتا تەواونەبوونـی رزگاریـی نیشـتمانیدا بـە بیانـووی سـەلاحیاتی ئیدارییـەوە ئاوەهـا وڵاتەکـەی قـاش، قـاش دەکات و دەیکاتـە کانتۆنـی قەڵەمـڕەوی بـۆ ئـەم حـزب و ئـەو بزووتنـەوە؟ ئەمـە فێڵکردنـە لـە جەمـاوەر کـە بێگومـان بـە دەسـت گەلێـک دیـاردەی مەرکەزیەتـی ئیدارییـەوە، بـۆ مامەڵـەی رۆژانـە، گیریـان خـواردووە. لـە کاتێکـدا یاسـای ئەنجومەنـی پارێـزگاکان سـەلاحیات و دەسـەڵاتی نوێـی داوە بـە پارێـزگاکان کـە ئیتـر زۆر لـە کێشـەکانی رۆژانـەو کێشـەکانی تایبـەت بـە خزمەتگـوزاری و ئاوەدانـی چارەسـەر دەکات. بێگومـان هـەر ئەنجومەنێـک ئـەو سـەلاحیاتە تازانـەی بـەکار بێنێـت زۆر لـە پێویسـتی ئیـداری و سـەلاحیاتەکانی بەدەسـت دەهێنێتـەوە بەجۆرێـک نـە وەکـو جـاران مەرکەزیەتـی تونـد دەبێـت و نـە پێویسـتیش دەکات بـە نـاوی لامەرکەزیەتـەوە دەوڵەتێک لەناودەوڵـەت، یـان چەنـد هەرێمێکـی فیدراڵـی لەنـاو تاکـە هەرێمێکـی فیدراڵـی عیراقـدا دروسـت بکرێـت.

لیسـتی واش هەیـە بەڵێنـی سـزا و پاداشـتی وا دەدات کـە هەمـووی لـە سـەلاحیاتی

دادگا و دەسـەڵاتی دادوەری و یاسا کارپێکراوەکانـەو لایەنێک بـە تەنیا ناتوانێت بڕیاریان لـێ بدات، بەڵکو دەستوورو یاساو سـەلاحیاتی دامـودەزگای نوێنەرایەتـی هەڵبژێردراوی پەرلەمـان یان تەنانـەت دەسـەڵاتی ریفراندۆمـی میللییـە کـە ئەوانـەش ڕێوشـوێنی خۆیـان هەیە .

ئایا باسـی ئـەو لیستانەش بکەیـن کـە بەڵێنیـان بەڵێن نییـە، بەڵکو موژدەی بەهەشتە لەسـەر زەوی لـە کاتێکدا بەهەشت و دۆزەخ و دابەشـکردنی خەڵـک بەسـەر هەردووکیانـدا لـە ئیرادەی کونفەیەکونـی خـوای گەورەدایـە، نـەک ئـەو لیستانەی ژمـارەی لیستیان لـە کۆمسیۆنێکی سـەرزەمینی وەکـو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانـەوە وەرگرتووە!

بـە تێکڕایـی هەندێـک بەرنامـە جگـە لـە دانانـی بنمچێکـی خەیاڵـی بـۆ بەڵێنـەکان جۆرێک لـە شاشـیی و پێنەگەیشـتووی پێوەیـە کـە وا لـە مـرۆڤ دەکات بپرسێت گەلـۆ ئەمانـە لـە نەزانییـەوە وا دەکـەن، یـان خەڵـک بـە نـەزان تێدەگـەن؟

٢٠١٤/٤/٨

# چی لە دەنگەکانمان دەکەین؟

پرسیاری جەوهەری دوای هەر هەڵبژاردنێک بۆ هەر هێزێک کە بە سەربەرزی لێی دێتە دەرەوە ئەوەیە چی لە دەنگەکانی دەکات؟ چۆن لە پرۆسەی سیاسیی دوای هەڵبژاردندا تەوزیفی دەکات؟ چۆن وا دەکات ئەو متمانەیەی دەنگدەرانی پێیان داوە، بە بەرنامە و سیاسەت و ناسنامەی ئەویان داوە، بپارێزێ و لە شوێنی خۆیدا بیانخاتە گەڕ. ئەم پرسیارە بۆ یەکێتی، مانای دووقاتی هەیە. چونکە یەکێتی، چەندین وێستگەی هەڵبژاردنی بە ئاکامی جۆراوجۆرەوە تێپەڕاندووە. جارێ بە تەنیا (هەڵبژاردنی ١٩٩٢)، چەندجار بە هاوپەیمانی (سەرەتای ٢٠٠٥- کۆتایی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٩- ٢٠١٠)و دووجاریشە بە تەنیا (٢٠١٣– ٢٠١٤) کە ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنانەش جیاواز بوون و بەگوێرەی ئەزموونیش ئاکامی مامەڵەی یەکێتی لەگەڵ دەنگەکانی جیاواز بووە، لەم تاقیکردنەوەیەشدا بێ کەموکوڕیی نەبووین. دەبێ ئەو کەموکوڕییە ببنە ئەزموون بۆ ئێمە تا هێزی دەنگدانمان بپارێزین. بەو جۆرەی لەگەڵ سروشتی دەنگدەری یەکێتیدا دەگونجێت.

دەنگدەری یەکێتی گلەیی لە یەکێتی ناکات لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەکەی، چونکە دەزانێ لەم بازنەیەدا یەکێتی راستگۆ بووە لە گفتوکرداردا، دەنگدەری یەکێتی گلەیی ئەوەی لە یەکێتی هەیە کە لەبەر خاتری ئاشتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی زیاد لە پێویست گیانی لێبووردەیی هەیە لە هاوپەیمانێتی و مامەڵەی سیاسیدا، ئەمەش خاڵێک بوو نەیارانی یەکێتی، دوای جیابوونەوەیان، کاریان لەسەر کردو گەورەیان کردەوە. ئەو دوای چیرۆکەکە لای هەموان ئاشکرایە.

کەواتا پرسیارەکە رەوایە، یەکێتی چی لە دەنگەکانی بکات؟

سـەرەتای وەفـاداری بـۆ دەنگـەکان گەڕانەوەیـە بـۆ ڕێککەوتنەکانـی یەکێتـی، ئەوانـەی نرخـی زۆری لەسـەر دانـا و کاتێتـی دەسـتکەوتەکانی وەربگرێـت.

بـۆ نموونـە: گەڕانـەوەی دەسـتوور بـۆ پەرلەمـان ئەگـەر بـۆ خەڵکـی تـر کەرەسـتەی هەڵبـژاردن بووبێـت، ئـەوا بـۆ یەکێتـی بابەتێکـی جەوهەرییـە. کوردسـتانیی دەسـتووریی، یەکێتـی و هەمـوو حزبێکـی دیموکراتـی وەک یەکێتـی، لـە پیلانگێـڕی دەپارێـزێ و لێناگەڕێ دیاردەکانـی قۆناغـی ئینتیقالـی ببنـە داو بـۆ داماڵینـی هێـزی مێژوویـی یەکێتـی، بەڵکـو یارمەتـی دەدات کـە وزەی هەمـوو لایەنـەکان بـە نەرمـی و هێمنـی بچێتـە خزمـەت دامەزراوە دەسـتوورییەکانەوە. کوردسـتانێکی دەسـتووریی لـە حکومـەت و پەرلەمـان و دامەزراوەکانـی تـردا دەبێتــە مەرجــەع و ناوبژیــوان بــۆ هەمــووان و لێناگەڕێــت دیموکراســی و گەمــەی سیاسـیی بـۆ پاشـقولگرتن لـە هێـزە ڕەسـەنەکان و هێـزە تازەکانیـش بـەکار بێـت.

کوردسـتانیی دەسـتووریی دەتوانـێ جێـی هاوپەیمانێتییەکانیـش بگرێتـەوە کـە هەندێـک جـار دەبێتـە خـۆرەی نەمانـی ناسـنامەی هێـزەکان.

هاوپەیمانێتییەکانـی جـاران بـۆ کاتـی خۆیـان بـاش بـوون، ئیتـر لەمـەودوا ڕێککەوتـن لـە سـایەی دەسـتوورو دامەزراوەکانـی سـایەی دەسـتووردا دەتوانێـت پەیوەندیـی نێـوان هێـزە بـراوەکان ڕێکبخـات بـێ ئـەوەی ناسـنامەو بەرنامـەی کـەس کاڵببێتـەوە.

خاڵـی دووەم لـە خاوەندارێتـی بـۆ دەنگـەکان ئەوەیـە هێـزی تەفـاوزی یەکێتی پـێ دەوڵەمەند بکەیـن، بــۆ هەمــوو ئاســتەکانی حوکمڕانــی: لــە ئەنجومەنــی پارێــزگاکان، لــە حکومەتــی کوردسـتان، حکومەتـی عیـراق و ئیـدارەی پارێـزگاو قەزاکانـی ناوچـە دابڕێنـراوەکان. یەکێتـی دەبـێ یـەک پاکێجـی بـۆ هەمـوو ئـەو دامەزراوانـە هەبـێ و لەگـەڵ هێزەکانـی تـردا داکۆکـی لـە بەشـی دەنگدەرەکانـی بـکات. ئەمـەش دەکـرێ بابەتـی نووسـینێکی سـەربەخۆ بێـت، بـەڵام هێنـدە هەیـە دەبـێ یەکێتـی بزانێـت کـە دەنگـدەران چەنـد وەفاداربـن و چانـس بدەنـەوە بـە حزبەکـەی خۆیـان، هێنـدەش دەنگـدەری هوشـیارن و لەسـەر متمانـەی خۆیـان بـە جـواب دێـن. بـۆ ئـەو سـەرنجەش گرنگـە وا حیسـابی دەنگدەرەکانـی هەرێـم، ناوچـە دابڕێنـراوەکان و تـەواوی عیراقیـش بکەیـن کـە هەموویـان دەنگـدەری سـەنگینن، پلەبەنـدی بـۆ دەنگـدەران ناکرێـت. تەنانـەت ئەگـەر دەنگدەرێکمـان لـە بەسـرەش هەبێـت دەبـێ بـە خزمەتـی دیاریکـراو پاداشـتی بدەینـەوە. نەبوونـی نفـوزی سیاسـیی یـان قانوونـی و ئیـداری لـە هەندێـک ناوچـەدا نەکەینـە بیانـووی بەجێهێشـتنی دەنگدەرەکانمـان لەبـەر ڕەشـەبای قـەدەری لایەنـە سیاسـییەکانی تـردا.

٢٠١٤/٥/٤

# نمایشەکەی پەرلەمان

نمایشەکەی کۆتایی هەفتە لەپەرلەمان نمایشێکی سیاسیی باش نەبوو، نازانم تەکلیفە یاساییەکەی چۆنە؟ بەڵام لەباری سیاسییەوە دیمەنێکی باشی لەسەر چوار ساڵی داهاتووی پەرلەمان نیشان نەدا. مەسەلە ئەو نوکتەیە نییە کە زۆرینە لە دژی کەمینە ماندەگرن. ئەمە دیوێکی کۆمیدی دراوێکی تراژیدییە، تراژیدیای ئەوەی چەند فراکسیۆنێکی پەرلەمان هیچ دۆسییەیەک یەکیان نەخات ئەوە نەبێ پەرلەمانتارانی یەکێتی لە گۆشەیەکدا گەمارۆ بدەن. ناڵێم ململانێی پەرلەمانیی خراپەو ناشڵێم فراکسیۆنی سەوزی یەکێتی هەموو شتێکی راست و تەواوە، بەڵام لەچاو خراپی دیمەنی مانگرتنەکەو ئاماژەکانی پشتەوەی، فراکسیۆنەکەی یەکێتی فریشتەن، باڵیان گرتووە.

بۆچی دیمەنی مانگرتنەکە خراپ بوو؟

چونکە وا دەهاتە بەرچاو فراکسیۆنی جارانی کوردستانی، فراکسیۆنی هاوبەشی (یەکێتی+ پارتی) شوێنی خۆی بۆ فراکسیۆنی هاوبەشی (پارتی+ ئۆپۆزسیۆن) چۆڵ کردبێت. ئەگەر فراکسیۆنەکەی جاران مەنتیقی خۆی لەیەک لیستی هەڵبژاردن و پێکەوەیی لە حوکمڕانییەوە وەرگرتبێت، ئەمەی تازەکە (پارتی+ ئۆپۆزسیۆن) ناجۆر دەهاتە بەرچاو، چونکە (یەکێتی و پارتی) پێکەوە بوون لەبەرامبەر سێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆندا. ئێ خۆ لە پەرلەمانی تازەدا وا بڕیارە هەمووان بەشداری حکومەت بکەن و کەس بەمانای ئۆپۆزسیۆن و میتنگ و مانگرتن لە کایەدا، بە یەکگرتوویی، نەمێنێتەوە.

یەکێتی لە ئۆپۆزسیۆن نییە، بۆچی چوار فراکسیۆنی پەرلەمانی (پارتی+ گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ) وا دێنە بەرچاو کە یەک بن و لە هەمبەر ئۆپۆزسیۆنێکی ناڕازیدا راوەستابن؟

پارتی و (گۆڕان+ کۆمەڵ+ یەکگرتوو) لە ئۆپۆزسیۆنا نین تا یەکێتی لە خۆیان جیابکەنەوە و وەک دەسەڵاتێکی خاوەن (١٨٠) کورسی لە هەمبەریدا مانبگرن.

کەس ئۆپۆزسیۆن نییە، گشتیان روو لە حکومەتن، ئیتر ئەم فراکسیۆنانە لە دژی کێ گەلەکۆمەکێ دەکەن؟

بە پێچەوانەوە، ئەوەی کە هەموان دەبنە حکومەت و کەس وەک فراکسیۆن نابێتە ئۆپۆزسیۆن، دەکرێ ببێتە دەرفەتێک تا پەرلەمانتاران، لە دەرەوەی جەمسەرگیری سیاسیی جاران، هاوکارو پشتیوانی یەکتری بن، چەند دەستەیەکیان لە هەموو فراکسیۆنەکان، پێکەوە، پرۆژەیان هەبێ، رەخنەیان هەبێ. چەند دەستەیەکی دیکەشیان لە هەموو فراکسیۆنەکان رەخنەی تر و پرۆژەی تریان هەبێت. نەمانی دوو جەمسەری (فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن و فراکسیۆنی دەسەڵات) باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی، لە دەرەوەی سەنگەربەندی سیاسیی، پەرلەمانتارەکان خاوەنی خۆیان بن و پەراوێزی سەربەخۆییان زیاتر بێت. ئەوەی تائێستا بینیومانە شوێنگۆڕکێیە لە جەمسەرە سیاسییەکان بێ ئەوەی هەلومەرجی بابەتی ئەم جەمسەرگیرییە لە ئارادا بێت، چونکە کوردستان رووی لە تەوافوقێکی سەرتاسەرییە.

پەرلەمانتارانی مانگرتوو و ئەوانەشی مانیان نەگرتووە گەرەکە لە خۆیان بپرسن بۆچی، لەم چەند کۆبوونەوەیەدا، بە رێکەوتیش دوو پەرلەمانتاری گۆڕان لەگەڵ سیانی یەکێتی یەکیان نەگرتووە لەئاستی پرسێکداو دووانی کۆمەڵ و سیانی یەکگرتووش، لە هەڵوێستێکی تردا، لەگەڵ شەش پەرلەمانتاری پارتی هاوڕا نەبوون؟ ئایا ئەم نمایشە دژوارترە لە نمایشی مانگرتنی زۆرینە لەداخی کەمینەدا؟ دوایی زۆرینەی چی؟ وا زانیمان گۆڕان و پارتی پێکەوەن، ئەدی بۆچی، بە سوودفە، کۆمەڵ و یەکگرتووش هەمان رێی پێکەوەییان قبوڵ کردووە؟

ئایا ئەمانە زۆرینەی حوکمڕانن لەبەرامبەر کەمینەیەک کە سبەی یان دوو سبەی ئەویش دەچێتە حکومەتەوە؟ ئەمە بەڵگەی هیچ نەبێ بەڵگەی ئەوەیە ئەوانی تر، نەک یەکێتی، تا ئێستا لەسەردەمی شەڕی ساردی دوو ئیدارەییدا دەژین، چونکە ناتوانن تەجاوزی پێگەکانی پێشوویان بکەن، مەگەر بەدەستە جەمعی نەبێت؟!

پەرلەمان بۆ کارایی و بزێوی خۆی ئەو نمایشەی نەگەرەکە، بەڵکو هاوئاهەنگی

نێوان فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتارانی تێپەڕی فراکسیۆنەکانی گەرەکە، و گەرنا بەم نەفەسەوە ئەگەر سەرۆک وەزیران یان جێگرەکەی یان وەزیرەکانیش بانگهێشت بکرێن بۆ پەرلەمان، ئیرادەی موحاسەبەکردنیان ئیفلیج دەبێ، چونکە بەم جەمسەرگیرییەوە هەر فراکسیۆنە و داکۆکی لە وەزیری خۆی دەکات و هیچی تر.

ئەگەر نمایشەکەی شەوی پێنجشەممە بۆ ئەوە بێت پەرلەمانێکی جیاواز ببینین ئەوا دەبێ بێژین دەقەکە کرچ و کاڵ بوو، بەشی داستانێکی درامی نەدەکرد.

٢٠١٤/٥/١٦

# راپۆرتێکی شرۆڤەیی
# لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان

ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە راگەیەندرا، کە دەکرێ بەگوێرەی ئەم ئاکامانە، خوێندنەوەو شرۆڤەیەکی سەرەتایی بۆ بکرێت، لەکاتێکدا کە لەسەر ئاستی کوردستانی ژمارەی سەرجەم لیستەکانی کورد دەکاتە ٦٢ کورسی، ئەمەش لێرەدا بەڵگەی ئەوەیە ئەگەر هێزە کوردستانییەکان بەیەک ناونیشانەوە هاوپەیمانیی پێکبهێنن، ئەوا دەبنە براوەی دووەمی هەڵبژاردنەکەی عیراق لەدوای دەوڵەتی یاساوە، کە پاڵپشت بەدەنگەکانی، بەتەمایە کابینەی حکومەتی نوێی عیراق پێکبهێنێت.

### ئەگەر عیراق یەک بازنە بووایە

ئەم ئەنجامانە ئەو پرسیارەش دێنێتە پێشەوە کە ئەگەر کورد لەتێکڕای پارێزگاکاندا بەتایبەت لەناوچە دابڕێنراوەکاندا بەیەک لیست بەشداریی بکردایە، ئەگەری ئەوە هەبوو ژمارەی کورسییەکانی کورد زیاتربووایە لەوەی کە ئێستا بەدەستهاتووە، چونکە ئەوکات دەنگی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامیش لەناوچە دابڕێنراوەکان دەهاتە سەر دەنگی کوردو بێگومان بەمەش کورسیی زیاتری بۆ کورد مسۆگەر دەکرد، ئەمە بەچاوپۆشین لەوەی کە ئەگەر سیستمی هەڵبژاردن لەعیراقدا عیراقی بەیەک بازنەی هەڵبژاردن حساب بکردایە، ئەوا ژمارەی کورسییەکانی کورد زیاتر دەبوون، چونکە لەبەغداو سەلاحەدینو زۆر شوێنیتریش کورد دەنگی هێناوە، بەڵام ئەو دەنگانە بەهەدەرچوون، لەبەرئەوەی بەگوێرەی ناوچەکانی خۆیان کورسییان دەستگیر نەبووە.

## یەکێتی، یەکەمی ناوچە دابڕێنراوەکانە

ئەگەر سەیری نەخشەی هەڵبژاردنەکان بکەین، بەگوێرەی ئەوەی کە لەکوردستاندا هەیە، «کوردستان لێرەدا مەبەستمان هەرێمی دانپێدانراوی رەسمیی کوردستانە بەگوێرەی دەستووری عیراق»، مەبەستمان ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە کە کوردستانی باشوور پێکدەهێنن، ئەگەر ئەوە لێکبدەیتەوە، ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت: لەسەرتاسەری کوردستاندا پارتی ٢٥ کورسی، یەکێتی ٢١، گۆڕان ٩ کورسی، یەکگرتوو ٤ کورسی، کۆمەڵ ٣ کورسی.

ئەگەر بەپێی هەرێمی کوردستانو ناوچە دابڕێنراوەکانیش دابەشی بکەین، ئەوا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکەمی ناوچە دابڕێنراوەکانە بە١٠ کورسی، کە بریتین لەدوو کورسی موسڵ، شەش کورسیی کەرکوک، دوو کورسیی دیالە. لەدوای ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان دێت کە هەشت کورسی بەدەست هێناوە شەش لەموسڵو دوو لەکەرکوک، ١٨ کورسییەکەی کورد کە بەدەستیهێناوە، یەکێتیو پارتی بەدەستیان هێناوە لەناوچە دابڕێنراوەکان. ئەگەر بێینە سەر هەرێمی دانپێدانراوی کوردستانیش بەم شێوەیە: پارتی ١٦ کورسی بەدەست هێناوە، یەکێتی ١١ کورسی بەدەست هێناوە، پارتی لەهەرێمی کوردستانی دانپێدانراودا یەکەمە، دووەم هێز یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دێت، ئەمەش مانای وایە یەکێتی پێش هێزەکانی تری دایەوە بەبەراورد بەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ بۆ پەرلەمانی عیراق، لەدوای ئەوانیش گۆڕان دێت کە ٩ کورسییەکەی تەنها لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەدەستهێناوە، ئینجا دوای ئەویش یەکگرتوو دێت هەر چوار کورسییەکەی خۆی لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەدەست هێناوەتەوەو دوای ئەوە کۆمەڵی ئیسلامییە ئەویش ٣ کورسییەکەی لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەدەستهێناوە.

## بۆچی گۆڕانو یەکگرتوو کۆمەڵ دەنگیان نەهێنا؟

ئەگەر ئەم نەخشەیەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نەخشەی ناوچە دابڕێنراوەکان بەراورد بکەین، بەم شێوەیە دەردەچێت: جیاوازی نێوان یەکێتی لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ پارتی چوار کورسییە لەقازانجی پارتی، جیاوازیی نێوان کورسییەکانی یەکێتیو پارتی لەناوچە دابڕێنراوەکان دوو کورسییە، ئەگەر بەراوردێکی دیکە بکەین، بابەتی ئەوەی کە یەکگرتوو و کۆمەڵو گۆڕان هیچ کورسییەکیان لەناوچە دابڕێنراوەکان

بەدەست نەهێناوە بابەتێکی سەرنج ڕاکێشە، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەکەم- بەڵگەی ئەوەیە کە هەرسێ هێزەکە لەدوای ڕاپەڕینو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دروستبوون، یەکگرتوو لەساڵی ١٩٩٤، کۆمەڵی ئیسلامی ساڵی ٢٠٠١، گۆڕانیش ساڵی ٢٠٠٩ ، هەرسێ هێزەکە تەنها لەناوچەکانی هەرێمی کوردستانی دانپێدانراوی دەستووریدا کورسی بەدەست دەهێننو حزوریان هەیە، لەناوچە دابڕێنراوەکانیش کە ناوچەی کێشەی نەتەوەیی کوردنو ململانێی نەتەوەی کوردیان تێدایە، ئەوان نەیانتوانیوە کورسی بەدەست بهێنن، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئەم سێ هێزە، هێزی دروستبووی دوای ڕاپەڕینن، تەنها لەکەشوهەوایەکدا کە دەسەڵاتی سیاسیی کورد تێیدا یەکلایی بۆتەوە.

ئینجا توانیویانە کورسی بەدەستبهێنن، ئەمەشیان بابەتێکە جێگای سەرنجو لێکۆڵینەوەیە کە چۆن ئەم هێزانە ناتوانن هەرێمی دانپێدانراوی کوردستان تێپەڕێنن، واتە هێزی دروستبووی دوای قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانین لەم بەشەی هەرێمی کوردستانداو حزورێکی ئەوتۆیان نییە لەناوچە دابڕێنراوەکان، بۆیە خەڵک دەنگی پێنەداون، خاڵی دووەمی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کۆمەڵو یەکگرتوو پێکەوە کە خیتابێکی ئیسلامییان هەیە، نەیانتوانیووە لەو ناوچە دابڕێنراوانەدا قەناعەت نە بەعەرەبو نە بەتورکمان بکەن کە بەجۆرێک لەجۆرەکان دەنگیان پێبدەن، چونکە ئەمانە خیتابێکی ئیسلامیانەیان هەیە کە دەتوانێت تەجاوزی پرسی نەتەوەیی بکات، لەبەرئەوەی حزبەکانیشیان کوردین دەیانتوانی مەسەلەی ئایین بەشێوەیەکی باشتر تەوزیف بکەن بۆ قازانجی کورد، بەڵام دیارە مەسەلەکە لەکەرکوکو ئەو ناوچە دابڕێنراوانەدا چونکە نەتەوەییە، ئەمانە نەیانتوانیوە هیچ حزورێکیان لەناو تورکمانو عەرەبو بەتایبەتیش لەناو تورکمانی سوننەدا هەبێت کە تورکمانی سوننە بەجۆرێک لەجۆرەکان موعتەدیلتریشن بەتایبەتی ئەگەر ئیسلامی بن. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە خیتابە ئیسلامییەکەشیان بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر عەرەبو تورکمان دانەناوەو تائێستا هێزە ئیسلامییەکانی کورد نەیانتوانیووە ئەو قاوغە تێپەڕێننو حزوری ئیسلامیی خۆیان بەقازانجی مەسەلەی کورد بخەنەگەڕ، بەپێچەوانەوە دەبینین یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو حزبێکی نەتەوەیی دیموکراتخواز، توانیوێتی هەندێک دەنگی تورکمانو عەرەبیش بەدەستبهێنێت لەڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی پارێزگارێکی وەکو دکتۆر نەجمەدین کەریم-ەوە کە توانیویەتی دڵی بەشێک لەعەرەبو تورکمانەکانیش بەلای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو

بزووتنــەوەی رزگاریخوازیــی گەلــی کوردســتاندا رابکێشــێت.

## یەکێتی ناوەکەی خەسار نەکردووە

لەکەرکـوک کـورد هەشــت کورســی بەدەســتهێناوەو تورکمــان دوو و عەرەبیــش دوو کورسییان بەدەستهێناوە، کـورد بەتەنیـا دووقاتـی عـەرەبو تورکمانـی هێنـاوە، ئـەوەش بەڵگـەی کوردســتانێتی کەرکوکـەو دەبێـت لەمــەودوا دوور لەڕاسـتەو پرگاڵــی ئەمریـکاو هاوپەیمانـان لەگـەڵ مەسـەلەی چارەنووسـی کەرکوکـدا مامەڵــە بکـەن.

خاڵـی سـەرنجڕاکێش تـر لەمـە چییە، ئەگـەر سـەیری ئەنجامەکانی ناوچـە دابڕێنراوەکان بکەیـنو سـەیری هەمـوو ئەنجامەکانـی هەمـوو هەرێمـی کوردسـتانیش بکەیـن پێکـەوە، دەبینیـن یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان تاکـە هێـزە کـە کورسـی لەهەمـوو شـوێنەکانی کوردســتان بەدەســتهێناوە، لەگەرمیــانو کوێســتان، لەهەرێمــی کوردســتانو ناوچــە دابڕێنــراوەکان، لەکاتێکـدا پارتـی لەخانەقیـن کورسـی بەدەسـتنەهێناوە، بـەڵام یەکێتـی لەخانەقیــن بەدەســتیهێناوە، لەکەرکـوک بەدەســتیهێناوە، لەموسـڵیش بەدەسـتیهێناوە، ئەگــەر کــورد لەقەرەبووکردنەوەکــەدا کورســییەک بەدەســتبهێنێت، لەخورماتــوو لەسـەڵاحەدین، ئـەوا ئـەو کورسـییەش بـۆ یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان دەبێـت، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە کـە یەکێتیـی نیشـتمایی کوردسـتان ئەگـەر بیبەسـتینەوە بـەوەی کـە لەهەمـوو ناوچەکانـی هەرێمـی کوردسـتانیش کورسـی بەدەستهێناوە، بەڵگـەی ئەوەیـە کـە یەکێتیـی هێزێکـە ناوەکـەی بەخۆیەوەیەتـیو بـۆ هەمـوو نیشـتمانیی کوردسـتانە.

## ئەگەر گۆڕان جیا نەبوایەتەوە!

ئەگــەر بێینــەوە بەراوردێکـی دیکـە بکەیـن بەگوێـرەی ئـەم ئەنجامانـەی کـە ئێسـتا بەدەســتهاتوون، هەندێــک ئامــاژەی دیکەمــان هەیــە هــەر بــۆ لێکدانــەوەی ژمــارەکان، بەڵگـەی سیاسـیی روون دەردەخـەن لەسـەر راسـتیی تێزەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ئەگـەر کـۆی کورسـییەکانی بزووتنـەوەی گـۆڕان لەگـەڵ ئەوانـەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لێکبدەیـن، لەهەرێمـی کوردسـتانو ناوچـە دابڕێنراوەکانـدا، دەکاتـە ٣٠ کورســی، بــەڵام هــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان ٢٥ کورســییە، ئەگــەر کــۆی کورسـییەکانی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانو گـۆڕان لەناوچەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لێکبدەیـن کـە یەکێتـی ١١ی هێنـاوەو گۆڕانیـش ٩ی بەدەسـتهێناوە، ئـەوا دەکاتـە ٢٠ کورسـی، وای دابنێیـن لـەو هەشـت نـۆ کورسـییەی گـۆڕان بەدەسـتیهێناوە دووانـی هـی

یەکگرتوو هی خەڵکی خۆڵەمێشییەو خەڵکی تر کە دەنگیداوە بەگۆڕان ئەوکاتە ١٨ کورسی دەمێنێتەوە، واتە ئەگەر لەهەرێمی کوردستانیش لێکیبدەین یەکێتیو گۆڕان پێکەوە دەکەنە ١٨ کورسی، پارتی دەکاتە ١٧ کورسی، یەکێتیو گۆڕان پێکەوە دەکەنە ٣٠ کورسی پارتی دەکاتە ٢٥ کورسی، واتە هی هەرێمی کوردستان بە جیاوازیی کورسییەکو هی تێکڕای کوردستان بەجیاوازیی ٥ کورسی، ئەمەش بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ باسکردنی ئەگەری هاوپەیمانێتیی نێوان گۆڕانو یەکێتی نییە لەدژی پارتی، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە نیشانی بدەین ئەو ئینشقاقەی کە کاتی خۆی سەرکردەکانی ئێستای گۆڕان لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردیان بەبیانووی ئەوەی کە یەکێتی بۆتە هێزی دووەم لەپاش پارتی، ئەم ئینشقاقە هەموو پاساوە ئەخلاقیو فیکریو سیاسییەکانی خۆی لەدەستدا بەلێکدانەوەی ئەم ئەنجامانەی ئەم هەڵبژاردنە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەگەر یەکێتی بەیەکگرتوویی بمابایەتەوە، ئێستا ژمارەی کورسییەکانی لەهی پارتی زیاتر دەبوو و دەستکەوتەکانیشی لەوەی ئێستا زیاتردەبوو، ئێستاش نەچووە بچێ، بێگومان هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە، یەکێتیو پارتیو گۆڕان پێکەوە دەتوانن لەگەڵ هێزەکانی تریشدا بۆ کوردو کوردستان کاربکەن، بەڵام ئەم ئاماژەیە بۆئەوەی کە نیشانی بدەین هەر لێکترازانێکی ریزەکانی کورد ئەگەر بەپلانی پێشوەختە نەبێت، ئەوا لەجیاتی قازانج بەدیموکراسیو یەکێتیی نەتەوەیی کورد بگەیەنێت، بەپێچەوانەوە زیان لەیەکێتیی نەتەوەیی کورد دەدات بەبێ ئەوەی زامنی قازانج لەدیموکراسییەکەشی بکرێت.

## یەکێتی باڵای کردووە

ئەگەر لێکدانەوەی دیکەش بکەیت بۆ ئەم ئەنجامانەو ئەگەر دیراسەیەکی وردتریشی بکەین، دەردەکەوێت کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم حزورەی خۆیەوە سەرەڕای هەموو ئەو پیلانگێڕییەی لەدژی هەبوو لەوەی کە ویسترا ئەڵتەرناتیڤ بۆ یەکێتی دابتاشرێ، دەردەکەوێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێشتا حزوری لەسلێمانی شان لەشانی گۆڕان دەدات بەجیاوازیی کورسییەک، ئەگەر بەراوردی ژمارەی دەنگەکانیش بکەین ٧٦ هەزار دەنگ زیادیکردووە کە ئەمە بەڵگەیە، ئەم ڕێژەیە جێگیر نییەو رەنگە لەسبەینێیەکی نزیکداو لەهەڵبژاردنی داهاتوودا ئەگەر یەکێتییەکان کاری باشتر بکەن، ئەم ڕێژەیە دەباتە سەرەوە کە کورسییەکانی یەکێتی لەناوچەی سلێمانیشدا دەبێتە سەرووی کورسییەکانی گۆڕانەوە، ئەگەر بەراوردیش بکەین دەبینین یەکێتیی

نیشـتمانیی کوردسـتان لەهەولێـر دوو هێنـدەی گۆڕانـی هێنـاوەو لەبادینانیـش کورسـی هێنـاوە لەکاتێکـدا گـۆڕان لەبادینـان هیـچ کورسـیی نەهێنـاوەو هەتـا دێ ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانـی دەردەکەوێـت کـە تەنیـا خەریکـە لەناوچـەی سـلێمانیدا قەتیـس دەبـێو دوو کورسـییەکەی کـە لەهەولێریـش بەدەسـتیهێناوە تەنیـا خڕکـراوەی دەنگەکانـی گۆڕانـە بـۆ سـەرۆکی لیسـتەکەیانو خانمێـک کـە وەک هەمیشـە لەکۆتاییـدا خانمان باشـتر دەتوانن دەنـگ بەدەسـتبهێنن لەبـەر ئـەو حسـاباتانەی کـە لەکۆتـادا حسـابی بـۆ دەکرێـت. ئەگـەر ئـەم ئەنجامانـەش لێکبدەینـەوە، بەجۆرێکـی دیکـە لەچوارچێـوەی هەرێمـی کوردسـتاندا بەڵگـەی ئەوەیـە کـە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان سـەرەڕای ئـەو هەمـوو خەنجەرانـەی کـە لێیـدراوە هێشـتا لەمەیدانـی هەرێمـی کوردسـتاندا مـاوەو هێشـتا پاڵەوانـی پرسـە نەتەوەییەکانـە لەناوچـە دابڕێنـراوەکان.

## یەکدەنگیی بەحسابە بۆ سەنگو دەنگ

ئێمـە چـی دەچنینـەوە لەلێکدانـەوەو هەڵسـنگاندنی ئـەم ژمارانـەی کـە بەدەسـتهاتوون لەهەڵبژاردنەکانـی هەرێمـی کوردسـتاندا ئەگـەر کـورد بەچـاوی ٦٢ کورسـییەکەیەوە سـەیری بـکات ئـەوە مەسـەلەیەکە کـە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لەمێـژە ئاواتـی بـۆ دەخوازێـت، بـەڵام کـە هێزەکانـی تـر بەڕاسـتەو پـرگاڵ دەچنـە نـاو وردەکارییـەوە بـۆ حوکمـی هەرێمـی کوردسـتان، ئـەوا یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانیش مافـی خۆیەتـی بڵێـت ئێمـەش هێزێکیـن لەهەرێمی کوردسـتانو ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردسـتانیش حزورمـان هەیـەو رۆڵمـان هەیـە، بۆیـە هـەر بیرکردنەوەیـەک لەیەکڕیزیـی کـورد، دەبێـت لەسـەر چەنـد بنچینەیـەک داڕێژرێـت، یەکەمیـان بـەرەی ناوخۆیـی کـورد، بەرەیـەک بێـت کـە ئیسـتحقاقاتەکانی سـەنگو دەنگـی هەمـوو حزبـەکان رەچـاو بـکاتو دەنـگ بەمانـای ئـەوەی کـە هەڵبژاردنەکانـی هەرێمـی کوردسـتان چۆنـی دەرخسـتووە سـەنگیش بەمانـای چەنـد گرنگـە کـە هێـزەکان حزووریـان لەنـاو پڕۆسـەی سیاسـیدا هەبێـت.

دووەم- پێویسـتە سیاسـەتی کوردسـتانی بـۆ پرسـە نەتەوەییـە گرنگـەکان یەکڕیزیـی کـورد بـەو شـێوەیە دابیـن بـکات کـە بڕیـارە سیاسـییەکان بەکۆمـەڵ بدرێـن یـان هیـچ نەبێـت هێـزە سـەرەکییەکان لێـرە یەکێتـیو پارتـی دیسـانەوە دەرکەوتـەوە سـەنگیان وەکو یـەک بێـت بـۆ بڕیـاردان لەچارەنووسـی کـوردو لەبڕیـاردان لەچارەنووسـی کوردسـتانداو دەنـگو سـەنگی هاووڵاتیانـی هەرێمـی کوردسـتانو ناوچـە دابڕێنراوەکانـی کوردسـتان لەبەرچـاو بگیرێـت، نـەک دەنگێـک بەفافـۆن حیسـاب بکرێـتو دەنگێکیـش بەزێـڕ حیسـاب

بکرێـت، چونکــه مەســەلەی نەتەوەیــی مەســەلەیەکە دەبێــت یەکســانیی نەتەوەیــی دابینبــکات، نــەک ببێتــە مایــەی بریندارییــی نەتەوەیــیو مایــەی لێکترازانــی نەتەوەیــی.

بۆیـە بڕیـاری سیاسـیی لەهەرێمـی کوردسـتان بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ عیراقـدا، بێگومـان دەبێـت بڕیارێکـی یەکگرتـوو بێـت، بـەڵام دەبێـت تاکڕەویـی بەبڕیـارەوە نەکرێـت بەنـاوی بڕیـاری یەکگرتــووەوە، تاکڕەویــی بەبڕیــاری سیاســییەوە نەکرێــت بەنــاوی ئــەوەی کــە ئەنجامەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لەهەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانـی پێشـوودا شـتێک دەڵێـن کـە هەندێـک هێـز پێیـان خۆشـە زۆر پێداگیریـی لەسـەر بکـەن، وێسـتگەی پەرلەمانـی کوردسـتان وێسـتگەیەکەو لەچەنـدان وێسـتگەی هەڵبـژاردنو دیموکراسـی، وەکـو چـۆن وێسـتگەی پەرلەمانـی عیـراق ئەویـش وێسـتگەیە لەچەنـدان وێسـتگەی پەرلەمانـی عیـراق، بۆیـە هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان دەبێـت حورمەتـی دەنـگو سـەنگی یەکتـری بگـرنو ئەوەیــان لەبەرچاوبێــت بەتایبەتــی هێــزی یەکــەم لەهەرێمــی کوردســتان، بۆئــەوەی کــە بتوانێـت ڕۆڵـی گـەورە بگێڕێـت لەدیاریکردنـی چارەنووسـی پەیوەندییەکانـی کوردسـتان لەگـەڵ بەغـدا، پێویسـتە بەگیانـی هـاوکاریو بڕیارێکـی دەسـتەجەمعی مامەڵـە بـکات کـە هەمـوو لایـەک لەکاتـی تەنگـژەدا داکۆکـی لـەو بڕیـارە بکـەن، نـەک بڕیارێـک بدرێـت دوایـی کـەس خاوەندارێتـی لـێ نـەکات ئەگـەر بەقازانجـی کـورد نەبێـت، ئەزموونـی چەنـد سـاڵی رابـردووش ئەمەیـان دەرخسـت.

## ئەمە یەکێکە لەدەیان وێستگەی دیکە

هەروەهـا پێویسـتە هێـزە سیاسـییەکانی دیکـەی هەرێمـی کوردسـتانیش بەتایبەتـی ئەوانــەی پێشــتر لەئۆپۆزســیۆن بــوون، ئــەم دەرئەنجامانــە بــاش بخوێننــەوەو بزانــن وێسـتگەی هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتان یـەک لەدەیـان وێسـتگەی تـرە، هـەر شـەش مانـگ دوای ئـەوە ئەنجامەکانـی هەڵبـژاردن لەهەرێمـی کوردسـتانو ناوچـە دابڕێنـراوەکان دەریانخسـت کـە یەکێتـی هێزێـک نییـە بەپەلـە ئەڵتەرناتیڤێکـی بـۆ بدۆزرێتـەوە، بەڵکـو یەکێتــی هێزێکــە ئامادەیــە لەگــەڵ هێزەکانــی دیکــەدا ئاڵوگــۆڕی بیــروڕاو شــەراکەتو بەشـداریی بـکات، بـەڵام نابێـت لەختوخۆڕایـی بکرێتـە دەرەوەی گۆڕەپانەکـە لەکاتێکـدا دەنگـدەری کوردسـتانی لەتێکـڕای کوردسـتاندا شـتێکی تـر دەڵێـن.

لەمـەش گرنگتـر بەگوێـرەی ئـەم ئاکامانـە بێـت کـە دەردەکەوێـت، هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان کـەمو زۆر پێویسـتیان بەیەکتریـی هەیە لەوێسـتگە جیاجیاکانـدا، بۆ ئەنجومەنی پارێـزگاکان پێویسـتیان بەیەکترییـە، بـۆ پەرلەمانـی کوردسـتان بـۆ پەرلەمانـی عیراقیـش

پێویستیان بەیەکترییە ئەوەی کە بخوازێت کە هاوکاریی وەربگرێت، پێویستە ڕەچاوی ئەوەش بکات کە لەشوێنێکدا ئەویش دەتوانێتو هاوکاریی لەدەستدێتو ئەم هاوکارییە پێشکەش بکات.

## ڕۆڵو پێگەی میدیا

لەهەمووشی گرنگتر ئەم دەرئەنجامانەی هەڵبژاردن دەریدەخەن کە میزاجی دەنگدەری کوردستانی لەشوێنێکەو میزاجی فەزای میدیای کوردی لەشوێنێکی دیکەیە. بۆیە ئەم دەرئەنجامانە هەروەها خوێندنەوەشە بۆ میدیای کوردستانی بەتایبەتی ئەو میدیایانەی کە لەدەرەوەی حزبە سیاسییەکان دەردەچن، یاخود ئەوانەی لەسێبەری حزبە سیاسییەکان، یاخود لەسێبەرو سایەی ڕەوتە سیاسییە جیاجیاکانی کوردستانن، پێشیان خۆشە بەخۆیان بڵێن میدیای ئەهلی. پێمان وایە ئەمەشیان بەڵگەیە کە میزاجی دەنگدەری کوردی لەشوێنێکەو میزاجی میدیای کوردی لەشوێنێکی ترە کە هەوڵدەدات لەجیاتی ئەوەی شیکەرەوەی ڕووداوەکان بێت، دروستکەری ڕووداو بێت. پێویستە ئەم میزاجە ڕەچاوبکاتو لەجێی ئەوەی ببێتە مایەی لێکدوورخستنەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ڕۆڵ بگێڕێت لەوەدا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە لەناوخۆیانداو دوور لەئیرهابی میدیاییو لەوەی کە میدیاکانی کوردستان بکرێنە دەسکەلا بۆ خۆسەپاندنو بڵاوکردنەوەی فەزایەکی سیاسیی ناجۆر کە پێچەوانەی ئەو میزاجەیە کە دەنگدەری کوردی هەیەتی، وەک لەئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا لەقۆناغە جیاجیاکاندا دەردەکەوێت، بۆیە میدیای کوردی بەجارێک لەچەند هەڵبژاردنێکدا خەریکە پێگەکەی خۆی لەدەست دەدات، جا بۆ ئەوەی بتوانێت پێگەی شایستەی خۆی بەدەستبهێنێتەوە، پێویستە خوێندنەوەکانی بۆ ڕووداوەکان بێلایەنانەتر بێتو پێویستە هەڵسەنگاندنی بۆ ڕووداوەکان وەک هەڵسەنگاندنەکانی دەنگدەری کوردستانی موجەڕەدبێت لەبەرژەوەندیی شەخسی، بەڵکو لەبەرژەوەندیو پەرەپێدانی دیموکراسی لەکوردستانداو پەرەپێدانی یەکڕیزیی کورد لەتێکڕای کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبێت.

## ناوچە دابڕاوەکان دەنگیانداوە بە یەکێتی

بەپێی ئەو کورسییانەی کەوا ئێستا تێکڕای حزبە کوردستانییەکان لەناوچە دابڕاوەکان بەدەستیانهێناوە بەو دەنگانەی لەدەستچووە دەکاتە نزیکەی ٢٠ کورسی،

کەواتــە ئەگــەر حســابی ئــەو ٦٢ کورســییە بکــرێ و بــەراورد بکــرێ لەگــەڵ ئــەو ٢٠ کورســییەی ناوچــە دابــڕاوەکان، کەواتــە لێــرەدا ڕێــژەی دانیشــتووانی کــورد لەناوچــە دابـڕاوەکان نزیکـەی ٢٠٪ی دانیشـتووانی کـورد دەبێتـەوە، ئەمـەش دەبێـت ڕەچـاو بکرێـت، چونکـە ڕێـژەی ٢٠٪ی دانیشـتووانی ناوچـە دابـڕاوەکان لەکۆمەڵگـەی کـوردی ڕێژەیەکـی زۆرە، خاڵێکـی گرنگتـر کـە پێویسـتە ئامـاژەی بـۆ بکەیـن ئەوەیـە، لەناوچـە دابـڕاوەکان لەبەشـێکی زۆری ئــەو کەمینــە ئایینــی و ئەتنیکیانــەی کــە کــوردن، بــەڵام کەمینــەی ئایینـی و ئەتنیکـی تـرن وەکـو کاکەیـی، ئێـزدی لـەو ناوچانـەدان، ئەمـە هێڵێکـە ئەگـەر کوردسـتان بیەوێت فـرە نەتەوەیـی و مەزهەبـی بـێ، ئەوانـە سـەرزەمینی فـرە نەتەوەیـی کـوردن، ئەمانـەش دەریدەخـات بەشـێکی زۆری کوردانـی ناوچـە دابـڕاوەکان دەنگیانـداوە بـە یەکێتـی و لەنـاو ئەوانەشـدا کەمینـەکان کەئەمـەش خاڵێکـە دەبێـت ڕەچـاو بکرێـت لەمەشـهەدی سیاسـیی کوردیـدا.

٢٠١٤/٥/٢٠

# بەرشەو ریاڵ ماون،
# یەکێتیش (ئاخرو ئۆخر)ی نەبوو

وەک جاران چاودێریی هەواڵو باسوخواسەکانی وەرزش ناکەم. سەرەڕای ئەوەی لەدەوروبەرم، لەماڵەوە، لەسەرکار، بەلایەنگرانی بەرشەو ریاڵ گەمارۆدراوم. خۆم بەم گوزارشتە دیپلۆماسییە دەشارمەوە: «من لەگەڵ یاریی جواندام، جا لەهەر تیمێکەوە بێت». بەڵام هەر ئەم قسەیە بەسە تا لایەنگرانی هەردوو تیم لێم زویر بن، لەجێی ئەوەی ڕێی باریکی خۆم لەنێوان دوو بەرەی دژ بەیەکدا بکەمەوە. هەرچەندە زۆر هاوڕێم سەرنجم بۆ ئەوە رادەکێشن کە ململانێی وەرزشیو لایەنداریی تیمێک ئەهوەنترە لە ململانێ سیاسییەکەی چەند ساڵ بە حوکمی ئەندامێتی حزبی لەگەڵ هەزاران هەزاری تردا تێوەی گلاوم.

راستییەکەی لەبەر چەند هۆکارێک قەناعەت بەم ململانێ وەرزشییە ناکەم. دیارترینیان ئەوەیە ئەو ململانێیانە کەم نین کە لایەنێکی پێکدێنم، نامەوێ تەرەفداری ململانێی تر بم. بەتایبەتی ئەو ململانێیانەی لەشوێنی ترو وڵاتی تر دەقەومێن، وەک ئەوەی نێوان بەرشەو ریاڵ، یان وەک ئەوەی نێوان روسیاو ئۆکراین، ئارەزووم لەو ململانێیانەیە لەگۆشتو خوێن پێکهاتوون، خۆم تێیدا بەشدارمو دەرەنجامەکەی، بەچاکو خراپ، لەسەر خۆمانو خۆتانو خۆم، کارییە.

حەزم لەجۆرێکی دیکەی ململانێش نییە، ململانێ قەدەرییەکانی نێوان نەتەوەکان، ئایینەکان، مەزهەبەکانو شارەکان کە بەداخەوە ئەم ململانێیانە ناونیشانە سەرەکییەکانی سەدەی بیستو یەکەمینن. ئاخر خوای گەورە خۆی نەتەوەو نیشتمانی مرۆڤەکان دیاری دەکات، بنەچەو بنەماڵەو فەزای رۆشنبیریی ئایینو مەزهەبی مرۆڤەکان دیاری

دەکاتو شارەکانیش ئەو نیشتەنییەن ئێمە تۆڕی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریی خۆمانی تێدا دەبینینەوە، دەتوانین بیگۆڕین، بچینە شاری ترو لەوێ تێهەڵبچینەوە، بەڵام ئەمەشیان بژاردەیەکی رەها نییە. لە تەمەنێکی دیاریکراو و لەئەنجامی ئەزموونی تاڵو شیرینی ژیانەوە، ئیتر ئێمە مەحکومی شارەکانیش دەبین، وەک چۆن زەحمەتە نەتەوەو ئایینو مەزهەبمان بگۆڕین، وای لێ دێت پێمان زەحمەتە شاری نیشتەجێشمان بگۆڕینو چانسێکی تر تاقیبکەینەوە.

بێگومان، زۆرجار، زاڵمو زۆردارەکان ئەوەندە قەدەری خودایی بەچاوتا دەدەنەوە وەک بڵێی خوا وای نەنووسیووە، بەڵکو تۆی بەندە وات داهێناوە. لە حاڵی وادایە مرۆڤ باوەش بەم قەدەرەی خۆیدا دەکات و حاشای لێ ناکات. لەبەرئەوە هەموو ململانێیەکی نەتەوەیی‌و ئایینی‌و مەزهەبیش ناچێتە خانەی ناڕەواییەوە، بۆ بندەستەکان کە قەدەری خوداییان لێ دەکەن بەبژاردەی هەتاسەری بندەستی، داکۆکی لەنەتەوەو ئابین دەبێتە ململانێیەکی رەوا، چونکە بۆ دەفعی بەلاو نەگبەتییە کە ئەویان قەدەری خودایی نییە، بەڵکو دروستکراوی دەستی مرۆڤ و نەتەوە زاڵمو سەردەستەکانە.

دەنا ئەگەر ژیان نۆرماڵ بێت، چی لە ململانێی سیاسیی‌و فیکری خۆشترە کە بژاردەی مرۆڤەکان خۆیانەو لە دڵەوە بۆ دڵ و لەئەندێشەوە بۆ ئەندێشە داکۆکی لێ دەکەنو مایەی لەپێناودا خەرج دەکەن.

حەزم لەم ململانێی دواییانە، ململانێی حزبایەتیش هەر لەم ئەندێشەیەوە دەبینم، هەرچەندە کەم نین ئەوانەی ئەم ململانێیەش دەکەنە ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی وشکو برینگو وەک وشکە سۆفی دەمارگیر مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. ئەمانە بیروباوەڕی سیاسیی دەکەن بە ئایین لە کاتێکدا ئاینەکان دانرانو دابەشکرانو هەر لایەنێک بەشی خۆی لێوەرگرت.

بگەڕێمەوە سەر رێبازەکەی کە نەمتوانی کەسی پێ رازی بکەم:

نە بەرشەو نە ریاڵ، بەڵکو کێ یاریی جوانی کرد، هانی ئەو لایەنە بدەین، ئەمە جگە لەوەی زمانێکی دیپلۆماسییە لە دابی هەڵبژاردندا، ناوی دەنگدەری هۆشیاری لێ دەنرێت کە هەر جارەی بەگوێرەی بەرنامەو دەستکەوتەکان دەنگ بە یانەکان، ببورن، بە حزبەکان دەدات. بەس لایەنگرانی دەمارگیر لە بەرشەو لە ریاڵ قەناعەت بەم شرۆڤەیە ناکەن، تانەیان وایە کە ئەمە وەرزشە بۆ لێی ترساوی؟ خۆ یەکڕیزی کوردی لەسەر بەند نییەو خوێنی کەسی تێدا ناڕژێ، هەرچەندە وەک نووسەرێکی قەدیمی بواری وەرزش لەبیرمە لەنێوان یۆڤەنتۆسو لیڤەرپوڵدا خوێنێک

رژا کـه لـه١٩٨٤ەوە لەئەندێشـەمدا وشـک نەبۆتـەوە.

بـە واتـا دەمارگـرژی وەرزشـیش جـار بەجـار قـەرزی خـۆی دەداتـەوە لەشـێوەی توندوتیـژی نـاو یاریگاکانـدا، یـان لەتوندوتیـژی نـاو گۆڕەپانـی فەیسـبووکدا کـە لایەنگرانـی یانـەکان، بـە لایەنگرانـی بەرشـەو ریاڵـەوە، بـە هەمـوو زمانەکانی دونیا شـەڕی دەمارگیریی خۆیـان دەکـەن.

دەمـەوێ ئـەم ناوکێشـە وەرزشـییە بەتوانجێکـی جوانـی راهێنـەری پێشـووی بەرشـەلۆنە کۆتایـی پێبێنـم کـە لەگەرمـەی سـەرکەوتنە یـەک لـەدوای یەکەکانـی بەرشـە بەسـەر ریاڵـدا داوای لـە دۆسـتو لایەنگرانـی تیمەکـەی خـۆی کردبـوو سـوکایەتیو گاڵتـە بەتیمـی ریـاڵ مەدرید نەکـەن، چونکـە بەگوتـەی ئـەو ریـاڵ یانەیەکـی بەهێـزو دێرینـی ئیسـپانییەو رۆڵـی گرنگی لەپێشخسـتنی تۆپـی پـێ لەئیسـپانیادا گێـڕاوە.

راهێنـەری بەرشـەلۆنە وەکـو حەریفێکـی بەجورئـەت ئـەم قسـانەی کـرد، چونکـە ئەمـڕۆی لەپێـش چـاو بـوو کـە دوێنـێ بەرشـە لەپێـشو ریـاڵ لـەدواوە بـووەو ئەمـڕۆ پێچەوانەکـەی کەوتۆتـەوە.

دیسـانەوە دەیڵێمـەوە، هەقـم بەسـەر بەرشـەو ریاڵـەوە نییـە، بـەڵام چەنـدم پـێ خـۆش بـوو ئەگـەر ئەوانـەی لـەژووره داخراوەکانـدا گاڵتەیان بـە یەکێتی دەکردو دەیانـوت نەماوەو ئاخـرو ئۆخرێتـی، بـەو گیانـە وەرزشـییەی راهێنەرەکـەی پێشـووی بەرشـە هەڵسـوکەوتیان بکردایـە، بەلایەنگرانـی خۆیانیـان بگوتایـە یەکێتـی هێزێکـی گەورەیـەو خزمەتـی زۆری کوردایەتیـی کـردووە، راسـتە لێـی قەومـاوە، بـەڵام رۆژێـک هـەر رادەبێتـەوە.

٢٠١٤/٥/٢٣

# شیوعییەکە بەویژدانتر بوو

سـەیری کەناڵێکـی راپەڕیـوم دەکـرد لەسـەر راپەڕیـن قسـەی دەکـرد، هەمـوو وردەکارییەکیـان باسـکرد تەنهـا ئـەوە نەبێـت کـێ بـوو ئـەو راپەڕینـەی کـرد؟ کابـراکان لـە سـەنگەری ئەمڕۆیانـەوە باسـی راپەڕینێکـی بیسـتو پێنـج ساڵەیان دەکـرد، یەکێکیـان رووی نەدەهـات نـاوی حزبـی کۆنـی خـۆی بێنـێ کـە حزبـی راپەڕیـنو سـەدان دەسـکەوتی نەتەوەیـیو نیشـتمانییە، نـاوی هەڤاڵەکانـی دەهێنـا کـە لـە شـانەکاندا لەگەڵـی بـوون، بـەڵام نـاوی حزبەکـەی نەدەهێنـا، وایدەزانـی زەمانـی کەمپینـی هەڵبژاردنـە نـەوەک حزبەکـەی جارانـی ئەشـهەدومابیلایەک بەدەسـت بێنێـت. ئـێ حزبـی تـازەش لـە کاتـی راپەڕینـدا هێشـتا لـە عیلمـی غەیبـدا بـوو.

کابـرا چـی بـکات؟ کـە شـپرزەبێت ناهەقێتـی؟ ئاخـر ئـەو دەبـێ بـە زمانـی هەڵسـوڕاوی ئەمـڕۆ باسـی هەڤاڵـی دوێنێـی بـکات. بەدیوێـک پێـی خۆشـبوو سـەروەری دەگێڕێتـەوەو بەدیوێکیـش شـپرزەی ئـەوە بـوو داخـۆ ئـەم سـەروەرییانەی بـۆ بەجێهێشـتو ئایـا بـۆی هەیـە رابـردووی خـۆی بگوازێتـەوە بـۆ شـوێنێکی تـر؟

سـێو چـوار هەڤاڵـی دوێنـێ بـوون کـە لـەو بەرنامـە تەلەفزیۆنییـە هەڵدەسـوڕان. یەکێکیـان لـەوان نەبـوو، کۆنـە شـیوعیو تـازە هەڵسـوڕاو بـوو. خـۆی پـێ نەگیـراو بەویژدانـەوە وتـی: بەڕاسـتی پیـاو بـۆ هـەق بڵـێ، رێکخسـتنەکانی یەکێتـی رۆڵێکـی گەورەیـان لـە راپەڕینـدا گێـڕا.

ئـەم سـەرنجە بەویژدانـە وەک راسـتییەکی درەوشـاوە تیشـکی لـەڕووی هەڤاڵانـی دوێنـێ دەدا. دیاربـوو کەمێـک شـەرم دایگرتـن کـە بـەو ئەندازەیـە حاشـا لەڕابـردووی پرشـنگداری خۆیـان دەکـەنو شـیوعییەک ستایشـی حزبـە کۆنەکەیـان دەکات.

١٨-٢٠١٦/٣/١٩

# فەزای دیموکراسی تاکتیکی ئەوانە
# لە قاو دەدات کە حەزیان لە پشێویە

یەکێتی، حزبێکی دیموکرات، هێزێکی دیموکرات خوازە و بۆ ئەمەش نرخی داوە، جاران خەباتی زۆر و شەهیدی زۆری کردۆتە پێناوی ئەم ویستە دیموکراتییە، لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستانیش، لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا نرخی ئەم قەناعەتەی داو تەنانەت لە زۆر ئاژاوە و تەشقەڵە پێفرۆشنیش خۆی بواردووە و لەسەر حسابی مافەکانی خۆشی و لە ڕێی پاراستنی هێمنایەتی سیاسی و کەشی دیموکراسی وڵاتدا قوربانی بێ ئەندازەی داوە. یەکێتی باوەڕی بە بیرۆکەی دیموکراسی و ڕێبازی گەیشتن بە کۆمەڵێکی دیموکرات و ئازاد هەیە ئەمەش کرۆک و ناوەڕۆکی خەباتی یەکێتی پێکدەهێنێت و بگرە پاکانەی هاتنە مەیدانی خەباتی سیاسیی یەکێتی و تێکۆشانی لەم پێناوەدا ئەوەندەی راستییەکی بەرجەستەیە، ئەوەندە منەتکردن نییە بەسەر کەسەوە. کەس منەت بەسەر کەسی ترەوە ناکات لە کارێکدا ئیشی خۆیەتی و بەشێک لە ستراتیجی هاتنە مەیدانی عەمەلی بووە. بۆنەی باسی ئەم قسەیە هاشوهوشی چەند رۆژی رابردووی کەناڵەکانی میدیای کۆمپانیای وشەن کە دەخوازن بە زۆر سیمای سیاسی بدەن بە چەند رووداوێکی چەند ڕۆژی رابردووی سنووری پارێزگای سلێمانی و گەرمیان، دەیانەوێت بەتۆبزی ناونیشانی تیرۆری سیاسیی و مەبەستی سیاسی بدەنێ، بەڵکو بەم چەواشەکارییە هەرچۆنێک بێت بابەتێکی ورووژێنەریان دەست بکەوێت و بیکەنە دەستکەلای شێوانی دۆخی سیاسی کوردستان.

بێگومان ئەگەر قسە لەسەر وردەکاریی ئەم تاوانانەی چەند رۆژی رابردوو بێت ئێمەش و هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان روومان لە دەزگاکانی ئەمنییەت و

پۆلیسی پارێزگای سلێمانییه کە بە زوویی لەو ڕووداوانە بکۆڵنەوە و ئەگەر قسەش لەسەر هاتنە جواب و پەرۆشی بێت ئەوا یەکێتی بە تەگبیری وردەکاریی وردەوە لە بەرزترین ئاستدا دەزگاکانی ئاسایشی راسپاردووە پیشەییانەو بێلایەنانە تاقیبی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە بکەن و رادەستی یاسایان بکەن ئینجاش ئەگەر هۆکارێکی سیاسی لە پشتیانەوە هەبێت، بە جورئەتەوە دەستنیشانی بکەن و راستیەکان بۆ رای گشتی ئاشکرا بکرێن.

هەرچی گۆران چییەکانە جگە لە بەیاننامە و هاتووهاواری ئیعلامی، کە هەر ئەوە پیشەییانە، هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەهێناوە کە پەرۆشییەکی عەمەلی دەربخات، بەڵام ئەسڵی مەقسەد لای ئەوان دەرخستنی راستییەکان نییە، بەڵکو نانەوەی پشێوی و نمایشکردنی دۆخی سیاسیی سلێمانییە، وەک شوێنێکی نائارام.

ئەوانە بەمەست دەخوازن هەرێمی ئارامی کوردستان و ئارامترین شاری هەرێم و عیراق، سلێمانی، وەک شوێنێکی ناجۆر دەربخەن کە ئەگەر ڕووداوێکی دیکەی بەدوادا هات بیگێڕنەوە سەر هەمان هەوڵی نمایشخوازی.

ئەمەش نەک تەنها بۆ ناوزڕاندنی حکومەت و حزبی خاوەن نفوز لەم دەڤەرەدا، کە ئەم ناوزڕاندنە بۆتە ستراتیژی گۆڕانچییەکان، بەڵکو بۆ نیازێکی خەتەرناکتر و جەهەننەمی تر، وادەکەن.

بۆ ئەوەیانە بەفیعلی دۆخەکە بشڵەقێ و وردە وردە ژینگەی ئەمنیی کوردستان ئالودە بکەن، وەکو ویستیان ژینگە سیاسییەکە بەو دەردە بەرن.

گۆڕانچییەکان، بە زۆریش بێت، دەیانەوێت گولاجی چەند ڕووداوێک وەک پشێوی سیاسی وێنا بکەن، چونکە لە دەمێکدا مامەڵەی شێنەیی یەکێتی و دەرکەوتنی راستییەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کێرڤی ئەم (بزوتنەوە) بەهاشوهوشەی بەرەو خوارەوە بردووە، دەخوازن خۆیان بەم نرخە گران بکەنەوە و دەستکەوتێکی دیکەی چەواشەکاری بخۆن. بەڵام چیتر خەڵکی بەم سوێندە چەواشەکارییەی ئەوان ناڵێن ئامین. هەرخۆی بایەخی گەورەی دیموکراسی کە یەکێتی باوەڕی پێیەتی لەوەدایە زوو، یان درەنگ، هاتووهاواری بێعەمەل لە قاو دەدات، چەواشەکاری دەخاتە سنفی چەواشەکارییەوە و بکەرەکانی دەبنە کارەکتەرانێکی ئالودە بە پشێوی و کەسانێک کە حەز بە خێر و خۆشی وڵاتەکەیان ناکەن و کەیفیان بە ئارامی سیاسی نایەت.

رێبازی یەکێتی لە گەشەپێدانی فەزای دیموکراسیی کوردستاندا جگە لەوەی

بەرهەمی قەناعەت و باوەڕێکی قوڵە، هەروا دەستکەوتی ئەوەشی بەدواوە دەبێت کە خەباتی مەدەنی و شێنەیی و (سەبری ئینقلابی) راستییەکان بۆ خەڵک دەردەخات و چەواشەکارانیش لەم مەیدانی موبارەزەیەدا مایە بەتاڵ دەبن با لە جەولەیەکیشدا، بەفاوڵ گۆڵێکی ئۆفسایدیان کردبێت. سەر ئەنجام دیموکراسی و ئارامی دەیباتەوە و ئەوانەی ئەم ڕێبازە ستراتیژییەی بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسی تەنیا وەک تەکتیکێک یان وەک دەستکەلایەکی سیاسی کاتی بەکاردێنن، لە هەلومەرجێکی تردا ناتوانن دەمامکی تەنەکوری تا سەر بە روخساریانەوە بنووسێنن.

# فەسڵی چوارەم

# **هەڕەشە وردیلەکان**

# موکاشەفە

سیاسـەت لـە وڵاتـی ئێمـە هەندێـک موکاشـەفەی گەرەکـە. هـی وەک ئەوەنـا ڕۆژانـە گوێی خەڵک بەدەلەسـەی موکاشـەفە کاس دەکەن و لەئەسـڵدا مەبەسـت لێی شـاردنەوەی ڕاسـتییە گرنگەکانـە.

ئـەو جـۆرە موکاشـەفانە جادووگـەری و فێڵوفەرەجـە کـە لەسـەد کێشـەی گـەورەو بچووکـی ئـەم وڵاتـە دوو کەیسـی لەسـەر پێـوەری بەرژەوەندییەکانـی خـۆی بـژاردەکا و وەک ڕاسـتی ڕەهـا بەخەڵکـی دەفرۆشـێتەوە. هەتـا ئەمجـۆرە پێوانەیـە لەکایـەدا بێـت، دەورانـی موکاشـەفەی ڕاسـتەقینە دەسـت پێنـاکات.

بـەڕای بەنـدە، کـە ناخـوازم ڕاسـتی بـۆ خـۆم پـاوان بکـەم، موکاشـەفەی بابەتیـی ئەوەیـە هـەر بابەتێـک کـە دەبێتـە ئەجێنـدای شـەئنی گشـتی لەهەمـوو ڕەهەندەکانییـەوە تاوتـوێ بکرێـت. بڕیـاری پێشـوەخت و حوکمـی ئایدیۆلـۆژی نەبێتـــە پێـوەری ڕەهـا، ئەمـەش بەپلـەی یەکـەم ئەرکی ڕۆژنامەوانـی وڵاتـی ئێمەیـە وەختێـک دەیـەوێ نەختێـک نـرخ و فامـی تێـدا مابێـت و بەهـای نـوێ لەکوردەواریـدا جێگیـر بـکات.

هەمـوو کەسـێک شـمەکی خـۆی خۆشـدەوێت و وادەزانێـت لـەوە باشـتر لـە بـازاڕدا نییە، بـەڵام بـازاڕ پـڕە لەشـمەکی تـر. ئێمـە زۆرجار گوێمـان لەقسـەی ڕەخنەگران دەبێت لەسـەر دیـاردەی بـە پیرۆزکردنـی سـەرکردەو سـەرو‌ەرییەکانی ڕابـردوو و خەباتـی کوردایەتـی، بـەڵام گوێمـان لێنەبـوو ڕەخنـە لـە بـە پیرۆزگرتنـی دیـاردە نوێیەکانـی وەکـو ئۆپۆزسـیۆن، میدیـای ئەهلـی و ناوەندەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی بگیرێـت، لەبەرئـەوە ڕەوەندێکـی ئۆپۆزسـیۆن لای ئێمـە، تەیفێکـی میدیـا لەنـاو کایـەی دەسـەڵاتی چـوارەم، دەسـتەیەک

رێکخـراوی کۆمەڵـی مەدەنـی و چالاکوانـە دیموکراتخـوازەکان و بەمدواییـەش کۆمەڵێـک مـەلا لەمینبـەری مزگەوتـدا کەمتریـن رەخنـەو بچووکتریـن سـیخورمەیان پـێ تەحەمـول ناکرێـت. کەوابێـت چیمـان بەچـی کـرد؟ ئەگـەر ئەوانـەی ئەرکـی پەرەپێدانـی ئـازادی و دیموکراسـی و دادپـەروەری و موکاشـەفەیان داوەتـە سەرشـانی خۆیـان لـە تاقیکردنـەوەی رەخنەگرانـە دەرنەچـن و کـەم حەوسـەڵەبن، بۆچـی ئـەم بـەردە هەڵدەگـرن؟ یـان ئەوەیـە هـەر کەسـەو شـمەکی خـۆی لەهـی خەڵکـی تـر پێباشـترە.

بـا کـەس زوویـر نەبێـت، ئەمـە بـۆ گەرمکردنـی گفتوگۆیـە لەگـەڵ یەکتـری تـا بزانیـن گوڵوەچنـی لەباخچـەی راسـتییەکان ئەگـەر دەلەسـە نەبێـت ئامۆزازایەتـی.

٢٠١١/١/٢٤

# ماڵی کورد

داخوازییــە کوردســتانییەکان لەشــەئنی گشــتیی عیــراق جیــا ناکرێنــەوە، مەســەلەی پەرەپێدانــی ڕۆڵــی عیراقیانــەی فاکتــەری کوردیــش هــەر لــەو چوارچێوەیــەدا ســەیر دەکرێت کـە ببێتـە یارمەتیـدەری بەدیهاتنـی داخوازییـە نەتەوەیـی و کوردسـتانییەکانمان.
لەدیـگای سیاسـەتی ڕەسـمی کوردسـتانییەوە، عیراقـی دیموکـرات و فیـدراڵ، عیراقـی یەکێتیـی ئارەزوومەندانـە، هـەر خـۆی بریتییـە لەعیراقـە دڵخوازەکـەی کوردسـتانییان، هەر خـۆی مانـای وەدیهاتنـی ویسـتی چارەسـەری کێشـەی کەرکـوک، کێشـەی پێشـمەرگە، شـەراکەت و بودجـەو نـەوت و تـەواوی ٢٢ خاڵەکەیـە کـە حکومەتـی ئیتیحـادی لەسـەری ڕازی بـووە، هــەر دواکەوتنێـک لــە پڕۆســەی سیاسـیی عیـراق بەهــۆی تەنگــژەی وەک ئــەوەی دوایــی نێــوان عیراقییــەو دەوڵەتــی قانوونــەوە، ســەرەنجام دەکاتــە دواکەوتنــی ئیسـتحقاقە نەتەوەییەکانـی کوردیـش.
پاڵنــان بەئاراســتەی چاککردنــی نێــوان دوو پێکهاتەکــەی عیــراق ڕۆڵێکــی تەنهــا تەبشــیری و خێرخوازانــەی کــورد نییــە، بەڵکــو ئیدراکــی ئــەو ڕاســتییەیە کــە تــا عیــراق بــەم قــەوارەی خۆیــەوە بمێنێتــەوە، بــژارەی بەشــداری لەچارەســەری کێشــەکان بۆئـەوەی زوو بگەڕێتـەوە سـەر ئیسـتحقاقەکانی ئەسـتۆی، بژارەیەکـی ڕاسـتە، لەبەرئـەوە کۆششــەکانی ســەرۆک تاڵەبانــی لەپێکــەوە گرێدانــەوەی نێوانیــان، ئاراســتەیەکی دروسـتی گرتـووەو ئیجماعێکـی کوردسـتانی، عیراقـی، ئیقلیمـی و نێودەوڵەتیشـی بـۆ دابیـن بـووە.
هــەر ئــەم کۆششــانە خۆشــی ڕێگــە بــۆ چارەســەری دۆســیێ هەڵپەسـێردراوەکانی کـورد دەکەنـەوەو ڕێکخسـتنەوەی ماڵـی کوردیـش وەک مـام لەپیرۆزبایـی بۆنـەی بیسـت ساڵەی

کوردستانی نوێدا داوایکرد، پێشمەرجێکی رەوایە بۆ هێزدارکردنی فاکتەری کوردی لەتەگبیرەکانی کۆنگرەی نیشتمانی و بەدواهاتووەکانی، تا ویستەکانی کوردستان پایەدار بێت.

٢٠١٢/١/١٢

# با ویستگەیەکی نوێ بێت

هەڵبژاردنــی داهاتــووی پەرلەمانــی کوردســتان پرۆژەیــە بــۆ خزمەتکردنــی کۆمەڵانــی خەڵــک لەمــاوەی چــوار ســاڵی داهاتــوودا. هەڵبــژاردن نییــە بــۆ هەڵدانــەوەی لاپەڕەکانــی جــاران و تەرکیــز خستنەســەر ململانــێ سیاســییەکانی رابــردوو، دەنگدەری کوردســتانیی دوای ئەزموونــی چەنــد هەڵبژاردنێــک لــەم بیســت و دوو ســاڵەی ئەزموونــی دیموکراتیمانــدا دەزانــێ هەڵبژاردنــی پەرلەمــان و حکومــەت دانــان بــۆ ئەوەیــە خزمەتــی خەڵــک بــکات لەمــاوەی نێــوان دوو دەورەی هەڵبژاردنــدا.

خەڵکــی کوردســتان ناســنامەی هەمــوو حزبــەکان بــە کــۆن و نوێیانــەوە، دەناســن و دەزانــن هــەر یەکەیــان چــی کــردووە لەرابــردوو و چــی دەکات لەچــوار ســاڵی داهاتــوودا. وەک دەردەکەوێــت حزبــی نــوێ و موفاجەئــەی نــوێ نییــە لەنــاوی قــەوارە و کارەکتــەرە سیاســییەکاندا. بۆیــە دەنگــدەری کوردســتانیی دەچێتــە ســەر رابــردووی چــوار ســاڵی رابــردووی قــەوارە و کاندیدەکان کــە بــە فیعلــی چییــان پێشــکەش کــردووە و کام بەڵێــن و خزمەتیــان کردۆتــە بــواری جێبەجێکردنــەوە و چ بەرنامەیەکیــان پێیــە بــۆ ئاینــدە.

چیتــر خەڵــک بایــی ئەوەنــدە لەکــۆڕی دیموکراســیدا قاڵبوونەتــەوە کــە بزانــن رابــردوو و ئاینــدەش لەپرســی هەڵبژاردنــدا یەکســانە بەمــاوەی نێــوان دوو خولــی هەڵبــژاردن، رابــردوو چــوار ســاڵەو ئاینــدەش چــوار ســاڵ، حوکمڕانــی موتڵــەق لەڕابــردوو نییــەو حوکمــی داهاتــووش حوکمێکــی موتڵــەق و تــا کۆتایــی دونیــا نییــە. بۆیــە بەرنامــەکان تەنهــا بــۆ دەورەی داهاتــووی حوکمڕانــی دەبێــت نــەک بــۆ دەورانــی داهاتــووی.... بــێ ســنوور.

بۆیــە ئەگــەر بمانەوێــت هەڵبژاردنــی داهاتــوو ئــەم قاڵبوونــە دیموکراســییە دەربخــات

و دەرسـی رابـردوو بـۆ هەموومـان لەیـادەوەری سیاسـیی و لـە کایـەی کارکردنـی نـاو جەمـاوەر ئامـادە بێـت، پێویسـتە کەشـوهەوای هەڵبژاردنـی داهاتـووی کوردسـتان کەشـوهەوای هێمنـی و ئارامـی، گیانـی بـەرزی دیموکراسـی و وەرزشـی بێـت. هانـدەر بێـت بـۆ پابەندبـوون بـە رێوشـوێنەکانی کۆمسـیۆن لەبـارەی ئـاکاری هەڵمەتـی هەڵبـژاردن و دابونەریتـی کێبڕکێـی دیموکراسـییەوە.

وێستگەی داهاتووی هەڵبژاردن یەکەم وێستگە نییە و دوا وێستگەش نابێت.

بـەڵام دەتوانێـت وێسـتگەیەکی چۆنایەتـی بێـت بـۆ لەچاڵنانـی نەریتـی ناشـیرینی عـەوام فریـووی و بوختانکـردن و فەرهەنگـی تەشـهیر.

٢٠١٣/٦/٢٢

# هەڕەشە وردیلەکان

هێشتا هەڕەشـەکانی سـەر کوردسـتان نەڕەوینەتەوە، ئەگەرچی قۆناغی مەرگەساتەکانی وەک هەڵەبجـە و ئەنفالەکانمـان تێپەڕانـدووە. دەشـێ نـاوی ئـەو هەڕەشـانە بنێیـن نانـۆ هەڕەشـە، یـان هەڕەشـە وردیلـەکان.

بۆئـەوەی لەسـەرەتاوە بـاش لەیەکتـری تێبگەیـن دەبـێ جیـاوازی زمانەوانـی نێـوان (وردە هەڕەشـە)و (هەڕەشـە وردیلـەکان) تێبگەیـن.

یەکەمیـان بـۆ بـێ بایەخکردنـی ئـەو جـۆرە هەڕەشـانەیە، بـۆ ئەوەیـە وا لـەو هەڕەشـە وردانـە بڕوانیـن کەوردەواڵـەن و پاشـماوەی هەڕەشـەی گـەورەن، ئـەم هەڕەشـە وردانـە پاشـماوەن و هـەر ئەوەندەمـان لەسـەرە گسـکیان بدەیـن و ئیتـر بـێ هەڕەشـە دەبیـن.

دووەمیـان: هەڕەشـە وردیلـەکان. ئـەو هەڕەشـانەن ئەگـەر کۆیـان بکەینـەوە کەڵەکـەی هەڕەشـەیەکی گـەورەن و دزەیـان کردۆتـە نـاو درزو کەلێنـی گیانـی نەتەوەییمـان، لەقـوڕگ و لەچـاو و گـوێ و لوتمـان، لەهەسـتەوەرو ئەندێشـەماندا شـوێنیان گرتـووەو دەیانـەوێ بێزارمـان بکـەن، پەکمـان بخـەن. ئـەم هەڕەشـانە رۆژانـەن و هەریەکەیـان گرفتێکـی گـەورەن و دیارتریـن ئامـاژەی گەورەییـان، وەک گرفـت، ئەوەیـە وردن، بەدەسـت ناگیرێـن و رەنگـە هەندێکجـار بەچاویـش نەبینرێـن، بـەڵام تـۆزو خۆڵـی کەڵەکەبـوون و تیریـان لەسـەر کوردسـتان کارییـە.

لەنموونـەی ئـەم هەڕەشـانە، رێکنەخسـتنی هاوسـەنگی سـوپای عیـراق، بودجـەو مووچـە، پرۆژەیاسـا بڕیـار لێنـەدراوەکان، ئەنجومەنـی ئیتحـادی، مـادەی ١٤٠، بەشـی کـورد لەسـەفارەت و مولحەقیاتەکانـی عیـراق، ئامـارو سـەرژمێری، یاسـای زمـان و

یەکسانی زمان، دیموکراسیی و یاسای رۆژنامەوانیی لەعیراق، دانەمەزراندنی هەرێمی دیکەی جگە لەکوردستان کە بەفیعلی عیراق بکاتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، دۆخی دەزگا موخابەراتی و ئەمنییەکانی عیراق و بە مەزهەبیکردنیان، دوور لەهاوسەنگی نەتەوەیی و مەزهەبی..هتد.

ئەم هەڕەشانە وەک هەڵەبجەو ئەنفال نین، بەڵام کە کۆیان بکەینەوە پێکەوە ستراتیژێکی مەترسیداری کورد قڕانن و ئەگەر بەسیاسەتی ژیرو ورد بەریان پێ نەگیرێت پاشەکشێمان پێ دەکەن، چونکە هەڕەشەیەکن لەپێشمانەوە.

٢٠١٤/٣/١٧

# کێشەکانی سەرکەوتن؟

هــەر شکســت کێشــەی نییــە، ســەرکەوتنیش کێشــەی خــۆی هەیــە، ئەدگارەکانــی کێشــەی شکســت دیــارن. هەرچــی خراپــە هەبێــت لەشکســت دەوەشــێتەوەو شکســتی پــێ دەناســرێتەوە، بــەڵام کێشــەی ســەرکەوتن ئەوەیــە کــە دیاریکردنــی ئەدگارەکانــی زەحمەتــە، کەواشــبوو پۆلێنکردنــی توخمەکانــی سەرکەوتنیشــی زەحمــەت دەبێــت، رەنگــە دیارتریــن ناســاندن بەخەیاڵماندابێــت ئەوەیــە بڵێیــن وەکــو شکســت باوکــی نییــە، بێگومــان ســەرکەوتن باوکــی زۆرە کــە خاوەندارێتــی لێدەکــەن. بــەڵام بــەڕای بەنــدە ئــەوە بچووکتریــن کێشــەی (ســەرکەوتن)ە، کێشــەی هــەرە گــەورەی ســەرکەوتن ئەوەیــە ئــەو ســەرکەوتنە چــۆن ئاڕاســتە دەکەیــتو بــۆ کێــی بەکاردێنیــت؟ لەگــەڵ هێــزی کــێ لێکــی دەدەیــتو لەگەڵ هێــزی کــێ تێکــی دەدەیــت، واتــا هێــزت لەگــەڵ هێــزی کــێ یەکدەخەیــتو لەگــەڵ کــێ ململانێــی پێدەکەیــت؟.

بــۆ وەڵامــی بەشــێک لــەو پرســیارانە دەبــێ پێــش هەمــوو شــتێک لەسروشــتی پێشــینەی ســەرکەوتنەکە بڕوانیــن، ناســنامەی ئەوانــەی توخمــی ســەرکەوتنیان بــە تــۆداو بوونــە فاکتــەری بەرجەســتەی ســەرکەوتنەکەت چییــە؟ ئەوانــە بــەچ خەیاڵێکــەوە تۆیــان بەســەر ئەوانــی تــردا سەرخســتو بــۆ گرتنــی کام چۆلەکــە پێیــان وتــووی کاکــە؟

یەکێــک لەهەڵــە کوشــندەکانی هــەر هێزێکــی ســەرکەوتوو ئەوەیــە درک بــەوە نــەکات جەماوەرەکــەی چ تەفویزێکــی پــێداوەو بۆچــی تەفویزەکــەی پێــداوە؟ ئەزموونــی زیاتــر لــە بیســت ســاڵەی حوکمڕانــیو هەڵبژاردنــەکان لەکوردســتان ئــەم پەیامــەی داوەتــە هێزەکانــی وڵاتو بێگومــان داویشــێتی بــە یەکێتــی کــە بزێوتریــن هێــزی کوردســتانەو

لەجوولـەی نێـوان سـەرکەوتن، شکسـتو سـەرکەوتندا زۆرترین فۆکسـی لەسـەربوو، ئـەو هێـزە جارێکیتـر، بـەم سـەرکەوتنەی ئێسـتای، کەوتۆتـە بـەردەم تاقیکرنـەوەی نوێیـەوە کـە داخـۆ چـۆن کێشـەکانی (سـەرکەوتن) ی خـۆی چارەسـەر دەکات؟ چـۆن خاوەندارێتـی لـەم بەهێزبوونـەوەی دەکاتو لەنەخشـەی سیاسـیی داهاتـووی کوردسـتانو عیراقـدا بەکاریدێنێـت؟

رەنگـە هەریـەک لەئێمـە لێکدانەوەمـان هەبـێ لەمبارەیـەوە، رەنگـە هەریـەک لـەم پرسـیارانەی کێشـەکانی سـەرکەوتن پێکدێنـن بـۆ تەوەرەیێکـی گفتوگـۆ دەسـت بـدەن.

راتـان چییـە، وەک هەمیشـە، کوردسـتانی نـوێ دەرگای گفتوگۆیەکـی جـددی لەسـەر ئـەو باسـە بکاتـەوە؟

٢٠١٤/٥/٩

# حەمرین تا بەغدا

باسوخواسی پێکهاتنی حکومەتی عیراق تا دێ گەرمتر دەبێت، گەرمای بەغدا و دەرنەکەوتنی ئاکامی رەسمی هەڵبژاردنەکان کۆڵیان بە گەرمی گفتوگۆی لایەنەکان نەداوە. ئێستا سێ تەوەر گفتوگۆکانیان داگیرکردووە:

-ویلایەتی سێیەمی سەرۆک وەزیرانی ئێستا

-حکومەتی زۆرینە

-پۆستی سەرکۆمار بۆ خولی نوێی حوکمڕانی وڵات.

هەرسێ تەوەر پێکەوە گرێدراون و پێکەوەش مانا دەدەن بە گەڕێکی دیکەی حوکمڕانی لە بەغدا. عەجەبا هیچ گۆڕانێکی جەوهەری دێتە پێشەوە کە جێی ئومێدی عیراقییەکان بێت و دواچانس بداتە ئەم قەوارە سیاسییە کە بمێنێ و بەشی دەورانێکی تری پێوە بێت؟ یان مەسڵەحەت تەوەقوفە تا یەومی نەفخی سور؟

چارەنووسی سەرۆک وەزیران لە ویلایەتی سێیەمدا وێستگەیەکی گرنگە:

-ئەگەر مالکی بمێنێ مانای وایە مانەوە دەبێتە عورف و عادەت هەتا لە عیراقی هەڵبژاردنیشدا، هەروا مانای وایە نەیارەکانی سەرۆک وەزیران بەهێزیش بن دەرەقەتی نایەن، کە دەرەقەتیشی نەیەن ئەو دواتر زەفەریان پێ دەبات. ئەمە بە پلەی یەکەم مانای وایە بەرەی شیعە (حەکیم و ئەحرار) تووشی چەقبەستوویی و بێ ئومێدی دەبن.

-مانەوەیەکیش هەیە کە مالکی بە چەندان ئیلتیزامی گرنگ کۆت و بەند بکرێت. چ لەلایەنماڵباتی شیعە و چ لەلایەن ئامۆزایانی سوننە (بەهاوکاری ئەمریکا و کەنداو)

و چ لەلایـەن کـوردە مەعـاش بڕاوەکانـەوە. بـەڵام ئـەم بژاردەیـە بـە دەردی بزاوتـی سیاسـیی جیـوە ئاسـای سـەرۆک وەزیـران ناخـوات. جـاری پێشـووش سـەد ئیلتیزامـی داو سـەد قورئانـی خـوارد کـە دواتـر کەفارەتـی خـۆی داو لـە بەڵێنەکانـی بەرهەڵدابـوو، بـە نۆزدە خاڵـە مەشـهورەکەی کوردیشـەوە.

-مانەوەیەکـی تریـش هەیـە کـە سـەرۆک وەزیـران هـەروا بمێنـێ، کاربەڕێکـەر بێـت و حوکمڕانـی عیـراق لـە نـاوەوە داڕزێ، سـوننە موتارەکـەی فیدراڵـی خۆیـان بکـەن، شـیعەی ئالـی حەکیـم و ئالـی سـەدر لـە جنـوب بەهێـز بـن و مالکـی وەک مـاوە بەسـەرچوویەک لـە بەغـدا گەمـارۆ بدرێـت، ئەمەشـیان مەترسـی ئـەوەی لێدەکرێـت خەڵـک بـە جـارێ لـە هەمـوو گۆڕانکارییـەک بـێ ئومێـد بێـت. ئـەم رەچەتەیـەش ژینگـەی لەبـار بـۆ قاعیـدە و تیـرۆر و عەسـائیبولحەقیش فەراهـەم دەکات.

تەنهـا سـیناریۆی تـر مانـا بـە دوو تەوەرەکـەی تـر دەبەخشـێت، چونکـە زۆرینـەی سیاسـیی هیـچ مانایەکـی نامێنێـت ئەگـەر مالکـی لەسـەرکار مایـەوە. مانـەوەی ئـەو یانـی تەوافـوق و تەنازولپێکردنـی بـۆ لایەنەکانـی تـر تـا ویلایەتـی سـێیەمی بدەنـێ. بـەڵام ئەگـەر مالکـی نەمایـەوە دەشـێ (زۆرینـەی سیاسـیی) کـە دروشـمی مالکـی بـوو ببێتـە بـژاردەی پراکتیزەکـراوی لایەنەکانـی تـر. شـیعەکانی دەرەوەی مالکـی، سـوننەکان و کوردیـش دەتوانـن لـە پەرلەمـان چەمکـی وا بخەنـەڕوو و (حکومەتـی زۆرینـە) تێپەڕێنـن. ئـەم (حکومەتـی زۆرینەیـە) پەیوەسـتکراوی پۆسـتی سـەرۆک کۆمـارە. سـوننە نایەتـە ژێـر بـاری هیـچ بەڵێنێکـەوە ئەگـەر بەشـێکی بەرچاویـان نەبێـت کـە ناونیشـانی ئـەو بەشـە بەرچـاوە پۆسـتی (سـەرۆک کۆمـار)ە.

ئـەم پۆسـتە بـۆ کوردیـش ناونیشـانی شـەراکەت و پلـە یەکییـە لـە عیـراق کـە بـێ وی عیـراق تامـی نییـە و دیجلەکەشـی خێـر ناداتـەوە. کـێ ئـەم پۆسـتە دەداتـەوە بـە کـورد؟ بێگومـان شـیعەکان. چونکـە ئـەوان هـەم زۆرینـەن و هـەم چاویشـیان لـەو پۆسـتە نییـە. لـە نـاو شیعەشـدا مالکـی کـە چەنـد مانگـە مووچـە و بودجـەی بڕیویـن، غـەزەل و شـانامە بـۆ کـورد دەهۆنێتـەوە.

رەنگـە ئەمـەش تاقـە دەریچـەی مالکـی بێـت تـا ویلایەتـی سـێیەمی دەسـتەبەر بـکات. خـۆ ئەگـەر جـاری پێشـوو راسـتی بکردایـە نەیدەگەیانـدە مووچەبڕیـن، ئەگـەر ئێسـتاش راسـت دەکات بۆچـی تـا ئێسـتا مووچـەی خەڵکـی کردۆتـە بارمتـە؟ مەگـەر سـەرۆک کۆمـار لـەم میللەتـە نییـە کـە ئـەو شـایەتی لایەقـی پۆسـتەکەیان بـۆ دووپـات دەکاتـەوە؟ کەچـی لـە داخـی ململانێـی لەگـەڵ هەولێـر لـە بچووکتریـن مافـی عیراقـی بـوون بێبەشـیان

دەکات.

عیـراق دەوڵەتـی فەرمانبەرانـە، ئـەوە کـە فەرمانبەرانـی هەرێـم بـێ مووچـەن مانـای وایـە لـە عیراقـی بوونیـش داماڵـراون، جـارێ بـا ئـەو ناسـنامەیەیان بداتـەوە، قسـە لـە هـی تریـش دەکرێـت. ئەمـە داسـتانەکە بـوو لەودیـو حەمرینـەوە، ئـەدی لـەم دیـوی؟

٢٠١٤/٥/١٢

# حەمرین تا بان مەقان

باسی بەغدا لە کەینوبەینی حکومەتدا باسێکە تەواو نابێت. بۆیە لەم دیو حەمرینەوە باسی کوردستان دێتە گۆڕێ، داخۆ هەردوو دیوەکەی کوردستان (هەرێمی بە رەسمی دانپیانراوی کوردستان+ ناوچە دابڕێنراوەکان) چۆن مامەڵە لەگەڵ کەینوبەینەکانی بەغدا دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو؟

راستێکەی بەغدای ئێستا لە کوردستان عاسێ بووە، وەکو جاران نییە کە دەستەمۆی چەمکەکانی فیدراڵی، دیموکراسی و شەراکەتی راستەقینە بوو، بەغدای ئێستا، بەتایبەتی دوای ساڵ و نیوێک لە غیابی سەرۆک تاڵەبانی، راهاتووە هەموو شتێک تێپەڕێنێ بێ ئەوەی ناچار بێت لەگەڵ کورد پێک بێت. ئەم بەغدایە، بەم هەلومەرجەوە، بە هەمان لۆژیک مامەڵەی کورد دەکات وەختێک باس دێتە سەر حکومەتی داهاتوو. دەیەوێ کورد ژمارەی تەواوکار بێت بۆ ژمارە گەورەکان کە لە بەغدا ململانێ دەکەن، هەر ئەوەندە کاری پێیەتی پێکهاتەی حکومەت تێپەڕببێت.

لەبەر ئەوە گرنگە کوردستان ئەم وێستگە پێویستەی دانوستاندنی حکومەت باش بەکار بێنێت. پەلەی تیا نەکات بە بیانووی گوشاری هێزە عیراقییەکانی ترەوە. حکومەتی خۆمان حەوت مانگی خایاندووە لە کاتێکدا یەک نەتەوەو یەک چارەنووسین، خێرە هی عیراق کە مۆزائیکی رەچەڵەکەکانە بە زوویی لێی ببێتەوە؟

یەکەم مەرجی هێز وەرگرتنەوەی کوردستان لە دۆزی حکومەتی داهاتوودا ئەوەیە هەلومەرجی گەمەکە بگۆڕێت.

ئەم مێزی گەمەیەی ئێستا هیچی تیا بەسەر نییەو دەستی هەموو یاریزانەکانی

کەشفە، دەبێ کورد ئەم مێزە قڵپ بکاتەوە و مێزێکی خڕی وەک یەکی بێتە ئاراوە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا بەرگەی چوار ساڵی تری دەستی دەستی و ئەمڕۆ و سبەی دەگرین؟ یاخود دەبێ ڕێساکانی گەمەکەمان لە بەردەمدا روون و ڕەوان بێت؟ ئەگەر ئەمە گۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراسییە دەبێ یارییەکە عادیلانەو کراوە بێت بۆ هەمووان. هەر ئەمەشە مانای شەراکەتی راستەقینە.

باشە لە کوێوە دەست پێبکەین.

ئێمە قسەمان لەسەر یەک کوردستانە، بە هەرێم و ناوچە دابڕێنراوەکانییەوە، واتا دەبێ دۆسێی ١٤٠ تەفعیل بکرێت و بۆ نیەت باشی شەریکەکانمان لەم دۆسێیەدا، پێویستە یەکەم مەرجی کورد سازکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بێت بۆ ئەوەی کەرکوک ئەو دەسەلات و هێزە ئیدارییەی هەبێت لەبەردەم بەغدا کە دەستوور و یاساکانی عیراق پێی رەوا دەبینن، بەمەش دەستی بەغدا لە کەرکوک دوور دەخرێتەوە و کەرکوکی خاوەن بڕیاری ئیداری دەتوانێ خۆی ئامادە بکات لەگەڵ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠دا دەرفەتی گەڕانەوەی بۆ باوەشی کوردستان هەبێت.

دەبێت هێزە کوردستانییەکان، بە یەکگرتوویی، پێداگری لەسەر هەڵبژاردنەکەی کەرکوک بکەن، چونکە پێویستی بەغدا بە کورد چوار ساڵ جارێکەو ئێستا دەرفەتە گەورەکەیە ئەم پێویستییە بە پێویستییەکانی کوردستانەوە گرێ بدەین.

پاکێجی کوردی دەکرێ شتی تریش لەخۆ بگرێت، بەلام ئەم پاکێجە تەنها بە کوردستانێکی بەهێز دەکرێت، کوردستانی بەهێز کوردستانێکە توانیویەتی بە تەوافوق و دیموکراسی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کەنالیزە کردبێ، جیاوازییەکانی خستبێتە شوێنی سروشتی خۆی، پێویستی یەکێتیی نەتەوەیی لە ئاستی بەغدادا جێبەجێ کردبێت.

ئەمەش مانای وایە بزانین لەم دیو بانی مەقان و لە تێکڕای هێڵی هەرێمی کوردستان چۆن ئیدارەی رەوشەکە بکەین؟

٢٠١٤/٥/١٣

# تا باشتری بهۆنینەوە

لەمێــژە گوتــراوە کوردســتان هەڕەشــەی لەســەرەو هێشــتا رزگارییەکــەی دەڵەمەیــە، ئــەم گوتەیــە نــە بــۆ ئەوەبــوو ئەژنۆمــان بشــکێ لەبــەردەم هەڕەشــەکان و نــە بــۆ ئــەوەش بــوو ســازش لەگــەڵ هەڕەشــەکاراندا بکەیــن، بەڵکــو بــۆ ئەوەبــوو تەگبیــری لــێ بکەیــن و هەڕەشــەکان بکەینە دەرفەت. خۆشــی سیاســەتی نەتەوەیی راســت و دروســت هەر ئەوەیە. رەوت و ناوەنــد هەبــوون و هــەن باســکردنی ئــەم هەڕەشــانە بــە بیانــووی (سیاســەتی رەســمی) کوردســتان دەزانــن گوایــە بــۆ ئەوەیــە ئیســتحقاقی ناوخۆیــی لەســەر دەســەڵات و قودرەتمەنــدی، دیموکراســیی و چاکســازیی پــێ دوابخرێــت، وەک بڵێــی ئــەم ئیســتحقاقانە هــەر ئــەوان قازانجــی لــێ بکــەن و ئــەوی لــە دەســەڵاتە هەمــوو خــەون و خەیاڵــی خــۆی لــە پاراســتنی وەزعــی راهینــدا دەبینێتــەوە. بــەڵام بــۆ دەبــێ وا بێــت، پاراســتنی وەزعــی راهیــن لــە چەنــد بڕگەیەکــدا دەســکەوت و مایەیــە، ئەگەرنــا وەکــو خــۆی مانــەوەی دەشــێ هەڕەشــە بێــت لەســەر حوکمڕانەکانیــش کــە سیاســەتی رەســمی بەڕێوەدەبــەن، چونکــە بەلانــی کەمــەوە مانــەوەی وەزعــی راهیــن. مەنگــی و مەییــن دەخوڵقێنــێ. ئــەم دووانــەش کەرەســتەی بێزاریــن، کەرەســتەی تەوەللابوونــی خەڵکــن لــە حوکمڕانــان و ســەرەنجام قازانجــن بــۆ پــرۆژە ئەلتەرناتیڤــەکان کــە بێنــە کایــەوە و مایــەی هەمــووان بخــۆن.

هەڕەشــە لــە جێــی ئــەوەی کەرەســتە بێــت بــۆ بــە لاڕێدابردنــی ئیســتحقاقی ناوخۆیــی، باشــترە کەرەســتە بێــت بــۆ دەرفــەت لێهێنــان لەپێنــاو جێبەجێکردنــی ئــەوی مــاوە لــە بەرنامــەی رزگاریــی کوردســتان. کــەس بــە قــەدەر بەهێــزەکان ناتوانــن دەرفەتــەکان بقۆزنــەوە. ئــەم هەفتەیــەش کــورد هەنــگاوی باشــی نــاوە بــۆ بــە هێزبــوون:

-سیاسـەتی کوردسـتانیی بـۆ مامەڵـە لەگـەڵ دۆسـێی عیـراق بـەرەو یەکگرتوویـی دەچێـت، با لێـرەو لەوێـش جیاوازییـەک هەبێـت، کاری هاوبـەش ئـەوە چارەسـەر دەکات.

-حکومەتی کوردستان پێکهاتووە و هەمووان خۆیان بەخاوەنی دەزانن.

-ئیستحقاقی ناوخۆییش هەر یەکەو بەگوێرەی بەشی خۆی وا جێبەجێ دەبێت.

-هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە ژینگـەی پشـتیوانییەکی میللـی و تێگەیشـتنێکی عیراقـی و ئیقلیمـی و نێودەوڵەتـی تەمامێتـی خاکـی کوردسـتانی باشـووری دابیـن کردووە.

ئەمانـە تەگبیـرن لـە هەڕەشـە، تـا باشـتری بهۆنینـەوە چاکتـر لـە هەڕەشـەوە دەبنـە دەرفـەت، دەشـکرێ ئـەوی لـە سـەرەتادا درکـی بەهەڕەشـەکان نەکردبێـت، لـە کۆتاییـدا بـە بەشـدارییەکی کاراو گیانبازانـە، لـە قۆسـتنەوەی دەرفەتەکـەدا، قەرەبـوو بکاتـەوە و هەمـووان خاتـر جـەم بـن.

٢٠١٤/٦/٢٠

# قسه بكه تا بتناسم

٥/ لـم تعالـج الوثيقـة الخلـل الحاصـل فـي علاقـة اقليـم الشـمال بالمركـز وهـو الامـر الـذى كلـف ويكلـف خزينـه الدولـة المليـارات مـن الـدولارات سـنويا نتيجـه عمليـات تهريـب النفـط التـي تقـوم بهـا سـلطات الاقليـم وتصرفاتهـا اللادسـتورية.

راسـتی مێژوویـی كوردسـتان دەبێتـە چقڵـی چـاوی شـۆڤێنییەكان جـا لـە سـاحەی تەحریـر بـن، یـان لـە مەنتیقـەی خـەزرا.

عەبقەرییـەت و مەزنـی دیموكراسـیی هـەر ئـەوە نییـە كـە رێ بـە دەربڕینـی بیـروڕای رەوا و جـوان و دەربڕینـی ئازادیخـوازی دەدات، بەڵكـو بیـروڕای چـەوت و شـۆڤێنیش ئاشـكرا دەكات.

ئـەوەی بـە كوردسـتان دەڵـێ (اقلیـم الشـمال) ئـەوە سەداسـەد رەوایـی لـە بزووتنـەوەی ناڕەزاییـەكان دەسـتێنێتەوە كـە هێشـتا هیچیـان بـە دەسـت نەهێنـاوە وا دەڵێن، دەسـتیان بـڕوا لەمانـەی ئەمـڕۆ حاكمـن، خراپتـر دەبـن.

بژی دیموكراسی و ئازادیی رادەربڕین كە نییەتی شاراوەی دڵەكان ئاشكرا دەكات.

لە خۆڕایی نییە كە وتراوە، قسە بكە تا بتناسم.

٢٠١٩/١١/٢٠

# کوردستانی عیراق
# متمانە و ڕێزی زۆرتر وەدەست دێنێ

لە سەرەتای ئەم هەفتەیەوە، هەرێمی کوردستان پێشوازیکرد لە چەند میوانێکی دیپلۆماسی کە بریتیبوون لە وەزیری پەرەپێدانی ئابووریی لیبیا و باڵیۆزی هەریەکە لە ئەمریکا و ئەڵمانیا و چیک لە عیراق.

ئەم سەردانە ڕەسمییانە کە تەنیا چەند ڕۆژێک بەر لە سەفەری ڕەسمیی چاوەڕوانکراوی سەرۆکی هەرێم دێن بۆ واشنتۆن، چەند ئاماژەیەکی ڕوون نیشاندەدەن، کە گرنگترینیان ئەوەیە هەرێمی کوردستانی عیراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر دەبێتە جێی گرنگیپێدانی دیپلۆماسی و ئابووری و وڵاتانی دنیا، وەک چۆن نیشانەی ئەوەشە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەک تەنیا لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکە، بەڵکو لە ئاستی دنیادا متمانە و ڕێزی زۆرتر وەدەست دێنێت و لەو ڕێگەیەشەوە گرنگیدانی وڵاتان بە مەسەلەی گەلەکەمان فراوانتر و ڕوونتر دەبێت.

ئەو متمانە و ڕێزپەیداکردنە بەردەوام پەرەسەندووەی ئەزموونی کوردستانی عیراق و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی پێویستە لەناوخۆی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی زۆرتری هەبێت و لەئاستی ڕەسمیی و شەقامی کوردستاندا بە گرنگیی زۆرترەوە تەماشا بکرێت و هێز و توانای زۆرتر بە ڕۆڵی کوردستان لەعیراق ببەخشێت لەپێناو پشتیوانیکردنی هەرچی زووتری سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە ململانێ سیاسییەکانی گەلەکەمان لە عیراقدا و یەکلایکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بە قازانجی کوردستان و سەرەنجام وەدیهێنانی دڵنیایی زۆرتری گەلەکەمان بە دواڕۆژی کوردستان و عیراق، وەک چۆن لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەو ڕێز و متمانەیە و

گرنگییەکـەی ئەزموونـی کوردسـتانی عیـراق و سـەرکردایەتییە سیاسـییەکەی و رۆڵـی لـە عیراقـدا ببێتـە هۆکارێکـە بـۆ گۆڕینـی دیـد و بۆچوونـی هەندێـک لایـەن و کەسـایەتی عیـراق کـە هێشـتا بەدیدێکی واقیعییانـە ناڕواننـە گرنگـی ئەزموونـی هەرێمـی کوردسـتانی بـۆ عیـراق و ناوچەکـە.

# هەڵبژاردنی ٢٠٢١

١

## پێشمەرگە لە نەبەردی هەڵبژاردندا

هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان باســکی بەهێــزی بزووتنــەوەی رزگاریخوازیــی گەلــی کوردســتانە لەنــاو تابلــۆی رەنگینــی خەباتــی هەمەلایەنــەی کوردســتاندا. لــە تۆمــاری دیموکراتــی عیراقیشــدا دیســان هێــزی پێشــمەرگە تۆمــاری ئازادیخــوازی و دیموکراتییــە. جــا ئــەو کاتــەی باســکی بەهێــزی شۆڕشــی کوردســتانە هــەر نەبــەردی و نەبەزییــە ئــەو کاتەشــی پاڵپشــتی دیموکراتیزەکردنــی عیراقیشــە، هــەر تۆمــاری بــێ قســورە.

لــە دوای راپەڕینــی ١٩٩١ یشــەوە پێشــمەرگە پارێــزەری ئــازادی هەرێمــی ئازادکــراوی کوردســتانە، زووتــر و ئێســتاش هەمیشــە پشــت و پەنــا بــوو بــۆ دیموکراتخوازانــی عــەرەب، بــە شــیعە و ســوننەیانەوە، ئــەو دەمــەی پێکــەوە خەباتیــان دژی دیکتاتــۆری بەعــس دەکــرد لــە دەورانــی پێــش کەوتنــی رژێمــی ســەدام .

لــە ســاڵی ٢٠٠٣دا پێشــمەرگە ســتوونی پتــەوی رزگارکردنــی عیــراق بــوو لەدەســت دیکتاتــۆری بەعــس. هاوشــانی هاوپەیمانــان لــە پرۆســەی رزگاریــی عیراقــدا مەردانــە هاتــە دەســت. ئینجــا ســەرەڕای منجەمنجــی بــێ وەفایــان و بــێ بــاری هەڵپەچیــان و بەســەرداکەوتوانی دوای کەوتنــی ســەددام لــە گفتوگــۆی نووســینەوەی دەستوریشــدا پێشــمەرگە بــووە بەشــێک لــە مەنزومــەی دیفاعــی عیراقــی. لــە نەبــەردی دژی تیــرۆری قاعیــدە و توندڕەوانــی داعشیشــدا، خــاوەن دەفتــەری ســەرکەوتن و ئەلبومــی شــەهادەت و بەرگــری ئازایانەیــە.

سـەرەڕای زولـم و زۆری دەورانـی مێـژوو و پاشـقولی ناحەزانـی شـۆڤێنی، هێشـتاش پێشـمەرگە شـەریکە لـە پاراسـتن و گەشـەی دیموکراتـی عیـراق. شـەریکە لـە پاراسـتنی وڵات لـە هەڕەشـەی تیـرۆر و داگیـرکاری.

بۆیـە لەبـەر ئـەم هەمـوو چیرۆکانـە پێشـمەرگە شـایانی مووچـەی بـاش و پشـتیوانی و هاوکارییـە. لـە پـڕ چـەک کـردن و پوشـتە و پەرداخکـردن، وەک باقـی هێزە رەسـمییەکانی عیراق.

تەجرەبـە پێمـان دەڵـێ ئـەوەی دەتوانـێ ئـەم شایسـتە گرنگانـەی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دابیـن بـکات، تەنهـا و تەنهـا قـەوارەی هاوپەیمانیـی کوردسـتانە.

هاوپەیمانیـی کوردسـتان کـچ و کـوڕی هێـزی پێشـمەرگە و پارێـزەری مـاف و داخوازییەکانێتـی لـە بەغـدا.

بانگـەواز و هیوامـان وایـە هێـزە تایبەتـەکان هـەر دەنـگ بـە هاوپەیمانیـی کوردسـتان دەدەن. یانـی هـەر دەنـگ بـە خۆیـان دەدەن.

٢

## ژنانی هاوپەیمانی

لـە رەوتـی گەشـەی کۆمەڵـی کوردسـتان و عیراقـدا، لـە چەندیـن قۆناغـی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتیـدا ژنـان بوونەتـە خـاوەن هەندێـک مـاف و دەسـکەوت، بـەڵام جـاری واش هەبـووە پاشەکشـێ قەومـاوە.

دوای پەسـەندکردنی دەسـتوور لـە ٢٠٠٥، لـە هێڵـی سـەرەکیدا ژنـان لـەم وڵاتـەدا بوونەتـە خـاوەن کۆمەڵێـک مافـی دەسـتووری و شایسـتەیی سیاسـیی، بـەڵام ئـەم دەسـکەوتانە لەپـاڵ پاشەکشـێی بزووتنـەوەی دیموکراسـیی و بەهـۆی هێـزە رێکخـراو و تۆکمـە تاریکـەکان و هەڕەشـەی بەردەوامـی تیرۆریسـتانەوە کـە لـە قاعیـدە و داعـش و تـا هیتریـش دەگرێتـەوە، هەڕەشـەی جددیـان لەسـەرە.

بەداخـەوە ئێسـتاش ئـەو هێـز و لایەنانـە کـەم نیـن، کـە دەخـوازن دەسـت بـۆ دەسکەوتەکانی ژنـان و کچـان بـەرن و لێـی کـەم بکەنەوە. تەنانەت هەوڵـی بەتاڵکردنەوەی جەوهـەری رێـژەی ژنـان و کۆتـا دیموکراتییەکەیـان دەدەن لـە ناوەڕۆکـی دیموکراتییانـەی خـۆی. کارێـک دەکـەن بـە قەرەباڵغـی چالاکوانانـی ژنـان کـە لـە بنچینـەدا ئازادیخـواز نیـن چالاکـی ژنـان پـەک بخـەن.

لـەم ململانێـی نێـوان پرەنسـیپە دەسـتوورییەکان و هێـزە پاشەکشـێ خـوازەکان تەنهـا

و تەنها هاوپەیمانیی کوردستان پاڵپشتێکی بەهێز دەبێت بۆ ژنان لە کوردستان و تەواوی عیراقیش بۆ ئەوەی داکۆکی لە دەسکەوتەکانیان بکەن و پەرەی پێبدەن.

بەرنامەی هاوپەیمانی، پرۆژە و ستراتیژی روونی هەیە بۆ یەکسانی و مافی زیاتر بۆ ژنان لە کایەی کۆمەڵایەتی و باری کەسێتی و پێگەی ژنان لەناو کۆمەڵگە و لەناو خێزانیشدا. بەرنامەی هەیە بۆ فراوانکردنی بەشداری ژنان لەکایەی سیاسی و کایەی گشتی کۆمەڵدا. ژنان و کچان دەنگ دەدەن بە هاوپەیمانیی کوردستان بۆ پارێزگاری لە مافەکانیان و پەرەپێدانی دەسکەوتەکانیان. چونکە هاوپەیمانییەکی بەهێز دەتوانێت گردبوونەوەیەکی سیاسی بەهێز بێت بۆ ژنان و مافەکانیان.

٣

## وەبەرهێنان لەژیانی گەنجان و بۆ ئایندەی گەنجان

مافی دەنگدان و بە ئازادی بە کارهێنانی دیوێکی گرنگی پرۆسەکەیە، دیوە گرنگەکەی تری باش بەکارهێنانێتی بە جۆرێک خەسار نەبێت . ئەمە وێستگەی یەکەمی وەبەرهێنانە لە تاقیکردنەوەی گەنجان وەختێ بۆ یەکەمجار دەنگ دەدەن. گەنجەکان گوڵی گەشەی وڵاتێکن کە سامانی هەرە گەورەی تەمەنی لاوێتی و رێژەی زۆری کچان و کوڕانی دەست رەنگین و هزرکراوە و تەندروستن. کۆمەڵی ئێمە لە کوردستان و لە ئاستی عیراقیشدا، سەرەڕای گرفتەکانی چونکە گەنجەکان رێژەی هەرە گەورەی پێکدێنن، کۆمەڵگەیەکی لەشساغ و تەندروستە.

ئاخر بە سروشت گەنج سامانی دوا رۆژن، ئەوانە ئایندەخوازن، چاوتیژ و چاوساغ و چاو و دڵی روون و بێگەردی کۆمەڵی ئێمەن. چونکە خۆیان و رۆڵی خۆیان لە ئایندەدا دەبینن زیاتر لە ئێمە پێشبینی دەکەن و تەمەنای هاتنی رۆژەڤی دەکەن.

چەند دۆخەکە دژوار و لاسەنگ بێت، لاوەکانی ئێمە شایانی ئەوە نین ببنە خۆراکی نەهەنگی دەریاکان و نیچێری کاروانی قاچاخچیانی رێی هات و نەهات. بەڵکو شایانی ئەوەن لە وڵاتی خۆیاندا، وڵاتی خەونەکانیان بۆ دروست بکەین. لە جێی سەفەری دوورە وڵاتی، سەفەر بگوازینەوە بۆ لای ئەمان، یان وەکو کورد خۆی دەڵێ حەجی بۆ بگوازینەوە بۆ ئەجێ

بەڵام ئەمەش بەرپرسیارییەکی قورسە بۆ گەنجەکانیش، بۆیە ئەوانیش نابێ قبووڵی بکەن تەمەنی گەنجییان بکرێتە کێڵگەی لەسەر یەک و بەردەوامی تاقیکردنەوەی سەرچڵەکان. با ئەوانە بەگیانی خۆیانەوە سەرچڵی بکەن، نەک بە

گیانــی گەنجەکانمانــەوە ئەویــش بــە نرخێکــی هــەرزان کــە تێچــووی سەرچڵییەکەشــی دەرنەهێنــێ.

هەلــی کار و هەلــی گەشــەی توانــاکان و دەرفەتــی بوژاندنــەوە و توانــاداری، تەنهــا و تەنهــا لــە توانــای هاوپەیمانیــی کوردســتاندایە. هاوپەیمانیــی کوردســتان، هاوپەیمانیــی کــوڕان و کچانــی ئــەم وڵاتەشــە بــۆ وڵاتێکــی باشــتر، ئایندەیەکــی خۆشــگوزەرانتر و ســەقامگیر.

بۆیــە دەنگمــان بــۆ هاوپەیمانیــی کوردســتانە، چونکــە نامــان دا بەدەســت قــەدەری ســەفەری نادیــارەوە.

دەنگــدان لــە شــێوەی دیموکراســیدا بەرپرســیارییەکی قورســە، پێچەوانــەی زەمانــی دیکتاتــۆری کــە کــەس لەســەر دەنگــی موحاســەبە ناکــرێ، بــەڵام لــە دیموکراســیدا دەنــگ چونکــە بەرپرســیارییەکی قورســە، خــراپ بەکارهێنانیشــی تێچوویەکــی گرانــی هەیــە چونکــە دەنــگ بــە فیــڕۆدەدا و هاوســەنگی هێــز دروســت ناکاتــەوە.

گەنجــەکان دەتوانــن ڕێگــە ئاســانەکە تاقیبکەنــەوە کــە دەنگیــان بــە نرخــە و بــاش تەوزیفــی بکــەن.

# فەسڵی پێنجەم

# **بەو هەموو زام و برینەوە**

# تا کەشتی کوردی وێڵ نەبێت

لەوانەیە پاپۆڕەکانی نەوتی کوردی لە ناو دەریادا وێڵ بووبێت، هێشتا کڕیارێکی مسۆگەری نەدۆزیبێتەوە کە دوو دڵ نەبێ و ئامادە بێت لەگەڵ کورددا تا دوا گێمی ململانێکە بڕوات، بەڵام ڕەوتی کوردستانیی بەرەو ئەوەی خاوەنی ئیرادەی ئابووری سەربەخۆی خۆی بێت و لە بارمتەیی بەغدا دەربازی بێت، ڕەوتێکی راستەو سەرەنجام بەندەری رەسانی خۆی ئەدۆزێتەوە، ئەم ڕەوتە کوردستانییە شایەنی پشتیوانییەو ئەهێنێ گەلی کوردستان و هێزە سیاسییە حەریفەکانی وەبەرهێنانی تێدا بکەن، بەردی بۆ هەڵبگرن بەشانان.

بۆ ناسینەوەی راستی هەڵوێستی کوردستانیی بەتەنها ئەوە بەس نییە کە تەماشای بەری کوردستانیی ئاوەکە بکەین، بەڵام هەڵوێستی گرژی بەغدا کافیە تا تێمان بگەیەنێت شتێکی ڕاست دەگوزەرێ، بۆیە ڕەوتی چەوت لە بەغدا گرژو مۆنەو هەڕەشە دەکات.

باشە بۆچی دیمەنەکە وا دێتە بەرچاو کە پاپۆڕی کوردی نەیتوانیووە هەموو کوردستانییەکان بکاتە سەرنشینی خۆی؟

مرۆڤ بۆ هەڵسەنگاندنی راست و دروستی هەر هەنگاوێکی سیاسیی لە کوردستاندا پێویست ناکات قسەو گفتی نەیارانی کورد بکاتە پێوەرو حەکەم، چونکە مەعلومە ئەوان قەت کەیفیان بە کورد نایەت، بەڵام بیروڕای کوردستانیی لەسەر ئەو هەنگاوە سیاسییە گرنگ و یەکلا کەرەوەیە کە دەبێ ناخودای کەشتی نەوتی کوردستانیی ئەم بیروڕایە بەهەند وەربگرێت و ڕەچاوی بکات.

قســەکردن لەســەر ئامــارو شــەفافییەتی نــەوت و چۆنێتــی فرۆشــتن و ئاراســتەی داهاتەکانی ڕەنگە بەشێک بن لە گرفتەکە، بەڵام بەشە سەرەکییەکە نین، سەرەڕای گرنگی ئەو دۆسێیە، بەشە سەرەکییەکە پەیوەندیی بەفلتەری بڕیاری کوردییەوە هەیە لەسەر نەوت و لەسەر زۆر بابەتی چارەنووسسازی تر. ئەم بڕیارەیە کە زامداری کۆدەنگی و کۆ هەڵوێستییە.

دۆسێی شەفافیەتی نەوت چەند بەرهەڵدابکرێت سەرەنجام هەر چەند دامودەزگایەکی ڕەسمی وەک پەرلەمان، حکومەت و چەند دامەزراوەیەکی تر لێی ئاگادار دەبن و بەدواداچوونی بۆ دەکەن و ڕەقەم و کێرڤەکانی چاودێری دەکەن، بەڵام لە غیابی کۆهەڵوێستی و کۆبڕیاریدا دۆسێی شەفافیەتی نەوت دەبێتە بابەتی سەرباری بابەتەکانی ناڕەزایی لەسەر مۆنۆپۆلکردنی بڕیاری سیاسیی.

لەکوردستان هەموو هێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان پەیوەندیدارن بە چارەنووسی کوردستانەوە، نەخاسمە هێزە گەورەکانی کە تۆماری جووڵانەوەی کوردایەتی، زۆری بۆ تۆمارکردوون، ئەوانە زۆریان کردووەو زووش دەستیان داوەتە خەباتی خاوەندارێتی لە ڕزگاریی کوردستان بەرەو هیوا نەتەوەییە گەورەکە، لەبەڕێوەبردنی کوردستان و پێدانەوەی تەفویزی گەلیشدا کەمیان نەهێناوە، بەڵام لەناو ڕای گشتیی کوردستان و دەرەوەشدا تەنها ڕەنگێک و دەنگێک و وەزارەتێک وا خۆی دەنوێنێ ئەو قوڵنگی فەرهادی هەڵگرتووە و باجی داوە، بۆیە باج لەسەر بڕیاری نەوت و نەتەوە وەردەگرێت.

بە ڕای موتەوازیعی بەندە کێشە لەسەر ئەندازەی شەفافییەتی بڕیاری نەوت نییە، بەڵکو کێشە لەسەر شەفافییەتی بڕیاری نەتەوەیە کە زیاتر لە فلتەرێکی گەرەکە بۆ خەملێنێکی عەقڵانیترو زیاتر لە بەشدارێکی پێویستە بۆ ڕەزامەندییەکی دیموکراتیانە لەسەر ڕۆیشتن بەرەو چارەنووسی نەتەوەیی.

کەشتی کوردی بۆ ئەوەی لە دەریای سیاسەتی نێودەوڵەتیدا مەلە بکات و بگاتە بەندەری خۆی، دەبێ تاقمێکی لێهاتووی کەشتیەوانی هەبێت نەک ئیستفراد بە بڕیارەوە بکرێت کە ڕەنگە لە سەرەنجامدا ئیستفراد بە ناخودا و کەشتیوان و کەشتیەکەشەوە بکرێت.

ئێمە ئیستیقلالمان گەرەکە نەک ئیستفراد. تاڵەموویەکی باریک هەیە لە نێوان ئەم دوو دەستەواژە عەرەبییەی بۆ حاڵی کوردی یەکاویەکە.

بۆ ئەوەی هەموومان شان بدەینە بەر ئەرکی پیرۆز دەبێ هەموومان بەشدار بین

لـه بڕیاری پیـرۆزدا، وەگەرنـا کـەس کرێچـی کوردسـتانی دایـک نییـە.

بڕیاری سـەربەخۆیی ئابووریی، ناونیشـانە بۆ سـەربەخۆیی سیاسـی و سـەربڵنکردنەوەی نەتەوەیـی، ناکـرێ ئـەم بڕیـارە ببێتـە کەرەسـتەی پێشـبڕکێی ئیسـتفراد کـردن، بەڵکو هی ئەوەیـە پێکـەوە شـانی بدرێتـە بـەرو بـەردی بـۆ هەڵبگیرێـت، قوربانـی بـۆ بدرێـت، کـەس ناتوانێـت رێگـە لەقوربانیدانـی کـەس بگرێـت لەڕێـی ئـەو سـەروەرییەدا، بـەڵام ئـەم ئەرکـە نەتەوەییـە پیـرۆزە، وەکـو پیـرۆزە هـی ئـەوە نییـە لەتاریکیـدا بخەملێـت و لەپشـتەوە بدرێـت و ئیسـتفرادی پێـوە بکرێـت، بەڵکـو بەرپرسـیارێتییەکە وەک ئـەرک ئەرکـی هەموانـە، چونکـە بەتەنهـا هیـچ سۆپـەرمانێک دەرەقەتـی نایـەت، بانگـی موحەمـەد بۆیـە بەئاشـکرا خۆشـە، چونکـە بانگـی هەقـەو هـی ئەوەنییـە دلاوەرانـی نەتەوەیـی لەیەکتـری بشـارنەوە. بۆئەوەنـا خەڵکـی تـر لەدەسـتکەوتەکەیدا بەشـداربن، بەڵکـو بۆئـەوەی ئەگـەر تووشـی وێڵبـوون و بەلارێدابـردن هـات، هەمـووان شـان بدەنـە بـەری و لەچەقبـوون دەربـازی بکـەن کـە بەتەنیـا ناکرێـت.

٢٠١٤/٦/٣

# شەنگال فرۆش!

ئەگەر ئەم ناوە بەکار بهێنن کێ پێی ئیستفزاز دەبێت؟ خۆ ئەم ناوە ناوی کەسی نەهێناوەو کەسی تۆمەتبار نەکردووە ئەگەر بەکار ببرێت. ئەگەر شەنگال فرۆش لە خۆی دڵنیایە شەنگالی نەفرۆشتووەو دەزانێ پەرێزی عەیبی نییە، ئەدی بۆچی لە بەکارهێنانی ناوی شەنگال فرۆش دەترسێ؟ بۆچی هیچ کەسێک بەقەدەر شەنگال فرۆش لە گوتنی شەنگال فرۆش دەهەری نابێو خۆی سوور ناکاتەوە؟ ئەمە ناوێکەو سیفەتێکە بۆ شەنگال فرۆشی، ئەگەر لە خۆت دڵنیا بیتو ئەوە تۆ نیت کە فرۆشتووتە، بۆ لەم ناوو سیفەتە، ناوو نازناوە، بێ تاقەت دەبیت؟

شەنگال فرۆش کارەکتەری فرۆشتنی نیشتمانو کۆمەڵگەیەکە، کارەکتەری بێباکیو راکردنو ڕادەستکردنە کە رێگەی بۆ داگیرکاری داعش خۆش کردووە، رێگەی بۆ ئەتککردنی خاکو خەڵک کردەوە. شەنگال فرۆشی تراژیدیایە پێچەوانەی زەمبیل فرۆش کە گوزارشتە لە داستانی ژیانو ڤیان. داستانی دەوڵەمەندی هونەرو شارستانیی گەلێک هەزاران ساڵە هەیەو داگیرکەران حاشای لێ دەکەن. شەنگال فرۆش ناوی کەسیش نییە، بە ئامارو داتاو ناوهێنانو ئاماژە بۆ کردن، بەڵام چونکە ناوێکی پڕ بە پێستێتی، شەنگال فرۆش بەر لە هەر کەسێکی تر دەزانێ ئەم ناوە نازناوە بۆ خۆی.

شەنگال فرۆش خۆی دەزانێ چۆنی فرۆشتووە؟ بە کێی فرۆشتووە و بە چەندی فرۆشتووە؟ بۆیە لەم نازناوە بێزارە. تۆ بۆ بێزاری لە ناوی (شەنگال فرۆش)،

دەڵێـی تـۆ فرۆشـتوتە؟

وا پێچـە بـە دەورە دەکەیـتو دەڵێـی ئەمـە تاوانـی داعـشو فیکـری تەعەسـوبی بەعـسو توندڕەوەکانــە. مەگــەر داعــش وەک کڕیارێــک شــەنگال فرۆشــێک نەبــووە کــە شــەنگال فرۆشــی کــردووە؟

٢٠١٦/٨/١٣-١٢

# بەم هەموو زامەو برینەوە؟!

بارودۆخـی زاتـی خـراپ هەمیشـە بـرای بارودۆخـی مەوزوعـی چاکـە. لـە ڕێگـەی بارودۆخێکـی لەبـاری مەوزوعییـەوە کـە بـاش ناقۆزرێتـەوە تێدەگەیـن کـە هەلومەرجـی زاتـی خـراپو شـلەژاوە. چونکـە ناتوانێـت دۆخـە مەوزوعییەکـە بقۆزێتـەوەو هەنـگاو بـۆ پێشـەوە بنێـت. ئەگـەر دۆخـی زاتـیو دۆخـی مەوزوعـی خـراپ بێـت، ئـەوا ماڵوێرانییەکـە کـەس گلەیـی لـێ نـاکاتو ئاکامێکـی سروشـتی خراپییـە لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا. خراپـیو ماڵوێرانـی گـەورە ئەوەیـە چانسـێکی زۆرت لـە پێـش بێـت، بـەڵام لـە ڕووی توانـاداری خودییـەوە، لـە ڕووی ئامادەگـی زاتییـەوە گرفـتو کێشـەی وات هەبێـت سیاسـەتێکی خۆکـوژی بگریتەبـەر بـە جۆرێـک نـە بتوانێـت چانسـە مەوزوعییەکـە بقۆزێتـەوەو نـە بتوانێـت هێـزی خـودی خـۆت بپارێـزیو پـەرەی پێبدەیـت. بـۆ ئـەوەی دوای چانسـی لـە دەسـتچوو چاوەڕێـی چانسـێکی تـر بکەیـت کـە ئەمجـارە بیقۆزیتـەوە. ئـەم شـێرو ڕێوییەمـان بـۆ باسـی یەکێتـی و ئـەو چیرۆکـە دووبـارە تراژیدییـەش بۆ باسـی کوردسـتانە.

کوردسـتان لـە دەورانـی شـەڕی داعشـدا، دەرفەتـی زۆرو تەحـەددای زۆری هاتـە پێـش. کـە نەیتوانـی بیقۆزێتـەوەو بیانکاتـە چانـس. بۆیـە ئێسـتا دەبـێ ڕووبـەڕووی تەحەدداکـە ببێتـەوەو چارەسـەریان بـکات. داخـۆ بـەم هەمـوو زامو برینـەوە پێـی دەکرێـت؟

تەحەدداکان ئەمانەن:

دابەشکردنەوەی نفوزو دەسەڵاتدارێتی لە عیراقی دوای داعش.

کـێ دراوسـێمان دەبـێ لـە دوای ئیـدارەی داعـش. حەشـد یـان حەیـدەر عەبـادی، نجێفـی یـان نەجـەف؟

*کێ موسڵ دەبا بەڕێوەو چۆنی دەبا بەڕێوە؟

کـێ بەرخـورد لەگـەڵ بەڕێوەبەرایەتـی کـورد لـە کەرکـوک دەکاتو ناکۆکـی ناوخۆیـی لەنـاو کەرکـوکو لەسـەر کەرکـوک چـۆن ئیـدارە دەکرێـنو ناکۆکـی هەولێـرو سـلێمانی لەسـەر کەرکـووک چـۆن ئاراسـتە دەبـن؟

-کـێ پرۆسـەی سیاسـیی کوردسـتان ئاسـایی دەکاتـەوەو دامـەزراوە شـەرعییەکان ئەبدەیتـی دیموکراتـی دەکاتـەوە.

لـە دواییشـدا بـەم هەمـوو برینانـەوە دەتوانیـن روو لـە نەبەردیـی ریفرانـدۆم و سـەربەخۆیی بکەیـن.

لەولاتریشـەوە حزبێـک کـە چاوەڕێـی وەڵامدانـەوەی ئـەم هەمـوو پرسـیارەی لـێ دەکرێـت، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، خـۆی سـەد دەردی هەیـە. لەسـەر تەلێکـی باریکـە لەنێـوان بەهەشـت و دۆزەخـدا، کەچـی هـەن وا مامەڵـە دەکـەن کـە زەمینەکـەی تەختانییـە.

گرفتیـان هەیـەو گرفـت دەخوڵقێنـن. هەڤـالان بـەم سـەرە پەڕیـووە ناتوانیـن ئـەدگاری قۆناغـی داهاتـوو بکێشـین.

٢٠١٦/٩/٢٤-٢٣

# کۆتای کەمینەکان لە کەمینی زۆرینەدا

وەک نەریت کەمینـەکان لەگـەڵ حکومەتـن، نـەک ئۆپۆزسـیۆن کـە هێشـتا روون نییـە کـەی دەگەنـە دەسـەڵات؟ لەگـەڵ سیاسـەتی رەسـمیین نـەک میزاجـی رای گشـتی کـە دەشـێ بگۆڕێت. لەگـەڵ حکومەتـی مەرکەزیـن کـە بریـاری جەوهـەری و یەکلاکـەرەوە لای ئـەوە، نـەک لەگـەڵ حکومەتـە لۆکاڵـی و کەنـارەکان. چونکـە بەمـە خۆیـان لـە کەوتـن و غلۆربوونـەوە دەپارێـزن و لـە بـەڵای ناگەهانـی زۆرینـەی ژمارەیـی پارێـزراو دەبـن.

قبتییـەکان لەگـەڵ قاهیـرەی پادشـایی، ئینجـا قاهیـرەی عەسـکەری ناسـر و موبـارەک و ئێسـتاش سیسـین.

مەسـیحییەکانی عیـراق لەگـەڵ بەغدابـوون بـە هەمـوو جۆرەکانـی بەغـداوە. ئێـزدی خۆیـان لـە ئێمـە بـە کوردتـر دەزانـن، بـەڵام وەک کەمینـەی ئاینـی لەنـاو کـوردی سـوننە و عیراقـی شـیعەدا حـەز ناکـەن بخرێنـە بـەردەم ئانـە پانـەوە و پێیـان خۆشـە ئارامـی و جێگیـری سیاسـیی فەرهەنگـی کوردانەیـان بپارێـزێ بـێ داعـش و بـێ هاڕینـی تونـدی ناسیونالیسـتی و بـێ مەزهەبێتـی حوکـم.

تورکمانـی عیـراق دوای سـەد سـاڵ دوورەپەرێـزی و سیاسـەتی موحافـەزەکاری، تـازە بـە تـازە مامەڵـە لەگـەڵ کـورد دەکـەن، زەحمەتـە لەمەشـدا بچنـە نـاو وردەکاریـی سیاسـەتی کوردییـەوە و بـەلای دۆسـتەکانی تورکیـا داینەشـکێنن.

بۆیـە خۆپارێـزی کەمینـەکان لەنـاو سیاسـەتی کوردسـتانیدا دەبـێ شـتێکی چاوەڕوانکراوبێـت. ئـەوان لەهەمـوو حاڵێکـدا لەگـەڵ زۆرینـەی ئیسـتقرار دەبـن. بـەڵام ئـەوەی جێـی لۆمەیـە لـەدوا هەڵوێسـتەکانی کەمینەکانـی کوردسـتاندا

بەکارهێنانیانــە وەکــو دەســکەلا لــەدژی زۆرینــە، زۆرینــەی خەڵکــی، زۆرینــەی کوتلــە سیاســییەکان و زۆرینــەی ســەنگی نوێنەرەکانــی گــەل لــە نــاو پەرلەمانــدا.

دەبێ کەمینــەکان خۆیــان کۆتــای خۆیــان وەک ســەنگی زێڕیــن، نــەک وەک دەنگــی زۆر و بــۆر، بپارێــزن و لــە هەمــوو شــتێکدا بــەکاری نەهێنــن. ئەمــە وا دەکات دەنگیــان ســواو بــێ و ســەنگی زۆر بەکارهێنراویــان ژەنــگ هەڵبێنــێ. دەنگــی زێڕینــی کۆتــا ئەمانەتێکــی کەمینەکانــە لای نوێنەرەکانیــان و هــی ئەوەنییــە سیاســەتی نزمــی پێوەبکرێــت. هەتــا ئەگــەر کورســی کەمینــەکان، بارمتــەی حزبــی زۆرینــەش بێــت و فرەیــی کەمینــەکان بــەم یاســای هەڵبژاردنــە زەردهەڵگەڕابــێ.

چارەســەری ئــەم دەرکەوتــە تازەیــەی دەنگــی کەمینــە وەک کەمینــی راوکردنــی زۆرینــە بەکارهاتــووە، بــە دەســتکاری یاســای هەڵبــژاردن و یاســاکانی پەرلەمــان دەبێــت کــە کۆتــای کەمینەکانــی خســتۆتە بــەر رەشــەبای ململانێــی سیاســی نــاو زۆرینەکانــەوە.

لــەوەش گرنگتــر حــزب و لایەنــە سیاســییەکانی تریــش ئەلتەرناتیڤیــان هەبــێ بــۆ کەیســی کەمینــەکان، تــا هــەم فرەیــی نوێنەرایەتــی کەمینــەکان لەگــەڵ ناوەرۆکــی کۆتــای کەمینــەکان جــووت بێــت و هەمیــش کەمینــەکان لەدەســت بارمتەیــی سیاســیی کوتلــەی زۆرینــە دەربازیــان بێــت.

ئێوارەی ئەمڕۆ نۆی ئایار- سلێمانی

٢٠٢٠/٥/٩

# شەڕی کونسوڵگەرییەکانمان پێدەکرێ؟
# دیمەنی کوردستانی ئازاد وا شەمزێنراوە
# بەزەحمەت دەناسرێتەوە

توانای ئەو شەقەی سەفارەتاکانمان پێوەیە وا بەڕاست و چەپدا تۆمەتیان پێوە دەنێین؟

لە قازانجی کێ ئێمە داوی باریکی پەیوەندیی خۆمان بە رۆژئاواوە دەپسێنین؟ لەبەر کێ ئێمە ئاوا هاوئاواز دەبین لەگەڵ دەوروبەری هەرێمایەتی کوردستان کە نە خۆشیی بە مەسەلەی کوردستان و نە خۆشیی بە فاکتەری رۆژئاوایی دێت؟ جا لەڕێی نفوزیانەوە دەبێت یان لەڕێی نێردە و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکانیانەوە.

ئاخر ڕەنگە ئەمە یەک شرۆڤە هەڵبگرێت: پێویستی بەربەستکردنی ئازادییە رۆژنامەوانیی و سیاسییەکان لەهەرێم پێویستی بە ئیستفرادکردن و داخرانی دیپلۆماسییش هەیە تا دوور لە چاوی دنیا هەموو شتێکی پاشەکشێ پێکردنی ئەزموونی سیاسیی مەیسەر دەبێت.

بیرمانە دوای کەوتنی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ ماوەیەک بوو بە باو لەناو ناوەند و هێزە سیاسییەکانی عیراقدا دژی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی قسە بکەن کە وڵاتەکەیان لە حوکمی دیکتاتۆری سەددام دەرباز کرد و یارمەتی عیراقییەکانیان دا ئاسۆیەکی تری ژیانی سیاسیی بە روومەت بۆ خۆیان بکەنەوە.

هێزە عیراقییەکان (بە سوعبەتیان) بوو دژی رۆژئاوا قسەیان دەکرد لەکاتێکدا خۆیان یەکەم بوون لە کەڵک وەرگرتن لە دەسکەوتی روخانی سەددام.

ئەم خیتابی رق و کینەیە لە هەمبەر دۆستەکانی عیراقیان رزگار کرد، لە سوعبەتەوە بوو بە جددی و خیتابی هێزە توندڕەوەکان وا کەوتەوە بەهەردوو تایفەی شیعە و

سوننەوە (موقاوەمەتیان) راگەیاند. هەژدە ساڵ ئەم قەوانەیان لێ دا تا عیراقی جێی خواستی دیموکراتخوازان وا داهێزرا و گەیشتە ئاستی ئەوەی مانشێتی دوا ژمارەکانی رۆژنامەی سەباحی عیراقی تازە لە رەد و بەدەلەکانی ئەمدواییەدا وا دژی ئەمریکا بوو کە هیچی فەرق نەبوو لە مانشێتی دوا ژمارەکانی رۆژنامەکانی عیراقی قەدیم لە بابل و جمهوریە و سەورە. رەنگە لە چاپکارە حەریفەکانی چاپخانەکانی عیراق بپرسین باشترە، داخۆ پلێتی نێو ددانەکانی چاپخانەکان دزەیان نەکردۆتە ناو لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکانی عیراقی تازە، یان مەسەلە چییە؟

عیراقی تازە دوای (١٨) ساڵ لە کەوتنی بتی دیکتاتۆری سەددام، رۆژ لە دوای رۆژ خۆی بەلای ئەو ژینگە ئیقلیمییەدا دەشکێنێتەوە کە جاران رێگر بوو لەوەی عیراق لە دەست ستەمکاری بەغدای جاران و هاوئاهەنگی ئیقلیمی نەجاتی بێت. ئێستا بەغدای تازەش پێیوایە هەموو شتێکی تەواوە و خۆی لەگەڵ ئەم ژینگە هەرێمییە دەگونجێنێ کە هەر دەمارگرژی و پاشقولگرتن و گرمۆڵەکردنی عیراقی بۆ عیراق بەرهەمهێناوە.

پێدەچێ هەولێریش هەم لەبەر ئاتاجی ناوخۆیی مەحکەمکردنی دینگەکانی کۆپی لۆکاڵی خۆی و هەمیش بۆ تێکەڵکردنی کاغەزەکانی سیاسەتی تەسکی پارتێتی لەگەڵ بەغدای ئێستا کە خیتابی زاڵی، خیتابی دژە رۆژئاواییە، ئەم رێگایەی گرتبێتەبەر. رێگای خۆگیفکردنەوە بەرامبەر بالیۆزخانەکانی رۆژئاوا دوای ئەوەی سوپاکانیان کاریان لە روخانی رژێمەکەی سەددام تەواو کرد. دوای ئەوەی ئەوان یارمەتی کورد و عیراقییەکانیان دا لە رژێمی بەعس نەجاتیان بێت.

لەوانەیە پێویستی هەماهەنگی «هەڵبژاردن» ئەم ئارەزووی هەماهەنگییەی هێنابێتە کایەوە. کە وایکردووە هەولێری ئەم چەند ساڵەی دوایی کە دەستی چووە بە زاخی خیتابی عەوام فریوی ئیدعای بۆش و بێ بنی نەتەوەییدا، وانەهلستی بێت بەلای یەک رەنگ لە چەند رەنگی بەغدادا وەرگەڕێ. کە رەنگی دژایەتی دۆستانی نێودەوڵەتی و رۆژئاوایە.

بەڵام گرنگە هەولێر ئەوە بزانێ کەڕەنگە بۆ بەغدا و دەستەبژێرە تەنگنەزەرەکەی بلوێ بە یارمەتی دۆستانی هەرێمی و بە بەکارهێنانی هەیبەتی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عیراق هەندێک شت بکات و دوای خۆ راپسکانێکی درۆزنانە هەندێک شتی تیا بهێڵێتەوە بۆ پەشیمان بوونەوە، بەڵام کوردستان و پایتەختەکەی توانای ئەو بەردە فرکانێیەی نییە لەگەڵ کونسلگەرییەکان.

ئێمە لە کوردستان نە دەرەقەتی دێین، نە ئیش و ئەولەوییەتی سیاسەتی کوردستانییە و نە هەق و ڕەواشە شتی وا بکەین. چونکە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا بەگشتی لە کەیسی کوردستانی دوای کۆڕەو و لە کەیسی ڕووخاندنی عیراقی سەددام حسێنیش کە هەمیشە هەڕەشە بوو لەسەر کوردستانی ڕزگار، لەگەڵمان بوون و پشتیوانییان کردین. با لە وردەکاریشدا لە هەندێک شت ناکۆک بین.

کوردستان و پایتەختەکەی و وزەی سیاسەتی ڕەسمی و میللیشی، توانای ئەم شەڕە بێ وەفایەی نییە.

لەوەگەڕێین کە جارێ لەبەر خاتری میللەتەکەمان و بۆ ژینگەیەکی پاکی پرۆسەی دیموکراسیی و ئازادی کە خەریکە دەشەمزێ، پێویستمان بە داخستنی دۆسێی عەیبداری سزادانی ڕۆژنامەوان و چالاکانی مەدەنی هەیە، هەروا بۆ ئایندەی میللەتەکەمان و مەسەلە ڕەواکەی کە هێشتا زۆر شتی دەڵەمەیە، لەگوزەران تا گیرفان تا نیشتمان.

بەو هەموو زام و برینانەوە توانای شەڕی دیپلۆماسیی و بەرەنگاریی سیاسەتی ڕۆژئاوا و ئەمریکامان نییە.

بگرە شەڕی وا خۆترێن، بەرەی وای پێچەوانەش، ئیشی ئێمە نییە.

٢٠٢١/٥/٧

# فراوانتر لە چەکوشی دادگا و
# نزیکتر لە ترپەی دڵی دادپەروەری

ئینجا قوربان گوتەزایەکی کایەی عەسکەری هەیە دەڵێ شەڕ زۆر لەوە هەستیار ترە بیدەیتە دەست جەنەڕاڵەکان. مانای ئەم گوتەیە وایە هەڵسەنگاندن بۆ کردنی شەڕ یان نەکردنی هەر ئەوە نییە جەنەڕاڵ نرخاندن بۆ باڵانسی هێز و توانای مەیدانی جەنگین بکات و ئینجا ناوی خوای لێ بێنێ و دەست بە پەلەپیتکەی تفەنگەکەدا بنێ. بەڵکو کە زانی تێچووی شەڕەکە لە دوور مەودادا زیاترە دەبێ سەلاواتێکی لێ بدا و دەست لەم بژاردەی وێرانییە هەڵبگرێ. لە پێش و لەپەنای جەنەڕاڵەوە پیاو ماقولی تر هەن کە ئازایەتی بە دانایی دەگۆڕنەوە.

بەداخەوە پێنج خشتەکی بەس لەشیعرا ڕەواجی هەیە نەک لە وتاری سیاسییدا، دەنا دەهێنێ ئەم وتەزایە لە کایەی تریشدا هەوێنی پێنج خشتەکی بێت. وا چەند کایەیەک باس دەکەم:

——بۆ نموونە دادگا و دادوەری زۆر لەوە هەستیارترن بدرێتە دەست فەرمانبەری مەسلەکی دەق و بڕگەی بێ ڕۆح و گیانی یاساوە، چونکە ئەسڵ لە یاسا و دادگا ڕۆحی دادگەری و مافەکانە، نەک زەممە و کەسرەی نووسراوەکان.

ڕۆح و نیەتی عەدالەت ژیان و گیان لە دۆزەخی بیروکراسی دادگا و دەزگاکان دەپارێزێ.

ماف و دادوەری هی ئەوە نییە بکرێتە قوربانی فەزایەکی سیاسیی بێ ڕەحمانە کە جەوهەری ماف و دادپەروەری لە مانا و دەربەستە گشتییەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی بەتاڵ دەکاتەوە.

ژیریـی و دانایـی زمامدارانـی مەملکـەت لـەوەوە دەردەکەوێت کـە لەتەنگـژەی وادا بـە فەرهەنگـی بـەرزی سیاسـیی و هەڵسـەنگاندنی وردی مەسـڵەحەتی وڵات و دەوڵەتداریـی پەراوێـزی جووڵـەی خۆیـان فراوانتـر بکـەن و وزە و خەزینـی خۆیـان لـە چارەسـەردا بخەنەگـەڕ، نـەک لێگەڕێـن دامـەزراوە بیروکراسـییە ژێـر هەژموونـەکان دۆو دۆشـاو تێکـەڵ بکـەن

وەک ئێسـتا لـە کەیسـی بـە بنبەسـت گەیشـتنی کەیسـی حوکمدراوەکانـی بادینانـدا دەبینرێـت.

– نموونـەی تـر لەسـەر جووڵـەی کاری پەرلەمانـی و کورتکردنـەوەی دیموکراسـی و فراوانکردنـی بەشـداری سیاسـیی کۆمەڵـە لـە تەنهـا پرۆسـەی هەڵبژاردنـدا، دیموکراسـیی زۆر لـەوە هەسـتیار تـرە بکرێتـە بارمتـەی زۆرینـە و کەمینـەی ئەنجومەنـەکان بـێ ئـەوەی توانـای تەجرەبـەی سیاسـیی کۆمەڵگـەکان ببرێتـە سـەرەوە تـا هوشـیاری گشـتی دینگەیەکـی وا پتـەوی هەبێـت کـە بەرگـەی لافـاوی عـەوام فریـوی بگرێـت و بتوانێـت جۆرێـک لـە ئۆقرەیـی سیاسـیی مسـۆگەر بکات. بێگومان هەر دیموکراسـیی و دیموکراسـیی زیاتـر چارەسـەری قۆپاوییەکانـی دیموکراسـیی دەکات و هەڵبژاردنیـش وێسـتگەیەکی چۆنایەتـی جووڵـەی دیموکراسـییە، بـەڵام بـاش وخاسیشـە هەناسـەی درێـژی رەوتـی دیموکراسـیی ببینیـن و کـۆی دیمەنەکـە هەڵبسـەنگێنین، ئەگینـا دیموکراسـی موجـەرەدی خواریزمیـات بـەدەردی کۆمەڵگـە راگوزەرییـەکان نایخـوات. ئاخـر لـە خۆڕانییـە چیرۆکـی جووڵانـەوە سیاسـییەکانی دنیـای سـێ بـێ رۆح و بـێ گیـان دەبێت ئەگـەر جورعەیەکی بەتینـی «دیموکراسـیی کۆمەڵایەتـی» لەگەڵـدا نەبێـت کـە لـە بابـی گـوزەران و ژیانێکـی شـەرافەتمەندانەی خێـزان و چیـن و توێژەکانـدا جێـی دەبێتـەوە.

– دوا نموونـە کـە دەخـوازم باسـی بکـەم پەیوەندیـی بـە دنیـا بچووکەکـەی خۆمـان، میدیـاوە هەیـە کـە لەبـەر هەورازنیشـتنمان لـە بورجـی عاجـی میدیـادا خەریکـە وەزیفـەی بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتـی پیشـەکەمان لـە بیـر دەکەیـن. وەزیفـەی قووڵـی وا کـە هەقـە پێـش مەیلـە کەشـخەییەکەی رۆڵـی چالاکـی مەدەنـی بداتـەوە و لـە بیرمـان بێـت میدیـا وەک رەفیقـە گوناحەکـەی تـری، بەرێـز دیموکراسـی، زۆر لـەوە گوناحتـرە بـارگاوی بکەیـن بـە ئەرکـی قورسـتتر لـە ئەرکـی خـۆی کـە فراوانکردنـی فـەزای گشـتی بەشـداری و بڕیاردانـی دەسـتەجەمعییە لـە کاروبـاری وڵات و کۆمەڵگـەدا. ئـەوەش رێـک بـە پێدانـی زانیـاری و گواسـتنەوەی هـەواڵ و رووداوەکان لـە چەپکێکـی دەوڵەمەنـدی وادا کـە یارمەتـی کۆمـەڵ بـە دەسـتەبژێر و گشـتییەوە بـدات بڕیـار و بـژاردەی دروسـت بـدەن و

ڕەچاو بکەن. میدیا بەردەبازی پەرینەوەی ئەو تایپە لە ئەفراد و ئەرباب نییە کە لەبەرئەوەی ناونیشانی تر شک نابەن، بوونەتە جەنگاوەری کورتخایەنی ئەم ئەرکە هەستیارەی دەسەڵاتی چوارەم.

ئەوەندەم گوت، ئێوەش ئەم پێنج خشتەکییە دەوڵەمەند بکەن.

٢٠٢١/٥/٩

# خەتا لە پایتەختی فیدراڵەوە
# تا پایتەختی ڕۆشنبیریی

خەتای یەکێتی نییە ئێوە کێشەکانی خۆتان بە نرخی کێشەی کورد و کوردستان بەخەڵکی دەفرۆشنەوە؟، پسووڵەی ئاو و کارەبا و داهات و باجی دائیرەی مرور چی بکات کە ئێوە گومرگی برایم خەلیلتان کردۆتە مەتەڵی ئاڵۆز باڵۆز و کەس لێی تێناگات؟

بۆچی دەبێ خەتای کەشناسی سلێمانی و هۆرەی گەرمیان و لاوکی بادینان بێت کە ئێوە دیلی دەستی ڕێککەوتنی پەنجا ساڵەن و بەندی دۆسێی ئیمپریالی ئیقلیمی و تەونی جاڵجاڵۆکەی هەڵبەز و دابەزی نرخی نەوتن؟

گوێزی هەورامان و گێوژ و مێوژی بەرهەمی خۆماڵی چی بکات کە فلاش میمۆرییەکەی ئاشتی هەورامی سەد ڤایرۆس لێی داوە و کۆدەکەی بە سەد ئانەپانە ناکرێتەوە؟!

خەتای هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان چییە، کە ئێوە ڕۆژێ خەتای پایتەختی بەغدای فیدراڵ دەگرن و ڕۆژێ ئێژن پایتەختی ڕۆشنبیری پارەی کەمی چاپی کتێب و کۆنسێرتی هونەرمەندان نانێرێ بۆ خەزێنەی مەرکەزی؟ ترسمانە سبەی تاوانەکە بخەنە ملی هەڵەبجەی پایتەختی شارەزوور یان باڵەکایەتی پایتەختی بەرخودان و خوێنبەخشین؟

خەتای دیموکراسی بێ وەی و بێ گوناە، ڕێڕەوی پێچاوپێچ و گەمارۆدراوی کوردستان چییە کە ئێوە کۆنگرەی حزبتان پێ ناکرێ و گرفتە ناوخۆییەکانی خۆتان هەناردەی دەرەوە دەکەن؟

هەمووجـارێ وا دەکـەن، کاغـەزەکان نـەک تێکـەڵ، بەڵکـو لەتوپەتـی دەکـەن، نـەک دۆسـێکان بەڵکـو تەنانـەت ماشـێنیPaper shredder ورد و خـاش دەکـەن و دوایـی دەڵێـن وەک کاغەزەکانـی سـەفارەتەکان پێکیانـەوە گـرێ بـدەن!! پێکـەوە تیـپ و کەتـەر و سـیکۆتینی لـێ بـدەن و بەخەڵکـی بـەش مەینەتـی وڵاتـی دامـاو بڵێـن مەتەڵەکـە هەڵبێنە!

هەمـوو جـارێ وا دەکـەن، چارەنووسـی سیاسـەت و ناکۆکـی و تێڕوانینـە جیاجیـاکان بـە هەڵـەوەڕ و تەلەبـەی تەمبـەڵ دەسـپێرن بـۆ ئـەوەی بڵێـن دیموکراسـیی و داد و مـاف و ئاواتــەکان کەڵکــی نییــە و گەلەکەمــان لــە چاکــەی گشــتی و ئەگــەری چارەســەری بچووکتریـن کێشـە بـێ ئومێـد بکـەن.

سـەیری بکـەن چـی هەڵلایەکیـان دروسـتکردووە، وەک رۆژگاری گـوڵان و یـەڵان و گومرگـی برایـم خەلیـل، وەک زەمانـی شـۆی بـێ تامـی گۆدەلۆپـی و ئەنتۆلێنـا کـە تەقـەی خۆشـی دەکـرا گوایـە منداڵـی چاوگـەش دۆزرایـەوە و ئیتـر خاتـر جـەم بـن گرفـت نەمـا خەمتـان بداتـێ.

ئەمـە بۆیـان چۆتـە سـەر کـە هەمـوو جـارێ دۆ و دۆشـاو تێکـەڵ بکـەن وەختێـک بابەتەکـە دەگاتـە سـەر قـووت و مووچـەی خەڵکـی و چارەسـەرێکیان پـێ نییـە وەک تەمسیلی «خۆتـان بگـرن ئـەوا هـات» کـە سـەماد و ئـارد لـە پایتەختـەوە دێـت و لەبـەر بەشـی کۆمپانیاکانـی نـەوت و کەشـتییەکانی کەنـار دەریـای پسـفۆر بەشـی نانـی سـوتاوی خەڵکـی گێمـەدەێ و قـالاوە نـاکات. بۆیـان چۆتەسـەر یـان بۆیـان سـەر دەخـەن چونکـە دیزاینەکەیـان بـە دڵـە؟!

بوختانـە گـەر بڵێیـن بۆیـان چۆتەسـەر چونکـە میللەتەکەمـان بـێ دەنـگ و رەنـگ و بـێ قسـەیە، بڵێیـن شـانی ئـەم خەڵکـە بێباکـە هـەر ئەوەنـدە هەڵدەگـرێ کـە لـە دووری دوورەوە سـێبەری هەڵـک بانـک و ئۆپەراسـێونی هەرێمایەتـی دیارە و هەمووجـارێ ڤیاگرای پایتەختـەکان بـە هانایانـەوە دێـت. رۆژێ بـە نـاوی خۆشـناوی نەتـەوە و سـەربەخۆییەوە و شـەوێکیش بەنـاوی تیـۆری هـەر کـەس لـە ماڵـی خـۆی و نیوەڕۆیەکـی ناکاویـش بـە نـاوی چاکسـازی بـە هێنانـەوەی داهاتـی دەخیلـەی ریعایـە قاسـرین و دایـرەی خەڵوەتگـەی پیـری مەیسـەر دەبێـت.

٢٠٢١/٥/٢٦

# واز لە ئەدەبی نزم بێنن

لـەڕوی ئـەدای موخاتەبـە و ئادابـی سیاسـییەوە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و بەتایبەتـی هەندێک سـەرکردەی جنێوفرۆشـی، حـزب نەمـاوە لـە کوردسـتان بـە تۆمـەت و جوێـن و سـوکایەتی پەلامـاری نـەدات . حـزب و کەسـایەتی نیشـتمانپەروەر نەمـاوە کـە وەک دوژمـن و نەیـارو ناشـایان تاریفـی نـەکات.

ئەمجۆرە ئەدەبـە سیاسـییە کارێکـی کـردووە پێکەوەیـی حزبـی و فرەیـی لـە کوردسـتان بـێ تـام بێـت و بـێ کەڵـک و بـێ جـەدوا دەربکەوێـت. هەمـوو حزبێـک ئیعتبـار و حەیسـیەتی خـۆی هەیـە کـە دەتوانـێ و باشـیش دەتوانـێ دیفاعـی لـێ بـکات، بـەڵام لەبـەر ئاشـتی کوردسـتان و ئاینـدەی کوردسـتان شـت هەیـە ئـەم حزبانـە خۆیانـی لـێ دەبوێـرن. دەنـا پارتـی لـە ئازایەتـی و ئازایـی لـە پـاش هەمـوو حزبەکانەوەیـە و کـەس لێـی ناترسـێ و کـەس پێـی وا نییـە پەرێـزی سیاسـیی و مێژووییەکـەی هـی ئەوەیـە بـە ئیسـراحەت پـلار بهـاوێ و بـۆی بچێتـە سـەر، بەرامبـەر هـەر بوختـان و ناهەقییـەک و تۆمەتێکـی بـێ بنەمـا بەشـی سـەد کتێـب راسـتی و بەڵگـەی حاشـا هەڵنەگـر هەیـە لەسـەر پارتـی و چەوتییەکانـی کـە پێویسـت نـەکات یـەک درۆشـی بـۆ هەڵبەسـتی.

یەکێتیـی نیشـتمانیی بڕیـاری سـەرکردایەتی و تەفویـزی ئەنـدام و لایەنگرانـی هەیـە کـە ئیتـر سـەبری ئەیوبـی بـە سـەبری شۆڕشـگێڕی دەگێڕێتـەوە و قبوڵـی نـاکات لـە ژێـر هـەر پاساوێکدا بێـت خیتابـی نزمـی پارتـی و ماکینـەی درۆکانـی ئـەو سـەرکردانە فەرامـۆش بـکات و لێـی بێدەنـگ بێـت. بەرامبـەر هـەر تۆمەتێکـی داتاشـراو سـەد راسـتی حاشـاهەڵنەگر بـە زمانـی رەوان و رەوا بڵێـت.

٢٠٢٢/١٠/٢٨

# پەنجا بە پەنجای چی؟

وتەبێژی پارتی وتی: زەمانی پەنجا بە پەنجا تێپەڕبوو.

شتی دیکەشی وت بە پێکەنینەوە. جارێ لەسەر پەنجا بە پەنجاکە قسە دەکەین

-کێ و کەی و لە کوێ داوای گەڕانەوە بۆ زەمانی پەنجا بە پەنجا کراوە؟

لە بنچینەدا پەنجا بە پەنجا دەربڕینی ئێمە نییە. دەربڕینی پارتییەکی ترە، کاتی خۆی لە تاو هەژموونی پارتی لە بادینان وتبووی: ئەمە فیفتی فیفتی یە.

-راستێکەی لەهیچ زەمانێکدا فیفتی فیفتی جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو باشترین گوزارشت ئەوەیە کە ڕاگەیەندراوەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی وتی (لەبەر بەرژەوەندی گشتی، لە زۆر مافی خۆمان خۆش بووین).

ئەسڵەن ئەوەی ئێستا هەیە فیفتی فیفتی نییە، حەفتاوپێنج بۆ پارتی و ئەوی تر بۆ هاوبەشەکان ماوەتەوە کە ناونیشانە داتاشراوەکانی (یاریدەدەر) و دامەزراوەی هاوشان خەریکە لە مانای خۆی بەتاڵی دەکاتەوە.

-کەس پەنجا بە پەنجای نەویستووە، بەشی پارتی، جا بە تەزویر یان بە تۆپزی، یان بە دزینی کۆتا بێت، لە پەنجا تێپەڕاندووە.

-کەس داوای پەنجا بە پەنجا ناکات، مەگەر پارتی نەبێ، چونکە کە لێی دەقەومێ نەغمەی دوو ئیدارەیی و دوو زۆنی لێ دەدا و کە زاڵ دەبێ ئیتر ئیستفراد دەکات و گەرەکێتی لەگەڵ هەر هێزێک بەجیا کەینو بەینی هەبێ.

-کەس پەنجا بە پەنجای نەخواستووە، پێمان وایە ئەوە (دەنگ) و ژمارەی کورسی دیاری دەکات و کەسیش خێری بەکەس نەکردووە لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن،

بـەڵام بەداخــەوە ئــەوەی پرۆســەی سیاســیی کوردســتانی شــێواندووە، ئەوەیــە پارتــی تاکڕەوی و خۆسـەپێنی دەکات. ئـەوە یەکێتییـە دەڵـێ پۆسـت و کورسـی بـە ئیسـتحقاقی (دەنـگ)ی هەڵبـژاردن بـێ و (سـەنگی) هاوبەشـێتی ژینگـەی پرۆسـەی سیاسـیی پـاک و خاوێـن رادەگرێـت.

–کـەس داوای پەنجـا بـە پەنجـای نەکـردووە، چونکـە ئـەوەی هەیـە حەفتـاو پێنجـی زۆرینــەی رەهایــە کــە کارێکــی ناڕەوایــە. هەمــوو هێــزە سیاســییەکانیش، نــەک تەنهــا یەکێتــی، ئــەم تەزویــر و تۆپزیــە قبــووڵ ناکــەن.

–وتەبێـژی پارتـی دەزانـێ ئەسـڵی کێشـەکە داوای زەمانـی پەنجـا بـە پەنجـا نییـە، ئەسـڵی کێشــەکە ئەوەیــە پارتــی، بــە نــاڕەوا، لــە هەمــوو رەقەمێــک تێیپەڕانــدووە و رەقەمـی کـەس ناخوێنێتـەوە. ئیسـتفراد و ئینفـراد بـەری چـاوی گرتـووە و پێکەنینـی ئیستفزازیشـیان دیـدی دیموکراسـیی و هاوبەشـێتی کـز کـردووە.

٢٠٢٢/١١/٣

# پرسی سەرۆك كۆمار، بە تەوافوقی كوردستانی، یان دیموكراسی عیراقی؟

ئەگەر تەوافوقی كوردستانی نەیتوانی مەسەلەی سەرۆک كۆمار یەكلایی بكاتەوە، با دیموكراسی عیراقی قسەی خۆی بكات. ئەگەر تەوافوقی كوردستانی نەیتوانی ئەم دۆسێیە چارە بكات، دەتوانێت لە دۆسێی تری چارەسەری كێشەكانی كوردستاندا دەوری خۆی بگێڕێت. با گفتوگۆی یەكێتی و پارتی لەسەر كەیسی هەڵبژاردنی داهاتووی كوردستان، چارەسەركردنی كێشە و گوزەرانی خەڵک بەردەوام بێت. تەوافوق و تەبایی لە كوردستان لەباریدایە زۆر كێشە چارەسەر بكات. قەیچێكا لە وێستگەیەک نەتوانێ ئەركی خۆی جێبەجێ بكات، بۆچی لە وێستگەی تردا نەتوانێت. راستێكەی دەتوانێت وا بكات.

ئەگەر تەوافوق لە كەیسی سەركۆماری تووشی بنبەست هات. با دیموكراسیی لەناو هۆڵی پەرلەمانی عیراق قسەی خۆی بكات. با سیناریۆی ٢٠١٨ دووبارە بێتەوە. سیناریۆی ٢٠١٨ عەیبی چییە؟ بە دیموكراسی و دەنگی حەڵاڵی نوێنەرانی عیراق سەر كۆماری داهاتووی عیراق یەكلایی ببێتەوە.

# تووشی چی بووین خوایە؟

بـۆ ئـەوەی شـەڕی ناوخـۆ نەقەومـێ دەبـێ بـە گشـتمانەوە دەنـگ بـۆ ئـەوان خـڕ بکەینـەوە نـەکا یەکـەم نەبـن و تووشـی شـەڕی ناوخـۆ بێیـن!!

جـا ئـەوە کاتـی خـۆی، وەختـی یەکـەم هەڵبژاردنـی کوردسـتان لەسـاڵی ١٩٩٢، کەمپیـن و مەمپیـن و شـتی وا نەبوو، حزبـەکان بۆ هەڵمەتـی هەڵبـژاردن دەچوونـە شـایی و هەڵپەڕکـێ و لـەوێ ئیشـیان لـە بـووک و زاوا تێکـدەدا و ئەگـەر سەرچۆپیشـیان دەست نەکەوتبـێ، بەگاوانـی رازی دەبـوون. یەکێکیـان حەمـاس گرتـی و وتـی:

پێشڕەوی کورد پارتییە:

پەرلەمانت لۆ چییە؟

ئێستاش دوای سی ساڵ، تورکمان وتەنی: ئینی تاس و ئینی حەمامە.

بێ یەکەمی رکابەری دواجار شەڕی ناوخۆ دەقەومێ.

ئیتر خەرجی هەڵبژاردنمان بۆ چییە؟!

# بۆ ئەوەی نەبێتە زەمی پاشەملە

- کاتی هەڵسەنگاندنێکی هاوسەنگی ریفراندۆم رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر هاتووە.

١

*ئەزموونی ریفراندۆمی کوردستان لە ٢٠١٧/٩/٢٥ هەوڵێکی ناکامی گەلەکەمان بوو بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی. وەک پرەنسیب ئەوە هەقێکی رەهای میللەتانە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. ریفراندۆم لەم چوارچێوەیەدا ئەزموونێکی رەوای گەلی کوردستانە کە هەلومەرجێکی لەبار و شایانی بۆ فەراهەم نەکرابوو، هەتا ئێستاش لەبەر زۆر فاکتەری خۆیی و بابەتی هەڵسەنگاندنێکی ورد و هاوسەنگ بۆ ئەو وێستگە گرنگەی ژیانی سیاسیی ئێمە نەکراوە. لەکاتێکدا ریفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ و دەرەنجامەکانی کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر ئێستا و داهاتووی سیاسیی کوردستان هەبووە و دەبێت. رووداوی گەورەی مێژووی میللەتان نەخاسمە ئەگەر سەرکەوتنی بە نسیب نەبێ، دەکەوێتە بەر نەشتەری بەرژەوەندییە کاتییەکانی ئەم هێزی سیاسیی و ئەو هەڵسەنگاندنی لایەنداری و تەسکی حزبایەتی وەک ئەوەی چەند ساڵە میدیای چەواشەی پارتی و خیتابی سیاسیی چەوتی سەرکردایەتیی ئەو حزبە، دەیکات.

* چەند ساڵە بەرژەوەندیی گەلەکەمان و مەنتیقی تێڕوانینی نیشتمانیی و نەتەوەیی وا دەخوازێت قسەکردن لەسەر ئەزموونی ریفراندۆم و رووداوەکانی دوای ئەویش بخرێنە چوارچێوەی تیگەیشتنی دادپەروەرانە و رەوای سیاسییەوە کە لەوە زیاتر ریزی

گەلەکەمان پەرت نەکا و هەق بۆ خاوەن هەق بگێڕێتەوە و ئەم تێڕوانینە نەتەوەییە دروستە بخاتە خزمەت دووبارەنەکردنەوەی هەڵە و پەڵەی سیاسییەوە، کەچی تۆڕی میدیای درۆزنانەی پارتی و کاهینە شەڕانگێزەکانی پشتەوەیان بە پارە و پاوەری ئەم میللەتە هەر ئەیکێڵن و ئەیکێڵن و خەریکە باوەڕ بەدرۆی خۆشیان دەکەن.

* لە ژینگەی تەنگەبەری رۆژانی ریفراندۆمدا سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سیاسەتە تەنگژە ئامێزەکانی، بە راکێش راکێشی بۆ دەست بەسەراگرتنی بڕیاری سیاسیی لە کوردستان کارێکی کرد، لەپاڵ هەلومەرجی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی نەیار و دژوار کە دیپلۆماسی کوردستانیی بە سەرۆکایەتی ئەو حزبە نەیتوانی زەمینەی بۆ بڕەخسێنێ. ئەو ئەزموونە لەبار بچێ و وەک پێویستی هەر خەباتێکی رەوای میللەتان سەرنەگرێ. لەکاتێکدا خیتابی دیپلۆماسیی و میدیایی پارتی بەهاری هێنابووە سەرچۆکان گوایە دونیای دەرەوە و بەتایبەتیش دۆستانی مامەڵەی نەوتی و بازرگانی پارتی، بە ریفراندۆمەکە رازیین و هەموو شتێک تەواوە.

## ٢

*بەداخەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ٢٠١٧/٩/٢٥ و تاوەکو ئێستاش زۆربەی جومگەکانی حوکمڕانی ئەم وڵاتەی کۆنترۆڵ کردووە، یان ئەوی لەدەست خۆیدا نییە بێ کار و بێ کاراییی کردووە، بۆیە سەرەنجام بە سیاسەتە تاکڕەوییەکانی، بە تەقەلای بێ وچان و بەردەوامی بۆ خۆسەپێنی و بۆ ئیحتواکردنی بڕیاری سیاسیی لە کوردستان، ئەوسا و ئێستاش نەیهێشت زەمینەی لەبار و گونجاو برەخسێ:

- بۆ داکۆکیکردنێکی میللی و رەسمی و دەستەبژێری لە ویستی گەل پرسی.

-بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆمەکە لەکاتی ئەنجامدانی، چ بە پشتیوانیی یەکریزی ناوخۆیی و چی بە لانی کەمی رەزامەندییەکی دەرەکی.

-بۆ ئیحتواکردنی دەرەنجامەکانی لەدوای سەرنەکەوتنی ئەو تێکۆشانە رەوا و دیموکراتەی گەلەکەمان، چونکە خۆ مەعلومە کردەیەکی سیاسیی و هەر هەنگاوێکی تازە و بنەڕەتی کە شکستیخوارد و سەرنەکەوت دەبێ ئاسەوارەکانی بە بەرنامە و تەگبیری ورد چارەسەر بکرێت و ئیحتوای زیانەکانی بکرێت.

*لەبەر ئەم هۆکارانە: وێڕای هەلومەرجە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە نەیار و نالەبارەکە، گەورەترین ئاواتی گەلەکەمان، بەرزترین هەنگاو لە ریزبەندی تێکۆشانی

نەتەوەیـی و نیشـتمانی گەلـی کوردسـتان و هــەر گەلێکـی ئازادیخـواز پەکـی کـەوت و سـەرەنجام بـە بڕیـاری رەسـمیی حکومـەت و سـەرۆکایەتیی هەرێـم کـە هـەر پارتـی تێدا باڵادەسـتە، سـڕ کـرا و لاپـەڕەی ریفرانـدۆم لەلایـەن خـودی پارتـی و باڵادەسـتی پارتی لەو حکومەتـە پێچرایـەوە. سـەیرە لەوەیـە و زۆریـش بەداخـەوە هـەر لـە سـەرەتاوە لەجێـی ئـەوەی ئـەم ویسـتە بـاڵا دیموکراتـی و نەتەوەییـەی گەلەکەمـان ببێتـە مایـەی ئیجماعـی نیشـتمانیی و نەتەوەیـی، ببێتـە باعیسـی کۆکردنـەوەی چیـن و توێژەکانـی کوردسـتان لـە دەوری یـەک سـتراتیج، ببێتـە مایـەی تەبایـی و پێکەوەیـی و پشـتیوانی حـزب و چالاکـە سیاسـییەکان لـە کوردسـتان، کەچـی بەهـۆی لەوتاندنـی سیاسـی و شـپرزەیی هەژموونـی سیاسـیی پارتیـەوە، پێچەوانـەوە بـووە و لەجێـی یەکێتـی نەتەوەیـی مایـەی گـرژی و دڕدۆنگـی و دڵکرمـێ بـوون لـە یەکتـری. بـووە مایـەی موزایـەدە و بـازاڕ گەرمـی حزبـی و تۆمەتبەخشـینەوە و تۆمـەت داتاشـین کـە ئەدەبیاتـی ئاسـت نزمـی پارتـی دیموکـرات تەنهـا وەسـتاو کارامـەن لـەم جـۆرە خیتابـە و هیچـی تـر نـا.

٣

*بـەم هەمـوو زام و برینـەوە، گەلەکەمـان و بزووتنـەوە سیاسـییەکەی رووبـەرووی کاردانـەوە و پاشـماوەی پـەک کەوتـن و سـڕکردنی بڕیـاری مێژوویـی ریفرانـدۆم بـۆوە. ئـەم ریفراندۆمـەی کـە سـەرکردایەتیی پارتـی لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی لـەڕووی زەمیـن و زەمانـەوە، لـەڕووی کەمپیـن و ئیدارەدانـەوە خراپـی هەڵسـوڕان و بە ئینفـراد و تاکڕەوییەوە ئیـدارەی دا. لەجێـی گەیشـتنی گەلەکەمـان بـە سـەربەخۆیی و سـەرفرازیی یەکجارەکـی، هەمـوان و هەموومانـی رووبـەڕووی تەنگـژەی گـەورەی وا کـردەوە کـە:

-پاشەکشـێ لـە رۆڵـی کـورد لـە پرۆسـەی سیاسـیی کوردسـتان و عیـراق ببێتـە واقیعێکـی تـاڵ کـە چەنـد ساڵە گەلەکەمـان و هێـزە دەربەسـتەکانی، هەوڵـی چاککردنـی ئـەو دۆخـە نەخـوازراوە دەدەن.

-پاشەکشـێ لـە جورئـەت و قـەراردادی سیاسـیی هێـزە سیاسـییەکان بەگشـتی و خـودی پارتـی روو بـدات بـە جۆرێـک هـەر پارتـی خـۆی بـە هەڵـەداوان چوونـەوە بەغـدا وەکـو خـووی هەمیشـەییان لـە شکسـت و دۆڕانـدا.

-سـەرەنجام لـە کاردانـەوەی ئـەو شـپرزەییە سیاسـییەی ئیـدارەی پارتـی و قۆسـتنەوەی دۆخـی نالەبـاری ناوخۆیـی کوردسـتانیش، لـە ١٦ی ئۆکتوبـەری هەمـان سـاڵ (٢٠١٧) دا سیاسـەتی کوردسـتانی لـە کەرکـوک و ناوچـە دابـڕاوەکان پاشەکشـێی کـرد، حکومەتـی

ئیتحادی بە هاوکاری حەشدی شەعبی و میلیشیای جۆربەجۆری تایفەگەریی، کۆنترۆڵی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی کرد. لەو دۆخە ناهاوسەنگەی تەرازووی هێزی عەسکەریدا تەنها و تەنها هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی لە مەیداندا شەهید و بریندارێکی زۆری دا و سەرکردەو فەرماندەکانی پارتی موزایەدەچی نەتەوەیی، تێیان قوچاند.

٤

*جا پارتی لەجێی ئەوەی ئەزموون فێر بێ و دەرس و دەور لەم تاقیکردنەوە تفت و تاڵانە وەربگرێت کە پێش خۆیان و بەر لەزیانی حزبیانەیان بەسەر گەلەکەمانی هێنا، وەکو پیشەی هەمیشەیی چەند ساڵێکە کار بۆ شێواندنی راستییەکانی ریفراندۆم و رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکات. لەجێی بەخۆداچوونەوە و پەشیمانی و داوای لێبووردن لە گەلەکەمان هەموو ئەم تراژیدیا نەتەوەیی و نیشتمانییەی کردۆتەوە دەسکەلای تەسکی حزبایەتی. لەجێی کۆشش بۆ سارێژی برینەکان یەک بینە دەیکولێنێتەوە و رۆژانە بازرگانی سیاسیی پێوە دەکات و دەستی چەوری خیانەت و شکستی لەسەر یەکی خۆی، بە سەری خەڵکی تر، بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەسڕێتەوە. یەکێتییەک کە تەنانەت لە بەرەنگاری دژواری (١٦)ی ئۆکتۆبەری کەرکوکیشدا لەجیاتی ئەوان و کوردستانیش دەیان و سەدان شەهید و برینداری داوە.

*سەرکردایەتیی شکستخواردووی ئەم حزبە سی و یەکی ئابییە، لەجێی ئەوەی شەرمەزار بێت و داوای لێبووردن بکات، چونکە کارەکە لە دەستی کەوت، لەجێی ئەوەی دانی پێدا بنێ کە لە ئیدارەدانی کۆی مەلەفی ریفراندۆم، کۆی ئیدارەی سیاسیی و ئابووریی چەند ساڵی رابردوو شکستی هێناوە، کەچی هەرزان فرۆشی و هەرزان بازاڕی پێوە دەکات، لەجێی ئەوەی سارێژی ئازارەکانی دوای سڕکردنی ریفراندۆم و لەقاڵبدانی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکات کەوایکرد دۆستی درۆزنانە و نەیاری راستەقینەی جۆراوجۆر پێمان خۆش بن کەچی وا پارتی تا ئێستاش سەوداو سیاسەتی ناجۆر بە سەرنەکەوتنی ریفراندۆم و دۆخی پاشەکشێی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧وە دەکات، وەک پیشەیی هەمیشەییان:

ئەوساو ئێستاش:

-بە کوردی جنێو دەدەن و بە عەرەبی سازش و ماستاوی خەست بۆ رەوتی شۆڤێنی و تایفەگەری لە عیراق دەکەن. کەیوبەینی تەحالوفات و کورسی کورسییان

لەگـەڵ دەکـەن تەنانـەت لەسـەر حیسـابی پرەنسـیبە جێگیرەکانـی گەلەکەمـان.

- بـە کـوردی و کرمانجـی هەڕەشــە لــە کـۆی بزووتنــەوەی سیاسـیی کوردسـتان و حزبەکانـی، کـۆی چالاکـە کۆمەڵایەتـی و رۆشـنبیرییەکانی کـوردەواری دەکـەن و بـە عەرەبیـش شـان مـاچ دەکـەن و عەبـای کۆنەپەرسـتان دەلێسـنەوە سـا بەڵکـو لەسـەر حیسـابی گەلەکەمـان و بـە پاشـقول گرتـن لـە حزبەکانـی تـری کوردسـتان، پۆسـتێک زیاتریـان پێبـدەن.

*راسـتی مەسـەلەکە ئەوەیـە ١٦ی ئۆکتوبـەر شکسـتی سـەرکردایەتیی پارتـی و مۆنۆپۆلـە رەسمییەکانێتی لـە جومگەکانـی حوکمڕانـی، لـە ئیـدارەی پرۆسـەی سیاسـیی و دۆخـی گشـتیی کوردسـتان، لـە ئیـدارەی ئیجماعـی نیشـتمانی لەسـەر ریفرانـدۆم و ویسـتی مافـی چارەنـووس. راسـتی ئەوەیـە دوای کۆچـی دوایـی سـەرۆک مـام جـەلال، سیاسـەتی کوردسـتانیی بـە تەنهـا و تەنهـا کەوتـە دەسـتی سـەرۆکایەتی پارتـی کـە چونکـە لەسـەر چەوتـی و چەوێڵـی راهاتـوون کاری باشـی لەدەسـت نایـەت وەکـو نموونـەی کاری باشـی سەرخسـتنی ریفرانـدۆمێکـی نیشـتمانیی و نەتەوەیـی لـە ٢٠١٧/٩/٢٥ دا.

کۆی ئـەم دۆخـە نەخـوازراوە بەڵگـەی شکسـتی سـەرکردایەتی ئیحتکاریخـوازی پارتییـە لـە ئیـدارەی مەیـل و ئـارەزووی بـێ برانەوەیـان بـۆ برا گەورەیـی و کوێخایی لە کوردسـتان. ئەمانـە خۆیـان شکسـتیان هێنـاوە لـە براگەورەیـی چونکـە ئەمـە بـە خۆسـەپاندن نابـێ و نایەتــەدی، کەچـی خەڵکـی دیکـە تۆمەتبـار دەکـەن؟! ئاخـر کـێ و کـەی دەچێتـە عەقڵــەوە سـەرۆکایەتی حـزب و مۆنۆپۆلـکاری وڵاتێـک سـەرکەوتنی زۆر بچـووک بەنـاوی خۆیـەوە قەیـد بـکا و شکسـتی زۆر گەورەتریـان لـە کـۆی ئـەو دۆسـێیانە بخەنـە ئەسـتۆی خەڵکـی تـر و حزبـی تـر کـە لای ئـەوان دەبـێ حزبـەکان بەشـیان هـەر ئـەوە بێـت بڵێـن تۆمەتبـار و خەتابـارن و چەواشـەکارییان بەسـەردا بسـەپێنرێ.

*پێویسـتە هەڵبژاردنـی ئەمجـارەی عیـراق و هەڵبژاردنـی دوای ئـەوەش کـە بـۆ کوردسـتان دەکرێـت، وەڵامـدەرەوەی شکسـتی یـەک لـە دوای یەکـی سـەرۆکایەتی پارتـی بێـت کـە شکسـت لەسـەر شکسـت تۆمـار دەکات و هێشـتاش جورئـەت و ئازایەتـی ئەوەشـی تێدا نییـە چمکێکـی ئـەم شکسـتە بگرێتـە ئەسـتۆی خـۆی و داوای لێبـووردن بـکات. خەڵـک و دەسـتەبژێری سیاسـیی کوردسـتان لەبیرێتـی ئـەوە کـێ بـوو دەیـوت ریفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆییە و ئـەوەی دەترسـێ خۆمـان بەتەنیـا دەیکەیـن .ئێسـتا خێـرە دەرەنجامەکانـی ناخاتـە سـەر شـانی خـۆی و حزبەکـەی؟

# دوارۆژ بێ وەرگرتنەوەی دوێنێ مسۆگەر ناکرێت

تەکنیکی بەرزی میدیای پارەدارکراو نابێ لە دزینی هەموو رابردووی یەکێتییەکەمان سەرکەوتوو بێت، هەوای دەستبەسەراگرتنی زەمین و زەمانی وڵات بۆ حزبێک کە تۆماری وای لە راپەڕین نییە و زەحمەتە بتوانێ ڤیدیۆیەکی راستەقینەی ئەوکاتە بکاتە بەڵگەو ناچاری فیلمی دیکۆدرامی دەبێت، نابێ سەرکەوێت و بۆی بچێتەسەر.

ئیتر بەسە دەستبەسەراگرتنی مێژووی شانازییەکانی شۆڕشی نوێ و خەباتی میللەتەکەمان.

سەردەمێک هەوڵیاندا بەناوی گشتی جەماوەر و تایتڵی گشتگیرەوە، یەکێتی مەحروم بکەن لە سەروەرییەکانی و ئێستاش بە زەبری پارەو تەکنەلۆژیای چەواشەکاری، دەیانەوێ ئەو مێژووە سەربەرزەی یەکێتی بە ناوی خۆیانەوە تۆماربکەن.

نەخێر ئازیزان!

دوای هەرەس، یەکێتی شۆڕشی بەرپا کردووە. دوای ئەنفال، یەکێتی پارتیزانەکانی لە چیا هێشتۆتەوە، دوای بێئومێدی جاری دووەمیش کە سەرۆک مام جەلال پێشبینی داگیرکردنی کوێت و لاتەریک کەوتنی رژێمی بەعسی کرد، یەکێتی نەخشەی راپەڕینی بۆ گەل و رێکخستنەکان دارشت و رێبەریی کردو کردی بە واقیعی کوردستانی ئازاد.

یەکێتی بە گیانفیدایی شەهیدەکانی و جەماوەرەکەی بەشی خۆی لە راپەڕین جێبەجێکرد، تا کەرکوک تاجی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی لەسەر نا، خەڵکی تر بڕیاربوو موسڵ رزگاربکەن و ئێستاو ئەوساش نەیانتوانیوە مێژوویەک دابتاشن کە لە ساڵی ١٩٩١ موسڵیان رزگارکردووە.

شەهیدەکانی یەکێتی لە ڕاپەڕین بەڵگەی خوێنین کە ئەم بەڵگانە بە دیکۆمێنتاری درۆو دەلەسە ناسڕدرێنەوە.

داستانی کۆڕێ و داستانی ئەزمڕ لە دووقۆڵی بەرەنگاری بەعسی گەڕاوە بۆ تۆڵەکردنەوە، لەدوای پاشەکشێ و کۆڕەوی ملیۆنی شایەتی بۆ یەکێتی و پێشمەرگەکانی یەکێتی دەدەن، پێشمەرگەی بە هیممەتی لایەنەکانی تر گەواهیدەر و بەڵگەن لەسەرئەوەی کێ لەوێ بووەو کێ جامانەی فڕێداوە چونکە بۆ یەکجار شەرمی لە مێژوو کرد، کەچی وا جارێکیتر شەرمیان شکاوەو بە دیکۆدرامی درۆزنانە گەرەکیانە رابردوو بدزن بۆ ئەوەی پایەکانی واقیعی زاڵی ئەمڕۆیان قایمتر بکەن.

ئەرکمانە ئێمە لە میدیای خۆمان، هی یەکێتی و هی هەموو میدیایەکی هاوسەنگ و بە ویژدان ئەم رابردووە بە فاکت و بەڵگە و بیرهێنانەوە بپارێزین و خاوەندارێتی لێبکەین، «نموونەی ئەوەش گێڕانەوەکەی شەهیدی نەمر حەسەن کوێستانی لەسەر داستانی کۆڕێ کە کاتی خۆی لە گۆڤاری سەرهەڵدان نووسیویەتی» ئەرکمانە ئەم ئەرشیفە ئەبدەیت بکەینەوە نەک لەبەرئەوەی هەر کای کۆن بە بادا دەکەین و هیچمان نییە بۆ ئەمڕۆ و سبەینێ پێشکەشی بکەین، بەڵکو لەبەرئەوەی خاوەندارێتی لە رابردوو سەرەتایەکی نوێیە بۆ لە قاودانی واقیعی زاڵی دەستبەسەراگرتن و بردن و ئاودیوکردن.

خاوەندارێتی لە دوێنێ کە سامانێکی مەعنەوی گەورەیە، وێستگەیەکی جەوهەرییە بۆ ڕێگرتن لە بردن و دەستبەسەراگرتنی سبەینێشمان.

دواڕۆژ هی ئێمەیەو مەرج نییە ئەوی ئەمڕۆ لەوەزعی راهن تاسەر بمێنێتەوەو ببێتە وەزعی ئایندەش.

سڵاو لە شەهیدانی کۆڕێ و ئەزمڕ، لە شەهیدانی کاروانی هەکاری تا کاروانی ڕاپەڕین و کاروانی بەرەنگاری داعش، کە ئەویش گێڕانەوەیەکی ڕاستەقینەتری نەبەردییەکانی دەوێت.

٢٠٢١/٤/٩

# نهێنی زۆر ئاشكرا
# كەمپی شاریا و شارێی كەمپین

لەسـەدا نەوەتـی كێشـەكانی عیـراق لـە دەور و خولـی بۆشـایی ناوچـە كێشـە لەسـەرەكان دەخولێتـەوە. شـەنگالیش بـە جینۆسـاید و ئاوارەیـی و نەگبەتییـەوە، ناونیشـانێكی دیـارە لـەم كایـەدا. ئـەوی لـە كەمـپ و خێوەتگـەی شـاریا روویـدا بەشـێكی دیمەنـە تراژیدییەكەیـە بـا تەنانـەت شـانۆی رووداوەكـە، شـوێنی خێوەتگەكـە، لـە نـاو قووڵایـی دەڤـەری بادینـان لەقـەزای سـێمێل بێـت كـە كێشـەی لەسـەر نییـە و بەشـێكە لە هەرێمی رەسـمی كوردسـتان.

خێوەتگەكـە دەرەنجامـە و سـەرەتاكە لـە شـوێنی تـرە، ئەم دۆسـێ هەسـتیار و گەرمەی نـاوی پرۆسـەی سیاسـیی عێراقـە چەنـد سـاڵێكە لەوەكەوتـووە بجوولـێ و خنەخنێكـی پـێ بكرێـت. هەمـوو شـتێكی وەسـتاوە وەک ئـەو زیـاد لـە پەنجـا بەندوبـاوەی دەسـتووری وڵات كـە لەتەنیشـتێوە نووسـراوە «ئەمـەش بـە یاسـا رێكدەخـرێ» و بۆتـە كـۆدی مەییـن و تەگبیـری پێشـوەختە بـۆ لەجێچەقیـن و پـێ كوتـێ.

ناوچـەی كێشەلەسـەر كـەس دڵـی پێوەنییـە خاوەندارێتـی یەكلاكـەرەوەی لـێ بـكات، نـە پێكهاتـە هەمەڕەنگەكانـی و نـە هێـزە ململانێكارەكانـی و سـەرەنجامیش نـە حكومەتـی ئیتحـادی و نـە هـی هەرێمیـش.

مەعلومـە وزە لەشـتێكی ناسـنامە تەمـاوی خـەرج ناكـرێ هەرچەنـدە هەتـا وزەی وا خـەرج نەكرێـت پرسـەكە لـە شـوێنی خـۆی ناجوولـێ و كـەس هێـزی پـێ پەیـدا نابـێ.

لـە نـاو ناوچـە كێشـە لەسـەرەكانیش جوگرافیـای دەڤـەرە كوردسـتانییەكانی موسـڵ بـە تایبەتـی هەمـە ناسـنامەترین و ئاڵۆزترینیانـە. كتلەیەكـی چڕ و پـڕە لـە گرفـت و ململانـێ و هەروەهـا لـە چانـس و دەرفەتیـش ئەگـەر سیاسـەت لـەم مەملەكەتـە ناوەڕۆكەكـەی

بەخۆیــەوە بوایــە: تەگبیــر و تەدبیــر و رام کــردن.

لــەو درزی واقیعــە تاڵــە و لــەو جەرگــە کونکونانــەوە بــەڵای ناگاهــان و گرفتــی لــە نــاکاو دێتــە نێوانــەوە، قاعیــدە و داعــش، جێنوســاید و شــەڕ و ماڵوێرانــی و هــزری توندڕەوی تایفەگــەری و شــۆڤێنی، پاڵەوانــی ناشــیرینی ئــەو ژینگــە نالەبــارەن.

دەردی ســەرباری دەردان ئەوەیــە دوای چەنــد ســاڵ لــە تێکشــکانی داعــش، هێشــتا ئاســەواری جەبەروتــی جارانــی لــە شــەنگال چارەنەکــراوە، نــە ئاوەدانییەکــی مــام ناوەنــدی و تەداروکێکــی شــایانی ژیــان و نــە گێڕانەوەیەکــی ئابڕوومەندانــەی ئــاوارە و پەرتەوازەکانــی ناوخــۆی وڵات هیچــی جێبەجــێ نەکــراوە. تراژیدیــای ئەوانــەی پەڕیــوەی وڵاتــان بــوون و کچانــی زوڵملێکــراوی ســەربەرزیش کــە کەیســەکانیان گەورەتریــن پەڵەیــە بــە نێوچەوانــی مرۆڤایەتــی هاوچــەرخ و سیاســەتی کورتهێنــی ئیقلیمــی و جیهانییــەوە، لــەولاوە بوەســتێت.

ژینگــەی وا ناجــۆر و ناپەســەند، ئــاوارەکان، نــەک تەنهــا ئــاوارەی ئێــزدی، بەڵکــو ئــاوارە لــە هەمــوو شــوێنێکی دنیــا، دەکاتــە نێچیــری مامەڵــە و ســەودای دڵڕەقانــەوە، وەک ســەودای کردنــی نیشــتەنی و خێوەتــی ئاوارەبوونیــان بــە حــەوزی هەڵبــژاردن و بــە بارمتەبردنــی دەنگەکانیــان لــە کەمپینــی ململانــێ «دیموکراسییەکاندا».

ژینگــەی دڵڕەقــی لــەو شــێوە هانــدەری گێڕانــەوە، ناردنــەوە و ئینجــا دامەزراندنەوەیەکــی تۆکمــە نییــە کــە مەســڵەحەتی حــەوزی دەنــگ کۆکردنەوەکــە کەمەندکێشــترە لــە هیمەتــی گێڕانەوەیــان بــۆ زێــدی بــاو و باپیرانیــان.

بەغــدا و هەرێــم پێشــبڕکێیەکی پەنهانیــان هەیــە لەســەر سســتی کــردن لــە دۆســێی چارەســەری شــەنگال. تەنانــەت رێککەوتنــی هەولێــر و بەغــدا لــەم جوگرافیایــەدا نەیتوانــی رەزامەندییەکــی گشــتی بەرهەمبێنــێ. خاوەنەکانــی نەیانتوانــی جووڵــەی پێبکــەن و ناڕازییەکانیــش نەیانتوانــی شــتێکی جیــاواز بســەپێنن. واتــا «ئینــی تــاس و ئینــی هەمــام»ی کەشــوهەوا سیاســییەکەی ناوچــە کێشــە لەســەرەکان.

لــە دۆخــی وادا ئاشــکراترین نهێنــی ئەوەیــە هــۆکاری ئــەم گرتێبەربوونــەی خێوەتــی شــاریا بناســرێت. بــەڵام فــەزای میدیــای ئەجێندایــی کوردســتان زیاتــر خەیاڵــی لای پــارەی ســووتاوی نــاو دەخیلــەی کاســبکارێکی ئۆردوگاکەیــە نــەک شــتی تــر کــە هەقــە فۆکســی زیاتــری بخرێتەســەر، ســەرەنجام دەکــرێ بڵێیــن تــا ئێســتا شــتێکی وا نەگــۆڕاوە لەڕەوشــەکە، بــەڵام دەبــێ وردتــر بیــن نــا شــتێک گــۆڕاوە، وەختێــک ئیــدارەی دهــۆک بڕیــاری داوە بەرپرســی کەمپەکــە بگۆڕێــت و یەکێکــی تــر لــە جێــی کەمتەرخــەم دابنێــت.

بەس کێشە ئەوەیە جارێکی تریش سوتانێکی تر قەوما.

# ئاخر تەحریم و تەجریم کراوە

ئێمە بۆ بەشێک بین لە شەڕی کورد کورد و بۆچی نرخی هەرزان لەسەر میللەتەکەمان دابنێین؟

کەڵکی ستراتیجی شەڕی کوردکوژی چییە بۆ یەکێتیی تاوەکو هەبن بوێرن داوای وامان لێ بکەن کە بچینە شەڕی دوو حزبی کوردییەوە؟

بۆچی ئێمە لە کەشی ئالودەبووی هەرێمایەتی و لەم هەموو دەستوەردان و دەستدرێژییەی سەر خاکی کوردستاندا بژاردەی خراپی نەتەوەیی و نیشتمانیی پێشنیاز بکەین بۆ یەکتری؟!

شەڕی ناوخۆی خۆمان لە باشوور بەس نییە تا بزانین دە ساڵ نەمانتوانی قەناعەت بە کەس بکەین کە ئەم شەڕە ناچاری و بێ دەرەتانی بوو و ڕەوایەتی داکۆکی لە خۆکردنی هەیە؟! ئینجا ئێستا بێین شەڕی دوو لایەنی تریش لەسەر خۆمان بکەینە ماڵ، دۆ و دۆشاوی نەتەوەیی و نیشتمانیی تێکەڵبکەین، گەلەکەمان لە دوو بەشی وڵات بکەینە دوژمنی یەکتری؟!

کێ دەتوانێ، بە کرمانجی و بەلاتینی، کوردی باکوور تێبگەینێ قسە و هەنجەتمان بە سۆرانی و حەرفی عەرەبی ڕەوا و ڕاستە و هی ئەوانیش بە هەمان شێوە؟!

نەخێر هەرگیز یەکێتیی نابێتە بەشێک لە فەسڵێکی تری کورد بە کورد کوشتن.

ئەوە پەرلەمانە تەحریم و تەجریمی کردووە، ئەوە کوردایەتی لە ئەزەعەفولئیمانیش نایخوازێ و تەزکیەی ناکات و ئەوە ئەزموونی خۆشمان پێمان دەڵێ یەکێتی برای شەڕ و ناکۆکی نییە و ناتوانێ کیسە بۆ دەسکەوتەکانی شەڕ بدورێتەوە. یەکێتی

بـرای مەسـڵەحەت و ئاشـتی بێـت بـۆ خـۆی و بـۆ کوردیـش باشـترە، خێـری لـە ئاشـتی بینیـووە و دەسـکەوتی لـە ئارامـی و ئۆقرەییـە نـەک لـە شـێواوی و پشـێوی

مەعقول چییە کە دژی بەرژەوەندیی خۆی کار بکات؟

ئەگـەر یەکێتیـی وزەی سیاسـیی و پێگـەی کاریگـەری دانانـی هەبـێ، کـە بێگومـان هەیەتـی، لـە ئاشـتی و لێکگەیشـتن و تێگەیاندنـدا خەرجـی بـکات باشـترە، نـەک لـە تێـوەگلان و پێـوەدان بـە جۆرێـک زیانـی بـۆ کوردسـتان و تەنانـەت پـەزی پەیوەندییـە ئیقلیمییەکانیشـی هەبێـت.

بۆیـە باشـترین رێـڕەو هـی ئاشـتی و هـی ئەفرۆزەکردنـی شـەڕی کـورد و کـوردە، هەتـا ئەگـەر قەومـا و بـووە واقیعێکـی تاڵیـش.

ئاخـر هەمـوو واقیعێکـی تـاڵ کـە روویـدا بێـت و یـان لەڕێشـدا بێـت، هـەر دەبـێ نەزیفەکـەی لـە شـوێنێک رابگیرێـت. کەوایـە لەڕێـوە رێـی لـێ بگریـن باشـتر و چاکتـر نییـە؟!

ناچینـە ناوییـەوە مەگـەر بـۆ سـوڵح و برایەتـی بێـت، هـەر لەوەشـدا دەتوانیـن بەکەڵکـی هەمـووان و میللەتەکەشـمان بێین.

# هێشتا مێژوو دوا قسەی خۆی لەسەر نەکردووە

لــەڕوی پرەنســیپەوە ریفرانــدۆم ئامرازێکــی دیموکراتــی و خەباتێکــی مەدەنییــە بــۆ یەکلاییکردنــەوەی پرســی سیاســی و پرســی گشــتی کۆمەڵگــە لــە وڵاتــە دیموکراتییــەکان بــەکار دێــت

مافــی چارەنــووس بەتایبەتــی بــە ناونیشــانی یەکێتیانــە (مافــی چــارەی خــۆ نووســین) پرەنســیبپکی ســەرەکی خەباتــی نەتەوەیــی و نیشــتیمانییە. یەکێتــی یەکەمیــن هێــزی سیاســی کوردســتانە کــە ئــەم ســتراتیجەی هێنایــە ئــاراوە.

مافــی چارەنــووس بــە گوێــرەی هەلومەرجــی سیاســی گەشــەی خەبــات و مەســەلەی کــورد کاری لەســەر دەکرێــت.

بۆیــە لــەم چوارچێوەیــەدا یەکێتــی پرەنســیبی فیدراڵــی بــۆ قۆناغــی دوای راپەڕیــن ١٩٩١ هەڵگــرت. ســاڵی ١٩٩٢ پەرلەمــان کردیــە بەرنامــەی خــۆی و لــە ســاڵی ٢٠٠٥ لــە دەســتووری هەمیشــەیی عیــراق جێگیــر کــرا.

ڕیفراندۆمــی ســاڵی ٢٠١٧ خــۆی لــە خۆیــدا پیادەکردنــی مافێکــی دیموکراتــی گەلەکەمــان بــوو، زۆربــەی هێزەکانــی کوردســتان و لەوانــەش یەکێتیــی دەنگیــان بۆ دا، چونکــە مافێکی ڕەوایــە، بــەڵام هێشــتاش ئــەو مــاف و ئــەو پرۆســەیە گەڵاڵــەی ئیجماعــی نیشــتمانیی زیاتــری پێویســت بــوو، هێشــتا دەرفەتــی گفتوگــۆ لەگــەڵ حکومەتــی عیــراق مابــوو، ســەرەڕای ئــەوەی بەغــدا گوشــاری نــاڕەوای سیاســی و ئابــووری دەخســتە ســەر هەرێمــی کوردســتان و بەرپرســیارانە مامەڵــەی لەگــەڵ کێشــەکانی کوردســتان نەکــرد.

کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی و دۆســتانی کــورد لــە ڕۆژئــاوا و وڵاتانــی تریــش ویســتیان

ناوبژیوانــی ئیجابــی بــن و دانوســتانی کوردســتان و بەغــدا ببــەن بەڕێــوە. گوشــاریان خستەســەر بەغـدا بـۆ ئـەوەی کێشـەکانی کـورد چارەسـەر بـکات و داواشـیان لـە لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان دەکـرد زیاتـر لەڕێـی دانوسـتانەوە چارەسـەری کێشـەکان لەگەڵ بەغـدا بـکات.

لـەو هەلومەرجـەدا ریفرانـدۆم کـرا و بێگومـان خەڵـک وەک هەمیشـە دەنگـی بـە ویسـتی نەتەوەیـی خۆیـدا کـە سـەربەخۆیی و بڕیـاری چارەنووسـە. چونکـە هیـچ کەسـێکی کـورد و نیشـتمانپەروەر نییـە دەنگـی بەڵـێ بـۆ ویسـتی نەتەوەیـی نـەدات.

بەداخــەوە لەســەرەتاوە بەشـێوەیەکی بـاش ئیـدارەی هەلومەرجـی دوای ریفراندۆمیـش نــەدرا، چونکــە لــە دوای ریفرانــدۆم گوشــارەکانی ســەر کوردســتان لــەڕووی سیاســی و سـەربازییەوە زیاتـر کـراو ئەمانـەش پێویسـتی بـە یەکڕیزیـی زیاتـرو تەعبیـری هاوبـەش و گرتنەبـەری ڕێگـەی سیاسـەت و سـاڕێژکردنی برینەکانـی دوای سـەرنەکەوتنی ریفرانـدۆم هەبـوو.

بەداخــەوە لــە جێـی دەسـتگرتن بـە ئەڵقـەی یەکڕیـزی و دوورکەوتنـەوە لـە ناکۆکـی و ناخۆشـی و ویسـتی نەتەوەیـی، ڕیفرانـدۆم، کـە بـۆ ئامانجـی نەتەوەیـی و نیشـتمانییە، سـەری کێشـا بـۆ هەلومەرجـی ناکۆکـی و درزتێکەوتنـی ڕیزەکانـی نەتــەوەوە.

دەکرێـت بڵێیـن ریفرانـدۆم ئەزموونێـک بوو لەپیادەکردنی ویسـتێکی رەوا و دیموکراتیەوە سـەرچاوەی گرتبـوو، بـەڵام ئاکامەکـەی پاشەکشـێ و گەمارۆدانـی سیاسـیی کوردسـتان بوو.

هێشــتاش گەلەکەمــان و بزووتنــەوە سیاســییەکەی و ئەزموونــی حوکمڕانییەکــەی، بەشـی زۆری وزەی سـەربەرزکردنەوەی پێمـاوەو دەتوانێـت بـە وورەیەکـی تـازەوە، روو لـە هەڵسـانەوەو دورکەوتنــەوە لــە ناکۆکـی و پاشەکشــێ و پەرتبــوون، بــکات.

ویسـتی یەکێتیـی ریزەکانـی گـەل و سەرخسـتنی ئەزموونەکەمـان شـایەنی قوربانیدانـی زیاتــرو خۆڕێکخســتنەوە و گورجوگۆڵکرنــەوەی نەتەوەیــی و سیاسـیی کوردســتان هەیــە و گەلەکەشـمان دوای ئـەو هەمـوو ویسـت و قوربانیدانـە بـە وێسـتگەی ریفراندۆمیشـەوە، شـایەنی ژیانێکـی باشـترو ئابڕومەندانەتـرە.

هێشـتا زووە دوا هەڵسـەنگاندن بـۆ ئەزموونـی ڕیفرانـدۆم بکرێـت، هێشـتا زووە مێـژوو دوا قسـەی خـۆی لـە بـارەوە بـکات، هەڵسـەنگاندنی ئێسـتامان دەبێـت بـە قازانجـی یەکڕیـزی و پێکەوەیـی و رووکردنـە ئاسـۆی دواڕۆژ بێـت.

# فەسڵی شەشەم

# **ساڵانی زێڕین**

# ئیستحقاقی نەتەوەیی، نەك كارتی سیاسیی

وەک لـە روونکردنــەوەی نووسـینگەی سـەرۆک کۆماریشـدا هاتــووە، سـەرۆک بارزانــی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان زیاتـر لـە جارێـک تەئکیـدی لـەوە کردۆتـەوە کـە پۆسـتی سـەرۆکایەتیی کۆمـار لـە عیراقـدا، ئیسـتحقاکێکی ئیسـتحقاقێکی نەتـەوەی کـوردە نـەک ئیسـتحقاقێکی سیاسـیی و گوزارشـتێکی بەرجەسـتەیە لەسـەر شـەراکەتی راسـتەقینە لـە عیراقـی نوێـدا.

ئــەم تەئکیدکردنەوەیــە دەستنیشــانکردنەوەیەکی وردە بـۆ مەسـەلەیەکی گرنـگ کـە بـەلای کـوردەوە قابیلـی سـازش لەسـەرکردن نییـە و بەڕێـز مەسـعود بارزانی-یـش نوێنەرایەتیـی ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان دەکات وەک سـەرۆکی هەڵبژێـردراوی هەرێـم و بـە پشـتیوانیی رێککەوتننامـەی سـتراتیژی نێـوان یەکێتـی و پارتـی و هەروەهـا کۆدەنگـی لیسـتی ئیئتیلافـە کوردسـتانییەکان، بۆیـە ئـەم گوزارشـتکردنەی سـەرۆکی هەرێـم لـە ئیسـتحقاقی سـەرۆکایەتی کۆمـار بـۆ کـورد، گوزارشتیشـە لـە هەڵوێسـت و خواسـتی خەڵکـی کوردسـتان کـە ئومێدیـان پەرەپێدانـی دەسـتکەوتە نەتەوەیـی و دیموکراتییـەکان و چەسـپاندنی یەکێتیـی ئارەزوومەندانـە و هاوبەشـێتی راسـتەقینەیە دوای حـەوت سـاڵ لـە کەوتنـی دیکتاتـۆری، نـەک لـێ کەمکردنـەوەی ئـەوی بـە دەسـتهاتووە.

ئەمـڕۆ کـورد لـە عیراقـدا کۆمەڵێـک ئیسـتحقاقی سـەرەکی هەیـە کـە ناکرێـت بـە سـەودانامە و رێککەوتنێکـی سیاسـیی یاخـود بـۆ خاتـری قایلکردنـی لایەنێکـی پرۆسـەی سیاسـیی وڵات، لـە هیـچ کام لـەو ئیسـتحقاقانە بێبەشـبکرێت. کـورد لـە چەنـد سـاڵی رابـردوودا بایـی ئەوەنـدە مرونەتـی لـە خـۆی نیشـانداوە کـە مافەکانـی قۆناغبەنـدی بکرێـت

بـەڵام ئـەوەی قبـووڵ نییـە وا لەگـەڵ ئیسـتحقاقەکانی مامەڵـە بکرێت کـە بەخەڵکانـی تـر ببەخشـرێت.

بنەمای ئیستحقاقەکانی کورد بریتین لە:

پۆسـتێکی سـیادی کـە پۆسـتی سـەرکۆمارە، ئیسـتحقاقی کـوردە. چونکـە کـورد وەک عـەرەب لـە عیراقـدا نەتەوەیەکـی گەورەیـە و بنەمـای شـەراکەتی راسـتەقینەی حوکمڕانـی ئـەم داوایـە پشتڕاسـتدەکاتەوە، ئیئتیلافـی کوردسـتانی داوای دەکات و، هەروەکـو لـە روونکردنـەوەی سـەرۆکایەتی کۆماریشـدا هاتـووە، هاوپەیمانیـی نیشـتمانیش کـە دوو لیسـتی گـەورەی گرتۆتەخـۆ پشـتیوانی لـەو ئیسـتحقاقە دەکـەن.

ئیسـتحقاقی دیموکراتـی و هەڵبـژاردن کـە لەمەشـدا بەپێـی قەبـارە و ژمـارەی کورسـیی کوردسـتانییەکان و گفتوگۆکانـی پێکهاتنـی حکومـەت، کـورد بەشـی خـۆی وەردەگرێـت.

ئیسـتحقاقە دەسـتوورییەکانی تایبـەت بـە مـادەی ١٤٠ و دیاریکردنـی سـنووری هەرێمـی کوردسـتان و یەکلاییکردنـەوەی قانونـی نـەوت و گاز و دۆسـێی پێشـمەرگە و ئـەو دوای خاڵەکانـی کـە لەداخوازییـنامـەی کوردسـتانییدا هاتـووە و هەمووشـیان لەگـەڵ دەسـتوور و پرەنسـیپی شـەراکەتی راسـتەقینەدا، کۆکـن.

ئیتـر بـۆ ئـەوەی کـورد بتوانێـت کاروانـی بەدیهێنانـی زۆربـەی ئـەو ئیسـتحقاقانە بەڕێبـکات، پێویسـتە لـە شـەراکەتی حکومڕانیـی راسـتەقینەوە دەسـت پێبکرێـت کـە خـۆی لەوەرگرتنـی ئیسـتحقاقی پۆسـتی سـەرۆک کۆمـاردا دەبینێتـەوە و سـەیرکردنی ئـەو پۆسـتەیە وەک مافێکـی نەتەوەیـی، نـەک وەک داوایەکـی سیاسـیی قابیلـی ساتوسـەودا، چونکـە ئەگـەر ئـەم پۆسـتە بـە کـورد رەوا نەبینـرا، ئـەوا گومـان دەکرێـت لـەوەی ئیسـتحقاقەکانی دیکەشـی پـێ رەوا ببینرێـت و زەحمەتـە کـورد بـەوە قەناعـەت بـکات کەلـە غیابـی بەشـدارییەکی سـەنگین لـە حوکمڕانـی پایتەختـی فیدراڵیـدا، لـە بـەش و مافەکانـی تـری ناقرتێنـن.

٢٠١٠/١١/٥

# سەنگینی کورد لە عیراقی نوێدا

مایــەی خۆشــحاڵییە جارێکــی تــر کــورد توانــی ســەرکردە سیاســییەکان و لایەنــە ناکۆکەکانی عیـراق لەسـەر مێـزی دانوسـتاندن کۆبکاتـەوە و ببێتـە پـردی پەیوەندیی بـۆ نزیکخســتنەوەی بیروبۆچوونــی ســەرکردە سیاســییە عێراقییــەکان، لەپێنــاوی دامەزراندنــی حکومەتێکـی شـەراکەتدا، کـە تیایـدا هەمـوو لایەنـەکان رۆڵـی گرنـگ و کاریگـەر بگێـڕن لەبەڕێوەبردنـی عیراقـی نوێـدا.

دەستپێشـخەرییەکەی مەسعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کـە جەوهەرەکەی بریتییـە لـە بانگهێشـتی سـەرکردە سیاسـییە عیراقییـەکان لەپێنـاوی داڕشـتنی بنەمایەکدا بـۆ پێکهێنانـی حکومەتێکـی شـەراکەتی نیشـتمانیی. فاکتەرێکـی گرنـگ بـوو بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر لایەنـە ناکۆکەکانـی عیـراق لـە هەولێـری پایتەخـت لەسـەرمێزی دانوسـتاندن کۆبکاتــەوە. کــە ئەمــەش جەختکردنەوەیــە لەســەر رۆڵــی کــورد و ســەنگی سیاســیی ســەرکردایەتیی کـورد لـە سیاسـەتی عیـراق و بەڕێوەبردنـی عیراقێکی فیدراڵـی دیموکراتدا.

کۆبوونەوەکـەی هەولێـر و خوانـی سـەرۆکایەتیی چەنـد مانگێـک پێـش ئێسـتای سـەرۆک تاڵەبانــی بــە مەبەســتی لەیــەک نزیکخســتنەوەی بیروبۆچوونــی ســەرکردە سیاســییە عیراقییــەکان ئــەو کوتلانــەی لــە هەڵبژاردنــی مارتــی ئەمســاڵدا متمانــەی جەماوەریــان بەدەسـتهێناوە تەئکیدکردنـەوەی رۆڵـی کاریگـەری کـوردە لـە عێراقـی ئەمڕۆدا. ئەگەرچـی رەنگـە چەنـد هەوڵێکـی لابـەلا لـە ئارادا بن بـۆ کەمکردنەوەی رۆڵی کورد وەک سـەرەتایەک بـۆ قوتدانـی ئیسـتحقاقە نەتەوەییەکانـی گەلـی کوردسـتان، بەڵام سـەرکردایەتیی سیاسـیی کــورد بەلێزانــی و شــارەزایی و سیاســەتی حەکیمانــەی خــۆی توانیویەتــی رۆڵــی کــورد

دووپـات بکاتــەوە. ئــەو ڕۆڵــە لــە پێنــاوی بنیاتنانــەوەی عیراقیشـدا بەکاربهێنێـت، بـۆ ئـەوەی لـە سـایەی حکومەتێکـی شـەراکەتی نیشـتمانییدا عیراقییـەکان بـە ئاسـوودەیی بژیـن و لـە سـایەی ئەمـن و ئاسایشـدا کاروبـاری ڕۆژانـەی خۆیـان بەڕێبکـەن و ڕێـگا نـەدەن تیرۆریسـتان، ماڵــی ئارامــی عیـراق بشـێوێنن و خەڵکـی سـتەم دیـدە و خێـر لـە خـۆ نەدیـوی عیـراق بکـەن بـە قوربانـی کـردەوە تیرۆریسـتییەکانیان. گومـان لـەوەدا نییـە کێشـەکانی عیراقـی ئەمـڕۆ، کێشـەی ئاڵـۆزن و سـەبری شۆڕشـگێڕانەیان دەوێـت بـۆ چارەسـەرکردنیان، کـە خۆشـبەختانە دەسـتووری عیـراق چارەسـەری بـۆ زۆربـەی هـەرە زۆری ئــەو کێشــە ئاڵۆزانــە دانــاوە و پابەندبــوون بەدەســتوورەوە باشــترین گرەنتییــە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان بەشـێوەیەک کـە هەمـووان پێـی ڕازی بـن و لـە سـایەیدا هەمـووان بـە مافەکانـی خۆیـان شـادبن. کـورد لـەم هەلومەرجـە ناسـکەدا ڕۆڵـی مێژوویـی خـۆی لەیـاد نەکـردووە و لـە ناوجەرگـەی ڕووداوەکان و مەسـەلەکاندا ئامادەگـی هەیـە، بـە دەسـتێک داوای مافەکانـی خـۆی دەکات بـەو جـۆرەی لـە دەسـتووری عیراقـدا هاتـووە و سـەلمێنراوە، بەدەسـتەکەی دیکەشـی عیراقییـەکان بـەرەو تەوافـق و حکومەتـی شـەراکەت ڕێنمایـی دەکات، کەتاکـە زامنـی بنیاتنانـی عیراقێکـی گەشـەکردووی فیدراڵـی دیموکراتـە، چونکـە ئەزموونـە تاڵەکانـی ڕابـردوو ئەوەیـان چەنـد بـارە کردۆتـەوە کـە تاکڕەویـی و قۆرغکردنـی دەسـەڵاتی عیـراق بـۆ لایەنێکـی دیاریکـراو، جگـە لـە کارەسـات و ماڵوێرانـی، هیـچ شـتێک بـۆ خەڵکـی عیـراق بەرهـەم ناهێنێـت، کوردیـش لـە سـۆنگەی ئەزموونـی تاڵییـەوە لەگـەڵ ڕابـردووی کارەسـاتباریی عیـراق خەمخۆریـی هەمـووان و عیراقـی فیدراڵـی دیموکراتـی فرەییـەو سـەنگی خـۆی لـە پێنـاوی سـەقامگیری عیراقـدا خسـتۆتەگەڕ.

٢٠١٠/١١/٩

# هەمیشە یەکڕیزی

دوێنێ، سەرۆک کۆمار بەشێوەیەکی رەسمی نوری مالکی بە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عیراق راسپارد. مۆڵەتی دەستووریی پێکهێنانی حکومەتەکە یەک مانگە، لەکریسمس تەواو دەبێ. زەحمەتە ئەو ماوەیە هەروا بە ئاسانی بڕوا، ناکۆکی ناو خودی فراکسیۆنەکان و گەمە سیاسییە ئیقلیمییەکانیش گرێ و کۆسپ ئەخەنە سەر ڕێی کارەکەی مالکییەوە، بەڵام ماوەکە یەک مانگە و دەبێ سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو بایی متمانەی پەرلەمان لایەنە جۆراوجۆرەکان رازی بکات.

بۆ ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش، مانگێکی ئاسان نابێ، بەتایبەت کە ئیستحقاقە وەزارییەکان بەشی هەموو لایەنەکانی ناو فراکسیۆنە کوردستانییەکان ناکات، بۆیە لایەنە کوردستانییەکانیش دەبێ جارێکی دیکە دانوستانێکی ناوخۆیی دەستپێبکەنەوە.

لایەنە کوردستانییەکان، کە ئاڵۆزترین قۆناغی پێکهێنانی حکومەتی نوێی بەسەرکەوتوویی بڕی و توانیی پۆستی سەرۆک کۆماری بپارێزێ، هەرچەندە لە ماوەی دانوستانەکاندا، کە پتر لە حەوت مانگی خایاند گوشاری زۆر لەسەر لایەنە کوردستانییەکان هەبوو، بەجۆرێک زۆرجار رەوتی ئەو گوشارانە وئەجێندا جۆراوجۆرەکان ئاماژەی ئەوەیان لەخۆ هەڵگرتبوو کە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار بە کارێکی زەحمەت دەهاتە بەرچاو، بەڵام بە یەکگرتوویی هەڵوێستی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و پێداگیریی روون و باش پاساودراوی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان سەبارەت بەسازشنەکردن لەسەر پۆستی سەرکۆمار و هەڵوێستی

ئیجابـی چەندیـن لایەنـی کاریگـەری تـری عیـراق لـەو بـارەوە، سـەرئەنجام ئـەوەی گەلەکەمـان ویسـتی ئـەوە هاتـەدی.

ئـەم مانگـەش فراکسـیۆنە کوردسـتانییەکان و بەگشـتیش لایەنـە کوردسـتانییەکان لەسـەریان پێویسـتە کـە بەیەکگرتوویـی لـەم ئەزموونەشـدا سـەرکەون و هـەرزوو دیـدی هاوبەشـی خۆیـان یەکلابکەنـەوە، بـۆ ئـەوەی بتوانـن بەیـەک دڵـی و یـەک چـاوی و بەپشـت ئەسـتوورییەوە، ئیسـتحقاقاتی ئـەم قۆناغـەش وەدەسـت بێنـن.

یەکگرتوویـی و یەکڕیزیـی لایەنـە کوردسـتانییەکان لـەم قۆناغـەدا، تەنیـا بـۆ ئـەم قۆناغـە یـەک مانگییـە گرنـگ نییـە، بەڵکـو بـۆ قۆناغـی دواتریـش گرنـگ و پێویسـتە، چونکـە زۆر ئامـاژەی وا هـەن کـە پێکهێنانـی حکومەتـی نـوێ لەلایـەن مالکییـەوە بـۆ پرۆسـەی سیاسـیی عیـراق کۆتایـی مەسـەلەکان نەبـێ، زۆر لـە چاودێرانـی سیاسـیی پێیـان وایە کـە مـاوەی دووەمـی سـەرۆک وەزیریی مالکـی پـڕە لـە قەیرانـی جۆراوجۆر، بەتایبـەت کـە زۆر لایەنـی ئیقلیمـی و نێودەوڵەتـی و ناوخـۆی عیراقیـش کـەم و زۆر لـەو ئەنجامـە رازی نیـن کـە لـە دیاریکردنـی سـێ سـەرۆکایەتییەکە کەوتـووە، لەبەرئـەوە ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە دەیـان دەرفەتـی بچـووک و گـەورە بقۆزنـەوە بـۆ قەیرانسـازی لەبـەردەم پرۆسـەی سیاسـیی عیراقـدا.

بۆیـە وا پێدەچـێ نـەک تەنیـا لەپێنـاوی ئیسـتحقاقە دەسـتوورییەکانی کوردسـتان، بەڵکـو بـۆ تێپەراندنـی قەیرانـە چاوەڕوانکراوەکانیـش، یەکڕیزیـی لایەنـە کوردسـتانییەکان زۆر پێویسـت بـێ.

٢٠١٠/١١/٢٦

# ڕێککەوتنی ستراتیژی لەبەرەی گەلدا

مێـژووی سیاسـیی خەباتـی گەلـی کوردسـتان، لـەو کاتـەدا چانسـی سـەرکەوتن و بردنـەوەی بـۆ لـواوە، کـە هێـزە سیاسـییەکانی بەیەکڕیـزیو یەکگرتوویـی بەرەنـگاری داگیرکەرانیـان کـردوەو لەچوارچێـوەی ڕێککەوتنێکـی بەرەیـی یـان سـتراتیژی خۆیـان ڕێکخسـتووە، ئەمـە ئـەم وانەیەیـە کەلەڕاپەرینـەوە فێـری بوویـن و لـەدوای پرۆسـەی ئازادیشـەوە لەگـەڵ هەنگاوەکانـی پێکهێنانـەوەی حکومەتـی عیـراقو نووسـینەوەی دەسـتوورو چەسـپاندنی مافـە ڕەواکانـی خەڵکـی کوردسـتان، جارێکـی تـر لەسـایەی ڕێککەوتنـی سـتراتیژیی یەکێتـی و پارتییـەوە دووبـارە بـۆوە. ڕێککەوتنـی سـتراتیژی کەبەرهەمـی ئەقڵانییەتـی سیاسـی و بەرنامـەی سـەرکردایەتیی پارتـی و یەکێتییـە لەپێنـاو دورخسـتنەوەی مەترسـییەکان لەسـەر گەلی کوردسـتان و لەپێناو دروسـتکردنی شورەیەکی یاسـایی و دەسـتووری سیاسـی و ئابـووری و بگـرە کۆمەڵایەتیـش بـۆ پاراسـتنی ئـەم گەلـەی لەڕابـردوودا دووبەرەکـی و شـەڕی نەگریسـی ناوخـۆ زۆری چەشـتبوو. هەرچەنـدە لەدوێنـێ و ئەمرۆشـدا کەسانێک هەبوون، وەبگـرە ڕاشـکاوانە تـر بڵێیـن، لایـەن هەبـووەو هەیـە کـە ناکـۆک بـووە بـەم ڕێککەوتنـەو لەژێـر پاسـاوی هەمەجـۆردا وەک ئـەوەی لەسـەروتاری گۆڤار (لڤیـن)ی ژمـارە (١٤٩)دا هاتـووە، بەمەترسـی زانیـوە بـۆ سـەر خۆیـان، بـەڵام لەکاتـی سـاغکردنەوەی ئـەم کاڵایـە لەبـازاڕی ڕۆژنامەگەرییـدا لەژێـر تایتڵـی مەترسـی بۆسـەر بەرژەوەندییـە باڵاکانـی گەلەکەمانـدا هەوڵـی فرۆشـتنیان داوە. لەسیاسـەتدا بەپێچەوانـەی زۆر کایـەو چالاکـی تـر، پێوانـەی سـەرەکی بریتییـە لەبەرژەوەندیـی و قازانـج و زەرەر. واتـە ئەگـەر بڕیاربێـت بابەتێکـی گرنگـی وەکـو ڕێککەوتنـی سـتراتیژی نێـوان

یەکێتی و پارتی هەڵبسەنگێنرێت، وەکو ئەوەی ئەم ماوەیە زیاتر لەجاران لەلایەن چەند نووسەرو رۆژنامەنووسێکەوە دەکرێت، ئەوا دەبێت پێوەرەکان ئەوە بن کە ماوەی چوارساڵی رابردووی ئەم رێککەوتنە، چی لێکەوتەوە و چیشی لەدەست داین؟ بەرهەمی ئەم رێککەوتنە پێش هەموو شتێک بریتییە لەتێپەڕاندنی قۆناغی مەترسی شەڕی ناوخۆ، دروستکردنی کەشێکی سیاسی تەندروست و لەبار بۆ چالاکیی سیاسی و بووژانەوەی ئازادی و دیموکراسی باشترین بەرجەستەی فیعلی ئەم دروشمانەش کۆتایی هێنان بوو بە دوو ئیدارەی و دروستبوونی یەک حکومەتی یەکگرتوو و هاتنەکایەی پەرلەمانێک لەرێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە، کە ئەمرۆ هەموولایەک، بەوانەشەوە کە لەدەرەوەی رێککەوتنەکەن، نوێنەرایەتیان هەیە تیایدا. ئەوە جیا لەوەی لەسایەی ئەم یەکڕیزییەوەیە بەشێک لەمافە رەواکانی گەلی کوردستان لەبەغدا بەدیهاتووە و هەمووشمان چاوەڕێین لەچوار ساڵی ئایندەدا حکومەتی عیراق کە کورد رۆڵی سەرەکی تیادا دەبینێ، بەتایبەت دوای دەستپێشخەرییەکی سەرۆک بارزانی، چاوەڕوانین ئەم چوارساڵە، چوار ساڵی یەکلاکردنەوەی چەند ئامانجێکی تری سیاسی و ئابووری گەلی کورد بێت. هەر لەسۆنگەی ئەم رێککەوتنەوە، ئەمرۆ کورستان بەپرۆسەیەکی خێراو بەهێزی گەشەکردنی ئابووری و ئاوەدانی دەڕوات، کە بەدڵنیاییەوە ساڵ بەساڵ باشترو ئاشکراتر ئەنجامەکانی دەبینرێت کەواتە رێککەوتنی ستراتیژی، رێککەوتنێکە لەبەرژوەندیی گەلدا شکاوەتەوەو بەرژەوەندییە باڵاکانیشی پاراستووە.

٢٠١١/١/١٢

# بۆچی هاوپەیمانێتی یەکێتی و پارتی پێویستە؟

١

ڕەنگە ئەم پرسیارە ئەوەندە کرابێ و ئەوەندەیش بە ئیجتیهادی جیاجیا وەڵام درابێتەوە کە شتێکی نوێی تێدا نەمابێ دەمەزەرد بکرێتەوە، بەڵام زۆر جار پرسیاری تەقلیدیش بێ وەڵامێکی تێروتەسەل تێپەڕ دەبێ، پشتبەستوو بەوەی هەموومان وەڵامەکەی دەزانین. لەم کەینوبەینەدا لەبیرمان دەچێ کە دەشێ هەمان پرسیار لە کات و شوێنی جیاوازدا وەڵامی جیاواز بداتەوە.

وەڵامی تەقلیدیی نەیارە سیاسییەکان بۆ پێویستیی هاوپەیمانێتیی پارتی و یەکێتی ئەوەیە: چونکە ئەم دوو حزبە لە ململانێ دەترسن، یان، ئەو دوو حزبە ناتوانن لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا یەکتری قبوڵ بکەن؟

زۆر کەسیش بە نارەوا ئەم هاوپەیمانێتییە دەخەنە چوارچێوەی پیلانگێڕان لە دیموکراسی و پاشقۆلگرتن لە گەرموگوڕیی پرۆسەی هەڵبژاردن.

لەم وتارەدا دەمەوێ بایەخی هاوپەیمانێتی پارتی لە هەڵبژادرنی داهاتوو دەربخەم و وەڵامی جیاوازی ئەمڕۆ بەو پرسیارە تەقلیدییە بدەمەوە.

هاوپەیمانن، چونکە ئارەزوویان لێیەتی

یەکەمین هۆکار کە ڕەوایەتیی بە هاوپەیمانێتی دەدات، مافی بەکارهێنانی ئیرادەی حیزبییانەی یەکێتی و پارتییە. هەردوولا مافی خۆیانە کە خاوەنی بڕیاری خۆیان بن و مافی خۆیان لە هاوپەیمانی یان هاوپەیمانینەکردن بەکار بێنن، ئەوە کە یەکێتی و پارتی دوو حزبی گەورەی کوردستانن دەبێ ئەو بڕیار و مافەیان بۆ

پەوتر بکات، نەک لێیان کەم بکاتەوە، جەماوەرییبوونی یەکێتی و پارتی، دیاردەی ئەوەی بەشێکی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خاوەندارێتی لە یەکێتی و پارتی دەکەن و بەشەئنێکی گشتیی و دوو دەستگەی گرنگی کوردایەتییان دەزانن، ئەو مافە لە ئەندامە فیعلییەکانی هەردوو حزب و ئەو بڕیارە لە سەرکردایەتیی هەردوو حزب ناسەنێتەوە کە خۆیان بڕیار لەسەر هاوپەیمانێتی یان هاوپەیمانێتینەکردن لەگەڵ یەکتری، یان لەگەڵ هی دیکە، بدەن.

بڕیاری هاوپەیمانێتی یان پێچەوانەکەی، ئیرادەی هەردوولایە و خەڵکیش دەتوانن دەنگ بۆ ئەو ئیرادەیە بدەن یان رەتی بکەنەوە و دیموکراسیش رێک هەر ئەوەیە. حزبی بچووک و تازەسەرهەڵداو قبووڵی نییە هەر کەسە و لە رێوە بێت و ئەجێندایەکی بەسەردا بسەپێنرێت و ستراتیژی بۆ بگۆڕێت، ئیتر حزبی رەسەن و خاوەن تەجرەبە چۆن ئەمە قبووڵ دەکات؟

هاوپەیمانن، چونکە ئەمە لە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکیشە

یەکێتی و پارتی، لەم هەلومەرجەدا هاوپەیمانن نەک تەنیا بۆ هەوا و فیزلێدانی ئەوەی ئیرادە و مافی حزبی خۆیان بەکار دێنن. حزبی گەورە و بەرپرس ئیرادە و مافی ئارەزوومەندانەی بڕیاردان مەحکومە بە بەرژەوەندیی گشتییەوە، یەکێتی و پارتی بەوە گەورە بوون کە حزبی بەرژەوەندیی گشتین بۆ کۆمەڵانی خەڵک، بەوەش بە گەورەیی دەمێننەوە کە بڕاردە سیاسییەکانیان بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک پتەوتر بکات، نەک پەرت یان کزی بکات، تەقدیری سەرکردایەتیی هەردوو حیزب وایە بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک، کە زۆربەیان بە دوو بەش دەنگیان بۆ یەکێتی و پارتی داوە، لەوەدایە ئەم زۆرە بەشکراوە یەک بەش بێت و ئەمیش هەوێنێک بۆ یەکێتیی نەتەوەیی کورد پێک دێنێت و لەسەر بنچینەی یەکێتییەکی وا ئاشتی کۆمەڵایەتیی، تەبایی سیاسی لەم قۆناغە ئینتیقالییەی کودستاندا جێگیرتر دەبێت.

٢

## ململانێی هاوپەیمانەکان؟

با لەدیوی گریمانەیەکی ناڕەواوە بۆ وەڵامی پرسیارە تەقلیدییەکە بڕۆین، ئەگەر قەوارەی یەکێتی و پارتی «عەرەب گووتەنی جدلا» لە ململانێی یەکتری زیان بە یەکتری و بە کورد بگەیەنن، ئەگەر ئەمانە یەکتریان پێ قبووڵ ناکرێت، ئەی باشە ئەم هەڵوێستەی هاوپەیمانێتی دەخاتە جێی ململانێی، جێی تەقدیر و رێز نییە؟

کە تەشخیسی رەخنەگرانی هاوپەیمانێتیی وایە یەکێتی و پارتی بردنەوە و شکستی یەکتریان پێ قبووڵ ناکرێت و لەم قبووڵنەکردنەیشەوە کێشە دەقەومێ، بۆچی تەقدیری ئەو کۆششە سیاسییە ناکرێت کە دەیەوێ بە هاوپەیمانێتی بەر بە کێشە بگرێت؟ بۆچی تانە لە رێگەیەکی سیاسیی گونجاو دەدەن کە سەر سەلامەتییە بۆ یەکێتی و پارتی و بۆ میللەتەکەیشمان کە بەشێکی زۆریان هەواداری ئەم دوو هێزەن؟ بێگومان ئەمە وە گریمانە و موجادەلە دەڵێین، دەنا هاوپەیمانێتیی هەردوولاڕێی ململانێی لە هەردوولا نەگرتووە و ئەوەندەی ململانێ بۆ گەشەی سیاسیی کوردایەتیی و بزووتنەوەی دیموکراتی پێویست بێت، بە پێچەوانەوە نزیکایەتیی یەکێتی و پارتی رێگە بۆ:

-لێکگەییشتن و کۆتاییهێنانی نامۆبوون بە یەکتری دەکاتەوە کە عادەتەن بەشێکی ململانێی نێوان هەر دوو هێزێک بۆ نامۆبوون لە ئاست یەکتر دەگەڕێتەوە، چونکە دەشێ هەموو ئەوێکی نامۆ دوژمنێکی موحتەمەل بێت.

-دۆزینەوەی رێوشوێنی نوێ بۆ ئیدارەدانی جیاوازییەکان خۆش دەکات و کەناڵی دیکەی چارەی ناکۆکییەکان دابین دەکات و زەمینە بۆ پایەداربوونی فەرهەنگی «پێکەوەهەڵکردنی ناکۆکەکان» دەڕەخسێنێ.

ترس و دەستکەوت

با وشەی (ئەمجارە) بخەینە سەر پرسیارە تەقلیدییەکە، (بۆچی ئەمجارەیش هاوپەیمانێتی یەکێتی و پارتی پێویست بوو؟)

ئەمجارەیش پێویست بوو، چونکە جاری پێشوو هاوپەیمانێتی دەستکەوتی هەبوو کەس هەیە تەجرەبەیەکی سەرکەوتوو بە یەکێکی دیکەی نادیار بگۆڕێتەوە؟

جاری پێشوو یەکێتی و پارتی پشتبەستوو بە بەری پرۆسەی ئاشتی لە رێککەوتنی واشنتۆن (١٧-ی ئەیلولی ١٩٩٨) پشتبەستوو بە یەکخستنی پەرلەمان و یەکخستنی ئیرادەی کوردی لە پرۆسەی رزگاریی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، چونکە هاوپەیمانێتییەکەی کوردستانییەوە لە هەڵبژاردنی کوردستان و لە هیی عیراقیشدا.

ئەم هاوپەیمانێتییە لە هەردوو ئاستەکە دەستکەوتی هەبوو بۆ هەر دوو حزب و بۆ هەموو حزبەکان و بۆ هەموو گەلی کوردستان. ئەگەر عیراقیەکانیش نکۆڵی لێ نەکەن بۆ عیراقیش خێری دایەوە.

باشە خێرە پشت لەم دەستکەوتانەی ئەم فۆرمە لە هاوپەیمانێتی بکرێت، تەنیا لەپێناو ئارەزوویەکی تیۆریدا؟ تەنیا لە پێناو گریمانەیەکی لاواز کە دەڵێ دەستکەوت

لـه ململانێـی هـەردوو لادایـە؟ بـا ئێمـە ئـەم فەرەزییەتـە نادیـارەی بـۆ ئاییندەیـە و لەعیلمـی غەیبدایـە بـە (ئەگەرێـک) بـۆ رابـردوو بەرپـەرچ بدەینـەوە، ئەگـەر یەکێتـی و پارتـی بـە جیـا دابەزینایـە و یەکتریشـیان قبـووڵ بکردبایـە، بـە دۆڕان و بردنـەوە، کـێ دەڵـێ دەسـتکەوتی هـەردوولا و کوردیـش زیاتـر دەبـوو؟

(واز لە ئەگەری ناخۆشی تەجرەبەکانی رابردوو بێنن).

بـە پێچەوانـەوە کـێ دەڵـێ ئەگـەر لـە یەکـەم هەڵبژاردنـی کوردسـتاندا، یەکێتـی و پارتـی بـە یـەک لیسـت دابەزیبـان قازانجـی بـۆ کـورد و بـۆ دیموکراتـی و بـۆ هەردوولایـش زیاتـر نەدەبـوو؟ کـە ئـەو (ئەگەر)انـە هیـی رابـردوون و ئێمـە چیتـر ناتوانیـن دەسـتی تێوەربدەیـن، بۆچـی نەبینـە خاوەنـی ئەگـەرە مسـۆگەرەکانی ئاییندە؟ ئایـا ناکۆکـی و ململانـێ، یـان هاوپەیمانێتیـی و لێکگەییشـتن، دوو سـەرکردەی کـوردی کـردە سـەرۆک کۆمـار و سـەرۆکی هەرێم؟ ئایـا ناکۆکـی یـان هاوپەیمانێتـی لـە ناوخـۆدا ئاشـتی ناوخۆیـی و لـە ئاسـتی عـراق و دەرەوەشـدا سـەنگی کـوردی بـەرز کـردەوە. ئەگـەر جـاری پێشـوو هـەردوولا تاڕادەیـەک لـە «تـرس»ی دەرکەوتـە ناخۆشـەکانی ململانـێ یـەک هاوپەیمانێتیی بـوون، ئـەوا ئەمجـارە هاوپەیمانێتـی پێویسـتە بـۆ پەرەپێدانـی دەسـتکەوتەکان. ئـەوی جـاری پێشـوو هاوپەیمانێتـی بـوو بـۆ تێپەڕاندنـی تـرس و نیگەرانـی لەسـەر هەڵدانـەوەی ناکۆکـی و ئەمجـارە هاوپەیمانێتییـە بـۆ دەسـتکەوتی زیاتـر، دەسـتکەوتی حزبـی تـر بـۆ هـەردوولا و دەسـتکەوتی نەتەوەیـی دیکـە بـۆ گەلـی کـورد کـە شایسـتەیەتی.

## ٣

## هاوپەیمانێتیی بۆ دیموکراسی و بۆ کوردایەتیشە

هاوپەیمانێتیـی پارتـی و یەکێتـی، تەنیـا بـۆ مەسـەلە ناسیۆنالیسـتەکە نییـە، بـۆ پەرەپێدانـی دیموکراسیشـە، چونکـە هـەردوولا رێیـان لـە خەڵکـی دیکـە نەگرتـووە ململانـێ بکـەن یـان هاوپەیمانێتـی لـە بەرانبـەر هـەردوولادا پێکبێنـن، بـەڵام مەسـەلەی نەتەوەیـی بەشـێکی گرنگـی هاوپەیمانێتیـی پارتـی و یەکێتیشـە، ئەمەیـش مەسـەلەیەکی عەیـب و شـەرمەزاری نییـە، بەڵکـو شـانازی و رەسـەنایەتییە، حزبەکانـی کوردایەتـی ناوەکانیـان ناونیشـانیانە: حزبـی کوردایەتـی و مەسـەلەی نەتەوەیـی گەلـی کـوردن. ئەمـە رەوت و ئامانجێکـی نـاڕەوا نییـە، بەڵکـو رەوا و شانازیشـە، پارتـی و یەکێتـی بـۆ ئـەم مەسـەلەیە هاوپەیمانێتـی نەکـەن ئـەی بۆچـی بیکـەن؟

هەڵەی داشـکاندنەوە بەلای مەسـەلەی رەوتی دیموکراسـیدا لەسـەر حیسـابی مەسـەلەی

کوردایەتیی هیچی جیاواز نییە لە هەڵی داشکاندنەوە بە لای پرسی ناسیۆنالیستی لەسەر حیسابی ململانێی نەتەوەییەوە، کوردستان تەنیا بە (گۆڕەپان)ی ململانێی سیاسیی دەزانێت نەک بە (نیشتمان)ی هەموو پێکهاتەکان، بۆیە پێکەوەیی پارتی و یەکێتی بۆ مەسەلەی نەتەوەیی، کە هێشتا دەستکەوتەکانی ماویەتی، سیاسەتێکی نەتەوەیی دروستە.

رەخنەکان ستایشن

بەشێکی رەخنەی نەیارانی هاوپەیمانێتیی یەکێتی و پارتی، لە ئاکامدا وەک ستایش دەکەونەوە. رەخنەگران کە بە هیچ شتێکی ئەم دوو حیزبە رازی نین، پێ بزانن یان نەزانن ستاییشکاری پارتی و یەکێتیین. بەوەی گەرموگوڕیی پرۆسەی دیموکراسیی و جۆشوخرۆشی ململانێی هەڵبژاردن بە رکابەری ئەم دوو حزبەوە گرێ دەدەن. پێیان وایە بێ ململانێی ئەمان کەس قودرەتمەندی گۆڕان و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی نییە. ئەم رەخنەیە لە هاوپەیمانێتیی لیستی کوردستانی، خۆی لە خۆیدا ستاییشە. خۆی لە خۆیدا بەلاغی نیشاندانی ئیفلیجی هەر هێزێکی رکابەرە کە بتوانن ململانێکە گەرم بکەن و هەڵبژاردنەکە جۆش بدەن. ئەمەش شتێکە تاوانی یەکێتی و پارتی تێدا نییە. یەکێتی و پارتی دەتوانن بەرپرسیار بن بەرانبەر بە قودرەتمەندی خۆیان، ناتوانن بەرپرسیارێتی ئیفلیجی لایەنانی دیکە بکەن. لەبەر ئەو هۆکارانە، پارتی و یەکێتی شایانی دەستخۆشی لێکردنن. وەختێک بە سیاسەتێکی ژیرانە دەکارن ئەم هەموو فاکتەرانە لە یەک وێستگەدا، کە وێستگەی هەڵبژاردنە، دابین بکەن.

# فیدراڵی پێش هەموو شتێك شانازییەكی نەتەوەییە

فیدراڵــی شــانازییەكی گــەورەی نەتەوەییــە بــۆ كوردایەتیــی هاوچــەرخ، نــەك تەنیــا لەبــەر ســەنگی ئــەم خەیــارە سیاســییەو ئــەوەی تــا چەنــد دەتوانێــت دابینــی ویســتە نەتەوەییەكانــی كــورد بــكات لەبەڕێوەبــردن و بڕیــاردان لەچارەنووســی سیاســیی خۆیــدا، خاڵــی تایبەتمەنــد لەشــانازی فیدراڵــی، ڕێــڕەوی دیاریكــردن، بڕیــاردان و جێگیركردنێتــی لەچەمكێكــی سیاســیی داواكــراوەوە بــۆ سیســتمێكی سیاســیی چەســپێنراو لەدەســتووری هەمیشــەیی عیراقــدا كەعیراقییــەكان بەكــوردو عــەرەب و توركمــان و كلــدۆ ئاشــوورییەوە لــە٢٠٠٥/١٠/١٥دا دەنگیــان بــۆ دا. واتــا لەدەســتووری هەمیشــەیی ئــەو دەوڵەتــەدا چەسپاندی كەهــەر لەســەرەتاوە كەیفی بەچارەی كــورد نەدەهــات چ جــای ئــەوەی كەیفی بەچارەســەری كێشــەكەی بێــت. چونكــە هــەر دوێنــێ بــوو كــە لــە ١٩٣٤/١٠/٣ عیــراق بــە ئەندامــی عوســبەتلئومەم وەرگیــرا بــێ ئــەوەی بەڵێنەكانــی تایبــەت بەمافەكانــی گەلــی كــورد جێبەجــێ بــكات. مــاوەی نێــوان ١٩٩٢/١٠/٤ كــەڕۆژی جاڕدانــی فیدراڵییــە لەیەكــەم پەرلەمانــی هەڵبژێــردراوی كوردســتانەوە بــۆ ٢٠٠٥/١٠/١٥ كــەڕۆژی یەكــەم ڕاپرســییە لەســەر دەســتووری عیــراق، تەنیــا نزیكــەی (١٣) ســاڵە كەئەویــش هیــچ نییــە لەعومــری دووردرێــژی مێــژوودا، یانــی كوردســتان لەمــاوەی (١٣) ســاڵدا بژارەیەكــی سیاســیی دیاریكــردو وێســتگە لــەدوای وێســتگەی سیاســەتی كوردســتانی و عیراقــی ڕمینــی بــۆ پەیداكرد. تەنانــەت لەیەكــەم باســی ڕاشــكاوی فیدراڵییــەوە كــە لەســیمینارێكی هەڤــاڵ مام جــەلال لەســاڵی ١٩٨٧، لەوڵاتــی ئیســپانیا دەســتیپێكرد، تــا ڕۆژی گۆڕینــی لەبیرۆكــەوە بــۆ واقیعێكــی دانپیانــراو، هێشــتا ماوەیەكــی كەمــە، لەبیرۆكــەی ســەركردەیەكەوە لەســاڵی

١٩٨٧ بۆ ئیرادەی میللەتێک لە١٩٩٢و لەوێشەوە بۆ ئیرادەی سەرجەم هاوبەشەکان لەوڵاتی عیراقدا لەساڵی ٢٠٠٥دا سیاسەتی گەلێک وڵاتی گەورە زەمەنێکی زۆرتری گەرەکە تا چەمک و سیستمێکی دیاریکراو دیاریدەکەن و ئیرادەی بۆ دەخەنەگەڕ. بەڵام کوردایەتی کە بزووتنەوەی گەلێکی بندەست و داماوی سەدەی بیستەمەو کەمترین دەرفەتی ئازادی و خۆ گوزارشتکردنی پێدراوە لەیەکەم چانسی دیموکراتیدا دوای چەند مانگێک لەهەڵبژاردنی سەرتاسەری لە١٩ی مایسی ١٩٩٢دا جاڕی فیدرالی بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عیراقدا. لەوەختێکدا لولەی دەبابەکانی رژێمی سەددام حسێن سێبەرێکی ڕەزاقورس بوو بەسەر کوردستانەوە، ڕێک لەو کاتەدا پەرلەمان بنەما یاسایی و سیاسییەکانی ئەم بڕیارە مێژووەی لەدیباجەکەی خۆیدا، وەک بانگەوازێکی مێژوویی، جێکردەوە، لەو سیانزە ساڵەشدا کوردایەتی لەهیچ میتنگ، هاوپەیمانێتی و کەینوبەینێکی سیاسیدا بەشداری نەدەکرد ئەگەر ئەم داخوازییە دەنگ بۆ دراوەی کوردستان بەشێک نەبووبێت لەبەندوباوەکانی. لەهەموو کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن لەناوەوەو لەدەرەوەی وڵات، لەهەولێر تا ڤیەننا، لەنیویۆرک تا لەندەن و ناسریە، تا ئەوەی ئەمریکای فیدراڵی و ئەوروپای موتەمەدن، دیموکرات و خاوەن تەجرەبەی زۆری فیدراڵی لە گەڵ داوای کورد هاتنە سەرخەت و سەرەنجام عیراق بەو شێوەیە ڕێکخرا کە فیدراڵی ببێتە باسێکی سوننەتی ئەوتۆ هیچ هێزێکی عیراقی نەتوانێت خۆی لێ نەبان بکات و قسەیەکی لەبارەوە نەڵێ.

جا مادام هەر لەکەشوهەوای وەبیرهێنانەوەی ساتی مێژوویی بڕیاردانی فیدراڵین، جێی خۆیەتی لێرەدا ڕۆڵی پڕ سەروەری ڕۆژنامەگەریی نیشتمانپەروەری کوردستان بەگشتی و هی کوردستانی نوێش بەتایبەتی وەبیربێنینەوە لەهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەم چەمکەو کارکردن بۆ تێگەیاندن و تەشویقکردنیان بەوەی فیدراڵی جۆرێکی باڵایە لەپیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین، ئەم سەروەرییەش وێستگەیەکی ترە لەسەنگەربەندی ڕۆژنامەگەریی ئازادیخوازی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی میللەتەکەماندا. لەبەرە ئەوە یادی چەسپاندنی ئەم ئیرادە نەتەوەییە، چیرۆکی ئەم ڕێڕەوە لەسەرکەوتن، ئەهێنێ جێی سەرنجی ئەکادیمیستەکانی کوردو قەڵەم بەدەستەکانی مژول بەئەدەبیاتی کوردایەتییەوە بێت. بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە لەئاستی عیراق و بەداخەوەش لەناوەوەی کوردستان خەڵکانێک هەن دەخوازن ئەم بڕیارە مێژووییەی گەلی کوردستان کلک و گوێ بکەن لەجێی ئەوەی پەرەی پێبدەن و ماناو دەستکەوتی تری بۆ کەڵەکە بکەن.

دەخـوازن پاشەكشـێی پێبكـەن و لەفیدراڵـی سیاسـییەوە، وەک یەكێتـی ئارەزوومەندانـەی عیراقییــەكان، بیكەنــە فیدراڵییەكــی ئیــداری بــێ رۆح و بــێ گیــان . خــوردە فیدراڵــی پارێـزگاگان و شـارۆچكەكانمان بەنرخـی فیدراڵییەكـی سـەنگین پـێ بفرۆشـنەوە. هەڵبـەت بزووتنـەوەی كوردایەتـی كـە لـە (١٣) سـاڵ و لەنـاو تەڵـەو تەپكەكانـی داگیركـەردا توانـی ئیـرادەی بڕیـار لێـدراوی میللـەت بچەسـپێنێ، دەرەقەتـی ئـەم تەشـقەڵە لۆكاڵیانـەش دێـت و بـۆ زاڵبـوون بەسـەریدا كەمتـر لەنەبەردییەكـی سیاسـیی پێویسـتە. تـا بـژارەی میللـی كـورد چەسـپاوە دەشـێ پێـش بخرێـت و پـەرەی پـێ بدرێـت، بـەڵام پاشەكشـێ بـۆ دواوە هەرگیـز!

# فەسڵی حەوتەم

# خەبەرون و تەعلیق

# (رووبەر)ێکی تر بۆ (رووداو)ی بێلایەنی

دوو روونکردنەوەی گرژی هەردوو هەفتەنامەی (رووبەر) و (رووداو)مان خوێندەوە کە زیاتر لەبەلاغی سیسیی دەچوو تا روونکردنەوەیەکی رۆژنامەنووسی. ئەمەش رەنگە پەیوەندیی بە پاشخانی سیاسیی هەردووکیانەوە هەبێ.

ئێمە ناخوازین بچینە ناو خاڵ بە خاڵی هەردوو روونکردنەوەکەوە، تەنها ئەوە دەڵێین کە نەک ئێمە، بەڵکو هیچ خوێنەرێکی وشیاری نێوەندی رۆژنامەنووسیی کوردستان باوەڕ بەو ئیدعایە ناکات کە (رووداو) و (رووبەر) سەربەخۆ و بێلایەن بن، ئێمە ئەم ناسنامەیە بۆ ژمارەیەک رۆژنامە و گۆڤاری تر ناسەلمێنن کە پرۆفیشناڵتر لە (رووداو) و (رووبەر) توانیویانە پەیوەندیی سیاسیی خۆیان بەم لایەن، یان ئەو لایەنی سیاسیی بشارنەوە چ جای بۆ هەردوو رۆژنامەی ناوبراو کە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی ناسەربەخۆیان شتێک نییە شاراوەبێت و ئێمە ئاشکرامان کردبێت، خۆ لێدوانی راشکاوانەی بەڕێز فازڵ میرانی لە کوردستان TV کە وتی: رووداو و رووبەر نزیکن لە ئێمە، چاکترین بەڵگەیە و ئێمە تا قسەی بەڕێزیان مابێ بەلاغی هەردوو هەفتەنامەکە قەت بە سەنەد وەرناگرین. هەر لەو چوارچێوەیەشدا سەیری سیاسەتی تەحریریان بەرامبەر یەکێتی دەکەین و ئەندازەی پەرۆشی ستافەکانیان بۆ دۆستایەتی و هاوپەیمانێتیی نێوان یەکێتی و پارتی هەڵدەسەنگێنین و رووبەر و رووداو لە تەفسیری ئەم قسەیەدا ئازادن.

ئەمما قسەی ئەوەی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی بە روونکردنەوەی پێشووی لەسەر گۆڤاری گوڵان و باسکردنی (رووداو) و (رووبەر) دەیەوێ پەیوەندیی یەکێتی

بـه میدیـای ئـازادەوە تێکبـدات. ئـەوا رەنگـە باشـترین بەڵگـە بێـت لەسـەر نییەتـی سیاسـیی هـەردوو رۆژنامـەی خـاوەن بـەلاغ. هـەردووک دەخـوازن تانـە لە رۆڵـی ناوبژیوانی مەکتەبـی راگەیاندنـی یەکێتـی بدەن لـە زۆر کێشـەی تـردا وەختێـک لـە بەرزترین ئاسـتی حزبـە هاوپەیمـان و دۆسـتەکانمانەوە پەیوەندیمـان پێـوە دەکرێـت کـە فڵانـە رۆژنامـە یـان فیسـارە گۆڤـاری ئـەم دەڤـەرەی ئێمـە بابەتێـک یاخـود هەواڵێکـی ورووژانـدووە کـە مانـا و تەفسـیری سیاسـیی لایەنـداری هەڵدەگـرێ. ئێمـەش سـەرەڕای ئـەوەی هیـچ پەیوەندییەکـی ئۆرگانیکیمـان بـەو رۆژنامـە و گۆڤارانـەوە نەبـووە، بـەڵام ناوبژیوانێکـی بـە ئەمانـەت بووین.

ئێمـە هەمیشـە رامـان وا بـووە رۆژنامـەکان سـەر بـەم لا، یـان ئـەو لا، یـان سـەر بـە لایەنـی تریـش بـن، لـە جێـی ئـەوەی ببنـە هـۆکاری ئالودەکردنـی پەیوەندییـە سیاسـییەکان، دەشـێ رۆڵـی خێـر بگێـڕن و لـە رووی کاری میدیاییشـەوە لـە یـەک مەسـافە لـە نێـوان لایەنـە هاوپەیمانـەکان بووەسـتن، بەڵکـو خوایـە رۆژێـک لـە قۆناغـی ئیدعـای بێ لایەنییـەوە بیگوازنـەوە بـۆ بێلایەنییەکـی فیعلـی، ئەمـەش سـەبارەت بـەوەی گەشـەکردنی رۆژنامەنووسـیی کوردسـتانی، سـەرباری تۆمەتـە ناڕاسـتەکانی دوو رۆژنامـەی جێـی بـاس، خەمێکـی رۆژنامەوانیـی ئێمەشـە.

٢٠١٠/٤/٥

# بۆ نا.. با بگەڕێینەوە

لــە هەولێــر رۆژنامەیــەک دەردەچێــت، کــە تەنیــا ناوەکــەی پەیوەندیــی بەخەڵکــی هەولێــرو بەنــاوی هەولێــری پایتەختــی رەســمیی هەرێمــی کوردســتانەوە هەیــە، ئەمــە لەکاتێکــدا دەبــوو رۆژنامەکــە بــۆ هەمــوو لایــەکو بــۆ هەمــوو هەرێمــی کوردســتان بێــت.

رۆژنامــەی هەولێــر ماوەیەکــە بــە راســتو چەپــدا لــە هەناســەیەکی بچووکــەوە تــا لێدوانێکــی رەســمی، لەکادرێکــی بچووکــەوە تــا تێڕوانینەکانــی ســەرۆک کۆمــاری وڵات، تەنانــەت دیدارەکانــی مەکتەبــی سیاســیی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان دەداتەبــەر رەخنــەو تانــەو تەشــەر.

لەجیاتــی گفتوگۆیەکــی دۆســتانەو هێمنانــە، هەمیشــە بەشــێوازی نووســینەکانی، بەنووســینی نووســەرو تەنانــەت هاوکارەکانیشــی وای پیشــان دەدەن کــە راســتیی رەهــا لای خۆیانــە، نیشــتمانپەروەری عەیــار ٢٤ لای خۆیانــە، هەمــوو خەڵکــی تــر یــان لــەو شــتانە نازانــن، یــان پێیــەوە پابەندنابــن، یاخــود هیــچ رێگایەکــی تــر لــە بەردەمــی ئەوانــدا نییــە لــەوە زیاتــر دوای تێڕوانیــنو بۆچوونەکانــی رۆژنامــەی هەولێــرو نووســەرو هاوکارەکانــی ئــەو رۆژنامەیــە بکــەونو راســتییە رەهاکانــی ئــەوان وەک راســتیی رەهــا بــۆ خۆیــان قبــووڵ بکــەن.

مــن لێــرەدا نامەوێــت وەڵامــی ســەرجەم ئــەو نووســینە بێســەروبەرانەی رۆژنامــەی هەولێر بدەمــەوە، بــەڵام هــەر بــۆ نیشــاندانی ئــەوەی، کــە ســەرنجەکانی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتانو ســەرجەم لایەنــە سیاســییەکانی هەرێــم لەســەر رەوشــی سیاســیی هەرێــم (نــەک سیاســەتی رەوتەکــەی رۆژنامــەی هەولێــر)، ســەرنجی راستودروســتن، نموونــەی

پۆستەرێک دەهێنینەوە کە لەژمارەی ٢٤١٦ی ئەو رۆژنامەیەدا رۆژی چوارشەممە ٢٧ی تەمموز لە لاپەڕە ٩ی خۆیدا بڵاویکردۆتەوە، پۆستەرەکە ئەوەیە کە وێنەکەیمان داناوە.

پۆستەرەکە دەڵێت (کشتوکاڵو ئاژەڵداری نەوتی لەبن نەهاتوون، با بگەڕێینەوە بۆ سەوزکردنەوەی خاکی بەپیتی کوردستان).

رەنگە هیچ پۆستەرێک، وتارێک، تێبینییەکی یەکێتی، گۆڕان، لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستانو خەڵکی بەویژدانو هوشیارو ژیری ناو پارتی دیموکراتی کوردستانیش هێندەی ئەم پۆستەرە گوزارشت نەبێت لەو تەنگژەو قەیرانەی هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە.

عەرەب راستی وتووە (من فمک ادینک)، ئەم پۆستەرە گوزارشتێکی راستی کردووەو ئاماژەیەکی روون بەوەدەکات ئاژەڵدارییو کشتوکاڵ نەوتی لەبننەهاتوون، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم رۆژنامەیە بەناڕاستەوخۆو بەهەستی ناخی خۆی پێمان دەڵێت: بابە لە کوردستان سیاسەتی نەوت کۆتاییهاتووە، کە دەشڵێت (با بگەڕێینەوە) کەواتە ئەوەشمان پێدەڵێت هەنگاوێکی زۆر رۆیشتووین، سەرجەم لایەنە سیاسییەکانیش دەیانوتو تێبینی جدیشیان هەبوو لەسەر ئەو دۆسێیە.

کەچی وا تازە بەتازە رۆژنامەی هەولێر پێمان دەڵێت (با بگەڕێینەوە)، لەوە دەچێت رۆژنامەی هەولێر لە سیاسەتی نەوتی هەرێمو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بێ هیوابووبێتو هەر لەئێستاوە کەشوهەوا ئامادەدەکات بۆ (گەڕانەوە).

ئێمە دەزانین، هەموو ئەو کەسانەش کە لە بواری گەشەپێداندا کاران، دەزانن، هەموو کەسێکیش کە بیر لە ئایندەسازیی وڵات دەکاتەوە، دەزانێ، کە کشتوکاڵو ئاژەڵداریی؛ گرنگن، خۆزگە سیاسەتی ئابووریی کوردستان، سیاسەتی گەشەپێدانی کوردستان، لەبنچینەدا لەسەر کشتوکاڵو ئاژەڵداریی؛ دابنرایە، ئەوەی لەسەر سامانی سروشتیو نەوتو گاز، کە خێرو بەرەکەتێکن بۆ وڵاتەکەمان، بەدیدێت، بتوانرایە لەبواری گەشەپێدانو سەرهەڵدانەوەی ئابووریی کشتوکاڵو ئاژەڵداریدا بخرابایەتەگەڕ.

ئەم پۆستەرە پێش ئەوەی بانگەوازێک بێت بۆ بایەخدانی کوردستان بەکشتوکاڵو ئاژەڵداریی، لە نەستی رۆژنامەی هەولێردا زۆر بەئاشکرا ئەوە هەستپێدەکرێت کە سیاسەتی نەوتەکەمان کێشەی تێدایە، پێماندەڵێت (با بگەڕێینەوە)، چونکە زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە هەر باشە.

رەنگـە ئـەم پۆسـتەرە جوانتریـن وەڵام بێـت بـۆ وتـارە بێسـەروبەرەکانی رۆژنامـەی هەولێـر، چونکـە ئەگـەر ئـەو رۆژنامەیـە هیـچ سـەروەریی‌و دەستکەوتێکیشـی نەبووبێـت، ئـەوا ئـەم پۆسـتەرە جوانتریـن سـەروتارو جوانتریـن شـتە شـانازیی پێوەبـکات.

٢٠١٦/٧/٢٨

# دنەدەرانی کەناڵە سەربەخۆکان!

یەکێتییەکان هەقی خۆیانە بپرسن کەناڵی میدیای سێبەری حزبێک، کە بە پارەی پاشەکەوتکراوی میللەتو بۆرییە تەقێنراوەکانی نەوت پارەدار دەکرێن، بۆچی وا بە قوڵپی گریانەوە بۆ رەوشی ناوخۆی یەکێتی دەگیرێت؟ بۆچی وا بە ئامارو داتای داتاشراوی دزەپێکراو، زانیاریی چەوتو هەڵە لەسەر کۆمپانیای یەکێتیو دارایی یەکێتی بڵاودەکاتەوە، وەک بڵێی خۆیان بە سپۆنسەری ریکلامو ئابوونەی بەشدارانیان پارەی خۆیانو بژێویی کەناڵەکانیانو ئۆرگانەکانیان دابین دەکەن.

یەکێتییەکان هەقی خۆیانە بپرسن داخۆ راگەیاندنی یەکێتیو سیاسەتی راگەیاندنی یەکێتی، تا کەی دان بەخۆدا دەگرنو وەڵامی ئەم بوختانو چەواشەکارییانە نادەنەوە کە دژی حزبەکەیان، دژی تێکۆشەرانی راستەقینەی رێبازی هەڤاڵ مام جەلال، دەکرێن.

یەکێتییەکان هەقی خۆیانە بپرسن داخۆ تا کەی لە ئاستی ئەم میدیا ئاراستەکراوەی حزبە مونافیسەکانو نیەتی ئەوانەی لە پشتەوە سەپۆرتی ئەم کەناڵانە دەکەن، وەڵامێکی بە قەدەر خۆی نادرێتەوەو لە بەرامبەر چەواشەکاری وادا رەد و وەڵامی راستەقینەی جووت سیاسەتی پشت کەناڵی رووداو و کوردستان٢٤ نادەنەوە؟، ناشێ یەکێتی وا تێگەیشتبێت ئەوانە کەناڵی میدیای ئازادنو جگە لە رووماڵی پرۆفیشناڵانە، هیچ مەبەستێکی تریان نییە؟ جگە لە دەرخستنی بۆچوونو رووداوەکان؟

ئەوەی ئەم کەناڵانە بەرامبەر یەکێتی دەیکەن فەرهەنگی شەڕێکی ناوخۆی نەرمە کە لە راگەیاندنی سەردەمی شەڕی ناوخۆ مەترسیدارترە.

رەنـگو تەنـی لۆکەیـەو کـردەی چەقۆیـە دژی یەکێتـی. کـە وەڵامـی دنـەدەری ئـەم جـۆرە کەناڵانـە دەدرێتـەوە، هاواریـان لـێ بـەرز دەبێتـەوە گوایـە ڕاگەیاندنـی ڕەسـمی ئـەوان بێدەنگـەو ئـەو دوو کەناڵـە سـەربەخۆن، بێلایەنـنو هـی ئێمـە نیـن.

لـە ڕاستییدا چەنـد عیراقـی ژێـر ئینتیدابـی ئینگلیـزی، سـەربەخۆ بـوو، ئەمانـەش هـەر ئەوەنـدە سـەربەخۆو بێلایەنـن.

٢٠١٦/٩/٥

# باس‌و هەولێر، هەردووکتان پێکەوە

ئـەو رۆژنامـە سـێبەرانەی کـە بەپـارەی میللـەت دەردەچـن، یـان راسـتەوخۆ پارتـی پاڵپشـتیی داراییـان دەکاتو تەرخانـی هێرشـکردنە سـەر یەکێتـیـ-ن، ئەوەنـدە زۆر بـوون مەگـەر دوو رۆژنامـە، دوو رۆژنامـە وەڵامیـان بدەینـەوە، ئەمـڕۆ رۆژنامـەی هەولێـر، رۆژنامـەی دەستبەسـەرکراوی پارێـزگای هەولێـر، رۆژنامـەی بـاس-ی (سـەربەخۆیان) واتـە سـەر بـە پاراسـتنی پارتـی بەسـەردەکەینەوە، ئـەم دوو رۆژنامەیـە لـەدوو ژمـارەی دواییانـدا، شـتی وایـان نووسـیووە کـە هەقـە خاوەنەکانیـان بـە نـاوی خـوازراو و لـە رۆژنامـەی لاچەپـی کۆڵانـان بـڵاوی بکەنـەوە، چونکـە بیرۆکەکانیـان ئەوەنـدە بۆگەنـن، زۆر سـەیرە خاوەنداریێتـی لەمجـۆرە بیرۆکانـە بکـەن.

ئەمجـۆرە راگەیانـدن‌و رۆژنامانـە کارێکیـان کـردووە هەمـوو چەمکـە نیشـتمانییەکان‌و هەمـوو چەمکەکانـی عەدالـەت‌و سیاسـەتی نیشـتمانییان ئـاوەژوو کردۆتـەوە، لـە رۆژنامـەی هەولێـرو ئەوانـەی لـە پشـتەوە پاڵپشـتیی دارایـی دەکـەن، دەپرسـین، ئێـوە بەهـۆی سیاسـەتە چەوتەکانتـان لـە کەرتـی نەوتـدا نەتانتوانیـووە مووچـەی خەڵـک دابیـن بکـەن، ئێسـتا هەڵتـەک، هەڵتـەک پەشـیمانن‌و دەچنـەوە بـۆ لای بەغـدا، ئێـوە بەرپرسـن لـە خوڵقاندنـی قەیرانەکانـی ئێسـتای هەرێمـی کوردسـتان، خەتـای یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان‌و سـەرکردەکانی یەکێتـی چییـە کـە بـە مانشـێتی گـەورە دەنووسـن (ئەگـەر مووچـە بـەر لـە جـەژن نـەدرا بزانـە هۆکارەکـەی چییـە؟)، وا دامانـنـا مووچـەی بـەر لـە جـەژن هۆکارەکـەی گوایـە ئەوەیـە کـە لـە راپۆرتەکـەی ئێـوەدا هاتـووە، کـە لـە بنەڕەتـدا وانییـە، زەحمـەت نەبێـت ئـەی مووچـەی جەژنەکانـی رابـردوو، ئـەی مووچـەی

دوو سـاڵی رابـردوو، هۆکارەکـەی کێیـە؟، دیـارە هۆکارەکـەی سیاسـەتە سـەقەتەکانی ئێوەیـە کـە دەسـتی بەسـەر هەمـوو جومگەکانـی حوکمڕانـی ئـەم وڵاتـەدا گرتـووە، خەڵـک لێتـان پاڕایـەوە، سـەرۆک مـام جـەلال هەتـا بـە تەندروسـتیو توانـای خۆیـەوە بـووە لـە سـەرکردایەتییەکەتان پاڕایـەوە کـە ئـەم سیاسـەتە جەمسـەرگیرییە مەکـەنو گەلـی کـورد تووشـی فەلاکەتێـک مەکـەن، بـەڵام هـەر کردتـانو ئێسـتا هەڵتـەک، هەڵتـەک دەچنـەوە بـۆ لای بەغدا، پەشـیمانو داوای لێبـووردن دەکـەن بـۆ ئـەوەی بەغـدا بۆتـان داپۆشـێت، ئەمـەش هـۆکاری راسـتەقینەی نەمانـی مووچـەی خەڵکـە، هـی جـەژنو هـی بـەر لـە جـەژنو هـی هەمـوو جەژنەکانـی رابـردوو، هـی هەمـوو جەژنەکانـی داهاتـووش ئەگـەر کەسـێک لـە بەرامبـەر ئـەو سیاسـەتانەی ئێـوەدا رانەوەسـتێتەوە.

دەبێـت لـە رۆژنامـەی بـاسو ئەوانـەی کـە پـارەی حـەرام دەدەنـە ئـەم رۆژنامەیـەو پاڵپشـتیی دارایـی دەکـەن، بپرسـین زەحمەت نەبێـت هاتنی فەتلاوی وەکـو پەرلەمانتارێکی عیراقـی بـۆ هەڵەبجـەو سـلێمانی، تاوانـی گەورەیـە بەرامبـەر بەگەلـی کـورد، یـان ٣١ی ئاب کـە لەچەنـد رۆژی رابـردوودا یـادی ٢٠ سـاڵەی تێپـەڕیو یـەک میدیاتـان بەرێـزەوە یـادی شـەهیدانی ئەو رۆژەی نەکردەوە کە لەو رۆژەدا ئێوە بە کوشـتتان دانو ئەو کارەسـاتەتان خوڵقانـد بەسـەر گەلـی کوردسـتاندا؟، ئەگـەر ئەمـە بەرنامـە نەبێـت بـۆ ئاوەژووکردنـەوەی چەمکەکانــی نیشــتمانپەروەرێتیو دیموکراســیو چەمکەکانــی عەدالەتخــوازی، زەحمــەت نەبێـت لــە رۆژنامــەی بــاس دەپرســین، داواکردنــی مافــی کوردســتانو کەرکــوک لــە سیاسـەتی نەوتــی کــە شــەفافانە بێـت وەک لــە هەوڵــە راسـتەقینەکەی سـەرکردایەتیی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لەگــەڵ عەبــادیدا هاتــووە، نــەک وەک ئــەوەی کــە ئێـوە پڕوپاگەنـدەی بـۆ دەکـەن، ئـەم هەنـگاوە باشـترە، یاخـود چـوونو پاڕانـەوە بـە وەفدێکـی گـەورەو گرانـەوە بـۆ ئـەوەی پەرێـزی هۆشـیار زێبـاری وەزیـری بودجـە نەنێـری هەرێمـی کوردسـتان پـاک بکەنـەوە؟، کامەیـان نیشـتمانپەروەرێتییە، ئـەوەی کـە داوای مافـی گەلـی کـوردو موسـتەحەقاتی خەڵکـی کوردسـتان بکەیـت، داوای ئـەوە بکەیـت کـە سیاسـەتی نەوتـی، سیاسـەتێکی شـەفافـو رێـکو پێـک بێـت، داوای ئـەوە بکەیـت کـە کوردسـتان نەبێتـە بەشـێک لـە جەمسـەرگیرییە ئیقلیمییـە قێزەونـە مەزهەبییەکـە کـە گەلـی کـورد هیـچ پەیوەندیـی پێیـەوە نییـەو هەرگیـز بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی گەلـی کوردسـتان بەشـێک نەبـووە لـەم جەمسـەرگیرییە، سیاسـەتی جەمسـەرگیری مەزهەبـی پێچەوانـەی نیشـتمانپەروەرێتییە، سیاسـەتی هەلاکـەتو فەلاکەتـی کوردسـتانە، زۆرمـان پـێ سـەیرە ئەمجۆرە لێکدانـەوە چەوتانـە چییـە بەرامبـەر بـە حزبێـک کـە لـە بەیانییـەوە

تـا ئێـواره لێـی دهپاڕێنـهوه، ڕێکهوتنـه سـتراتیژییهکهتان لهگهڵـدا تـازه بکاتـهوه. ئـهو ههمـوو لێکدانـهوه چهوتانهتـان لـه قووتـووی هیـچ کوردایهتییهکـدا وێنـهی نییـه.

ئـهو بارودۆخـهی ئێـوه ئێسـتا لـه کوردسـتاندا دروسـتتان کـردووه، کارێـک دهکات کـه تهنانـهت ههڵبـژاردن لـه لـق یـان ناوچهیهکـی پارتیشـدا شـهرعییهت وهرنهگرێـت، نـهک کارکـردن لهسـهر ریفرانـدۆم کـه ئێـوه تهنهـا وهک دروشـمو بهمهبهسـتێکی دیاریکـراو باسـی دهکـهن.

لهسـهر سـهردانی فهتـلاوی کـه پهرلهمانتارێکـی عیراقییـه لـه عیراقـه تازهکـهی هۆشـیار زێبـاری تێیـدا وهزیـره، کردویانـه بـه ههڵـلا. خـۆ فهتـلاوی بـهو ههمـوو کهموکوڕییـهی بهرامبـهر بـه کـورد، هێشـتا بـه قـهدهر ئـهو سـوپایه تاوانبـار نییـه کـه ٣١ی ئابـی کـرد، ئـهو سـوپایه هـی عیراقـی کـۆن بـوو، ئـهو عیراقـهی ههڵهبجـهی جێـی پهرۆشـی درۆزنانـهی ئێـوهی بۆردومـان کـرد.

ماوهتهوه بڵێین به ڕێکهوت گۆشـهکهی د.سـالار عوسـمان لهژێر ناونیشـانی (نووسـهری سیاسـی) لـه ژمـارهی دوێنێـی ڕۆژنامـهی ههولێـردا وهک بڵێـی وهڵامـی نووسـینهکهی ئاریـان فـهرهج-ی لـه ههمـان ژمـارهدا داوهتـهوه کاتێـک لـه بهشـێکی گۆشـهکهیدا دهڵێـت: (مێـژووی نووسـینی کـوردی لـه نێوانیشـیاندا نووسـینی سیاسـی، پێمـان دهڵێـت: لـهو کاروانـهدا نووسـهرگهلێکی زۆر هـهنو عهودالّـی نـاون، لـێ نـاو ههنـدێ جـار بهگهشـی دهتخاتـه نێـو مێـژوو، ههنـدێ جاریـش بهڕهشـی).!!

٢٠١٦/٩/٧

# خەبەرون وەتەعلیقون

*بۆ رۆژنامەکەی (هەولێر)، ئەوەندە قینت لە یەکێتیە، کە یەکێتی هاوپەیمانی ستراتیژی١٠٠٪ ی پارتیش بوو، هەر نوقرچت لێدەگرتو تانەت لێدەدا. هەر بۆ ناکۆکیو براکوژی، دنەی کادری پارتیت دەدا، ئیتر تەعلیق-ی چی لە یەکێتی ئێستا دەدەیت، خۆت بەپەرۆشی چی نیشان دەدەیت؟!....

رۆژنامەو میدیای وەکو ئێوە، یەکێتیو گۆڕانو هەموو حزبەکانی تر لە پارتی تەراند، پارتی راگەیاندنی وەکو ئەوەی ئێوەی هەبێ، دوژمنی بۆ چییە؟ هەر لەبەرئەوە حزبەکانی تر کەناڵی وەکو کوردستان ٢٤و رووداو دانامەزرێنن چونکە دەزانن رۆژنامەی هەولێرو کۆی راگەیاندنی پارتی وەزیفەی دوژمنایەتیکردنی پارتی بە زیادەوە جێبەجێ دەکەن.

با سەرکردایەتی پارتی لەدنیا دۆست بۆ پارتیو کوردستان پەیدا بکات، کە ئێوە لە بنەوە هەموو دۆستایەتییەک لەگەڵ پارتی بن کۆڵ بکەن، سوودی چییە؟.

*ناوی ناهێنین نەوەکو بەڵگەمان لەسەر بڵاوبکاتەوە، بەس هێندە دەڵێین حەنان فەتلاوی ئەوەی باشە لەسەر یەک پەتە با تەنانەت پەتی لە سێدارەدانی کوردیش بێت. دەی ئەگەر فەتلاوی وا خراپە بۆچی خۆشتان دەعوەتتان کردووە؟.

٢٠١٦/٩/٨

# چی بچێنی...

بۆ هەر دەورانێک لە نەیارێتی سیاسیی تۆمەتی ئامادە ئامادەیە. بە تەنها حوکمڕانی کوردستان دەکەن، گرێبەستی نەوتی پەنجا ساڵە ئیمزا دەکەن، مۆنۆپۆلی پۆستەکان دەکەن، هەرکەسێک شەریکیان بێ گوێ لە تێبینی ناگرن. گوێ نە لە دۆست و نە لە نەیار دەگرن، کەچی بە دۆست دەڵێن خۆت لەگەڵمانی بۆ لە دژمانی؟ بە یاریش دەڵێن تۆ دوژمنو ئێمە حوکمڕانی دڵسۆزی کوردین، ئەگەر ڕاست دەکەن وەرن لەگەڵماندا بەرپرسیارێتی هەڵبگرن. خۆیان بە تاقە بەرپرسی کوردستان دەزانن، کەچی بەرپرسیارێتی هەڵناگرن. شت لە دەستیان دەشکێ کەچی وەک منداڵی لاسار حاشای لێ دەکەن، کە ئەو شتە ئەوان شکاندبێتیان. لە کوردستان ئەمجۆرە کڵاو لەسەرنانە چەندین ساڵە بەردەوامە، کەسانێک خۆیان بە بەرپرس بزانن، بەڵام بەرپرسارێتی هەڵنەگرن، پەرلەمانی داخستووەو دەڵێ: فەرموون بۆ ریفراندۆم.

بە تەلەفۆن وەزیری حزبەکان دەردەکەن، کەچی دوایی لە میدیاوە بانگی دەکەن بۆ کۆبوونەوە. دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە، کەچی گاڵتە بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە سلێمانیدا دەکەن. ئەم هەموو کەموکوڕییەیان هەیە، کەچی میدیایەکی بێ دەربەستیان بەرداوەتە گیانی حزبەکان.

٢٣-٢٤/٩/٢٠١٦

# ئازادیی ئێرەو ئازایی بۆ زۆنی زەردا!

ئەگەرچی یادکردنەوەو گێرانی چلەو گردبوونەوەو خۆپیشاندانو هەموو شێوازەکانی تری ناڕازی لەدەڤەری سلێمانی، جێگای شانازییەو هەرگیز بەرپێنەگیراوە، بەوپێیەی سلێمانی هەردەم کانگای دیموکراسیو ئازادی بووە، کە دواترینیان یادکردنەوەی چلەی رۆژنامەنووسی بوێر (وداد حسێن) بوو، کە ئەگەرچی لەشاری زاخۆو لەزۆنی زەرد تیرۆرکرا، بەڵام چلەی ماتەمینییەکەی هێنرایە سلێمانیو لێرە بەڕێوەچوو.

دیارە پرسیارێک لێرە دروستدەبێتو بەتایبەت رووبەڕووی چالاکوانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتەوە، بۆچی وەکو چۆن لەسلێمانیو ئەم دەڤەرە بەئازادیی هەموو چالاکییەک دەکەن، بەئازاییو بوێرییش چالاکییەکان ناگوازنەوە بۆ زۆنی زەرد، بەتایبەت کە تیرۆرکردنی ئەم رۆژنامەنووسەی (ئاژانسی رۆژ نیوز) لەوێ بووەو خۆشی خەڵکی ئەوێیەو سنووری چالاکییەکانیشی هەر ئەوێ بووە.

بۆیە پێویستە چالاکوانانی مەدەنی، ئازایی خۆیشیان لەهەولێرو ناوچەکانی تر تاقیبکەنەوە، بەو مانایە نا کە سلێمانی تەحەمولیان ناکات، بەڵکو سلێمانی هەردەم باوەشی کراوەیە بۆ هەموو جۆرە چالاکییەکی مەدەنیو لەم رووەشەوە درێغی نەکردووە، بەڵام عورف وایە تیرۆرکردنو کوشتنەکە لەکوێ بێت دەبێت لەوێش بەئازایانەو بوێرانە یادەکە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بەرپرسانی ئەم دەڤەرە هەست بەوە بکەن کە لەژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە ئەم تیرۆرە کراوە، بەتایبەت تیرۆری قەڵەمو ئازادی.

بۆیە لێرەشەوە درود بۆ گیانی پاکی کاکە وداد حسێن ـی بەغەدر شەهیدکراو

دەنێریـنو بەهیوایـن بـۆ لەمـەولا ئـەم بوێرییـە لەچالاکوانانـی مەدەنیـش بـەدی بکەیـن، کـە ئیتـر ئـەم چالاکیانـە زۆنـی زەردیـش بگرێتـەوە، بـا ئـەو زۆنـەش لـەم چالاکییـە دیموکراسـییانە بێبـەش نەبێـت، خـۆ ئەوێـش کوردسـتانە، بۆچـی بزاوتێکـی گەرموگـوڕ لەوێـش نەبێـت؟.

٢٠١٦/٩/٢٥

# خزمەتگوزاریی بەلاش و حەلاش

ژمارەیەکی نوێی رووداو، کەوتە بەردیدەی خوێنەرانی

ژمارەیەکـی نوێـی رۆژنامـەی رووداو کـە تـۆڕی میدیایـی رووداو دەریـدەکات، کەوتـە بـەر دیـدەی خوێنەرانـی، ئـەم ژمارەیەشـی وەکـو ژمارەکانـی پێشـووی تایبـەت کـردووە بـە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و زۆنـی سـەوز!.

بـۆ ئەوانـەی کـە رۆژنامەکەیـان نەخوێندۆتـەوەو نەبینیـوە، ئێمـە ناونیشـانەکانیان پـێ دەناسـێنین و ئەگـەر حەزیـش بکـەن تـەواوی رۆژنامـە بخوێننـەوە لـە کتێبخانەکانـی زۆنـی سـەوزدا دەسـتدەکەوێت!.

*مەلا کرێکار: ئێران مانگانە یەک ملیار دۆلاری لەزۆنی سەوز دەستدەکەوێت.

*ئەدهــەم بارزانــی دەڵێــت پارتــی هۆشــداری دەدات و ئێرانیــش دڵنیــای دەکاتــەوە لەســەر بارودۆخــی خۆپیشــاندانەکان.

*٢٧ی ئەیلول سلێمانی دەشڵەقێ؟

*خۆدزینەوە لە خۆپیشاندان سەرشۆڕیی و زەلیلییە.

*بەرپرسانی یەکێتی بەشدارن لەو زوڵمەی لەهاووڵاتیان دەکرێت.

*چ لایەنێک هانی خۆپیشاندان دەدات.

*مــەلا کرێــکار، ئێــران زۆنــی ســەوزی ئیســتعمار کــردووەو ســەرکردەکانی کردۆتــە شـیعە.

هەروەهـا لـە لاپـەڕەی شـرۆڤەو بۆچوونـدا چەنـد بابەتێکـی شـرۆڤەیی بڵاوبوونەتـەوە، کـە هەمـووی لەسـەر سـلێمانی و زۆنـی سـەوز و حزبەکانـی زۆنـی سـەوزن، لەوانـە:

*مون (شەق).

*بەپاسەوانکردنی یەکێتی.

*رێگەی کاریگەرتر لە خۆپیشاندان.

*پارتی لە سلێمانییەوە ناڕووخێندرێت.

*شانسی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

* کێ غەدری لەسلێمانی کردووە.

٢٠١٦/٩/٢٧

# سەرچاوەی تەنگژەکانی ئەمڕۆی کوردستان

راسته ناڕەزایی و خۆپیشاندانی ئێستای خەڵک پەیوەندیی بە قەیرانی دارایی و مووچەوە هەیە، بەڵام هەموو کێشەیەک ئەگەر رێ و شوێنی پێویستی بۆ نەگیرێتە بەر، نەک چارەسەر نابێت، بەڵکو زیاتر تەشەنە دەکات.

رەنگە هەبن بپرسن مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێم چ پەیوەندییەکی بە مەسەلەی مووچەوە هەیە، بەڵام ئەو پەیوەندییەی ئەو دوو مەسەلەیە پێکەوە دەبەستێتەوە، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکییە.

تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان رێگەی لە تازەکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی کوردستان گرتو وردە وردە سەری کێشا بۆ پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان، دیارە لەو مەسەلەیەشدا گرنگی پەرلەمان هەر ئەوە نییە کە مینبەری گفتوگۆکردنە، بەڵکو پەکخستنی پەرلەمان، واتە پەکخستنی دەزگایەکی گرنگی چاودێریکردنە کە چاوەڕوان دەکرێت لێپرسینەوە لە حکومەت و دەزگاکانی وەک سەرۆکایەتیی هەرێم و دام و دەزگاکانی بەرپرس بکات، بە دام و دەزگای بەرپرس لە پەیوەندیی سیاسیی هەرێم و بەغداشەوە.

دەبێت دەزگایەکی چاودێر هەبێت کە لەم دەزگا هەڵبژێردراوانە بپێچێتەوە و رۆڵی خۆی لە چاودێریکردندا بگێڕێت، لەسەر هۆکاری پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، گرێبەستی نیو سەدەیی لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێ، بپێچێتەوە.

گرێبەستێکی لەوجۆرە هیچ چەترێکی یاسایی نییەو پەرلەمانیش ئاگاداری نییەو لێشی نەکۆڵیوەتەوە، تەنانەت گرێبەستەکە هیچ چەترێکی سیاسیشی نەبێتو

ئیمتیازەکەشـی بـە وڵاتێـک دراوە کـە لـە هیـچ تەنگژەیەکـدا نەیسـەلماندووە پەرۆشـی دۆسـتایەتی هەرێمـی کوردسـتانە.

ئـەو مەسـەلانە پێویسـتیان بـە لێپێچینـەوە و لێپرسـینەوە هەیـە، بـەڵام پەرلەمـان پەکخـراوە و تەنگـژەکان قووڵتـر دەبێتـەوەو پەیوەندییەکانیـش ئاڵۆزتـر دەبـن و هیـچ لایەنێکیـش نییـە پەیوەندییـەکان رێکبخاتـەوە.

تانـەی رەوا لـە شـەرعیەتی سـەرۆکایەتی هەرێـم بۆتـە مایـەی پەکخسـتنی چاودێری‌و پەرلەمانـی کوردسـتان، ئەمـەش بـووە مایـەی ئیفلیجکردنـی حکومـەتو پاشـان دەرکردنـی وەزیرەکانـی حزبێکـی سـەرەکی لـە کابینـەی حکومەتـدا، ئـەم دەرکردنـەش هیـچ بیانوویەکـی نەبـوو و تەنهـا بـە بڕیارێکـی حزبـی، حکومـەت نیمچـە ئیفلیـج کـرا، ئەمـەش وایکـرد هـەر سیاسـەتێک بـۆ تەنگژەکـە لـە تەمتومانـی گومانـی حزبـە سیاسـییەکاندا بـزر بێـتو کاریگەریـی خـۆی لـە چارەسـەری تەنگژەکـەدا دانەنێـت.

لـە هـەر پرۆسـەیەکی دیموکراسـیدا، پەرلەمـان دەزگای دەربڕینـی ناڕەزایـی‌و جەوهـەری‌و سـەرەکییە کـە لـە کوردسـتان پەکخـراوە، بۆچـی خەڵـک هەقـی نەبێـت ناڕەزایـی دەربڕێـت کـە دەسـتوور و یاسـاو مافـی دابینـی کـردووە؟

بـە پەکخسـتنی پەرلەمـان لـە کوردسـتان کارێـک کـراوە کـە نەتوانرێـت ناڕەزایـی خەڵـک کەناڵیـزە بکرێـتو بـۆ چارەسـەری تەنگژەکان سـوودی هەبێـت، بەڵکـو وایکـردووە چاکسـازی‌و هەنگاوەکانـی حکومەتیـش شـوێنی خـۆی نەگرێـت، چونکـە لـە ژینگـەی گوماناویـدا حزبـە دەنـگ پێدەرەکانیـش ناتوانـن رۆڵ بگێـڕنو شـان بدەنـە بـەر ئەرکـەکان، ئـەوا دۆخەکـە لـەوە خراپتـر دەشـڵەژێت.

ئێسـتا دەبێـت جارێکـی تـر بەشـی پێشـەوەی ئـەم وتـارە بڵێینـەوە، تانـەی شـەرعیەت لـە سـەرۆکایەتیی هەرێـم سـەرەتای تەنگژەکانـە، داوای کاراکردنـەوەی پەرلەمانیـش کـە سیاسـەتێکی رەوا و دروسـتی یەکێتییـە، بایەخـی خـۆی وەردەگرێـت. دەبێتـە چارەسـەر یـان دەبێتـە نەخشـەڕێگای چارەسـەر، کارێـک دەکات دامەزراوەکانـی دیکـەو سـەرۆکایەتیی هەرێـم کـە ئەسـڵی کێشـەکانە، گەمـارۆ بدرێـتو کێشـەکان ئابڵوقـە بدرێـنو رێگـە بـۆ چارەسـەری تەنگـژەی سـەرۆکایەتیی هەرێـم بکرێتـەوە.

ئەمـە ئەسـڵی کێشـەکەیە نـەک خەڵـک بـە سـووتاندنی بارەگاو دروسـتکردنی سـیناریۆی بـارەگا تۆمەتبـار بکرێت.

٢٠١٦/٩/٢٨

# خانەی نیشتمانیی، تاپۆکەی لای ئێوە نییە

سـایتی فەرمـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان www.kdp.info لێدوانێکـی ناوەختـی سـەرۆکی فراکسـیۆنی پارتـی لـە (پەرلەمانـی بـە زۆر پەکخـراوی کوردسـتان) بڵاوکردۆتەوە کـە هەمـوو بێڕێـزیو بێحورمەتییـە بەرامبـەر سـەرکردایەتیی یەکێتـیو بەتایبەتیـش هەڤـاڵ هێـرۆ ئیبراهیـم ئەحمـەد، لێـدوان رێـک بوختانـی دڵخـوازی ئـەم سـایتەیە، کـە ماوەیەکـە رکابـەری لەگـەڵ کەناڵـە سـێبەرەکانی پارتـی دەکات، بـۆ ئـەوەی لـە کاروانـی چەواشـەکاریو پەلاماردانـی سیاسـیی حزبەکانـی کوردسـتان دوانەکەوێـت.

ئێمـە لێـرەدا رووی دەممـان لـە سـەرۆکی لیسـتەکەی پارتـی نییـە، کـە ناوەکـەی لـە هەویـری راگەیاندنـی نـاوزڕاوی گوڵانـی جـاران هەڵکێشـراوەو لەجیاتی ئەرکی سـەربەرزانەی پەرلەمانتـاری، کـە هەڵبژێـردراوی گەلـەو پێویسـتە بـەر لـە هـەر شـتێک لـە بیرەوەریـی سـاڵێک بەسـەر پەکخسـتنی پەرلەمـانو لەکارخسـتنی کاری رەقابـیو یاسـادانان لـە وڵاتەکـەدا هەڵوێسـتێکی هەبوایـە، رووی دەممـان دەکەینـە ئەوانـەی ئـەم میللـەت وەکیلییـە شـەڕی بەوەکالەتییـان بـۆ دەکاتو دەپرسـین ئایـا ئـەم سـەرۆکی فراکسـیۆنە بـێ ئـاگاداری ئێـوەو ئـەو سـایتەش بـێ حوسـنورەزای ئێـوە دەسـتیان داوەتـە ئـەم چەواشـەکاریو عـەوام فریوییـە، یـان لەسـەر ویسـتو داخوازیتـان ئەرکێکـی وا ناجۆرانـە جێبەجـێ دەکـەن؟

ئەرێ دنەدەرانی سـەرۆکی فراکسـیۆنی پارتی، بەڕاسـتانە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرێتیو نەتەوەپـەروەری بـە حزبـی شـەهیدانو رێبـازی راسـتگۆی مافـی چارەنـووس دەفرۆشـن؟ بەڕاسـتانە لەسـەر شـەڕی داعـش، کـە یەکێتـی زیاتـر لـە ١٠٠٠ شـەهیدی بـۆ داوە،

قسەدەکەن؟ کە هێشتاش شەڕی موسڵو شەنگالو ماجەراکانیان دۆسێیەکی کراوەی دانەخراوەو لەگەڵ رزگاریی موسڵدا، ئیتر کەینوبەینی کۆبوونەوەکانی شیراتۆن لە هەولێرو کەینوبەینی تەگبیری پێش داگیرکردنی موسڵ لە ئوردنو ئەستانبوڵ ئاشکرا دەبن، بەڕاستانە کە ئێوە شەڕی بەرەنگاری داعش دەکەنو ئەوە یەکێتی بوو ئاگای لەو شەڕە نەبووە؟ ئێمە نەمانبیستووە و گرتە ڤیدیۆییەکانیش ئەوە ناسەلمێنن کە فراکسیۆنی زەرد لەجیاتی دژەتیرۆری یەکێتی مەخمورو هەولێریان لە چنگی داعش پاراست. هەموو بەلاغەکانی یەکێتی بخوێننەوە لە هیچ جێگایەک نەیوتووە داعشی دراوسێمان، ئەوە سەرۆک دیوانەکەی ئێوە بوو کە لە گەرووی تەنگانەی داعشدا وتی: لە دراوسێ ناتۆییەکەمان بێ ئومێد بووین. ئەرێ ئێوە یان ئێمە بووین خەندەقمان بۆ رۆژئاوا لێدا؟، سەرکردایەتیی یەکێتی بوو بەناوی سەربەخۆییو گوایە مردنی مادەی ١٤٠-ەوە بێباک لە پاڵ سەنگەری داعش خەوتو چووە سووڕی غەفڵەتەوە، تا لەناکاو داعش پەلاماری دان؟ بەداخەوە ئەگەر سەرۆکی فراکسیۆنەکەیان لە شەنگال تێداچووبایە هەر نەیسە، بەڵام هەزاران پاکیزەی ئێزدی بوونە قوربانی خەوی غەفڵەتو راکردنی ئەستێرەلەشانەکانی کە لیژنەی لێکۆڵینەوە هیچ سزای نەدان، سایتە رەسمییەکەو دنەدەرانی میللەت وەکیلی لە بیست ساڵەی کارەساتی ئابدا برینان دەکولێننەوەو باسی خیانەت دەکەن. لە خۆڕایی نییە کە لە زانستی تاواندا دەڵێن کابرا بە دەوروخولی تاوانەکەیدا دێتو دەڕوا نەبادا بەڵگەیەکی جێهێشتبێت.

قسە لەسەر داهاتی کەرکوک دەکەن، کە بەڕێی بۆرییەکانی رێککەوتنی پەنجا ساڵەی خۆیاندا ناڕواتو گوایە تانکەر دەیباتە ئێران، زۆر لەسەر ئەوە گوترا، بەڵام سەیر لەوەدایە حزبێک کە نفوزی لە کەرکوک نییە، قسە لەسەر نەوتەکەی بکات، وەک بڵێی لە نەوتی هەرێمدا تاقینەکراونەتەوە کە وردەکارییەکانی هەمووی لە فلاشو جانتای عەرابی سیاسەتی نەوتی (سەربەخۆ)یاندا خۆی شاردۆتەوە. سەیرە کە داوادەکەن نەوتی کەرکوک بە هەمان رێڕەودا بڕوات کە نەوتی هەرێمی پێدا رۆیشتووەو لێی بێ حاسڵ بووین. باسی مالکیو مووچەی بڕاویش ئەوەندە بێ سەنەد گوتراوەتەوە تامی نەماوە، حەکەمی ئەم ئیدیعایە ویژدانی هاووڵاتیانە کە راستو دروست دەزانن سیاسەتی گرێبەستی پەنجا ساڵەی کێ بووە سەبەبکاری بێ دەرامەتیو بێ دەرەتانی هاووڵاتیانی کوردستان؟ با هەموو لایەکمان بە دوعاو ئاهی کۆمەڵانی خەڵک رازی بین، ئەگەر بە دوعای ئێوەیان گوت ئامین، ئێمەش

دەڵێین ئامین. خەڵکی کوردستان دەزانن سیاسەتی خۆدابڕان لە راوێژ بە حزبەکان، کلۆمدانی دەرگای پەرلەمان، داخستنی دەرگای دێگەڵە بەڕووی خۆپیشاندان لە وەرزی (سەربەخۆیی کوردستان)و گرێبەستی پەنجاساڵە هۆکاری شکستەکەیە، نەک یەکێتی، کە وەکو لە لێدوانی سایتی رەسمیی خۆیاندا گوتوویانە (سەرۆک بارزانی تووشی بابەتێک دەکەن کە هاووڵاتیان بەرگەی ناگرنو کاتێک قەیران دروست بوو لەسەر خەڵکی کوردستان، ئەوا ئەو قەیرانە دەبێتە بەشێک لەوەی بگەڕێنەوە بەغدا). ئێمەش دەپرسین ئەو سیاسەتە هەڵدێرییەی چەند ساڵی رابردوو لە چی خانەیەک جێی دەبێتەوە، جگە لەو خانەیەی خەڵکی تری پێ وەسف دەکەنو لێرە نایڵێینەوە، چونکە زۆر گوتنەوەی ئەو وەسفە لە قیمەتی کارەساتباری دێنێتە خوارەوەو دەیکاتە کارێکی ئاسایی.

حەیف سیاسەتی روو وەرگەڕان بەرەو جەمسەرگیرییە ئیقلیمییە بۆ ئامانەکان کارێکی وایکردووە ئێوە خەڵک بخەنە خانەی ......و سەرۆک وەزیران عەبادیش، کورد بخاتەوە خانەی هەرە کۆنی حیسابی عیراقی، وەختێک لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییە هاوبەشەکەیدا وتی (من زاخۆ لحد الفاو) بۆ رەچاوکردنی تایبەتمەندیو حەیسییەتی تەنانەت کوردستانی فیدراڵ، ئیتر (کوردستانی سەربەخۆ)ی چی بە یەکێتی دەفرۆشنەوە؟ کەس ناتوانێ باسی شتێکتان لەگەڵدا بکات، کراسی سەربەخۆیی دەکەنە قەمیسەکەی عوسمانو کوردستانیشتان لە بیری یوسفدا شاردۆتەوە.

٢٠١٦/١٠/١

# گەورەترین دوژمنی پارتی راگەیاندنەکانێتی

لــە لاپــەڕە دووی ژمــارەی رۆژی ٢٠١٦/١١/١ی رۆژنامــەی هەولێــردا نووســینێک بڵاوبۆتــەوە کــە بەداخــەوە پێدەچێـت رای باڵێکـی بەهێـزی نـاو پارتـی بێـت کـە باکـی بـە ئاشـتیو چارەسـەری کێشـەکانی هەرێـم نییـەو وەک دەردەکەوێـت، بەرژەوەندیـی لـە شـێواویی ماڵەکەدایـە.

ئـەو بنووسـەی رۆژنامـەی هەولێـر بـە راسـتو چەپـدا پەلامـاری یەکێتـی دەداتو وەک ئیسـتعماری ئینگلیـزی، «فـرق تسـد» پەیـڕەو دەکات. وتارەکـە نـاوی «کوردسـتان لـەوە سـەنگینترە»ی لەخـۆی نـاوە، بـەڵام سـەنگینی خـۆی لەدەسـتداوەو باسـی کۆمەڵێـک شـت دەکات کـە هەموویـان بـۆ ئـەوەن کوردسـتان سـەنگی لـە دەسـتبدات.

ئـەوەی گرنگـە ئەوەیـە، ئەمجـۆرە لـە ئـاوازی نووسـین وایکـردووە سیاسـەتی پارتـی وەک سیاسـەتێکی شـەڕانگێزانە دەربکەوێـت، رەنگـە پێچەوانـەی سیاسـەتی رەسـمی پارتیـش بێـت کـە دەیانەوێـت وای دەربخـەن پارتـی سیاسـەتەکەی لەگـەڵ ئاشـتیدان.

ئەگـەر بەڕێـز مەسـعود بارزانـیو سـەرکردایەتیی پارتـیو عاقڵمەندەکانـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی بـەدوای هـۆکاری ئـەوەوەن کـە بۆچـی حزبـەکان لـە پارتـی دوودڵـنو پێیـان وایـە ئـەم حزبـە جددی نییـە لـە چارەسـەری کێشـەکان، ئەگـەر دەیانەوێت بزانـن جگـە لـە کەموکوڕییـەکان، بۆچـی یەکێتـی بـە جددی لـە پارتـی وەرناگرێـتو تێبینییەکانی چییـە، دەبێـت بزانـن کـە هـۆکاری سـەرەکی ئـەو دڵنیایـی نەبوونـە راگەیاندنـی پارتـیو رۆژنامـەی هەولێرو هەندێـک راگەیاندنـی تـری سـێبەرە کـە گوزارشـت لەو سیاسـەتە زاڵەی نـاو پارتـی دەکـەن کـە باکـی بـە هیـچ نییـەو کەسیشـیان بـە پارتییـەوە نەهێشـتۆتەوە.

ئـەو جـۆرە راگەیاندنانـە وەک پیرێژنـی فەرهـاد کـوژە کـە سـیحریان لـە سـەرکردایەتیی پارتـی کـردووە، وایـان تێگەیانـدوون ئەوانـەی قسـە لەسـەر پارتـی دەکـەن کۆمەڵێـک حەسـودو ئیـرەی بـەرن کـە ئیرەیـی بـە پارتـیو سیاسـەتی سـەرکردایەتییەکەی دەبـەن، لـە کاتێکـدا هیـچ راگەیاندنێـک نییـە خـۆی تەرخانـی دژایەتـی پارتـی کردبێـت، چونکـە راگەیاندنـی کوردسـتان، راگەیاندنـی بنباڵـی سیاسـەتی زاڵـی پارتـی لێدەرچێـت، راگەیاندنێکـە خـۆی تەرخـان نەکـردووە بـۆ تێکدانـی ماڵـی کـورد، یـان دژایەتـی پارتـی، ئـەوەی ئـەم کارە دەکات راگەیاندنـی خـودی پارتییـە، راگەیاندنـی پارتـی دوژمـن بـۆ پارتـی دروسـت دەکات، ئەگـەر پارتـی ئـەم راگەیاندنـەی هەبێـت هیـچ پێویسـتی بـە دوژمـن نییـە، هـەر کەسـێکیش بیەوێـت خوانەخواسـتە دژایەتـی پارتـی بـکات کـە حزبێکـی کوردسـتانییە، پێویسـتی بـەوە نییـە لـەو تەنگـژە داراییـەدا پـارە خـەرج بـکات لـە دژی پارتـی، رۆژنامـەی هەولێـرو سیاسـەتی راگەیاندنـی ئاراسـتەی زاڵ لـە نـاو پارتیـدا ئـەم ئەرکـە بـێ زەحمـەتو خەرجـی جێبەجـێ دەکات، چونکـە ئـەو راگەیاندنـە بـەم شـێوازە بوختانـکارو پەلامـاردەرەی دژی یەکێتـی هاوپەیمانـی چەندیـن ساڵەی پارتـیو دژی حزبـە رەسـمییەکانی تـری نـاو کایـەی سیاسـیی کوردسـتان، دوژمـنو سـەرەخۆرەی سیاسـەتەکانی پارتییـە.

برایانـی پارتـی بـۆی مەگەڕێـن، کـۆدی دوورکەوتنـەوەی حزبـەکان لـە ئێـوە، پاسـوۆردەکەی لـە گیرفانـی راگەیاندنـی رەسـمیو سـێبەری پارتیدایـە. ئـەوان کەسـیان بـە ئێـوەوە نەهێشـتۆتەوە، راسـتە بـە دڵـی پارتـی دەنووسـن، بـەڵام نووسـینەکانیان بـە دڵـی پارتـیو ئاشـتیو پێکەوەیـی تـەواو نابـن.

٢٠١٦/١١/٣

# کۆمەڵانی خەڵك پێکەوەن، تۆ دابڕاوی!

کابرایـەک لـە کۆڕەوەکـە بـە تەنیـا مابـوو، مـاڵو منـاڵو ژنو کـچو کـوڕو بـووکو زاواکانـی پێکـەوە بـوونو ئـەو لێیـان دابڕابـوو. لەسـەر سـنوور هـاواری بـوو. منداڵەکانـم بزربـوون، گوناحـن نازانـم لـە کوێـنو نازانـن لـە کوێـم؟.

خەڵکو خوا پێیان گوت کاکە ئەوان پێکەوەن، ئەوە تۆی بزربووی.

مانشـێتەکانی (هەولێـر) وەڵامـی سیاسـییان نـاوێ. هـەر ئەوەنـدە بەسـە بڵێیـن مـادام هەمـووان پێکـەوەن. براگیـان خـەم لـە خـۆت بخـۆ، ئـەوە تـۆی بزربـوویو لـە گشـت دابـڕاوی.

٢٠١٦/١٢/٧

# بەرەو ریفراندۆم

چاوپێکەوتن:
خەبات-سەردار حوسێن-هاوار مورتکەیی

رۆژنامەی خەبات کە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە ئەولەویەتی ئەرکەکانیەتی، چەندین دیدار و گفتوگۆ سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم و رەهەندەکانی دوای ئەو هەنگاوە مەزنە و گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکەی گەلی کوردستان، ساز دەکات. ستران عەبدوڵلا سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ لەم دیدارەدا وەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەی خەبات دەداتەوە.

ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ خەبات:

لەسەر ئێمە ئەرکە خەڵک تەشویق بکەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

رەخنەم لە راگەیاندنی پارتی و یەکێتی هەیە، کە خۆیان بە چەلەحانێی لابەلاوە سەرقاڵ دەکەن.

ستران عەبدوڵلا: سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە سەرەتای دیدارەکەیدا وەها پێناسەی پرۆسەی ریفراندۆم دەکات:

«ریفراندۆم ئامرازێکی تێکۆشانی سیاسییە بۆ هەموو میللەتێک بەتایبەتی بۆ پرسە سیاسییەکان، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی میللەتێک یان گەلانێک، کە لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراو دەژین، هەنگاوێکی راست و دروستە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو میللەتە، ئامرازێکی دیموکراسیشە بۆ بڕیاردان لەو چارەنووسە، ئەگەر بێینە

سەر ریفراندۆم بۆ چارەنووسی نەتەوایەتی بەپێی گرێدانەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی، مەسەلەیەکی دیموکراسیشە، ئەمڕۆ کە گەلی کوردستان بڕیاریداوە ریفراندۆم بکات، من پێموایە جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە سەر ئەو بنچینەی چەندین ساڵە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان بۆی دامەزراوە، ئەویش دیموکراسی و لە هەمانکاتیشدا مەسەلەی نەتەوایەتییە.

نووسەر و رۆژنامەنووس ستران عەبدوڵڵا باسی لەوەش کرد کە ریفراندۆم تەنها ئامرازێکە بۆ سەربەخۆبوونی گەلی کوردستان، نەک ئامانج، ئەو دەڵێت:

«ریفراندۆم خۆی لە خۆیدا تاکە ئامراز نییە، بەڵکو ئامرازێکە لە ئامرازەکانی گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکان، دیارە لە مەسەلەی نەتەوایەتییدا سەربەخۆیی گەورەترین و بەرزترین پلەی پیادەکردنی مافی نەتەوایەتییە، ئەمڕۆش کە لە کوردستان ریفراندۆم دەکرێت، بەداخەوە لە هەندێ رووەوە روئیا دەکرێت کە ریفراندۆم ئامانجە، ئامانج بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان سەربەخۆییە، ریفراندۆم ئامرازێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەڵام ئەوەش تاکە ئامانج نییە، ئەمڕۆ کە پەنا بۆ ریفراندۆم دەبەین لەبەرئەوەیە کە کوردستانی رزگارکراو لەژێر دەستی خۆماندایە و دەتوانین پیادەی ئەو مافەی خۆمان بەشێوەیەکی دیموکراسی بکەین، لەبەرئەوەی ریفراندۆم خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا ریفراندۆم پرسێکی نەتەوەییە یان نیشتمانی؟ سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەڵێت: «ریفراندۆم پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە. ئێمە لە زووەوە ناومان لە شۆڕشی گەلی کورد ناوە، بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان، چونکە جیا لە کورد خەڵکێکی دیکەش لە کوردستان دەژین، بۆیە زۆرجار مەسەلە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکان تێکەڵ بەیەک دەکرێن، لەبەرئەوەی گەلی کورد زۆرینەیە لەناو کوردستاندا، بەڵام لە کوردستان خەڵکی دیکەش هەیە و دەژین، وەک تورکمان و مەسیحی و کلدوئاشوری، ئەو پێکهاتانەی خەریکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو دەبرێن و نامێنن، لە عیراقیش سەرکووت دەکرێن، بەڵام لە کوردستان بەو پێیەی ئەوان هەن و مێژوویان هەیە، بۆیە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لە کایە سیاسییەکاندا جێگای ئەوانیان کردۆتەوە کە رۆڵی خۆیان ببینن بۆیە ئەمە هەم پرسێکی نەتەوایەتییە بۆ گەلی کورد و هەمیش پرسێکی نیشتمانییە بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی لە کوردستان دەژین،

پێشـموایە بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی گەلـی کوردسـتان لـە زووەوە سـەلماندوویەتی کـە هیـچ جیاوازییـەک نـاکات لەنێـوان گەلـی کـورد و ئـەو نەتەوانـەی لـە کوردسـتاندا دەژین».

هەروەهـا وتیشـی: مـن وەکـو یەکێتییـەک دەڵێـم لـە بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی گەلـی کوردسـتان و لەنـاو پرۆسـەی سیاسـی کوردسـتاندا، زۆر ئاسـاییە ناکۆکـی هەبێـت، کـە ناومـان نـا بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی گەلـی کوردسـتان لـەو بەشـدارییەی کـە پێشـتر باسـمان کـرد کـورد و پێکهاتەکانـی تـر دەبنـە هاوبـەش لـەم پرۆسـەیە، لـە رابردووشـدا گەلـی کـورد بـە ناچـاری پەنـای بـۆ چـەک بـردووە، ئەگەرنـا بەدرێژایـی ئـەو مێـژووەی بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی کوردسـتان هەیەتـی، هـەر کاتێـک کرانەوەیەکـی سیاسـی لـە عیراقـدا یـان لـە یەکێـک لـەو وڵاتانـەی کـە کـوردی تیـا ئـەژی هەبووبێـت، نەتـەوەی کـورد بیـری لـە چـەک نەکردۆتـەوە، بـەڵام رژێمـە دیکتاتۆرییـەکان بەتایبەتـی رژێمـی بەعـس لـە سـاڵی ١٩٦٣وە تاوەکـو رووخاندنـی، هەمیشـە پەنـای بـۆ هەڵبـژاردەی سـەرکووتکردنی گەلـی کـورد بـردووە، بۆیـە خەباتـی چەکـداری یەکێـک لـە بـژاردەکان بـووە لەبـەردەم گەلـی کـورد و بـە ناچـاری ئـەم رێگایـەی هەڵبـژاردووە.

سـتران عەبدوڵـڵا لـە بەشـێکی دیکـەی قسـەکانیدا گوتـی: «ریفرانـدۆم چەکێکـە لـە چەکەکانـی خەباتـی سیاسـی، بۆیـە بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی گەلـی کوردسـتان پەنـا بـۆ ئـەم چەکـە دەبـات، کـە چەکێکـی سـەردەمییانەو دیموکراسـییە، کۆمەڵگـەی کوردسـتانی کۆمەڵگەیەکـی فـرە پێکهاتەیـە، بـەڵام وەکـو وڵاتانـی دیکـەش نییـە، ئـەم پێکهاتانـە تێکەڵاوبوونیـان بەیەکـەوە هەیـە، ئـەوەی ئاییـن کۆیـان ناکاتـەوە، دیموکراسـی کۆیـان دەکاتـەوە، ئـەوەی دیموکراسـی کۆیـان ناکاتـەوە، ئـەو سـەرکووتکردنە کۆیـان دەکاتـەوە، کـە بەعـس هەمـوو پێکهاتەکانـی کوردسـتانی بەیـەک چـاو سـەیر کـردووە و سـەرکووتی کـردوون. لەبـەر ئـەوە رایەڵـەی پەیوەنـدی لەنێـوان گەلـی کـورد و پێکهاتەکانـی تـر زۆر بـووە».

نووسـەر و رۆژنامەنـووس سـتران عەبدوڵـڵا سـەبارەت بـەو دەنگـە لاوازەی لـە هەندێـک شـوێن دەڵێـت نەخێـر بـۆ سـەربەخۆیی، گوتـی: «بـۆ دەبـێ ئێمـە ئـەو خەڵکـە موحاسـەبە بکەیـن لەسـەر ئـەو هەڵبژاردنـەی هەڵیبـژاردوون، ئـەوەی لەسـەر ئێمـە ئەرکـە خەڵـک تەشـویق بکەیـن بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان، کـە گوتـم نابـێ موحاسـەبەیان بکەیـن، مەبەسـتم لـە رووی یاسـایی و فیزیکییـەوە، ئەگەرنـا مێـژوو موحاسـەبەی هەمـوو کەسـێک دەکات کـە هەڵوێسـتەکانی چۆنـە، بـۆ نموونـە مێـژوو موحاسـەبەی پارتـی و یەکێتـی دەکات، ئەگـەر رێـژەی دەنگـی بەڵـێ بـۆ سـەربەخۆیی کـەم بێـت، بێگومـان موحاسـەبەی

ئەوانـەش دەکات، کـە بڕیـاری سیاسـی هەڵـە دەدەن، کەواتـە مـادام ئالیەتێـک هەیـە بـۆ موحاسـەبەکردن، ئیتـر پێویسـت نـاکات ئێمـە خۆمانـی پێـوە سـەرقاڵ بکەیـن».

لەبـارەی ئەرکـی حزبـە کوردسـتانییەکان بەگشـتی بـۆ ئـەم قۆناغـە، سەرنووسـەری ڕۆژنامــەی کوردســتانی نــوێ دەڵێــت:

«پێویسـتە هەمـوو حزبـەکان کـە لـە کوردسـتانن کار بـۆ ئـەوە بکـەن بەڵـێ زۆر بێـت، کـە پرسـێکی حزبـی نییـە، ئەوکاتـەش نابێتـە پرسـێکی حزبـی، کـە ئێمـە لـە جیاتـی خەڵـک بڕیـار نەدەیـن، بەڵکـو خەڵـک تەشـویق بکەیـن کـە دەنـگ بدەیـن، ئەوکاتـەش نابێتـە پرسـێکی حزبـی کـە هەموومـان بەشـداری تیـا بکەیـن، کـە هەمـوو بەشـداری تیـا نەکەیـن بێگومـان سـەربەخۆیی کوردسـتانیش و پرۆسـەی ڕیفراندۆمیـش بەشـێوەیەک ڕەنگڕێـژ دەکرێـت کـە کـێ ڕۆڵـی زیاتـری تیـادا دەگێڕێـت، ئەگـەر مـن بەشـدار نەبـم و لـە لیژنـەکان نەبـم و ڕۆڵـم نەبـێ، چەنـد غائیـب بیـن ئەوەنـدە جێگاکەمـان چـۆڵ دەبێـت، دەبـێ تەشـویقی خەڵـک بکەیـن کـە دەنـگ بـە سـەربەخۆیی کوردسـتان بدرێـت لـە ڕیفراندۆمـدا، ئەگـەر ئەوەمـان کـرد سـەرمان بـەرز دەبێـت لەنـاو میللەتەکەمانـدا، ئێمـە لـە کوردسـتان کـە کۆمەڵێـک کێشـەی دارایـی و ئیدارەدانمـان هەیـە، کەموکوڕیمـان هەیـە لـە ئەزموونـی سیاسـیی کوردسـتان لـە مـاوەی ڕابـردوودا، هیـچ لـەو پرسـە سـتراتیژییە کـەم ناکاتـەوە، کـە سـەربەخۆیی کوردسـتان ئاواتێکـە نابـێ سـێ و دووی لـێ بکەیـن، ئەگـەر ڕەخنەیـەک هەبێـت لـەوەی زوو ئـەو ئاواتـە دێرینـەی پـێ نیشـان نەداویـن کـە سـەربەخۆیی کوردسـتانە، ڕەنگـە هەلومەرجـی نێودەوڵەتـی یـان ئیقلیمـی ڕێگـەی نـەداوە، ئێمـە دەبـێ گلەیـی لـەوە بکەیـن بـۆ زوو ئاشـنایان نەکردیـن بـەم ئاواتـە گەورەیـە، ئێمـە لـە سـەدەی بیسـت و یەکدایـن گەلـی کـورد شـایانی ئەوەیـە دەوڵەتـی سـەربەخۆی هەبێـت، شـایانی ئەوەیـە خاوەنـی قـەوارەی سیاسـی خـۆی بێـت، لەنـاو میللەتانـی دنیـا سـەری خـۆی بـەرز بکاتـەوە و بڵـێ منیـش چـوارەم گەورەتریـن نەتـەوەم لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، دەبـێ حزبـەکان هەمـووان بـەم نەفەسـەوە کار بکـەن، مـن ڕەخنـەم لـە ڕاگەیاندنـی پارتـی و یەکێتـی هەیـە، وەک دوو حزبـی سـەرەکی ئـەم وڵاتـە، کـە خۆیـان بـە چەلەحانێـی لابـەلاوە سـەرقاڵ دەکـەن، پێـش هەموویـان ڕەخنـەم لـە خـۆم هەیـە لـە کوردسـتانی نـوێ و لـە بـرادەران و لـە ئێـوەش، پێویسـتە ئێمـە ئاسـتی گفتوگۆکـە بـەرز بکەینـەوە بـۆ ئاسـتی ئـەوەی بۆچـی گرنگـە کوردسـتان سـەربەخۆ بێـت؟!

پرسـی بارودۆخـی نێودەوڵەتـی و هەرێمایەتـی، تەوەرێکـی دیکـەی دیدارەکەمـان بـوو لەگـەڵ سـتران عەبدوڵـلا ئـەو دەڵێـت:

ئەگــەر ئێمــە مامەڵــە لەگــەڵ ئــەوە بکەیــن کــە ســەربەخۆیی پێویســتییەکی ئــەم قۆناغەیــە، لەســەر ئــەو بنچینەیــەی کــە لەگــەڵ مەترســییەکانیش مامەڵــە بکەیــن، یەکێک لەوانە مەترسییە دەرەکییەکانە، بێگومان مەترسی دەرەکی هەمیشە هەبووە، بەڵام ئێمە دەبێ هەڵسەنگاندنێک بکەین بۆ خەبات و تێکۆشانی خۆمان، دەبێ مەترسییەکان چارەسەر بکەین، نەوەک لەبەر ئەو مەترسیانە دەستبەرداری ئامانجە سەرەکییەکانی خۆمان بین، ئەمرۆ گەلی کورد بەشێکی مەترسییەکانی رەواندۆتەوە، لەساتی چارەنووسسازی وادا تارادەیەک ئێمە دۆست و دوژمنی خۆمان دەناسین، زۆر وڵات هەیە زۆر هێز هەیە لە ئیقلیمی و لە نێودەوڵەتی، ئێمە بە دۆستی خۆمانمان زانیوە و لەسەر بنچینەی ئەو دۆستایەتییە شیرینیمان پێیانداوە، بەڕای من دۆستایەتی و مامەڵەیان لە پرسی سەربەخۆیی کوردستان بەپێی پێویستییەکانی ئێمە نییە، دراوسێیەکی وەکو تورکیا رادەی مامەڵەکردنی تورکیا لە بەرامبەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان بەگوێرەی ئەو شیرینیانە نییە، کە ئابووری تورکیا لەماوەی رابردوودا بەدەستی هێناوە، دەبێ هەڵوەستە لە ئاست ئەمەدا بکەین و ئەوە بەس نییە لە ژێرەوە بڵێین دژ نین، بەگشتی نابێ ئەم مەترسیانە ئەژنۆمان بشکێنێ، کە سەربەخۆیی کوردستان بکەینە بارمتەی هەلومەرجێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کە کەس نازانێ کەی دەگونجێت؟

سەبارەت بە قۆناغی دوای ریفراندۆم و سەربەخۆیی سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ وتی: «ئەگەر ئێمە لایەنە جیاجیاکانی فاکتەری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لێک بدەینەوە، ئەوا مەسەلەیەکی ئاساییە، نە دەبێ بە نادیدەی وەربگرین و رەچاوی نەکەین، نە دەبێ وا مامەڵە بکەین، کە بڵێین هەلومەرجی نێودەوڵەتی لەبار نییە، کە نابێ هەنگاوەکانی خۆمان بەرەو سەربەخۆیی بەرین، من پێموایە خوێندنەوەمان بۆ هەلومەرجی نێودەوڵەتی هەبێ باشە، چونکە هەلومەرجی نێودەوڵەتی هەرگیز بەقەد ئێستا بۆ کورد رێک نەکەوتووە، رەنگە ئەم هەلومەرجە بۆ وڵاتانی دیکە کەم بێت، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بە چانسەکانی دیکەی کورد کە پێشتر هەبووە، ئەم چانسەی کە ئێستا هەیە چانسێکی کەم نییە، ئێستا کە کێشەی ناوخۆیی هەیە و جۆرێک لە دڵەڕاوکێی دروست کردووە، بەڕای من دەبێ رێزی ئەمانە بگیرێت، بەڵام زۆر لە ئاستیشی نەوەستین، کێ دەڵێ بە سەربەخۆیی کوردستان بەشێکی ئەم کێشانە چارەسەر نابن، دیارە فەترەیەکی ئینتیقالیش هەیە لەنێوان سەربەخۆیی و دژی سەربەخۆیی رەنگە لەو فەترەیە

ئازارمـــان هەبێــت، ئیشــی ســەرکردایەتی کوردســتان و ئیشــی بــەرەی ســەربەخۆیی کوردســتان ئەوەیــە ئــەو ئێــش و ئــازارە کــەم بکاتــەوە، لــەڕووی چۆنایەتــی و لــەڕووی چەندایەتــی، چونکــە ئەمــە مەسـئولیەتێکی مێژووییــە، مەسـئولیەتە مێژووییەکــە ئەوەیــە کــە لــە دوای ســەربەخۆیی کوردســتانیش ئێمــە قۆناغێکمــان هەیــە بــۆ چارەســەری ئــەو کێشـانەی لـە سـەربەخۆیی دەکەونـەوە، بـەڕای مـن هونـەری سـەرکردایەتیکردن و هونـەری پرۆفیشـنالییەتی سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان و حزبـە سیاسـییەکانی بەڵــێ بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان، لەوەدایـە لـە قۆناغـی سـەربەخۆییدا ئـەم کێشـانە هەیـە و دەبـێ چارەسـەری بکـەن، کوردسـتانی سـەربەخۆ لـە ڕووی ئیدارەکـردن و بەڕێوەبردنـی وڵاتـەوە، دەبــێ دیموکراســیتر بێــت لــەوەی کــە ئێســتاکە هەیــە، دەبــێ بــە بەرپرســیاری زیاتــرەوە هەڵســوکەوت بــکات وەک لــە ٢٥ ســاڵی رابــردووەوە هەڵســوکەوتمان کــردووە، ڕەنگــە ئــەوکات لەبــەر شــەڕی ناوخــۆ و ڕژێمــی ســەدام حوســێن نەتوانرابێــت».

لـە دوایـین تـەوەری دیدارەکەیـدا سـتران عەبدوڵــڵا سەرنووسـەری ڕۆژنامەی کوردسـتانی نــوێ دەڵێــت: «هەنــدێ پرســیار هەیــە کــە ئەمــڕۆ خەڵــک دەیــکات، ســەرکردایەتیی سیاسـیی کـورد دەکـرێ دان بەخۆیـدا بگرێـت و وەڵامەکـەی هەڵبگرێـت بـۆ کاتـی خـۆی، واتــە کوردســتانی ســەربەخۆ چــۆن دەبێــت؟ ئــەوە دەبێــت دڵنیایــی بدەینــە خەڵکــی کوردســتان کــە کوردســتانی ســەربەخۆ بــەم کەموکوڕیانــە نابێــت کــە لــە ٢٥ ســاڵی رابـردوودا لـە تەجروبـەی سیاسـی بەخۆیـەوە بینیـووە، بەڵکـو بـەو سـەرکەوتنانەوە دەبـێ کــە ئــەو تەجروبەیــە بەخۆیــەوە بینیــووە، واتــە ئێمــە پانتایــی ســەرکەوتنەکان فــراوان بکەیــن و پانتایــی کێشــەکان بچــووک بکەینــەوە، هەروەهــاش دەبــێ دڵنیایــی بدەینــە تورکمــان و مەســیحی و کلــد و ئاشــوری و ئەوانــی تــر کــە پێیــان بڵێیــن هەرێمــی کوردسـتان چەنـد مافـی داونەتـێ ئـەوا لـە کوردسـتانی سـەربەخۆدا ئـەو مافانەیـان زیاتـر پێدەدرێــت».

**ڕۆژنامەی خەبات ژمارە: ٥٣٤٧ ڕۆژی: ٢٠١٧/٩/١٣**

# فەسڵی هەشتەم و کۆتایی

# ئەدەبیاتی کۆتایی سەدەی بیستەم

# ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتی و پارتی
# هەنگاوێکی بەدیهێنانی ئاواتەکانمانە

مۆرکردنـی ڕێککەوتنـی سـتراتیژی لـە نێـوان هـەردوو حزبـی هاوپەیمـان (یەکێتـی و پارتـی) ئـەو تـرس و نائارامییـە لـە دڵـی خەڵکـی کوردسـتان دەڕەوێنێتـەوە کـە لـە ئاکامـی ڕووداوە ناخۆشـەکانی هەفتـەی ڕابـردوو تووشـی هاتبـوون، خەڵکـی بوونـی بـەرەی کوردسـتانی و پاشـان ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ و پێکهێنانـی پەرلەمـان و حکومەتیـان بـە نیشـانە گەشـبینەکانی کۆتایـی هاتنـی دووبەرەکـی و شـەڕی براکـوژی دانـا و بەهیـوای ئـەوە بـوون کـە ئیتـر ئـەو ناتەباییـەی کـە درزێـک بـوو دوژمنانـی کـورد لێیـەوە دزەیـان دەکـرد کۆتایـی پـێ بێـت و جارێکـی تـر ئەزموونـە تاڵەکانـی ڕۆژانـی ڕابـردوو دووبـارە نەبنـەوە، بـەڵام لەنـاکاو پەڵـە هەورێـک ئاسـمانی بێگـەردی ئـەو هیوایـەی داگرت پشـێوی و شـڵەژانێک شـارەکانی کوردسـتانی گرتـەوە، خـەم و پـەژارەی جەمـاوەری کوردسـتان بوونـە نیشـانەی پرسـیارێک و لـە چارەنووسـی ئەزموونـی پەرلەمـان و حکومەتـی دەپێچییـەوە، لـەو کاتـەدا خەڵکـی دەیپرسـی ئەگـەر دوژمنانـی کـورد بەهەمـوو ڕەنـگ و دەنگیانـەوە وێـڕای ناکۆکییـە مێژوویـی و خوێناوییەکانـی نێـوان خۆیـان، کەچـی هێشـتا لەترسـی ئـەوەی کـە کوردسـتان بـووە بـە مەڵبەنـدی دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ لـە ناوچەکـەدا لـە ترسـی ئـەوە لـە چەندیـن ڕێکەوتنـی دووقۆڵـی و هەرێمـی دا، دژی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی کـورد پیـلان دەگێـڕن و ڕۆژانـە بەگوشـاری سیاسـی و ئابـووری و بـە تەیارکـردن و بەهێزکردنـی دوژمنانـی کـورد و لـە نـاوەوە هەوڵـی لەباربردنـی ئـەم ئەزموونـە سـاوایە دەدەن، لـە کاتێکـدا ئەوەحاڵـی دوژمنانـی کـوردە ئـەدی ئیتـر لەبەرچـی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بەزمانـی چـەک هەوڵـی چارەسـەرکردنی ناکۆکییەکانـی خۆیـان دەدەن؟

ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە هەڤاڵان مام جەلال و کاک مەسعود بە بەشداربوونیان لە هەیئەتی سەرۆکایەتی بڕیاردراو لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەڵامی بەجێیان دایەوە، ئەوان بەو بەشداریکردنە نەک هەر هەیبەتێکی گەورەتریان بە پەرلەمان بەخشی و مۆژدەی لابردنی کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم بەڕێوەچوونی کاروباری وەزارەتەکان و حکومەتی هەرێمیاندا بە گوێی جەماوەری گەلە ستەم دیدەکەمان، بەڵکو بەو بەشداربوونەیان وانەیەکی دیکەی برایەتی و تەباییان پێشکەشی جەماوەری هەردوو حزب و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد و لەوەش دڵنیایی کردنەوە کە مادام ئەو دوو سەرکردە لە سەرەوەڕاکۆکن و هیچ شتێک ئاسۆی پەیوەندی برایانە و هاوپەیمانێتیانی لێڵ نەکردووە، ئیدی بێگومان گیر و گرفتی لابەلا و تەنانەت پێکدادانی بچوکیش ناتوانێ دڵی دوژمنانی کورد خۆش بکات و گیان بخاتەوە بەر نیازە گڵاوەکانیان.

دەکرێ گرنگی ئەم رێککەوتنە ستراتیژییە و بەشداربوونی ئەم دوو هەڤاڵە لە هەیئەتی سەرۆکایەتیدا، لە چەند رویەکەوە هەڵبسەنگێنین کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: لەلایەک بەشداریکردنی راستەوخۆی هەڤاڵان مام جەلال و کاک مەسعود لە سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەبردنی ئەرک و کارەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، دەتوانێ میکانیزمێکی بە گوڕتر بداتە کارەکانی و ئەو دوو هەڤاڵە دەتوانن وا بکەن کە بڕیارەکانی حکومەت و هەنگاوەکانی چەسپاوتر بێت و ئەو بۆشاییە سیاسیەش پڕ بکەنەوە کە لە ئەنجامی یەکلانەبوونەوەی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی دروست بوو. ئەمە جگە لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ رێککەوتنی ستراتیژی کۆتایی بە حاڵەتی ئاڵۆزی کارگێڕی و دەسەڵات دابەشکردن لە وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکان بهێنێ.

دووەم: هەردوو هەڤاڵان مام جەلال و کاک مەسعود لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی خۆیاندا تەئکیدیان لەسەر ئەوە کرد کە بوونی بۆچوونی جیا جیا لە نێوان یەکێتی و پارتی و لایەنە سیاسییەکانی دیکە شتێکی سروشتییە، چونکە هەر ئەو راو بۆچوونە جیاوازەیە کە بڕیاری سیاسیی کوردی دەوڵەمەندتر دەکات و دۆخی سیاسیی کوردستان بەرەو یەک چارەنووسی هاوبەش دەبات، بەڵام بوونی ئەو بۆچوونە جیاوازانە نابێ جارێکی تر بەزمانی چەک و سەنگەر لەیەک گرتن چارەسەر بکرێن، هەروەها ئەو ناکۆکیانە دەبێ لەسەر بنچینەی زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و مونافەسەیەکی شەریفانە بێ لە پێناو رێکخستن و

هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان و لەسەر بنەمای زیاتر چاکردنی دۆخی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان بێت، دەبێت ئەو جیاوازیانە لە ئاستی کێشە بچوکەکانی رۆژانە بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستێک کە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی کورد لەدەرەوە سەنگینتر بکات و وردەوردە پێکهاتەی یەک ناوەندی بڕیار زیاتر بخەملێنێ.

سێیەم: لەم ساتە وەختە چارەنووسسازەدا کە تێیدا بزووتنەوەی کورد رووبەڕووی چەندین مەترسی دەبێتەوە، کە دیارە ئەم مەترسییەش هەر بەتەنها لە حکومەتی بەعس و دیکتاتۆری بەغداوە نییە، لەم ساتەوەختەدا دروستبوونی یەک ناوەندی بڕیار هەنگاوێکی عەمەلی و گورزێکی جەرگ بڕ دەبێت بۆ پیلان و دەست تێوەردانی دوژمنانی گەلەکەمان، بەتایبەتی رژێمی بەغدا کە وەکو هەواڵەکان رایانگەیاند لەدۆخی پشێوی ئەم دواییەدا، مرخی لە گەڕانەوە خۆش کردبوو!

هەڤاڵان مام جەلال و کاک مەسعود بەگیانی لەخۆ بردوویی خۆیان ئەو داخوازییەی جەماوەری کوردستان و دۆستانی گەلی کوردیان بەجێ هێناو ئەمجارەشیان وەک هەمیشە بوون بە دوو پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست و هاوسەنگی خۆیان دووپات کردەوە.

چوارەم: لەمیانی گفتوگۆکردن لەسەر رێککەوتنی ستراتیژی و هەروەها لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی هەڤالان مام جەلال و کاک مەسعود دا، دووبارە تەئکید لەسەر ئەوە کرایەوە کە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی خەڵکی کوردستان و پاراستنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە هەرێمی فیدراڵ دا، بەندە بە پاراستنی هەیبەت و حورمەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، لەمەولا هەر دەستە و تاقمێک بیانەوێ دەستدرێژی بکەنە سەر ئەو دەزگایەی کە دەربڕی ئیرادەی گەلی کوردستانن، ئەوە بە سەرپێچیکەری یاسا دادەنرێن و پێویستیشە هەردوو حزبی برا، یەکێتی و پارتی بۆ پشتگیری کردن لە حکومەت و پەرلەمان پێکەوە بەرپرسیاریەتی بەرپەرچدانەوەی ئەو سەرپێچی کارانە بگرنە ئەستۆی خۆیان، ئەرکی سەرشانیانە کە نەهێڵن جارێکی تر شڵەژان و نا ئارامی خەڵکی کوردستان نیگەران بکاتەوە لە راستیدا یەکێتی و پارتی پێکەوە، بەم رێککەوتنە ستراتیژییە دەتوانن هەڵوێستی سیاسی کورد یەکبخەن، کاروباری حکومەت بەکارامەیی ببەن بەڕێوە، شێلگیرانە نەفرەت لەدووبەرەکی بکەن و پێکەوە و بەیەک هەڵوێست سەرپێچیکەران ملکەچی یاسا بکەن.

١٩٩٣/١٢/٢٤

# گەرماو گەرم

رژێمی بەغدا بۆ دروستکردنی کەشێکی دڵنیابوونی درۆزنانە کە بتوانێ خەڵکی عیراقی پێ چەواشە بکات، ئەمجارەشیان وەکو نەریتێکی هەمیشەیی خۆی لەکاتی بەرپابوونی هەر کێشە و قەیرانێکدا و لە گەرمەی هەواڵی نوێکردنەوەی سزا ئابوورییەکان و بەتایبەتی بڕیاری (٧١٥)، لە زمانی خودی دیکتاتۆرەوە، دوو خەونی دوورە دەستی، وەکو دوو ئەگەر کە لەم نزیکانەدا بەدی دێن، نیشان دا:

یەکەمیان: دڵنیاکردنەوەی خەڵکی عیراق بوو لە هەڵگرتنی جزئی ئابڵوقە بەو پێیەی کە گوایە رژێم بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی جێبەجێکردوە و بۆ زیاتر رەنگ رێژکردنی ئەم کەشە دڵنیاییە. راگەیاندنە یەک لە دوای یەکەکانی (بەغدا) تەئکیدیان لەسەر ئەوە دەکردەوە رێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان مۆر کراوە و لە دەرفەتی هەڵگرتنی ئابڵۆقەدا، ناردنە دەرەوەی نەوتی رژێم دەست پێ دەکاتەوە.

دووەمیشیان: هەڕەشە مایە پووچ و بێ ناوەڕۆکەکانی دیکتاتۆر بوو کە گوایە ئەگەر سزا ئابوورییەکان نوێ بکرێنەوە. ئەو وەختە (عیراق بە شێوازی خۆی وەڵام دەداتەوە) و دیارە ئەم ئەگەرەی دوایی لەلایەن چاودێرە سیاسییەکان بەوە لێکدرایەوە کە رەنگە رژێم حەماقەتێکی دیکە ئەنجام بدات ئەویش بە هێرش بردن بۆ کوردستان، یان پەلاماردانی وڵاتێکی دراوسێ، بەڵام رووداوەکانی دوای هەڕەشەکانی دیکتاتۆر سەرلەنوێ ئەو دوو خەونەی کردەوە بە سەراب.

ئەوەبوو لەلایەک سزا ئابوورییەکان لەلایەن UN نوێ کرانەوە و لەلایەکی دیکەشەوە هەواڵەکان وا رادەگەیەنن کە رژێم بۆ جارێکی تر دەستی داوەتە شاڵاوێکی دیکەی

پاكسـازی نـاو دەزگاكانـی سـوپا و ژمارەیەكـی زۆر لـە ئەفسـەرە پایـە بەرزەكانـی خانەنشـین كـردووە، پێشـتریش ژمارەیەكـی زۆری لـێ ئیعـدام كـردوون. دیـارە ئەمـەش دەربـڕی بـاری نالەبـاری دام و دەزگای سـەربازی رژێمـن كـە خەریكـە لـە نـاوەوە تووشـی داڕوخـان و لەبەریـەك هەڵوەشـانەوە ببـێ و چیـدی سـوپای عیـراق ئـەو سـوپایە نییـە كـە دیكتاتـۆر خـۆی پـێ گیـف دەكـردەوە و هەمیشـە گەلـی كـورد و وڵاتانـی دراوسـێی پـێ دەتۆقانـد و تەحـەدای كۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی پـێ دەكـرد.

١٩٩٤/٣/٣٠

# له پەراوێزی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی حکومەتەوە

-ڕووداوی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە هەفتەی ڕابردوودا چەند سەرنج و تێبینییەکی لێ کەوتەوە، هەندێک لەوانە پەیوەستن بە خودی عەقڵیەتی دواکەوتووانەی تیرۆرکاران و هەندێکیشیان بە ڕەوتی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان لە دوای دوو خول و نیوی شەڕی ناوخۆ کە چاوەڕوان دەکرێ دبلن وێستگەی وەرچەرخانی ئاشتی بێ، لەبارەی عەقڵیەتی دواکەوتووانەی تیرۆرکارانەوە، دەشێ سەرنج لەم خاڵانە بدرێ:

*تیرۆریستان ویستیان زەحمەتییەکی چەند سەرە بۆ هاندەرانی خۆیان بکێشن، ئەویش بە حوکمی ئەو سیفەتە جیاجیانەی کە دەرهاویشتەی مەوقعی سەرۆک وەزیرانە لە نێوەندی سیاسی کوردستاندا. ئەوە ئاشکرایە کە کاری تیرۆریستی هێندە بۆ پاکتاوکردنی جەستەیی ئەو کەسایەتییە نییە بە ئەندازەی ئەوەی کە ئاڕاستەی خودی ئەو حکومەتە دەکرێت لە ڕێگای ئەنگاوتنی هەڵسوڕاوە چالاکەکانییەوە. جا لەکاتێکدا لە حکومەتێکی دیکتاتۆری دواکەوتوودا کە هەموو چالاکییەکی سیاسی ئۆپۆزسیۆن قەدەغە دەکرێ و کاری نهێنی مەرج و هەڵسوکەوتی سیاسی تایبەت بەخۆی دەخولقێنێ، بە زەرورەتی ململانێی سیاسی وا لە ئۆپۆزسیۆن دەڕوانرێ کە کارێکی جوامێرانە ئەنجام دەدات وەختێک توندوتیژی دژ بە سەری حکومەتە دیکتاتۆریەتەکە دەنوێنێ، پێچەوانەی ئەو ڕوانینەش لە حکومەتێکی دیموکراسی دا وەختێک تیرۆرکارانی گۆشەگیر و لاتەریک بوو بەنیاز بن توندوتیژییەکی ناپەسەند بە گژ سەرۆکی ئەو حکومەتە دیموکراسییەوە بنێن ئەوا ڕوانینی دەستەجەمعی

خەڵـک توندوتیژییەکـە بـە کـردەی کوشـتنی حکومەتـی دیموکراتــی دەخوێننــەوە. نەخاسـمە لـە ئەزموونێکـی دیموکراتــی تــازە گەشــەکردووی وەک ئــەوەی کوردسـتاندا کـەوا دەخـوازرێ هەمـوان خزمەتـی بکـەن و لـەوە تەنگـژە ناوخۆییـە و لـەو هەلومەرجـە بـە مینچێنـراوە دەربـازی بکـەن. بـەم پێیـەش تەقـەلای تیرۆرکردنـی سـەرۆک وەزیـران تەقـەلای لەناوبردنـی سیسـتمی دیموکراتـی کوردسـتانە لەلایـەن کەسانێکەوە کـە خۆیـان تـا ئێسـتا نەیانویسـتووە بێنـە ژێـر بـاری مەرجەکانـی دیموکراسـییەوە، تـا لەوێـوە لێـی بەهرەمەنـد بـن.

*تیـرۆرکاران بـە مەبەسـتی پێکانـی ئامانجێکـی سیاسـی ویسـتیان گوررێـک لـە پێگـەی گەشـەکردووی ی.ن.ک لـە پایتەختـی هەرێـم بوەشـێنن بەو لێکدانەوەی کە بەڕێز کۆسـرەت رەسـوڵ روویەکـی دیـاری یەکێتییـە لـە هەولێـر و لەمێـژە بەهـۆی رۆڵـی ئاشـتیخوازانە و هەوڵەکانـی بـۆ دابیـن کردنـی هێمنـی و ئاسایشـی پایتەخـت، لێـی داخ لـە دڵـن، بـێ ئاگایـی هاندەرانـی تەقـەلا تیرۆریسـتییەکە لـەوەدا بـوو کـە هەرگیـز بیریـان بـۆ وەرگەڕانـی هەلومەرجەکـە نەدەچـوو لەکاتـی شکسـت هێنانیانـدا، واتـا شـکانەوەی روداوەکـە بـەلای هاوسـۆزییەکی زیاتـری خەڵکـی پایتەخـت و کوردسـتان لەگـەڵ یەکێتـی دا بەتایبەتـی کـە وەرگەڕانـی هەلومەرجەکـە هـاوکات بـوو لەگـەڵ هەڵوێسـتی پـڕ بەرپرسـیارێتی ی.ن.ک لـە خاوکردنـەوەی گرژییەکـە و روانینـە ئاسـۆی دبلـن، هەروەهـا روویەکـی دیکەی مەسـەلەکەش کـە لـە تێفکرینـی ئـەو هاندەرانـە بـزر بـوو ئەوەیـە کـە سـەرۆکی حکومـەت لـە خەباتـی شـاخدا چەکـی بـۆ بزاڤـی کوردسـتان هەڵگرتبـوو، لـە خەباتـی دیموکراتـی شاریشـدا وەکـو سـەرۆک حکومەتێـک هەڵسـوکەوتی کـردووە و کۆششەکانیشـی بـۆ دابیـن کردنـی ئارامـی هەولێـر هـەر لـە چوارچێـوەی خشـتەی کاری خزمەتکردنـی پایتەختـی حکومەتەکـە بـووە.

*کاتێـک کـە بـۆ کـردەوە تیرۆریسـتییەکە هەڵبژێردرابـوو هـی ئـەوە نەبـوو کـە شـایەدی بـۆ لێهاتـووی ئەنجامدەرانـی بـدرێ. لـەرووی رۆژی جێبەجـێ کردنـەوە کردەوەکـە دوای رۆژێـک لـە تەقینەوەکـەی نزیـک دادگای هەولێـر دێ و ئیـدی لـە زۆر دەرفەتـدا ئیمکانـی ئـەوە هەبـوو کـە پشـکنین و لێپێچینەوەیـەک لـە گەرمـەی رووداوی تەقینەوەکـە هەبـێ و بـۆ ئەنجامدانـی تیرۆرکارییەکـی پـڕ تەموحـی وەک هەوڵـی تیرۆرکردنـی سـەرۆکی حکومەت وا دەخـوازرێ کـە هیـچ نەبـێ پشـوویەک لـە دوای تەقینـەوەی یەکـەم بـدرێ! هـەرواش لـەڕووی دەم و سـانی رووداوەکـە لەکاتێکـدا پاڵپێوەنەرانـی تیـرۆرکاران لـە دۆخێکـی ئاڵـۆزکاوی فرەلایەنـدا نوقـم بوونـە و دەبوایـە هیـچ دەریچەیەکـی گەورەتـر لەوانـەی هەیـە لـە خۆیـان نەکەنـەوە و ئـەوان پتـر لـە هـەر کەسـێک و لایەنێکـی تـر بەپیـر ئاسـایی

کردنـەوەوە بچـن و دەسـتبەرداری دەسـکەوتەکانی دبلـن نەبـن، هەڵبەتـە هیـچ لایەنێـک کە لـە تەنگژەیەکـی دژواردا بـێ ئـەوە بـە مەنتیقـی نابینـرێ کـە نـاوی خـۆی لـەوە زیاتـر بەدنـاو بـکا و بـە تیرۆریسـتی دەلالەتەکانـی حکومەتێکـی دیموکراتـی بناسـرێ.

-لەبـارەی رەوشــی سیاســی، ئەمـڕۆی کوردستانیشــەوە دەبـێ بـۆ چەندەمیـن جـار تەئکیـد لەسـەر ئـەوە بکرێتـەوە کـە هاوپەیمانێتیەکـی نیشـتمانی پێویسـتییەکی ژیارییـە، نـەک تێڕوانینێکـی فیکـری یـان بانگێشـتکردنێکی سیاسـی لەنێو ئـەو تێڕوانین و بانگێشـتە زۆرانـەی کـە لەمـڕۆی گۆڕەپانـی سیاسـی دا دەخرێنـەڕوو.

ئــەو هاوپەیمانێتییــە ســەرەتایەکە بـۆ دروســتکردنی رای گشـتی خەڵکـی سـەرجادە لــە وڵاتەکەمانـدا، ســەرەتایەکە بـۆ جـێ کردنــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی کــە خواســتێکی گەشــبینانەی دوای شــەڕێکی درێژخایەنــی تاقــەت پڕوکێنــە، هــەرواش پــڕ بایەخــە بـۆ پێگەیینــی هەلومەرجــی ئاشــتی لەکاتــی پێویســتی ئاشــتی دا، بــۆ هــەراش بوونــی هەلومەرجــی بەرەنگاربوونــەوەی مەترســییە دەرەکییــەکان.

هــەر بەهــۆی غیابــی ئــەو هاوپەیمانێتییــە نیشــتمانییەش پشــێوی لــە کوردســتان نەبڕایــەوە و هــەر بەهــۆی ئــەو پشێویەشــە کــە تیرۆریســتە بـێ بەهــرەکان ویســتیان لــە رێگــەی بــێ حورمەتــی بەرامبــەر بــە ســەرۆکی حکومــەت، زەفــەر بــە حکومەتــی هەڵبژێــردراوی خەڵکــی کوردســتان ببــەن.

١٩٩٥/٩/٢٩

# بەرەو جەژنی کرێکاران، کرێکارانی کوردستان و ڕێرەوێك لە خەباتی هەمەلایەنە

*لــە ســەرەتاکانی دەرکەوتنــەوە بــۆ مانگرتنەکــەی گاوریاغــی و لەوێشــەوە بــۆ بەشداریکردن لـە بزووتنـەوەی کوردایەتـی و ئینجا پێکـەوە گرێدانـەوەی خەباتی چینایەتی و نیشتمانیی لـە شۆڕشـی نـوێ، تاوەکـو کارکـردن لەپێنـاو ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان و بەدەسـتهێنانی مافـە پیشـەییەکان و خەباتــی سـەندیکایی لەرێـگای گوزەرانێکـی چاکتــردا، بزاوتــن و خەباتێکـی دوور و درێــژی کرێکارانــی کوردســتان بــەدی دەکرێــت کــە ســەرەڕای دابڕانــی ناچــاری بەهــۆی سیاســەتی داگیرکــەران و بەرنامەکانیــان لــە شێواندنی رەوتـی گەشـەکردنی کۆمەڵایەتی-ئابـووری کـوردەواری، هـەروا بـەردەوام بـووە و هـەرواش روو لـە گەشـەکردن و پێشـکەوتنی زیاتـرە. ئـەو ڕێـرەوە دووردرێـژەی خەباتـی چینایەتیـی کرێـکاران و رەنجدەرانـی کـوردەواری نموونەیەکـی زینـدووی بەردەوامبـوون و پێگەیشـتنی کوردەوارییـە لەسـەر ئاسـتی خەملێنـی چیـن و توێـژەکان و دابەشـبوونیان بەپێـی شـوێنیان لـە کار و بەرهەمـدا.

خەباتـی سیاسیی، خەباتـی پیشـەیی و سـەندیکایی و هاوشـانی ئەوانـەش خەباتـی کار و بەرهەمهێنانـی کرێـکاران لـە کوردسـتاندا نموونەیەکـی ئیجابیانـەی خەباتـی ناوەندەکانـی کوردەوارییـە لەرێـگای ئاوەدانکردنـەوەی نیشـتمان و پشـکداری لە دەسـکەوت و داهاتەکانی لەوێــوە بــەدی دێــن. لــەو ڕێــرەوە دووردرێــژەدا کرێــکاران و رەنجدەرانــی کوردســتان سـەرەڕای تەگەرەکانـی سـەر ڕێـگا و وێـرای بەربەسـتە ناوخۆیی و بیانییەکانی دروستبوون و دروســتکران، توانیــان بەردەوامــی بــە تێکۆشــانی خۆیــان لــە دژی چەوســاندنەوەی چینایەتـی و چەوساندنەوەی نەتەوەیـی بـدەن و لـە هەمـوو دەرکەوتێکـی نوێـدا، چاکتـر

هەلومەرجی خەبات بقۆزنەوە و باشتر راستەڕێی تێکۆشانی هەمەلایەنەی خۆیان دەستنیشان بکەن.

*گەشەکردنی کوردەواری لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا چین و توێژەکانی پۆلێنکرد و هەر بە زوویی نیشانەکانی هوشیاری چینایەتی و تێگەیشتن لە مافەکانی کرێکاران ئەوانی هاندا بچنە پێشەوە و لە وابەستەکردنی کوردستان بە ئابووریی ناوەند و ئەو شێواندنەی لەوێوە بە نسیبی ئابووریی کوردستان بوو، دەرس و پەندی پێویست وەربگرن. دەرس و پەندی ئەوەی کە کۆت و پێوەندەکانی چینی کرێکاران لە کوردستاندا هەمەچەشنەن: کۆت و بەندی رژێمێکی وابەستەی ئابووریی سەرمایەداری جیهانیی کە پەیوەندییە ئابوورییەکەی لەگەڵ دەرەوەدا پەیوەندییەکی ناهاوسەنگە، کۆت و بەندی وابەستەبوونی ئابووریی کوردستان خۆی بە ئابووریی ناوەندەوە کە سیاسەتێکی شۆڤێنیانەی لە دژی کورد پەیڕەو دەکرد و کوردستانی کردبووە کۆلۆنییەکی داخراو و ناوخۆیی، ئینجاش کۆت و بەندی چەوسێنەرانی خۆماڵی کە لە سەردەمی حوکمی ئێستادا رەوشەکە بەوە گەیشت بەغدا پیاوانی سەربەخۆی بکات بە چینێکی نوێ و ئابووریی کوردستان پاوانی خۆی و دارودەستەکەی بکات.

ئەم کۆت و بەندە، هەمەلایەنەی چینی کرێکارانی کوردستانیان کەلەپچە کردبوو، خەباتێکی هەمەلایەنەی دەویست کە سەرەتا بە سەرەتاتکێی نیشانەکانی خەباتی سەندیکایی و دواتر بەهاتنە ریزی خەباتی سیاسی و کوردایەتی دەستپێکرد و پاشان گرێدانەوەی هەمەلایەنەی مەسەلەی چینایەتی و نیشتمانیی بەدواوە بوو کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش پێشەوای پێشخستنی ئەو پێکەوە گرێدانەوەیە بوو، هەر لە ریزەکانی ئەویشدا کرێکاران توانیان بە توندی دەست بە ئەڵقەی خەباتی هەمەلایەنەوە بگرن، کە دوور لە ئاڵۆزییە تیۆرییەکان و لەنێو گەرمایی واقیعدا کرێکاران و تەواوی توێژەکانی کوردەواری بەرەو تێکۆشانی چینایەتی و نیشتمانیی سازدا و دەستکەوتی هەموو لایەک لە راپەڕینی ١٩٩١دا دەرکەوت کە رۆڵی کرێکاران و رەنجدەران تێیدا رۆڵێکی جەوهەری و پرشنگدار بوو.

*هەڵبەتە سەرکەوتنی بەشێک لە ئەرکەکانی کوردایەتی لە راپەڕیندا، کە بەشێکی خاکی نیشتمانی بۆ رزگار کردین، دەرکەوتن و درەوشانەوەی ئەستێرەی بەختی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگەی بەدواوەبوو، لەنێو ئەوانەشدا چینی کرێکاران کە شێلگیرانە چاکی مەردایەتیان لێ بەلادا کرد و لە پرۆسەی ئاواکردنەوەی نیشتمانەکەیاندا هەرگیز دوانەکەوتن و لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ململانێ و کێبڕکێ کۆمەڵایەتییەکاندا

دەستپێشخەر بوون و بە زوویی خەباتی سەندیکایی خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی نوێی خەباتی کرێکاریی لە کوردستان و لە جیهاندا گونجاند و لە ڕەوشی نالەباری ئەمڕۆی ئابووریی کوردستانیشدا هەروا درێژە بە ئاوەداکردنەوەی وڵات و ڕێکخستنی خەباتی خۆیان لەپێناوی مافە پیشەییەکان و ژیان و گوزەرانی شایستە بە ئینسانی ئەم سەردەمە دەدەن.

*کرێکارانی کوردستان هاوشان لەگەڵ ڕەنجدەرانی بیر و بازوو، نموونەیەکی دروستی خەباتی هەمەلایەنە و نەپساوەیان بەڕێکردووە و بەڕێوە دەبەن، بەو شێوەی لەم هەلومەرجە دژوارەی خەباتی چینایەتیی پێیدا دەڕوا نە نائومێدبوون و نە ڕێگا دروستەکەی تێکۆشانیان لەبیر چۆتەوە کە تێکۆشانی چینایەتی و نیشتمانییە و هیچیان لەسەر ئەوی تریان پەک ناخرێت.

١٩٩٦/٤/٢٧

# لەیادی یەکەمجار کیمیابارانو ئەنفالدا، دەرسو پەندەکان

لەمڕۆوەو لەرۆژانی داهاتوودا گەلەکەمان یادی تاڵی ئەنفال دەکاتەوە، ئەو پرۆسەیەی دە ساڵ بەر لەئەمڕۆ لەچوارچێوەی سیاسەتی جینۆسایدی دژ بەگەلەکەمان ئەنجام دراو لەچوار قۆناغی یەک لەدوای یەکی ساڵی ۱۹۸۸دا زیاتر لە (۱۸۲) هەزار کوردی بێ دیفاعی دێهاتەکانی کوردستانی کرد بەقوربانی سیاسەتی چەوتی رەتکردنەوەی بوونی نەتەوەیی کوردو پێشێلکردنی مافە رەواکانی.

ئەنفال ئەگەرچی درێژەی سیاسەتی داڕێژراوی قڕکردنی کوردبوو، بەڵام پەلەکردن لەجێبەجێکردنی ئاکامێکی راستەوخۆی ئەو هەلومەرجە بوو کە گەلی کوردستانو خەباتە رەواکەی تێیدا دەژیان، لەلایەک ئەو بێدەنگییەی دنیا لەئاستی کارەساتی هەڵەبجە نواندی، هانی حکومەتی عیراقی دا بێباکتر بکەوێتە وێزەی گەلی کوردو تۆڵەی بەهێزبوونی باسکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لێبکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو کاتو شوێنەی پرۆسەی ئەنفالی تێدا بەرێخرا بۆ خۆی چەندین مانای سیاسی هەڵدەگرێو ئامانجە بنچینەییەکانی سیاسەتی پیادەکراو لەبەرامبەر گەلی کوردستان دەردەخا. ئەنفال لەو ساڵەدا جێبەجێکرا کەئیدی شەڕی عیراق-ئێران بەرەو راوەستان دەچوو، بەغداش دەرفەتێکی چاکتری بۆ هەڵکەوت تاحیساباتە هەڵواسراوەکانی خۆی لەگەڵ کوردایەتی یەکلا بکاتەوە، جینۆسایدەکەش زیاترو بەچڕی لەناوچەی کەرکوکو گەرمیان ئینجا ناوچەکانی تری کوردستان ئەنجام درا بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی تەعریبکردنی کەرکوک وگەرمیاندا ژمارەی گوندنشینانی دەوروبەری ئەو شوێنانە کەم بێتەوەو لەیەک فورسەتی هەڵکەوتوودا زیاتر لە (۱۸۲)

هـەزار کـەس بێسەروشـوێن بکرێـنو بـەرەو چارەنووسـێکی نادیاریـان ببـەن.

بـەڵام ئەگـەر ئامانجـی بنچینەیـی ئەنفـال قڕکـردنو جینۆسـایدی کـورد بێـت، ئـەوا دەتوانیــن بڵێیــن ئــەو ئامانجــە نەهاتــە دی، چونکــە کــورد وێــڕای کیمیابارانکردنــی هەڵەبجـەو بالیسـانو شـێخ وەسـانان، وێـڕای ئەنفالکـردن، لەناونەچـوو و لـەدوای سـێ سـاڵیش لـە هەوڵـی جینۆسـاید توانـی راپەڕیـن بـکاو لـەدوای راپەڕیـنو ئـەو گۆڕانـە ئیجابیانەشـی بەقازانجـی کـورد روویانـدا، توانـی مەرگەسـاتی ئەنفـالو کیمیابـاران بەدنیـای دەرەوە بناسـێنێو ئـەو مەرگەسـاتە نیشـتمانییانە بگۆڕێتـەوە بەپێشـکەوتنی کوردایەتـی بەدەسـتهێنانی هاوسـۆزی نێودەوڵەتـی. بۆیـە دەشـێ لێـرەدا بگوتـرێ پەنـدی هەرەگەورەی بەدەسـت هاتـوو لـەدوای ئەنفـال ئەوەیـە کـە تونـدو تیـژی و قڕکـردن ناتوانێـت کێشـەی کـورد چارەســەر بــکاتو کوردیــش بــەو شــێوەیە ئەگەرچــی زیــان و ئازارێکــی زۆری پێـدەگات، بـەڵام هەمیشـەو هەتـا هەتایـە بوونـی نەتەوەیـی خـۆی دەپارێـزێ و درێـژە بەتێکۆشـانو خەبـات بەهەمـوو شـێوەکانییەوە دەدات لەپێنـاوی بەدەسـتهێنانی مافـە رەواکانـی کـە خـۆی لەمافـی چـارەی خۆنووسـین دەنوێنـێ. ئـەو مافـەی لەسـاڵی ١٩٩٢دا پەرلەمانـی هەڵبژێـردراوی خەڵکـی کوردسـتان بەگشـتی دەنـگ لەفۆرمەلـەی فیدرالیـزم و یەکگرتنـی ئارەزوومەندانـە لەچوارچێـوەی عیراقێکـی دیموکراتویەکگرتـوودا دایڕشـت.

ئەمـڕۆ بیـرەوەری تاڵـی ئەنفـال و هـەروا بیـرەوەری بـۆ یەکەمینجـار کیمیابارانکردنـی کـورد لەسـاڵی ١٩٨٧ لەشـێخ وەسـانان و دواتـر لەبالیسـاندا پێویسـتە هاندەرمـان بـن بـۆ ئاشـتبوونەوەو یەکخسـتنەوەی ماڵـی کـورد تاوەکـو کـورد بەیەکگرتوویـی و تۆکمەییـەوە لەلایـەک بتوانــێ بــەرەو رووی سیاســەتەکانی قڕکـردن ببێتــەوەو لەلایەکـی دیکەشــەوە لەئاسـتی ئـەو پشـتگیرییە پەرەسـندووەدا بێـت کـە ئەمـڕۆ بـۆ خەباتـی کـورد لـواوە، بــۆ ئــەوەی چیتــر کــورد ئەنفــال نەکــرێ وبــۆ ئــەوەی لەکوردســتانێکی ئاشــتی و ئاوەدانـدا یـادگاری ئەنفالکـراوەکان، کەسـوکاری ئەنفالکـراوەکان، بایەخـی زیاتـر بەژیـانو گوزەرانیـان بدرێـتو پاداشـتیان لەسـەرکەوتنی بزووتنـەوەی کـوردو بەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییەکانـدا، بەئەنـدازەی قوربانـی بـاوکو بـرا ئەنفالکراوەکانیـان، بێـت.

١٩٩٨/٤/١٤

# لە پەراوێزی سەردانەکەی مام جەلال بۆ تاران

گفتوگۆ لەبارەی روانینە هاوبەشەکان و وێستگەیەك بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی

لـە درێـژەی گەشـتێکی دیبلۆماسـی دوورودرێـژ لەپێنـاو ئاشـتبوونەوەی گشـتی و پێشخسـتنی کوردایەتیـدا رۆژی (١١/٢٢) هەڤـاڵ مـام جـەلال سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان گەیشـتە دوا وێسـتگەی گەشـتەکەی و لەسـەردانێکی چەنـد رۆژیـدا لایدایـە پایتەختـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران.

بڕیـارە مـام جـەلال لـەو سـەردانەیدا لەگـەڵ گـەورە بەرپرسـانی ئێران لەبـارەی رەوشـی ئاشـتی کوردسـتان و رێککەوتنـی واشـنتۆن و پەیوەندییـە دوو قۆڵییـەکان گفتوگـۆ بـکات.

هەڵبەتـە سـەردانی بەڕێزیـان بـۆ پایتەختێکـی ئیقلیمـی گرنگـی وەکـو تـاران کـە وڵاتەکـەی قورسـایی خـۆی لەنێوچەکـەو هاوکێشـە سیاسـییەکانی هەبـووە و بـەم دواییـەش لەگـەڵ هاتنـە سـەرکاری ئاغـای محەمـەد خاتەمـی بەنیـازە پشـکێکی زیاتـر و پایەدارتـر بـۆ خـۆی لـە سـیناریۆ چاوەڕوانکراوەکانـی داهاتـوو بەدەسـت بێنـێ، سـەردانێکی وا نـەک تەنهـا سـەردانێکی پرۆتۆکۆڵییـە بـۆ وڵاتێـک کـە هاوبەشـی خـەم و پەژارەکانـی پێشـووی کـورد بـووە لەهەڵەبجـە و ئەنفـال و کـۆڕەو و هەمیشـە لەگـەڵ کـورد و یەکێتیـدا لەفیکـری پتەوکردنـی پەیوەندیـی ئیجابـی و بنیاتنـەردا بـووە، بەڵکـو سـەردانی مـام جـەلال بـۆ پایتەختـی کۆمـاری ئیسـلامی وێسـتگەیەکی چۆنایەتییـە لەچوارچێـوەی ئـەو هـەوڵ و کۆششـانەی ئاشـتی کـە بەسـەردانی واشـنتۆن و مۆرکردنـی رێککەوتنـی واشـنتۆن دەسـتی پێکرد بۆسـەردانی لەندەن و ئینجا سـەردانی ئەنقەرە لەپێناو رەواندنەوەی مەترسـییەکانی تورکیـا لەرێککەوتنـی کـوردان، تاوەکـو بـۆ دیمەشـق لەرێـگای پتەوکردنـی پەیوەندییـە دێرینەکانـی یەکێتـی لەگـەڵ کۆمـاری عەرەبـی سـوریادا. چونکـە ئاڵوگۆڕکردنـی بۆچـوون

و روانینــەکان لەگـەڵ بەرپرسـانی کۆمـاری ئیسـلامیدا خزمەتـی بەدیهاتنـی تێگەیشـتنێکی هاوبــەش لەمەســەلە هاوبەشــە پەیوەندارەکانــی نێـوان کـورد و ئێرانـدا دەکات بەتایبەتـی لەپرۆسـەی ئاشـتیدا کـە پێشـتر ئێـران لەپـاڵ دەوڵەتانـی پەیوەنـدار بەپرسـی کـوردەوە کۆشـش و ناوبژیوانـی بـۆ نوانـدووە لـەو روانگەیـەوە کـە ئاشـتییەکی جێگیر لە کوردسـتانی دراوسـێی ئـەو وڵاتـەدا هاوبەشـی لەپاراسـتنی ئاسـایش و ئەمنیەتـی ناوچەیـەک دەکات کـە پتر لەکێشـەیەکی هەڵئاوسـاوی تێدایە لەسـەرووی ئەوکێشانەشـەوە قەیرانە بەردەوامەکەی نێـوان عیـراق و UN و پەرەسـەندنە مەترسـیدارەکانی ئـەو قەیرانـە. بێگومـان ئاشـتییەکی جێگیـر لەکوردسـتاندا نـەک تەنهـا قازانجـی بـۆ کـوردان هەیـە، بەڵکـو لەئاکامـدا وڵاتانـی دراوسـێش لێـی بەرخـوردار دەبـن هـەر وەکـو لـە دەقـی رێککەوتنەکـەی واشـنتۆندا هاتـووە کـە ئیـدارەی یەکگرتـووی کوردسـتان و چەسـپاندنی ئاشـتی، رەچـاوی نیگەرانییەکانـی دراوسـێکان لەبـواری پەیوەنـد بەپاراسـتنی ئەمنیەتـی سـنوورەکان دەکات.

لــە واقیعیشــدا وایــە کــە کاتێــک کــوردەکان دوای ئاشــتی بپەرژێنــە ســەر خۆیــان هەڵسـوڕاوێکی ئیجابـی بـن لەمەسـەلەی دراوسـێتی و عورفـی پەیوەندیـی نێودەوڵەتانـدا.

ئێسـتا رەوشـی کوردسـتانی عیـراق روو لـە هێورکردنـەوە و ویسـتی ئاشـتییەکی پتـەو دەکات کـە ئەمـەش دوای رێککەوتنـی ئاشـتی پێویسـتی بەلێکحاڵیبوونـی دۆسـتان هەیـە لەوانـەش دۆسـتێکی گرنگـی وەکـو ئێـران بۆیـە سـەردانی هەڤـاڵ مـام جـەلال بۆ ئـەو وڵاتە گوزارشـتێکی دیکەیـە لـە کۆششـی لێـک حاڵیبـوون و تەئکیـد کردنەوەیەکـی راسـتەوخۆیە لەسـەر مەیلـی بەردەوامـی هـەردوولا (یەکێتـی و کۆمـاری ئیسـلامی) بـۆ بـەردەوام کردنـی پەیوەندیـی دۆسـتانەی بنیاتنــەر و دامــەزراو لەســەر بنچینــەی ســەربەخۆیی ویســت و ئیـرادەی هــەردوولا و هــەروا لەســەر بنچینــەی بەرژەوەندییــە سیاســی و ئابــووری و بازرگانییـە هاوبەشـەکان.

# لە یادی یۆبێلی زێڕینی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا

ئەمڕۆ (١٠/١٢/١٩٩٨) پەنجا ساڵ بەسەر جاڕدانی برگەو بنەماکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا تێپەڕدەبێت. پەنجا ساڵ بەر لەئەمڕۆ، دروست لە رۆژی (١٠/١٢/١٩٤٨)دا جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ لەپێناوی سەروەری ئینسانو پاراستنی ئازادیو مافە مرۆیی و مەدەنییەکانو رەخساندنی هەرچی زیاتری دەرفەتی پەرەپێدانی توانستە مادییو مەعنەوییەکانی مرۆڤ، لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڕیاری لەسەردراو بڵاوکرایەوە.

بڵاوکردنەوەی جاڕنامەی مافی مرۆڤ دوای ئەو کارەساتوماڵوێرانییانە هات کە لەجەنگی جیهانی دووەم کەوتنەوەو تێیدا سەرجەم گەلانو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گورزی گورچکبڕیان بەرکەوت لەڕووی زیانی گیانیو مەعنەویو مادییەوە، لە شەڕێکی ماڵوێرانکەرو لە چەندین رەوشی گرژییدا بەها مرۆییەکان پێشێلکرانو سوکایەتی بە ئینسانەکان پتر لە هەر کاتێکی تر تەشەنەیان کرد. ئەگەرچی پێدەچوو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان پەندو دەرسیان لە رابردووی پێش جاڕدانەکە وەرگرتبێو تەنها لەدونیای سێدا سەرکوتکردنو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ درێژەیان کێشابێ، بەڵام سەردەمی دوای هەڵوەشانەوەی جەمسەری رۆژهەڵاتو نەمانی شەڕی سارد سەرباری ئەوەی سەردەمی برەو پەیداکردنی چەمکو دروشمەکانی مافی مرۆڤو دیموکراسی بوو، لێ لەهەمانکاتیشدا سەردەمی گەڕانەوەی شەڕە ناوخۆییەکان بوو بۆ ناوجەرگەی ئەوروپای شارستانی لە بۆسنیاو کۆسۆڤۆو.. هتد. دیاریشە زەمەنی شەڕە ناخۆییەکان، تەنانەت لە ئەوروپای شارستانیشدا، رەوشی تێکدانی ژیانو

گوزەرانو ئاوەدانی بەدواوە دەبێت، تێکدانی ئەو سێ بنەمایەش بۆ خۆی بەمانای پێشێلکردنی بێ چەندو چونی سەرەتاییترین مافی ئینسانی دێت کە مافی هاوولاتی بوونو مافی ژیانە لەکۆمەڵگەیەکی ئارامو ئاشتییەکی تەندروستدا. بێگومان لە هەلومەرجی شەڕو ئاژاوەشدا، کە تەنانەت مافی ژیانو گوزەرانیشی تێدا ئاودیو بکرێت، قسەکردن لەسەر ئازادییە گشتییەکانو مافی پەرەپێدانی تواناو بەهرەکانی ئینسان وەکو ئەندێشەیەکی مەکتەبی لێ دێت.

راستە کەتەنها نەمانی شەڕو ئاژاوە ناوخۆییو دەرەکییەکانو چێکردنی ئاشتی بەس نین بۆ رێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام ئاشتیو ئارامی لەهەر شوێنێکدا بەرقەرارو جێگیربن ئەوا زەمینەی پتەوبوونی کۆڵەگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چاکتر دەڕەخسێن، لەرێگای چەسپاندنی مافە مەدەنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو رۆشنبیرییەکانی مرۆڤ و بەشینەوەی دڵنیاییو کەشی لێبووردن لە نێوان تاکە کەسو کۆمەڵگەکاندا. جێگیربوونی ئاشتی لەهەر ولاتو کۆمەڵگەیەکدا دەرفەتی ئەوە دەدات ماکو رەگەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەستنیشان بکرێنو بەهەر بیانوویەکەوە ئەو پێشێلکردنانە بقەومێن پێشیان پێ بگیرێت، یاخود هیچ نەبێت ئیحتواو کەم بکرێنەوە.

لەکوردستانەکەی خۆشماندا کە خەڵکەکەی بە هەموو چینو توێژو ناوەندەکانییەوە قوربانییەکی لە مێژینەو بەردەوامی سیاسەتەکانی سەرکوتکردنو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بوونو لە رێرەوی جینۆسایدی تاکە کەسیو دەستەجەمعیدا شاهیدو قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالی گەرمیانو راگواستنی کەرکوکو دەرکردنو تەسفیری کوردە فەیلییەکانو بێ سەرو شوێنکردنی (٨) هەزار بارزانیو دەیانو سەدان مەرگەساتی دیکە بوون، پتر لە هەر ولاتو هەرێمێکی تری دونیا جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ جێی ئومێدو باوەڕی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بووە تا لە سایەی بەیاننامەی کەرامەتی مرۆڤ و سەرجەم بڕیارو راسپاردە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا پشکێک بەر کوردان بکەوێتو لەکەلێنێکی شارستانییەوە لە داخوازیو هەقی کوردەوارییو کوردایەتی بپێچنەوە. لەبەر رۆشنایی ئەو واقیعەشدا بوو هێزەکانی کوردایەتی کە ئامانجو داخوازییەکانیان لەگەڵ برگەو بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا تەبابوو. هاوسۆزییەکی ئیجابییان لەگەڵ دروشمی پایەداری سیستمی نوێی جیهانییدا نواند، بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لەیەکەمین کۆنگرەی گشتی

خۆیدا بەرنامەو سیاسەتەکانی لەگەڵ جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا ئاوێتەکردو ئەو ئاوێتە بوونەش تەنانەت لەدروشمی ناوەندی (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین)یشدا دەرکەوت، دواتر دامەزراندنی مەکتەبێکی تایبەت بە مافی مرۆڤیشی بەدواوە بوو. هەر بەرێنمایی ئەو دروشمەو راسپاردەکانی هەڤاڵ مام جەلال لە بارەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤیشەوە بوو، کە هەڵمەتێکی حزبیو نیشتمانیی بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاری لەسەر پەیامی مرۆییانەی جاڕنامەی گەردوونی مافی مررۆڤو ناساندنی خەڵکی کوردستان بەمافەکانی خۆیان بەرپاکرا. بەڵام ئەفسوس شەڕی ناوخۆی کوردستانو دەرکەوتەکانی، رێیان لەسەرخستنی هەڵمەتە پیرۆزەکە گرتو لەگەرمەی شەڕەکەشدا، وەک هەموو شەڕە ناوخۆییەکانی دنیا، بەشی زۆری سیماکانی ژیانی مەدەنی پەک خرانو نەریتو رێسا مەدەنییەکانو بنەماکانی مافی مرۆڤیش کەوتنە بەر هەڕەشەی نالەباری رەوشی کوردەواریو پێشێلکارییەکانەوە.

ئێستاش کە هەوڵو تەقەلاکانی ئاشتی بە پێی رێککەوتنی واشنتۆن هەنگاوی چۆنایەتییان بڕیوە، سەرلەنوێ ئومێدی بەرپاکردنی هەڵمەتێک بۆ ناساندنو هوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک بەمافەکانی خۆیان لەئازادیو رادەربڕینو سەربەستییە گشتییەکانو ئازادی هاتوچۆو هەڵبژاردنی شوێنی ژیانو مافی خوێندنو فێربوونو پەرەپێدانی ئاستی رۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیو ئابووری بوژاوەتەوەو دەکرێ ئەمڕۆ بەدڵنیایی نەمانی شەڕی ناوخۆوە لاپەڕە پڕ ئازارەکانی رابردووی پێشێلکردنی مافی مرۆڤو تێکچوونی شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتیو مەدەنی هەڵبدەینەوەو لەسەر زەمینەیەوی ئاشتیو ئارامی کوردستاندا کار بۆ چێکردنی کوردەوارییەکی مەدەنی بکەین کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ شێوەو شکڵی یاساییو هەروا ئیعتباری کەلتوری ئەوتۆ پەیدا بکەن. بۆ ئەوەی بەندو بنەماکانی مافی مرۆڤ تێکەڵ بە نەریتەکانی ژیانو دابی کوردەواری ببنو لە هەموو بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتیو رووناکبیرییەکاندا، رەنگ بدەنەوە.

١٩٩٨/١٢/١٠

# پشوودرێژی شۆڕشگێڕانە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆندا

ئـەو زیانـە زۆرو زەوەندانـەی لەمیانـی چـوار سـاڵەی شـەڕی ناوخـۆی کوردسـتان لەبزووتنـەوەی کوردایەتـیو ڕێـڕەوی کـوردەواری کـەوت، دەبـێ لـەم هەلومەرجـەدا پتـر لەهـەر ئەنگێزەیەکـی تـر هاندەرمـان بێـت بـۆ پەرەپێدانـی زیاتـری ئـەو هەنگاوانـەی لەپێنـاوی ئاشـتیدا نـراون لەرێـگای جێبەجێکردنـی دەقـی ڕێککەوتننامـە مێژووییەکـەی واشـنتۆن کەپێـش ئـەوەی خشـتەی کاری چەسپاندنی ئاشـتی نێـو ماڵـی کـوردان بێـت، بـۆ خـۆی بەڵگەیەکـی نێـو دەوڵەتـی گەورەیـە بەقازانجـی کوردایەتـیو پێویستیشـە بـەو چـاوەوە سـەیر بکرێـتو هەڵبسـەنگێنرێت. هـەر لەبـەر ئـەو سـەنگە نێودەوڵەتییـەی ڕێککەوتنەکـەش هەقـە هەمـوو هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بەگشـتیو یەکێتـیو پارتـی بەتایبەتـی کاری جـددی ورد بـۆ جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی بکـەن.

بەڵــێ سـەنگی ڕێککەوتنەکـەی واشـنتۆن تەنهـا لەوەدانییـە ئاشـتی کـورد- کـورد دەچەسـپێنێتو ئیتـر سـنوورێک بـۆ خەیـاری شـەڕو پەنابردنە بەر چـەک لەیەکلایکردنەوەی کێشـە نێوخۆییـەکان دادەنێـت، سـەرەڕای بایەخـی قووڵـی کۆتاییهاتنی شـەڕو پێکدادان بۆ ڕاگرتنـی پشـێویو هاتنـەوە سـەر هێڵـی ئەزموونـی خۆماڵـی کـورد، سـەنگی ڕێککەوتنەکـە تەنهـا لـەوەدا نییـە زیانـە زۆرو زەوەنـدەکان قەرەبـوو دەکاتـەوەو ئەوکەلێنانـەی لەچـوار ساڵی ڕابـردوودا دروسـت بـوون پڕدەکاتـەوە کـە ئەوەلایەنـی کەمـی چاوەڕوانکـراوی هـەر ئاشـتبوونەوەیەکی گشـتییە، بەڵکـو سـەنگی ڕێککەوتنەکـەی واشـنتۆن لەوەدایـە کـە ڕێککەوتنێکـی وەرچەرخێنـەرەو کوردایەتـی دەخاتـە سـەر ڕێـی هاتـی سـەرکەوتن لـەدوا دواییەکانـی سـەدەی بیسـتو سـەرەتای هـەزارەی سـێیەمدا. کـورد بـەو ڕێککەوتنـەوە

دەچێتــە دەورانێکــی نوێــی سیاســی لەســەردەمێکی تــازەداو لەوپێناوەشــدا بەڵێنــی زۆری پێدراوەو سەرجەم ئەو بەڵێنانـەش پەیوەستن بەجێبەجێکردنـی ڕێککەوتنەکـەوە. سـەنگی ڕێککەوتنەکـە هـی ئەوەیـە کەلەچوارچێوەی بەرژەوەندیـی نیشـتمانییو نەتەوەیـی نـەک لەروانگـەی حزبییـەوە مامەڵـەی لەتەکدا بکـرێو قوربانـی حزبـی بـۆ بـدرێ.

هـەر لێرەو لـەو ڕەهەنـدە نیشتمانییەشـەوە سەرخسـتنی ڕێککەوتنەکـە لەئەرکـی حزبـی یەکێتـیو پارتـی دەردەچێـتو شـێوەی ئـەرکو فرمانێکـی نیشـتمانییو میللـی دەگرێتـە خـۆ کـە دەبـێ کۆششـی هەمـوو حـزبو لایەنـە سیاسسـییەکان، هەمـوو توێـژو ناوەنـدو گروپەکانـی بـۆ سـاز بدرێـت.

کۆششـی لـەو بابەتـەو ئینجا جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنێکی ئـاوا وەرچەرخێنەر، هەنگاوی ورد بـەڵام جێگیـرو پتـەوی دەوێـت. بۆیـە مـام جـەلال لەکۆنگـرە ڕۆژنامەنووسـییەکەی ڕۆژی (١٢/١١)و هـەروا لـەو دیدارانـەی بـۆ ڕوونکردنـەوەی بایەخـی مێژوویـی ڕێککەوتنەکـە لەگـەڵ حـزبو لایەنەکانـی کوردسـتان ئەنجامیـدا، لەپـاڵ تەئکیدکردنـەوەی پابەندبوونـی یەکێتـی بەپرۆسـەی ئاشـتییەوە، پتـر لەجارێـک ئامـاژەی بـەوەدا کـە (( بـۆ بەدیهێنانـی ئـەو ڕێککەوتنـە بێوێنەیـە لەمێـژووی گەلـی کـورددا، پێـش هەمـوو شـتێک پشـوو درێـژی شۆڕشـگێڕانەمان گەرەکـە)). واتـا سـەبرێکی شۆڕشـگێڕانەی ژیر کەسـەنگی ڕێککەوتنەکەی ڕەچـاو کردبێـتو گـرەو لەسـەر خەیـاری ئاشـتیو سەرخسـتنی کوردایەتـی بـکات. هـەر بەفیعلیـش ئـەو ئاکامـە ئیجابییانـەی لەجێبەجێکردنـی ڕێککەوتنەکـە دەکەونـەوە، هێنـدە ئاکامـی وەرچەرخێنـەرن کەدەبێـت وردبینانـەو ژیرانـە خەباتـی بـۆ بکرێـت تـا سـەرەنجام لەئاوێتەکردنێکـی جەدەلیانـە لەنێـوان ویسـتی شۆڕشـگێڕانەو پشـوو درێـژی سیاسـیانەدا ئاشـتی بچەسـپێو کوردایەتـی بـە ڕوویەکـی گەشـەدارەوە پـێ بنێتـە سـەدەی نـوێو هـەزارەی سـێیەمەوە.

١٩٩٨/١٢/١٥

# له ماڵئاوایی ساڵی ۱۹۹۸دا
# خەونەکانمان بە ساڵی ۱۹۹۹ دەسپێرین

ئەمڕۆ دنیا ماڵئاوایی لەساڵێکی رابردوو دەکاو سبەی پێ دەنێتە نێو ساڵێکی نوێوە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش ماڵئاوایی لەساڵێکی بێ شەڕو شۆڕی ناوخۆیی، ساڵێک لەهەوڵو کۆششی ئاشتیو ئاشتبوونەوە دەکەنو پێشوازی لەساڵێکی تازەی ئاسۆ والای پڕئومێدی چەسپاندنی یەکجارەکی ئاشتیو یەکخستنەوەی ماڵی کورد دەکەن.

سالێک بەهەموو خەمو ئازارەکانییەوە، بەهەموو خۆشیو رۆژە گەشەدارەکانییەوە رۆیشتو ساڵێکیتر، دەرفەتێکیتر بەڕێوەیە کە هیوامان وایە ساڵی سەرخستنی کوردایەتیو دەرفەتی پێشکەوتنی کوردەواری بێت.

ساڵی رابورد بەپێشوازی کردن لەپەیامی هەڤاڵ مام جەلال دەستپێکردو بەنامە گۆڕینەوەی نێوان سەرکردەی هەردوو حزب تێپەڕیو لەرێککەوتننامەی مێژوویی واشنتۆندا پشوویەکی پڕ خێرو بەرەکەتیدا تاوەکو لەکەشوهەوای پێشکەوتنەکانی مەسەلەی کورد لەئاستی دنیادا، بەمژدەی دەستپێشخەرییەکی دیکەی ئاشتی، بەمژدەی سەفەری ئاشتیخوازانەی مام جەلال بۆ مەسیف، کۆتایی پێهات.

ساڵی رابورد، ساڵی زنجیرە کۆبوونەوەکانی ئاشتیبوو کە سەرەڕای تەگەرەکانی سەر رێگا، کەشی لێبووردنی میللیو خۆشکردنی نێوانی دابینکرد.

ساڵی رابورد سەرەڕای خەمەکانی تەعریبو راگواستن، سەرەڕای خەمەکانی ئاوارەیی شەڕی ناوخۆ، بەلام هەروا ساڵی گەڕانەوەی بەشێکی زۆری دیلو گیراوەکان بوو بۆ باوەشی کەسوکاریان.

سـاڵی رابـورد ئەگەرچـی لەمپەرەکانـی بـەردەم حکومەتـی هەرێمو وەزارەتو دەزگاکانـی کـەم نەبـوونو ئەگەرچـی دەرامـەتو داهاتـەکان زۆرنەبـوون، بـەڵام سـاڵی کۆششو هەوڵـی بەردەوامـی خزمەتکـردن بـوو، سـاڵی پرۆژەکانـی ئاوەدانکردنـەوەی هەمـوو بوارەکانـی ژیـانو سـاڵی رووناککردنـەوەی کوردسـتانو راکێشـانی کارەبـا بـوو بـۆ گونـدە دوورە دەسـتەکان.

سـاڵی رابـورد.. سـاڵی رێککەوتنـی واشـنتۆنو کردنـەوەی دەروازەکانـی بەنێودەوڵەتـی بوونـی کێشـەی کـورد بـوو. لـەم سـاڵەدا کـورد نەتەنهـا ئیمـزای ئاشـتبوونەوەی کـرد، بەڵکـو دیکۆمێنتێکـی نێودەوڵەتـی مەزنـی بەدەسـتهێنا کـە وڵاتێکـی گـەورەی وەکـو ئەمریـکا شـاهیدی لەسـەرداوەو بەبەڵێنـی پاراسـتنی کـوردو یارمەتیدانـی ئەزموونـی دیموکراسـی کوردسـتانی عیـراق تۆکمـەو پشـتگیری لـێ کـراوە. سـاڵی رابـورد سـاڵی پێشـوازی جەمـاوەری کـەم وێنەبـوو لەرابـەری کوردایەتـیو رێبـەری ئاشـتی دوای گەڕانـەوەی لـەدەرەوەی وڵات.

سـاڵێکیتر لەتەمەنـی کوردایەتـیو لەژیانـی کـوردەواری گـوزەری کـردو ئـەوەی جێـی تێدانەبـۆوەو ئـەوەی فریـای نەکەوتیـن، بەسـاڵی داهاتوومـان سـپاردووە.

ئومێدمان وایە ساڵی تازەی ١٩٩٩، ساڵی تەواوکردنی ئەوەبێت کە فریای نەکەوتین.

سـاڵی سـەرکەوتنی سـەردانەکەی مەسـیفو جێبەجێکردنـی رێککەوتننامـەی واشـنتۆنو ئاسـاییکردنەوەی رەوشـی سـەرجەم شـارەکانی دهـۆک، هەولێـر، سـلێمانیو کەرکوک بێت، سـاڵی یەکخسـتنەوەی ماڵـی کـورد، یەکخسـتنەوەی حکومەتی کوردسـتانو یەکخسـتنەوەی داهاتـی کوردبێـت لەبەرژەوەندیـی کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتاندا، سـاڵی هەڵبژاردنـی ئـازادو پێکهێنانـی حکومەتێکـی تـازەی بنکەفـراوان بێـت.

سـاڵی گەڕانـەوەی ئاوارەکانـی شـەڕی ناوخـۆی کوردسـتانو کۆتاییهاتنـی سیاسـەتی راگواسـتنو تەعریـب بێـت.

سـاڵی پـرۆژەی گـەورەی ئابـووریو پرۆسـەکانی ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتانو چاککردنـی گوزەرانـی کۆمەڵانـی خەڵـک بێـت لەسـەرووی هەمووشـیانەوە چاککردنـی گوزەرانـی کەسـوکاری شـەهیدانو کەسـوکاری ونبووەکانـی ئەنفـال بێـت.

لـەوەش زیاتـر سـاڵی ١٩٩٩ سـاڵی چەسـپاندنی فیدراڵـی بێـت بـۆ کـورد لەچوارچێـوەی عیراقێکـی دیموکراتـی، پەرلەمانـیو یەکگرتوودا.

ماڵئاوا ساڵی ١٩٩٨، ساڵی رێککەوتنی واشنتۆنو پەیامی ئاشتی.

بەخێربێیـت سـاڵی ١٩٩٩، سـاڵی جێبەجێکردنـی رێککەوتنەکـەو سـاڵی چەسـپاندنی

یەکجارەکـی ئاشـتیو ئاوەدانـی لەکوردسـتاندا.

بەخێربێیـت سـاڵی ١٩٩٩، سـاڵی دەروازە واڵاکانـی بـەردەم کوردایەتـی لەکۆتایـی سـەدەی بیسـتو لەسـەرەتای سـەدەیەکی نـوێو هەزارەیەکـی تـازەدا.

# ناوچەکانی دژەفڕین!

*لەچوارچێـوەی توندبوونــی گــرژی ئەمدواییــەی نێــوان بەغــداو ڕێکخــراوی نەتەوەیەکگرتــووەکان، حکومەتــی عیــراق پابەندنەبوونــی خــۆی بەبڕیــاری تایبــەت بــە ناوچەکانــی دژەفڕیــن ڕاگەیانــدو هــەروا داواشــیکرد کــە ڕێکخــراوە نــا حکومییــەکان «NGO» لــە کوردســتان بکشــێنەوە بەبیانــووی ئــەوەی بوونیــان مایــەی پێشــێلکردنی ســیادەو پیلانێکــە لــەدژی عیــراق. ئەمــە یەکەمجــار نییــە کــە بەلێدوانــی تەمومــژاوی شــەرعییەتی ناوچــەی دژەفڕیــن دەخرێتــە ژێــر پرســیارەوەو عیراقیــش نیگەرانــی خــۆی نەشاردۆتەوە لەبــارەی چالاکــی ڕێکخراوەکانــی (NGO) کەلەچوارچێــوەی هاریکاریکردنــی گەلــی کــوردو لەســایەی بڕیــاری پەســەندکراوی (٩٨٦)ی تایبــەت بــە نــەوت بەرامبــەر خــۆراک درێــژە بەخزمەتــی مــرۆڤ دۆســتانەی خۆیــان دەدەن، بــەڵام هێنــدە هەیــە لەکاتــی گرژییەکانــدا کــە ئــەوەی ئــەم دواییــە توندوترینیــان بــوو ئــەم مەســەلەیە ورووژێنرایــەوە وەک یــەک لەخاڵەکانــی مایــەی قووڵکردنــەوەی ناکۆکییەکانــی نێــوان عیــراقو UN. لەڕاســتیدا وروژاندنــی مەســەلەی ناوچەکانــی دژەفڕیــنو کاری ڕێکخــراوە ناحکومییــەکان وەک بابەتێکی گرێــدراوی پرســی ســیادەی نیشــتمانییو پیــلان لــەدژی قــەوارەی عیــراق، وای خواســت کەهەندێــک ڕاســتی بــۆ ڕایگشــتی ڕوونبکرێتــەوە:

*ناوچەکانــی دژەفڕیــن دوای ئــەو هەڕەشــە ڕاســتەوخۆیەی لەگەلــی کــورد لەکوردســتانی عیــراق دەکــرا، هاتــە کایــەوەو شــێوەی بڕیارێکــی پەســەندکراوی ئەنجومەنــی ئاسایشــی نێودەوڵەتــی لەخــۆ گــرت کەئەویــش بڕیــاری شــەرعی (٦٨٨)ی مایســی ١٩٩١ـە.

ئــەو بڕیــارە بــۆ پەکخســتنی پەلامــاردانو ئەنفالکردنــی کــوردو ڕێگرتــن بــوو لەدەرەنجامــە

خراپەكانی كۆڕەو، هەروا بۆ راگرتنی هەموو جۆرە سەركوتكردنێكی گەلی عیراق بوو. كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆیە پەسەندی كرد تاوەكو لەچوارچێوەی ناوچەكانی دژەفڕیندا كورد لەكوردستانو دواتریش خەڵكی باشووری عیراق لەباشوور لەئارامی و ئۆقرەییدا بژین. واتا شەرعیەتەكەی لەدوولایەنەوەیە؛ لایەنێكی مەعنەوی و ئەدەبی كەهەرگیز پەسەند نییە لەكۆتایی سەدەی بیستو لەسەردەمی ئازادی گەلانو مافی مرۆڤو دیموكراسیدا تەواوی گەلێك بەبەرچاوی دنیاوە قڕبكرێت. لایەنێكی یاسایی-یش كەبڕیاری بەگشتی دەنگ پەسەندكراوی (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشەو بەو پێیەش شەرعییەتی نێودەوڵەتی پشتگیری لێدەكات. لەبەرئەوە هەق نییە تانە لەو بڕیارە بدرێت كەلەگەڵ بڕیاری (٩٨٦)دا تەنها دوو بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشن كە لەقازانجی گەلانی عیراق درا بێتو بۆ پاراستنو پارێزگاریكردنی گەلی كوردو تەواوی عیراقییەكان بێت لەچوارچێوەی عیراقی یەكگرتوودا.

*بزوتنەوەی كورد لەكوردستانی عیراقدا بازنەكانی پەیوەندیی نێوان خۆی و ناوەندەكانی دەوروبەری بەشێوەیەكی بەرچاوروون دیاری كردووە و لەمێژەوە سیاسەتی كوردایەتی وایە كە یەكێتییەكی ئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی عیراقێكی دیموكراتیدا بەمەرجی دابینكردنی خواستە نەتەوەییەكان لای كورد پەسەندكراوەو لەدوای راپەڕینیشەوە وەختێك بۆی لوا پیادەی ئیرادەو بڕیاری سیاسی خۆی بكات لەپەرلەمانی یەكگرتووی كوردستاندا فیدراڵی پەسەند كرد كە داخوازییەكە یەكێتی عیراق پتەوتر، نەك پێشێلی دەكات. خواستی عیراقێكی دیموكراتی فیدراڵی و فرە حزبی تەنانەت لەرێككەوتننامەی مێژوویی واشنتۆنیشدا، كەبەڵێنی پاراستنی كوردی تێدایە، تەئكیدی لەسەر كراوەتەوە، وەك فۆرمەلەیەك هەردوولای هاوكێشەكە دابین بكات. لەبەرئەوە پاراستنی كورد لەچوارچێوەی بڕیاری ناوچەی دژەفڕیندا جگە لەوەی لەڕووی نێودەوڵەتییەوە شەرعییە، هەرواش مایەی پاراستنی قەوارەی عیراقە. تائەو رۆژەی لەعیراقی فیدراڵدا مافەكانی كورد دەچەسپێو هەڕەشەی پەلاماردانی لەسەر نامێنێ.

*رێكخراوەكانی NGO بۆ ئاوەدانكردنەوەی كوردستانێك هاتوون كە لەئەنجامی ئەنفالو هەوڵی جینۆسایدكردنی كورد تێكدراوەو وێران كراوە. هاتنیشیان لەچوارچێوەی هەردوو بڕیاری نێودەوڵەتی (٦٨٨) و (٩٨٦) دایە، لەبەرئەوە هەق نییە چالاكییەكانیان بخرێتە نێو بازنەی پیلان لەدژی سیادەی عیراقەوە، لەكاتێكدا لیژنەكانی پشكنینو گەڕان بەدوای چەكی كۆكوژ لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا

زۆر شــوێنی تایبەتــی بەغــداو ســەرۆکایەتی عیــراق گــەڕانو چ باســێکیش لەســیادەی نیشــتمانیی نەدەکــرا. ئایــا مەســەلەکە بانێکــەو دوو هەوایــە؟

*لەســەرینی ئــەو روونکردنەوانــەوە جێــی خۆیەتــی تەئکیــدی لێبکەینــەوە کــورد نــەک لایەنگیــری مانــەوەی ناوچــەی دژەفڕیــنو کاری خێرخــوازی ڕێکخراوەکانــە کەلەقڕکــردنو فەوتــان دەربــازی دەکــەن، بەڵکــو سوپاســگوزاری ئــەو ناوەنــدو دەوڵەتانەشــە کەگوێیــان لەهــاواری کوردســتانەو بەڵێنــی پاراســتنی کوردیــان نــوێ کردۆتــەوە.

١٩٩٩/١/١٤

# ئاشتی کوردستان لەپێناو ئاوەدانکردنەوەدا

*دەستپێشخەری هەڤاڵ مام جەلال لە سەفەری مەسیفو کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانییدا تەکانێکی دیکەی بە پرۆسەی ئاشتیداو تەئکیدکردنەوەی پابەندبوونی هەردوولا بەجێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی واشنتۆنی لێ کەوتەوە. سەرەنجامیش سەرخستنی ئاشتبوونەوەی گشتی دەبێتە مایەی سەقامگیربوونو ئاسایی بوونەوەی ڕەوشی سیاسیو ئیداری هەرێم بۆ ئەوەی لە کوردستانێکی ئارامدا پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوەو بووژاندنەوەی وڵات گەشەبکەنو فراوان بن.

هەڵبەتە لە ماوەی رابردووی بەڕێوەبردنی ئیدارەدا، حکومەتی هەرێم بەو داهاتە کەمەی لەبەردەستیدابوو پرۆژەو کاری خزمەتگوزاری ئەوتۆی ئەنجامداوە کە لە چاو ئەو داهاتە کەمانە، پرۆژەی گەورەنو جێبەجێکردنیشیان دەچێتە خانەی هیمەتی پێشمەرگانەوە، بە تایبەتی ئەگەر نالەباری چوارساڵی رابردووی شەڕی ناوخۆ لەبەر چاو بگرین، بەڵام نیەتو خواستی کورد لە ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی رزگارکراودا لەو ئاستەش تێدەپەڕێ و کۆمەڵانی خەڵک دەخوازن چەند هێندەی تر قەرەبووی تێکدانو خاپوور بوونی گوندەکانو ژێرخانی کۆمەڵگەی کوردەوارییان بۆ بکرێتەوە. لەبەر ئەوە یەک لە ئەرکە هەرە لە پێشینەکانی دوای ئاسایی بوونەوەو یەکخستنەوەی ئیدارەی کوردستان، کۆکردنەوەی داهاتەکانە لە خەزێنەی حکومەتی یەکگرتوودا بۆ ئەوەی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانو گەشەپێدانی ئابووریدا خەرج بکرێن.

*کۆکردنەوەی هەموو داهاتەکان لە خەزێنەی حکومەتی یەکگرتوودا تەنها لەبەرئەوە نییە بگوترێ خاڵێکی ڕێککەوتنەکەی واشنتۆن جێبەجێکراو حکومەتی یەکگرتووی

هەرێمیـش لـە ئاینـدەدا دەتوانـێ لەسـەر دینگەیەکـی پتـەو ئـەرکو فرمانەکانـی خـۆی بەجێبێنـێ، راسـتە جێبەجێکردنـی ئـەو داخوازییـە میللییـە خـۆی لـە خۆیـدا هەنگاوێکـی گەورەو پێشـکەوتنێکی چۆنایەتییە لەرێڕەوی ئاشـتیدا، بەڵام هاوشـانی ئەوەش کۆکردنەوەی داهاتـەکان لەیـەک خەزێنـەی ناوەندییـدا مانـای وایـە حکومەتـی یەکگرتـووی هەرێـم دەتوانـێ لـە بـواری خەرجکردنیانـدا سیاسـەتێکی کوردسـتانییانە رەچـاو بـکاتو پرۆژەکانـی ئاوەدانکردنـەوەو خزمەتگـوزاری بەشـێوەیەکی عادیلانـەی ئەوتۆبـن کـە تایبەتمەندێتـی ناوچـە جیاجیـاکان لـەڕووی رێـژەی وێرانبـوونو چـڕی دانیشـتووانەوە لەبەرچـاو بگرێـت.

بەڵـی دروسـتە کـە سیاسـەتی حکومەتـی عیـراق دەرهـەق بـە کـوردو ناوچەکانـی کوردسـتانی عیـراق چـوون یـەک بـووە، بـەڵام قورسـایی جێبەجێکردنی ئەو سیاسـەتەو بەو پێیـەش رێـژەی وێرانـکاریو تێکدانـی حکومەتـی عیـراق لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر جیاوازبـووە. بـۆ نموونـە ناوچەکانـی سـلێمانی، کەرکـوک، گەرمیـان، دەشـتی کۆیـە، دەشـتی هەولێـرو دەوروبەریـان ناوچەگەلێـک بـوون کـە بەشـێکیان مەیدانـی چالاکـی پێشـمەرگانەو بەشـێکی تریشـیان بـە تایبەتـی کەرکـوکو گەرمیـان لـە نێـو بازنـەی سیاسـەتی تەعریبـو راگواسـتن دانرابـوون. هـەر سـەبارەت بـەوەش دووچـاری ئەنفـالو هەڵەبجـەو راگوێـزان هاتبـوون. ئـەم هەمـوو تایبەتمەندیانـە سـەرەنجام رێژەیەکـی زیاتـری وێرانبـوونو تێکدانـی شـیرازەی ژیانـی کۆمەڵایەتییـان لـێ کەوتـەوەو هەقیشـە لـە نزیکترین بەرنامـەی ئاوەدانکردنـەوەی گشـتگیردا دادپەروەرانـە لەگـەڵ ئـەو تایبەتمەندیانـەدا مامەڵـە بکرێـتو لەخەرجـی داهاتـی کوردسـتان، کەهـی خەڵکـی کوردسـتانە، پشـکێکی چـاک بـەر ئـەو ناوچانـە بکەوێـت کـە سـەرەڕای چـڕی دانیشـتووانی، خەڵکێکـی زۆری ئـاوارەو ئەنفالکـراوو راگوێـزراوی لـێ نیشـتەجێبووە.

*خەڵکـی کوردسـتان چاویـان لەوەیـە ئاشـتیو رێککەوتـن وا بچەسـپێن کـە ئـەو ئاوەدانیو بوژانەوەیەی تائێسـتا کراون چوارچێوەی بەرنامەیەکی سەرتاسـەری گەشـەپێدان بگرنەخـۆو لـە سـایەی حکومەتێکـی یەکگرتـوو و بەداهاتـی زۆرو زەوەنـدی کوردسـتان تـەواوی ناوچەکانـی وڵات ببوژێنـەوە، بـەو ناوچانەشـی زیانـی گەورەیـان وێکەوتـووەو شایسـتەی ئاوڕدانەوەیەکـی خێـران. لـەم پێناوەشـدا جێبەجێکردنـی خاڵـی تایبـەت بـە دارایـیو داهاتـەکان وەک لـە کۆبوونـەوەی مەسـیفدا ئامـاژەی پێکـراوە سـەرەتایەکی باشـە لـە رێـگای یەکخسـتنەوەی داهـاتو کۆکردنـەوەی لەیـەک خەزێنـەی ناوەندییـدا.

١٩٩٩/١/١٧

# ناوی پێشمەرگەو پەراوێزێك

کاک بەختیـار مـەلا عیـزەت لەژمـارەی رۆژی پێنجشـەممە (١٩٩٩/٢/٤)ی کوردسـتانی نـوێدا سـتوونێکی دەربـارەی زاراوەی پێشـمەرگە چۆن هاتـە نێـو فەرهەنگـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتانەوە نووسـی. پێـم خۆشـبوو کـە دەربـارەی ئـەو نووسـینە پەراوێزێکـی بخەمـە سـەر.

خەریکـە ئـەوە سـاغ ببێتـەوە کـە یەکـەم جـار لەکوردسـتان بەگشـتی زاراوەی پێشـمەرگە لەکۆمـاری مهابـادەوە داهـات، کتێبەکـەی قاسـملو چیرۆکـی نـاوی پێشـمەرگە دەگێڕێتـەوە، کتێبـە چیرۆکەکـەی رەحیمـی قازی_یـش هـەر بەنـاوی پێشـمەرگەوەیەو هەردووکیشـیان تەئکیـدی لـێ دەکەنـەوە کـە لەکۆمـاری مهابـادەوە ناوەکـە هاتـووە. لەکوردسـتانی عیراقیشـدا هەڤـاڵ مـام جـەلال یەکـەم کـەس بـوو کـە زاراوەی پێشـمەرگەی بـۆ شۆڕشـگێڕانی چەکدار بەکارهانـی. ئەویـش لەکۆبوونەوەیەکـی کۆمیتـەی ناوەنـدی کـە لەسـاڵی ١٩٦١ لەدێـی عـەوداڵان نزیـک چەمـی رێـزان گرێـدرا.

بـەڵام بەڕێـز د.کەمـال فوئـاد پێـی وایـە یەکەمجـار مامۆسـتای گـەورە بەشـیر مشـیر لەسـاڵی ١٩٣٩و لە (مصبـاح الدیـوان)دا نـاوی پێشـمەرگەی بەکارهێنـاوەو.. واللـە اعلـم. سـەبارەت بەدیاریکردنـی رۆژێـک بـۆ پێشـمەرگەی رزگاریخوازیـی کوردسـتان ئەوا پێویسـتە بڵێیـن هەوڵێـک لـەم بـوارە هەبـووە کـە دواینیـان ئـەوە بـوو مـام جـەلال وەک فەرمانـدەی گشـتی هــ. پ. ک لـە ١٩٩٧/١٠/٩دا بڕیارێکـی دەرکـرد کەرۆژی (١٠/١٢)ی هەموو سـاڵێک رۆژی پێشــمەرگە بێــتو ئەمــەش وەک هەواڵێــک لەژمــارەی (١٩٩٧/١٠/١١)ی هەفتــە نامـەی (الاتحـاد)دا بـڵاو کراوەتـەوە. بـەڵام گرفتـی دیاریکردنـی رۆژێـک بـۆ پێشـمەرگەی

سەرتاسەری کوردستان پەیوەندی بەگرفتی تائێستا چارەسەر نەکراوی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەوە هەیە کە ئەوەش لەئاشتیو یەکخستنی کوردایەتییدا دێتە دی. بەئومێدی ئەوەی رۆژێک سوپای یەکگرتووی کوردستان دروست بێت و رۆژێک بۆ پێشمەرگە دیاری بکرێت و ببێتە جەژنێکی نەتەوەیی.

١٩٩٩/٢/٨

# بایەخی نەهێشتنی دیاردەی چەکداریی لەقۆناغی ئەمڕۆدا

ڕۆژی ١٩٩٩/٢/٥ هەڤاڵ فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڕیارو ڕاسپاردەی پێویستی (دەربارەی دیاردەی چەکداری لەناو شاردا) دەرکرد وداوای لە لێپرسراوو فەرماندەو پێشمەرگەکان، لەهەر ئاستێکدابن، کرد پابەندی ئەو بڕیارو ڕاسپاردانەبن بەمەبەستی هەنگاونان (ڕوەو حوکمی یاساو کوردەوارییەکی مەدەنیو دیموکراتو پێشکەوتنخواز) هەروەک لەکۆتایی ڕاسپاردەکەی (٢/٥)دا، هاتووە.

ئەگەرچی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بەتایبەتی چوار ساڵەی شەڕی ناوخۆی کوردستان گەلێک جار داخوازیو هەندێکجاریش ڕاسپاردە بۆ کۆتاییهێنان بەدیاردەی چەکداریی لەناوشارەکاندا دەرچووەو لەهەندێک دەرفەتی گونجاویشدا ئیجرائاتو لێپێچینەوە کراوە بەجۆرێک کەدیاردەی چەکداریی لەچاوجاران کەم بێتەوە، بەڵام لەڕەوشی گرژی شەڕدا نەدەکرا تەواوی دیاردەکە بنەبڕبکرێت، چونکە لەبنەڕەتدا شەڕ پشێوی ئەمنی و بێ متمانەیی کۆمەڵایەتی دەخولقێنێ، ئەم دەرکەوتانەش ڕێگربوون لەدڵنیابوونەوەی هەموولایەک بەوەی کەزامنکردنی چەکەکان ئارامی و ئاسایشی هەمووان دەپارێزێو ڕەوشێکی جێگیرو مەدەنیش لەکۆمەڵگەدا تەنها بەچەسپاندنی ئاشتی نێوخۆیی و ئاشتبوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی گیانی لیبوردنەوە دێتەدی.

بێگومان ناکرێ لێرەدا پێشینەکانی ئەو کەلتورە سیاسیو کۆمەڵایەتییە باس بکەین کەدیاردەی چەکدارییان لەکوردەوارییدا تەشەنەپێداو وایان کرد چەکەکانی کورد لەپاڵ ئەوەی لەپاراستنی کوردو کوردستاندا بخرێنە شان، هەروا‌ش بنەمایەی شێواندنی

ژیانـی مەدەنـی نێـو شـارو شـارۆچکەکانو بـازاڕو شـوێنە گشـتییەکان، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا وەک خـۆی مانـەوەی دیـاردەی چەکداریـی مانـای خەوشـێکی گـەورەو زیانـی زۆر دەگەیەنـێ، هـەم بـۆ پێشـمەرگەو هـەم بـۆ کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتانیش. چونکـە:

*لەلایـەک شـوێنی سروشـتی پێشـمەرگەو فەرماندەکانیـان سـەنگەرەکانی پاراسـتنی کوردسـتانی ئـازادو سـەربازگەو بنکەکانـی مەشـقو جۆشـدانەوەی گیانـی پێشـمەرگانەیە، نـەک بـازاڕو شـوێنە گشـتییەکانی نێوشـارەکان کـە هاتنـە نێوشـارو نێـو بـازاڕەکان پێچەوانـەی راسـپاردەکانی فەرمانـدەی گشـتیو فەرماندەیـی گشـتییە، هـەرواش مانـای پابەندنەبـوون بـە پرەنسـیپو ئیلتزامـی پێشـمەرگانەو نەریتی شۆڕشـگێڕانەی پێشـمەرگەوە دەگەیەنـێ.

*لەلایەکـی دیکەشـەوە زۆریـی چەکدارو دیـاردەی چەکداریـی لەشـارەکاندا کار لەپیـرۆز راگرتنـی نـاوی پێشـمەرگە دەکات وەک فیـداکارو گیانبازێکـی رێـگای کوردایەتـی کـە لەیـادەوەری خەڵکـی کوردسـتانو لەواقیعـی خەباتـی پێشمەرگانەشـدا چەندیـن نەبـەردیو داسـتانی نیشـتمانیی تۆمارکـردووەو لـەو رێگایەشـدا شـەهیدو قوربانییەکـی بێوێنـەی داوە. دەورو کاریگەریـی سـەلبی ئـەو حاڵەتـەش قووڵتـر دەبێـت ئەگـەر ئـەوە بێنینـەوە یـاد کـە زۆرجـار خەڵکانێکـی چەکـدار لەپەنـا نـاوی پیـرۆزی پێشـمەرگەوە کاری دزێـوو نایاسـایی ئەوتۆیـان ئەنجامـداوە کـە شـێوانو گـرژی بخاتـە نێـو کوردەوارییـەوە، لەکاتێکدا پێشـمەرگەی کوردسـتان لەپێنـاوی ئـەوەدا کوردایەتـی کـردووەو پێشـمەرگ کەوتـووە تـا کـورد ئـارامو ئاسـوودەو کوردەواریـش ژیانێکـی شایسـتەی شارسـتانی دیموکراتـی بـژی، نـەک ژیانێـک کـە چـەکو دیـاردەی چەکداریـی دیمەنێکـی رۆژانـەی شـێواندنی سـیماکانی پێشـکەوتنی بێـت.

*لەهەمـوو ئەمانـەش گرنگتـر چەکـداری زۆرو دیـاردەی چەکداریـی بۆخـۆی نیشـانەیەکە لەنیشـانەکانی بـێ متمانەیـیو دوورکەوتنەوەیـە لەجەمـاوەری کوردسـتان، لەکاتێکـدا شۆڕشـی نـوێ لـە ریـزی کۆمەڵانـی خەڵـکو لەپێنـاوی کۆمەڵانـی خەڵکدا چاکـی مەردایەتی لێکرد بـەلاداو لەکاتێکیشـدا ئومێـد وایـە ئاشـتبوونەوەی کـورد لەنێـو خۆیـدا ماڵـی کـورد یەکبخاتـەوەو ئەمـنو ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی بەرقەراربـکات.

١٩٩٩/٢/٨

# بەتەنیشت سیاسەتەوە

١

## دیسانەوە نەوتی نەفرەتلێکراو!

*نەوت کە دەبوایە نیعمەتێکی کوردستانیی بوایە لەچەندین دەوراندا بۆتە مایەی لەعنەتێک بۆ کورد. دیرۆکی مێژوو پێمان دەڵێت لەبەرئەوەی نەوت لەکوردستان دۆزرایەوە، کۆلۆنیالیزم وڵاتەکەیان دابەش کردین، وا ئێستاش نەفرەتی نەوت کوردەکانی کەرکوکو خانەقینو مەندەلیو مەخمورو شەنگالو کوێو کوێ رادەگوێزێو ئاوارەی نێو نیشتمانیی خۆیانیان دەکات. بەپێی هەواڵێک کە رۆژنامەی (الحیاە) لەژمارەی ١٣١٣٣ی رۆژی ١٩٩٩/٢/٢٠دا بڵاویکردۆتەوە، سەرچاوەکانی میدیای روسیا لەژێر مانشێتی (مۆسکۆ ئۆجەلان بەنەوت دەگۆڕێتەوە)دا نووسیویانە؛ لەچوارچێوەی رێککەوتنێک بۆ ئەوەی روسیا چاک کەڵک لەنەوتی دەریای خەزەر وەربگرێ، مۆسکۆ بەڵێنی بەتورکیا دابوو کە مافی پەناهەندەیی سیاسیی بە ئۆجەلان نەدات. هەواڵەکە هەر ئەوەندە دەگێڕێتەوەو هێشتا رۆڵی روسیا لەپێشکەشکردنی زانیاریو بەدواداچوونی شوێنو پەناگای ئۆجەلان ئاشکرا نەبووە. لێ هێندە هەیە کە دیسانەوە دیرۆکی نەوتی نەفرەت لێکراو بۆمانی دەگێڕێتەوە کە پێشتریش روسیای سۆڤێتی کۆمارێکی کوردیی بەنەوتەکەی قەوام ئەلسەڵتەنەی ئێرانی شاهنشانی گۆڕییەوە.

کورد لەسەر دەریایەک نەوت دانیشتووە، کەچی نەوت بۆی بۆتە دێوەزمە!

## ٢

## لەپەراوێزی تیرۆرکردنی ئایەتوڵڵا عوزما محەمەد سادق ئەلسەدردا

* لەعورفی ئیدارەدانی وڵاتو نەریتی سیاسییدا کاروکردەوەی تیرۆر هەرکەسێک پێی رابووبێ، بەشێکی خەوشو کێماسییەکان، هەندێک جاریش بەشێکی تاوانبارکردنەکە یەخەی دەوڵەتو حکومەتی حاکم دەگرێتەوە. با تەنانەت دەوڵەت تیرۆرەکەی ئەنجام نەدابێت. چونکە حکومەتی سەنگینو تۆکمە ئەو حکومەتەیە کە ئەمنییەتی سەرجەمی دانیشتوانی وڵات دابین بکات چ جای ئەمنییەتی کەسو رموزە دیارەکانی. حکومەتی سەنگین ناشێ تەنها خۆی بەوە بپەڕێنێتەوە گوایە تیرۆرێک کراوە ئەو ئەنجامی نەداوە، بەڵکو دەبێ هێندە تۆکمەو پتەوبێت لێنەگەرێ تیرۆرکاران بتوانن کردەوەکانیان ئەنجام بدەن، کە ئەنجامیشیاندا دەبێ تاوانکاران بەزوویی ئاشکرا بکرێنو بدرێنە دادگا. لەسەرینی ئەمەوە ئەو دەرکەوتانەی لەپرسی کوشتنی زانای گەورەی شیعە دەکەوێتەوە، پتر لەپرسیارێک هەڵدەگرنو زیاتر لەروونکردنەوەیەک دەخوازن.

* بۆچی لەم سەروبەندەدا تیرۆرکرا؟ جارێ تیرۆرکردنی ئەلسەدر درێژەی زنجیرەیەک کاری تیرۆرە دژ بەزانایانی شیعە لەوڵاتدا کە پێشتر ئەلخوئی و ئەلغروی و بروجردی و چەندین زانای تری گرتبۆوە. حکومەتی عیراق دەخوازێ خۆی لەبەرپرسیارێتی بپەڕێنێتەوە. جارێک بەوەی رایبگەیەنێ دەستێکی دەرەکی ئەو تیرۆرانەی ئەنجام داوەو جارێکی دیکەش بەوەی مەسەلەکان بۆ جیاوازیو ناکۆکی فقهی نێوان زانایانی نەجەف بگێڕێتەوە، لەکاتێکدا هەرگیز ئیجتهادو روانینی جیاجیای زانایانی شیعە نەبۆتە مایەی چەک لەیەکتری راکێشانو ئەوە لەنەریتی حەوزەی عیلمیی نەجەف نەبووە کە لەرێی تیرۆرەوە حیساباتەکان یەکلایی بکەنەوە. لەکاتێکدا بەغدا ئەرکێتی کە زانایانو پیاوە گەورەکانی شیعەو زاناکانی خۆی لەهەموو بوارێکدا بپارێزێ و ئەمنییەتیان دابین بکات، چ جای ئەوەی ئەو گومانانە بڕەوێنێتەوە کە باس لەرۆڵێکی حکومەت دەکەن لەتیرۆرەکەدا، بەتایبەتی بۆ ئەلسەدر کە خاوەنی هەڵوێستی سەربەخۆی خۆی بووە لەدەمی شەڕی عیراق_ ئێرانو لەهەموو سەردەمەکانی وڵاتدا. حەیفێ حکومەتێک لەبەر ئیعتباری تایفەگەریی زاناو پیاوە گەورەکانی خۆی بەخەسارەت بداو بیر لەوە نەکاتەوە کە وڵات سەرەنجام لەو رەمزو ئیعتبارە مەعنەوییانە بێبەش دەبێت کە دینگەکانی کۆمەڵگەی عیراقی پێکدێنن.

بەتایبەتی لەواری پەیوەند بە مەرجەعو زانایانی حەوزەی نەجەف کە رەهەندێکی ئیقلیمیو نێودەوڵەتیان لەدنیای ئیسلامدا هەیە.

١٩٩٩/٢/٢٢

# دەربارەی لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەماحەتی ئەلحەکیم

خیر خلف لخیر سلف

*پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعیراقدا پەیوەندییەکی نموونەییەو لەگەڵێک رووەوە گوزارشت لەخەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی عیراق دەکات. پەیوەندییەکە لەچەندین سەرەوە بایەخی خۆی بۆ نەخشەکێشانی ئایندەی عیراقو دوارۆژی دیموکراسیی دەبێت. لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەماحەتی ئایەتوڵڵا محەمەد باقر ئەلحەکیم بۆ رۆژنامەی لۆمۆند-ی فەرەنسایی دەربارەی پەیوەندیی نێوان کوردو عەرەبو رێزگرتنی لەبڕیاری گەلی کورد دەربارەی فیدراڵیزم دەورێکی ئیجابیتری لەپتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایەن: یەکێتیو ئەنجومەنی باڵادا، دەبێت.

*پەیوەندیی نێوان کوردو شیعە یان تایبەتیتر نێوان بزووتنەوەی کوردو بنەماڵەی رەسەنی ئەلحەکیم بۆ ئەو سەرەتا پتەوە دەگەڕێتەوە کەخوالێخۆشبوو موحسن ئەلحەکیم بناغەکەی بەهەڵوێستی جوامێری خۆی لەتەحریم کردنی شەڕی دژی کوردان پتەوتر کرد. کوردو شیعە لەوەتەی دەوڵەتی عیراق، بەپێکهاتەی ئێستای دروستکراوە، لەڕووی چەوساندنەوەوە هاوچارەنووسبوون، دەشبوایە لەڕووی خەمو پەرۆشییان بۆ ئایندەیەک، کەچەوساندنەوەی نەتەوەییو مەزهەبی تێدا نەبێت، پێکەوە بێنەواری تێکۆشانەوە. سەرەتا ئەو هەڵوێستە ئینسانییەی موحسن ئەلحەکیم چەندین مەغزای سیاسی لێکەوتەوە. لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی کوردایەتیو پێگەیینی هەلومەرجی کاری ئۆپۆزسیۆنی لەعیراقدا تادەهات پەیوەندیی نێوان کوردایەتی لەرێگای هێزی هەڵسوڕاوی بوارەکە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەلایەکو ئۆپۆزسیۆنی

زۆرینــەی خەڵکــی عیــراق، لەرێــگای نوێنەرایەتییەکــی وەک ئەنجومەنــی بــاڵای شۆڕشــی ئیســلامی، لەلایەکــی تــرەوە شــقڵ و شــێوەی هاوخەباتــی نێــوان هێــزە راســتەقینەکانی بــواری بەدیهێنانــی گۆڕانــکاری دیموکراتــی لــە عیــراق دەگرتەخــۆ. هەڤــاڵ مــام جــەلال و ســەماحەتی محەمــەد باقــر ئەلحەکیــم دەورێکــی باڵایــان لەچێکردنــی ئــەو هاوخەباتــی و هاوجیهادییــەدا گێــڕا کــە لەچەنــد روویەکــەوە رەنگدانــەوەی خواســت و داخوازییەکانــی کۆمەڵانــی خەڵکــی عیــراق بــوو:

-لەڕوویەکــەوە هاوخەباتــی نێــوان یەکێتــیو ئەنجومەنــی بــاڵا گوزارشــت لەهاوخەباتــی نێــوان کــورد (یەکێتــی)و عەرەب (ئەنجومەنــی بــاڵا)و هاوجیهــادی نێــوان سوننەو شــیعەش دەکات بــەو ئیعتبــارەی هــەردوولا دەرگایــان بــۆ عیراقییــەکان، لەهــەر ئینتیمایــەک بــن، والایــە.

-لەروویتــرەوە کــوردو شــیعە بنچینەی کێشــەی عیراق پێکدێنن‌و هاوخەباتــی‌و رێککەوتن‌و لێکگەیشــتنیان زەمینــە بۆخۆشــکردنی نێوانــی هەمــوو عیراقییــەکان دەرەخســێنێ، دوای ئــەوەی سیاســەتە ناپەســەندەکانی حکومەتــی ناوەندیــی لەڕابــردوودا زیانێکــی زۆری بەپەیوەندیــی نێــوان گروپــە ئەتنیکــی و مەزهەبییەکانــی عیــراق گەیانــد.

-دواجــار یەکێتــی و ئەنجومەنــی بــاڵا دوو هێــزی کاریگــەرو ســەرەکی ئۆپۆزســیۆنی راســتەقینەن کەلەســەرخاکی خۆیــان: کوردســتان‌و باشــووری عیــراق بــوون‌و کاروکردەوەیان هەیــە، هەمــوو ئــەو خەســڵەتە هاوبەشــانەش رۆڵــی کاریگــەر دەگێــڕن لەئاراســتەکردنی شــێوەی گــۆڕان لەعیــراق‌و ئاینــدەی سیاســیی عیــراق. هەربۆیــەش تەنانــەت راپۆرتێــک کەســەرۆکی ئەمریــکا بــۆ کۆنگرێســی بەرزکردۆتــەوەو دەربــارەی هێزەکانــی ئۆپۆزســیۆن‌و یاســای رزگارکردنــی عیــراق دەدوێــت بەئاشــکرا دان بــەو خەســڵەت‌و تایبەتمەندییانــەی ســەرەوەو گرنگییــان بــۆ ئاینــدەی عیــراق، دادەنــێ.

*خۆشــبەختانەش وا پــەیوەندیــی نێــوان هــەردوولا یەکێتــی‌و ئەنجومەنــی بــاڵا لەبەرزترین ئاســتدا بەڕێوەدەچــێ‌و پتەوتــر دەکرێت.

لێدوانەکانــی ســەماحەتی ئەلحەکیمیــش کەپێشــتر بۆتەلەفزیۆنــی کوێت دابــووی‌و تێیــدا بەڕێــزو تەقدیــرەوە باســی رەوشــی سیاســیی‌و ژیــان‌و گوزەرانــی کۆمەڵایەتــی‌و ئیــدارەی کوردســـتانی کردبــوو، شــایەتییەکی گــەورەی کەســایەتییەکی گــەورەی ئیســلامییەو روانینیکــراوەو شــیکردنەوە پەســەندو بوێرانەکەشــی دەربــارەی فیدراڵیــزم، کەکۆمــەڵو میللەتــان یــەک دەخــات، نــەک لێکیــان دەترازێنــێ‌و دڵنیابوونــی لــەوەی کــورد هەڕەشــە لەیەکێتیــی عیــراق نــاکات، بەڵکــو بڕیــاری فیدراڵیزمــی داوە کــە ئــەو رێــز لــەو بڕیــارەی

کـورد دەگرێـت، ئەمانــە هەمــووی نیشــانەی پێشــکەوتنێکی سیاســیی ژیــرو دووربینــە لەلایــەن سیاســەتمەدراێکی کــراوەوە.

ئـەو هەڵوێسـتە جوامێـرەی ئەلحەکیـم درێژەی کەلتوری بنەماڵەی ئەلحەکیمو هەڵوێسـتی خوالێخۆشـبوو موحسـن ئەلحەکیمـەو هـەرواش دەرخـەری ئەوەیـە کـە هامشـۆی نێـوان یەکێتـیو ئەنجومەنـی بـاڵا چ رۆڵێکـی لەروونکردنـەوەی خواسـتو داخوازییـە رەواکانـی کـورد لەئاینـدەی عیراقـدا، هەیـە.

١٩٩٩/٣/٨

# بەرەو جۆشدانی خەباتی ژنانی کوردستان

١

## بەجەماوەریی کردنی خەباتو ئەرکەکانی ئەمڕۆ

خەریکە خەباتی ژنانی کوردستان لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیاندا دەچێتە قۆناغێکی نوێی تێکۆشانەوە. واش کەوتەوە کە (٨)ی مارتی ئەمساڵ بۆنەی جاڕدانی ئەو وەرچەرخانەو خاڵی پەرەسەندنێکی چۆنایەتیی بێت لەم بوارەدا.

هەڵبەتە ئەو هەلومەرجە ئازادەی دوای راپەڕین بۆ هەموو توێژو ناوەندەکانی کۆمەڵگەی کوردستان رەخسا، پشکی ژنانی کوردستانیشی تێدا بوو. ئەوەبوو لەرەوشی ئازادیو دیموکراتییدا ژنان سەرەتا قۆناغی خۆناساندنو خۆدامەزراندنیان سەرکەوتووانە بڕیو وا لە هەلومەرجی کەمێک هێمن بووەی رەوشی ناوخۆشدا دەخوازن لە پاڵ تێکۆشانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانو کوردەواری لەرێگای کۆمەڵگایەکی مەدەنیو دیموکراتدا، دەست بەکاربن بۆ سازدانی ریزەکانی خۆیانو جۆشدانی خەباتی نەپساوە لەدژی چەوساندنەوەو ئیهانەکردنو تیرۆرکردنی ژنانو لە پێناوی ئازادیو وەک یەکی راستەقینە لەکارو دەسکەوتەکانیشدا.

خەباتی ژنانی کوردستان کە ئێستا روو لە قۆناغێکی چۆنایەتی دەکات لە هەلومەرجێکدا جۆشدەدرێتەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەئکیدی زیاتر لەسەر گەشەپێدانی ریزەکانی خۆیو پێشکەوتنی کوردەوارییو حکومەتی کوردستان دەکاتەوە. دیاریشە هەروەک چۆن ئازادیو پێشکەوتنی ژنان پێوەرە بۆ ئازادیو پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئاوەهاش بەرەو پێشچوونی تێکۆشانی کوردەواری لە پێناو

خواستی چینو توێژەکانییدا کار لە گەشەسەندنو بەرەو پێشڤەچوونی خەباتی ژنانیش دەکات. چونکە خەباتی ژنان وێڕای تایبەتمەندییەکانی مەسەلەی چەوساندنەوەی ژن، توند بەئەڵقەی خەباتو تێکۆشانی کۆمەڵگە لەپێناوی دیموکراسییو پێشکەوتندا، گرێدراوە. بەتایبەتی لەکوردستاندا کە خەباتی نیشتمانییو سەرکەوتنی ئەو خەباتە رێگا لەبەردەم سەرخستنی خەباتی مەدەنیو تێکۆشانی ژنانیش خۆش دەکات. هەر لەبەر ئەوەش هەقە خوشکە خەباتگێڕەکانی یەکێتیی ژنانی کوردستان رێکخراوەکەیان گەشەپێبدەن بەیەکخستنی خۆیان لەگەڵ ژنانی ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کە هێزێکی پێشکەوتنخوازو پشتیوانی خەباتی ژنانە)و هەروەها لە رێی خستنەگەڕو جۆشدانی خەباتی هەموویانو هاوکاریو هاریکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی تری ژناندا. ئەم گەشەپێدانەش سەرەتایەکی دروست دەبێت بۆ ئەوەی ژنانی کوردستان خەباتەکەیان لە قاوغی حزبایەتیو چینایەتی تەسک، لە قاوغی خواستی نوخبەیەک لەژنانی هوشیار، دەرباز بکەنو بەرەو خەباتێکی جەماهیریی پەرەسەندووی نەبەزانە ئاراستەی بکەن، بێگومان دەرچوون لەو قاوغە تەسکانە لەوەدا راستو رەوایی خۆیان سەلماندووە کەسەرەڕای تایبەتمەندێتی کۆمەڵگەکانو سەرەڕای جیاوازی ئاستی گوزەرانو ئاستی هوشیاریو پێگەیینی ژنان لەکۆمەڵگەدا، بەڵام ژنان لەهەر کوێیەک بن گرفتی چەوساندنەوەو خواستی ئازادبوون لەو چەوساندنەوەیە کۆیان دەکاتەوە.

دیارە خاڵی دەستپێکردنی ئەو خەباتە جەماوەرییەش بەوە دەبێت کە ژنان خۆیان ساز بدەن بۆ کۆنفرانسێکی ئازادو سەربەست تاوەکو بتوانن بەتێکۆشانی شێلگیرانەی خودی خۆیانو پشتیوانی ی.ن.کو هێزە دیموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانو حکومەتی هەرێم کۆسپو تەگەرەکانی رێگەی ژیانی ئازادانەیان نەهێڵنو پێکەوەش لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بەرپەرچی کردەوەکانی تیرۆروکوشتنی ژنان بدەنەوە کەئەو کردەوانە مایەی قێزو بێزاربوونی مرۆڤە لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا.

ئەمڕۆ زیاتر لەهەر سەردەمێکی تر زەمینەی تێکۆشانی بزووتنەوەی ژنانی کوردستان لەبارەو دەرفەتێکی زێڕین هاتۆتە پێش بۆئەوەی بزووتنەوەکە بۆ خەباتی کۆمەڵانی ژنانی لادێو شارو تەواوی توێژەکانی کوردەواری بگوازرێتەوە، قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە بە پەروەردەکردنی کادری ژنی کاراو لێزانی جەماوەرییو بایەخدانی تایبەتی بە ژنانی ئەنفالو ئاوارەو شەهیدانو هەروا بەگرنگیدان بەهەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەوارییو لایەنی تەندروستیو پرۆژەی دیکە، دەبێت.

ئەو هەنگاوانە سەرەتای رێگان بەرەو جۆشدانی بزووتنەوەی ژنانی کوردو

دۆزینـــەوەی شــێوازی جەماوەریـــی لـــە خەبــاتو تێکۆشــانەکەیاندا.

٢

## خەباتی خۆبەخۆی ژنان بە پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان

جگـە لـە پرەنسـیپی پێویسـتی بەجەماوەریـی بوونـی خەباتـی ژنـان کـە لەسـەروتاری پێشـوودا باسـمان لێوەکـرد، پرەنسـیپێکی تـری خەباتـی شۆڕشـگێڕانە هەیـە، کـە هەقـە ژنانـی کوردسـتان لـە داهاتـووی تێکۆشـانی مەدەنـی و دیموکراتـی خۆیانـدا چاکتـر رەچـاوی بکـەنو باشـتر پێـوەی پابەندبـن. ئـەو پرەنسـیپەش ئەوەیـە ژنـان خۆیـان هەڵگـری ئـاڵای خەباتـی خۆیـان بـن، خۆیـان خەباتـی خۆیـان جـۆش بـدەن، پـەرەی پێبـدەن، رێکـی بخـەنو سـووربن لەسـەری و بـۆ پێشـەوەی بـەرن. ژنانـی کوردسـتانیش بـە جیـاوازی بیروبـاوەڕی سیاسـیی و جیـاوازی ئینتیمـای کۆمەڵایەتییانـەوە، لەسـەریان پێویسـتە پێکـەوە خەبـات بکەن لـە پێنـاوی ئـەو ئامانجانـەی کـە خۆیـان بـۆ خۆیانـی بـە رەوا دەزانـنو لـەم رێگایەشـدا هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی وەکـو یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانیش پشـتیوانیان لـێ دەکـەن.

واتـا مەرجـی سـەرکەوتنی تێکۆشـانی هــەر چینێـک، هــەر رەگەزێـکو هــەر توێژێکـی کۆمـەڵ پەیڕەوکردنـی سـەرەتای پشـت بـە خۆبەسـتنو دۆزینـەوەی راسـتەڕێی یاسـاکانی ژیانـە سـەبارەت بـەوەی هەرکەسـێکو هــەر لایەنێـک ئەگــەر بەتەمـای ئەوەبێـت خەڵکـی تـر لـە چەوساندنەوەو بەشخوراوی رزگاری بکـەن، ئـەوا رزگاری نابێـت. چونکـە خەڵکـی تـرو لایەنـی تـر دەشـێ ئامـادەی پشـتیوانیو هـاوکاری بـن بـەڵام هەرگیـز لـە بـری خـاوەن کێشـەکەو لـە بـری ئـەو چیـنو رەگـەزو توێژانـەی کـە چەوسـانەوەیان لەسـەرە شـان نادەنـە بـەر خەباتکردن. ژنانـی کوردسـتانیش هەقیانـە بـە تەمـای یارمەتـی و پشـتیوانیی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی کوردسـتانو هێـزە دیموکراتخوازەکانـی کـوردەواری بـن، بـەڵام دەبـێ بـە تەمـای ئـەوە نەبـن خەڵـک لـە جیاتـی ئـەوانو لـە شـوێنی ئـەوان خەباتـی ئـەوان بگرێتـە ئەسـتۆ. هەرووەکـو هەڤـاڵ مـام جەلال-یـش لـە وتارەکـەی خۆیـدا لـە رۆژی ٨ی مارسـی ئەمسـاڵ بـە ژنانـی کـوردی وت: (ئێـوە دەتوانـن لـە چاکتریـن حاڵەتـدا بـە تەمـای پارێـزەر بـن، بـە تەمابـن کـە پارێـزەر بگـرن، بـەڵام نـەک بەتەمابـن دەعواکەتـان بـە خەڵکـی تـر بسـپێرن. خۆتـان دەبـێ خەباتـی خۆتـان جۆشـبدەنو ئێمەمانانیـش پشـتیوانیتان لـێ دەکەیـن).

لـە راسـتیدا تەئکیـد کردنـەوە لەسـەر ئـەوەی ژنـان دەبـێ خۆیـان هیمـەت بـۆ جۆشـدانی تێکۆشـانو هاتنـە مەیدانـی بزووتنەوەکەیـان بکـەن بـۆ ئـەوە نییـە ئیتـر کـوردەواریو هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی، خۆیـان لـە ئەرکەکانـی سەرشـانیان بدزنـەوەو خەباتـی ژنـان کـە

بەشێکە لە خەباتی مەدەنی و دیموکراتی کۆمەڵگە فەرامۆش بکەنو بە تەنیا بۆ ژنانی بەجێبێڵن، بەڵکو بەشێک لە ئەرکو فرمانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردەواریش پشتیوانیو پشتگیریکردنی بزووتنەوەی ژنانی کوردە کە ئێستا وا هێدی هێدی دەبێتە جووڵانەوەیەکی گەورە لە دژی تیرۆرو چەوساندنەوەی ژنانو لە پێناوی مافو ئازادی و وەک یەکی راستەقینەدا. ئەرکی هێزە پێشکەوتنخوازو سۆشیال دیموکراتەکان ئەوەیە نەهێڵن ژنانی کورد وا هەست بکەن لە خەباتو تێکۆشانی خۆیاندا بێکەسو تەنیان.

کەوابێ هاوکێشەی دروستو پەیوەندیی دیالکتیکی لە نێوان خەباتی رەوای ژنان بۆ وەرگرتنی مافەکانیانو خەباتی پێشکەوتنخوازانەی کوردەواری لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتو مەدەنییدا بەو شێوەیەیە کە ژنان خەباتی خۆیان جۆش بدەنو ئەو هێزانەش شان بەشانی ئەوان پشتیوانو هاوکاربن.

وا ئەمڕۆ لەم هەلومەرجەدا دەرفەتێک بۆ کردنە واری هاوکاری نێوان خەباتی خۆبەخۆی ژنانو پشتیوانی راستو رەوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان هاتۆتە پێش بە تایبەتی کە هێزێکی سۆشیال دیموکراتی وەکو یەکێتی بڕیاری داوە هەموو ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە مافی ژنانو کرێکارانو توێژە جیاجیاکانی تری کۆمەڵەوە هەیە، هەمووی بگۆڕێتو بە شێوەیەکی نوێو مۆدێرن بەپێی ئارەزوو رەچاوکردنی وەزعی هەموو لایەک دایانبڕێژێتەوە. بۆیە هەقە رێکخراوەکانی ژنان بەو هاوکاری و هاریکارییەی نێوانیان پرۆژەی یاسایەک یان پرۆژەی تەعدیلی یاسایەک گەڵاڵە بکەنو بیخەنە بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانو لەوێش بێگومان ئەوپەڕی پشتیوانی یەکێتیو حکومەتی کوردستان بەدەست دێنن.

گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەک کە یاساکان بە قازانجی یەکسانی راستەقینە لە نێوان ژنو پیاودا بگۆڕێت هیچ نەبێت لە قۆناغی یەکەمدا دەبێتە مایەی لابردنی ستەم لەسەر ژنان لەڕووی یاساییەوە کە ئەوەش هەنگاوێکی گرنگو چۆنایەتییە لەڕێگای بەدەستهێنانی تەواوی مافو ئازادییەکانی ژندا.

کاتی ئەوە هاتووە ژنانی کوردستان بە جۆشدانی خۆبەخۆی خەباتی خۆیانو بە پشتیوانی پێشکەوتنخوازانی کوردستان بێنە مەیدانی دروستکردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گەورەوە کە مافەکانی ئەوان دابین بکاتو لەو رێگایەشەوە بەشدارییەکی چالاک لە بنیاتنانی کوردەوارییەکی گەشەکردووی مەدەنی و دیموکراتدا بکەن.

١٥-١٧/٣/١٩٩٩

# (١٨٢)هەزار كوردی خۆمانمان دەوێتەوە

*شاڵاوەكانی ئەنفال كە حكومەتی عیراق بەدرێژایی ساڵی ١٩٨٨ لەكوردستاندا جێبەجێیكرد وەنەبێ تاقە هەوڵی جینۆسایدكردن بێت لەدژی گەلی كورد. بەڵام فراوانی شاڵاوەكەو ئەو هەلومەرجەی تێیدا ئەنفال جێبەجێكراو ژمارەی قوربانیانی ئەنفال، دوراییەكی تراژیدی داوەتە پرۆسەی بێسەروشوێنكردنی (١٨٢)هەزار كەس‌و لەیادەوەری دەستەجەمعی كورددا لەگەڵ كیمیابارانكردنی هەڵەبجەو تەسفیركردنی دەیان هەزار كەس لەبرا فەیلییەكان‌و دەستگیركردنی هەشت هەزار بارزانی‌و ئەو دوای مەینەتییەكانی گەلەكەماندا، شێوەی خەم‌و ماتەمێكی نیشتمانیی لەخۆگرتووە.

شاڵاوی ئەنفال بەرنامەیەكی پێشتر داڕێژراوی حكومەتێك بوو بۆ پاكتاوكردنی نەژادی گەلێك كەتەنها تاوانی ئەوەیە وەكو نەتەوەیەك هەوڵی‌دەدا لەچوارچێوەی قەوارەی عیراقدا بوونی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ‌و لەسەرخاكی لەمێژینەی باوو باپیرانی لە مافو داخوازییە نەتەوەیی‌و كۆمەڵایەتییەكانی خۆی بەهرەمەند بێت. شاڵاوی ئەنفال ئاكامی بەكردەوەی روانینێكی چەوتی دەسەڵاتی ناوەندیی بوو بۆ پرسی هاووڵاتیبوون‌و تایبەتمەندی نەتەوەیی لەوڵاتێكی فرەنەتەوەیی وەكو عیراقدا، هەرواش هەلێكی زێڕین بوو بۆ بەغدا تاوەكو لەچەند شاڵاوێكی وەحشیانەو لەسەریەكدا، بێدەنگی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بقۆزێتەوەو بەرنامەی تەعریبكردنی خاكی كوردستان‌و دەركردنی خەڵكەكەی هەنگاوێكی چۆنایەتی بباتە پێشەوە. عیراق نیازی‌بوو لەیەك پرۆسەی بێسەروشوێنكردنی (١٨٢) هەزار كورددا كەزۆربەی خەڵكی ناوچەكانی گەرمیان بوون بەلانسی دانیشتوان لەناوچەكەدا بەزیانی كورد كۆتایی پێ‌بێنێت. لەم

پێناوەشدا هەموو بەها نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکانی دەوڵەت‌و حکومەتە بەرپرسەکانی لەسەر دادەمەزرێن، پێشێلکران‌و دەسەڵاتی ناوەندیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لەکایەی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی خۆی بەرامبەر بەهاووڵاتیان دەرهێناو تەواوی گەلێک کەوتەبەر غەزەبی پەلاماری سوپاو هێزە تایبەتییەکانی عیراقەوە تەنها لەبەرئەوەی کوردبوون‌و هیچی‌تر.

لەراستیشدا ئەوە یەکەم جار نەبوو کورد لەکایەی هاووڵاتیبوون‌و ناسنامەی نیشتمانیی دەربکرێت، پێشتریش لەشاڵاوەکانی تەسفیرکردنی دەیان هەزار کوردیی فەیلییدا کەلەم رۆژانەدا یادی (١٩) ساڵەی دەرکردنیان دەکەینەوە، ئەو مامەڵە نادادپەروەرییە لەگەڵ کورددا پیادەکراوە.

بێسەروشوێنکردنی خەڵکی لەئەنفالی ١٩٨٨-دا بۆ هەڵلوشینی خاکی کوردستان‌و تەسفیرکردنی فەیلییەکانیش بۆ سەندنەوەی دەسەڵات‌و بەهرەی ئەو هاونیشتمانییە خۆشەویستانەبوو کەلەبەغدای پایتەخت‌و تەواوی عیراقدا هاووڵاتی دڵسۆزو خزمەتگوزاربوون‌و لەئاواکردنی وڵاتدا پشکێکی چۆنایەتیان هەبوو.

ئەمڕۆ لەکاتێکدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەبیرەوەریی تاڵی ئەنفالدا پەژارەو خەمێکی نیشتمانیی دایاندەگرێ‌و یادەوەری دەستەجەمعییان تیژدەکەنەوە، هەقە لەسەر دوو ئاستی ناوخۆیی‌و دەرەکییدا داخوازییە رەواکانی کۆمەڵانی خەڵکی قوربانیانی ئەنفال وەبیر بێنینەوە:

لەسەر ئاستی ناوخۆییدا هەقە چاکتر لەجاران‌و زیاتر لەوەی کراوە لا لەکێشە کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکەینەوە چونکە ئەوان قوربانی زیندوو و شاهیدی حاڵی ئەو زەرەرو زیانەن لەکوردەواری کەوتووەو هەقی ئەوەیان بەسەرمانەوە هەیە کێشەو گرفتەکانیان چاکتر چارەسەربکەین هەروەک هەڤاڵ مام جەلال-یش لەوتارەکەی خۆیدا لەکۆنفرانسی مەڵبەندی شارەزوور رایگەیاند کە «یەکێک لەسەرەتا گرنگەکانی خەباتمان خەباتی ناو شوێنە دوورو دەست پێنەگەیشتووەکانی خەڵکی کوردستانە».

لەسەر ئاستی دەرەکییشدا هەقە ئەمساڵ هیمەتێکی جددی کوردستانیی بکرێت لەپێناوی دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان‌و لەرێگای گوشارهێنانی نێودەوڵەتی بۆ سەر عیراق تاوەکو بەرەسمی بەرپرسیارێتی خۆی لەئاست ئەو تاوانە کەموێنەیەی کە هیچی لەتاوانی هۆلۆکۆستی نازییەکان کەمتر نییە رابگەیەنێت. پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و داموو دەزگاکانی شەرعییەتی نێودەوڵەتی هەروەک چۆن لە

چارەنووسـی (٦٥٠) دیلـی کوێتـی لـە عیـراق دەپێچنـەوەو لەوەشـدا کارێکـی دروسـت دەکـەن، ئاوەهـاش لـە چارەنووسـی (١٨٢) هـەزار کـوردی بێسەروشـوێنکراوی شـاڵاوەکانی ئەنفـال بپێچنـەوەو زیانـی زیانلێکەوتووانـی ئەنفـال بـە بەغـدا ببژێرنـەوە.

بەڵـێ ئەرکـی ئەمـڕۆی هێزەکانـی سـەر گۆڕەپانـی کوردسـتانو تـەواوی ڕێکخـراوو ناوەنـدە کۆمەڵایەتـیو روناکبیرییەکانـی کوردەوارییـە کـە لەیـەک هەڵمەتـی نیشـتمانییدا بـە دنیـا بڵێـن: («١٨٢» هـەزار کـوردی ئەنفالکـراوی خۆمانمـان دەوێتـەوە).

١٩٩٩//٤/١٤

# پێشمەرگەکانی نەوت

*دوێنێ هەڤاڵ مام جەلال رێزی لە پێشمەرگەکانی بواری پاڵاوتنی نەوت ناو لەسەر شەرەفی وان نیوەڕۆخوانێکی ساز کرد. ئەو رێزلێنانە تەئکیدکردنەوەی بایەخی رێبەری کوردایەتی بوو بە توانا خۆماڵییەکانی کوردەواری لەواری بنیاتنانەوەی وڵاتو گەشەپێدانی ئابووریی کوردستاندا. تایبەتی تر تەئکیدکردنەوەی مەزنیو گەورەیی ئەو زەحمەتیو ماندووبونەی تەکنیککارانی کورد بوو کە بەکەمترین کەرەستەی بەردەستیان توانیان دەسکەوتێکی گەورەی ئابووری بەدیبێنن. زیاتر لەوەش کارێک کە پێشمەرگەکانی نەوت کردیان لەسەر ئاستی سیاسییو لە قووڵایی مێژووی کوردایەتیشدا وەرچەرخانێکی دیاری بە دواوەیە سەبارەت بەوەی ئیتر نەوت کە گرێیەکی دەروونی لە دڵی کورددا دوورستکردبوو، بۆتەوە توخمێکی ئاوەدانیو نیعمەتێکی نیشتمانیی نەک نەفرەتێکی نێودەوڵەتی. خۆشی هەردەبوایە وای لێبێتەوە.

*نەوت ئەو سامانە سروشتییەیە کەلەبەر وی دەوڵەتان فێڵی دیپلۆماسییان لە یەکتری کردووە (وەک ئەو فێڵەی ئینگلیزەکان لە فەرەنسییەکانیان کرد. وەک ئەو فێڵەی قەوام ئەلسەلتەنە لە شورەوی کرد). ئەو سامانایە کە پەرەی بە سیاسەتەکانی دابەشکردنو داگیرکاری داو کوردستانەکەی خۆشمان (کوردستانی جنوبی) هەر لەبەر نەوت فرۆشراو هەر لەبەر نەوتیشە کە خاکەکەی تەعریب دەکرێو خەڵکەکەشی دەربەدەر. لەبەرئەوە نەوت بۆ کوردەواری سەبەبکاری داوەشینو دواکەوتن بووە. بۆ کوردایەتیش نەفرەتی پێداگرتنی دەسەڵاتە ناوەندییەکانی بە دواوە بوو کە هیچیان بۆ کورد نەدەسەلماند نەبادا خواستەکانی کورد تا داواکردنی خاکی پڕ نەوتو تا

داخـوازی دەسـکەوتنەوەی داهاتـی نـەوت بـڕوا. نـەوتو ناوچـە نەوتییەکانـی کوردسـتان هەمیشـەو ئێسـتا یـەک لـە گرفتـە سـەرەکییەکانی نێـوان کوردایەتـیو دەسـەڵاتی ناوەندیـی بەغـدا بـووە، بۆیــە لــە کاتێکـدا کـوردەواری وەک دەڵێــن لەسـەر دەریایەکـی نــەوت رۆنیشـتبوو (منداڵانـی کـورد لـە برسـانو لـە سـەرماندا دەمـرن).

*بەغـدا هـەر لـە ترسـی ئـەوەی نەبـادا شۆڕشـی کوردایەتـی راپەڕینێکـی وەک ئـەوەی ١٩٩١ی لێبکەوێتـەوە هـەر زووتـر ناوچـە نەوتییەکانـی لـە کوردسـتان دابـڕیو بەوەشـەوە نەوەسـتا، پاڵاوگەکانـی نەوتـی لـە شـوێنی ئەوتـۆ دامەزرانـد کـە دەسـتی کوردایەتـی نەگاتـێ، نەبـادا هـی سـبەینێ بـە قازانجـی کـوردەواری بخرێنـە گـەڕ. وەختێکیش ئاگایـیو ئیحتیاتاتـی رژێـم دادی نـەدانو کـورد سـەرەنجام راپەڕینـی بـە راماڵینـی هێزەکانـی ناوەنـد لەبەشـێکی کوردسـتان کۆتایـی پێهێنـا، ئیتـر دەبوایـە توانـا خۆماڵییەکانـی کـورد لەغیابی سـەرکوتکردنی ناوەنـد وەک بیـرە نەوتەکـەی شیواشـۆک بتەقنـەوە. هـەرواش بـوو. لـە سـایەی ئیـدارەی خۆماڵـی کوردسـتان دەسـت بـە پـرۆژە گـەورەکان کـرا وەک پـرۆژەی (کارەبـای دەربەندیخـان- دوکان) کـە هەلومەرجـی کوردسـتان دەرفەتـی نـەدا ببـێ بـە پـرۆژەی هەرسـێ دالەکە (دەربەندیخـان، دوکان و دهـۆک). لـە نێـو ئـەو پرۆژانەشـدا پـرۆژەی نەوتەکـە دەسـەڵاتی کادرو تەکنیـککاری کـوردی دەرخسـتو تاقیکردنەوەیەکـی سـەرکەوتووی یەکێتیـی نیشـتمانیی و حکومەتـی هەرێـم بـوو.

*پـرۆژەی نەوتـی شیواشـۆک پتـر لـە دەرسـێکو زیاتـر لـە مانایەکـی سیاسـییو ئابـووری بـە دواوەیـەو دەکـرێ لێـرەدا ئامـاژە بـە گرنگەکەیـان بدەیـن کـە ئەویـش خـۆ گونجاندنێکـی داهێنەرانەیـە لەنێـوان ئـەو کەرەسـتە کەمانـەی لەبەردەسـتدانو ئـەو توانـا خۆماڵییـەی ئەندازیـارو تەکنیـککارو کرێـکاری کـورد هەیەتـی. بێگومـان کەرەسـتەکانی بەردەسـت هـەر لـە نەخشـەو زانیـاری تیۆرییـەوە بـۆ ئامێـرو دەزگاو پارچـەی یەدەگـی پێویسـت هـی ئـەوە نەبـوون کـە پرۆژەیەکـی وا گـەورەی پـێ ئەنجـام بدرێـت، بـەڵام ئاوێتـە بوونـی توانـای زانسـتیو وزەی کارکـردن لەگـەڵ گیانـی پێشـمەرگانە لـە بەئـاکام گەیاندنـی پرۆژەکـەدا، وایکـرد ئـەوەی بـە شـێنەییی و لـە وڵاتێکـی ئاسـاییدا ناکرێـت، لـە کوردسـتانی خۆمانـدا جێبەجـێ ببێـت. سـەرەڕای نەبونـی ئەزموونێکـی خۆماڵـی لـە واری پیشەسـازیی دەرهێنانـی نەوتـدا، ئـەو گیانـی پێشـمەرگانە لـە پـرۆژەی وەکـو پـرۆژەی کارەبـای دەربەندیخـان- دوکانو چەندیـن پـرۆژەی دیکەشـدا بینـراوە، هەقـە لـە هەمـوو بوارێکـی پـرۆژە و ئاوەدانکردنـەوەو خزمەتگوزارییـدا تەعمیـم بکرێـت، چونکـە لـەم مـاوەی راگوزەرییـەی ژیانـی کوردەوارییـدا کـە بەهـۆی تەفـرو تونـا بوونـی ژێرخانـی ئابـووریو

سیاسـەتی بەرنامـە بـۆ دارێـژراوی رژێـم کـە لـە پـاڵ شـەڕی سـوپایی لەگەڵ گەلی کـورددا، شـەڕی ئابووریشـی دەکردیـن، بەهـۆی ئەوانـەوە کەرەسـتەو دەزگاکانـی بـۆ جێبەجێکردنـی پـرۆژە گـەورەکان پێویسـتن چنـگ ناکـەون و دەبـێ بـە هیمەتـی پێشـمەرگانەو توانـای کادرو تەکنیـکاری خۆماڵـی قەرەبـوو بکرێنـەوە تـا ئـەو رۆژەی رەوشـی راگـوزەری بەهـۆی پـرۆژە گەورەکانـی وەکـو پـرۆژەی نەوتـەوە بەسـەلامەتی بەرێدەکرێـتو کـوردەواری هـەم لـە سـامانە سروشـتییەکانی خـۆیو هـەم لـە توانـا خۆماڵییەکانـی فـەردی کوردیـی ئاوێتـە بوونێکـی دروسـت فەراهـەم دەکاتو ئابوورییەکـی گەشـەکردووی پەرەسـەندوومان بـۆ بەرهـەم دێنێـت.

١٩٩٩/٤/١٥

# لە بیرەوەریی ساڵڕۆژی ڕێکەوتنی واشنتۆندا

سبەی (٩/١٧)یەک ساڵێکی تەواو بەسەر مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی مێژوویی واشنتۆندا تێپەڕدەبێت. بۆنەی تێپەڕینی ساڵێک بەسەر ڕێکەوتنی واشنتۆن کە لە (١٩٩٨/٩/١٧) لەنێوان بەڕێزان مام جەلال و مەسعود بارزانی ئیمزاکرا، هی ئەوەیە لەسەر چەندین ئاست هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. جاریێ یادو بیرەوەری کە لە بزووتنەوەی کورددا بۆ دەرکەوتە نیشتمانییو دەستکەوتە نەتەوەییەکانە بەتەواوەتی کالآی پڕ بە بالآی ڕێکەوتنەکەی واشنتۆنە. چونکە بەراستی ڕێکەوتنەکە بەو پێوانە نێودەوڵەتییەی بۆی ڕەخسا، بەو سەنگینییەی بەشداریکردنی وەزیری دەرەوەی ویلاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا خاتوو ئۆلبرایت زیاتر چەسپاندی، هەروەها بەو برگەو بەندە چاکو بەکەڵکانەی لەدەقەکەیدا هاتووە و ئیمزای هەردوو بەڕێزان مام جەلالو کاک مەسعود بارزانیو پشتگیریی واشنتۆنی لەگەڵە، ڕێکەوتنێکی مێژوویی کەم وێنەو دەستکەوتێکی سیاسی گەورەی نیشتمانیو نەتەوەییە، نەک تەنیا لەبەرئەوەی ئیمزاکردنی بۆ بەدیهێنانی ئاشتیو جێبەجێکردنیشی بۆ جێگیرکردنی ئەو ئاشتییەیە. بەڵکو لەبەرئەوەی لەبرگەو دەقەکانی واشنتۆندا ئومێدی گەورە بۆ پاشەڕۆژی کورد خراوەتەڕوو. واتا پاشەڕۆژی دەستکەوتی حکومەتێکی یەکگرتووی هەرێمو پەرلەمانێکی یەکگرتووی تازەی هەڵبژێرراوو عیراقێکی فیدراڵیو دیموکراتی کە تێیدا ڕاگواستنو تەعریبو پاکتاوکردنی عرقی کۆتایی پێبێت.

بایەخی ڕێکەوتنی واشنتۆن لەوەدا نییە کە تەنیا ڕێوشوێنەکانی ئاشتی کوردستانی دیاریکرد، هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوەو یەکخستنەوەی ماڵی کوردی لەخشتەیەکی

زەمەنیـدا دەستنیشـانکرد، بەڵکـو سـەرەڕای ئەوانـەش لەهەلومەرجێکـدا کـە رەوشـەکە بـەرەو ئاڵـۆزی زیاتـر دەچـوو رێکەوتنـی واشـنتۆن هـەم ئومێـدی ئاشـتیو ئاشـتبوونەوەی زینـدوو راگـرتو هـەم ئاسـۆکانی دوارۆژی لەبـەردەم کـوردو پێشـکەوتنی بزووتنـەوەی کـوردا کـردەوە. بەمـەش دەرفـەت بـۆ کـورد رەخسـایەوە کـە لەیـەک کاتـدا ئـەوەی لەدەسـتی چـوو لەزەمـەنو لەدەسـتکەوتەکان بەدەسـتی بێنێتەوەو ئەوەشـی لەدەسـتیدایەو هـەروا لەبـەردەم پیلانەکانـدا خۆڕاگربـووە، پتەوبکرێـتو کـوردو بزووتنەوەکـەی چاویـان لەدەسـتکەوتی دیکـەو ئاینـدەی گەشـەدارتر بێـت.

یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان کـە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـە نەتەوەیـیو نیشـتمانییەکانی گەلـی کوردسـتانو لەپێنـاو کوردەوارییەکـی گەشـەکردووی، پێشـکەوتوودا هاتـە دامەزرانـدن، بەدرێژایـی سـاڵانی تێکۆشـانو خەباتـی رەوای، کارو کۆششـی کـردووە تـا بزووتنـەوەی کوردایەتـی یەکپارچـەو یەکگرتووانـە بەرەنـگاری پیـلانو کۆسـپەکانی بـەردەم سـەرکەوتنی خـۆی ببێتـەوە. هـەر لەسـایەی ئـەو دابونەریتـە راسـتو دروستەشـدا لەهەمـوو سـەردەمەکانی گرژیـی ناوخۆیـیو شـەڕی نێومالّـی کـوردا هەمیشـە لایەنگیـری ئاشـتیو ئاشـتبوونەوە بـووەو چەندیـن دەستپێشـخەری کـردووە لـەم بـوارەدا بۆئـەوەی لەسـایەی ئاشـتیدا بەشـێنەیی ئەزموونـی دیموکراسـیی کوردسـتان گەشـەبکاو گـرەوی کـورد لەبـواری خـۆ بەڕێوەبردنـدا سـەرکەویٚو ببـیٚ بەدیفاکتۆیەکـی ئەوتـۆ کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ستایشـی بکـەنو هاوکاریـی کـورد بکـەن لەچەسـپاندنو جێگیرکردنیـدا.

یەکێتـی لەپێنـاوی ئـەو ئاشـتییەی بزووتنـەوەی کـورد دەگێڕێتـەوە سـەر راسـتەڕێی تێکۆشـان، لەپێنـاوی ئامانجـی روونو رەوای مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی گەلـی کـورد لەچێکردنـی عیراقێکـی فیدراڵـیو دیموکراتیـدا، چەندیـن دەستپێشـخەری کـردووە بۆئـەوەی ئـەو رێکەوتنانـە جێبەجـیٚ بکرێـن کـە لەمـاوەی چەنـد سـاڵی رابـوردوودا مۆرکـراونو دوا رێکەوتنیـش لـەم بـوارەدا رێکەوتنـی واشـنتۆنە. ئـەو رێکەوتنـەی وا سـاڵێک بەسـەر مۆرکردنییـدا تێپەڕدەبـیٚو هێشـتا هەنگاوەکانـی بـۆ جێبەجێکردنـی نـراون بەئەنـدازەی گەورەیـیو مێژوویـیو ئەوەنـدەی ئـەو بڕیارانـە نیـن کـە لەنێـو بڕگەکانیـدا دیاریکـراون.

هەقـە رێککەوتنێکـی لـەو بابەتـە کـە هەمـوو ئـەو دەسـتکەوتو بەڵێنانـەی تێدایـە بـۆ کـوردو لەپشتیشـیەوە بەڵێنـی هـاوکاریو پشـتگیریی ئەمریـکاو کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هەیـە، لەچوارچێـوەی دەسـتکەوتی حزبیـدا مامەڵـەی لەگەڵـدا نەکرێـت، بەڵکـو هەروەکـو هەڤـاڵ مـام جـەلال لـە رۆژە بەراییەکانـی مۆرکردنـی رێکەوتنەکـەدا رایگەیانـد دەبـیٚ فیداکاریـی حزبـی لەپێنـاو ئـەو ئامانجـە نەتەوەییـەدا بکرێـت.

ڕێکەوتننامــەی واشــنتۆن دۆکۆمێنتێکــی نێودەوڵەتــیو دانپیانانێکــی راســتەوخۆیە بەئەزموونـی دیموکراسـی کوردسـتانو سـەرەتای جێگیرکردنـی بڕیـاری فیدراڵییـە بۆکـورد. بۆیـە تێکـڕای بڕگـەو دەقەکانـی پێکـەوە جوانـنو پێکـەوە هێـزو نرخـی سیاسـیی گـەورە بـۆ بزووتنــەوەی کــورد دابیــن دەکــەن. لەبەرئــەوە ئەبــێ هــەوڵو کۆششــەکانی بــۆ جێبەجێکردنـی دەدرێـن، ئـەو مـەودا نەتەوەییـە، مێژووییـەو ئـەو دەستکەوتە ئایندەییانـە رەچـاو بـکات کەلەنێـو ڕێکەوتنەکـەو لەپشـتیەوەن.

هیواداریـن کۆبوونەوەکـەی ئەمجـارەی کۆمیتـەی بـاڵای ئاشـتی HCC لەسـەروبەندی سـاڵڕۆژی ڕێکەوتنەکـەی واشـنتۆندا، هێنـدەی گەورەیـیو بایەخـی مێژوویـی ڕێکەوتنەکـە هەنگاوێکـی گـەورە بنێـت بـۆ پێشـەوە لەڕێـگای هـەوڵو کۆشـش بـۆ بەدیهێنانـی ئاشـتی.

١٩٩٩/٩/١٦

# لەیادی (٢٩)ساڵەی کۆچی دوایی ناسری ڕێبەری عەرەبو دۆستی گەلی کورددا

ڕەنگـە یـەک لـەو سـیفەتانەی سـەرکردەی کۆچکـردووی میسـر جەمـال عەبدولناسـر لـەزۆر سـەرکردەی تـر جیاکاتـەوە، ئەوپاڵپشـتییە بەهێـزەی بێ کـە لەگەلانـی چەوساوەو ژێردەسـتە کردوویەتـی. چونکـە ناسـر تەنهـا هەوڵـی بـۆ ڕزگارکردنـی گەلـی میسـر نـەداوە، بەڵکـو پشـتگیری لەبزووتنـەوە ڕزگاریخـوازە نیشـتمانییەکانی ئەفریقـاو ئاسـیاو وڵاتـە عەرەبییەکانیـش کـردووە.

هەرلەمیانـی بڕوابوونـی ناسـرەوە بەئـازادی گەلانـی ژێردەسـتەش بـوو، کـەدوای ئـەوەی بەکێشـەی کـورد ئاشـنابوو، تاڕادەیەکـی زۆر پشـتگیری لەگەلـی کـورد کـردووە لـەوەی مافـە نەتەوەییەکانـی بەدەسـت بێنـێ.

ناسـر تەنهـا لـەڕووی مەعنەوییـەوە پشـتگیری لـە بزووتنـەوە ڕزگاریخـوازەکان نەکـردووە، بەڵکـو بەعەمەلـی یارمەتـی خـۆی پێشـکەش دەکـرد، ئەوەتـا بـۆ نموونـە لەمیانـی حوکمڕانێتـی خۆیـدا ڕێـگای بەکورددا ڕادیۆیەکـی کـوردی لەقاهیـرە بکاتـەوە. سـەرەڕای ئـەوەی پەیوەنـدی باشـی لەگـەڵ سـەرکردایەتیی بزوتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی کـورددا هەبـووو، لـەم میانـەدا پێشـوازی لەوەفـدی کـوردان کـرد کەسـاڵی ١٩٦٣مـام جـەلال سـەرۆکایەتی کـرد.

ناسـر، لەپشـتگیریکردنی کـورددا تائـەو ئاسـتە ڕۆیـی کـە گوشـاری خسـتە سـەر حکومەتـی ئەوکاتـەی عیـراق تـا داخوازییەکانـی کـورد بسـەلمێنێو نەیهێشـت (بەغـدا)ی ئەوسـەردەمە تەوژمـی ناسیۆنالسـتی عـەرەبو پشـتگیریکردنی خـودی ناسـر لـەو تەوژمـە بکاتـە بیانوویـەک بـۆ سـەرکوتکردنی کـوردو قڕکردنـی.

جگـە لـەوەش ناسـرو شۆڕشـەکەی هـەروەک چـۆن بـۆ زۆربـەی گەلانـی زۆرلێکـراوی دونیـا مایـەی ئیلهامبەخـشو هاندانـی شۆڕشـگێڕی بـوو، ئاوەهـاش ڕێـڕەوو خەباتەکـەی کاری لەکـوردو تێکۆشـانی کـورد کـرد.

خۆشەویسـتی ناسـر لەنێوگەلـی میسـریدا، سـەرەتاکەی بـۆ ئەوکاتـە دەگەڕێتـەوە کـە لـە سـاڵی (١٩٥٢)دا شۆڕشـی (٢٣ـی یۆلیـۆ)ی تێـدا هەڵگیرسـا، چونکـە ئامانجـی شۆڕشـەکە لەگـەڵ خواسـتی گەلەکـەدا یەکیگرتـەوە:

دەکـرێ لەنێـو چەندیـن ئامانجـی شۆڕشـەکەی (٢٣ـی یۆلیۆدا)نـاوی دوویـان لێـرەدا بهێنرێـت:

-یەکـەم ڕزگارکردنـی گەلـی میسـر بـوو لـەو گەندەڵییانـەی لـە ڕەفتارەکانـی مەلیـک فـاروق کەوتبـۆوە.

-دووەم ئامانجـی شۆڕشـەکە دوای بەرپابوونـی بریتـی بـوو لـەم کارە: لەناوبردنـی هەرسـێ دوژمنـی میسـر(هەژاریو نەخۆشـیو جەهالـەت). بێگومـان هـەر شۆڕشـێکیش هەنـگاو بـەم ئاراسـتەیە بنـێ، مایـەی ڕەزامەندیـی خەڵکـی دەبـێ.

هۆیەکـی دیکـەی خۆشەویسـتبوونی ناسـر، بـۆ یاسـای چاککردنی کشـتوکاڵ دەگەڕێتەوە کەبەچەنـد قۆناغێکـدا تێپـەڕی، ئـەم هەنـگاوەش شۆڕشـەکەی زیاتـر بەلادێـکانو خەڵکـە هەژارەکـەی بەسـتەوە. هـەروا خۆماڵیکردنـی کەناڵـی (سـوێس)و بنیاتنانـی (سـەدی عالـی)و خۆماڵیکردنـی دەزگا دارایـیو پیشەسـازییەکانیش پڕبەپێسـتی زۆربـەی خەڵکـی وڵاتەکـە بـوو.

هەندێجـار کەگومـان لەبەهێزیـی پەیوەندیـی نێـوان عەبدولناسـرو خەڵکـی وڵاتەکـەی دەکـرێ، زۆر لەچاودێـرانو سیاسـییەکانی عـەرەبو میسـر، بەتایبەتیـش ناسـرییەکانی ئەوسـا، ئـەوە دێننـەوە یـاد، کـەدوای ئـەوەی میسـر لەشـەڕی حوزەیرانـی (١٩٦٧)دا تێکشـکا، ناسـر ڕایگەیانـد کـە (ئـەو هەمـوو لێپرسـراوێتییەکە دەگرێتـە ئەسـتۆ. بۆیـە دەسـت لـەکار دەکێشـێتەوە) چـۆن پـاش چەندسـاتێک بەملیۆنـان هاووڵاتـی هاتنەسـەر شـەقامەکانو بەرەوماڵـی (سـەرکردەکەیان) بەڕێکەوتـن، بۆئـەوەی گوشـاری بخەنەسـەرو لەبڕیـاری دەسـت لەکارکێشـانەوە پاشـگەز ببێتـەوە، لەکۆتایشـدا هەروابـوو.

لەبـارەی مەسـەلە سیاسـییە نێودەوڵەتیەکانیشـەوە، ناسـر ڕۆڵـی لـەزۆر هەنـگاوی گرنگـدا دەگێـڕا، وەک سـەقامگیرکردنی ڕۆڵـی کۆمەڵـەی وڵاتانـی بێلایـەن، کەئەوسـا گرنگـی تایبەتـی خـۆی هەبـوو، چونکـە زۆر لەوڵاتانـی دنیـا بەسـەر هـەردوو ئـۆردوگای ڕۆژئاوایـی و ڕۆژهەڵاتیـدا دابـەش ببـوون.

ناسر کەلەژیانی سیاسی خۆیدا چەندین کاری بۆ وڵاتەکەی کردو هەوڵی ئەوەی دا چەندین هەنگاوی گەورەو جدی بەئاراستەی خزمەتکردنی گەلەکەی بنێ، بەڵام ئەو رووداوانەی لەو ساڵانەدا ڕوویاندا کاریگەرییەکی زۆر سلبی کردەسەر ژیانی تایبەتی خۆی، بەتایبەتی شکستەکەی حوزەیرانی (٦٧).

بۆیە دوای ئەو تەمەنەی لەنێو سیاسەتدا بەسەری برد، لەرۆژی (٢٨ی ئەیلول)ی ١٩٧٠دا، بەنەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردو ماڵئاوایی لەخەڵکی وڵاتەکەی کرد. بەڵام لەکۆچ کردنەکەدا، چەندین ئاواتی گەورەی لەگەڵ خۆی بردە ژێرگڵەوە، کە لەوانەیە گەورەترینیان خەونی (یەکێتیی عەرەب) بووبێت.

هەزاران سڵاو لەیادی کۆچی ناسر، شۆڕشگێڕی عەرەبو پشتگیریکاری مەسەلەی کورد.

١٩٩٩/٩/٢٩

# چەواشەکارانی مێژوو، (تصحیح القومیه) بۆ سەلاحەددینی ئەیوبی دەکەن!

وتەبێژێک بەناوی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنەوە ئەمەی خوارەوەی راگەیاند:

جارێکیتر دەسەلاتدارانی عیراق بیرەوەرییەکانی مێژوویان بۆ مەبەستە چەواشەکارییە هەنووکەییەکانی خۆیان، کەزیاتر مەبەستی سیاسیی نابەجێو ناڕەوان، خستەوەگەڕ. ئەمجارەیان چەواشەکارییە سیاسییەکەی حکومەتی عیراق سەروەرییەکی گەورەی لەمێژووی ئیسلامو موسڵمانان کردۆتە نیشانەی پەلاماردانی ناڕەوای خۆی، کەئەویش سەروەری رزگارکردنی قودسی پیرۆزە لەسەر دەستی سەرکردەی موسڵمانو پیاوی هەڵکەوتووی کورد لەمێژووی ئیسلامییدا، سەلاحەددینی ئەیوبی.

بەڵێ هەروەک لەهەواڵێکی لەبەغداوە نێردراو بۆ رۆژنامەی (الحیاه)دا هاتووە لە ژمارەی رۆژی (١٠/٥)، زانکۆی تکریت سیمینارێکی لەسەر یادی پیرۆزی رزگارکردنی قودسو رۆڵی سەرکردەی موسڵمانان سەلاحەددینی ئەیوبی سازکردووەو لەوێشدا هەوڵدراوە سەرلەنوێ مێژووی ئیسلامو رووداوەکانی قەوماون وابنووسرێنەوە کەبەدڵی شۆڤێنیستانی زانکۆی تکریتو دەسەلاتدارانی عیراق بێت.

لەو سیمینارە نازانستییەی زانکۆی تکریتدا کەتێیدا زانستو سیاسەتی چەوت، راستی مێژوویی‌و بەرژەوەندی هەنووکەیی تێکەلاوکراوە، عزەت ئەلدوری پیاوی دووەم لەدەسەلاتی عیراقیدا هەوڵ دەدات لەڕوانگەی رژێمەکەیەوە مێژووی گەلانی موسڵمان تەعریب بکات، هەروەک بەشێکی خاکی کوردستانی عیراقیان تەعریب کردووە.

دووری، لەوتارێکی سیمینارەکەو لەبەردەم ئەکادیمیستو دیپلۆماتەکانی عەرەبو بیانییدا وتوویەتی: (پێویستە بەوردی چاو بەکتێبەکانی مێژوودا بگێڕین بۆ ئەوەی

راستییە مێژووییەکان بدۆزینەوە... سەلاحەددینی ئەیوبی پاڵەوانێکی عەرەبە نەک کورد.. بنەماڵەی شێرکۆش کەسەلاحەددین بەڕەچەڵەک سەربەوانە. لەهۆزێکی ناسراوی عەرەبنو لەناوچە کوردییەکاندا ژیاونو ناکرێ بگوترێ کوردن).

داخۆ چ مەبەستێک لەپشت هەوڵەکانی تەعریبکردنی مێژووی ئیسلامییەوە هەیەو چ قازانجێک بەدەست دەهێنرێت لەوەی رەچەڵەکی پیاوێکی ناوداری مێژووی ئیسلامی بەزۆر بکرێت بەعەرەب، جگە لەمەبەستی شێواندنی مێژووی ئیسلامو قازانجی دەسەلاتێکی تەسکبینی شۆڤێنی کەپێی وایە بەچەواشەکردنو ساختەکاریو هەڵتەکاندنی گۆڕی لەمێژینو داچڵەکاندنی سەرکردە پاڵەوانەکانی مایەی شانازی گەلانی موسڵمانن، دەتوانێت سەروەریی ساختەو مێژووییەک بۆ خۆی تۆمار بکات کەهی خۆی نییە؟ ئایا دەسەلاتی عیراقیو لەپێش هەمووشیانەوە وتاربێژی سیمیناری زانکۆکەی تکریت، دەیەوێت چ بەمیللەتانی موسڵمانی ناوچەکە بگەیەنێت لەکاتێکدا لەمێژە لەکتێبە دێرینەکانو سەرچاوە عەرەبیو ئیسلامییە کۆنو تازەکاندا بەڕەچەڵەک کوردبوونی سەلاحەددین سەلمێنراوەو دانی پێدانراوە؟ ئایا سەلاحەددینی ئەیوبی گوناهەکەی ئەوەبوو خزمەتی ئیسلامی کردووەو قودسی بۆ موسڵمانان رزگار کرد؟ ئایا شۆڤێنیستانی زانکۆی تکریت کەکار بۆ شێواندنی زانستو راستییە مێژووییەکان دەکەن، ئیرەیی بەسەلاحەددینی ئەیوبی دەبەن چونکە توانیویەتی ئەو سەروەرییە تۆمار بکات کەدەسەلاتە شۆڤێنییەکەی بەغدا بۆی نەلواوە بەتەنیشت سێبەریشدا گوزەر بکات؟ ئایا پیاوی دووەم لەدەسەلاتی عیراقیو حکومەتی تەعریبکاری بەغدا، ئیرەیی بەنەتەوەی کورد دەبەن کەسەرەڕای نەهامەتییەکانی رۆژگارو مێژوو، سەرەڕای سەرکوتکردنو فەرامۆشکردن، توانیویەتی پیاوێکی هەڵکەوتووی وەک سەلاحەددینی ئەیوبی پێشکەش بەمێژووی ئیسلام بکات.

لەمێژووی ئیسلامیدا، سەلاحەددین ئەو نەبەردییە گەورەیەی تۆمارکرد کە تائێستاش ساختەکارانی مێژوو، ئەوانەی خۆیان بەمێژووی عەرەبو ئیسلامەوە هەڵدەکێشن، نەیانتوانیوە تۆماری بکەن، کەچی لەبریتی ئەوەی پەند لەئازایەتیو ژیری سەلاحەددینو نەبەردییەکانی وەربگرن، واهاتوون لەزانکۆیەکی دانپیانەنراودا، لەو شوێنەی کەزێدی لەدایکبوونی بووەو بەدرێژایی مێژوو، کوردی تێدا ژیاوە، (تصحيح القوميه) بە سەلاحەددینی ئەیوبی دەکەنو ئیستمارەی بەعەرەب بوونی پێ پڕدەکەنەوە.

چ حیکمەتێکی تێدایە کە دوای شکستی بەعەرەبکردنی کەرکوک و خانەقین و دوای ریسوابوونی سیاسەتی تەعریبو پاکتاوکردنی عیرقی لەهەموو دنیادا، دەسەلاتدارانی

عیــراق بێــنو ســەلاحەددینی ســەرکەوتووی نەبەردییەکــەی قودســی پیــرۆز، بکــەن بەعــەرەب؟ ئەوانــەی مێــژووی ئیســلامو دیرۆکــی گەلانــی ناوچەکــە دەشــێوێنن، ئەوانــە نامــۆن بەمێــژووی ئیســلامو هیــچ فــەزلو جوامێرییەکیــان بەســەر ئیســلامو موســڵمانانەوە نییــە. ئەوانــەی عەرەبایەتــی خۆیــان تەنهــا لــەوەدا دەبیننــەوە کــورد رابگوێــزنو نــاوی گەڕەکــە کوردییــەکان تەعریــب بکــەن، هیچیــان پێشکەشــی ئیســلامو تەنانــەت نەتــەوەی عەرەبــی بکــەن، مەگــەر دزیــنو شــێواندنی ســەروەرییەکانی رابــردوو نەبێــت. ئــەو رابــردووە پرشــنگدارەی ئــەوان هیــچ رۆڵێکیــان تێــدا نەگێــڕاوەو مەگــەر لەدەســتدانی نەبێــت. دەســەڵاتدارانی بەغــداو وتاربێژەکــەی ســیمیناری زانکــۆی تکریــت کــە بێوچــان هــەوڵ دەدەن (تصحیــح القومیــە) بــە ســەلاحەددینو نەوەکانــی ســەلاحەددین پڕبکەنــەوە، ئەوانــە فێــرن بچنــە ســەر ســفرەی حــازرو جیهــادو ســەروەرییەکانی خەڵکانیتــر بــۆ خۆیــان داگیربکــەنو بەنــاوی خۆیانــەوە تۆمــاری بکــەن.

کــێ بــاوەڕ بەنەفــرەت لێکراوانــی ئێســتاو مێــژوو دەکات؟ کــێ گــوێ لەو چەواشــەکارانەی مێــژوو، لــەو تەعریبکارانــەی ئەمــڕۆ دەگرێــت کــە مەعیــن بەسیســۆی شــاعیری نــاوداری فەلەســتینی گەوهەرەکــەی بــاش ناســیونو لەشــیعرە بەناوبانگەکــەی تێیــدا نەفــرەت لەشــێوێنەرانی مێــژوو دەکات، پێیــان دەڵــێو ئاماژەیــان بــۆ دەکات:

(کم أکرهُ من علمنی

الدرس الاول فی التأریخ

کردیاً کان صلاح‌الدین

وأنتصرَ فأصبح عربیاً

ماڎا لو هزم صلاح‌الدین؟

لاصبح جاسوساً کردیاً!)

١٩٩٩/١٠/٥

# بەخێربێن بۆ ئاڵوگۆڕێکی دیکەی پەیوەندیی

ئەمڕۆ ئەو ڕووناکبیرە عەرەبە بەڕێزانە دەگەنە شاری سلێمانی کە بەمەبەستی بەشداریکردن لەئاهەنگی یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی شاعیری گەورەی عەرەب، محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری بانگهێشتکراون.

بەشداریکردنی ئەو ژمارە زۆرەی ڕووناکبیرانی عەرەب، نیشانەی ئەوەیە کەرەوشی پەیوەندیکردنو ئاڵوگۆڕی ڕووناکبیریی لەنێوان نوخبەی هەردوو گەلی برا چۆتە قۆناغێکی نوێی نیمچە ڕێکخستنەوە کەسەرەتاکەی بۆ سەرکەوتنی یەکەمین خولی حیواری عەرەبی- کوردیی دەگەڕێتەوە، کەتێیدا لەساڵی ١٩٩٨ قاهیرەی پایتەختی سیاسیی عەرەب، میوانداریی نوخبەی سیاسیی و ڕووناکبیریی کوردو عەرەبی کردو پێکەوە بەردی بناغەی ئاڵوگۆڕی ڕووناکبیرییو دایەلۆگی هاوبەشیان دانا. لەوێوە لەماوەی پتر لەدوو ساڵی ڕابردوودا هەروا ئەو پەیوەندییە ڕێکخراوە، بیانوو، بۆنەی زیاتری چوونە پێشو گەشەسەندن پەرەپێدەدا.

ئەوە بۆ گەلی کورد مایەی دڵخۆشییە کە ڕووناکبیرانی عەرەب وەک لەچەند سەردانێکی وەفدی بچووکو وەفدی بەکۆمەڵی گەورەدا دووپاتبۆتەوە، تاپۆ سیاسییە ناڕەواو دەستکردەکان دەبەزێنن و دێنە کوردستان، مەڵبەندی ئازادیخوازانی کوردو وڵاتی خۆشەویستی ئەلجەواهیری گەورەش.

هەر تەنها سەردانی وەفدێکی ڕووناکبیرانی عەرەب لەهاوینی ڕابردوو بەو ژمارە زۆرەو ئەو ئەجندە پڕەی سەردانەکەیان، گەواهییەکی عەمەلی چوونە قۆناغی نوێی ڕێکخستنی پەیوەندییە ڕووناکبیرییە ئاماژە پێدراوەکانە.

بۆنـەی سەدسـاڵەی لەدایکبوونـی ئەلجەواهیـری، شـاعیری گـەورەی عـەرەبو دۆسـتی گـەورەی کوردیـش، بۆنەیەکـی لەبـارو گونجـاوە تـا لەبـن سـێبەریدا جارێکـی تـر میوانانـی عـەرەب، دوور لەوەسـیتی ئەملاوئـەولاو راسـتەوخۆ لەنزیکـەوە، کـوردو رەوشـی کوردسـتانەکەی ببینـن، تاڕووبـەڕوو خولێکـی دیکـەی ئاڵوگـۆڕی رووناکبیریـی و دیالۆگـی هاوبـەش و لێکگەیشـتنێکی هاوبـەش ئیـدارە بـدەن، ئەلجەواهیـری لـەم بیرەوەرییـە سەدسـاڵەدا دەبێتـە خاڵـی هاوبەشـی نوێکردنـەوەو رێکخسـتنی پەیوەندییەکـی هاوبەشـی سـەدان سـاڵەی دێریـن کەخـۆی هەیـەو دیـداری لـەم بابەتـە قووڵتـرو قووڵتـری دەکاتـەوە.

لەدیرۆکـی میللەتانـدا نوخبـەی رووناکبیـران یادەوەریـی زینـدووو، خورپـەی دڵـی میللەتـن، کەئاقـاری هەڵوێسـتو کردەوەکانیـان بەنێوناخـی میللەتەکانیانـدا شـۆڕدەبێتەوەو دەبێتـە یادەوەرییەکـی دەسـتەجەمعیو خواسـتێکی میللـی. کاتێکیـش رووناکبیرانـی کـوردو عـەرەب وا وردە وردە رەوشـی ئاڵوگـۆڕی رووناکبیریـی و دیالـۆگ پەرەپێـدەدەن، مانـای وایـە لێکگەیشـتنو پێکەوەژیانـی هاوبەشـی نێـوان هـەردوو گەلـی بـرا لەشـێوەی فەرهەنگێکـی لێبووردەیـی هاوبەشـدا خـۆی رێکدەخـاتو رەهەندێکـی میللـی وەردەگرێـت، کەسـەرەنجام سیاسـەتی شـۆڤێنی و سـەرکوتکردنو پاکتاوکردنـی حکومەتـەکان، ناتوانـن زەفـەری پێببـەن.

٢٠٠٠/١٠/٢٦

# له پەراوێزی ڕێپێوانەکەی مامۆستاو زانایانی ئاینییدا
# ئەرکێك لەڕێی خواو لەڕێی نیشتماندا

ئـەو ڕێپێوانـە سـەرکەوتوو، جەماوەرییـەی پیـاوانو زانایانـی ئاینـی لـەڕۆژی (١/١٩) دا دژی تیـرۆرو تیـرۆرکاران بەگشـتی و لـەدژی هەوڵـی نەگریسـی تیرۆرکردنـی مامۆسـتا شـێخ محەمـەد خالیـد موفتـی، ئیمـامو موفتـی و خەتیبی مزگەوتـی هەڵەبجـەی شـەهید بەتایبەتـی سـازیان کردبوو، لەیـەک دەربڕیـنو هەڵوێسـتەی جەماوەرییـدا دووری ئیسـلامو موسـڵمانانی لـە دژایەتـی تیـرۆرکارانو ئەوانـەی لەژێرپـەردەی ئاینـدا کاری تیرۆریسـتانە ئەنجـام دەدەن، دووپاتکـردەوە.

ڕێپێوانەکـە بـۆ ریسـواکردنی هەوڵـی تیرۆرکردنـی مامۆسـتایەکی ئاینـی و خەتیبـی مزگەوتـی هەڵەبجـەی شـەهید بـوو. ئەمـەش یەکـەم مانـای سیاسـی و یەکـەم دەلالەتـی ئاینییـە لەسـەر نەفرەتلێبوونـی ناوەندەکانـی تیـرۆر کەدەخـوازن ئاینـی پیـرۆز کـە بـۆ پەخشـکردنی دڵنیایـی و بڵاوکردنـەوەی گیانـی لێبـووردن لەکۆمەڵدایـە، بکەنـە بەردەبـازی نیـازە خراپەکانـی نانـەوەی تەفرەقـەو نەهێشـتنی نائارامـی لەکۆمەڵـدا. ئەوانـەی لەپەنـا ئاینـی پیـرۆزەوە ئەگـەر مەبەسـتیانە ئاینپـەروەری خۆیـان رابگەیەنـنو لەپشـت ئایـنو پەیڕەوەکانییـەوە خۆیانیـان حەشـارنەداوە، بۆچـی پەلامـاری مامۆسـتایەکی ئاینـی پایـەدارو زانایەکـی هەڵکەوتـووی کـوردەواری دەدەن؟

مانـای دووەمـی ڕێپێوانەکـە ئەوەیـە کـە مامۆسـتایانی ئاینـی و بەسەرپەرشـتی یەکێتیـی زانایانـی ئاینـی پێـی رابـوون، واتـا شـەرعیترین ئۆرگانـی مامۆسـتایانی ئاینـی کەلـەم دواییـەدا بەکۆنگرەیەکـی (وامرهـم شـوری بینهـم) خـۆی ڕێکخسـتۆتەوە لەڕێـی ڕێپێوانێکـی جەماوەرییـەوە ناڕەزایـی خـۆی و مامۆسـتایانی ئاینـی بەرامبـەر بـەو هەوڵـە

تیرۆریانەی لەژێر پەردەی ئاین ئەنجام دەدرێن دەربڕی. ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی لاتەریک کەوتنی باندەکانی تیرۆرەو دەری دەخات کە لەکۆمەڵگەیەکی هوشیاردا، لەو کۆمەڵگەیەدا کە مامۆستایانو زانایانی ئاینپەروەر لەگەڵ مەینەتی و گرفتەکانی کۆمەڵگەکەیان تێکەڵبووبنو بگرە لەهوشیارکردنەوەو رێنمایکردنیاندا پێشڕەوبووبن، هەرگیز ناتوانرێت تاوانو رەشە کوژی بەئاینو لەبەرکردنی درۆزنانەی بەرگی ئیسلام پەردەپۆشبکرێت.

رێپێوانی لەم بابەتەو هەموو چالاکی و هاتنە مەیدانێکی مامۆستایانی ئاینی کەهەمیشە هەڵسوڕاوو دەستپێشخەربوون لەقۆناغە جیاجیاکانی ژیانی کوردەواری و خەباتی کوردایەتییدا، رۆڵی گەورە دەگێڕێت لەداماڵینی دەمامکی تیرۆری توندڕۆیان کەبێ هیچ تەخویلێکی دینی و بێ وەدەستهێنانی پلەو شەرعییەتێکی ئاینی و قاڵبوونەوە لەمەوداو ماناکانی ئاینی پیرۆز هەق بەخۆیان دەدەن (فەتوا)ی کوشتن دەربکەنو کەسانی نەکیرەو نەخوێندەوار هان بدەن تاپشێوی و ئاژاوە لەوڵاتەکەماندا بنێننەوە.

لەم هەنگاوە تازەیەی مامۆستایانی ئاینی و لەم زیاتر کەوتنەگەڕەی چالاکییەکانی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستاندا، هەقە هەموو ئۆرگانو ناوەندەکانی مەبەستیانە کوردەواری لەبارێکی ئارامو مەدەنیدا بێت، هەموو ئەو کەسو لایەنانەی دەخوازن ئاینی پیرۆز بۆ ئامانجی تیرۆرو تاوان بەکارنەبرێن، بەڵکو وەک هەمیشە ئاینی یەکخستنەوەی کۆمەڵ و درەوشانەوەی خێرو بەرەکەت بێت لەوڵاتدا، وەک هەمیشە پەیامی ئاشتی و ئاوەدانی و پەیامی پەیوەندی رۆحی نێوان خەڵکو خوای خەڵکی خۆیان بێت، هەقە هاوکارو پشتیوانی هەنگاوو چالاکییەکانی مامۆستایانو پێشڕەوانی ئایینیمان بن، لەم ئەرکەی لەڕێی خواو پەیامی ئاشتیانەی ئیسلام، و لەڕیی نیشتمانو کوردەوارییەکی هێمنو پڕئاسایشدا، گرتوویانەتە ئەستۆ.

٢٠٠٠/١/١٩

# له پەراوێزی وتارەکەی مام جەلال لە کۆنگرەی گەلاوێژدا ڕووناکبیران لە پرۆسەی گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندندا

*ڕۆژی (٣/٢) لەکۆنگرەی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژدا هەڤاڵ مام جەلال، ئاماژەی بەو بەرنامە تازەیەی حکومەتی هەرێمو وەزارەتی پەروەردە کرد کە بەدەستیانەوەیە پرۆگرامی خوێندن بگۆڕنو بەو جۆرەی لێبکەن کە لەگەڵ ڕەوشی تازەی کوردستانو ئازادی ئەمڕۆی میللەتەکەماندا بگونجێ. هەروەک داواشی لە ڕووناکبیرو ئەدیبان کرد کەڕۆڵی خۆیان لەم پرۆسە گرنگەشدا بگێڕنو دەستپێشخەری پێویست بنوێنن.

ڕووناکبیرو ئەدیبان کە لەکوردەواری و گەشەپێدانییدا ئەرکی گەورەیان لەئەستۆیە و دەتوانن تەنانەت پێش بڕیاری سیاسی و بەرنامە ڕێژییەکانی حکومەت قسە لەسەر چۆنیەتی پێشخستنی کوردەواری و بوارەکانی ژیانی ڕووناکبیریی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریشمان بکەن، لەسەریانە بەدیدێکی کراوەو هیمەتێکی ڕووناکبیرانەوە لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گرنگەدا مامەڵە بکەنو لەدەرەوەی کاری ڕەسمی دامەزراوە پەیوەندارەکانی پەروەردەدا، هاوکاری حکومەتو ئەو دامەزراوانە بکەن لەدروستکردنی رایەکی گشتی دەربارەی چۆنیەتی گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندنو پێشخستنی بواری پەروەردەیی، مادامەکی ئاراستەی ژیانو ئاراستەی پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتوو قورساییەکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوە ڕەسمییەکانی پەروەردە.

بانگەوازەکەی مام جەلال، بۆ ئەدیبو ڕووناکبیرانی بیرئازادو ئازادیخواز بانگەوازێکی ئازادانەیە بۆیان تاوەکو ڕووناکبیرانی کوردەواری لەواری پەروەردەشدا کە گەلێک جار

ئـەو بـوارە لەوڵاتانـی تـر بەپێـی ڕێنمایـی تونـدو تـۆڵو تاڕادەیـەک داخـراو بەڕێوەدەچێـت، بێنـە مەیـدانو بەپێشـنیازو دیـدە کراوەکانیـان هەوڵەکانـی گۆڕینی سـەراپای پرۆگرامەکانی خوێنـدن دەوڵەمەندتـر بکـەنو بەئاراسـتەی داکۆکیکردن لەبەها جوانەکانـی ژیانو بەهاکانی ئـازادی و دیموکراسـیو گیانـی نیشـتمانپەروەرێتی بیبـەن. ئـەم داخوازییـەی ڕێبەرایەتـی کـورد خسـتویەتییە بـەردەم ئەدیـبو ڕووناکبیـر و خوێندەوارانـی کـورد، دەتوانـێ نـەک هــەر قەرەبــووی دواکەوتنــی پرۆســەی گۆڕینــی پرۆگرامەکانــی خوێنــدن بکاتــەوە کــە بەهــۆی شــەڕی ناوخــۆو شــێواوی ماڵــی کوردییــەوە دواکــەوت، بەڵکــو دەشــتوانێ بــۆ دواجـار نەگونجانـی نێـوان خیتابـی سیاسـیو خیتابـی ڕووناکبیریـی کـوردی لەلایـەکو پرۆگرامەکانـی خوێنـدن لەلایەکیتـرەوە نەهێڵـێو پرۆسـەی پـەروەردە لـە وڵاتەکەمانـدا بـۆ یەکجارەکـی لەگـەڵ پەیامـی کوردایەتییەکـی پێشـکەوتنخوازو کوردەوارییەکـی مۆدێـرنو گەشـەکردوودا، ئاشـتبکاتەوە.

ڕووناکبیــرانو ئەدیبانــی کــورد کــە لەســەردەمی ڕۆژانــی مقاوەمەتــی کوردایەتییــدا تێکۆشــەرانی بــواری بەرەنــگاریو ڕووناکبیرییەکــی ئازادبــوونو لەتــەواوی کارو کۆششــی ڕووناکبیریشـدا ستایشـی ژیـانو بەهـا جوانەکانـی ژیانیـان کـردووە، هەقـە ئەمـڕۆ لێبڕاوانەو لەبیرێکــی ئــازادو دیموکراســییەوە کــە ئەوانــی پێناســراون، قســە لەســەر چۆنیەتــی پێشخسـتنو داڕشـتنەوەی پرۆگرامەکانـی خوێنـدن بکـەن. ئەمـەش بەهەلێکـی زێڕیـن بزانـن بـۆ ئـەوەی بەهەمـوو لایـەک ئەرکـی قووڵکردنـەوەی بیـری ئـازادو بیـری پێشـکەوتنخواز زیاتـر جێبەجـێ بکـەنو نـەوەی نوێـی ڕاپەڕیـن، باشـترو چاکتـر بەکەلتـوری کوردایەتـیو دابونەریتــی ڕێزگرتــن لەئــازادیو دیموکراســیو بەگیانــی لێبــووردنو گیانــی ئاشــتی پـەروەری، پـەروەردە بکەیـنو لەڕێـی پرۆگرامەکانـی خوێنـدنو پـەروەردەوە هاووڵاتییەکـی کوردسـتانیی نـوێ، بۆسـەدەو هەزارەیەکـی نـوێ، بخووڵقێنیـن.

هەڵبـەت ئـەو ئەرکـە تەنهـا ئەرکـی ئەدیـبو ڕووناکبیـران نییـە، ئەگەرچـی ئـەوان وەک ویژدانـی میللـەت و شـایەدی چەرخـی نوێـی کـوردەواری، دەتوانـن ڕۆڵێکـی ئیلهـام بەخـش و مەعنـەوی تێـدا بگێـڕن، بەڵکـو ئـەوە ئەرکـی تـەواوی ناوەنـدە میدیایـیو ڕووناکبیریـیو کۆمەڵایەتییەکانـی کوردەواریشـە بـۆ ئـەوەی ئیـدی مرۆڤـی کـورد لـە کەرتبوونـی عەقـڵو ئیزدیواجیەتـی پـەروەردە دەربـاز بکەیـن، چونکـە لەکاتێکـدا نـۆ ساڵـە لەڕێـی حوکمڕانـی ڕاسـتەوخۆی حکومەتێکـی خۆماڵـیو بەهـۆی دامودەزگاکانـی ڕاگەیانـدنو ئەدەبیاتـی سیاسـی کوردایەتییـەوە کار لەکۆمەڵـی کـوردەواری. دەکرێـتو دەخـوازرێ بەتایبەتیتـر کاریگـەری دروشـمو ئامانجـە ڕەواکانـی کوردایەتـی لەسـەر نـەوەی داهاتـوو، لاوانـی ئەمـڕۆ

دەربکەوێتو خوێنی نوێو وزەی نوێ بێتە مەیدانی تێکۆشانەوە، ناکرێت لەوە زیاتر چاو لەو پرۆگرامە کۆنینەی خوێندن بپۆشرێت کە نەک هەر گوزارشت لە بیری شۆڤێنی دەسەلاتێکی دژ بە کورد دەکات، بەڵکو لەواری چەمکەکانی پێشکەوتنی زانستیو پێشخستنی کۆمەڵو دروستکردنی ژیانی نوێشدا دواکەوتوو و کۆنەپەرستانەیە، پرۆگرامی وا لە خوێندندا بەرەچاوکردنی هەلومەرجی پێشکەوتنی کوردستانو دنیا، چیتر ناتوانێت مرۆڤی تەندروستو ژیرو هۆشیار دروست بکات. مرۆڤێک کە دۆستی چەمکەکانی ئازادیو دیموکراسیو مافی مرۆڤ و خاوەنی هەست و نەستی نیشتمانی و نەتەوەیی بێت، لەماناکانی هاوولاتیبوونی هاوچەرخ و بەها جوانەکانی ژیانو ماناکانی پێشکەوتنو زانستپەروەری تێبگات.

بڕیاری گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن هەنگاوێکی لەجێی خۆیدایەتی بۆ رەنگڕێژکردنی ئایندەی کوردەوارییو ژیان لەکوردستاندا. هەروەک هەنگاوێکی بەجێشە بۆ جێگیرکردنی کەلتوورێکی دیموکراسییانە لە عیراقی دوارۆژیشدا، بۆ بەشداریکردنێکی کارای کورد لە پەرەپێدانی سیستمو پرۆگرامی خوێندن لە سەرتاسەری عیراقی دوارۆژ کە وا بڕیارە عیراقێکی دیموکراسی بێت. ئەمەش بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی ئەوانەیە کە پێیان وایە گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن لەکوردستاندا مانای (جیاکردنەوەی) یەکجارەکی پرۆگرامی خوێندنە لە پرۆگرامی سەرتاسەری عیراق. لەکاتێکدا بڕیاری گۆڕینی خوێندن لەلایەن حکومەتو دەسەلاتێکی کوردستانییەوە دراوە کە دەخوازێ لە چوارچێوەی عیراقێکی فیدراڵی، دیموکراسیو فرەلایەنیدا تایبەتمەندێتی نەتەوەیی کورد رەچاوبکرێتو ئەم رەچاوکردنەش لەسەرجەم بوارەکاندا رەنگ بداتەوە، بەبواری پەروەردەییشەوە.

رووناکبیران و ئەدیبانی کورد دەتوانن و لەدەستیان دێ لەم لایەنەشەوە لەگەڵ پەیوەندداررانی تردا وابکەن پرۆگرامی نوێی خوێندن هاوشانی رەچاوکردنی پێشکەوتنی زانستی، هاوشانی بەرزڕاگرتنی دابونەریتە جوانەکانی ژیانو ئازادیو بەرزڕاگرتنی گیانی نەتەوەیی، ئاوەهاش چەمکەکانی هاوولاتیبوونو هاونیشتمانێتی نوێ لەعیراقی دیموکراسیو عیراقی جیاواز لەوەی چەند دەیەی رابردوو، پەخشو پەرەپێبدەن.

بۆ ژیانی نوێو کوردەوارییەکی پێشکەوتوو، پێویستمان بەخوردکردنەوەی پەروەردەیی ئەو دیدە هاوچەرخ و پێشکەوتنخوازە هەیە کە لەمێژە گەلی کوردو بزووتنەوەکەی خەباتی بۆ دەکەن.

٢٠٠٠/٣/٤

# لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا

سەدەی رابردوو لەبەشی زۆری ساڵ و دەیەکانییدا سەدەی ماڵوێرانی و سەرکوتکردن و مەینەتی بوو بۆ گەلی کورد. وێڕای شۆڕش و راپەڕینەکانی بۆ رزگاری کورد و کوردستان کران، ئاخرییەکەی لەکۆتایی نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا مەینەتییە نەتەوەییەکان لەکارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا گەیشتنە ترۆپک، کارەساتی هەڵەبجە برینێکی قووڵە لەجەستەی نەتەوەی کورددا کە لەپاڵ کارەساتەکانی ئەنفال و دەربەدەری کورددا، رێڕەوی مێژووی بێکەسی و تەنهایی لەمەوپێشی نەتەوەکەمانیان رەنگرێژ کردووە.

دوانزە ساڵ بەرلەئێستا دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە بەغدا سیاسەتی نکوڵیکردنی لەگەلی کوردو رەتکردنەوەی مافو داخوازییە نەتەوەییەکانی تا ئەو ئاستە پەرەپێدا کە هەوڵی سڕینەوەی بوونی نەتەوەییمان بداتو بەرنامەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد بگرێتەبەر، ئەوەبوو لە (١٩٨٨/٣/١٦)دا شاری هەڵەبجەی لانکی شارستانێتی و رووناکبیری، کەوتە بەرهێرشی بێ ئامانی فڕۆکەکانی رژێم و شار و خەڵکە خۆڕاگرەکەی بەگازی کیمیایی خنکێنران.

ئەگەرچی بۆمبارانکردنی هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی، یەکەم و دوا هەوڵی شۆڤێنییەکان نەبوو بۆ قەلاچۆکردنی گەلی کورد و لەناوبردنی، بەلام بەو شالاوە دڕندانەیەی لەڕۆژانی (١٦)و (١٧)دا کرایە سەر شارەکەو بەو ژمارە زۆرەی قوربانییان کە (٥٠٠٠) شەهیدو هەزاران بریندار بوون، هەڵەبجە بووە سومبلی جینۆسایدکردنی گەلێکی بێ پشت و پەنا کەتا پێش راپەڕینی ئاداری ١٩٩١ جگە لەپێشمەرگەو

چیاکان هیچ دۆستێکیتری نەبوو.

ئەوە یەکەمجار بوو کە حکومەتێک چەکی کیمیایی دژی هاووڵاتییانی خۆی، دژی ئەو گەلەی بەهەموو عورف و یاساو نەریتێکی نێودەوڵەتی بەشێکە لە پێکهاتەی دەوڵەتو گەلی عیراق، بەکاربهێنێت.

رەنگە ئەمەش باشترین بەڵگە بێت لەسەر ئاستی نەشیاوی بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی بەغدا لەبەرامبەر گەلی کوردو تەواوی گەلانی عیراق. ئەو بەرپرسیارێتییەی هێندە نامۆو دژ بەجەماوەرە کەمەرگو کارەساتی وای بەسەر کوردو عیراقدا هێناوە لەهیچ شوێنێکی دنیادا وێنەی نییە.

تراژیدیای هەڵەبجە لەیادەوەریی ئێمەدا، وێنەی میللەتێکی زوڵملێکراوو خاکێکی سوتماککراو چڕدەکاتەوە، تراژیدیای میللەتێک کە لەساتی کیمیابارانو قەڵاچۆکردندا دوژمنەکەی لەوپەڕی بەهێزی و توانستی خۆیدابوو. بەڵام سەرەنجام ئەو میللەتە لەڕاپەڕینێکی جەماوەریی گەورەدا، رقی پیرۆزی خۆی بەسەر تاوانکارانی هەڵەبجەدا باراندو لەکوردستانەکەی خۆی دەریکردن.

ئەگەرچی دوای (١٢) ساڵ لە کیمیاباران هێشتا زامەکانی هەڵەبجە سارێژ نەبوونو شارەکەو خەڵکەکەی بەدەست گیروگرفتی کیمیابارانو وێرانکردنەوە دەناڵێنن، بەڵام ئیتر (هەڵەبجە) لەدنیادا بووە شاهیدی زیندووی مەزلومییەتی کورد. لەدوای راپەڕینیشەوە گەلەکەمان لەگۆشەی فەرامۆشییەوە هاتەسەر شانۆی سیاسەتی جیهانیو ئەو هاوسۆزییە نێودەوڵەتییەی پێشتر لەکاتی قەومانی کارەساتەکەدا لێی بێبەش بوو، بووە هەقیقەتێکی بەرجەستەو سەرەنجام هاواری کپکراوی نەتەوەیەکی گەورەی وەکو کوردیش بەگوێی جیهاندا درا.

هەڵەبجە بۆ ئەوەی زامەکانی بەتەواوەتی سارێژ ببنەوە لەئاستی ناوخۆی کوردستاندا پێویستی بەئاشتی و ئارامی، بە یەکگرتنی کوردو یەکخستنی هەڵوێستی سیاسی هەیە.

لەئاستی بەرپرسیارێتی جیهانیشدا لەکۆمەڵی نێودەوڵەتی داواکراوە لەو هەموو زەرەرو زیانانە بپێچێتەوە کە تاوانباران بەهەڵەبجە و کوردیان گەیاندووە. چونکە هاوکاریکردنی هەڵەبجە لەسارێژبوونەوەی زامەکانی جگە لەوەی داخوازییەکی رەوای خەڵکێکی زوڵملێکراوە، لەهەمانکاتیشدا بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و ویژدانی کۆمەڵی نێودەوڵەتیشە کەقەرەبووی ئازار و ئەشکەنجەی قوربانیانی دەستی جینۆساید بکاتەوە.

لەیادی دوانزە ساڵەی شەهیدبوونی هەڵەبجەدا، دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی

کارەساتی هەڵەبجە و تەواوی شەهیدانی کورد و کوردستان.

لەیادی خنکاندنی هەڵەبجەدا، با هەموو هەوڵەکان یەکبخرێن لەپێناو ئاوەدانی بۆ هەڵەبجە و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی کارەساتەکەدا.

٢٠٠٠/٣/١٥

# لەپێناو قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا

یەکێک لەدەرکەوتە هەرەخراپەکانی شەڕو کوشتاری رژێمە دیکتاتۆرییەکان لەدژی هاووڵاتیانی بێدیفاع و گەلانی بندەست و زوڵملێکراو، مەسەلەی تێکوپێکدانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و زیانپێگەیاندنی ژینگە و هەروا بەجێمانی ژمارەیەکی زۆری کەسوکاری قوربانیان و کەسانی پەککەوتە و برینداری پاشماوەی شەڕەکانە.

ئەوانەی شەڕ ماڵی رماندوون و گوزەرانی لێشێواندوون و ئەوانەی بە هۆی کوشتار و جەنگی داگیرکارییەوە تووشی ئیفلیجبوون و پەککەوتن هاتوون، گیروگرفت و مەینەتییەکانیان دوای بڕانەوەی جەنگ و کپبوونی بەرەکانی شەڕ دەردەکەوێت و داوای چارەسەر و لالێکردنەوە دەکەن. ئەمە بۆ هەموو شەڕو مەینەتییەکی شەڕ وایە چ جای بۆ شەڕێک کەبەسەر گەلێکی ژێردەستەو بێدیفاعدا بسەپێنرێو ئەو گەلەش بەهۆی هەلومەرجی نالەباری سەپێنراو بەسەریدا تواناو دەسەڵاتی ئەوەی نەبێ پاشماوەو دەرکەوتی شەڕەکان چارەسەر بکات.

شەڕی حکومەتی بەغدا لەدژی گەلی کورد کە لەکیمیابارانکردنی هەڵەبجەو لەئەنفالەکاندا گەیشتە قۆناغی شەڕی جینۆساید، نموونەی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرانەیە کەدەرکەوت پاشماوەی گەلێک خراپی لێکەوتۆتەوە. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەلێدوانەکەی رۆژی (٣/١٦)دا بەبۆنەی یادی دوانزەساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە هەر لەم چوارچێوەیەدا وەبیری هێناوەتەوە کەپەلاماردانی هەڵەبجە بەشێک بوو لەشاڵاوێکی رێکخراو لەدژی هاووڵاتیانی مەدەنی کورد، ئاماژەی بەوەش دا قوربانییان هێشتا بەدەست رێژەی بەرزی نەخۆشیو گیروگرفتی ترەوە دەناڵێنن.

بێگومـان ئـەوەی لـە هەڵەبجـە قەومـا بەپێـی هەمـوو یاسـاو عورفـە نێودەوڵەتییـەکان شـاڵاوێکی بێئەمـلاولای جینۆسـاید بـوو. کاتـی ئـەوەش هاتـووە کۆمەڵـی نێودەوڵەتـی و ناوەنـدە بڕیـار بەدەسـتەکانی دنیـا وەک چـۆن لـەڕووی بەرپرسـیارێتی ئەخلاقییـەوە ئەرکیانـە کەئەنجامدەرانـی تاوانـی جینۆسـایدو پاکتاوکردنـی کـورد وەک تاوانبارانـی جەنگ بناسـێنن، ئاوەهـاش هەقـەو پێویستیشـە توانـاو دەسـەڵاتی زۆری خۆیـان بخەنەگـەڕو بەجـددی هەنـگاو بـۆ چارەسـەرکردنی دەرکـەوتو پاشـماوەکانی کیمیابارانکـردن بنێـنو کۆمـەکو هـاوکاری لێقەوماوانـی هەڵەبجـەو ناوچەکانـی بـەر شـاڵاوی جینۆسـاید کەوتـوون، بکـەن.

گەلـی کـورد بەچـاوی ڕێـزو تەقدیرەوە دەڕوانێتـە هەموو هاوسـۆزی و بەتەنگەوەهاتنێکی نێودەوڵەتـی بەرامبـەر بـەو مەینەتییانـەی تووشـی هاتـوون. لەهەمانکاتیشـدا چاوەڕێـی ئـەوە دەکات ئـەو هاوسـۆزیو بەتەنگەوەهاتنـە لەپرسـی هەڵەبجـە و دەرکەوتەکانـی قڕکردنـی خەڵـکو سـوتماککردنی خاکـی کوردسـتاندا بگاتـە پلـەی قەرەبووکردنەوەیەکـی عادیلانـەو ڕەوای زیـان لێکەوتووانـی کیمیابـارانو بژاردنی زەرەرو زیانی لێقەوماوانی شـەڕی جینۆسـاید لەکوردسـتانی عیـراقو هاوکاریکـردن لەبـواری بوژانـەوەو ئاوەدانکردنـەوەی (هەڵەبجـە) وەک ڕەمزێـک بـۆ قوربانـی کیمیابـاران.

هـەر هەوڵێـک کـە بۆ قەرەبووکردنـەوەی زەرەرو زیانی لێقەوماوانـی هەڵەبجە بخرێتەگەڕ، جـا چ لەچوارچێـوەی ئـەو بڕیارانـەی بـۆ قەرەبووکردنـەوەی زیـان لێکەوتووانـی شـەڕی دووەمـی کەنـداو دەرکـراون یـان لەچوارچێـوەی بڕیـارو راسـپاردەی تایبەتـدا بێـت، ئـەو هەوڵـەو بێگومـان سەرکەوتنیشـی جگەلـەوەی دەبێتـە جۆرێـک لـە بەرپەرچدانـەوە بـۆ تاوانبارانـی جینۆسـایدو ئـەو ناوەندانـەی هاوکارییـان کـردووە لەبەرهەمهێنانـی چەکـی کۆکـوژدا، ئاوەهـاش دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت لەپرۆسـەی (اعـادە تاهیـل)و سـەرلەنوێ لەسـەر پـێ راوەسـتانی هاووڵاتیانـی زیانلێکەوتـووی هەڵەبجـە لـەڕووی ژیـانو گوزەرانـەوە، ڕۆڵێکـی گـەورەش دەگێڕێت لەچارەسـەرکردنی گرفـتو دەرکەوتە خـراپو کەڵەکەبووەکانی دوانزەسـاڵەی رابـردوو، چونکـە ئەگەرچـی لەمـاوەی چەنـد سـاڵی رابـردوودا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هەوڵێکـی زۆری بـۆ ئاوەدانکردنـەوەو بوژاندنـەوەی هەڵەبجـە داوەو هەوڵەکانیـش بەردەوامـن، بـەڵام کاریگەرییـە سـەلبییەکانی کیمیابارانەکـە ئەوەنـدە گەورەیـە کـە لـەم هەلومەرجـەدا لەتوانـای خۆیـی کـورددا نییـە بەتەنهـا ڕووبەڕوویـان ببێتـەوەو چارەسـەریان بـکات.

ئەمـڕۆ گەلـی کـورد بەگشـتی و هاووڵاتیانـی هەڵەبجـە بەتایبەتـی زیـاد لەهەمـوو کاتێکی

تـر پێویسـتیان بەهەڵوێسـت و بڕیارێکـی لێبڕاوانـەی کۆمەڵـی نێودەوڵەتـیو ناوەندەکانـی پارێـزەرو ڕێزلێنــەری مافـی مـرۆڤو مافـی گـەلان هەیـە کەمەسـەلەی قەرەبووکردنـەوەی لێقەومـاوانو بژاردنـی زیانەکانـی کیمیابـاران بگرنـە ئەسـتۆ، بۆئـەوەی لەسـەرەتای سـەدەو هــەزارەی نۆێـدا، چیتــر نەریتــی چـاکو بەکەڵکـی قەرەبووکردنـەوەی زەرەرو زیانەکانــی شـەڕ تەنهـا میللەتانـی خـاوەن دەوڵـەتو خـاوەن دەسـەڵاتی سیاسـی نەگرێتـەوە، بەڵکـو ئـەو میللەتانـەش بگرێتـەوە کەچەوسـاوەی دەسـتی حوکمڕانانـی وڵاتەکانیانـو ئومێدیـان بەوەیـە کۆمەڵــی نێودەوڵەتــی لەســەریان هەڵبداتــێ و بەرپرسـیارێتی مرۆییانــەی خــۆی بەجێبهێنــێ.

٢٠٠٠/٣/٢٣

# کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان،
# جەژنی ئایارتان پیرۆز بێت

*ئەمڕۆ کرێکارانی کوردستانو تەواوی کرێکارانی جیهان بەئاهەنگو کۆڕو کۆبوونەوەی جۆراوجۆر جەژنو بیرەوەری (١)ی ئایار ڕۆژی تێکۆشانو ڕەمزی خەباتی ڕەوای چینەکەی خۆیان بەرز رادەگرن و لەگەڵ ئەوانیشدا ڕەنجدەرانی بازووو هەموو ئەو خەڵکانەی پێناسەی فراوانو مانای نویی کرێکاران دەیانگرێتەوە هاوبەشو هاوخەباتی کرێکارانو پێکەوە ڕێز لەیادی قوربانیانی ڕەوتی خەباتی چینایەتیو تێکۆشان لەپێناو نەهێشتنی زوڵم و زۆرو چەوساندنەوەی چینایەتیو چێکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەنێن. جەژنی یەکی ئایار جەژنی پیرۆزکردنی سەرهەڵدانی کرێکارانی شیکاگۆیە کە ساڵی ١٨٨٦یان کردە سەرەتاو خاڵێکی وەرچەرخان لەمێژووی بزووتنەوەی کرێکاری لەتەواوی جیهانداو لەو خاڵە وەرچەرخێنەرەش بەدواوە ڕەوتێکی دوورودرێژی شۆڕشو قوربانیدانو خەباتی بێوچانی کرێکارانو ڕەنجدەران لەدژی زوڵمورزۆرو لەپێناوی مافە سیاسیو پیشەییەکانی خۆیانو لەڕێگای کۆمەڵی بێ چەوساندنەوەو دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا، دەستیپێکرد.

هەڵبەتە لەکوردستانەکەی خۆشماندا جگە لەو ماناو دووراییە چینایەتی و جیهانییەش، ڕۆژی (١)ی ئایار بۆنەو یادەوەرییەکی میللییشە سەبارەت بەوەی:

*کرێکارانو ڕەنجدەرانی کوردستان هەمیشە لەڕێڕەوی خەباتی نیشتمانیدا هەڵسوڕاوو تێکۆشەری چالاک بوون و بەوپەڕی هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەردوو پرسی تێکۆشانی چینایەتیو نەتەوایەتییان پێکەوە گرێداوە لەپێناوی لەناوبردنی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوەی چینایەتیو نەتەوایەتی. واتا خەباتێکی

هەمەلایەنەیـان لـەدژی زولّـم و زۆری ناوخۆیـی و زولّـم و زۆری داگیرکـەران بەڕێوەبـردووە.

*کرێـکارانو ڕەنجدەرانـی بـازووی کوردسـتان لەکاروانـی ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتانی ڕزگاریشـدا هەمیشـە لەڕیـزی پێشـەوەی پێشـمەرگەکانی ئاوەدانـیو بنیاتنانـەوەی وڵاتـدا بـوونو لـەم بوارەشـدا وەکـو باقـی توێـژو چینەکانـی دیکـەی کـوردەواریو بگـرە زیاتریـش ڕەنـجو زەحمەتییەکـی زۆریـان کێشـاوە بـۆ ئەوەی ئـەو هەنگاوانـەی لەمەیدانـی بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنـەوەدا نـراونو ئـەو پـرۆژە گرنگانـەی جێبەجێکـراون، فراوانتـرو بەگوڕتـر بـن.

لەبـەر ئـەو دوو هـۆکارە جەژنــی یەکـی ئایـار لەکوردسـتانی ڕزگاردا لەیـەک کاتـدا هـەم جەژنـی کرێـکارانو ڕەنجـدەرانو هـەم جەژنێکـی میللـی و ڕێزلێنانـی کوردەواریشـە لەتێکۆشـانی کرێـکاران لەمەیدانـی سیاسـی و مەیدانـی بەدەسـتهێنانی مافـە پیشـەیی و سـەندیکاییەکانی خۆیانـدا. هـەروەک ڕێزلێنانێکـی گەورەشـە لـەڕۆڵو ئەرکـی کرێـکارو ڕەنجـدەری کـورد لەبنیاتنانـەوەی وڵاتو پێشخسـتنو پەرەپێدانـی ڕەوتـی بەرهەمهێنـانو چالاکـی ئابـووری لەکوردسـتاندا.

دیـارە لەمـاوەی دەیـەی رابـردوودا چ لەکوردسـتانو چ لەجیهانـدا گۆڕانـکاری ئەوتـۆ قەومـان کـە ڕەنگدانـەوەی لەسـەر ڕەوتو شـێوازی کاری بزووتنـەوەی کرێـکارانو سـەرجەم بزووتنـەوە سیاسـیو کۆمەڵایەتییەکانــی تــری جیهــان هەبــوو، لەســەر بنچینــەی ئــەو گۆڕانکارییانــەش کرێـکارانو ڕەنجدەرانــی کوردســتان بەکەڵــک وەرگرتــن لەهەلومەرجــی ئـازادیو دیموکراتـی ژێرسـایەی حوکمـی خۆماڵـی دەسـتیان دایـە خەباتـی سـەندیکاییو پیشــەیی بــۆ دەســتەبەرکردنی مافەکانیـانو لـەم قۆناغەشـدا خەباتەکەیـان بەپاڵپشـتی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی وەک یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان ڕووی لەیەکخسـتنی هــەوڵو تەقەلاکانیانــە بــۆ ئــەوەی بزووتنــەوەی کرێــکاران چ لەبــواری بەشــداریکردنی چالاکانـە لەڕەوشـی سیاسـیو چ لەبـواری دابینکردنـی داخوازییـە ڕەواکانیـان، هەنـگاوی چاکتـرو چالاکتـر بنێـتو لەگـەڵا توێـژو ناوەندەکانـی کوردسـتاندا وێنـەی ئـەو کوردەوارییـە مەدەنـی و مۆدێرنـە بکێشـن کـە مـافو داخوازییەکانـی هەموولایـەک، بەتایبەتـی مـافو داخوازییـە ڕەواکانـی کرێـکارانو ڕەنجـدەران، دەسـتەبەر بـکات.

یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هەمیشـە لەڕوانگـەی ئـەو سـەرەتا شۆڕشـگێڕییەی کـە هەمـوو چیـن و توێژێـک خۆیـان خۆیـان، ڕزگار دەکـەن، بەڕێـز و پێزانینـەوە دەڕوانێتـە هەمـوو پێشـکەوتنێک کـە خەباتـی کرێکارانـی کوردسـتان بەدەسـتی دێنێـت. بـەڵام هـەر سـەبارەت بـەو واقیعـەش کەخـۆی حزبێکـی سۆشـیال دیموکـراتو ڕێکخـراوی ڕەنجدەرانـی بیروبـازووە، پشـتگیریو کار ئاسـانیش بـۆ ئـەو خەباتـە ڕاسـتو ڕەوایـەی کرێـکارانو

ڕەنجدەرانــی کوردســتان دەکاتو ئەمەشــی بەڕوونــی لەپەیــڕەوو پرۆگرامــی خۆیــدا جێگیرکــردووەو لەمەیدانــی کاروچالاکــی سیاسیشــدا ســەلماندوویەتی.

کرێــکارانو ڕەنجدەرانــی کــوردەواری بەپشــتگیری یەکێتییەکــەی ڕەنجدەرانــی بیروبــازووو بەیەکخســتەوەی ریزەکانــی خۆیــان لەسەرتاســەری کوردســتانی رزگاردا دەتوانــن دلێرانەتــرو هوشــیارانەتر بێنــە کــۆڕی تێکۆشــانی هەمەلایەنــەوەو لــەم ڕێگایەشــدا پێشــمەرگەکانی ڕێبــازی خەباتــی چینایەتــیو نەتەوایەتــی، پێشــمەرگەکانی ئاوەدانکردنــەوەی ولآتو ڕەنجدەرانــی هوشــیاری کــوردەواری، شایســتەی هەمــوو پشــتگیریو پاڵپشــتییەکن.

پیرۆزبێت بیرەوەریی (١)ی ئایار، جەژنی جیهانی کرێکاران لەکوردستانو لەجیهاندا.

پێشــکەوێ خەباتــی کرێــکاران و ڕەنجدەرانــی کــورد لەپێنــاوی مــاف و داخوازییــە ڕەواکانیانــدا.

٢٠٠٠/٥/١

# سەربەخۆیی لە بڕیاردان و...
# لێکگەیشتنی بنیاتنەرانە

لەڕێڕەوی کارو کۆششی سیاسییدا هەموو پێڕەوو هەڵسوکەوتێک ئاکامو دەرکەوتی تایبەت بەخۆی لێدەکەوێتەوە. هەندێک لەو دەرکەوتانە لەوانەیە تەواو ئەوە نەبێت کەدەخوازرێ، یان لەوانەشە وا لەنێو رەوشە سیاسییەکەو رێڕەوەکەیدا تێکەڵ بێت کەجیاکردنەوەیان زەحمەت بێت بەوجۆرەی بگوترێ ئەمە ئاکامی بەدەستهاتووی فلانە پێڕەوو هەڵسوکەوتێکی سیاسییە، بەلاّم لەهەموو حاڵێکدا هیچ هێزێکی سیاسیی ناتوانێت بێ پرەنسیپی کار، بێ پێڕەوو هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو تاسەر بڕ بکاو بتوانێت متمانەی دەرودراوسێ بەدەست بێنێت، راستە پەراوێزی مانۆڕو دەست ئاوالأبوون لەجوولەی سیاسیدا دەسکەوتی مسۆگەرتریان هەیە. بەلاّم لەوکاتەی کەهێزو گروپە سیاسییەکان لەئەنجامی ئەزموونی خۆیانو بەپێی هەلومەرجەکە ستراتیژێک بۆ کار پەیڕەو بکەن، ئەوا چانسی سەرکەوتن، لەبەر روونیو ئاشکرایی، نزیکترو لەبارترەو دەوروبەریش سەرەنجام رێز لەو پەیڕەوو هەڵسوکەوتە دەگرن.

لەسیاسەتی یەکتێیدا پرەنسیپی سەربەخۆیی لەبڕیاردانو پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی بنیاتنەرانە لەئاستی ناوخۆو دەرەوەدا. روویەکی هەرە گەشی خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی ئەو حزبەن. ئەوەی وادەکات پرەنسیپی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، کۆمەڵێک پرەنسیپی دیکەن کەیارمەتیدەرن لەو بوارەدا. بۆنموونە ئامانجەکانی یەکێتی بۆ دوارۆژی گەلی کوردستان، چۆنیەتی ئیدارەدانی ئەو ئەزموونە دیموکراسییەی بۆ کورد هەڵکەوتووە بەرەو سەرخستنی ئەو ئامانجانە؟ هەروەک ئەو مەسەلەش یارمەتیدەرە کەیەکێتی بەچ شێوازێکی بنیاتنەرانە

بڕیـاری سـەربەخۆیانەی خـۆی دروسـت دەکاتو پەیـڕەوی لێـدەکات؟

بەڵـێ راسـتە گەلێـک جـار سـەربەخۆیی لەبڕیاردانـی سیاسـیی بۆتـە مایـەی راوەسـتان یـان پەککەوتنـی ئاڵوگـۆڕو پەیوەندیـی سیاسـیی یەکێتـی لەگـەڵ دەوروبـەرو ئـەم دەوڵـەت یـان ئـەو دەوڵەتـدا سـەبارەت بـەوەی لەهەرێمێکـی وا ئاڵـۆزو بەرژەوەنـد ناکۆکـدا کەمجـار سـەربەخۆیی بڕیـاردان پێشـوازی لێدەکـرێ، بـەڵام لەبەرئـەوەی پرەنسـیپی بڕیـاردان لای یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـەو هەمـوو فاکتـەرە یارمەتیدەرانـە دەورە دراوەو ئـەو فاکتەرانـەش بوونەتـە قەڵغانـی پارێـزگاری بـۆی، ئـەوا دەبینیـن سـەرەنجام ئـاکامو دەرکەوتەکانـی وەهـا بڕیاردانێکـی سـەربەخۆ، درەنـگ یـان زوو بەقازانجـی کـوردو یەکێتییەکـەی تـەواو دەبێـت.

چونکـە سـەربەخۆیی لەبڕیـاری سیاسـیی روونیو ئاشـکرایی، شـەفافییەتو کرانەوەیەکی بنیاتنەرانـە بەرهـەم دێنێـت کەسـەرەنجام لایەنەکانیتـر، وڵاتانـی دەوروبـەر ناتوانـن رێـزی لێنەنێـنو بـۆ یەکێتـی نەسـەلمێنن. یـان روونتـر تەفەهومـی نەکـەن.

لەسـەر بنچینـەی ئـەم سیاسـەتەش بینیمـان کـەدوای گـرژیو پەککەوتنـی دۆسـتایەتی یەکێتی-ئەنقـەرە پەرەسـەندنی پەیوەندییـەکان رووی لەکرانـەوەو لێکگەیشـتنێکی بنیاتنەرانـە نـاو ئـەو هەلومەرجـە ئیجابییـەی لێکەوتـەوە کەهەڤـاڵ مـام جـەلال وا وەسـفی دواسـەردانی ئەنقـەرە بـکات: (لەهەمـوو ئەوانیتـر باشـتربوو).

چاودێـر دەتوانـێ رەنگدانـەوەی سیاسـەتی سـەربەخۆیی بڕیـاردان لای یەکێتـی لـەدوو پرسـی ناوخۆیـیو دەرەکـی هەسـتیاری وەکـو تورکمان و PKK دا تێبینی بـکات. لەکاتێکدا پرسـی PKKو هەڵوێسـت لێوەرگرتنـی لای هێـزی دیکـە وابەسـتەی داخـوازیو ئارەزوویەکی دەرەکییـە، هـەروەک لەکاتێکـدا فراوانبوونـی مـەودای پرسـی هێـزە تورکمانییـەکانو ئینجـا بەرتەسـککردنەوەی هێـزو نفوزیـان دیسـانەوە وابەسـتەی هاوکێشـەی دەرەکـی پایتەختـی جیاجیایـە، تەماشـا دەکەیـت لای یەکێتـی، هەڵوێسـت لـەو مەسـەلانە وابەسـتەی قەناعەتی خۆیـی، روانینـی تایبـەتو سـەربەخۆیی بڕیـاری سیاسـییە. لێرەشـەوەیە کەلێـدوانو دەربڕینـەکان لەپەراوێـزی سـەردانی ئەنقـەرەدا بـۆ هـەردوو پـرس بـەم شـێوەیە بـوو:

-سیاسـەتی ئێمـە لەسـەر چەنـد بنەمایەکـی جێگیـرەو لەبەرخاتـری تورکیـا، یـان هیـچ لایەنێکیتـر نییـە، بـەڕای ئێمـە تورکمانـەکان دووەم نەتـەوەی هەرێمـی کوردسـتانی عیراقو سـێیەمین نەتــەوەش لەعیراقـدا پێکدێنـن، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو مافێکـی مەدەنـیو دیموکراسـیو کلتورییـان هەبـێ، دیـدار لەگـەڵ CNN-ی تورکـی.

-پەیوەندییمـان لەگـەڵ PKK نەمـاوە. ئـەوەش نـەک هەمـووی لەبەرخاتـری تورکیـا،

بەڵکو هەندێکی لەبەرخاتری خۆمان... دیدار لەگەڵ سەحەر TV.

چونکە سیاسەتەکان لەبەرخاتری خۆمانن، لەبەرخاتری کوردو لەپێناو سەربەخۆیی بڕیاری سیاسین. هەردەبێ لەئاکامدا لێگەیشتنی بنیاتنەرانەی بەنسیب بێتو وا بکات کەدۆستو دراوسێش ڕێزمان لێبنێن.

٢٠٠٠/٨/٨

# بانگەواز بۆ پاریزگاریی دارودرەختی کوردستان

بۆ پێشەوە بەرەو
(هاوپەیمانێتی لەپێناو ئاوەدانی و سەوزەڵانییدا)

بەهاری ساڵی پار (١٩٩٩)، پرۆسەی گەشەپێدانی هەموولایەنەکانی ژیانی سیاسیی و رووناکبیریی و کۆمەڵایەتی لەکوردەوارییدا دەستیپێکردو لەوساوە تائەمڕۆ پرۆسەکە هەروا بەردەوامە.

رۆژی (٢٠٠٠/١١/٧)یش، واتا لەناوجەرگەی پاییزدا، هەڤاڵ مام جەلال، لەبانگەوازێکدا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەستپێکردنی بەهاری گەشەپێدانی سروشتی کوردستانی راگەیاند. بەمجۆرە گەشەپێدانی کوردەواری لەگەڵ گەشەپێدانی سروشتی کوردستاندا ئاوێزان دەبن.

بانگەواز بۆ پاراستنی دارودرەختی کوردستان، بۆ پەرەپێدانی سەوزەڵانیو رواندنی زۆرترین ژمارە لەنەمام، لەپێشدا بەمانای رێزگرتن لەسروشتو حورمەتدانان بۆ ئاوەدانی و بوژاندنەوە دێت. بەمانای پێشکەوتنی هزرو هوشیاریی ژینگەپارێزیی و پێشکەوتنی هەستو سۆزی جوانپەرستی دێت. ئەمە بۆ هەموو شوێنێکو بۆ هەموو ولاتێک کەدەیەوێ لەکاروانی شارستانیی و پێشکەوتن دوانەکەوێ، وایە. بەڵام لەهەلومەرجی کوردستاندا بانگەوازی وا پتر لەماناو ناونیشانێکی نیشتمانیی و سیاسیی هەیە. چونکە سروشتی کوردستان وەک خەڵکەکەی تووشی سیاسەتەکانی سوتماککردنی خاکو ئەنفالکردنی دارودرەختو دارستانەکان، تووشی کوێرکردنەوەی

سەرچاوەکانی کانیاوو کاریزەکان، تووشی جینۆسایدکردنی ئاوەدانی و ژینگەی تەندروستو سڕینەوەی ئاسەواری هەموو دەرکەوتەکانی ژیان هاتووە. ئەمەش بەشێک بوو لەهەوڵی بنەبڕکردنی بوونی نەتەوەیی کورد لەڕێی بێبەهرەو بێکەڵککردنی توانای ژیانو مانەوە لەنیشتمانەکەیدا. بۆیە کەئەمڕۆ کورد لەکوردستانی رزگاردا دەیەوێ وڵاتەکەی ئاوەدانبکاتەوەو بیبوژێنێتەوە، وەختێک دەیەوێ پەرە بەژیانو گوزەرانی خۆی بداو رووبەڕووی ئەو دەرکەوتانە ببێتەوە کەتەفروتوناکردنی سروشتی کوردستانو تێکوپێکدانی ئاوەدانی لەوڵاتەکەماندا خوڵقاندوویەتی، واپێویست دەکات هەڵمەتێکی گەورەی پاراستنی ئەوەی ماوە لەداروردەختەکان، لەهێشتنەوەی ئەوەی ماوە لەسەوزەڵانی، بکەوێتەگەڕو لەم پێناوەشدا هەموو وزەو توانایەکی هەموو کەرتو توێژەکانی کوردەواری بۆ تەرخان بکرێت.

هەڵمەتی بانگەوازەکەی مام جەلال، لەیەک کاتدا ئەرکێکی نیشتمانیی، ئەرکێکی حزبی، بزاوتێکی سیاسیی و ئەرکێکی پیشەیی توێژو گروپەکانی کوردەواریشە.

-ئەرکێکی نیشتمانییە کەدەبێ هەموو کۆمەڵانی خەڵک لەشارو لادێکاندا بەشداریی تێدابکەنو داروردەختەکانی هەن بیانپارێزنو لەجیی هەردرەختێک کەسیاسەتی ئەنفالکردنی سروشتی کوردستان فەوتاندوویەتی یان بۆتە قوربانیی سەرماوسۆڵەی زستانەکانی دوای راپەڕین، درەختێکیتر، نەمامێکیتر بڕوێننو لەگەڵ هاتنە دونیای هەر ئینسانێکیشدا درەختێکی بەناوەوە بچێندرێ، کەبەشداری ئەو ئینسانە دەربڕێ لەبوژاندنەوەو دەوڵەمەندکردنی سروشتدا.

-ئەرکێکی حزبی هەموو هەڤاڵانی یەکێتییە کەسەوزەڵانی و داروردەخت وەک هێمایەکی ئاوەدانی، وەک نیشانەیەکی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی وێرانکاریو ئەنفالکردنی سروشتی نیشتمانەکەمان بپارێزنو پاسەوانی لێبکەن. چونکە پاراستنی ئاوەدانی و گەشەپێدانی ئاوەدانی لەکوردستاندا بەشێکی پەیڕەوو پرۆگرام، بەشێکی بنچینەیی سیاسەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبواری پێشخستنی کۆمەڵی کوردەوارییدا پێکدێنن.

-بزاوتێکی سیاسییە کەدەبێ هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆی بچنە هاوپەیمانێتییەکی سیاسییەوە کەدەکرێ ناوی (هاوپەیمانێتی لەپێناوی ئاوەدانی و سەوزەڵانیدا)ی لێبنێین.

-ئەرکێکی پیشەیی سەرجەم رێکخراوە دیموکراتییەکانە، لەوانە کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز، جووتیاران، کرێکاران، لاوان، خوێندکاران و... هتد، کەچەند

ڕۆژێکـی دیاریکـراو بـۆ ئـەو هەڵمەتـە تەرخانبکـەن بـۆ ئـەوەی لەڕێـی هوشـیارکردنەوەو بەشـداریی راسـتەوخۆ هەم زووتر هەڵمەتەکە بێتە دەسـتو هەمیش سـیمای بەشـدارییەکی میللـی پێببەخشـن.

پێویسـتە هەمـوو هێـزە سیاسـییەکان، هەمـوو گـروپ رێکخـراوە جیاجیاکانی کـوردەواری بەجیـاوازی ئاراسـتەی سیاسـیی و فیکرییـان، بەجیـاوازی مەیدانـی تێکۆشـانو کاریـان، پێویسـتە هەمـوو کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان لـەو هاوپەیمانێتییە جوانـە (هاوپەیمانێتی لەپێنـاوی ئاوەدانـی و سـەوزەڵانی)دا بەشـداربن.

تـا دواجـار هەمووڵایـەک لەسـایەی درەختـی کوردسـتانی ئاوەدانکـراودا پشـووی ماندووبوونێکـی دوورودرێـژی خەبـات بـۆ رزگاریـی کوردسـتانو بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی بدەیـن.

بۆ پێشەوە بەرەو پاراستنو پەرەپێدانی سامانی دارودرەخت لەکوردستاندا.

٢٠٠٠/١١/٩

# ئەنجومەنی شارەوانی و هاوبەشیی بازرگان و کاسبکاران لە بووژاندنەوەی سلێمانیدا

کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانی لەگەڵ بەشێک لەبازرگانو کاسبکارانی دەستڕۆیشتووی سلێمانیدا، هەروا داخوازی بەشداریکردنیان لەئاوەدانکردنەوەی زیاترو جوانترکردنی شاری سلێمانی چ لەڕووی کۆمەکی مادیو چ لەڕووی پێشکەشکردنی پێشنیازو بەشداریکردن لەپرۆژە جۆراوجۆرەکان، دەکەم بەبیانوویەک تا سەرنجێک لەسەر پەیوەندیی نێوان دامودەزگا ڕەسمییەکانو بازرگانو کاسبکارانی خواپێداوی شاردا، بدەم.

لەڕووی دیرۆکی مێژووییەوە دەوڵەمەندو بازرگانانی سلێمانی لەزۆر قۆناغی جیاوازی تەمەنی سلێمانیدا هاوکارو کۆمەککاری ئاوەدانکردنەوەو پێشخستنو پەرەپێدانی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی کوردەواری بوون لەشارەکەو بگرە هەندێکجاریش خۆڕسکانە بێت یان بەپێی هەڵمەتێکی میللی، قەرەبووی فەرامۆشکردنەکانی دەسەڵاتی ناوەندییان کردۆتەوە، کە بەمەبەستو لەچوارچێوەی سیاسەتی خەفەکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەکوردستان بەگشتیو لەم شارەدا بەتایبەتی هەوڵیدەدا پەڕوباڵی (سلێمانی) بکاتو دەرفەتەکانی بووژاندنەوەو گەشەپێدانی لێ تەسک بکاتەوە.

لەبەر ئەو پێشینە مێژووییە بەشداریکردنی دەوڵەمەندو بازرگانانی شار لەپرسی هەڵمەتەکانی ئەمڕۆ بۆ جوانترکردنو بووژاندنەوەی زیاترو ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوەدانیو درێژەپێدانی کەلتورێکی دێرینی خۆشەویستی شارو ئارەزووی خزمەتکردنی کۆمەلانی خەڵکە. هەروەک لەهەمانکاتدا بەپیرەوەهاتنی بانگەوازەکەی هەڤاڵ مام جەلال و بەرنامەی حکومەتی هەرێمە کەدەخوازێ بابەتی پێشخستنی شاری سلێمانی

و قەرەبووکردنـەوەی فەرامۆشـکارییەکانی رابـردوو بخاتـە چوارچێـوەی هەڵمەتێکی رەسـمی و میللیشـەوە.

بۆیـە کۆبوونەوەکـەی پێنجشـەممەی رابـردوو وێسـتگەیەکی سـەرەتایی پێکەوەگرێدانـی بانگەوازەکـەی مـام جـەلال-و بەرنامـەی حکومـەت لەلایـەکو بووژاندنـەوەی کەلتـوری دێرینـی شـارە لەدەستپێشـخەری خۆبەخـۆی چیـنو توێژەکانـی کۆمـەڵ.. (بەتایبـەت دەستڕۆیشـتووان) بـۆ خزمەتکـردنو کۆمەککـردن لـەواری پـرۆژە گشـتییەکاندا. ئەنجومەنـی شـارەوانیی، وەک دامـەزراوی هەڵبژێـردراوو دەزگای راسـتەوخۆ بەرپـرس لەپێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییەکانیـش، دەتوانـێ ئەڵقـەی پێکەوەگرێدانـی پێویسـت بێـتو لەو وێسـتگەیەدا دەستپێشـخەری لەپتەوکردنـی پەیوەندییەکانـی نێـوان خـۆیو بازرگانانـی شـاردا بـکاتو تەرجەمـەی عەمەلـی سیاسـەتی بەشـداریکردنو هاوبەشـیکردنی کۆمەڵانـی خەڵـک لەبەڕێوەبردنـی کاروبـاری خۆیانـدا رەنگپێبداتـەوە.

لـەم بوارەشـدا دیتنـەوەی رێوشـوێنی پێویسـتو فراوانکردنی رایەڵەکانـی پەیوەندییکردن لەکۆبوونـەوەی فراوانـەوە بـۆ پێسـپاردنی پـرۆژەو تـا تەشـویقکردنی شـێوازی جیاجیـای کۆمەککـردن، ئەرکێکـی شـارەوانیو کۆمەڵانـی خەڵکیشـە.

پێشـنیاز دەکـەم لەمـەودوا جگـە لەکۆبوونـەوە رەسـمییەکان، ئەنجومەنـی شـارەوانی هەوڵبـدات ئـەو پۆلـە لەبازرگانـانو دەوڵەمەنـدە دڵسـۆزانەی شـار لەهەمـوو بۆنـە کۆمەڵایەتییـەکانو بۆنـە نارەسـمییەکاندا بانگبکرێـنو لەهامشـۆکردندا بـن، یـان دەکـرێ وەکـو هەمـوو شـارە راقییەکانـی دنیـا بۆنـەی کۆمەڵایەتـی وا سـازبکرێ کەئـەوان وەکـو شـەریک و هاوبەشـی کار و خزمەتگوزارییـەکان تێیـدا دەربکـەونو سـاڵۆنەکانی دیـداری وجەهـای شـارو دەستڕۆیشـتوانی پێکبهێنـرێ.

٢٠٠٠/١١/٢٦

# له سەردانی وەفدێکی رووناکبیران
# بۆ هەڵەبجەی ئازادی

## پێشمەرگەکانی شنرویّ گوڵی مەدەنیەتی هەڵەبجە دەپارێزن

هەلێکی خۆشبوو کە لەسەردانی ژمارەیەک رووناکبیردا بۆ هەڵەبجە و دەوروبەری بگەڕێمەوە سەرپیشەحەیاتەکەی رۆژنامەنووسیی. شتێک بنووسم لەنێوان گەشتی رۆژنامەوانیی و سەرنجی سیاسیی لەدەرکەوتەکانی گەڕانەوەی هەڵەبجە بۆباوەشی پڕمیهری نیشتمان. سەرەنجام ئەم رێپۆرتاژەی لیّ هاتە بەرهەم. دڵنیام هەریەک لەوئازیزانەی لەسەردانەکەدا بوون سەرنجی خۆیانیان هەبووەو چێژی خۆشیان لەدیمەنی ئاسایی بوونەوەی هەڵەبجە وەرگرتووە.

## هەڵەبجە، جێی ژوانی ئازادی

پێش ئێمە بەسەعاتێک زیاترو هەروا لەماوەی رۆژانی رابردووشدا دەستە دەستە لەهەموو چین و توێژێکی خەڵکی کوردستان هاتبوونە هەڵەبجە بۆئەوەی پشتیوانی لەهێزی پێشمەرگەی پارێزەری حکومەتی هەرێم و کوردستانی ئازاد بکەن. زیاتر لەوەش هاتبوون بۆئەوەی موبارەک بایی لەهاوولاتیانی بەشەرەفی هەڵەبجە بکەن کەسێبەری رەشی ئیرهاب و دێوەزمەی جند الاسلامیان لیّ دوور خرایەوە.

لەڕێگاوە بەرەو دەروازەی هەڵەبجە هەستت دەکرد لەسنووری شارەوانی سلێمانی تاسنووری شارەوانی هەڵەبجەو ئینجا بۆ دەروازەکەی و بۆناو بازێڕەکە، یەک فەزای ئازادی و یەک هەرێمی حوکمڕان کۆمان دەکاتەوە. ئەمەش حاڵەتە سروشتییەکەیە کەجاران لیی مەحروم کرابووین. لە روخساری هەموو کەسێکدا ئەم دڵخۆشییە

نیشتمانییەت دەبینی، بەرِوخساری پێشمەرگە و فەرماندەکانی پێشمەرگەشەوە کەئەوانیش کوڕی ئەم خەڵکەن و ئەم شەڕەیان لەدژی تیرۆری جند الاسلام هەر بۆ خاترجەمی ئەوانە، بۆزیاتر ئاشتی و ئاوەدانییە کەئومێدی ئەمڕۆمانە دوای بڕانەوەی گێچەڵی تیرۆریستان.

مەفرەزەی رووناکبیرانو رۆژنامەنووسان لای بارەگای فەرماندەیی گشتی لایاندا. مامۆستا شێرکۆ بێکەس بەناوی رووناکبیرانەوە گوڵی ئومێدی ئاشتی و ئاوەدانی، چەپکەگوڵی فراوانبوونی فەزای ئازادی و دیموکراتی تاسەر لووتکەی شنرویێ ی پێشکەش بەهەڤاڵ مستەفا سەید قادر و هاوەڵانی کرد. بەشێک لەفەرماندەکان لەپشوویەکی جەنگاوەرانەدا وردەکاری تاوانەکەی خێڵی حەمەو داستانەکانی هێزی پێشمەرگەیان دەگێڕایەوە. بارەگا هی فەرماندەیی گشتی بوو، بەڵام هۆڵی دانیشتن جمەی دەهات لەمیوانانی پێشمەرگەو مەدەنی و هەڤاڵانی مەڵبەندەکان. لەناویاندا هەندێک فەرمانبەر و بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکم بینی کەجلی پێشمەرگایەتی و تفاقی مقاوەمەتیان بەستبوو. هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیرمان بانگ کردە تەنیشت کاک جەوهەر کرمانج (یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆکاروباری رووناکبیریی). کامێرام هەڵگرت تا وێنەیان بگرم، لەولاوە مەلا یاسین هاتە ناو گرتەوەو بەکاک شێخ جەعفەری وت: کاکە ئەوە ئیعلامی ئازاد (مەبەستی مامۆستا شیرکۆو کاک رەئوف بێگەرد بوو)، ئیعلامی حزب (مەبەستی مامۆستا مەحمود مەلاعززەتو مامۆستا حەمەنوری) بوو، ئیعلامی لیبرال (مەبەستی کاکەکان شوان داودی، حەسەن یاسین، فەیسەڵ عەلی، حەمید ئەبوبەکر بوو لەگەڵ مامۆستا غەفورەکەی لەمەڕ خۆمان بوو) و ئیعلامی حکومەت (گوایە مەبەستی بەندە بوو) هاتوون بۆلای هێزی پێشمەرگە تاپیرۆزبایی سەرکەوتنەکانتان لێ بکەن. هەڵبەت باسی ئیعلامی پێشمەرگەی نەکرد (مەبەستم خۆیەتی) بەو ئیعتبارەی ئیعلامی پێشمەرگە هەرخۆی لەوێیە یان لەهاتووچۆدایە.

### دەمێ لەشاخ، گاە لەشار!

مامۆستا شێرکۆ بێکەس کەسەرنجی لەم هەموو ئامادەباشییە پیشمەرگانەیەدا تێبینی ئەوەی دا کەدیسانەوە قەدەری شاخ و شەڕی پێشمەرگانە قەدەری ئێمەیە. مەبەستی ئەوەبوو کەچەندی قسەلەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین و هەوڵی بۆدەدەین، بەڵام کەگێچەڵێکی دوژمنانمان تووش دەبێ‌هەردەبێ بگەڕێینەوە بۆبەرگی مقاوەمەت

و پێشـمەرگایەتی. هەڵبـەت ئەمـەش بۆئـەوەی جندۆکەکانـی ئوسـامە ئـەو ئـارەزووەی ژیانـی مەدەنـی و فەرهەنگـی پیشـکەوتوومان تێدا نەکوژن. مەدەنیـەت، کـە گـۆران وتەنی (گوڵـی بەهـاری تەبیعـەت)ە، هەردەبـێ بەچقلـی چـاوی دوژمنـان، بـە پێشـمەرگەکانی سـەر شـنروێ و چیاسەرکەشـەکانی تـری کوردسـتان بپارێـزرێ و لـەژاکان بەدووربـێ. هەڤـاڵان پێشـنیازیان کـرد کەجگـە لەسـەردانی ناوشـاری هەڵەبجـەو سـەردانی مەڵبەنـد، سـەرێکی لووتکـەی سەرکەشـی شـنروێ، پارێـزەری ((گوڵـی بەهـاری تەبیعەت))یـش بدەیـن. مەفـرەزەی رووناکبیـران وتیـان هـەروا دەشـچینە (خێڵـی حەمـە).

لەماڵئاواییـدا هەڤـاڵان مسـتەفا سـەید قـادر، شـێخ جەعفـەر، شـەوکەتی حاجی موشـیرو د.محەمـەد خۆشـناو وتیـان ئەگـەر دێنـەوە، نیـوەڕۆ بەکفتـە لەخزمەتتانـدا دەبیـن. راسـتییەکەی کفتـە لەشـەڕو ئاشتیشـدا خۆشـە، بـەڵام رێبـەری سیاسـیی مەفرەزەکەمـان، مەلایاسـین، لەگەڕانـەوەدا کەمینـی فاسـۆلیاو برنجـی چێشـتخانەی ئیمامـی بـۆ نابووینـەوە. کفتەکـەش باعافێتـی ئـەو هەڤاڵانـە بێـت کـە (جنـد الاسـلام)یان کـرد بەودیـوی شـنروێدا. لەنـاو سـەیارە دەسـتم نـا بەدوگمـەی موسـەجلەکەو مەزهـەری خالقـی دەیگـوت (ئەمـن کـوردم راهاتـووم دەمـێ لەشـاخ گاە لەشـاربم) باشـتر گوێـم لـێ گـرت بۆئـەوەی دڵنیابـم. هـەروای وتـەوە. دەتگـوت گوێـی لەگفتوگۆکانـی ئێمـە بـووە کەقسـەمان لەسـەر قـەدەری کـوردو شـاخ دەکـرد.

## کوردستانی فیدراڵ و ئەمارەتی بیارە!

مامۆسـتا شـاهۆ لەسـەردانەکەی مەڵبەنـدی شـارەزووردا هەندێـک لەرەفتـارە دزێوەکانـی جندۆکـەی تاریکـی بـۆ گێڕاینـەوە. دەیگـوت چوونەتەسـەر گونـدی هـاوار و بەکاکەییـەکان، کوردانـی رەسـەنیان گوتـووە کەدەبـێ یـان ببنـە موسـڵمان، یـان جزیـە بـدەن، یانیـش چۆڵـی بکـەن! بەخەڵکـی بیارەیـان گوتـووە ئێـوە ئیتـر لەژێـر سایەی ئەمارەتـی بیـارەدا ژیـان دەگوزەرێنـن. جارێکـی تـر یەکێتـی و حکومەتەکـەی نایەنـەوە ناوچەکـە!

ئـەز وایدەبینـم کەهەمیشـە بەکرێگیـراو پلەیـەک لەخـوار ئاغاکەیەتـی باتەنانـەت ئاغاکـەی دواکەوتـوو و تیرۆریسـتیش بێـت. تاڵیبـان، بـەو هەمـوو دواکەوتوویـی خۆیـەوە کەپەیکـەری بـوزای تێکشـکاند و کەلتـوری ئینسـانی شـێواند، هەتـا ٨٠٪ی ئەفغانسـتانی کۆنتـرۆڵ نەکـرد ئەمارەتـە بـێ سـەروبەرەکەی خـۆی رانەگەیانـد. کەچـی تاڵیبانـی ((جنـد الاسـلام)) هـەر لەبیـارە، ئەمارەتەکـەی خـۆی جـاڕداو هەڕەشـەی لەهاوارییـەکان کـرد کـە دەبـێ چۆڵـی بکـەن. دونیایەکـی سـەیرە گوڵـم! ئەبـو نەصیـر و ئەبـو قەتـادەو عـەرەب

ئەفغانـەکان بەکـورد دەڵێـن دەبـێ چۆڵـی بکـەن!

هەڤاڵانـی مەڵبەنـد هـەروا باسـیان لەدزێوییـەکان دەکـردو دەیانگـوت لەنـاو هەڵەبجـەدا چەنـد پۆسـتەرێکی تیرۆریسـتی نێودەوڵەتـی ئوسـامە بـن لادنیـان هەڵواسـیبوو کەئـەوی لەشـێوەی میحرابێـک نیشـان دەدا گوایـە بۆتـە قیبلەنومـای (جنـد الاسـلام) و تیرۆریسـتەکانی هاوشـێوەیان.

لەسـەر رەوشـی ئاسـاییبوونەوەی هەڵەبجـەش پرسـیارمان کـرد. مامۆسـتا شـاهۆ گوتـی ئێمـە لەسـەرەتاوە لەگـەڵ هێـزی پێشـمەرگە دەسـتمان بەئاسـاییکردنەوەی بارودۆخەکـە کـرد. زیاتـر لـەوەش هەمـوو هێـزە سیاسـییەکانمان دڵنیاکـردەوە کەتەعقیبـی مـاڵان ناکـرێ هەتاتەنانـەت لـەو شـوێنانەی گومانـی جنـد الاسـلام-یان لـێ دەکـرێ. حاکمیـەت بـۆ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانە، چەنـد رۆژێکـە باشـتر دەرفەتـی پەرەپێدانـی خزمەتگوزارییەکانیـش رەخسـاوە.

کەهەسـتاین هەڤاڵێکـی خەڵکـی ئاوایـی خێڵـی حەمەیـان کـردە رێنوێنـی ئێمـە بـۆ سـەردانی شـانۆی تاوانەکـەی جنـد الاسـلام. لەئاوایـی حەمـە بـەکاک جەوهـەرم وت: ئەمـە خێڵـی حەمەیـە کـە خێڵـی گـورگ سـەریان بـڕی.

چووین لـەوێ ((هەڵەبجەیـەک))ی نوێمـان دیـت کەبەتەنیشـت ((هەڵەبجـە))ی ئـازاری دێرینـەوە شـایەدی خوێنڕێـژی تیرۆریسـتان بـوو. ئـەوە پەڵـەخوێنـی گەشـی شـەهیدان بەدیوارەکـەوە، ئـەوە جـێ دەسـتی تـاوان بەسـەردەرگای خوێندنگـەی ئاواییەکـەوە. خێڵـی حەمـەش بەحوزنـەوە برینەکانیـان نیشـانی روناکبیـران دەدا. ماتـەم روخسـاری خەڵکـی داگرتبـوو. رێنوێنەکەمـان پەیتـا پەیتـا سـەربڕین و کوشـتارەکەی بـۆ دەگێڕاینـەوە. عەقڵـی ژەنـگاوی بەشمشـێری ژەنـگاوی نەبـێ دڵـی تاوانیـان ئاوناخواتـەوە! بۆیـە دوای کوشـتنیش شمشـێری ژەنگاویـان لـەدژی شـەهیدەکان خسـتبووەکار.

## پشووی جەنگاوەرانە!

پێـش ئـەوەی بەسەرشـاخی سەرکەشـی شـنرۆیدا سـەربکەوین، پشـوویەکی جەنگاوەرانەمـان لەچێشـتخانەی ئیمـام دا. دونیـا ئەمیـن و ئومـان بـوو نـەک ئەفغانسـتان. بۆیـە خاوەنـی چێشـتخانە لەوەنەدەترسـا سـەتەلایتی کردبـۆوە. لەوەنەدەترسـا بـەدەم هێنانـی عـەوازەی برنـج و فاسـۆلیاوە قسـەی خۆشـمان بۆبـکات. چونکـە ئـەو نیوەڕۆیـە هەڵەبجـە لەتاڵیبـان و جنـد الاسـلام بەدووربـوو. کەوتینـە سەرباسـی ئـەوەی ئایـا پێشـتر هاتووینەتـە هەڵەبجـە یـان نـا؟ مامۆسـتا مەحمـود مێـژووی ئـەوەی گێڕایـەوە کەجـاران

منـدالان لەجەژنـدا دەهاتنـە هەڵەبجـە. لەسلێمانييەوە بـۆ هەڵەبجـە سـواری سـەيارەيەك دەبـوون و كاتێكـی خۆشـيان بەسـەيران رادەبـوارد. ئـەوەی پـارەی پـێ بوايـە نانـی دەخـوارد و ئەوەشـی خـوردەی نەبوايـە دەرگای مـاڵان بەزەردەخەنـەوە پێشـوازييان لـێ دەكـرد.

كەمينەكـەی مـەلا ياسـين سـەری گـرت و هەمووممـان ئـەو خواردنەمـان خـوارد كەخوێندكارانـی زانكـۆ نـاوی زەی موەحـەدی لـێ دەنێـن. مامۆسـتا رەئـوف بێگـەرد قسـەيەكی خۆشـی جارانـی هەڵەبجـەو چێشـتخانەی ئيمامـی گێڕايـەوە. كەبيـرەوەری سـەردەمی ئاوەدانـی بـوو.

خاڵـە محەمـەد نوری-يش جگـە لەقسـە خۆشـەكانی، لەشـەڕ پێفرۆشـتنەكانی بەنـدەش دەربـازی نەبـوو. خـوا هەڵناگـرێ مـەلا لەگەڕانەوەشـدا بـە پاقـلاوەو محەلەبـی دەمـی شـيرين كردين.

## شنروێ و شيعرو وێنەگرتن

كاروخ تەهـا لەسـەر شـنروێ دەسـتی بەوێنەگرتـن كـردەوە. وێنـەی ئـەو پێشـمەرگە قارەمانانـەی سـەريان لەبڵنـدی ئاسـمان و قاچيشـيان لەسـەر خاكـی نيشـتمان گيركردووەو وەكـو جـاران دەيانگـوت لێرە ناڕۆين. يەكێك لەپێشـمەرگەكان باسـی ئەوەی دەكرد كەچۆن جنـد الاسـلام لێـرە، لەتـاو هەڵمەتـی پيشـمەرگە فريـای ئەوەنەكەوتـن پێڵاوەكانيـان لەپـێ بكـەن، فريـای كاسـێتی ڤيديۆيـی تاوانەكـەی (خێڵـی حەمـە)ش نەكەوتـن كەلەوكاسـێتەدا چاوچنۆكانـە بـەدوای پـارەی گيرفانـی شـەهيداندا دەگـەڕان تابيـدزن. چـش لەتـاوانو چـش لەحەرامـی پـارەی دزراو!

لـەم لاوە پۆلێـك پێشـمەرگە نەبەردييەكـەی شـنروێيان بـۆ كاك جەوهـەر كرمانـجو كاك حەمەنـوری دەگێڕايـەوەو لەولاشـەوە پـۆل پـۆل دەوری كاك شـێركۆيان دەدا تاوێنـەی لەگـەڵ بگـرن. يەكێـك لەپێشـمەرگەكان گوتـی مامۆسـتا شـيعرێك لەسـەر ئـەم داسـتانە دەنووسـن؟ ئەويـش وەك هەميشـە بەنەزاكەتـەوە گوتـی: جـا شـيعر بـۆ ئێـوە نەبـێ بـۆ كێيـە؟ لەولاتـرەوە رائيـد شـينە بەڕوويەكـی گەشـەوە لای كاك رەئـوف خۆشـحاڵی خـۆی بەسـەردانی رووناكبيـران نيشـاندەدا. ئـەم پۆلـە پێشـمەرگەی فەوجـی (١) ی وەزارەتـی پێشـمەرگە جگـە لەدەسـتكەوتەكانی تـر، چەكەكـەی ((ابونصيـر))ی رەفتـار عـەرەب ئەفغانيشـيان دەسـتگيركردبوو كەهێنابـووی بينـێ بەسـنگی پێشـمەرگەی پارێـزەری كوردسـتانەوە.

## هەڵەبجە لەباوەشی ئارامی دا!

جارێکی تر گەڕاینەوە بۆنێو هەڵەبجەی ئارام. لەوێ لەحزوری شەهیداندا گوتمان ئێوە ئەو ناهەقییەتان قبوڵ نییە کەدوای عومەری خاوەرو هاوەڵانی خەڵکی تری هەڵەبجەو دەوروبەری شەهیدببنەوە. ئێوە ناتانەوێ هەڵەبجە لەرەمزی تراژیدیای کوردەوە ببێتە رەمزی تیرۆرو ئاژاوەو حوکمی ئەفغانی. ئێمەش داوا لە پێشمەرگەکان دەکەین ئەم ئاواتەتان بێننە دی. هەروا بە نەخشەسازانی پەیکەری شەهیدانی هەڵەبجە دەڵێین. ئێستا هەلە، فەرموون پرۆژەی پەیکەری (شەهید) جێبەجێبکەن!

لەماڵئاوایشدا مامۆستا شاهۆ و هەڤاڵانی مەڵبەند لەپێشوازی ئێمەو دەیان میوانی تردا بوون. بەچای شیرین و قسەی شیرینتر بەڕێیان کردین. لەڕێگای گەڕانەوە، وەک بەدرێژایی سەفەرەکە، برادەرانی هەواڵ و بەدرخان، داودی و مامۆستا غەفورو کاک حەمید و کاک فەیسەڵ و کاک حەسەن، دیار نەمان، جا پێموایە بەدوای هەواڵی لابەلادا دەگەڕان، بەهەرحاڵ ئەوانیش بەشی خۆیان هەواڵ و ریپۆرتاژیان هێنایەوە و ئەگەر لێم بکرن چەند وێنەیەکیان بەدیاری دەدەمێ!

بەسایەقی لوقمان و ستار، کە لەم گەشتەدا لەگەڵمان بوون، گەڕاینەوە سلێمانی و دڵمان لای هەڵەبجە بوو. لای ئەو هەڵەبجەیەی مامۆستا مەحمود وەک شایەدێکی شەستەکان (کە لێپرسراوی حزبیی ناوچەکە بوو) دەیگێڕێتەوە، دوای سلێمانی، کراوەترین کۆمەڵگەی ناوچەکەبوو. دڵمان لای هەڵەبجەیە تائەودەمەی بەتەواوی ئاوەدانی و ئاشتی تێدا بەرقەرار دەبێ. ئیتر هەڵەبجەو کوردستان ئاشتبوونەتەوە، کەواتا پڕۆژەکانی حکومەت زیاترلە جاران لێرە دەبن و هەقیشە (UN) و رێکخراوەکانی بەدڵنیاییەوە بێنەوە شارەکە. وڵات شامی شەریفە. با رووناکبیرانی هەڵەبجەش دەست بەبوژاندنەوەی فەرهەنگی هەڵەبجە بکەنەوە. با هونەرو شانۆو شیعرو کۆڕو کۆبوونەوە بێنەوە هۆڵی ئەحمەد موختار بەگی جاف. باهەمووومان بچین هەڵەبجە بکەینەوە مەڵبەندە دێرینەکەی خوێندن و خوێندەواری. بیکەینەوە مەڵبەندە زیندووەکەی ئاوەدانی و فەرهەنگی پێشکەوتوو.

٢٠٠١/١٠/٨

# قسەیەك هەیە بیکەم

ئـەو ریپۆرتـاژەم خوێنـدەوە کـە لـە ژمـارە (١٥١٠)ی رۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێدا لەگـەڵ زیندانیـی ئـازاد کـراو (مسـتەفا حەسـەن) ئەنجامدرابـوو. مسـتەفا دوای سنوورداشـکردنی لـە جیاتـی بەهەشـتی ئەوروپـا، درۆزەخـی زیندانـە ترسـناکەکانی پاراسـتنی بەنسـیب بـوو. جەللادەکانـی پاراسـتن وایـان ئەزیـەت دابـوو کـە دەتگـوت سیاسـەتمەدارێکی موحەنـەکو نێچیرێکـی موحتەریفیـان لـە چنگ دایـە. ئەمـە لـە کاتێدا مستەفا لـە سـاڵی (١٩٩٤)ەوە وازی لـە ئەرکـی خـۆی وەکـو پێشـمەرگەیەکی ئاسایی هێنـاوە. ئـەو هێنـدە دڵـی لـەم وڵاتـە ئێشاوە کـە بەنیـاز بـوو زیندانـە واقیعـیو مەجازییەکانـی بکاتـە قوربانـی تەراویلکـەی هەنـدەران. وەلـێ لـە بەندیخانەکانـدا تووشـی ئەشـکەنجەو سـوکایەتیکردنێکی ئـەو تۆهـات کـە لـە گێڕانەوەیـدا دڵـی ئینسـانی بەردیـش دەبێتـە ئـاو.

*حـەز ناکـەم لـە پشـت ئیدعـای ورەو خـەون بـە خۆڕاگرییـەوە ئـەوە بشـارمەوە کـە موچرکـە بـە لەشـمدا هـات کاتێـک خەیاڵـی کێبـڵ لێـدان، هەڵواسـینو هەمـوو ئـەو ئەشـکەنجانەی بـەر مسـتەفاو هاوزیندانیەکانـی کەوتـوون، دەکـەم ئـەو کاتـەی لـە زەمەنـی پێـش راپەرینـدا گوێـم لـە ئازارەکانـی رەجەبـی پاڵەوانـی (الشـرق المتوسـط) ی عەبدولرەحمانـی مونیـف دەگـرت دەمپرسـی کـێ دەتوانـێ بەرگـەی ئـەم هەمـوو سـوکایەتیەی ئینسـان بـۆ کۆمەڵەکـەی بکەوێتـە ژێـر تاقیگـەی لێـدانو ئەشـکەنجەدانەوە تاوەکـو بڕیـار لەسـەر تەحەمولـی بدەیـن؟ لـە پێنـاوی چـی دا رۆحـی ئینسـان، کەرامـەتو سـەرفرازی ئینسـانێک بکوژیـنو پێشـێل بکەیـن؟

*هەنووکـەش ستایشـی خۆڕاگریو بەرخۆدانـی ئـەو زیندانییانـە دەکـەم کـە لـە رێڕەوی

کوردایەتیو شۆڕشدا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست دا یان بەسەربەرزییەوە ئازادکران یاخود، درێژە بەو رەوتە شۆڕشگێڕییە دەدەن. بەڵام ناتوانم هاوسۆزی لەگەڵ ئەزانە نەنوێنم کە لە ساتەوەختێکی دۆزەخی دا، تەحەمولی ئازارو ئەشکەنجەی جەلادەکان ناکەنو سەرەنجام یان گڕ لە جەستەی خۆیان بەر دەدەن یان تووشی ئەوە دێن کە لە عورفی سیاسی دا پێیدەڵێن (روخان).

لە ڕاستیدا روخانی (رەجەبێک) پێش ئەوەی گوزارشت لە شکانی نەفەسیەتی ئینسانێک بکات، گەواهییەکی بەرجەستەبووە کە کۆمەڵ لە گەمەیەکی بێ هودەی تەعزیبدا ئینسانێکی سەرفرازو هەڵسوڕاوی لە دەست داوە، ئینسانێک کە ئەگەر زەبرو زەنگی هاوڕەگەزەکانی سوکایەتیان بە کەرامەتی نەکردبایە، ئەمێستا خزمەتی کۆمەڵگەو وڵاتەکەی دەکرد.

# قسەیەکی هەقە

*وابـاوە لەفەرمانـی مەسـلەکیدا کەکارەکانـی چـاک بەڕێوەبچن و هەڵسـوڕاوی کارەکەش هەقـی کار بـداو شـوێنی کارەکـەی پێـی دەسـپێردرێ پـڕ بکاتـەوە ئەمـە لایەنـی جوانـی ڕەوشـت و ئـاکاری کارە لەهـەر شـوێنێکی دونیـاو لەهـەر پلەیەکـی کارگێڕیـدا بێـت. بـەڵام کاتێـک لـەکاردا سـەرەڕای ڕەچاوکردنـی ڕەوشـت و ئـاکاری کارگێـڕی، هەڵسـوڕاوی چالاکـەکان بەویـژدان و سـۆزی دۆسـتایەتییەوە مامەڵـە بکـەن ئـەوا دەسـکەوتەکانی کارکـردن و ئاکامـی کۆششـەکانیان زۆرتـرو بەرچاوتـر دەبێـت. ئەمـەش ڕێـک لەبـواری سیاسـی و لـەکاری هەڵسـوڕاوانی سیاسـیدا ڕەنـگ دەداتـەوە.

لـەم ڕەوشـەی ئەمـڕۆی کوردسـتاندا ئـەو وڵاتانـە کـەم نیـن کەدۆسـتی کـوردن، یـان خۆیـان وەکـو دۆسـتی کـورد نیشـان دەدەن، لەنـاو ئـەو وڵاتانەشـدا نوێنـەرو دیپلۆمـات یـان هەڵسـوراوی سیاسـی هەیـە کـە ئـەو دۆسـتایەتییە نیشـاندەدات و لەچوارچێـوەی دەسـەڵات و تواناکانـی خۆیـدا، لەچوارچێـوەی ئـەو کارو فرمانـە کەپێـی سـپێردراوە هـەروەک لەچوارچێـوەی بەرژەوەنـدی وڵاتەکـەی و ئەنـدازەی گونجانـی بەرژەوەندیەکانـی کـورد لەگـەڵ ئـی وڵاتەکەیدا، هـاوکاری و پشـتیوانی کـورد دەکات و لەکـۆڕو کۆبوونـەوە نێوەدەوڵەتیەکانـدا قسـەی خێـرو کاری بەجێـی بـۆ دەکات، بـەڵام دیپلۆماتیک یـان نوێنەرو هەڵسـوڕاوێکی سیاسـی کەوێـرای ئـەرک و فرمانەکانـی خـۆی سـەرەڕای ئـەو پەیامانـەی وڵاتەکـەی بەویـان سـپاردووە لـەواری مامەڵەکـردن لەگـەڵ کـوردو هامشـۆکردنیاندا دەستپێشـخەری بێـت لەهـاوکاری و پشـتگیریکردنی کـوردا، هیمـەت بنوێنـێ لەڕاییکردنـی کارەکانمـدا ئـی وا پێـی دەگوتـرێ سیاسـەتمەدارێک کەبـەدڵ و بەگیانـی ئەرکـی سەرشـانی

خـۆی جێبەجـێ دەکات، ئـی وا شایسـتەی ئەوەیـە پێـی بگوتـرێ لەجێبەجێکردنـی ئەرکەکـەدا چاکـت کـردو هیمەتـی چۆنایەتیـت نوانـد، مسـتەر دیڤیـد وێڵـش (برادەرەکـەی مـام جـەلال) و کـورد یەکێـک لـەو سیاسـیە دۆسـتانەی بـەم دواییـە، کاری راسـت بێـت، کاری راسـتی بـۆ گەلەکەمـان چـێ کـرد، مسـتەر وێڵـش بەرپرسـی ئێسـتای ئەمریـکا بـۆ کاروبـاری رێکخـراوەکان و پێشـتر جێگـری یـاردەدەری وەزیـری خارجییـە بـۆ کاروبـاری رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، لـەو دۆسـتانەی کـوردە کەسـەرەرای ئـەوەی کۆششـی بـۆ ئاشـتی نێومالّـی کوردسـتان کـردووە ئیمـزای بەسـەر رێککەوتننامـەی واشـنتۆن هـەروەک لەئەنجامـی تێگەیشـتنێکی ورد لەگرفتەکانـی ئێمـە کـەواری سیاسـی و ئابـووری و ئـی تـر دەگرێتـەوە هـەوڵ و کۆششـی بەجـێ دەکات تـا یارمەتـی و پشـتگرییەکانی خـۆی و وڵاتەکـەی بـۆ کـورد کاریگـەرو جێـی خـۆی بگـرێ، ئـەو هەوڵـەی بەنـاوی وڵاتەکەیـەوە بـەم دواییـە لەتەسـبیتکردنی ١٣٪ کـەی بەشـی کـورد لەبەرنامـەی نـەوت بەخۆراکدا دای، دەچێتـە چوارچێـوەی کۆششـێکی جێـی رێـزو ماندووبوونێکـی شایسـتەوە.

مسـتەر وێڵـش دۆسـتانەی وڵاتەکـەی و ئەرکـی دیپلۆماتیانـەی خـۆی بەجێگەیانـد، لـێ پێزانینـی کـورد بـۆ کارەکـە تەنهـا بـۆ پرۆتۆکۆلـی سوپاسـگوزاری نییـە، بەڵکـو بـۆ ئەوەیـە کـەکاری چاک و هیمەتـی مەردانـە هـان بـدرێ و بگوتـرێ کـورد هەمـوو پشـتیگری و کۆمەکێکـی لامەبەسـتە، بەهەمووشـیانەوە دەڵـێ سـڵاو لەکۆشـش و پشـتگیرییەکان و چاوەڕێـی ئـی دیکەشـن.

# خوێندکارانی کوردستان لەمێژە(جەواب)ی (الاتحاد الوطنی لطلبە العراق) یان داوەتەوە!

ئایا عەقڵیەتی حوکمڕانی لەعیراق پەندی لەئەزموونەکانی رابردووی وەرنەگرتووە، یان بەغدا پێیوایە کورد هێندە لاوازو بزووتنەوەکەی هێندە پاشەکشەی کردووە تائەو ئەندازەی لەبواری دەسکەوتو پێسەلماندنی مافەکانیدا بگەڕێتەوە قۆناغی (دارا دوو داری دی)؟ تەماشای بزووتنەوەی کورد دەکەی لەقەدرو عافییەتی خۆیدا ماوەو بگرە هەروا لەپێشکەوتنو پەرەسەندنی بەردەوامدایە. تەماشای رەوشی عیراق دەکەی دەبینی هەروا ڕووی لەداهێزرانەو سیاسەتە چەوتەکانی بەرەو داهێزرانی زیاتری دەبەن.

بۆیە مەسەلەکە عەقڵییەتە چەوتەکەیە کەسیاسەتی (کوردانە)ی بەغدای وا پاشەکشەپێکردووە لەماوەی یەک هەفتەدا (تصحیح القومیە) بۆ سەڵاحەددینی ئەیوبی بکەنو نارەزایی بەرامبەر بەهەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران لەزانکۆی سلێمانی و پەیمانگەکانی کوردستاندا دەربڕن. هەروەک لەهەواڵێکی شەوی (١٠/٩)ی BBC هاتووە:

(اعتبر العراق عقد مؤتمر تأسيسي لتنظيم طلابي كردي خاص في كردستان العراق ما وصفته بمحاولە لشل وحده الشعب العراقی، وقال بيان اصدره الاتحاد الوطني لطلبە العراق ان الانباء التی تناقلتها الوكالات عن قيام جماعة جلال الطالباني باجراء مؤتمر انتخابی مزور بتشكيله اطلق عليها اسم الاتحاد الوطني لطلبە وشباب كردستان ماهی الا خطوه ساقطه- علی حد تعبير البيان).

بەڵی وەک دەبینین پاش ئەوەی بزاڤی سیاسی لەکوردستان پێش نزیکەی پەنجا ساڵ بەرلەئێستا تێکۆشانی خۆی بەو ئاراستەیەدا بردە پێشەوە کەلەهەموو بوارەکانی

ژیانو بۆ هەموو توێژو چینەکانی کوردەواری ڕێکخراوی پیشەیی تایبەتو کۆمەڵەی دیموکراتیو جەماوەری کوردستانییان هەبێت کەلەیەک کاتدا داکۆکی لەمافە پیشەییو دیموکراتییەکانی ئەو توێژو چینانە بکاتو لەهەمانکاتیشدا تایبەتمەندێتی کوردەواریو پێویستی کوردستانیی بوونی ئەو ڕێکخراوو کۆمەڵە پیشەییانە ڕەچاو بکات، هەر لەسایەی ئەو ڕوانینە کوردستانییە بوو لەبواری خەباتی خوێندکاریشدا ساڵی ١٩٥٣ (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)دامەزرا. لەوسەردەمەدا بیانووی ڕەتکردنەوەی ڕێکخراوەی تایبەت بەتوێژو چینەکانی کوردەواری بەگشتی و ڕێکخراوی تایبەتی خوێندکارانی کوردستان بەتایبەتی، ئەوەبوو کە ڕێکخراوێکی وا خەباتی دیموکراتی لە سەرتاسەری عیراقدا کەرتو پەرتدەکات. ئەوەبوو هەڤاڵ مام جەلال لەوسەردەمەدا بەناملیکەی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆچی؟) وەڵامی ئەو ڕوانینانەی دایەوە کەخاوەنەکانیان ئامانجی سیاسییان لەپشت ڕەتکردنەوەی ڕێکخراوەی کوردستانی حەشار دابوو و پێیان ناخۆش بوو تێکۆشانی دیموکراتیو پیشەیی توێژەکانی کوردەواری، مۆرکێکی کوردانە بەخۆوە بگرێت. لەوێ بەدواوە خەباتی توێژەکانی کوردەواری و هی خوێندکاران بەتایبەتی لەسەر ڕەوتی کوردانەو کوردستانیانە لێرە، لەوڵاتو لەدەرەوە، لەئەوروپا گەشەی کردو لەهەمووو قۆناغەکانی بزاڤی کوردایەتی و بەتایبەتی لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمانو دوای ڕاپەڕینیش، خوێندکاران بەو نەفەسە کوردانە درێژەیان بەخەباتی دوولایەنەی خۆیاندا کەخەباتە لەپێناو ئامانجەکانی کوردایەتی و خەباتە لەپێناوی بەدەستهێنانی داخوازییە پیشەیی و دیموکراتییەکانی خۆشیان لەکوردەوارییەکی ئازادو گەشەکردوودا.

لەدوای ڕاپەڕینەوە خوێندکارانی کوردستان چ لەناو ریزەکانی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان)و چ لەناو خەباتی بەرینی خوێندکاریدا کوردستانیانە هاتنەدەستو دیموکراتییانە چەندین خولی هەڵبژاردنی جیاجیایان لەخوێندنگەکانو پەیمانگەو زانکۆکاندا بەڕێکرد، بگرە ئەگەر هەلومەرجی نالەباری کوردستانیش نەبوایە، ئێستا لەمێژبوو هەڵبژاردنێکی سەرتاسەرییان ئەنجام دابوو. کەچی تازە بەتازە دەزگا وابەستەکەی دەسەڵاتی بەغدا، (الاتحاد الوطني لطلبە العراق) لەدژی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی خوێندکاران هاتۆتە قسەو بەهەنگاوێکی داوەشاوی لەقەڵەم دەدا.

(الاتحاد الوطني لطلبە العراق) کە خۆی بەشێکە لەدەسەڵاتی عیراقو چەندان ساڵە، لەوەتەی بەعس حوکمی وڵاتی گرتۆتە دەست، کاری جاسوسیکردنو ڕاپۆرتدان بوو تەنانەت لەو خوێندکارە ئاسایانەی عیراقو کوردستان کە فەقیری ماڵی خۆیان

بـوونو كاريـان بەسـەر خەباتـی خوێندكارییـەوە نەبـووەو نییـە، ئـەو (الاتحـاد الوطنـي لطلبـه العـراق)ە تـازە وەبیـری هاتۆتـەوە كەخوێندكارانـی كوردسـتانیش هـەنو واچەندیـن ساڵە لەسـایەی دیموكراسـی كوردسـتاندا خەبـات دەكـەنو هەڵبـژاردن ئەنجـام دەدەن. تـازە بەتـازە قەوانـە كۆنەكـەی شۆڤێنیسـتەكان لێدەداتـەوەو دەیـەوێ پێمـان بڵـێ هەڵبژاردنـی ئەمسـاڵی خوێندكارانـی كـورد، تێكۆشـانی كوردسـتانیانەی خوێندكارانـی كورد (محاولـه لشـل وحـده الشـعب العراقـی)!

ئێمـە وەڵامـی وردودرشـت بـۆ خوێنـدكارانو رێكخراوەكەیـان (كۆمەڵـەی خوێندكارانـی كوردسـتان) بەجێدەهێڵیـن. لێهێنـدە بە (الاتحـاد الوطنـی لطلبـه العـراق) دەڵێیـن كەتوێـژو چینەكانـی كـوردەواری لەمێـژە، دروسـت لەپەنجاكانـەوە، (بەشـیر موشـیر) وتەنـی (جـەواب)ی ئـەو بیروبۆچوونـە چەوتانەیـان داوەتـەوە كەبەكـوردی رەوانابینـن رێكخـراوەی تایبەتـی خـۆی، تێكۆشـانی تایبەتـی خـۆی هەبێـتو هەڵبژاردنـی تایبەتـی خـۆی ئەنجـام بـدات.

خوێندكارانـی كـورد كەلـێ راهاتـوون دیموكراتیانـە لەوڵاتـە ئازادەكـەی خۆیانـدا ئازادانـە تێكۆشـان بكـەن، هەرگیـز حسـابو كیتـاب بـۆ قسـەوبەیاننامەی رێكخراوێكـی شـۆڤێنی و دەستەبەسـەركراوو وابەسـتەی وەكـو (الاتحـاد الوطنـي لطلبـه العـراق) ناكـەن.

# له بیرەوەریی شۆڕشی (الفاتح)دا
# سەرهەنگی شۆڕشگێڕ دەبێتە میوانی کوردستان

ئەمـڕۆ گەلـی لیبیـای خەباتگێـڕو دۆسـتی گەلـی کـورد، ئاهەنگـی سـێ سـاڵەی هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی (الفاتـح) دەگێڕێـت.

ئاهەنگی دەربازبوونـی لیبیـا لەکۆتو بەنـدی کۆلۆنیالیـزم لەرێی شۆڕشـی سـێپتەمبەری ١٩٦٩-وە بەڕێبەرایەتـی شۆڕشـگێڕی هەڵکەوتـووی رۆژهـەلاتو دونیـای عـەرەبو دونیـای سـێ بەڕێـز سـەرهەنگ موعەمـەر قەزافـی. لەگـەڵ میللەتـی لیبیاشـدا. گەلـی کـوردو گەلانـی زوڵملێکـراوی ئاسـیاو ئەفریقیـاو ئەمریـکای لاتینیـش بیـرەوەری شۆڕشـی (الفاتـح) کـە هـاوکارو پشـتیوانی شۆڕشـەکانی وانیـش بـوو، بـەرز رادەگـرن.

سـەرهەنگ قەزافـی لەوەختێکدا شۆڕشـی هەڵگیرسـاند کـە دنیـای عـەرەب لەداوەشـینی رەوشـی دوای شـەڕی حوزەیرانی ٦٧و شۆڕشـەکانی دنیای سـێش چاوی لەهاوسـەنگەرییو هاوخەباتییەکـی شـێوە تازەبـوو، لـەو هەلومەرجـەدا قەزافـی لیبیـای کـردە ناوەندێکـی نوێـی شـۆڕشو رایگەیانـد کـە نـەک تەنهـا ولاتەکـەی لەسیسـتمی گەندەڵـی پاشـایەتی رزگاری بـووە، بەڵکـو گەلانـی شۆڕشـگێڕو زوڵملێکراویـش دەتوانـن لیبیـاو شۆڕشـەکەی بەپشـتیوانو دۆسـتی خۆیـان بزانـن.

هـەر بەفیعلیـش وا دەرچـوو، بەتایبەتـی بـۆ گەلـی کـورد کـە قەزافیو شۆڕشـی (الفاتح) چاکـەو جوامێرییەکـی زۆریـان بەسـەر ئێمـەو شۆڕشـی کوردسـتانەوە هەیـەو هـی ئـەوە نییـە هەرگیـزاو هەرگیـز لەیـاد بکرێـتو بیربچێتـەوە.

سـەرهەنگی شۆڕشـگێڕ هـەروەک چـۆن لەئامانجـی شۆڕشـەکەو لەرێبـازی تێکۆشـاندا کەلتـوری شۆڕشـگێڕی ناسـرو ئەزموونـی شۆڕشـەکەی یۆلیـۆی میسـری لەبەرچاوبـوو،

ئاوەهــاش لەپشــتگیریکردنی کــوردو شۆڕشــی کوردســتاندا دریــژەی بەهەڵوێســتە دێرینەکانــی خوالێخۆشــبوو جەمــال عەبدولناســر داو بگــرە ئــەو هەڵوێســتانەی پەرەپێــداو خســتییە چوارچێــوەی دانپیانانــی راســتو رەوان بەمافــی چــارەی خۆنووســینی کــوردو تەنانــەت پێکهێنانــی دەوڵەتــی ســەربەخۆی کوردستانیشــەوە، ئەمــەش نەریتــی شۆڕشــە رەســەنەکانە کــە کەلتــوری شۆڕشــەکانی پێــش خــۆی پەرەپێــدەداو دەوڵەمەندتــری دەکات.

قەزافــی لەپێگــەی سیاســیو لەروانگەیەکــی فەلســەفیی شۆڕشــگێڕانەوە، لەشــوێنی حوکمڕانییــەوە نــەک لەمینبــەری ئۆپۆزســیۆنەوە، داکۆکــی لەمافــی کــوردو دەوڵەتــی ســەربەخۆی کــورد کــردووەو هەمیشــە ئــەو بیروبــاوەڕەی خۆشــی خســتۆتە چوارچێــوەی دۆســتایەتیو هاوپەیمانێتــی ســتراتیژی نێــوان گەلــی کــوردو گەلــی عــەرەبو تــەواوی گەلانــی ناوچەکــەوە. ســەرەنگ تەنهــا بەلێــدوانو پشــتگیریی سیاســییەوە نەوەســتا، بەڵکــو دڵســۆزانە هیممەتــی نوانــدو هــاوکاری لۆجســتی شۆڕشــی کوردســتانی کــرد تــا لەســەرکەوتنی شۆڕشــی کــورددا ســەرکەوتنی دۆســتایەتیو هاوخەباتــی گەلــی کــوردو گەلی لیبیــاو عــەرەب بێتــەدی. لەشۆڕشــی نوێــی کــورددا کــە پشــکێکی زۆری هاوخەباتــیو پشــتیوانی قەزافــیو شۆڕشــی (الفاتــح)ی بەرکــەوت، ئــەو هاوخەباتییــە لەدرەوشــانەوەی بــەردەوامو پێشــکەوتنی چۆنایەتیدابــوو پــێ بەپێــی گەشەســەندنی شــۆڕش بەرێبەرایەتــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتانو ســەرکەوتنی راپەڕینــی کــورد، هەڵوێســتەکانی قەزافــی شــێلگیرانەترو لێبڕاوانەتــر خــۆی دەنوانــد. دەنگــی دلێــری ســەرەنگ بەســەر دەنگــی نەشــازی شــۆڤێنییەکاندا زاڵتربــوو. بۆیــە گەلــی کــوردی تینــووی ئازادیــش هەرگیــز ئازادیخــوازانو شۆڕشــگێڕانی دۆســتی خــۆی لەبیــر نەکــردووە، وا لەمــڕۆی زەمەنــی ئازادیــی کــوردو لەکوردســتانی رزگارکراویشــدا، ســلێمانی شــاری هەڵمــەتو قوربانــی باخچــەی ســەرەنگی لیبیــاو دۆســتی دێرینــی کــورد موعەمــەر قەزافــی لەبــاوەش دەگــرێ بۆئــەوەی باخچەکــەی وی عەتــری هەڵوێســتی جــوانو بــۆنو بەرامــەی خۆشەویســتیو دۆســتایەتی نێــوان گــەلان پەخــش بــکاتو مەڵبەنــدی شۆڕشــگێڕانی کوردیــش بــەو دۆســتایەتییە گوڵاوپرژێــن ببێــت.

ســڵاو لەیــادی شۆڕشــی (الفاتــح)، ســڵاو لەســەرەنگی شۆڕشــگێڕ، دۆســتی میللەتانــی زوڵملێکــراوو میوانــی هەمیشــەیی کوردســتان.

# سەروتاری ئازادی

*مانگــی ئــادار مانگــی راپەڕینــی کــوردو بەهــاری ئــازادی رزگارکردنــی شــارو شــارۆچکەکانی کوردســتانە. یادی ئـەو راپەڕینـە مـەزنو پیـرۆزەی لـەدەروازەی راپەڕینەوە دەسـتیپێکردو بەزەماوەنـدی شـاری هەڵمـەتو قوربانـیو رزگارکردنـی هەولێـری پایتەختـی دێریـنو دهۆکـی بەرخۆدانـدا تێپـەڕی و هەمـوو شـارو شـارۆچکەو دێهاتەکانـی کوردسـتانی گرتــەوە تــا لەتاجـی راپەڕینــەکان؛ کەرکوکـی قودسـدا گیرسـایەوە.

ئەمـــڕۆ ٣/٥ یـــادی یەکـــەم رۆژی نـــۆ ســـاڵەی مانگـــی راپەڕینـــە سەرتاســـەرییەکەی کوردســـتانە کەڕاپەرینـــی گەلـــی کوردســـتان بـــوو، شـــانە چەکـــدارەکانو رێکخســـتنەکانی یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان نەخشـــەی وردیـــان بـــۆ دانـــاو هێـــزی پێشـــمەرگەی کوردسـتانیش بەهـاوکاری لایەنەکانـی بـەرەی کوردسـتانی، کۆمەڵانی خەڵکی کوردسـتانیان بــۆ ســازداو رێبــەری ســەرکەوتنیان کــرد.

*راپەڕینــی ئــادار ئەگەرچــی درێــژەی خەبــاتو تێکۆشــانەکانی لەوەوپێشــی نەتــەوەی کــورد بــوو لەپێنــاوی بەدەستخســتنی مافــە نەتەوەییــەکانو رەتکردنــەوەی چەوســانەوەی میللیــو پێشــێلکردنی ئــازادی و مافــە دیموکراســییەکانی کــوردەواری و خەڵکــی عیــراق بەگشــتی، لەهەمانکاتیشــدا قۆســتنەوەیەکی ژیــرو زیرەکانــەی ئــەو هەلومەرجــە بــوو کــە دیکتاتــۆری لــەدوای شکســتی جەنگــی دووەمــی کەنــداوەوە تووشــی هاتبــوو. ئــەم قۆسـتنەوە ژیـرو زیرەکانـەش سـەلمێنەری رۆڵـی گرنگـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانو راســتی و دروســتی سیاســەتەکەی بــوو کەپێــش راپەڕیــن رەوشــی عیــراقو ناوچەکــەی واهەڵســەنگاندبوو چاوەڕێــی گــۆڕان و وەرچەرخانــی گــەورەی لێدەکرێــت. یەکێتــی

لەسـەروبەندی ئالۆزییەکانـی دوای شـەڕی (گەردەلولـی بیابـان)دا، پـلان و بەرنامـەی بـۆ هەڵگێڕانـەوەی ڕەوشـی نالەبـاری دوای مەرگەسـاتەکانی کیمیابـاران و ئەنفـال دارِشـت و بەمـەش قۆناغێکی تـازەی لەخەباتـی گەلـی کـورد دەسـتیپێکرد کەقۆناغـی گواسـتنەوەی چۆنایەتـی خەباتـی شـاخ بـوو بـۆ نێوشـارەکان و ڕامالّینـی هێـزی سـەرکوتکەران و لەجێدانانـی فەرمانڕەوایـی گەلـی لێکەوتـەوە.

*ڕاسـتە لەئەنجامـی چـوون یـەک نەبوونـی هاوسـەنگی هێـز لەنێـوان بـەرەی گـەلو بـەرەی دیکتاتۆرییـدا ڕاپەڕیـن تووشـی شکسـتێکی کاتـی هـات، بـەلاّم کشـانەوەی سەرسـنوورو کـۆڕەوی گەلـی کـورد خـۆی لەخۆیـدا، وەک ڕاپەڕیـن، ڕەتکردنەوەیەکـی دیکـەی سـەرکوتکردن بـوو. واتـا ڕاپەڕیـن (نا)یەکـی گـەورەی کـورد بـوو بـەڕووی دیکتاتـۆری و کۆڕەوی دوای شکستی کاتیـش هـەروا شـێوەیەکیتری (نا)ی دەسـتەجەمعی میللەتەکەمـان بـوو، بەهەمـان ئاراسـتەو بەهەمـان مانـاو دەلالەتـی سیاسـی. بۆیـە سـەرەڕای شکسـتی کاتـی و لەئەنجامـی دەنگدانـەوەی لەمیدیاکانـی دنیـا بـۆ مەسـەلەی کورد پەیدا بـوو تاسـەرەنجام هەلومەرجەکـە گۆڕاو جارێکـی تـر گیانـی ڕاپەڕیـن سـەری هەڵدایـەوەو لەڕاپەرینـی دووەمـدا بەشـێکی کوردسـتان کەوتـە دەسـت کـورد خـۆی. پاشـان لەهەڵبژاردنێکـی ئازادانـەو دیموکراسـیدا پەرلەمـانو ئینجـا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان وەک دوو دەسـکەوتی بەرجەسـتەی نەتەوەیـی و دوو بەرهەمـی دیـاری ڕاپەڕیـن لەپـاڵ دەسـکەوتەکانی ئـازادی سیاسـی و هەڵوەشـانەوەی پیلانەکانـی دژی کـورد، لەدایـک بـوون.

*بێگومـان دەسـکەوتەکانی ڕاپەڕیـن لـەوەش زۆرتـر دەبـوون کەبەدیهاتـوون ئەگـەر شـەڕی ناوخـۆ لێگەڕابـاو پەرەسـەندنی کێشـەی کـورد دوانەخرابایـە.

بۆیـە لەپێنـاو پاراسـتنی دەسـکەوتەکانی ڕاپەڕیـن و درێژەپێدانـی ڕەوتـی پێشـکەوتنی ئەزموونەکەمـان، هـەر دەبێ ئاشـتی و چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی ناکۆکییـەکان بێتـەدی بـۆ ئـەوەی پەیامـی ڕاپەڕیـن بپارێزیـن و بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی کـورد بچێتـەوە سـەر ڕاسـتەڕێی یەکێتـی و هاوخەباتـی دەورانـی ڕاپەڕیـن.

*دەرس و پەنـدی ڕاپەڕیـن کـە بـۆ یەکەمینجـار کورد پشـت بەسـتوو بەخـوای خـۆی، خەڵکـی خـۆی و خـودی خـۆی، ڕاپەڕینێکـی میللـی بەرپاکـرد، فێـری کردیـن کەهێـز لەیەکێتیـی و مانەوەمـان لەیەکێتیـی نیشـتمانیدایە، بۆیـە جێـی خۆیەتـی جارێکیتـر تەئکیـد لەسـەر خواسـتی ئاشـتی کەدڵـی شـەهیدانی کوردایەتـی و شـەهیدانی ڕاپەڕینـی کوردایەتـی ئاسـوودە دەکات و یەکێتـی و یەکگرتنـەوەی خەڵکـی ڕاپەڕیـوی کوردسـتانیش

دێنێتــەوە مەیـدان، بکەینــەوە.

ئاشـتییەک کە دەسـکەوتەکان دەپارێزێ و ڕۆژی بەدیهاتنی ئامانجە بەدینەهاتووەکانیش نزیکتـر دەکاتەوە.

*لەیـادی ڕاپەڕینـدا، سـڵاوو پیرۆزبایـی لەبیـرەوەری ئـەو ڕاپەڕینـە پیـرۆزەی هەمـوو دەسـکەوتەکان، بـەری ڕەنجـی ویبـوون، درود بـۆ ڕۆحـی ڕەوانـی ئـەو شـەهیدانەی گوڵاڵەسـوورەی پێدەشـتەکانی ڕاپەڕیـن بـوون.

نەمری بۆ سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان.

٢٠٠٠/٣/٥

# پێکەوە لەڕێگای بنەبڕکردنی
# تیرۆرو تیرۆریستاندا

*جارێکی تر دەستی تیرۆرو کاری تیرۆریستی لەڕووداوەکەی مامۆستایانی دێی شیرەمەڕدا هەوڵێکی بێهودەی دیکەیان دا کەئاشتیو ئارامی و برایەتی لەوڵاتەکەماندا تێکبدەنو بشێوێنن. لەبەرامبەریشدا بەکتوپڕی چارەسەرکردنی کێشەکەو دەستگیرکردنی تاوانبارە گوناهکارەکان بەو هاوکارییەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، ئەویش دیسانەوە پێویستی یەکخستنی هەوڵ و کۆششەکان لەپێناو بنەبڕکردنو لەڕەگو ریشەوە هەڵقەناندنی تیرۆرو تۆقاندنی سەلماندەوە.

ئەم گورجوگۆڵییە لەهاوکاریکردنو تەسلیمکردنی تاوانباران، رۆڵێکی هەرە گەورە دەگێڕێت لەشکستپێهێنانی ئامانجی تیرۆرکاران ئینجا بنەبڕکردنی هەوڵو تەقەلا گێرەشێوێنییەکان، چونکە لەبنەڕەتدا تیرۆریستان هێندەی مەبەستیانە بەکاری تیرۆرو تۆقاندن ئازاری قوربانییەکانیان بدەنو پێشێلی مافی ئازادیو مافی ژیانیان بکەن، چەند هێندەش مەبەستی ئەوە لەپشت تاوانەکانیانەوەیە کەگرژیو شپرزەیی بخەنە نێوکۆمەڵو یەکریزیو گیانی لێبووردنی سیاسی نێو هێزو لایەنەکانی کوردستان تێکبدەنو بشێوێنن.

تیرۆریستان لەپەلاماردانەکانیان تەنها نیازی سەرکوتکردنی رای پێچەوانەو تۆقاندنی قوربانییەکانی دەستی تیرۆریان نییە، بەڵکو نیازی ئەوەشیان هەیە فەرهەنگی سەرکوتکردن، رێوڕێبازی تۆقاندنو کوشتن لەجیاتی فەرهەنگی پێکەوەژیانو تیۆری چەپکەگوڵەکە کەگوزارشت لەهەمەڕەنگی کۆمەڵی کوردەواری دەکات، بڵاوبکەنەوەو

بیکەنـە فەرهەنـگو دابونەریتێکـی بـاو. لەکاتێکـدا کـوردەواری لەسـایەی دەسـکەوتەکانی راپەڕیـنو ئـازادی ئەمـڕۆی کوردسـتاندا چـاوی لەوەیـە کۆمەڵێکـی دیموکـراتو مەدەنـی بنیـات بنێت. کۆمەڵێـک بنیـات بنێت کەتێیـدا گفتوگـۆو ڕێزگرتـن لـەڕای بەرامبەر شـێوەی پەسـەندو رەچاوکـراو بێـت بـۆ پێسـەلماندن بەپێـی ئایەتـە پیرۆزەکـەی دەفەرموویێـت: (فبشـر عبـادی الزین یسـتمعون القـول فیتبعـون احسـنه).

یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هـەروەک چـۆن مەبەسـتێتی لەگوڵـزاری کوردەواریـدا سـەدگوڵ بپشـکوێتو جەمـاوەری کوردسـتانو هێـزە سیاسـییەکانی بەسەربەسـتی بیـروڕای جیاجیـای خۆیـان دەرببـڕنو بڵاوبکەنـەوە، پێشـی وایـە کەدەبێ بەتونـدی بەگژ تیرۆریسـتاندا بچینـەوەو تاوانکارانـی تیـرۆر بە (گوناهـکاران)ی دژ بەبیروبـاوەڕی ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام بناسـرێن بەپێـی فەرمـودەی قورئـان: (... انـه مـن قتـل نفساً بغیـر نفـس أو فسـاد فـی الارض فكأنّما قتـل النـاس جمیعاً)و بەپێشـێلکارانی قانونەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کەهەمـوو هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بڕیاریـان وایـە ڕێـز لەقانـونو یاسـاکانی بگـرن، لەقەڵـەم بدرێـن. هـەروەک بەگرنگـیو بایەخپێـدانو پێزانینێکـی زۆرەوە دەڕوانێتـە هـاوکاریو هەماهەنگـی لەگـەڵ هێـزو حزبـە رەسـەنەکانی کورسـتان لەبـواری بەگژداچوونـەوەی دیـاردەی تیرۆرو ئاشـکراکردنی دەسـتی رەشـی تیرۆریسـتان کەدەیانەوێ لەژێـر پـەردەی ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلامدا، ئـاژاوەو تەفرەقـە بخەنـە نێـو کـوردەواریو نێـو هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانییەوە.

# له یادی (٩) ساڵەی دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨)دا

*ئەمرۆ (٤/٥) بیرەوەریی نۆیەمین ساڵەی دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە. ئەو بڕیارەی لە ئاکامی تراژیدیای کۆڕەوە ملیۆنییەکە دەرچوو و تێیدا داوا لە حکومەتی عیراق کرا کە سەرکوتکردنی کورد رابگرێ و دەست لە چەوساندنەوەیان هەڵبگرێ.

بڕیاری (٦٨٨) بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا خەریکە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی لێ دێت کە شایستەی هەموو جۆرە یادکردنەوە و بەبیرهێنانەوەیەکی رەسمی و میللیە. ئەویش سەبارەت بەوەی کە یەکەم دانپیانانی نەتەوە یەکگرتووەکانە بە چەوساندنەوەی کورد و تێیدا بە ئاشکرا حکومەتی عیراق بە تاوانکاری ئەو چەوساندنەوەیە لە قەڵەم دەدا و داواشی لێدەکات رێز لە مافی مرۆڤی کوردەکانی عیراق بگرێت. ئەم دانپیانانەش بۆ کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی دەسکەوتێکی گەورە و داخوازییەکی لەمێژینە بوو.

ئەگەرچی لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارەدا وڵاتانی بڕیار بەدەست هیممەتیان بۆ ئەوە کرد کە ناوچەی پارێزگاری بۆ کورد دروستبکەن و کەم و زۆر کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی جیاجیا بە پیر کورد و مەینەتییەکانییەوە بێن، بەڵام سەرەڕای تێپەڕبوونی (٩) ساڵ بەسەر ئەو بڕیارە مێژووییە هێشتا جێبەجێنەکراوەو هێشتاش ئەنجومەنی ئاسایش هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوە کە بڕیارەکە تەفعیل بکرێ و گوشار بخرێتە سەر بەغدا کە پابەندی بێت و جێبەجێی بکات. بەڵکو بەپێچەوانەوە حکومەتی عیراق تائێستاش بەردەوامە لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کورد لەو

ناوچانەی لەبن دەسەڵاتی خۆیدان و لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەروا درێژەی بە سیاسەتی تەعریب و راگواستنی کورد و تورکمان لە کەرکوک و خانەقین و ناوچەکانی تر داوەو لەسەر یەک شاڵاوی دەربەدەرکردن و ئاوارەکردن و پاکتاوکردنی عرقی پیادە دەکات کە ئەمەش راستەوخۆ پێشێلکردنی ئیرادەی نێودەوڵەتییە کە بڕیاری (٦٨٨) ی دەرکردووە.

بەداخەوە تەفعیلنەکردنی بڕیارەکەو پێشێلکارییە بەردەوامەکانی بەغدا لە دژی، تائێستا دەرفەتی ئەوەی بۆ گەلەکەمان نەخوڵقاندووە کە سوود لە بڕگە و دەسکەوتەکانی وەربگرێت.

ئەمەش وا دەکات کە مەینەتی و گرفتەکانی کورد هەروا درێژە بکێشن بێ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵێ گەلی کورد قەدرزانینی خۆی بۆ هەموو ئەوانەی لە تەنگانەی کۆڕەو و تەنگانەکانی تردا بەهانایەوە هاتن دووپات دەکاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا خوازیارە کە ئەو رێرەوی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانەی لە بڕیاری (٦٨٨)ەوە دەستیپێکرد بەردەوام بێت و نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەپێی شەرعییەتی بڕیارەکە گوشار بخەنە سەر بەغدا تا دەست لە دەرپەڕاندن و زوڵم و زۆرکردن لە کورد هەڵبگرێ و بەندەکانی (٦٨٨) جێبەجێبکات. هەروەکو چۆن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی تر گوشار دەخرێتە سەری.

لەبەرامبەریشدا کورد خۆشی دەتوانێ لەرێی تێکۆشانی دیپلۆماسی بۆ تەفعیلکردنی (٦٨٨)ەوە مەزڵومیەتی لەمێژینەو هەنووکەیی خۆی لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا چاکتر بخاتە روو.

بیرەوەریی دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) درێژەی یاد و بیرەوەرییە نەتەوەییەکانی ئاداری ١٩٩١ـە کە بۆ ئەوەی وەک دەسکەوتێکی نەتەوەییش جێی خۆی بگرێ، پێویستی بە تەفعیلکردنێکی دووسەرە هەیە: لەلایەن ئیرادەی یەکگرتووی کوردیشەوە بۆ کەڵک وەرگرتن لەو بڕیارەی لەپێناوی ئێمە و بۆ قازانجی ئێمە دەرچووە.

# دیموکراسییەت بە شەرتی چەقۆ!

*هیچ پرۆسەیەکی دیموکراتی بێ خەوش و کەم و کوڕی نابێت. ئەسڵەن پرۆسەی دیموکراسی خۆشی پرۆسەیەکی بەردەوامی روو لە گەشەسەندنەو دەبێ هەمووان ئیشی بۆ بکەن و پێشی بخەن لەجیاتی ئەوەی تانەی لێ بدەن و سەری ببڕن.

سەیرە خەڵکانێک هەبن لە دیموکراسی بەبیانوو بن و پاساوی نابەجێ بۆ دۆڕان و شکستی خۆیان بهێننەوە. وەک نموونەی ئەو بەڕێزانەی لە تەلەفزیۆنی ئازادییەوە ویستیان تانە و تەشەر لە هەڵبژاردنە سەرکەوتووەکەی کارمەندانی تەندروستی بدەن تەنها لەبەرئەوەی دەرنەچوون.

باشە دەکرێ مرۆڤ هێندە تەنگ نەزەر و تەنگە نەفەس و بە دیموکراسی قەڵس بێت و کەچی بێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنیشەوە. دەکرێ ئەو بەڕێزانە چەشنی دیکتاتۆرەکان دیموکراسییان تەنها بۆ بردنەوەی خۆیان بوێت؟

یەکێک لەو بەڕێزانەی لەو هەڵبژاردنە دیموکراسییەی کارمەندانی تەندروستی دەرنەچوون عەرەب وتەنی (یستجدی العطف) واتا بە زۆر دەیەوێ سۆزی بینەران بەلای خۆیدا رابکێشێ گوایە ئاسایش لێی داوە. لەکاتێکدا ئەو بەڕێزە بۆ خۆی بەپێی سەرچاوەی ئاگادار کە پەیامنێرمانە دەعوای لە دژ قەید کراوە لەلایەن حاکمی سەرپەرشتیاری مەرکەزی هەڵبژاردنی سلێمانییەوە، چونکە پەلاماری ئاسایشی داوە و لە پۆلیسێکی داوە بە ناوی (هیدایەت حەکیم) و خودی بەڕێز رائد (تۆفیق عەلی) بەرپرسی ئاسایشی قاعەی هەڵبژاردن پارێزگاری لێکردووە و لە رەدی فیعلی پۆلیسەکان لە بەرامبەر ئەو تەعدا وەزیفییە و ئەو پێشێلکردنەی مافی مرۆڤ لەلایەن

ئـەو بەڕێـزەی لیسـتەکەی لـە هەڵبـژاردن دۆڕانـدی.

ئێمـە بـەو بەڕێـزەی لـە تەلەفزیۆنـی ئازادییـەوە بوختانـی کـرد و بیانـووی بـۆ دۆڕانـی لیسـتەکەی خـۆی هێنایـەوە دەڵێیـن: هەقـە چاکتـر مەشـق لەسـەر پرۆسـەی دیموکراسـی بکـەن و هــەق نییــە هەڵبژاردنێکــی وا دیموکراســی کــە حاکمێکــی بێلایــەن بێگــەردی بەڕێوەچوونـی ڕاگەیانـدووە، تۆمەتبـار بکـەن و ئـەو کەشـە دیموکراسـییەی لـە دەڤـەری ئێرەدایـە بـۆ مەبەسـتی ئـاژاوە ئیسـتغلال بکـەن.

# ئاسۆی رۆژ
# مام جەلال لە بەغداوە هەولێر و ئەنقەرە پێکەوە گرێدەدات

سیاسەتە راست و دروستەکان، هەنگاوە ژیر و لەسەرخۆکان لەنێو و بەسەر مینی پەیوەندییە ئیقلیمییە تێکچڕژاوەکاندا، لە نموونەی ئەوەی کورد تێیدا دەژی، درەنگ دەردەکەون. یان چەند زووش دەربکەون هێشتا درەنگترن بە بەراورد لەگەڵ لێکدانەوی پەلەی چاودێرە رۆژانەییەکانی وڵات و ئەوانەی سەرپێی لە کەینوبەینەکانی سیاسەت دەڕوانن. هەنگاوی راست و دروست و سیاسەتی ژیر سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەداری بەجەرگ و ئازای دەوێت کە لە وێستگە مێژووییە گرنگەکاندا ئامادە بێت سەرمایەی رەمزی خۆی بخاتە خزمەتی چارەسەری کێشەکانەوە.

بەڕێز مام جەلال عەرابی ئەو سیاسەتە ژیرانەیە لەناو کوردایەتیدا کە جێگرییە نیشتمانییەکان لەگەڵ دەستپێشخەری و لێک نزیکخستنەوەی ناکۆکەکان پێکەوە گرێدەدات. ئەمە بەشێکە لە کەلتوری سیاسی مام لە رابردوو و لەئێستاشدا کە پلە و مەقامی سەرۆک کۆماریی مەودای گەشەپێدانی ئەو سیاسەتە دروستەی زیاتر لە بەردەستدا کردۆتەوە. نزیکترن و بەرجەستەترین نموونەش دەرکەوتەکانی سەردانێتی بۆ تورکیا کە دەستپێشخەرییەکی نوێ بوو لە کایەی سیاسەتی کوردستانی و عیراقیشدا. یانی دیداری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ راوێژکاری تایبەتی سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلۆ. بێگومان هەموو ئەم بزاوتە کوردستانییە-عیراقییەی مام جەلال بە هەماهەنگی و یەکهەڵوێستییە لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی جووڵەی کوردایەتی لە هەولێر و لە بەغدا یەک ریتم و رێرەو بێت ئەگەرچی لە

وردەكارییـدا، بـە حوكمـی دابەشـكردنی ئـەرك و كارەكان، لێرەولـەوێ جیـاواز بـن.

لـە گەرمـەی سـەردانی سـەرۆك كۆمـار بـۆ ئەنقـەرە لێكدانـەوە ناسیونالیسـتییەكانی هـەردوو بـەرە: بـەرەی ناسێونالیسـتی سەردەسـتی توركـی كـە دەیـان سـاڵە نكۆڵـی لـە مەسـەلەی كـورد دەكات و حەڤـدە ساڵێشـە بـە دووڵییـەوە تەماشـای پێشـكەوتنەكانی كوردسـتانی باشـوور دەكات. بـەرەی ناسیونالیسـتی تـازە دەركەوتـووی كـوردی كـە هێشـتا نەیتوانیـووە قۆناغـی بەرگـری بـۆ قۆناغـی ساتوسـەودای سیاسـیی تێپەڕێنـێ. بـە سـەرنجی رێبـواری سـەرەڕێوە لـەم هەنـگاوەی تاڵەبانییـان دەڕوانـی. رۆژنامەكانـی كوردسـتان و توركیـا لـەو وێسـتگەیەدا پـڕن لـەو لێكدانـەوە سـەرپێیانەی دژی كاتـی سـەردانەكە، بەرنامەكـەی و مەغزاكانیـن، بـەڵام ئەمـڕۆ نۆبـەرەی ئـەو ئاكامـە لـە دیـداری سـەرۆكایەتی حكومـەت و نێـردراوی تایبەتـی سـەرۆك وەزیرانـی توركیـاوە دەسـتپێدەكات و زۆر دووریـش نییـە بـە قۆناغـی سـەردانی رەسـمی سـەرۆكی حكومەتـدا تێپـەڕێ و دواجـار هەرێمـی كوردسـتانیش ببێتـە بەشـێك لـەو تەگبیـرە سیاسـییە هاوبەشـەی بەغدا و ئەنقـەرە بـۆ رێكەوتنێكـی دۆسـتایەتی خەریكـن دەیگرنـە بـەر. هەروەكـو لـە بەلاغـی رەسـمی حكومەتـی هەرێمیشـدا هاتـووە ئـەم سـەردانە «دوای هـەوڵ و كۆششـی زۆری حكومەتـی عیراقـی فیـدراڵ و دۆسـتەكانی تـرەو لەنێـو ئـەو هەوڵانـەش سـەردانی بەڕێـز سـەرۆك كۆمـاری عیـراق بـۆ توركیـا، هاتەكایـەوە».

بەمجـۆرە ئێمـە لـەم وێسـتگە سیاسییەشـدا ئیعتبـاری گـەورەی سیاسـەتی دەستپێشـخەریی دوور لـە گـرژی و خۆخواردنـەوە، سیاسـەتی دیپلۆماسـی دوومـەودای دوور لــە هاشـوهۆش دەبینینـەوە.

سیاسەتێک كە:

*هـەم قازانجـی كوردایەتـی سەرانسـەری تێدایـە، چونكـە كردنـەوەی گرێـی ئەنقـەرە لەگـەڵ هەولێـر رێـگا بـۆ كردنـەوەی گرێـی ئەنقەرە-دیاربەكریـش خۆشـدەكات.

*هـەم قازانجـی پتەوكردنـی دینگەكانـی حوكمڕانـی كوردسـتانی باشووریشـی تێدایـە چونكـە نەمانـی گـرژی سیاسـیی و سـەربازیی هەلـی ئاوەدانـی و كرانـەوەی زیاترمـان دەداتـێ.

*هـەم قازانجـی عیراقیشـی تێدایـە، چونكـە عیراقـی ئەمـڕۆ قـەرارە عیراقێـك بێـت بـە دەمـاری گۆشـت و خوێـن گرێـدراوی كوردسـتان و كوردسـتانیش گرێدراوێتـی.

پشـتی نزیكـەی چـوار سـاڵ لـە سـەرۆكایەتی مـام جـەلال و پێنـج سـاڵ لـە بەشـداری كـورد لەسیاسـەتی بەغـدادا وا ئێسـتا ئاكامـی ئامادەگـی ئیجابیانـەی كوردسـتانییان

لــە پایتەختــی عیــراق دەچنینــەوە. بەمــەش ســەرۆکایەتی کۆمــار بــەو ئەرکــە مۆرالییــە عیراقییــەی دەکەوێتــە سەرشــانی، لــە جێــی ئــەوەی پلــە و بەرپرســیارێتییە رەســمییەکەی ناکــۆک بێــت لەگــەڵ خواســتەکانی کــورد و مێــژووی پــر ســەروەریی مــام جــەلال لــە بزووتنــەوەی کوردایەتیــدا، بەتــەواوی لەگەڵیــدا جــووت دەبێتــەوە. چونکــە مــام جــەلال وەکــو ســەرکۆمار شــەونخوونی بەدیــار دەســتوورێکەوە دەکات کــە قــەوارەی کوردســتان و چوارچێــوەی عیراقــی دیموکراتــی فیدرالــی دابیــن کــردووە.

**رۆژنامەی ئاسۆ ساڵی ٢٠٠٦**

# هەڵەبجە لە چاوەڕوانی هیممەتی تێکۆشەرانە

*لــەو وتارانــەی کــە هەڤــاڵ مــام جــەلال بــە بۆنــەی دەســتپێکردنی هەڵبــژاردن و کۆنفرانسی مەڵبەندەکان پێشکەشی کرد، لەسەر یەک تەئکیدی لە روانین و سەرەتاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرایەوە کە روانینی رەنجدەرانی بیروبازووەو سەرەتا و بنەماکانی سەرچاوەکەی لە هێز و توانای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و هێز و توانای رەنجدەرانی بیروبازوو بەتایبەتی وەردەگرێت بۆیە لە هەموو ئەو وتارانەدا بەڕێزی بایەخی بەشداری و پێشکەوتنی توێژەکانی وەک ژنان و لاوانی هێنایەوە گۆڕێ و خەریکیشە بزاوتێک دەکەوێتە نێو هێزی سڕبووی لاوان و ژنانی کوردەوە. لە دوا وتاریشدا جگە لە وەبیرهێنانەوەی ئەو مەسەلانەش داوایکرد کە دەبێ لەمەودوا تێکۆشەرانی یەکێتی بچنەوە ناو خەڵک و لەناو ئەوانەشدا جوتیاران و خەڵکی ناوچە دوورە دەستەکان و خەڵکی ناوچە قوربانییدەرەکانی وەکو شارەزوور و هەڵەبجە. هەروا مام جەلال ئاماژەی بەوەش کرد کە ئیتر وا بڕیارە یەکێتی کاری جددیتر بۆ هەڵەبجە و شارەزوور بکات.

*بایەخدان بە لاوان و ژنان و هەندێک لە توێژە تا ڕادەیەک پەراوێز کەوتووەکانی کوردەواری پەراوێزێکی دیکەی پتەوبوونی کوردایەتیمان بۆ بەرهەمدێنێ کە لێدوان دەربارەی ئەو بابەتە بۆ دەرفەتێکی تۆ بەجێدێڵین. بەڵام هەڵوەستەکردن لە پرسی هەڵەبجە و شارەزوور، هەڵوەستەکردن لە پرسی بایەخدان بە ناوچە دوورە دەستەکانی دیکەی کوردستان داخوازییەکی رەوا و لە دواخستن نەهاتووەو، دەهێنێ چەند سەرنج و تێبینییەکی لەبارەوە بنووسین.

*ناوچـە دوورە دەسـتەكان ئـەو ناوچانـەن لـە ناوەنـدی شـارە گـەورە و بڕیـار بەدەستەكانەوە دوورن، خاكێكی پـان و بەریـن لـێ شـار و شـارۆچكەی بچـووك بچووكـی لـێ هەڵكەوتـووە، بێگومـان بچـووك لـە پانتایـی و قـەوارە و چـڕی دانیشـتواندا نـەک لـە ئیعتبـار و پێشـینەی سـەروەری و مێژووییـدا، ئـەو ناوچـە دوورە دەسـتانەی بـە سیاسـەتی حكومەتـە ناوەندییـەكان فەرامۆشـكراو و بـە خوڵـق و سـەلیقەی كۆمەڵگـەش كەنارگیـر كەوتووبـوون. ئەگـەر حكومەتـی ناوەنـدی پێـی نەدەكرا تـا سـەر شـەڕی شـارە گەورەكانی كوردسـتان و سیاسـەتی فەرامۆشـكردن لـە دژی داخـوازی ناوەندەكانـی كـوردەواری پەیڕەو بـكات، ئـەوا هەمیشـە لـەو پێنـاوەدا هـەوڵ و تەقـەلای داوە كـە ناوچـە دوورەدەسـتەكان دوورەدەسـتتر و شـارۆچكە و ناوچـە لاچەپەكانیـش كەنارگیـر بخـات.

بەتایبەتـی ئـەو ناوچانـەی لەسـەر سـنوور، یـان لەسـەر شـریتی سـنووری كوردسـتانی جنوبـی (ناوچەكانـی كـە بڕیـاری تەعریـب و ڕاگواسـتنی بـۆ دەرچووبـوو) یاخـود ناوچـە دوورەدەسـت و لاچەپەكانـی پاوانـی شۆڕشـی كوردسـتان كرابـوون، ئەوانـە هەمـووی وەبـەر نەفرەتـی حكومەتـی عیـراق كەوتبـوون چونكـە سـەرچاوەی وزە و توانـای شۆڕشـی كوردسـتانی و قووڵایـی پشـتەوەی شۆڕشـەكە بـوون. لەبەرئـەوە دەبینیـن ناوچەیەكـی وەكـو شـارەزوور هەمیشـە مایـەی نەفـرەت و قینـی حكومەتـی عیـراق بـوو چونكـە وێـرای فەرامۆشـكراوی مەڵبەندێكـی فیـداكاری شۆڕشـی كوردایەتـی بـوو، یەكـەم مەفـرەزەی چەكداریـی شۆڕشـی نـوێ لەوێـوە سـەری هەڵـدا، شـارەزووری مەڵبەنـدی مەعریفـەت و روناكبیریـی هـەر خۆشـی مەڵبەندێكـی ڕاپەڕیـن و خۆپیشـاندان بـوو لـە ڕێـڕەوی شۆڕشـی نوێـدا. بۆیـە ڕژێـم لـە تۆڵـەی ئـەوەدا نـەک تەنهـا فەرامۆشـی ناوچەكـەی كـرد بەڵكـو شـارێكی وەكـو پێنجوێنـی ڕوخانـد و شـارێكی دیكـەی وەكـو هەڵەبجەشـی بـە كیمیایـی شـەهید كـرد و خەڵكەكـەی پەرتـەوازەی ئـەم دیـو و ئەودیـو كـرد، هەمـوو ئـەم سیاسـەتە و سیاسـەتی ئەنفـال و ڕاگوێـزان بـۆ مەحـروم كردنـی (ماسـییەكە بـوو لـە ئـاو) بـۆ ئـەوە بـوو كوردایەتـی دەعمێكـی لۆجسـتی لـێ كـەم بكرێتـەوە و كـوردەواری لـە ناوەنـدە گەورەكانـدا قووڵایـی و ڕەهەندەكانـی خـۆی لەدەسـت بـدات. حكومەتـی عیـراق ئـەو تاوانـەی دەرهـەق بـە هەڵەبجـە و ئـەو كەتنـەی لـە شـارەزوور و ناوچـە دوورە دەسـتەكان نایـەوە بـۆ ئـەوەی وا لـە كۆمەڵانـی خەڵكـی ئـەو دەڤـەرە بـكات دەسـت لـە تێكۆشـان و قوربانیـدان هەڵبگـرن و بێهوودەیـان بـكات. كەچـی مەرگەسـاتی هەڵەبجـە خـۆی بـوو بـە مەیدانێكـی تێكۆشـان بـۆ ناسـاندنی تراژیدیـای كـورد بـە دەرەوە و هێـدی هێـدی كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هانـدا لەسـەر كـورد و مەینەتییەكانـی هەڵبدەنـێ، واتـا هەڵەبجـە

لـه شەهیدبوونیشـیدا فیداکارییەکـی تـری بـۆ کـوردەواری و کوردایەتـی نوانـد. بۆیـە لەمـڕۆدا کـە یەکێتـی دەسـەڵاتدارە و کـورد ئیـدارەی خۆماڵـی خـۆی دروسـت کـردووە، هەقـە هیممـەت بکەیـن و بەوپـەڕی قورسـاییەوە لـە ئاسـتی نـاوەوە و دەرەوەدا بچینـە مەیدانـی خزمەتگـوزاری و خزمەتکردنـی هەڵەبجـە و هەمـوو ناوچـە هەڵەبجـە ئاسـاکانی کوردسـتان کـە سـەرچاوەی هێـزی شـۆڕش و فیـداکاری بـۆ کوردایەتـی و لەهەمـان کاتیشـدا زیانلێکەوتووانـی سیاسـەتە دژی گەلییەکانـی دوژمـن بـوون.

*تێکۆشـەرانی شـارەزوور و هەمـوو تێکۆشـەرانی کوردایەتـی لەداهاتووشـدا مەیدانێکـی دیکـەی بەرینـی خزمەتکردنیـان لـە پێشـە کـە مەیدانـی پـان و بەرینـی شـارەزوور و هەموو ناوچـە دوورەدەسـتەکانی کوردسـتانە. لەوێـش دەرفەتـی (کاری جـددی لەئارادایـە).

# لەیادی هەڵبژاردنە دیموکراتییەکەی ١٩٩٢/٥/١٩دا

*دوێنــێ رۆژی یادەوەرییەکــی پــڕ شــانازی و لەهەمانکاتیشــدا رۆژی حەســرەتێکی نیشتمانی بـوو بـۆ گەلـی کـورد. شـانازییەکە هـی ئـەو رۆژەیـە تێیدا کـورد ئیسـپاتی کـرد بـۆ عالەمـی سـەر رووی زەمیـن کەهوشـیاری سیاسـی و خواسـتی شارسـتانی و دیموکراتـی لـەلای وی، هێنـدە بـەرزو بڵنـدە کـە بەماوەیەکـی کـەم، دوای راپەڕینێکـی جەمـاوەری، دەسـتی دایـە پرۆسـەیەکی شارسـتانیو بەختـی خـۆی لەهەڵبژاردنێکـی دیموکراتیـدا تاقـی کــردەوە. لــەو هەڵبژاردنــەوە دوو دەزگای نەتەوەیــی گرنــگ: ئەنجومەنــی نیشــتمانیی کوردســتانو حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان دروســتکران. بــەوەش خەونــی لەمێژینــەی شــەهیدان هاتــە دیو رەنــجو قوربانیدانــی گەلەکەمــان بــەری گــرت.

هەڵبژاردنەکانــی (١٩٩٢/٥/١٩) نموونــەی بــاڵای تێکۆشــانێکی شارســتانی کــورد بــوو کــە بزووتنەوەکەمانــی لەقۆناغــی خەباتــی شۆڕشــگێڕییەوە گواســتەوە بــۆ قۆناغــی دامودەزگای مەدەنــی و لــەوێ رۆژێــوە دەورانێکــی نــوێو چۆنایەتــی لەژیانــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و فەرهەنگــی نەتەوەکەمــان دەســتیپێکرد کەدەورانــی ژیانــی پەرلەمانــی و فرەلایەنــی، دەورانــی ژیانــی حکومەتکردنــی کوردو پێکەوەنانــی هەیکەلێکــی ئیـداری نـوێو دەسـتپێکردنی پرۆسـەیەکی فراوانـی بووژاندنـەوەو ئاوەدانکردنەوەیـە کـە بەتوانـای کـوردو لەپێنـاوی خزمەتکردنـی کـوردو نیشـتمانەکەیدا کـرا.

ئـەو قۆناغـە نوێیـەی بەدامەزراوبوونـی بزووتنـەوەی کوردایەتـی و بەدیموکراسـیبوونی ژیانـی کـوردەواری نـاوو ناوبانگـی کـوردی بـەرز کـردەوەو هانـی گەلێک لەدۆسـتەکانمانی دا چ دەوڵـەتو چ ناوەنـدی دیموکـراتو مـرۆڤ دۆسـت کەهـاوکاری ئەزموونـە گەشـەدارەکەی

کوردستان بکەنو هەنگاوەکانی پێشڤەچوونی بەگوڕتر بکەن.

بەڵام ئەفسوس کەئەمەش حەسرەتەکەیە شەڕی ناوخۆ پەرلەمانی ئیفلیج کرد تا لە٣١-ی ئابی ١٩٩٦و لەئەنجامی پەلاماردانی حکومەتی بەغدا بۆ سەر هەولێرو داگیرکردنی پایتەختی پەرلەمانو حکومەت بەتەواوەتی پەکی کەوت. ئەگەرچی لایەنەکەیتر لەمیانی سیاسەتی پینەکاریدا بەزۆری زۆردار کۆبوونەوەی (پەرلەمانی) دامەزراندەوە، بەڵام چ لەڕووی قانوونییەوە کەماوەی یاسایی تێپەڕاندبوو و چ لەڕووی شەرعیەتی نیشتمانیشەوە، چیتر ئەو (پەرلەمانە) ئیعتباری نەتەوەیی خۆی لەدەست دابوو سەبارەت بەوەی لەجیاتی هەڵوێست وەرگرتن لەداگیرکردنی پایتەختی هەرێمی کوردستانو داگیرکردنی تەلاری خودی پەرلەمان بێدەنگی هەڵبژاردو دەسەڵاتداری تازە، پەرلەمانی هەڵوەشاوەی پینە کردو جۆرەها بڕیاری (بەڵێو پەسەندە)ی پێدەرکرد.

لەڕاستیدا هەموو ئەو بڕیارانەی لەدوای ئابی ١٩٩٦-وە لەو بەناو پەرلەمانەوە دەرچوون هیچیان شەرعی نین، چونکە (پەرلەمانێک) رێز لەئیرادەی دەنگدەرانی خۆی نەگرێت کەئیرادەیەکی نیشتمانی و دیموکراتییە، بڕیارو راسپاردەکانیشی شەرعیەتی نیشتمانی و دیموکراتییان نییە.

خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ پەرلەمانی ئاوەدانی و دیموکراسی، بۆ پەرلەمانی چوونیەکی لەدابەشکردنی داهاتو دەسکەوتەکان دا، دەنگیان بۆ (پەرلەمانێک) نەدا کە لەئەنجامی هەلومەرجێکی دەرەکی (بوژێنرابێتەوە)، دەنگیان بۆ (پەرلەمانێک) نەدا کە لەسایەیدا راگەیاندنی ئەولا باسی ئیلحاقو زەم بکەن.

پێویستە بیرەوەری یادی هەڵبژاردنی (١٩٩٢) پاڵنەرێکی بەهێز بێت بۆئەوەی هەلومەرجی جێبەجێکردنی رێککەوتنی واشنتۆن پێشبخەینو لەوە زیاتر پرۆسەی ئاشتی پەک نەخرێت.

خەڵکی کوردستان ئەگەرچی یەکەم بەشداری دیموکراسیانەیان کە بەشداریکردن بوو لەهەڵبژاردنی (١٩٩٢)، لەبار براو سەرەڕای ئەوەی شەڕی ناوخۆو دەرکەوتەکانی لێنەگەڕان خێرو دەسکەوتی زۆریان لەئاکامی هەڵبژاردنەکانو پێکهێنانی پەرلەمان دەست بکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بەهوشیاری سیاسییانو پەرۆشی بێوێنەیان بۆ ئاشتی و ئاوەدانی، بۆ یەکخستنەوەی هەرێمی کوردستانو بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی کوردایەتی و پێشخستنی کوردەواری، ئێستاش وزەو توانای تێهەڵچوونەوەیان لەهەڵبژاردنێکی دیموکراسییانەی نوێ تێدایە.

هەڵبژاردنەکانــی ئەنجومەنــی شــارەوانی کــە لەشــوباتی ئەمســاڵدا لەناوچەکانــی ژێــر دەســەڵاتی حکومەتــی شــەرعیی هەرێــم بەڕێوەچــوون، بەڵگەیەکــی زینــدووی خواســتی دەســتپێکردنەوەیەکی نــوێو تێهەڵچوونەوەیەکــی دیموکراســییانەی کۆمەڵانــی خەڵکــەو ئــەوە دەردەخــات کەســەرەڕای ئــەوەی لەدەســتچووە، ڕەوشــەکە لەبــارەو دەکرێــت لەڕێــی جێبەجێکردنــی ڕێککەوتنەکــەوە، ســندوقەکانی دەنگــدان بهێنینــە قســەو قەزاوەتــی خۆیــان بکــەن.

دەبــا لەیــادی هەڵبژاردنەکــەی ١٩٩٢/٥/١٩دا جارێکیتــر ڕێــز لەدەنگــی ئــەو میللەتــە بگریــن کەدەنگیــان بــۆ پێشــکەوتنی نیشــتمانو دیموکراتیزەکردنــی کــوردەواری دا.

# بەڕێز هاووڵاتی خەتای تۆشی تێدایە!

*گەلێـک جـار هەندێـک دیـاردە لەنێـو کـۆڕ و کۆمەڵـدا دەقەومـێ کـە وا لـە مـرۆڤ دەکات پرسـیار لـە سـەبەبکار و باعیسـیان بـکات. ئەگەرچـی بەنـدە زۆر کـەم لـە واری کاروبـاری هاووڵاتیانـدا دەنووسـم، بـە ڕێکـەوت وا (بـە تەنیشـت سیاسـەتەوە) گـوزەر دەکـەم. لـێ هێندێـک جار ئـەو دیاردانـەی لـە واقیعـی ژیانـی ڕۆژانـەدا دەیبینیـن سـەرنج و پرسـیار لای هەمـوو ڕۆژنامەنووسـێک دروسـتدەکەن، دیاردەکانـی لـە بابـەت مامەڵەکردنـی بەشـێک لـە هاووڵاتیـان لەگـەڵ ئـەو دوای هاووڵاتیانـدا، مەبەستیشـم زیاتـر مامەڵەکردنـی ئـەو خاوەندارانەیـە لێـرە و لـەوێ لـە هەندێـک بـواری کەرتـی تایبەتـدا کار دەکـەن. بەتایبەتـی ئەوانـەی کارەکانیـان بچووکـە، بـەڵام ڕاسـتەوخۆ کاریگەرییـان بەسـەر ژیانـی هاووڵاتیانـەوە هەیـە.

*ئێمـە فێریـن هەمـوو شـتێک بخەینـە ئەسـتۆی دەسـەڵاتەوە، فێریـن لـە هەمـوو شـتێکدا بڵێیـن خەتـای دامودەزگاکانـی حکومـەت و وەزارەتـەکان و خەتـای لێپرسـراوانە، ڕەنگـە بەشـێکی ئـەم خـووەی فێـری بوویـن لـەوەوە سـەرچاوەی گرتبـێ کـە:

-بەگشـتی لـە ڕۆژهەڵاتـی ئێمـەدا دەسـەڵات وەک هێزێکـی میتافیزیکـی تەماشـا دەکرێـت کـە هەمـوو شـتێکی لەدەسـت دێ و خەڵکـی چاوەڕێـی هەمـوو شـتێکی لێدەکـەن.

-بەشـێکی تـری ئـەوە بێـت کـە بـۆ خـۆی کاری حکومەتـەکان و دەسـەڵاتی حکومەتـی دەبـێ خزمەتکردنـی خەڵـک و خزمەتگـوزاری و ئیدارەدانـی ژیانـی هاووڵاتیـان بێـت.

بـەڵام بـۆ کـورد و لای خەڵکـی کوردسـتان بـە حوکمـی ئـەوەی پێشـتر دەسـەڵاتێکی خۆماڵییمـان نەبـووە، حکومەتـی خۆماڵـی و دەسـەڵاتی میللـی هەمیشـە وەک فریادڕەسـی

هەمــوو بــوارەکان تەماشــا دەکــرێ و خەڵکــی لــە هەمــوو شــتێک و بــۆ هەمــوو شــتێک لەســەر یــەک داوای دەســتکەوت و داخــوازی لــە حکومەتــی خۆیــان دەکــەن. ئەوەیــان چاکـە و جێـی خۆشـحاڵییە خەڵکـی ئومێدیـان بـە دەسـەڵات و حکومەتـی خۆماڵـی خۆیـان هەبێـت کـە دەسـتکەوتی خەبـات تێکۆشـانی چەندیـن سـاڵەی بزووتنـەوەی کوردایەتییـە، بـەڵام داخـۆ چاککـردن و بەڕێوەچوونـی هەمـوو کارەکان هـەر دەبـێ لە ئەسـتۆی دەسـەڵات و حکومەتـدا بێـت؟ ئـەی پشـکی هاووڵاتیـان لـەم بـوارەدا چییـە؟

*ئـەم پرسـیارە بۆیـە دەکەیـن چونکـە ئەمـڕۆ لـە هەمـوو وڵاتـە پێشـکەوتووەکاندا ئیدارەدانـی ژیانـی کۆمەڵگـە کارێکـی هەرەوەزیـی نێـوان حکومـەت و کۆمەڵانـی خەڵکـە بــە ناوەنــدە جیاجیاکانــی کۆمــەڵ و بــە گروپەکانــی گوشاریشــەوە. راســتە حکومــەت دەسـەڵاتی تەنفیـزی و توانـای دارایـی لەبەردەسـتدایە بـۆ جێبەجێکردنـی پـرۆژەکان و هـەر بـە دەسـەڵاتە تەنفیزییـە یاسـاییەکەی خۆشـی دەتوانـێ گـوزەران و ئاسایشـی هاووڵاتیـان دابیـن بـکات، بـەڵام لـەو وڵاتانـەدا هاووڵاتیانیـش بـە هوشـیاری (هاووڵاتـی بـوون)ەوە وەک چـۆن مافەکانـی خۆیـان دەناسـن، ئاوەهـاش ئەرکەکانـی خۆیـان ئەزبـەر کـردووە و جێبەجێـی دەکـەن. لـەوێ دەزانرێـت ئەرکـی هاووڵاتیـان و مافەکانـی چییـە؟ یـان هـەروەک جـۆن کەنـەدی سـەرۆکی ئەمریکا لـە دەمـی خۆیـدا وتـی: (مەپرسـن نیشـتمان چـی بـۆ کـردوون، بەڵکـو بپرسـن چیتـان پێشـکەش بـە نیشـتمان کـردووە؟).

دروســتە کــە نیشــتمان هــی هەمووانــە بــە دەســەڵات و میللەتــەوە، بــەڵام خــۆ لــە ئاواکردنــەوەی نیشــتمان و پێشــکەوتنی کۆمەڵــدا کارەکان هەرەوەزییــن و دەشــبێ گلەییــەکان ئەگــەر هەبــن هەمــوو لایــەک بگرێتــەوە.

*دە ئێسـتا مـن گلەییـم هەیـە، گلەیـی لـە هەندێـک هاووڵاتـی کـە ئەگـەر بـە ئەنـدازەی دەسـەڵات و حکومەتـەکان دەسـتیان بڕۆیشـتبا ئێسـتا سـەریان پـان دەکردینـەوە. گلەیـی لــە هەندێــک هاووڵاتــی کــە هەندێکیــان خــاوەن موەلیــدەن و کارێــک بــەو هاووڵاتیانــەی دیکـەی کەرتەکەیـان دەکـەن، هیـچ حکومەتێکـی دیکتاتـۆری بـە میللەتـی خـۆی نەکردبـێ.

هێشــتا زســتان نەهاتــووە و دەمــەوێ بەبیرتــان بهێنمــەوە کــە هەندێــک بەفــر فــرۆش و دوکانـداری بەفـر فـرۆش لـەم هاوینـەدا چییـان بـە هاووڵاتیـان نەکـرد، ئـەی ئەوانـەی خاوەنــی خانــووی خۆیــان نیــن و کرێچیــن، ئــەی ئەوانــەی بــە دوای خانــوودا وێڵــن: هەندێـک لـە نووسـینگەکانی خانـوو، هەندێـک لـە پێشـەکی خـاوەن خانووەکان چییـان پێنەکـردوون؟ ئــەی هاووڵاتیانــی مانــدوو کــە بــۆ پشــوو و گەشــتێکی کــورت ئێــوارەی پێنـج شـەممان و هەینییـان دەچنـە سـەرچنار هەندێـک لـە هاووڵاتییانـی خـاوەن تەکسـی

بەردەم سەیرانگای نەورۆز لە سەعات (١٠) بەدواوە چۆن ئیستیغلالتان دەکەن؟ ئەی ئەو هاوولاتیانەی گیرتان خواردووە بەدەست هەندێک لە هاوولاتیانی لێرە و لەوێ ئیشیان بەدەستە و لە هەندێک بواری کەرتی تایبەتدا کار دەکەن، ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ئەو هەندە هاوولاتیانە ئەگەر دەستیان بڕوا چیمان لێدەکەن؟ ..هتد.

*دەزانم هەیە دەڵێ رێکخستنەوەی ئەو رەوشە، لێپێچینەوە لەو ئیستیغلالچیانەی ناوت هێنان و ئێمە رۆژانە دەیانبینین، دیسانەوە دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی خۆماڵی، بەڵام ئەز لێرەدا قسەم لەسەر ویژدانە؟ لەسەر ویژدانی هاوولاتییەکی دەستڕۆیشتوو.

رەنگە ئەو هاوولاتیانە خۆیان کە باسمان کردن و وتمان هاوولاتی تر ئیستیغلال دەکەن، رەنگە هەر ئەوانە خۆیان لە بواری دیکەدا رەخنە و گلەییان لە دەسەڵاتی خۆماڵی هەبێت کەچی لە بواری خۆیاندا بێویژدانانە هاوولاتیان دەچەوسێتەوە و رۆحیان دەردێنن!

*بەڵێ با رەخنە لە دامودەزگاکانی حکومەت بگیرێت، با حکومەت لێپێچینەوە لە پێشەکی خانوو، لە کێشەی موەلیدەکان و کێشەی فلان و فیسار کە بەشێکی هاوولاتیانی دەستڕۆیشتوو دروستیان کردووە، بکات. بەڵام با هاوولاتیان قسەی خۆیان لەسەر بێویژدانان بڵێن و رەخنەیان لێبگرن.

# هەموومان لە (هەڵەبجە) دەبین، هەموومان بەشداری لە هەڵمەتی پاککردنەوە دەکەین!

جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر دروشمە دێرینەکانی شۆڕشە نوێیەکەمان.

دروشـمەکەی بۆنـی بەرخـودان و تامـی تەحـەددای لێدەهـات. دروشـمی (بەعـس روخانـدی، ئێمـە جوانتـر دروستی دەکەینـەوە). لـە هەر جێیـەک، لەهەر گوند و شـارێکمان شۆڤێنیستەکان وێرانکارییـان دەکـرد، کانییەکیـان کوێـر دەکـرد و جوانییەکیـان دەشـێواند دەمانگـوت: سبەی جوانتـری دەکەینـەوە.

ئـەو وەختـە ئەمـە بـۆ کـورد دروشـمی هێنانە جۆش و خـرۆش و مەتەرێزی خۆ پاراسـتن بـوو لـە نائومێـدی دڵتەنگـی. بـەڵام کـە کـورد بـووە حوکمڕانـی کوردسـتانەکەی خـۆی، دروشـمی تەحـەددا و بەرەنـگاری بوونـە بەرنامـەی ورد و پلانـی ژیرانـەی ئاوەدانکرنـەوە و بووژاندنـەوەی وڵات.

ئەوکاتـە خـەون بـوو ئێمـە حکومەتێکـی خۆماڵـی و وڵاتێکـی ئـاوەدان و ئازادمـان هەبێت. ئـەو دەمـە خـەون بـوو، ئێمـە تەنانـەت ببینـە خاوەنـی گونـدە رووخـاوەکان و شـارە خنکاوەکانـی خۆمـان، بـەڵام هـەر ئـەو رۆحـی بەرەنگارییـەی دروشـمی (بەعـس روخانـدی و ئێمـە جوانتـر و ئاوەدانتـری دەکەینەوە)یـەی کـردە وێـردی سـەر زمانمـان، هـەر ئـەو رۆحـە راپەڕینـی سەرتاسـەری لێهاتـە بەرهـەم و نیشـتمانێکی پێبەخشـین کـە بەڵـێ وێـران بووبـوو، بەڵـێ کیمیابـاران کرابـوو، بـەڵام ئـازاد و رزگاریـش بـوو بـە جۆرێـک کـە بپەرژێینـە سـەر ئاوەدانکردنـەوە و بنیاتنانـەوەی.

ئـەوان گوندەکانیـان رووخانـد و هەڵەبجەشـیان خنکانـد، ئێمـەش ئاوەدانیـان دەکەینـەوە و جوانتـر دەیڕازێنینـەوە. تەمەنـی ژیانمـان دوای راپەڕیـن تەمەنـی ئاوەدانکردنـەوەی

وڵاتەکەمانــە. تەمەنــی بەرنامــە و کاری بەردەوامــە بــۆ بوژاندنــەوە و گەشــەپێدان. وا ئەمجــارەش حکومەتەکــەی خۆمــان و وەزارەت و دامەزراوەکانــی لــە (٤/٧)دا هەمــوو ئالیـات و کەرەسـتەکانیان دەبەنـە خزمـەت هەڵەبجـەی شـەهید بـۆ ئـەوەی لـە هەڵمەتێکی حکومـی و میللیـی گـەورەدا پاشـماوەی رووخـان و وێرانـکاری دوای کیمیابـاران رابماڵرێـت و رێـگای گەشەسـەندن و جوانکردنـەوەی (هەڵەبجـە) تەخـت بکرێـت.

(هەڵەبجە) وەک چۆن لـە دەرەوە بـووە ناسـنامەی تراژیدیـای کـورد و مەینەتـی ئێمەی بـە دونیـا ناسـاند، لـە نـاوەوەش بـە ئاوەدانکردنـەوەی زیاتـر و سـڕینەوەی ئاسـەواری وێرانـکاری دەکرێ ببێتـە ناسـنامەی وڵاتێکـی ئـاوەدان کـە تەحـەددای وێرانـکاران دەکات و جوانتـر و ئاواتـر خـۆی دەنوێنێـت.

هەمـوو لـەوێ دەبیـن، بـە شـۆفڵ و ئالیـات و قەلابەکانمانـەوە، بـەرۆح و دڵ و بـازووی ئاوەدانکردنـەوە. لـەوێ دەبیـن بۆئـەوەی (هەڵەبجـە)و خەڵکـە تێکۆشـەرەکەی تەنهـا نەبن.

بـا هەموومـان لـەوێ بیـن. بـۆ ئـەوەی ئـەم هەڵمەتـە فراوانـە سـەرکەوێت و رێـگای ئاوەدانکردنــەوەی زیاتــری هەڵەبجــە هەموارتــر بێــت.

ئـەوە ئەرکێکـی نیشـتمانی حکومەتـی و میللییـە کـە ئـەم هەڵمەتـە سـەر بخرێـت بـۆ ئـەوەی لەشـوێنی تـر و لـە جێـگای وێرانکـراوی دیکـەی وڵاتەکەشـماندا تاقـی بکەینـەوە.

ئـەوان وێرانیـان کـرد و بـەگاز خنکاندیـان، ئێمـەش لـەوێ دەبیـن بـۆ ئـەوەی جوانتـر و ئاوەدانتـری بکەینـەوە.

# پێرست


پێشەکی ..... 5

**فەسڵی یەکەم: بۆ ئەوەی بیرۆکە نەمرێ** ..... 7

دووبارە نووسینەوەی مێژوو ..... 9

لە راپەڕینی بەردەرکی سەراوە بۆ شۆڕشی ئەیلولو... شۆڕشی نوێ ..... 11

راپەڕین لە چوار بەرواردا ..... 15

راست و رەوانی ناونیشان ..... 21

لە پڕێ ببنە کوڕێ؟ ..... 23

دیموکراسیی فرە فرە ..... 25

پێکراوی دەستی چاکسازی ..... 27

بەمەرجێ سەری تیا نەشکێ! ..... 29

مامۆستا فەرموویەتی ..... 31

سەدەی بیستویەکەمینیش سەدەی گەلانە ..... 33

حیسابی کوردستان، حیسابی بەغدا ..... 35

داپیرەکان بیگێڕنەوە ..... 37

سێ فلاش ..... 39

گەلی شایستەیە ..... 41

دیمەنەکە بجوڵێت ..... 43

بۆ ئەوەی بیرۆکە نەمرێ ..... 45

بنمێچی توندڕەوی ..... 49

مەیلی راماڵین ..... 53

نەبینە بابەتی دەمەقاڵێ! ..... 55

پەخش و پەرێشانە ..... 57

ئۆێنبازی نەتەوەی سەردەست ..... 59

لە گەڵەبجاڕەوە تا پیازەجاڕ ، یەك دیرۆکی غەمناکی جینۆساید ..... 61

فاشیزم بەڕێوەیە 63
هاوسەنگی رابگرین 65
چۆن وا دەبوو؟ 67
کوڕ و کچی گەشبینی بن 69
رۆژی دواتر یەك ببینینەوە 71
حەزم لەمجۆرە کوردایەتییە نییە،حەزم لەمجۆرەی تریانە 73
نابڕێتەوە ئەم پەژارەی شوباتە و ئەم راستە شەقامەی رێی نەجاتە 77
لە زامی دێرین بۆ عەزمی مەتین 79
بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان بزووتنەوەی مافەکانە 81

**فەسڵی دووەم: راڕەوەکانی سیاسەتی کوردستانی** 83
سێ مەترسی لە عیراقی نوێدا 85
رێڕەوەکانی دەستوورو راڕەوەکانی سیاسەتی کوردستانی 89
کۆکبوون لەسەر تەوافوق و سازان 93
دیالۆگی نیشتمانی لەئاستی رەسمی و میللییدا 95
هەڕەشەی سەر کوردستان بەهەند وەربگرن 97
ئاستەکانی ململانێ 99
راستە رێی خەباتی کرێکارانو رەنجدەرانی بازوو 101
سەربەخۆیی بڕیاری یەکێتی سەر بۆ کەس نەوی ناکات 105
یەکێتیو یەکبوون 107
هەرێمی کوردستان، پەرەسەندنی دراماتیکی 109
پێشبڕکێ بۆ یەك هەڵوێستی 113
حکومەتی نوێ لەهەلومەرجێکی نوێدا 115
دروشمی (جێبەجێکردنی دەستوور یان راپرسی) بۆ قۆناغی دواى داعشیش دەست دەدات 117
چوار "پ"ەکە 119
یادەکان لە سلێمانی و هەولێر 121
ترەمپ لە ویستی کورد دا 123
٢٠١٧ چۆن دەبێت؟ 125
بێهودەیی مەدەنی 127
بۆ کوردستانی بکەین 129

کۆبوونەوەی سبەینێ 131
حساباتی ساڵی نوێ 133
لەبارەی (شار)ەوە 135
مانشێت نەما! 137
هەرێم و بەغدا.. وێستگەیەکی تری پەیوەندیی 139
کورد و عەرەب لە عیراق بە تەمای چین؟ 143
بەڵێ وایە بەیەکەوە بەهێزترین 147
پەیامەکە روونە، تێزەکانی هاوپەیمانیی کوردستان سەردەخەین 149
لەبەر ئەم هۆکارانە، دەنگدان بەرپرسیارێتییەکی زۆر گرانە 153
یاداشتی کۆتایی هەفتە 159
هەرێمی .... کوردستان 165

**فەسڵی سێیەم: پەنگخواردن** 167
لە ئەستانەی تەنگژەی کوردستاندا 169
با خەبات جۆش بدەینەوە 171
حاڵی دەروێش 173
یەکگرتوو دۆسێکە دەکاتەوە؟ 175
بەرپرسیارێتی کاندیدەکانیان و خوێندەوارەکانیان چییە؟ 179
فراکسیۆنی سەوز راستە، بەڵام 181
بەرنامەی راستگۆو دروشمی خەیاڵپڵاوی 183
چی لە دەنگەکانمان دەکەین؟ 187
نمایشەکەی پەرلەمان 189
راپۆرتێکی شرۆڤەیی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان 193
بەرشەو ریاڵ ماون، یەکێتیش (ئاخرو ئۆخر)ی نەبوو 203
شیوعییەکە بەویژدانتر بوو 207
فەزای دیموکراسی تاکتیکی ئەوانە لە قاو دەدات کە حەزیان لە پشێویە 209

**فەسڵی چوارەم: هەڕەشە وردیلەکان** 213
موکاشەفە 215
ماڵی کورد 217

با وێستگەیەکی نوێ بێت 219
هەڕەشە وردیلەکان 221
کێشەکانی سەرکەوتن؟ 223
حەمرین تا بەغدا 225
حەمرین تا بان مەقان 229
تا باشتری بهۆنینەوە 213
قسە بکە تا بتناسم 233
کوردستانی عیراق متمانە و رێزی زۆرتر وەدەست دێنێ 235
هەڵبژاردنی ٢٠٢١ 237

**فەسڵی پێنجەم: بەو هەموو زام و برینەوە** 241
تا کەشتی کوردی وێڵ نەبێت 243
شەنگال فرۆش! 247
بەم هەموو زامو برینەوە؟! 249
کۆتای کەمینەکان لە کەمینی زۆرینەدا 251
شـەڕی کونسـولگەرییەکانمان پـێ دەکـرێ؟ دیمەنـی کوردسـتانی ئـازاد وا شـەمزێنراوە بـە زەحمـەت دەناسرێتـەوە 253
فراوانتر لە چەکوشی دادگا و نزیکتر لە ترپەی دڵی دادپەروەری 257
خەتا لە پایتەختی فیدراڵەوە تا پایتەختی رۆشنبیریی 261
واز لە ئەدەبی نزم بێنن 263
پەنجا بە پەنجای چی؟ 265
پرسی سەرۆك کۆمار، بەتەوافوقی کوردستانی، یان دیموکراسی عیراقی؟ 267
تووشی چی بووین خوایە؟ 269
بۆ ئەوەی نەبێتە زەمی پاشەملە 271
دوا رۆژ بێ وەرگرتنەوەی دوێنێ مسۆگەر ناکرێت 277
نهێنی زۆر ئاشکرا کەمپی شاریا و شارێی کەمپین 279
ئاخر تەحریم و تەجریم کراوە 281
هێشتا مێژوو دوا قسەی خۆی لەسەر نەکردووە 283

**فەسڵی شەشەم: ساڵانی زێڕین** 285
ئیستحقاقی نەتەوەیی، نەك كارتی سیاسیی 287
سەنگینی كورد لە عیراقی نوێدا 289
هەمیشە یەكڕیزیی 291
ڕێككەوتنی ستراتیژی لەبەرەی گەلدا 293
بۆچی هاوپەیمانێتیی یەكێتی و پارتی پێویستە؟ 295
فیدراڵی پێش هەموو شتێك شانازییەكی نەتەوەییە 301

**فەسڵی حەوتەم: خەبەرون و تەعلیق** 305
(رووبەر)ێكی تر بۆ (رووداو)ی بێ لایەنی 307
بۆ نا.. بـا بـگــەڕێـیـنــەوە 309
دنەدەرانی كەناڵە سەربەخۆكان! 313
باسو هەولێر، هەردووكتان پێكەوە 315
خەبەرون وەتەعلیقون 319
چی بچێنی... 321
ئازادیی ئێرەو ئازایی بۆ زۆنی زەرد! 323
خزمەتگوزاریی بەلاش و حەلاش 325
سەرچاوەی تەنگژەكانی ئەمڕۆی كوردستان 327
خانەی نیشتمانیی، تاپۆكەی لای ئێوە نییە 329
گەورەترین دوژمنی پارتی راگەیاندنەكانێتی 333
كۆمەڵانی خەڵك پێكەوەن، تۆ دابڕاوی! 335
بەرەو ریفراندۆم 337

**فەسڵی هەشتەم و كۆتایی: ئەدەبیاتی كۆتایی سەدەی بیستەم** 343
ڕێككەوتنی ستراتیژیی نێوان یەكێتی و پارتی هەنگاوێكی بەدیهێنانی ئاواتەكانمانە 345
گەرماو گەرم 349
لە پەراوێزی هەوڵی تیرۆركردنی سەرۆكی حكومەتەوە 351
بەرەو جەژنی كرێكاران كرێكارانی كوردستان و ڕێڕەوێك لە خەباتی هەمەلایەنە 355
لەیادی یەكەم جار كیمیاباران‌و ئەنفالدا، دەرسو پەندەكان 359

لە پەراوێزی سەردانەکەی مام جەلال بۆ تاران 361
لە یادی یۆبێلی زێڕینی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا 363
پشوودرێژی شۆرشگێڕانە لەجێبەجێکردنی رێککەوتننامەی واشنتۆندا 367
لە ماڵئاوایی ساڵی ١٩٩٨دا 369
ناوچەکانی دژەفڕین! 373
ئاشتی کوردستان لەپێناو ئاوەدانکردنەوەدا 377
ناوی پێشمەرگەو پەراوێزێك 379
بایەخی نەهێشتنی دیاردەی چەکداریی لەقۆناغی ئەمڕۆدا 381
بەتەنیشت سیاسەتەوە 383
دەربارەی لێدوانەکانی ئەمدواییەی سەماحەتی ئەلحەکیم 385
بەرەو جۆشدانی خەباتی ژنانی کوردستان 389
(١٨٢)هەزار کوردی خۆمانمان دەوێتەوە 393
پێشمەرگەکانی نەوت 397
لە بیرەوەری ساڵڕۆژی رێکەوتنی واشنتۆندا 401
لەیادی (٢٩)ساڵەی کۆچی دوایی ناسری رێبەری عەرەبو دۆستی گەلی کورددا 405
چەواشەکارانی مێژوو، (تصحيح القوميه) بۆ سەڵاحەددینی ئەیوبی دەکەن! 409
بەخێربێن بۆ ئاڵوگۆڕێکی دیکەی پەیوەندیی 413
لە پەراوێزی رێپێوانەکەی مامۆستاو زانایانی ئاینیدا ئەرکێك لەڕێی خواو لەڕێی نیشتماندا 415
لەپەراوێزی وتارەکەی مامجەلال لە کۆنگرەی گەلاوێژدا رووناکبیران لە پرۆسەی گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندندا 417
لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا 421
لەپێناو قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا 425
کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان جەژنی ئایارتان پیرۆز بێت 429
سەربەخۆیی لەبڕیاردانو... لێکگەیشتنی بنیاتنەرانە 433
بانگەواز بۆ پارێزگاریی دارودرەختی کوردستان 437
ئەنجومەنی شارەوانیو هاوبەشیی بازرگانو کاسبکاران لە بوژاندنەوەی سلێمانییدا 441
لە سەردانی وەفدێکی رووناکبیران بۆ هەڵەبجەی ئازادی 443
قسەیەك هەیە بیکەم 449
قسەیەکی هەقە 451
خوێندکارانی کوردستان لەمێژە(جەواب)ی (الاتحاد الوطنی لطلبه العراق) یان داوەتەوە! 453

لەبیرەوەریی شۆڕشی (الفاتح)دا 457
سەروتاری ئازادی 459
پێکەوە لەڕێگای بنەبڕکردنی تیرۆرو تیرۆریستاندا 463
لە یادی (٩) ساڵەی دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨)دا 465
دیموکراسیەت بە شەرتی چەقۆ! 467
(ئاسۆی رۆژ) مام جەلال لە بەغداوە هەولێر و ئەنقەرە پێکەوە گرێدەدات 469
هەڵەبجە لە چاوەڕوانی هیممەتی تێکۆشەرانە 473
لەیادی هەڵبژاردنە دیموکراتییەکەی ١٩٩٢/٥/١٩دا 477
بەڕێز هاووڵاتی خەتای تۆشی تێدایە! 481
هەموومان لە (هەڵەبجە) دەبین، هەمووومان بەشداری لە هەڵمەتی پاککردنەوە دەکەین! 485